حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زمان
بەشی زمانی کوردی

# لیریکی گۆرانی (هەورامی ) لە دیدی شێوازناسیی هاوچەرخەوە
# ( بە نموونەی شیعری : بێسارانی ، سەییدی ، کۆماسی...)

**نامەیەکە**

**لەوَن قادر عبدالرحمان**

**پێشکەشی کۆلێژی زمان ، بەشی زمانی کوردیی زانکۆی سلێمانی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا**

سەرپەرشت

**پ.د ئەنوەر قادر محەمەد**

(٢٧٢١)ی کوردی

(٢٠٢١)ی زایینی

نامەی : (لیریکی گۆرانی (هەورامی) لە دیدی شێوازناسیی هاوچەرخەوە ( بە نموونەی شیعری : بێسارانی ، سەییدی ، کۆماسی...) ) بە چاودێری من لە زانکۆی سلێمانی ئامادە کراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت

**پ.د ئەنوەر قادر محەمەد**

بە پێی ئەو پیشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

پ.ی.د. محمد عمر عول

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵای بەشی زمانی کوردی

ڕۆژ: / /٢٠٢١

ئێمە ئەندامانی لیژنەی وتویژ و هەڵسەنگاندن ، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکە گفتوگۆمان لە بارەی ناوەرۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (                    ) بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردیدا پێ بدرێت.

ناو:
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ:    /  /  ٢٠٢١

ناو:
ئەندام
ڕۆژ:    /  /  ٢٠٢١

ناو:
ئەندام
ڕۆژ:    /  /  ٢٠٢١

ناو:
ئەندام
ڕۆژ:    /  /  ٢٠٢١

ناو:
ئەندام
ڕۆژ:    /  /  ٢٠٢١

ناو:
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ:    /  /  ٢٠٢١

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا.

پ.ی.د.شاخەوان جلال حاجی فرج
ڕاگری کۆلێژی زمان
زانکۆی سلێمانی
ڕۆژ:    /  /  ٢٠٢١

**پێشکەشە بە:**

- سەرجەم خەمخۆرانی وشە و ئەدەبی کوردی.

## سوپاس و پێزانین:

- بەرێز پرۆفیسۆر د. ئەنوەر قادر محەمەد، کە لێبراوانە ئەرکی سەرپەرشتیی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆ و بەردەوام هاوکاری کردووم.

- بەڕێز پرۆفیسۆر پ.ی.د.شاخەوان جلال حاجی فرج ڕاگری کۆلێژی زمان کە بەردەوام بە دڵسۆزییەوە هاوکار بووە.

- بەرێز پ.ی.د. محمد عمر عول سەرۆکی بەشی کوردی، کە بە هاوکاریی و ڕێنماییەکانی ڕێنیشاندەر بوو.

- سەرجەم مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی سلێمانی کە لە بەکالۆریۆسەوە تا ئێستا ئەرکیان کێشاوە لە گەڵماندا.

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ١-٣ |
| بەشی یەکەم: ئەدەبیاتی دیالێکتی هەورامی و پایەی لیریک تێیدا | ٤ |
| پاری یەکەم: سەرەتای ئەدەبیاتی ئەم دیالێکتە | ٤-٨ |
| دەستپێک و سەرچاوە سەرەتاییەکانی ئەدەبیاتی گۆرانی (هەورامی) | ٩-١٠ |
| ئاڤێستا یاخود زەند ئاڤێستا و گاتاکان | ١١ |
| قەواڵەکانی هەورامان | ١٢ |
| هەڵبەستی هیجائی هورمزگان | ١٣ |
| ئەدەبیاتی ئاینی یارسان | ١٥ |
| ماریفەت و پیرشالیاری | ١٨ |
| پاری دووەم: ژانر لە شیعری "گۆرانی" دا | ٢٣ |
| شیعری چیرۆکی یاخود چیرۆکی شیعری | ٢٣ |
| بیژەن و مەنیژە یا مەنیجە | ٢٤ |
| بەوری بەیان (ببر بیان) | ٢٥ |
| کتێبی "خورشیدی خاوەر" | ٢٦ |
| بارام و گوڵەنام | ٢٧ |
| چیرۆکە شیعرییەکانی خانای قوبادی | ٢٨-٣١ |
| شیعری لیریکی بە دیالێکتی گۆرانی (هەورامی) | ٣١ |
| تایبەتمەندییەکانی شیعری لیریکیی هەورامی | ٣٣ |
| فۆلکلۆر و زمانی زارەکیی خەڵکی بووەتە بنەمای زمانی شیعری | ٣٤ |
| کێشی هیجائی (سیلابی) | ٣٥ |
| تایبەتمەندیی کێشی هیجائی لە ڕووی مۆسیقاییەوە "ئاوازدارییەوە" | ٣٦ |
| گۆڕین و بە هەورامیکردنی وشە لە شیعری هەورامیدا | ٣٨ |
| ژانری لیریکی ئێپیکی یاخود ئێپیکی لیریکی | ٣٩ |
| قاڵبی مەسنەوی ، تایبەتمەندییەکی دیکەی شیعری لیریکیی هەورامی | ٤٠ |
| هەندێک تایبەتمەندیی دیکەی داهێنراوی یارسان | ٤١ |

| | |
|---|---|
| تایبەتمەندیی ناوەرۆکی شیعری لیریکیی هەورامی | ٤١ |
| پاری سێیەم : تایبەتمەندیی شیعری شاعیران :بێسارانی ،سەییدی و کۆماسی | ٤٤ |
| تایبەتمەندیی لیریکی بێسارانی( ١٦٤١-١٧٠٢ ،١٧٢٠) لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە | ٤٤-٤٩ |
| تایبەتمەندیی لیریکی سەییدی (١٧٨٤-١٨٥٤) لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە | ٥٠-٥٥ |
| تایبەتمەندیی لیریکی کۆماسی(١٧٩٣-١٨٧٦) لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە | ٥٦-٦٣ |
| بەشی دووەم: شێوازناسی ،پێناسە و ڕەوت و تایبەتمەندییەکانی | ٦٤ |
| پاری یەکەم: ناساندنێکی چەمکی گشتیی شێوازناسی | ٦٤-٦٨ |
| ڕانانێکی مێژوویی شێوازناسی | ٦٨-٧٣ |
| ڕەوانبێژیی عەرەبی(بابەت و کەرەسەی ،پێڕەوی،"ئامانج")ی پەیوەست بە شێوازناسییەوە | ٧٣ |
| بابەت و کەرەسەی ڕەوانبێژی | ٧٣ |
| پێڕەوی ڕەوانبێژی | ٧٤ |
| ئامانجەکانی ڕەوانبێژی | ٧٥ |
| سەبک یاخود شێوازناسی لە ئەدەبناسیی ئێرانییەکاندا | ٧٩-٨٤ |
| پاری دووەم: شێوازناسی لە ترادسیۆنی ڕۆژئاواییدا | ٨٥ |
| قۆناغی دەستپێک یاخود ڕەوانبێژیی کلاسیکی(Classical Rhetoric) | ٨٧ |
| ڕەوانبێژیی سەدەکانی ناوەڕاست (Medieval Rhetoric) | ٨٩ |
| ڕەوانبێژی لە سەردەمی ڕێنیسانسدا(Renaissance Rhetoric) | ٩١ |
| ڕەوانبێژی لە سەدەی هەژدەدا(Eighteenth – Century Rhetoric) | ٩٢ |
| ڕەوانبێژی لە سەدەی نۆزدەدا(Nineteenth – Century Rhetoric) | ٩٣ |
| شێوازناسی لە نێوان هەردوو قوتابخانەی زمانەوانی و ئەدەبناسیدا | ٩٦ |
| پاری سێیەم: ستایلناسیی نوێ | ١٠٠ |
| ڕیشە و سەرهەڵدان و هەندێک تایبەتمەندییان | ١٠٠ |
| شەش چەمکی بنەڕەتی لای فۆرمالیستەکان | ١٠٦ |
| چەند فۆرمالیستێک و چەردەیەک لە ئایدیاکانیان | ١٠٨ |
| بەشی سێیەم: شیکاریی شێوازناسیی لیریکی بێسارانی ، سەییدی و کۆماسی | ١١٧ |
| پاری یەکەم: پێشخان (foregrounding) لە لیریکی بێسارانی و سەییدی و کۆماسیدا | ١١٧ |

| | |
|---|---|
| پێناسە و خستنەڕووی تیۆریی هەندێک ڕەهەندی جیاوازی ئەم چەمکە | ١١٧ |
| چەمکی پێشخان (foregrounding) لە لیریکی بێسارانیدا | ١٢٥ |
| چەمکی پێشخان (foregrounding) لە لیریکی سەییدیدا | ١٤٥ |
| چەمکی پێشخان (foregrounding) لە لیریکی کۆماسیدا | ١٤٨ |
| پاری دووەم: پاراڵێلیزم (تەریبی) لە لیریکی بێسارانی و سەییدی و کۆماسیدا | ١٥٤ |
| ڕاڤەی تیۆری و پێناسەی چەمکی پاراڵێلیزم (تەریبی) | ١٥٤ |
| چەمکی پاراڵێلیزم "تەریبی" لە لیریکی بێسارانیدا | ١٥٦ |
| پاراڵێلی فۆنۆلۆگی لە شیعری شاعیردا | ١٥٨ |
| مۆسیقای شیعریی (ناوەوە) و (دەرەوە) وەک پاراڵێلیزمی ئاوازەیی | ١٥٩ |
| پاراڵێلی مۆرفۆلۆگی و  سینتاکسی لای هەمان شاعیر | ١٦٥ |
| پاراڵێلی ئاستی سیمانتیکیی شاعیر | ١٦٧ |
| چەمکی پاراڵێلیزم "تەریبی" لە لیریکی سەییدیدا | ١٧٠ |
| پاراڵێلی فۆنۆلۆگی لە شیعری شاعیردا | ١٧٢ |
| پاراڵێلی مۆرفۆلۆگی و  سینتاکسی لای هەمان شاعیر | ١٧٣ |
| پاراڵێلی ئاستی سیمانتیکی شاعیر | ١٧٥ |
| چەمکی پاراڵێلیزم "تەریبی" لە لیریکی کۆماسیدا | ١٧٧ |
| پاراڵێلی فۆنۆلۆگی لە شیعری شاعیردا | ١٧٩ |
| پاراڵێلی مۆرفۆلۆگی و سینتاکسی لای هەمان شاعیر | ١٨٠ |
| پاراڵێلی ئاستی سیمانتیکی شاعیر | ١٨٢ |
| پاری سێیەم: لادان (Deviation ) لە لیریکی بێسارانی و سەییدی و کۆماسیدا | ١٨٤ |
| لادان لە پێوەدانگ | ١٨٥ |
| زمانی پێوەدانگ | ١٨٧ |
| ئەرکی لادان | ١٨٩ |
| بوار و چەشنەکانی لادان | ١٩٠ |
| لادانی فۆنۆلۆگی و گرافۆلۆگی(phonological & graphological deviation) | ١٩٣ |
| لادانی لێکسیکی (lexical deviation) | ١٩٧ |
| لادانی سیمانتیکی(semantic deviation) | ٢٠٥ |
| لادانی سینتاکسی(syntactic\grammatical deviation) | ٢١٥ |
| ئەنجام | ٢٢١ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٢٢٣ |

| | |
|---|---|
| ٢٢٩ | **پوختەی تۆژینەوە** |
| ٢٣١ | **الملخص** |
| ٢٣٢ | **Abstract** |

# پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە کە دەربارەی شێوازی لیریکی گۆرانی (هەورامی)یە، بەنموونەی شیعری: بێسارانی، سەییدی و کۆماسی، بە میتۆدی شێوازناسیی هاوچەرخ ئەنجام دراوە و لە شیکاریی شیعرەکانیشدا سوود لە هەندێ زاراوە و چەمکی" بونیادگەریی کراوە و تەواوکارانە" کە بە ناوی دامەزرێنەرەکەشییەوە، میتۆدی یۆری لۆتمان دەناسرێت-وەرگیراوە.

کەلەپووری شیعری بە دیالێکیتی گۆرانی (هەورامی) نووسراو کلوورێکی دەوڵەمەندە و بەش بەحاڵی ئەو بەهاو بە پێزییەی هەیەتی هێشتا ئاوڕی سەرجەمی و شایانی خۆیی لێ نەدراوەتەوە . ڕاستە بەیاز-دەسنووسەکانی لە ناوەڕاست و کۆتایی سەدەی ڕابووردوودا بڵاوکراونەتەوە و دیوانی شاعیرە دیارەکانی کەوتوونەتە بەردەست و ساغکراونەتەوە و لێکدراونەتەوە، تەنانەت لەملاو لەولاش توێژینەوەی ئەکادیمییان دەربارە کراوە و لاپەڕانێکی درەوشاوەی ئەم ئەدەبەیان ڕوونکردوونەتەوە، بەڵام تەنانەت لە بواری ساغکردنەوەو لێکدانەوەی زانستیی تێکستۆلۆگیشدا هێشتا لە سەرەتادایە . هەر بۆیە ئەمە زەمینەیەکی بەپیتی توێژینەوەی زمانەوانی و ئەدەبناسییە و ئەم نامەی ئێمەش لەسەر بنەمای پەی بردنە بەوە و بەشدارییەکە، لەو ئەرکە زانستی و ئەکادیمییەدا پێویستە بکرێت.

چۆنیەتیی نووسینی دەق و پەیبردن بە ڕەهەندە ئیستێتیکییەکانی، زانستە جیاوازەکانی ئەدەبناسی هێناوەتە کایە و بەردەوام لێکۆڵەرانی ئەم بوارە هەوڵی ئەوەیان داوە پێوەرگەلێکی بابەتی و زانستی بکەنە بنەمای وەڵامدانەوەی پرسیاری : ئەدەبییەت چییە؟ .شێوازناسی و ستایلناسیی هاوچەرخ کە زادەی سەردەمی هەژموونی زانستی ئەزموونگەرییە، دیدە میتافیزیکی و ئایدۆلۆگی و تەنانەت لە سەرەتاوە سۆسیۆلۆگی و سایکۆلۆگیشی تێپەڕاند و بونیادی دەق و کەرەسەکانی بەرهەمهێنی خودی دەقی کردە بنەمای شیکاری و دەقی لە ئامرازەوە کردە ئامانج، وەک زانستێک نەبووە دۆگما و سەرقاڵی پاساوهێنانەوە بۆ دۆکترینێک نەبووە، هەربۆیە بەردەوام دیدی نوێی لێ پەیدابووە و کاریگەریشی لە ڕووی شیکاریی دەقەوە لەسەر میتۆدەکانی تر هەبووە و بەکارهێنراوە.

## هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:

بێجگە لەوەی توێژینەوە لە ئەدەبی دیالێکتی هەورامی و بە تایبەتی لیریکی، وەک باسمان کردووە، لاکردنەوەیە لەو ئەرکە زانستییەی کە مافی خۆی پێ نەدراوە، دەبێتە بنەمایەکی پتەو و هەمە لایەنە بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی گۆرانی (هەورامی) کە بەشێکی گرنگ و دانەبڕاوی مێژووی ئەدەبی کوردییە.

## ئەرکی لێکۆڵینەوەکە:

کۆکردنەوەی کەرەستەی گونجاو و لەبار و پۆلێنکردنییەتی بۆ کۆنسێپتە سەرەکییەکانی ئەم میتۆدە گرنگەی ئەدەبناسیی هاوچەرخ-ستایلناسی و لەبەر ڕۆشناییدا لێکدانەوە و شیکاریی بابەتەکەیە و نیشاندانی بەها ئیستێتیکییەکانی بەرهەمی لیریکیی شاعیرانی توێژینەوەکە (بێسارانی، سەییدی، کۆماسی)، ن کە لە شاعیرە داهێنەر و دیارەکانن . دوای گێژ و تەتەڵەی کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە و گرتنیان بەو کۆنسێپتە بنەڕەتییانەی : پێشخان، تەریبی، لادان و لە حاڵەتی گەیشتن بە ئەنجامی ورد و سەلماندنی هاتنەوەی نموونە شیعرییەکان لەگەڵ چەمکەکانی میتۆدەکەدا ، ڕاستی و درووستی ئەگەر و بۆچوونەکان لەلایەک و لە لایەکی تریشەوە نەمریی بەرهەمی ئەو شاعیرانە دەردەکەون، کە توانیویانە بەرگەی گۆڕانکاریی ڕۆژگار و تەوژمەکانی بگرن و بەهایان لەدەستنەدەن.

## سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەکە و گیروگرفتیان:

هێندەی دەستمان پێی ڕاگەیشتبێت، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ سوودمان لە سەرچاوەی ڕووسی و ئینگلیزی وەرگرتووە، چونکە میتۆدەکەمان بەو دوو زمانە بناغەی دانراوە و گەشەی کردووە، بێجگە لەو نووسین و توێژینەوە کەمانەی کە لای عەرەب و فارس و کوردیش گرنگی و بایەخیان بەو میتۆدە زانستییە داوە، بۆ زەمینە و کەرەسەکانی کارەکەشمان هاوکات لەگەڵ سوودبینین لە دیوان و سەرچاوە ڕەسەن و نوێکراوەکان، بنکۆڵی ئەو نووسینانەمان کردووە کە پتر کۆکردنەوەی بەیاز و بەرهەمەکان بوون . بە گشتی کۆکردنەوەی میتۆدێکی هاوچەرخ و پراکتیککردنی لە بەرهەمگەلێکی ڕەسەن و کەمتر بەردەستدا، لەڕووی دەستخستنی سەرچاوەوە بێ کێشە نابێت، بەڵام خۆشبەختانە لەو ڕووە وە کەمتر گرفتمان هاتوونەتە پێش.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەمان ستایلناسی نوێیە و-وەک وترا-سوودیشمان لە"بونیادگەریی کراوە و تەواوکارانە" ی یۆری لۆتمان وەرگرتووە و شیکاریی لیریکی هەر سێ شاعیر : بێسارانی و سەییدی و کۆماسیمان پێ کردوون.

## پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی پێک دێت :

بەشی یەکەم : بەناونیشانی ((ئەدەبیاتی دیالێکتی هەورامی و پایەی لیریک تێیدا)) یە . لەم بەشەدا کە سێ پارە سەرەتا لە دەستپێک و سەرچاوە سەرەتاییەکانی ئەدەبیاتی گۆرانی (هەورامی) و لە پاری

دواتردا باسی تایبەتمەندیی ژانر و هەردوو ژانری ئێپیک و لیریکمان کردووە،  پاری سێیەمیشمان تەرخانی خەسڵەتی لیریکی ئەو سێ شاعیرەیە کە زەمینەی توێژینەوەکەمانە، کردووە.

بەشی دووەم : تایبەتە بە بابەتی شێواز و شێوازناسی لە ڕووی تیۆرییەوە، لە پاری یەکەمی ئەو بەشەدا، بێجگە لە پێناسەی گشتی و تەتەڵەکردنی ئەو چەمکە لە ڕەهەندی جیاوازەوە، باسی ترادسیۆنی ڕۆژهەلاتی و لە پاری دواتردا، لەبەر ئەوەی زەمینەی سەرهەڵدانی میتۆدەکەمانە،  سەرەتای سەرهەڵدان و قۆناغە گرنگەکانی گەشەکردنی شێوازناسییمان لە ترادسیۆنی ڕۆئاواییدا  کردوون، لە دوا پاری ئەو بەشەشدا، ئایدیا و هاوکێشە تیۆرییەکان و کەرەسە شیکارییەکانی چەردەیەک لە تیۆریستانی شیوازناسی و ستایڵناسیی دەستپێک و هاوچەرخ خستوونەتەڕوو.

بەشی سێییەم:پراکتیکی شیکاریی نموونەی شیعرەکانی هەرسێ شاعیر: بێسارانی،  سەییدی و کۆماسییە بە کۆنسێپتەکانی ستایڵناسیی هاوچەرخ . لە پاری یەکەمدا چەمکی پێشخان "foregrounding" مان کردووەتە بنەمای نموونەگەلێکی شیعری هەرسێ شاعیر، لەپاری دووەمدا چەمکی تەریبی "parallelism" و لە دواپاریشدا چەمکی لادان "deviation" لای ئەو شاعیرانە ئەزموونکراون و دەرکەوتووە کە ئەم پرنسیپانە کارایانە دەتوانن شیعرییەت و ئەدەبییەتی بەرهەمی ئەدەبی، زانستی و بابەتیانە شیکاریی بکەن و بەمەش زیاتر درەوشاوەیی داهێنان و هونەری ئەو شاعیرانە ئاشکرابوون.

لەکۆتایشدا : گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لێکۆڵینەوەکە پێیان گەیشتووە خراونەتە ڕوو .دواتریش لیستی ئەو سەرچاوەکان و هەروەها پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی -هاوپێچکراون.

## سوودە پراکتیییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە، گرنگی و بایەخی میتۆدی شێوازناسیی نوێ دەردەخات، کە بەرهەمی بیرکردنەوەی مێژوویەکی دوورودرێژە لە گەڕان بەدووی پێوەر و پرەنسیپگەلێک بۆ شیکاریی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری و کارە زانستییەکانی کە بەم جۆرە میتۆدە ئەنجامدراون، دەشبنە سەرچاوەی زانیاری بۆ خوێندنی زانکۆ و ئەدەبناسان و خوێندکاران و ...لە هەمان کاتدا دەوڵەمەندیی کەلەپووری شیعریی دیالێکتی گۆرانی (هەورامی) دەردەکەوێت، بە بەڵگەی هاتنەوەی لەگەڵ ئەو پرنسیپانەی ئەدەبناسیی جیهانیدا.

# بەشی یەکەم

# ئەدەبیاتی دیالێکتی هەورامی و پایەی لیریک تێیدا

## پاری یەکەم

### سەرەتای ئەدەبیاتی ئەم دیالێکتە:

ئەدەبیاتی نووسراو بە دیالێکتی گۆرانی (هەورامی)، کە یەکێکە لە (٣) پایە گرنگ و بنەڕەتییەکەی مێژووی ئەدەبی کوردی بەگشتی (دیارە مەبەست لە دووانەکەی تر ئەدەب بە کرمانجی ژوورو و ناوەڕاستن )، چ لە ڕووی زوویی پەیدابوون و بەردەوامییەوە؛ (بەلای کەمەوە لە سەدەی چواردەیەمی زایینییەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و دواتریش)، بەڵگەی کەلەپووری ئەدەبی نووسراومان بەم دیالێکتە بۆ ماوەتەوە و هەمووشی نەبێت چەردەیەکی باشی پارێزراوە، هەر لەوەش بگەڕێ کە لە ڕووی ڕەسەنایەتی و تایبەتمەندی و خۆماڵێتی و ئاستی بەرزی هونەری –ئیستێتیکییەوە ئاوێنەی جەوهەری دەربڕی گیانی کوردانە و سروشت و دەوروبەرێتی و بایەخ و پایەی ئەم ئەدەبە سنووری وڵاتی بەزاندووە و لە چەند ئاستێکی وەک لایەنی ئاینی و ئەدەبییەوە سەرنجی بێگانان و ڕۆژهەڵاتناسانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و بە نووسین ئاوڕیان لێ داوەتەوە.

بۆیە لە سەرەتادا و زۆر بە کورتی بۆ ڕوونکردنەوە لە زاراوە یەکدی تەواوکارەکانی : گۆران، گۆرانەکان ؛ دیالێکتی "گۆرانی" و "هەورامی" دەدوێین...

نووسین و لێکۆڵینەوە دەربارەی پێکهاتەی کۆمەڵی کوردی فرە چەشن و ئامانجن، بەڵام لە ڕابردوو و ئێستاشدا بە گشتی نەتوانراوە دابەشکردنەکەی "شەرەفخانی بەتلیسی" تێپەڕێنن کە دیالێکتی کردووەتە بنەمای دابەشکردنی گەل و زمانی کوردی : ((کرمانج ، لوڕ ، کەڵهوڕ ، گۆران)) . (شرفخانی بەدلیسی ٢٩:١٩٧٢ ) . پێدەچێت ئەم بنەمای دابەشکردنەش زیاتر لە ڕاستییەوە نزیک بێت، بۆیە وەک هاکۆپیان دەڵێت : ((بە سەرنجدانی گوتەزای "هاوئاهەنگیی نێوان تایفە و دیالێکت"، هۆکاری پاڵنەری زانایانی هاوچەرخمان بۆ بایەخدان بەم چەشنە پۆلێنکردنە بۆ ڕوون دەبێتەوە . وەک چۆن ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی (ب .روندو بان) کە گرنگی و بایەخی داوە بە بابەتی کوردناسی و جیاوازیی نەژادەکانی کورد دەگەڕێنێتەوە بۆ "جیاوازیی شێوەزارەکانیان"...)) . (هاکوپیان ٢٠٠٧: ٧) .

دواتر زانای ناودار تۆفیق وەهبی بەگ لەسەر ئەو بنەڕەت و سەرەتایەی شەرەفخانی بەتلیسی، کوردەکان دابەش دەکات بۆ چوار بەشی بنەڕەتی و دەڵێت : ((زمانی کورد یەک زمانە؛ پیی ئەڵین "زمانی کوردی" . زمانی کوردی بە چەند شیوەیی قسەی پی ئەکری کە اساسیەکانیان ئەمانەن : شیوەی

کرمانجی، کومەله شیوەی لوری، شیوەی گورانی، شیوەی زازایی )) . ( وەهبی١٩٣٩ :٢٧) . هەروەها دەڵێت : ((هەندی دیهاتی له حدود زور نەدووری عراق و ایراندا قسەی پی ئەکری . له عراقدا شیوەی هەورامی، زەنگنه، کاکەیی گورانی ن)) و له وەسپی ئەم دیالێکتەشدا به بەراورد بەوانی دیکه دەڵێت : ((گورانی له ناو شیوەکانی کوردی یا له هەموویان زیاتر سروشتی ئاویستایی ی پیوه ئەبینری؛ بنچینەکەی ئەشی شیوەکانی گورانی و کورتی ی مادی گەورەبی . تاوی دوایی ی لوری ی لەسەره)) . ( وەهبی ١٩٣٩ :٣٠) . دواتر له بارەی "زازا" وه که پێی وایه له بنچینەدا ئەویش گۆرانییه، دەڵێت : ((شیوەی زازا ، لەناو منطقه ی شیوەی کرمانجی ی باکوری دا له هەندی پارچەی ولایەتەکانی ارزروم، خەربوت، بتلیس و دیاربکردا قسەی پی ئەکری، بنچینەکەی ئەشی لەگەل هی ی گورانی دا یەک بی، تاوی دوایی ی کرمانجی ی شمالی ی لەسەره)) . ( وەهبی ١٩٣٩ :٣٠).

سەبارەت به پێکهێنەرەکانی کۆمەڵەی" لوڕ"یش که له ئەدەبیاتدا هاوبەش دەبنەوه لەگەڵ گۆراندا، دەنووسێت: ((کومەله شیوەی لوری ئەم شیوانەی تی دایه : (کەلهوری، لەکی، فەیلی، لوری، بەختیاری، مامەسانی-کوه گەلویی) . سنووری باکوری ی کومەله شیوەی لوری سلطان آباد- دولت آباد- کرماشان-خانەقی؛ و سنووری نیوه رووییەکەی نزیکەی شمالی شیراز-کازرونه . کومەله شیوەی لوری که له پیشا کرمانجی بووه، بنچینەکەی ئەشی کورتی ی مادی گەوره بووبی؛ تاوی دوایی ی فارسی لەسەره، و لەگەل سورانیشدا پیوەندی ی هەیه . لەکی، کەلهوری، فەیلی به کرمانجی جنوبی نزیکترن . لوری ی اصلی بەختیاری لەگەل مامەسانی -کوه گەلویی دا زورتر کەوتوونەته ژیر تاوی فارسی یەوه که دراوسین)) . ( وەهبی ١٩٣٩ :٣٠) .

ناکرێت باسی "گۆران" بکرێت و ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسی ناوداری ڕووس، ڤ . ف .مینۆرسکی، به هۆی بایەخدانی و توێژینەوەکانی لەبارەیانەوە، وەک سەرچاوە وەرنەگیرێ . لەوە بگەڕێین که مینۆرسکی گومانێکی له کوردبوونی گۆرانەکان هەیە، هەرچەندە بۆچوونەکەی خۆی پێ بڕاوە نییە و پێی وایه خەڵکانێکن به شێوە زمانێکی ئێرانی قسەدەکەن، بەڵام لەبارەی نیشتەجێبوونیانەوە دەڵێت : ((له زنجیره شاخەکانی باکوری ڕێگای بەغا- کرماشان و لەسەر ئاوی سیروان دەژین و بەهۆی زنجیره شاخی هەورامانەوە کشاون بەرەو ژوور، و هەورامانی لهۆن دەکەوێته لای ڕۆژئاوای ڕیزه شاخه بەرزەکه و هەورامانی تەخت لای ڕۆژهەڵاتی . دواتر باسی ( پاوە) و (کەندوله) و (باجلانەکان) و (زەهاو)، (زازا) له ناوچەی دەرسیم دەکات که به گۆرانی قسه دەکەن و پێی وایه گۆرانەکان جاران له ناوچەی بەرفراوانتردا نیشتەجێ بوون)) . ( مینۆرسکی١٩٤٤ :٥) .

بابەتی کوردبوون و نەبوونی "گۆران و زازا"، وێڕای ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسانی وەک (مان) و (د.مەکەنزی) و (مینۆرسکی) ورووژێنەری کوردنەبوونیانن ، بەڵام ئەم بابەته به ئارگومێنتی زانستییانه و واقعیانه بڕاوەتەوە و ڕای دەستەجەمی زۆرینەی زۆری زانایانی دەرەوە و ناوخۆیی لەسەر

کوردبوونی گۆران و زازا یە، وەک ئەدەبناسێک دەڵێت : ((دێ .مورگان ، ڤ.ا.ژوکۆڤسکی ، پ. لیرخ، ئەدمۆنس ، ...هتد . گەلێ لە زمانەوانەکانی سۆڤییێت قەناتی کوردۆ، ئی . ئە .سمیرنۆڤا، زارێ یوسوپۆڤا، مەکسیمی خەمۆ، ...هتد . سەرجەم زانایانی کوردستانی عێراق بە تایبەتی زمانەوانەکانیان : تۆفیق وەهبی، جەمال نەبەز، کەمال فوئاد، نووسەرە هەورامییەکان، زمانەوان محەمەد ئەمین هەورامانی، دانای هەورامی، عوسمان هەورامی ..هتد، گۆران و زازاکان خۆیان، تۆزقاڵە گومانێکیان لەوە نییە، کە گۆرانی و زازا دیالێکتی ڕەسەنی زمانی کوردین)) . ( محەمەد ٢٠٠٨: ٩٣) . لەو بارەیەوە چەندین ڕای ڕوونی وەک ڕاکەی ئی.ئە.سمیرنۆڤا هەیە کە دەنووسێت : ((کورد ناوە بۆ سەرجەمی میللەتەکە و زازا و گۆران ناون هەم بۆ دیالێکت و بۆ هۆز و کۆمەڵە خەڵکەکانیش، چونکە تا ئێستاش ناوی تیرە و هۆزەکانیان لە هۆشیاندا ماوە)) . (محەمەد ٢٠٠٨: ٣٠)، تەنانەت ئەدەبناسی گەورەی ڕووس (زارێ ئۆسپ) وتارێکی بە ناوی "دەربارەی پێکهاتنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی" هەیە کە لە ژمارە دووی گۆڤاری (ڕووناکبیری)دا کراوە بە کوردی، چەندین ڕای جیاوازی لەو زەمینەیەدا ئاماژەپێداوە(بڕوانە ئۆسپ ١٩٩٢: ٥٦)، بەڵام بێگومان ئەمە نە کاری بنەڕەتیی ئێمەیە و نە دەرفەتی تەواوی ئەوەشمان هەیە بچینە نێو گفتوگۆ و ڕا و ئارگومێنتە جیاوازەکانی کە مەبەستییەتی لە بنەچە و ڕەچەڵەکی "گۆران"بدوێت، بابەتێکە لەئەمڕۆدا بڕاوەتەوە . ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە و سەرجەم توێژەرانی گۆرانناسی لە ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی (لە نێویاندا فارس و عەرەبیش)لەسەری کۆدەنگن، ئەو بایەخ و گرنگی پێدانەیە کە بۆ ئەدەبیاتی گۆران-ی هەیانبووە، بێجگە لە ڕەهەندی شارستانییانە، ئەم ئەدەبیات و نووسراوانە بوونەتە ڕێنیشاندەر و بەڵگەیەکی بەرجەستە لە لێکۆڵینەوە بۆ ناسینی کورد و بەشێک لە کلتوری ناوچەکە . ( هاکوپیان ٢٠٠٧ :١٠-١٥) .

سەبارەت بە وشەی "گۆران" و چییەتی مەبەستی بەکارهێنانی، هاکۆپیان سەرنجی ئەوەی داوە کە (بەتلیسی) بەم ئامانجانە بەکاری هێناوە و دەڵێت: ((ناوی "گۆران" لە "شەرەفنامە" دا سێ جار بە مانای "تیرە یان تایفە" هاتووە، جارێک لە گێڕانەوەیەکدا کە بە کورتی باس لە پیاوێک دەکات بە ناوی (شاهوردی)، دەستی گرتبوو بەسەر لوڕستاندا و بۆ شەڕکردن دژی شا عەباس، پیاوانی تایفەی گۆرانی لە دەوری خۆی کۆکردبووەوە . جاری دووەم، لە سەروبەندی باسی باپیرە گەورەی ئەردەڵانییەکانە کە لە پەنای تایفەی گۆران-دا ژیاوە . لە کۆتاییدا لە گێڕانەوەیدا بۆ بابەتی ڕاپەڕینی دەسەڵاتدارانی خانەوادەی برادۆستی لە نێوان تایفەی گۆراندا ... )) . (هاکوپیان٢٠٠٧ :٤٣) .

مینۆرسکی لە بارەی وشەی گۆران و گریمانەی سەرهەڵدانی خودی وشەکەوە باسی چۆنیەتیی دەربڕینی دەکات کە (گوران) یان (گووران)ە، پێی وایە "گۆرانی" تازەیە . دواتر وێڕای ڕاکەی (ئۆسکارمان) کە گۆران بە لەقەبی کەسێک دەزانێ، بەڵام دواتر بە بەڵگە و ئاماژەدان بە هۆنراوەیەک "گەبران" بەمانای ئاگر پەرست (یاخود پەیڕەوانی زەردەشت) دەکاتە بنەمای وشەی گۆران:

من نه جووم ، نه موسڵمانم

نه فەلەم ، نه گورانم

واتە مینۆرسکی سێ گریمانەی (گەبرانی پەیڕەوی زەردەشت)، (ناوی عەشیرەتی گاوباراکان و گاوراکان)، (گۆران وەک هێمایەک بۆ نیشاندانی چینی جوتیار) دەکاتە بنەما .( بڕوانە مینۆرسکی ١٩٤٤: ٦).

سەبارەت بە گریمانەی یەکەمیان ، هاکۆپیان وێڕای گێڕانەوەی ڕاو گریمانەکە بۆ سەرچاوەکەی، دەڵێت : ((ڕاکەی (بورهان تەبریزی) لە بارەی زاراوەی "گۆران"ە وە جێگای تێڕامانە، دەڵێت : "گۆران ناوێکە دەدرێتە پاڵ کەسانێک کە ئاگر پەرست بوون و پەیڕەوی زەردەشت بوون" .)) . (هاکوپیان ٢٠٠٧: ٤٠)، دواتر دەڵێت : ((ئەم گریمانەیە زیاتر پەسەند دەکرێت، ئەو کاتەی پەی بەوە دەبەین زۆرینەی گۆرانەکان پەیڕەوی (علی ئیلاهی-ئەهلی هەق-یارسان) دەکەن؛ کە شێخ عەبدولقادری گەیلانی بە هاوشێوەی گروپەکانی "ئیسماعیلییە" و "قەرمەتییەکان" دەیانچوێنێ و لە بارەیانەوە نووسیویەتی : تەنیا "الکورد الهمجی" و "بقایا المجوس" واتە کوردی بەربەری و پاشماوەی ئاگرپەرستەکان پەیڕەویان لێ دەکەن . ئەم گوتەیە وێڕای دوژمنکارانەبوونی بۆ پاشماوەکانی ئاینی ئاگرپەرستی، لەگەڵ خۆیدا بەڵگەیەکی ئێجگار بەنرخی پەیوەست بە ئاینی یارسان و بیر و باوەڕە ئاینییە دێرینەکانی ئێرانی هەڵگرتووە . (ف . کومن) لە نووسینەکەیدا و لە وەسپی کتێبەکەی مینۆرسکیدا لەسەر یارسان نووسیویەتی :"ئەم گرووپە لە پاشماوەکانی ئاینی زەردەشتی دێرینن" . هەر لەو چوارچێوەیەدا، (پ.لیرخ) نووسیویەتی : ئیسلامی علی ئیلاهییەکان، هەنگاوێکی زیرەکانە بوو بۆ پەردەپۆشکردنی و بەردەوامیدان بە پیرۆز ڕاگرتنی ئاگر)) . (هاکوپیان ٢٠٠٧: ٤٠) .

ئەگەرچی ئەو بۆچوونەش هەیە کە خێڵی واهەن کۆچەرین و گۆرانیشن، بەڵام سەبارەت بە گریمانەی سێیەمیش لای مینۆرسکی، عەلائەدین سەجادی دەڵێت : ((لە ناو قەومی کورددا بە تێکرا ئەم رەوشتە بووە و هەیە : کە "کورد" بەو کوردانە ئەڵێن کە دەوارنشین و کۆچەرین و وە "گۆران" یش بەو کوردانە ئەڵێن کە شارنشین و لادێی نشینن . لە سەردەمێکا کە نیشتەجێتی لە کورد دا نەبوە ئەم ناوەش نەبووە، لە پاشا وردە وردە ئەو بەشەیان کە دەستیان دا بە دانیشتن لە شار و لادێی کانا بەشە کۆچەریەکان ناوی "گۆران" یان بۆ دانان، وە ئەم وشەیە من لام وایە بناغەکەی وشەی "گۆرران"ە، لەبەر ئەوە زۆر کەوتۆتە سەر زمانەوە بوە بە "گۆران" . گۆیا بەشی کۆچەریەکە لەبەر ئەوە بەشەکەی تر پشتیان لە ژیانی کۆچەرایەتی هەڵکرد پێیان وتن "گۆرران" ، یانێ لەسەر رێی و شوێنی ئێمە لایاندا)) . (سجادی ١٩٧١: ٥٢) .

دواجار لە بارەی ئەم وشەیەوە، جگە لەوەی، وەک هاکۆپیان دەڵێت : ((زۆربەی توێژینەوەکان لەبارەی گۆران-ەوە، هێندەی جەختی لەسەر وەسپیان کردووەتەوە وەک "کۆمەڵی گۆران"، هێندە لێکۆڵینەوە نەبووە لە ڕەچەڵکی نەتەوەییان)) . (هاکوپیان ٢٠٠٧ :٣٩)؛ بەگشتی دەتوانین، وەک ئەدەبناس، هەورامانی بڵێین : ((بەشێوەیەکی ڕوونتر ، ئەو ناوچانەی کە ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگای گشتی ی نێوان خانەقین و کرماشان دەگرنەوە، پێیان دەوترێ ناوچەکانی گۆران و بە خەڵکەکەشی دەوترێ عەشرەتی گۆران و بە زمانەکەشیان کە نزیکەی سێ چوار شێوەزار دەگرێتەوە پێی دەوترێ زمانی گۆرانی یاخود زمانی گۆران)) . (هەورامانی ١٩٨٤ :٧٥) .

پەیوەست بە پەیوەندیی توندوتۆڵی نێوان (گۆران ) و (هەورامی)، بێگومان هەورامی بەش و شێوە زارێکە لە گۆران و وەک توێژەرێکی هەورامی دەڵێت : ((لە چاپەمەنی یەکاندا کە باسی زمانی گۆرانی دەکرێت لە ناو کەواندا دەنووسرێت (هەورامی) . دەڵێیت گۆران هەر هەورامین یان هەورامانین )) . (بەهمەنی٢٠٠٣ :٢٧١)، چونکە هەورامی پارێزەری شێوە زمانی ئەو ئەدەبیاتە ئاینی و پیرۆزە نووسراوەیە کە بنەمای شوناسی گۆران و لوڕ و کەلهوڕ و فراوانتر لەمانەش بووە، وەک ئەنوەر قادر محەمەد ڕوونی دەکاتەوە : ((دیالێکتی گۆرانی و بەتایبەتیش هەورامانی، کە دیارە بنەچە و وەجاخی کۆنینەی ئەم دیالێکتانەیە، کۆمەڵێ خاسییەتی ڕێزمانی و زاراوەی دەگمەنی هەیە، کە دەیکاتە سیمای دیار و گرنگی ئەم کۆمەڵە شێوەیە )). (محەمەد ٢٠٠٨: ٢٦٣) . ئەم پارێزگاریکردنەش وێڕای بەڵگەی بەتەنگەوەبوون و ئاستی هۆشیاری، مافی ئەوەشی لە ڕووی واقعیی مێژووییەوە داوە بە هەورامییەکان کە شێوەزارەکەیان ببێتە شوناس و ناونیشان بۆ کۆی ترادسیۆنەکە، کەوایە : ((بەوەی کە ئەم زمانە لە ناو هەوراماندا، باشتر لە شوێنەکانی ترپارێزگاری کراوە و بە تەنگییەوە بوون، ڕادەی ڕۆشنبیریی هەورامییەکان دەسەلمێنێت ...کەواتە ئەوانەی وا دەڵێن : گۆرانی=هەورامی، هەقیانە .. )) . (بەهمەنی ٢٠٠٣ :٢٧١) . دواتر نووسەری ئەم چەند دێڕە، ئەم هۆنراوەیەش (هۆنراوەی "سەیفوری بانیارانی"١٨١١-١٨٧٧ز)وەک بەڵگە لە نووسینەکەیدا دەخاتە ڕوو :

گۆرانی گۆیش، هۆزی گۆرانەن چەنی بیگانە، هەر نە زۆرانەن

زووان گۆرانی، زووان پاڵنگانەن زووان سووهرەوەردی، ڕەی و زەنگانەن

گۆران ڕەسەن، کورد هۆرامانەن هۆرامان نە گۆهەر، هەر ئاهرمانەن . (بەهمەنی ٢٠٠٣ : ٢٧١) .

ئەو دید و بیرو باوەڕە ئاینییەی کە لە قوڵایی مێژووەوە هەبووە و بە شێوازی جیاجیا خۆی نوێ کردووەتەوە و لەگەڵ واقیع و پێشهاتە نوێکاندا گونجاندووە، زمانی گەیاندن و گوزارشت لە خۆکردنی ئەدەبیات بووە و ئەو ئەدەبیاتەش سەرەڕای ئەوەی بە ناوی پەیڕەوکەرانییەوە ناو نراوە و لە هەمان

کاتدا بووەتە شوناس و بنەمای پۆلێنکردنیان، بەڵام بە حوکمی بوونی شێوەزاری جیاواز لە نێو پەیڕەوانی ئەو ئاین و زارەدا، خودی ئەدەبیاتەکەش بە شێوەی جیاواز و لەهەمان کاتدا زەمینە هاوبەش نووسراوە، کە دەرکەتووترین و فرە بەرهەمترین و بەردەوامترینیان، هەورامییە . وەک مینۆرسکی گوزارشتی لێ دەکات : ((جیاکردنەوەی شێوەکانی گۆران قابل نیە . چونکە ادبیاتی گۆرانەکان بە چەند شێوەییکی مبهمی تیکەلاو نوسراوە . بە هەورامی ئەلین "گۆرانی چڕین")) . (مینۆرسکی ١٩٤٤: ٢).

پەیوەندیی نێوان هەورامییەکان و ئەم ئەدەبیاتە ئاینییە لەو چەشنەیە کە بوونەتە پارێزەر و گەشەپێدەر و شوناس بۆ یەکتری، بەڵام "ئاین" و دواتر ڕێبازە ئاینییەکان خوڵقێنەر و بەردەوامی پێدەری هەردووکیانن . محەمەد ئەمین هەورامانی پێی وایە : ((ئەوەی کە دەبێ بە ڕاست و زۆرجار شایستەی بزانین بۆ بەردەوامی بەکارهێنانی (زمانی هەورامی) کە وەک زمانێکی (دینی و ئەدەبی) بە درێژایی ئەم ماوە دوور و درێژەی کە باسمان لێوەکرد، تەنیا (دین) ە و (دین) و ڕێڕەوە دێرینەکەیەتی کە هەزاران ساڵە گرتویەتیەبەر . هەر تەنیا (دین) ئەو توانایەی هەیە کە بتوانێ بۆ ماوەی سێ هەزار ساڵێ زمانێ وەک زمانی دینی و ئەوجا ئەدەبی دینی بپارێزێ !.بەم پێیەی سەرەوە ، ئەتوانین بڵێین کە زمانی هەورامی، بە سەرپاکی شێوەکانیەوە، نەوەی نوێی زمانی ئاڤێستان !!)) . (هەورامانی ٢٠١٠ :١٣٩) .لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنە، بەتایبەتی زمانەوانی هەیە . هەر بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە، ڕای ئێرانناسی ناسراوی ڕووس ڤ.س.سۆکۆلۆڤا دەهێنینەوە کە لە پێشەکیی کتێبی "ئاڤێستا"دا کە هەم دەقەکە و هەم وەرگێڕانی ڕووسییەکەیەتی، لەم بارەیەوە دەڵێت : ((لە کۆنەوە لە "ئاڤێستا" کۆڵراوەتەوە و تا ئێستا ئەدەبیاتێکی قەبارە گەورە دەربارەی بڵاوکراونەتەوە، بەڵام بەشێکی زۆری ئەم نووسینانە دەربارەی : ئاین، میسۆلۆجیا، بونیادی کۆمەڵایەتی، ژیاریی کۆمەڵی ئاڤێستایی و کەسایەتی (زەردەشت) ن، ئەو بەرهەمانە دەچنە چوارچێوەی توێژینەوەی مێژوویی "ئاڤێستا"وە . بەڵام زمانی "ئاڤێستا" ئەو بایەخەی پێ نەدراوە، هەر بۆیە تا ئێستاش، لێکۆڵینەوە لە زمانی "ئاڤێستا" زۆر کەمە )) . (سۆکۆلۆڤا ٢٠٠٥ : ١٥) .

کەواتە پەیوەست بە گۆران و هەورامییەوە، گرنگترین بابەتێک پێویستە تیشکۆی بکەین، "ئەدەبیاتی گۆران-ی" یە، ڕاستەوخۆ زەمینەی کەرەسە شیعرییەکانی توێژینەوەکەمانە.

## دەستپێک و سەرچاوە سەرەتاییەکانی ئەدەبیاتی گۆرانی (هەورامی) :

توێژینەوە و بەدواداچوونی زانستییانە بۆ ئەدەبیاتی دیالێکتی گۆرانی، تەنیا خزمەت بە گۆران ناکات، بەڵکو بە زۆر ڕەهەندی کلتوری و بەشداریی شارستانی و ڕەسەنایەتیی نەتەوەکەمان ئاشنامان دەکات . لە خۆوە و بێ بەڵگە نییە کە ڕۆژهەڵاتناس و زمانەوانێکی وەک مەکەنزی بە "سێندرێللای ئێرانناسی"

ناو زەدی دەکات : ((دوای ئەوەی گەلاڵە ڕێزمانییە کورت بەڵام لە لایەنی ڕێزمانەوە، مامۆستایانەکەی "چارلز ڕیو" لە ساڵی ١٨٨١زدا چاپ و بڵاو کرایەوە "گۆرانی" چ لە بارەی وێژەوانی و چ لە لایەنی زمانییەوە، بوو بە سێندرێللای ئێران ناسی)) . ( سوڵتانی ٢٠١٠ : ٥٥٥)، کە ئەنوەری سوڵتانی لە پاشکۆی وتاریی"هەندێک شیعری لیریکی گۆرانی" ی مەکەنزیدا لە کتێبەکەی خۆیدا دایناوە، ئاوا ڕاڤەی ئەم دەربڕینە دەکات : ((ئاماژەیە بە دیاردەیەکی ڕازاوە و جوان، کە ڕێزی پێویستی لێ نەنرابێت)) . ( سوڵتانی ٢٠١٠ : ٥٥٥)؛ یاخود وەک ئەنوەر قادر محەمەد ئاماژەی پێ داوە، ئەو وەسپەی کەسێکی سیاسیی پلە باڵای وڵاتی ئێران : ((سەرەک وەزیران محسن موسوی لەو نامەیەدا کە بۆ کۆنگرەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردیی لە مەهاباد نووسیوییە، دەڵێ : "دیالێکتی هەورامی دایکی کرمانجی و سۆرانییە، هەروەها بابا تایەریش بە ڕۆڵەی عەشیرەتەکانی زاگرۆس لە قەڵەم دەدات" )) . ( محەمەد ٢٠٠٨ : ٩٧) . ئەوە بێجگە لەوەی لە ئاستی ناوخۆییدا، توێژەران و نووسەرانی خاوەن پێگە و ئەدەبناسانی زۆر وێڕای دەنگ هەڵبڕین بۆ لاکردنەوە لەم ئەدەبە، بە شکۆوە لە بایەخی دوواون؛ محەمەدی مەلا کەریم لەو پێشەکییەی بۆ کتێبەکەی ئەنوەری سوڵتانی نووسیوویەتی، دەڵێت : ((بایەخی دیالێکتی گۆرانی لە زمانی کوردیدا، لە ئاستی بایەخی هیچ دیالێکتێکی تری ئەم زمانەدا نییە و لە هیی گشتیان زیاترە )) . ( سوڵتانی ٢٠١٠: ١١).

لێکۆڵینەوە لە ئەدەبیاتی نووسراو بە شێوەی گۆرانی (هەورامی)، دەتوانین بکەینە دوو قۆناغ : پێش سەرهەڵدانی (مەلاپەرێشان ١٣٥٦-١٤٢١ز) و دوای مەلاپەرێشان؛ دووەمیان، شیعر و دیوانەکەی ئەم شاعیرە بەڵگەی بەردەستە بۆ توێژینەوە و سەلماندنی تێکستی ئەدەبیی قۆناغەکە، لە توێژینەوەیەکدا هاتووە : ((مێژووی ئەدەبی گۆرانی ، ئەدەبی نووسراو ، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چواردەیەم، بۆ سەلماندنی ئەم ڕایە، بەرهەمی مەلا پەرێشانمان هەیە . شایانی باسە، بەم دیالێکتە دوو کتێبی ئاینی هەن "ماریفەت و پیرشالیاری زەردەشتی" و "سەرئەنجام" کە مێژووی نووسینیان بۆ ڕۆژگارێکی زۆر دێرینتر دەگەڕێتەوە)) . (محەمەد ٢٠٠٨: ١٤٥)، بەڵام قۆناغی پێش مەلا پەرێشان، وەک لەم دوودێڕەی کۆتاییدا ئاماژەی پێ دراوە؛ خاوەن تێکست و ئەدەبێکی بەرفراوان و ڕیشەی مێژوویی فرە چەشنە کە تێمەی (ئاینی) و دەربڕینی جیهانبینی و بیروباوەڕی ئاینی ئامانجی بوون و گوزارشتکردنیەتی، ئەمە وێڕای چەند گریمانەیەکی نەسەلمێنراو کە ڕیشەی ئەم شێوە زمانی گۆرانییە دەباتەوە سەر هەندێ تێکست کە ئێمە لێرەدا تەنیا بەکورتی و خاڵێکی گریمانەکراوی سەرەتا ئاماژەی پێ دەدەین و بە هیوای ئەوەی بکرێتە بابەتی توێژینەوەی زانستیی سەربەخۆ . کەواتە، وەک وترا : ((مەلا پەرێشان کۆنترین شاعیری کوردە بە دیالێکتی گۆرانیی زمانی کوردی شیعری دانابێ و لە چوارچێوەی شیعری ئاینی یارسان چووبێتە دەرەوە)) . (خەزنەدار ٢٠١٠: ٢٣)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا : ((دیالێکتی گۆرانی زۆر پێش سەدەی چواردەیەم زمانی ئەدەب بووە )) . (محەمەد :٢٣ ٢٠١٨) .

دەوڵەمەندترین و کاراترین پشک لەو بەشەی ئەدەبیاتی ئاینی گۆرانەکان، بە کاریگەریی ئاینیی "یارسان"ە، سەرەڕای ئەوەی بناغەی یەکخستن و شوناسی گۆران و پەلهاویشتنە بۆ دەرەوەی گۆرانی و تەنانەت کوردیش، ڕۆژهەڵاتناسی ناوداری ڕووس ڤ . ئا .ژوکۆڤسکی، بۆچوونێکی هەیە دەڵێت : ((کوردە گۆرانەکان لەبەر دووشت زۆر جێگای باس و خواسن : یەکەمیان لەبەر ئەوەی دیالێکتی تایبەتی خۆیان، دەسنووس و سامانی ئەدەبییان هەیە، کە لە مۆزێی بەریتانیادا پارێزراوە . دووەم، لەبەر ئەوەی ئەمان زۆربەی هەڵگرانی ئەو ڕێبازە ئاینییە پێکدێنن، کە بە خۆیان دەڵێن ئەهلی هەق)) .(ژوکۆڤسکی ١٨٨٦ : ٣)، دەتوانین بڵێین فۆرمی نوێبووەوەی ئاینە کۆنەکانی ئەم ناوچەیەشە کە دواتر باسی دەکەین؛ بەڵام ئەوەی لێرەدا وەک ڕێچکەی سەرەتایی پێویستە ئاماژەیەکی پێ بکرێت، لەگەڵ بوونی گریمانەی نەسەلمێنراویان، بەڵگەی یەکلاکەرەوەش بۆ ڕەتکردنەوەیان نییە . بۆیە بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەین کە پتر لە بەرهەمەکانی ناوخۆیی و بەتایبەتی هەورامییەکاندا هەیە، لەوانەش عادل محەمەدپوور لە باسی خانەبەندی شیعری کوردی هەورامیدا دەیکاتە دوو قۆناغی پێش ئیسلام و دوای ئیسلام . سەبارەت بە پێش ئیسلام، دەڵێت : ((ئەگەرچی لە بەڵگەکانی پێش ئیسلام ، دەقی کۆنکرێتی ئاوامان نییە کە بتوانێ پیشاندەری ڕەوتی شیعری کوردی هورامی بێ ، ناچارین جێ پێی زوان و ئەدەبەکەمان، یەکەی توخمەکانی ئەم زوان و شیعرە لە "گاساکان" و "درەختی ئاسووریک"، "قەواڵەکانی هەورامان"، "ماتیکان گجستک ابالیش" و هەندێ بەڵگەی تر .....بە شێوەی تاک و جەوهەری کەشف و پێناسە بکەین . نموونەکان لەم دەقانەدا، ئەوانەی شیعرن "بڕگەیی" بوونی سیستەمی مۆسیقای شیعری و هەندێکی زۆر و زەبەن، توخمی زوانی دەبینرێ کە ئێستاش لێدانی ئەم فێرێکانسانە "کرکە" لە بزاڤێتی (سەیروورەت) ڕەوتی شیعری هەزارو چوارسەد ساڵە و ئاخافتنی زارەکی جەماوەری هۆرامانا، بەرفراوان پێڕەو دەکرێن ...)) . ( محەمەدپوور ٢٠١٢: ٥٩) . ئەم بەشەی یەکەم لە پۆلێنەکەی عادل محەمەد پوور ، وەک خۆی دەڵێت، لەسەر بنەمای شێوەی ڕەچەڵەکناسانە و شێوازناسانە کراوە، بەڵام بەر لە بە کورتی باسکردنی هەریەک لەو ناونیشانانەی سەرەوە کە لە ڕووی سروشتی زمان و شێوازناسییەوە دەکرێنە سەرچاوەی زمانی ئەمڕۆمان، هەر لەو دیدە "سروشتی زمانناسی"یەوە وەک دەستپێک باس لە ئاڤێستا دەکەین.

## ئاڤێستا یاخود زەند ئاڤێستا و گاتاکان:

کەم نین ئەو توێژەر و نووسەرە کوردانەی باس لە "ماد" بوونی زمانی نووسینەوەی کتێبی پیرۆزی "ئاڤێستا" ی زەردەشتییەکان و "کورد" ی ئەمڕۆ دەکەن و تەنانەت هەندێک "دیالێکتی هەورامی" بە پاشماوەی ئەو شێوە نووسینە دەزانن . سەلماندنی ئەم ڕاو گریمانەیە تا ئێستاش نەهاتووەتە دی، چونکە خودی ئاڤێستای کۆن نەماوە تا هیچ جۆرە لێکۆڵینەوە و ڕایەکی زانستی لەسەر بونیاد بنرێت؛ بەڵام "زەند ئاڤێستا" کە دواتر کۆکراوەتەوە و ماوە و کاری لەسەر کراوە، دەکرێت هەموو نەتەوەکانی

ئەم ناوچەیە کە پەیڕەوکەری ئاینی زەردەشتی بوون، هەرکام لە گۆشەنیگای خۆیەوە، لەو سەرچاوەیەدا تایبەتمەندییە زمانی و ئەدەبی و کلتورییەکانی خۆی ببینێتەوە . لەبەر نەبوونی بەڵگەی یەکلا کەرەوە بۆ پەیوەستکردنەوەی هەر زمانێک یان شێوە زمانێکی ئەم ناوچەیە بە ئاڤێستا یاخود زەند ئاڤێستاوە، پەنا دەبرێتە بەر "سروشتی" ڕابردووی نزیکیی زمانەکانی ئێستا و شێوەی ئەو زمانەی ئاڤێستای پێ نووسراوە، لێکۆڵەری کورد تۆفیق وەهبی لەو بارەیەوە دەڵێت :((گورانی لەناو شیوەکانی کوردیا لە هەموویان زیاتر سروشتی اوێستایی پیوە ئەبینری؛ بنچینەکەی ئەشی شیوەکانی گورانی و کورتی ی و مادی گەورەبی .. )) . ( وەهبی ١٩٤٠: ٣٠) .

هەر لە ڕوانگەی بەراوردی سروشتی زمان و توخمی شێوازناسیی زمانەوەیە ، لای کەسێکی وەک موحەمەد پوور گریمانەی ئەوە کراوە : ((پێکهاتە و تان و پۆی زوانەکەیە کە بە پێی توێژینەوەی زوانەوانە بێ لایەنەکان بە بە راوردی توخمە زوانییەکانی ئێستای زوانی هۆرامی لەگەڵ دەقی ئەوێستادا چەسپاوە کە زوانی کوردی هۆرامی پاشماوەی ئەم زوانەتە ....)) . ( محەمەد پوور ٢٠٠٨ : ٢٥) . هەروەها بەشێکی گرنگی ئاڤێستاش، کاتێک بەو دیدە شێوازناسییە لێی دەڕوانرێت هەمان ئەنجام بە دەستەوە دەدات، وەک هەمان توێژەر ڕای وایە : ((سروودی گاسەکان-گازە (کە یەکێکە لە پێنج بەشەکەی ئاڤێستا)، سروودگەلێکی ئاهەنگدارن ، لەسەر فۆرماسیۆن و پێکهاتەی شێعری هیجایی، کە لە واقیعدا دەبنە کۆنترین و ڕەسەنترین پاژێک لە یەسنای ئەوێستا، بەر لە نووسینەوەیان و گلاڵەبوونیان لە ئەوێستادا، لە لایەن گۆرانیبێژان و سترانچڕانەوە "گوسان"ەکان، وتراونەتەوە و دەماو دەم و سینگ بە سینگ گەیشتوونەتە نەوەی دواڕۆژ تا دەگاتە ئەم نەوەیە کە ئیستایش لەسەر زاران گۆدەکرێن، بەڵام ناوونیشان و شمەکێکی تریان بۆ دیاری کراوە و بە "هۆرە" و "سیاوچەمانە" و "لاوژە" و "لاوک" و ....نێوزەد کراون و ئێستاش لە قامووسدا پارێزەری هەمان واتا و هەمان پەیامی کۆنن)) . ( محەمەدپوور ٢٠٠٨ : ٢٦ ) .

## قەواڵەکانی هەورامان:

محەمەد ئەمین هەورامانی ئەم بابەتەی لەژێر ناونیشانی (ئینسایکلۆپیدیای ئیسلام) دا هێناوە و دەنووسێت : ((خەستەی ئەوەی کە لەوێدا هاتووە، دەڵێ : لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، واتە لە دەوروبەری ساڵانی (١٩١٥) ی زایینی هەندێ (قەباڵە) ی دەسخەتی ناوچەی هەورامان، کە بە نووسینی گریکی و پارسی نووسرابوون و لەناو (کووپەڵە) یەکی هەرزن (گاڵ) دا لە یەکێ لە ناوچەکانی هەورامانی تەختدا دۆزراوەتەوە . ئەم قەبالانە بریتین لە سەنەدی کڕین و فرۆشتنی ڕزەدێمێ، لە نێوان خاوەن ڕەزەدێم و کڕەڕ(ئەوەی کە کڕیویەتی) دا و لەگەڵ ناوهێنانی چەند شاهدێک، کە لەو مامەڵەدا، ئامادەبوون و مێژووی نووسینی ئەو قەباڵانەش، یاخود کاتی تۆمارکردنیان بۆ دەمی (١٢بۆ٨٨)پێش زایین دەگەڕێتەوە . ئەگەرچی وشە و کەرەستە زمانی ناو ئەو قەباڵەیە (ئەو قەباڵەیەی، کە وەها لە

قەڵەم دراوە کە بە زمانی پالەویی نووسراوە!) زۆر کەمە،  لەگەڵ ئەوەشدا توانای ئەوەی هەیە،  کە پەیوەندیی زۆر بەتین و کاریگەر لەگەڵ زمانی کوردییدا بە دەستەوە بدات،  بە جۆرێ کە لەگەڵ زمانەکانی دیکەی ئێرانیدا،  هەرگیز ئەو پەیوەندییە، بە دیی ناکرێت !!)) . ( هەورامانی ٢٠١٦ : ١٧)،  ئەم قەباڵانە بوونە هۆی ئەوەی : ((ناوی هەورامان و کوردستانی لە ئەوروپادا لە مەڵبەندە زانستی یە مێژوویی و زمانەوان و زماننایسیی یەکان دا،  بڵاو بوویەوە و بە هۆیەوە ئەمڕۆ ئەو ناوە،  لە فەرهەنگی (وەبستەر) و (ئۆکسفۆرد) و ئینسایکلۆپیدی یای جۆراوجۆردا،  لە بەرهەمی هەندێ پشکێنەر (کورد، تورک،  عەرەب–ئەدمۆنس) و هەندێ بەرهەمی دیکەی جیهانی دا،  تۆمارکراوە !)) . (هەورامانی ١٣٨٠ : ٨٥)؛ لە هەمان کاتدا،  وەک هەورامانیش ئاماژەی پێ داوە دەکرێت لە ڕووی پەیوەندی و لێکچوونی زمانییەوە لێی بدوێین و هەر لەم سۆنگەیەشە قۆناغی دووەمی زمانە ئێرانییەکان،  (زوانە ناڤینە ئێرانییەکانە –سەدەی چوارەمی پێش زایین) کە لەسەر بنەمای لێکچوونی دەنگ و ڕێزمان و واژە، دابەشکراون بۆ دوو جۆر: ((جۆری دووەمیان (واتە دەستەی ڕۆژئاوایی) کە زمانی کۆنی فارسی و ئاڤێستایی و مادی و پەهلەوی و پارتی و فارسی هاوچەرخیش دەگرێتەوە، زمانی هەورامیش لەو گروپە زمانییەیە . زمانی پارتی، کە بە ڕای زمانەوانان، زمانێکە لە چاخی ئەشکانییەکاندا باوبووە و زمانی نەتەوەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران بووە، دوو دەستە ئاسەوار بەجێ ماوە : یەکێک بە خەتی پارتی کە ڕێنووسێکە لە ئارامی،  ئەوی دیکە بە زمانی مانەوەی و ڕێنووسی مانەوییە کە لە ڕێنووسی سوورپانییەوە وەرگیراوە . زۆربەی هەڵکەنراوەکانی شاهانی ساسانی ،  وێڕای بە زمانی فارسی ناڤین ،  بە زمانی پارتی و یۆنانیش نووسراون .کۆنترین ئەم ئاسەوارە (قەواڵەکانی هۆرامانە) کە بۆ ساڵانی (٢١ و ٢٢ و ٨٨)ی پێش زایین دەگەڕێتەوە و لە سەردەمی فەرهادی چوارەمدا ، کە سێ دانە پێست بوون لە ساڵی ١٩٠٥ز لە تەنگیبەری (هەورامانی ژاوەرۆ) دۆزراونەتەوە و لەلایەن (د. سەعید خان) ەو گەیەنراونەتە دەست پرۆفیسۆر (ئیلس مێنس–E.H.Mins) و (کاولی_A.Couley) . ئەم قەواڵانە لە بارەی کڕین و فرۆشتن و مامەڵەوە بووە کە بەوردی زۆرشتی تێدا نووسراوە و ئەو قەواڵانە بە پێی وتەی د.پ .خانلری ،  محەمەد ئەمین هەورامانی ،  د.جەمال ڕەشید ،  بە دوو زمانی یۆنانی و پەهلەوی وەرگیراو لە ئارامی نووسراون کە هەندێ واژە و دەستەواژەی هەورامی ئێستای تێدایە)) . ( محەمەدپوور، ٢٠١٢ : ٣٠) .

## هەڵبەستی هیجائی هورمزگان :

لەبارەی ئەم تێکستەوە بێجگە لە نووسەرانی مێژووی ئەدەبی کوردی کە باسیان کردووە،  چەندین ئەدەبناسی فارس و بیانی–یش ئاماژەیان پێ داوە . عادل بە کورتی بەم جۆرە لە نووسینێکیدا هێناویەتی : ((کۆنترین دەقی ئەدەبی نوسراوی زمانی کوردی، چوار دێڕ هونراوەیە کە بەم شێوەی گۆرانییە یە، دەگەڕێتەوە بۆ ١٣٥٩ساڵ لەمەو پێش . واتە پێش باڵۆڵی ماهی–یش کە باسی چۆنیەتیی هاتنی ئاینی

ئیسلام دەکات بۆ کوردستان وەک ئاینێکی نوێ و خاوەنی ئەم شیعرە دیارنییە . دەقێکی چەند بەیتی "دە برگەیی" یە، لە نزیک شاری سلێمانی دۆزراوەتەوە . محەمەد تەقی بەهار دەڵێت : لە لایەن دوکتۆر سەعید کوردستانییەوە بە دەستم گەیشتووە و دواتر بۆ توێژینەوە نێردراوەتە ئەوروپا . م. رەشید یاسەمی وەکو بەڵگەیەک لە کتێبی (کرد و پیوستگیهای نژادی او ) بۆ دێرینیی زمانی کوردی باسی کردووە . هەروەها م. عەلائەدین سەجادی ئەو پارچە هەڵبەستەی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا تۆمارکردووە . د. جەمال ڕەشید لە کتێبی لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی ..ل ٥١٦ دا دەڵێ : "هەندێ نووسەری تریش لە کتێبی خۆیاندا باسی ئەم هۆنراوەیان کردووە ، بۆیە بووەتە سەرچاوەیەکیش بۆ مێژوو و ئەتنۆگراف نووسی رووسی بەناو "ڤلچیڤسکی" و هەروەها ڕۆدینکۆ ئەم هۆنراوەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ڕووسی" )) . (محەمەدپوور ٢٠٠٨ : ٣٤) .

لێرەدا بە پێویستی دەزانین بەر لەوەی هۆنراوەکە لە سەرچاوە سەرەکییەکەی خۆیەوە ئاماژە پێ بدەین، ڕوونکردنەوەیەک لە کتێبەکەی م.ب.ڕۆدینکۆ –وە لەبارەی ئەم پرسەوە وەربگرین کە هەرچەندە ڕاکەی ڕەشید یاسەمی تۆمار دەکات، بەڵام دواتر بۆچوونەکەی عەلائەدین سەجادی دێنێت کە دەڵێت : ((ئەم شیعرانە کە من لێرەدا باسی دەکەم و هێناومە بۆ بەڵگەی شیعر و ئەدەب و زمانی کوردی لە دەوری دووهەمی ئەدەبی کوردیدا، ناتوانم بچمە ژێری و بڵێم بوونەکەی ڕاستە یان ڕاست نییە، چونکە نە خۆم ئەو پارچە چەرمەم دیوە کە ئەم شیعرانەی لێ نووسراوەتەوە، وە نە لەقسەی ڕۆژهەڵاتی ناسێکیشدا بەرچاوم کەوتووە . بەڵکو تەنیا قسەیەکە مامۆستا ڕەشید یاسەمی باسی ئەکا ، ئەویش بەبێ ئەوەی بیگەیەنێتەوە بە کەسێک یان بە سەرچاوەیەک ....)) . (سجادی ١٩٧١ : ١٥٢) ؛ و بە (ڕایەکی زۆر بەجێ ..) وەسپی دەکات و بەم چەشنە ڕاکەی یاسەمی ڕتدەکاتەوە و دەڵێت : ((من هەر ئەوەم لەدەست دێت هاوڕای ئەو وشانە بم ......دەربارەی زمانەکەشی ...لەبەر ئەوەی ئەسڵەکەمان لەبەردەستدا نییە ، ناچارین بە خوێندنەوەی ئەوەی ڕ.یاسەمی ڕازیبین...بێگومان زمانی شیعرەکە ئیرانییە و یەکێکە لە دیالێکتە نزیکەکانی زمانی کوردی ...ڕەگی کوردیی تێدایە ...ئەو کۆتاییانەی لە تێکستەکەدا هەن (بۆ نموونە شاردەوە) لە دیالێکتی خواروو (سۆرانی و موکری)دا هەن ..)) . (ڕۆدینکۆ ٢٠٢٠ : ٤٢)؛ بە کورتی م.ب.ڕۆدینکۆ لە ئارگومێنتیدا بۆ ڕەتکردنەوەی ڕەشید یاسەمی، وێڕای هینانەوەی ڕاکەی سەجادی، ئاماژەی داوە بەبەڵگەی زمانی تێکستەکەش کە نوێیە و کۆن نییە.

هورمزگان رمان آتران کژان ویشان شاردوه گورەء گورگان

زور کار أرب کردنه خاپور گنای پالەء هتا شارە زور

شنو و کنیکان و دیل بشینا میرد آزا تلی وروی هوینا

روشت زردشترە مانوە بیکس بزیکا نیکا هورمز و هیو چکس . (یاسمی١١٩:١٣٦٣).

هەروەها باس لە بەرهەمێکی دیکەش دەکرێت وەک بەڵگە لەو بە رهەمانەی کە بە زمانی پەهلەوی نووسراون و تایبەتمەندیی شێوەزمانی کوردی یان دیاریکراوتر بڵێین هەورامی تێدایە بەناوی درەختی ئاسووریک : ((" درەختی ئاسووریک" یەکێکە لە بەرهەمەکانی زمانی پەهلەویی ناڤین -ی چاخی ئەشکانی، کە لە ناوەڕۆکدا هەڤپەیڤینێکە لە نێوان دارخورما (هێمای ئاسووری) و بزن (هێمای بێ پەروایی ئاینی زەردەشت)، و بە شیعری هێجایی "دوازدە هیجایی" لە شاعیرێکی نەناسراو، پێکهاتە لە ١٢١بەیت شیعر نووسراوە . ئەم دەقە کە لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسانێکی بەرچاوە وە کەوتووتە بەرباس و چەندین زانای وەک محەمەد تەقی بەهار، پەراوێز و لێکدانەوەیان بۆ نووسیووە، هەندێ واژە و دەستەواژەی هەورامی ئێستای تێدایە کە ئەگەر بەراوردی زانستی بکرێت، دەتوانیین بڵێین : زمانی ئێستای هەورامی، پاشماوەی ئەم زمانەیە کە درەختی ئاسووری پێ نووسراوە . بە ڕۆچوون لە نێو ئەم دەقەدا و خستنەڕووی توخمەکان، بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەی دەنگەکان و توخمە زمانییەکان لەگەڵ شێواز و واتای زمانی هەورامی ئێستادا هاوسەنگ و هاوڕەچەڵەکن )) .( محەمەدپوور ٢٠٠٨ : ٣٠) .

ئەوەی کە گرنگە لە پاش هاتنی ئیسلام، دەرکەوتنی ئەدەبیاتێکی ئاینیی بەر فراوان و کاریگەرە بە دیالێکتی گۆرانی کە وەک پێشتر باسمان کردووە، دەبێتە شوناسی گۆرانی و ئەوەش ئەدەبیاتی یارسان-ە .

## ئەدەبیاتی ئاینی یارسان:

پێشتر ئاماژەمان بەوە داوە، بنەمای یەکخستن و ناساندنی گۆران ئەدەبیاتێکی ئاینییە و گرنگترین سیمای تایبەتمەندیی ئەم دیالێکتەیە . پێ دەچێت، هەم ئاینەکە ئەم شێوەزارە مۆسیقییەی بە فۆڕمێکی گونجاو زانیبێ تا لێوەی گوزارشت لە خۆی بکات و هەم دیالێکتەکەش بەهۆی ئەم ئەدەبیاتەوە ڕێچکەیەکی لەو چەشنەی وەرگرتبێ کە چەندین سەدە دواتریش شاعیری داهێنەری ئەوتۆی بەرهەمهێنابێ کە ئەمڕۆ ئێمە لەم نامەیەدا لە هەوڵی ئەوەداین گۆشەیەک لە ڕوخساری نیشان بدەین . ڕاو توێژینەوەکان لەمبارەوە کەم نین، لەوانە، وەک ڤ. ا . ژۆکۆڤسکی، لەسەرەتای ئەم بابەتەوە ئاماژەمان پێ داو پێویستی بە دووبارەکردنەوە نییە، یاخود وەک ئیرەییدە ئەناتۆلیڤنا سمیرنۆڤا و کەریمی ئەییوبی لە کۆتایی وتارە هاوبەشەکەیاندا هێناویانە : ((کەلەپوورێکی ئایینی-فەلسەفی و ئەدەبی دەوڵەمەند بەم دیالێکتە هەیە، کە بەشێکی گرنگ و بە بایەخی کولتووری گیانیی میللەتی کوردە)) .(محەمەد٢٠٠٨: ٣٢ ) . ئەوەی هەیە ئەدەبیاتە، هەر "ڤ.ا.ژۆکۆڤسکی " لە وەڵامی پرسیارێکیدا لە کەسێکی ئەهلی هەق کە ئایا کتێبی پیرۆزی خۆیان هەیە ؟، وەک ئەنوەر قادر محەمەد هێناویەتی، لە وەڵامدا دەڵێت : ((کتێبی پیرۆزمان نییە، لە باتی ئەوە، ئەدەبێکی دەوڵەمەند و شیعری ئاینیمان بە دیالێکتی گۆرانی هەیە )) . (محەمەد: ٢٠٠٨ : ٧٢) .

بەگشتی وەک محەمەدی مەلا کەریم نووسیویەتی : ((بەرهەمی ئایینێکی لە هیی هەر گەلێکی تری دراوسێ زیاتر هیی کورد-کە ئاینی یارسانە، بە دیالێکتی گۆرانییە (شیعرە ئایینی یەکانی یارسان) )) . ( سولڵتانی ٢٠١٠: ١٢) . یاخود هاتووە کە : ((شێوەی گۆرانیی کوردی زمانی ڕەسمی یارسانەکانە، کۆنترین و بەرزترین بەرهەمی ئەدەبی کوردی ئایینی یارسانەکانە)) . ( خەزنەدار ٢٠١٠ : ٦٨) .

ئەم ئاینە کە پیرەکانی هەزاران بەیت شیعریان بە دیالێکتی گۆرانی بۆ ڕێنمایی پەیڕەوانیان نووسیوە، تەنانەت بوونەتە سەرچاوەی ئەدەبیاتی ئاینی بۆ غەیرە کوردیش، وەک توێژەرێکی کورد دەڵێت : ((یارسان، ئاینێکی لە کوردستاندا پەیدابووی سەربەخۆیە و، ئەوڕۆ ژمارەیان لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا، پێکەوە خۆی لە ٤- ٥ملیۆن کەس دەداو، لە نێو ترک زمانەکانی ئێرانیشدا، خەڵکێکی زۆر هەن، کە سەر بە ئاینی یارسانین و، بە "گۆران" نێو دەبرێن، کە ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ بنەچەو ڕەچەڵەکی کوردبوونیان )) . ( نەبەز ٢٠١٩ : ٣٣) . جەمال نەبەز، ڕای وایە ئەم ئاینانەی لە کوردستان پەیدابوون، یەک بنەڕەتیان هەیە ئەگەرچی لە ماوەی سەدان ساڵدا و بە چەندین ناوی جیاوازەوە دەرکەوتوون، بەڵام ئێستاش گەلێک تایبەتمەندیی بنچینەیی وەک یەکیان هەیە و دەڵێت : (( ئەم ئاینانە، یان بە کوردیی بێژین، ئەم ڕامانە فەلسەفییانە، لە ئەنجامی یەکگرتنی ئەو ڕامان و ئاینانە هاتوونەتە کایە، کە لە سەردەمە جۆراوجۆرەکانی مێژووی کوردستاندا پەیدابوون، وەک ڕامانە هیندۆ ئەوروپاییە کۆنەکان (ئارییاییەکان)، ئەوجا ڕامانی میترایزم (پەرەستنی خوێی خۆر) و پاش ئەوە زرڤانیزم (زەمانی بێسنوور و بێلێوار) و دوای ئەوەش مەزدایزم (ئاینی زەردەشتی) و ئەوجا موسایی و ئیسایی و مانیزم و ئیسلام و ڕامانە رامیارییەکانی وەک پاپەکێتی و مەزدەکێتی و هەلاجێتیی(خاوەنی: ئەنەلحەق) و ..هتد)) . ( نەبەز ٢٠١٩ : ٣٤) . دواتر پێی وایە لەو یەکگرتنە، کەبەشێوەیەکی ڕێک و پێک بووە، بووەیەکی نوێ دروستبوو، کە بریتییە لە فەرهەنگی کوردی .

بۆ سەلماندنی ئەوەی ئاینە کوردییەکانی یارسانی و ئێزیدی و ئالەوی، یەک میتۆلۆژیای هاوبەشیان هەیە، دەنووسێت : ((بە پێی میتۆلۆژیای هیند و ئەوروپاییە کۆنەکانە، نێوی خودێ (Dew) بووە )). ( نەبەز ١٩٧٣ : ٢٠)، دواتر ئەم وشەیە لە زمانی لاتینی کۆن و سەرجەم زمانە ئەوروپییەکان دێنێ و پێی وایە ئاینی دێو پەرەستی هەمان (خودێپەرەستی کۆن لای کورد) دەگەیەنێت و پێی وایە هەمان وشە لە ئاڤێستادا بە شێوەی (دە ئێڤایەسنا) هاتووە، کە گۆڕاوە بۆ وشەی (داسنیدا) و ئەوەش ناوێکی دیکەیە بۆ ئێزیدییەکان کە هەڵگری کۆنترین ئاینی کوردبوون، پێش سەردەمی زەردەشتی . دواتر، وەک بەڵگە بۆ ڕاکەی هۆنراوەیەکی پیرشالیاری (زەردەشتی) هەورامیی، بۆ ڕامانی دێو پەرەستی دژ بە "ڕاستی" دادەنێت:

راسی خاسییەن، راسی خاسییەن

راسی هەم مایەی وەشیی و خاسییەن

نەک وەشیی، بەڵکو پاکیی پاسییەن

دوژمنی چەنی دێو و داسییەن . (بڕوانە نەبەز ٢٠١٩ :٣٧).

سەبارەت بە کتێبە پیرۆزەکانیشیان دەنووسێت : ((هەموو پەرتۆکە پیرۆزەکانی یارسانییەکان، وەک دەفتەری پردیوەریی و سەرئەنجام و دەورەی باڵووڵی زانا و دەورەی هەموو چاکەکانی دیکەیان و پێشبینییەکانی یەڵبەگی جاف و گشت بەڵگەنامەکانی یارسانییەکان، بە زمانی کوردیی و بە شێوەزاری گۆرانیی و سۆرانیی و لوڕییە و، لە هەزار و دووسەت ساڵ لەمەو بەرەوە دەستپێدەکات )) . (نەبەز ٢٠١٩ :٥٨) .

لە باسکردنی ئەدەبیاتی یارساندا گەڕاوینەتەوە سەر سەرچاوە بنەڕەتییەکانی خۆیان . (طیب طاهری) لە سەرەتای کتێبی (سرانجام) سەبارەت بە کۆی قۆناغەکانی ئەدەبیاتی یارسان دەنووسێت : ((سەرئەنجام کە بە واتای دواهەمین و کۆتایی دێت، و لە تێکستەکانی ئەم کتێبەدا چەندین جار ناوی هاتووە و هەموو ئەو گوتانە لەخۆدەگرێت کە لە خول و قۆناغی پردیوەری-دا ناوزەدکراون، و بەم شێوەیە پۆلێن و داڕێژراون)) .( طاهری ٢٠٠٧ : ٤) . بەڵام سەبارەت بە گوتەکانی کە لە سەرەتا و دەسپێکی ئاینی یارسانییەوە ناویان هاتووە، پێویستە بۆ سێ دەستە دابەشیان بکەین:

١-((ئەو گوتانەی کە پەیوەندییان بە سەردەمی پێش سەرهەڵدانی سوڵتان سوهاک-ەوە هەیە، کە سەردەمەکانی باڵوڵ، شاخۆشین، باباسەرهەنگ، باباجلیل، باباناوس، ساجناری، پیرە و پیرالی، سیدە شیانی لە خۆدەگرێت و لە ڕووی مێژووییەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دووەمی کۆچی مانگی)) . (طاهری ٢٠٠٧ : ٤) .نووسەر یاخود ئامادەکاری ئەم کتێبە باس لە هەندێک لە تایبەتمەندیی ئەم قۆناغە دەکات و پێی وایە ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە :((مەیل و هاتنە ناوەوەی عارفانی لە چەشنی باباتاهیر و موغەکانی ناوچەکە "پیرشالیاری هەورامی" کە کورتکردنەوەی ئەم قۆناغە بۆ ئەوانەی ناومان هێنان ئاسان نییە)) .(طاهری ٢٠٠٧ : ٥).

٢-((گوتەی دیکە، ئەوانەی قۆناغی پردیوەری-ن کە لە سەردەمی گەیشتنی شێخ عیسێ و شێخ موسێ بە بەرزنجە دەست پێ دەکات، و سەردەمی بەرزنجە و چیرۆکە سیمبۆلیکە بەرهەمهێنراوەکانی سەردەمی دەرکەوتنی سوڵتان سوهاک لە پردیوەر لە خۆدەگرێت . ئەگەرچی سەردەمی بەرزنجە و پردیوەر جیاوازە، بەڵام بە گشتی بە سەردەمی سوڵتان سوهاک ناودەبرێت و کۆتایی ئەم قۆناغەش کە دوای پەردە لەسەرخۆلادانی (شا ویسقلی) یە، هەموو گوتەکانی بە (سەرئەنجام) ناودەبرێت و لای گۆرانەکانیش زیاتر "دیوان گەورە" پێ دەوترێت)) . (طاهری ٢٠٠٧ : ٥) .

سەید موحەمەد حوسێنی لە کتێبێکدا بە ناوی (دیوان گورە) ، هەزاران بەیت لە هۆنراوەی ئەم قۆناغەی کۆکردووەتەوە پێی وایە : ((کەلامی ڕاستی یارسان "اهل حق" واتە دیوان گۆرە، تەنیا دیوانی نووسراوی سەردەمی سوڵتان سوهاک-ە)) . ( حسینی ١٣٨٧ : ٣).

٣-((سەرجەم گوتەکانی تر، هی دوای سەردەمی پردیوەرن و هەرکامیان لە سەردەمی (تجلی) خۆئاشکراکردنی خودییدا گوتراون، وەک گوتەکانی سەردەمی سەیید براکە و دەروێشەکانی یا وتەکانی شێخ ئەمیر یان "ئێل بەگی جافی شارەزووری ٨٩٨-٩٦١ک" یاخود "سەیید یەعقووب ماهیدەشتی ١٢٢٩-١٢٩٢ک" ....هتد.هەموو ئەو گوتانەی دیکەش کە دوای پردیوەر وتراون، هیچ نییە جگە لە ڕاڤەی سەرئەنجام)) . (طاهری ٢٠٠٧ : ٦).

## ماریفەت و پیرشالیاری:

لە ناساندنی پیرشالیاری زەردەشتیدا هاتووە : ((پیرشالیار کوڕی (جاماسپ) یەکێکە لەو پێشەوایانەی کە پەیڕەوی ئاینی پێغەمبەر زەردەشتیان کردوە لە ناوچەی هەورامان دا، وەک ئەڵێن پەرستنی- هورمزد-هەر پیاوە ئاینیە بە ناو بانگەکان لەسەریان بوە، وە خەڵکی تر لەو جۆرە پەرەستنە بەخشراو بوون . بەو پیاوە ئاینیانەیان ووتوە-پیر-لەم ناوچەیەدا. ئەم پیرانە زۆرن وەک ئەڵێن نەوەد و نۆ پیرەی هەورامان، وەک پیر ڕۆستەم، بابا بیدۆ، پیر زەڕین، پیرجان، بابا حەیرانێ، پیر داود، پیرەوەتێ، شالیار چیاو هتد . پیرشالیار هەر لەسەر بیر و ڕای زەردەشت پەڕاوێکی تایبەتی هەبووە بە ناوی (ماریفەت و پیرشالیاری) ئەم پەڕاوە وەک ئاوێستا بە شێوەی هەورامی بووە )) . (دانا ١٩٦٨ :٥).

بێجگە ئەوەی پێشتر ئاماژەمان بەو ڕایە کرد کە موغەکانی زەردەشتی لە تاو هاتنی لەشکری ئیسلام پەنایان بردووەتە بەر ئاینی یارسان و فۆرمی نوێیان هێناوەتە کایە تا ئاینی ئاگرپەرستی پارێزراوبێت، بەڵام ڕای پێچەوانەش هەیە کە ئاینی ئیسلام لە بەرگی پەیڕەوانی زەردەشتیدا هاتووە و خۆی ناساندووە تا پەسەندکراو بێت . لە ناساندنی تێکستی "ماریفەت و پیرشالیاری" هەورامی یاخود هەوراماندا دەوترێت : ((ئەم، بەرهەمە، یەکێکە، لە کتێبە دەستنووسە، پیرۆزانەی، کە لە دێرین دەمەوە، نووسراوە و چەرخاو چەرخ نوێ کراوەتەوە و پەیڕەویی دینی و دنیایی پێ دەکرێ !. زۆربەی زۆری ناوەڕۆکی، ئەم بەرهەمە دووعا و سروود و پەندی پێشینانە و لەبارەی شارەزوور و هەورامان و ناوچەکانیانەوە هەندێ شتی بە نرخی دەستنیشان کراوی تیادایە . ئەم کتێبە، لە سەردەمی باو و برەوی زەردەشتی دا (هەندێ وەهایان، لە قەڵەم داوە، کە لە سەردەمی ئەشکانی یەکان دا) بووە، لە لایەن، پیر شالیاری زەردەشتی یە وە تۆمارکراوە . بەڵام لە سەردەمی، برەوی سۆفیگەریەتی شێخ عبدلقادری گەیلانی دا، مەلا مستەفا کوێرە، کەناوی خۆی بە فێڵ ناوە (پیرشالیار)، ئەو کتێبی پیر

شالياریە( ماریفەت و پیرشالیاری) کەفەسەر کردووە بە باو برەوی دینی ئیسلامی، بۆ ئەوەی، بە ئاسانی، بەو ناوەوە، بتوانێ دینی ئیسلام لە ناوچەکانی هەورامانی تەخت دا، بەڵاو بکاتەوە! . بە هەرحاڵ ئەو تەکبیر و ڕاوێژە، ئەگەر هی شێخ بووبێ، یاخود هی مەلا مستەفا کوێرە، توانی لە سەردەمی ٨٤٢ کۆچی بەملاوە، دینی ئیسلامی، لە ناو خەڵکی هەورامان دا، بە ئاسانی بەڵاو بکاتەوە و زۆریش، لە باو و برەوی زەردەشتیش، لەناوبەرێ)) . ( هەورامانی ١٣٨٠ : ٥٥٩).

دەوترێت خەڵکی هەورامانی ئەودیوو زۆر درەنگ موسڵمان بوون و بەڵکو بە سەر زاری بوون و لە ژێرەوە لەسەر ڕەووشتی زەردەشت و ماریفەتی پیرشالیار ڕۆشتوون، تەنانەت لە نەوەکانی دواتریان کۆمەڵێ لە ناو خۆیاندا دەبێتە مشتومڕ و پرسیار بۆیان کە ئایا قورئان کۆنە یان ماریفەت، لەوەڵامدا، وەک توێژەرێک ئاماژەی پێداوە، دەوترێ : ((ماریفەت و پیرشالیاری قەدیما . قرۆنی هیزیگە گوشایشە کۆری ئاوردەنش، بە مانا ماریفەتی پیر شالیار کۆنترە . قورئان دوێنێ گوشایشە کوێر هێنای بۆ ناومان)) . (دانا ١٩٦٨ : ١١) .

ئەم تێکستە لەبەر ئەوەی ئاینی و ئەخلاقی بووە خەڵکەکەی زۆر بە پەرۆشەوە پاراستوویانە و گوێڕایەڵبوون بۆ ڕێنماییەکانی بە ئەرکی پیرۆز و پەرەستشیان زانیوە . وەک دەوترێت :((ئەم کتێبە، بە کتێبی پیرشالیاری زەردەشتی هەورامان، کە لە موغەکانی زەردەشت بووە بە ناوبانگە و بریتییە لە هەڵبەستەکانی ئامۆژگاری و ڕەمز و ڕازی ئاکار و مۆراڵی و ئەخلاقی بە کەڵک . ماریفەت، پێکهاتەیەکە لە چەن بەندی ئاهەنگدار:

گۆشت جە واتەی پیرشالیار بۆ

هۆشت جە کیاستەی زانای سیمیاربۆ

زۆربەی وتەکانی پیرشالیار پاراستنی ئاینی کۆن دەگەیەنێت و خەڵکی ناوچەش لە مەجووس بوونیا -زاراوەیەکی ئیسلامییە بۆ زەردەشتییەکان-گومانیان نییە، بەڵام لەو باوەڕەشدان کە کەسایەتییەکی تریش هەربەم ناوە بوونی بووە )).( محەمەدپوور ٢٠٠٨: ٨٦).

ماوەتەوە لێرەدا و لەم نیوەی یەکەمی پاری دووەمدا ئاماژە بە دوو فاکتەری دیکە بکەین کە لە ڕووی پاراستن و گەشەپێدانی ئەدەبیاتی گۆرانییەوە ڕۆڵی کارا و بنەڕەتیان هەیە:

یەکەمیان : ئیمارەتی یاخود دەسەڵاتی ئەردەڵانییەکان کە لە (٦١٧-١٢٨٤ک) بەردەوام بووە، نووسەری کتێبی (تأريخ الدول و الأمارات الكردية فى العهد الأسلامي)، لە "شەرەفنامە"وە دەگاتە ئەو ئەنجامەی : ((وەک خەڵکی ناوچەکە باسی لێوەدەکەن ، ئەم حکومەتە زۆر بەهێز بووە و هەندێک سەرەتای دەگێڕنەوە بۆ سەردەمی عەباسی، بەڵکو هەندێکی تر بۆ ساسانی؛ ئەگەر چی هیچ دیکۆمێنتێکی باوەڕپێکراو نییە لەو بارەوە .....ئەوەی کە گومانی لەسەر نییە ئەم حکومەتە لە کۆتاییەکانی

سەردەمی عەباسییەکاندا دامەزراوە،  هەروەکو لە گێڕانەوەکەی مێجەر لۆنگریک دا هاتووە کە چەنگیزخان دانی ناوە بەم حکومەتەدا و لە گوتەی دکتۆر (فریج) وە هاتووە "چەنگیزخان لە سەرەتادا دامەزرێنەری ئەم دەوڵەتەی کردە والی ناوچەکە، ... پاش ئەوەی مەغۆلەکان دەستیان گرت بەسەر ئێراندا لەساڵی (٦١٧ک) .....واتە ئەم حکومەتە نزیکەی شەش سەدە و نیوو بەردەوام بووە، هەندێک جار سەربەخۆ و هەندێک جار سەر بە زلهێزێکی ناوچەکە تا ئەوەی بە تەواوەتی لە ساڵی (١٢٨٤ک) لە بوون سڕایەوە ..."....وەک لە "شەرەفنامە"دا هاتووە، بابا ئەردەڵان، کە لە خێزانی "ئەحمەد کوڕی مەروان-ی دامەزرێنەری حکومەتی مەروانی کوردی یە لە کوردستانی ناوەند لە دیاربەکر-ەوە هاتووە" و لە ناو خێڵی "گۆران"دا نیشتەجێ بوو و حکومەتەکەی دامەزراند و دواتر کە چەنگیزخان ئێرانی داگیرکرد ، وەک فەرمانڕەوای هەرێمی شارەزوور دەستنیشانی کرد...)) . (زەکی ١٩٦٠: ٢٧٦-٢٧٧) .

بێگومان ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە کاریگەریی ئەم دەسەڵاتەیە لەسەر پاراستن و گەشەی ئەدەبیاتی گۆران کە کەرەسەی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە، لەو بارەیەوە ئەنوەر قادر محەمەد دەڵێت : ((ئاشکرایە دیالێکتی گۆرانی زمانی ڕەسمی و ئەدەبیی میرنشینییەتیی ئەردەڵان بووە . ئەردەڵان مەڵبەندێکی کولتووری و سیاسیی گەورەی کوردستانی خوارووبوو، لە کۆتایی سەدەی دوانزەیەمەوە هەتا شەستەکانی سەدەی نۆزدەیەم بەرقەرار و بەردەوام بوو . بەم دیالێکتە کەلەپوور و سامانی ژانری جیاجیای ئەدەبی هەیە و پارێزراوە، کە بەشێکی دانەبڕاوی کولتووری گیانیی میللەتی کوردە )) . (محەمەد ٢٠٠٨ : ٢٦٢).

ئەم مەڵبەندە یاخود دەسەڵاتە بووە شوێنی لە خۆگرتنی شاعیرانی گۆران-واچ، وەک ڕۆژهەڵاتناسێک دەڵێت : ((لە هەمان کاتدا ، لەو سەری کوردستان "ڕۆژئاوای ئێران" لە ناوچەی هەورامان کە بەشێک بووە لە میرنشینییەتی سەربەخۆی ئەردەڵان، لە کۆشکی میرەکانی ئەردەڵاندا، مەڵبەندێکی ئەدەبی دروست بوو بوو کە هەموو ئەو شاعیرانەی گرتبووە خۆ، کە بە دیالێکتی گۆرانی دەیاننووسی )) . (ڕۆدینکۆ ٢٠٢٠ : ٤١) .

ئەم کارە نەک تەنیا تایبەتمەندیی گەورەیی ئەردەڵانییەکان دەردەخات، بەڵکو خودی دەسەڵاتەکە و پاراستنی ئەوەی لێی بەرهەم هاتووە، بوونە پاڵپشتی متمانەکردنی زانستیانە بۆ ئەو دیکۆمێنتانەی کە لە سەردەمی ئەواندا بەرهەمهێنراون؛ وەک مێجەر.ئی .بی.سۆن دەنووسێت : ((دیاریکردنی مێژوو بۆ هیچ کامیان لە گونجان نایێت، چەند شاعیرێک نەبێت کە خەڵکی سنە و ناوچەی هەورامان لەسەر سنووری ئێران و تورکیا بوون، ئەو ناوچەیەی، ئێستاش کۆمەڵە شاخە لێک دابڕاوەکانی، هەر مەڵبەندی زمانی گۆرانییە و گەلێک دەسنووسی دیکەی دەبێ لێ وەدەست کەوێ . ئەو سەردەمەی کە کەشکۆڵەکەی تێدا پێکهاتووە، سەردەمی نیوە سەربەخۆیی والی ئەردەڵان، خوسرەوخان بووە کە ئەویش وەک پێشینانی خۆی، ژمارەیەکی زۆر لە شاعیر و ئەدیبانی لە دەوری

خۆی کۆکردبووەوە، ئەو شێوەیەی وا لە لایەن سوڵتانەکانی هەورامانی تەختەوە لاسایی دەکرایەوە و هەرچەندە ژێر دەستە بوون، بەڵام نیوە سەربەخۆیی یەکیان هەبوو ... )) . (محەمەد ٢٠٠٨ : ٥٤٤).

دووەمیان : بابەتی ئەدەبی فۆلکلۆر و هونەری گۆرانی "هەورامی " یە، کە وێڕای ئەوەی پانتاییەکی فراوانی لە مێژوو و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاینی هەورامییەکان و گۆرانەکان بە گشتی گرتووەتەوە، بنەمایەکی قووڵی ئەنتۆلۆجی ئەوتۆشی هەیە کە بە ڕوونی بووەتە ئاوێنەی باڵانمای گوزارشتە ئاینی و مەعنەوییەکانی بووناسی لە قوڵایی مێژوودا و هاوکات دەربڕی ئەزموونی دەوڵەمەندی نەریتی ئیستێتیکیی کەلەپووری ئاینی و ئەدەبیی خەڵکی ئەو ناوچانەیە کە سەرڕێژە لە جوانی .

ئەدەبناسی ڕوژهەڵاتی کوردستان محەمەد موکری کە توێژینەوەکانی لەبارەی یارسان و ئەدەبیاتی گۆرانییە، لەبارەی گۆرانیی فۆلکلۆری کوردییەوە دەڵێت : ((ئەم گۆرانییانە ئەگەرچی گۆرانیبێژ و ئاهەنگ دانەرێکی تایبەتی نی یە بەڵام لە ناخ و چێژو سەلیقەی میللەتەوە هەڵقوڵاوە . لەگەڵ ئەمەشدا بەشێک لە بەیتەکانی بەستراوەتەوە بە داستانی کوردییەوە ، کە دەماو دەم گەیشتووە، وا بەم شێوەیە گۆرانی پەیدابووە . ئەتوانین بڵێین کە سەرەتای ئەم گۆرانیانە بۆ گۆرانیبێژەکە ئەگەرێتەوە، بەڵام جەوهەر و هونەری وتەکان هی کۆمەڵانی خەڵکن و هەمان بابەت نیشانەی تایبەتی ئەم گۆرانییانەیە بۆ ناسین و بەدەستهێنانی بیری باش و ناوەڕۆکی هەر دەستە لە کۆمەڵانی خەڵک، جگە لە مطالعە کردنی مێژوو و زانستی و ئەدەبی لێکۆڵینەوە لە داب و نەریت و داستان و داشۆرین و تانە و توانج و قسەی نەستەق و ئاواز و ......)) . (موکری ١٩٩٩: ١٧ ) . دواتر موکری درێژە بە بابەتی سەرچاوەی گۆرانیی فۆلکلۆری کوردیی دەدات و دەڵێت : ((وشەی گۆرانی لە بنەڕەتدا بۆ گۆران دەگەڕێتەوە وە گۆران ناوی هۆزێکی گەورەی کوردە لە نێوان سنە و کرماشاندایە کە خەڵکی ئەوێ پەیڕەوی ڕێبازی (ئەهلی هەق ) ن و بیر و باوەڕی خۆیان و ئەدەبیات و نەریتی تایبەتی خۆیان هەیە . گشت شیعر و نوسراوە کێشدارەکانی ڕێبازی گۆرانییەکان "دە هیجائییە" و لەبەر ئەوەی هەمیشە لەگەڵ ئاوازی ڕێبازەکەیان هاوشانە هەربەم ناوەوە لە زارە بچوکەکانی کوردیدا بڵاوبۆتەوە . وەک زاراوەیەک هەر شیعرێکی میللی کە بە ئاوازەوە بگوترێت پێ ی دەڵێن "گۆرانی" ....)) . (موکری ١٩٩٩: ١٨ ) .دواتر موکری کۆی ئەم ترادسیۆنە بە بەڵگەی کێشی برگەیی دە هیجائی بە ئاوێستایی و پەهلەوی کوردی دەبەستێتەوە و دەڵێت : ((لە لێکۆڵینەوەی ئاوێستا ناساندا وا دەردەکەوێ کە بەشی زۆری ئاوێستا شیعری هیجایین، کۆنترین بەشێ لە بەشەکانی ئاوێستا (گاتە) یە سەرجەم سرودەکانی ڕێبازی زەردەشتیە، کە هەموویان ئاوازی تایبەتی خۆیان هەبووە؛ جگە لە وشە و قاڵبی بێ گیانی ئەوانە چی ترمان بەدەست نەگەیشتووە .لە بنەڕەتدا چۆن لە زمانی کوردیدا بەو شیعرانەی بە ئاوازەوە دەخوێندرێت پێ ی دەڵێن "گۆرانی"

وشەی "گاتە"ش بەو سروود و شیعرانە وتراوە کە بۆ زەردەشت گەڕاوەتەوە )) . (موکری ١٩٩٩: ١٩ ).

شیعری فۆلکلۆری هەورامی بۆ زۆر مەبەست وتراوە لەوانە : جوانیی سروشتی هەورامان، دڵداری و خۆشەویستی، دابڕان و لێکجیابوونەوە، گلەیی و سەرزەنشت، بێزاری لە دووری و غەریبی و بێمەیلی، پاڕانەوە و ستایشکردن، سووکایەتی بە خەڵکی ناحەز و خراپ، پیری و نەخۆشی، ترس لە مردن ....هتد . محەمەد موکری لە کتێبەکەیدا (گۆرانی یا ترانەهای کوردی )، گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی بۆ دوانزە بەش و بەپێی ناوچەکان و هەشت و دوانزە بڕگەیی دابەشکردووە و بە گشتی کۆی بەیتەکان (٤٣٧) بەیتە و لە بەشێکیدا کە ناوی "گۆرانی کوردی کرماشانی بە شێوازی هەورامی " لێ ناوە (دیارە، ڕەنگە موکری مەبەستی لە شێوازی هەورامی، لایەنی هونەری شیعری بێت، ئەینا لە ڕووی دیالێکتەوە زیاتر کرماشانییە تا هەورامی)، ئەم چەند نموونەیە دەخەینە پێشچاوو :

- وەی مانگە قەسەم دڵیە بنیشی

یەی دۆسێ توام نازم بکێشی

-بەو بەو بەو بەو بەو دۆس عەزیزەکەم

میوەی رەسیدە سەر پایزەکەم

بەو بەو بەو بەو بەو کار وەپیت دیرم

قسەی چەن شەو وەرج کەفتیە سە ویرم . (موکری ١٩٩٩ :٦١).

هەموو ئەم هۆنراوە فۆلکلۆرییانە بە چەندین شێوازی گۆرانی دەربڕاون، وەک توێژەرێک ڕای وایە : ((سیاچەمانەی هەورامی مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە وەک مەقاماتێکە کە هەرگیز کۆن نابێت و بە زۆر جۆر ئەوترێ :١-دەرەیی ٢-بەزمی پەسەک ٣-میناداد ٤-ولە هەنار گیان ٥-خاڵ سیاو لەیلی ٦-ئایشی رۆ......بێجگە لەمانەش بە زمی تر زۆرە وەک شیرینە و خانم، مەچو مەچو، خەجیم ، خەجی، هەوری لە مل، وەسەت مەرۆ، لاوە لاوە کە، کۆرپەلەی قەد باریک، نارنجە و توبا گیان، بۆ تۆرت کرد بۆ تۆریای، خرنگە، باران بارانە هتد ....)) . (دانا ١٩٦٨ :٩٦).

ئەمە بە گشتی ئەو ڕێچکە و سەرچاوانە بوون کە پانتایی و زەوی بە پیتی ئەدەبیاتی گۆران - یان ئافراندوە، ئێستا لە پاری دووەمی ئەم بەشەدا هەوڵ دەدەین باسی پۆلێنی ئەم ئەدەبیاتە لە ڕووی چەشن یاخود ژانرەوە بکەین ، کە بێگومان تێیدا لە تایبەتمەندییەکانی ژانری ئەدەبیاتی دیالێکتی گۆران دەدوێین.

# پاری دووەم

# ژانر لە شیعری دیالێکتی "گۆرانی" دا

یەکەمین کەسێک لە ئەدەبی کوردی بە گشتی و هەورامیدا بە تایبەتی لە ژانر-ی کۆڵیبێتەوە، ڤ . ف . مینۆرسکییە کە دەڵێت : ((ادبیاتی شعری گوران سە نوعە : شعری قصصی (چیروکی)، شعری غنائی و شعری دینیی )) . (مینۆرسکی ١٩٤٤: ٣) .

سەبارەت بە شیعری ئاینی، وەک پێشتر باسمان کرد، زەمینەی سەرەتایی و سەرچاوەکانی ئەدەبیاتی گۆرانی، ئاینی و بابەتی ئاینییە، وەک توێژەرێک ئاماژەی پێ دەدات : ((بە رهەمێکی زۆری شیعری ئاینی، چ پێش هاتنی ئیسلام و چ دوای ئیسلام، هەیە )) . (محەمەد ٢٠١٨ : ٤٤) . لەوانەیە هەرئەم فراوانی و دەوڵەمەندییەی ئەم ئەدەبییاتە ئاینییە و ڕەسەنی و لەپێشتربوونەی لە ڕووی دێرینییەوە وای لە ڤ . ف . مینۆرسکی کردبێت، ئەم چەشنە بابەتە وەک ژانرێک باس بکات، ئەگەرنا ڕوونە کە ئەوە "تێمە" یە و ژانر نییە، بۆیە لێرەدا زیاتر لە دوو ژانرەکەی تر دەدوێین.

## شیعری چیرۆکی یاخود چیرۆکی شیعری:

لەم چەشنە شیعرەدا، شاعیر ئامانجیەتی وێنای ڕووداوەکانی قارەمانێک، لە نموونەی جەنگاوەرێک بێت یان ئەویندارێکی جوامێر بگەیەنێت، ئەدەبیاتی کوردی-ش، بەتایبەتی دیالێکتی گۆرانی بەم ژانرە دەوڵەمەندە، وەک مارف خەزنەدار لە مێژووی ئەدەبەکەیدا دەڵێت : ((ئیپیک (ئێپۆس) ڕووداو و بەسەرهاتە بە شیعر دەهۆنرێتەوە، بە زۆری ناوەرۆکی لە ئێپۆسی فۆلکلۆر وەردەگرێ، بەڵام شاعیری کورد بەو دەسکاری و داهێنانەی کە تێیدا خەرج دەکا، بەرهەمێکی ڕەسەنی تازەی تۆمارکراو دێنێتە ناو ئەدەبی کوردییەوە . ئیتر زۆربەی ئەم بەرهەمە شیعرییە درێژە دڵدارییە ڕۆمانتیکیانەیە لە بارەی سووارچاکی و قارەمانی و ڕاو و شکار و شەڕ و شۆڕەوەیە )) . ( خەزنەدار ٢٠١٠ :١٩٩).

وەک ئاماژەمان پێ دا چیرۆکی شیعری، یەکێکە لە ژانرە بایەخدارەکانی ئەدەبیاتی گۆرانی کە هەڵقوڵاوی فۆلکلۆری دەوڵەمەندی ئەم شێوە زارەیە . لە تایبەتمەندی و چۆنیەتی پۆلێنکردنییەوە، لێکۆڵەرێک دەڵێت : ((ئەم چیرۆکە شیعرییانە هەندێکیان بابەتی دڵداری و هەندێکی تریان هیی پاڵەوانێتی و جەنگن . ئەمەش ترادیسیایەکی سەرجەم فۆلکلۆری میللەتانی ڕۆژهەڵات و بە تایبەتیش ئەدەبی نووسراویان بووە )) .(محەمەد ٢٠١٨ :٤٣) . بە واتایەکی دیکە ئەم چیرۆک و داستانانە بەرهەمی ئەزموون و داهێنانی هونەری گەلانی ئەم ناوچەیەن و هەمووان تێیدا هاوبەشن، ئەگەرچی هەر نەتەوە و نووسەرێک بە تایبەتمەندیی خۆی دەریبڕیوە، هەروەک زۆرێک لەو مێژووە هاوبەشەی کە پێکەوە هەیانەو کەسیان ناتوانێ بەتەنێ خۆی بکاتە خاوەنی، لێکۆڵەری ئەرمەنی-هاکۆپیان باسی کەرەسەی ئەم ترادسیۆنە

ئەدەبییە دەکات و دەڵێت: ((بابەتە داستانییە قارەمانییەکانی ساسانییەکان، کەرەسەی سەرەکی پێکهێنەری بەرهەمی شیعری گۆران-ین، هەر لە چامەی شیعریی "فەرهاد و شیرین" ی شاعیری گۆران "خانای قوبادی" یەوە کە لە سەدەی هەڤدە دا ژیاوە تا دواتر ..)) . (هاکوپیان ٢٠٠٧ :٦٨) .

سەبارەت بە هەردوو چەشنی چیرۆکەکان و نموونەیان، توێژەری پێشووتر درێژە بە ئەنجامەکانی دەدات و دەڵێت: ((چیرۆکە دڵدارییەکان، گەلێکیان لەو جۆرانەن کە باس لە دڵدارییەکی درامی و نائومێد دەکەن، جەنگییەکانیش باسی شەڕی پاڵەوانانەی لە ڕادەی ئاوەزا و هۆش بەدەرن . ئەمانە هەندێ لەو چیرۆکە شیعرییانەن : بارام و گوڵ ئەندام، لەیلێ و مەجنوون، مەلا ولۆو (وەڵەدخان) گوایە، لە (١٨٥٠-١٨٧٥)دا دانراون . یان شیرین وخەسرەوی خانای قوبادی، خورشید و خاوەر، کە نازانرێ کێ خاوەنیەتی . هەروەها چیرۆکی قارەمانیەتی وەکو حەوت خوانی ڕۆستەم، ڕۆستەم و زۆراب، یان دوو چیرۆکی میرزا شەفیعی جامە ڕێزی : جیهانگیر و ڕۆستەم، نادر و تۆپاڵ -شەڕی نادرشا ...هتد)). (محەمەد٢٠١٨ :٤٣) . دواتر پەیوەست بە هەندێ تایبەتمەندیی ئەم چیرۆکانە، لەهەمان شوێندا هاتووە : (( ڕاستییەکەی هەندێ لەم نموونانە لە "شاهنامە"شدا هەن . بێگومان دەقە کوردییەکان ئاڵوگۆڕ و جیاوازییان هەیە . سەرجەم ئەو چیرۆکانە ئەوەندە لە ناو خەڵک و لە دیوەخاناندا خوێندراونەتەوە، تا بە سەر زاریش بڵاو بوونەتەوە و گۆڕانیان بەسەردا هاتووە . هەرخۆشیان بە کەشوهەوا و زمان زۆر لە تەبیەت و چێژی خەڵکی سادە و نەخوێندەوارەوە نزیکن)) . (محەمەد ٢٠١٨ : ٤٣) .

لێرەدا ئاماژە دەدەین بە هەندێ لەو چیرۆکە شیعرییانە کە بێگومان هەرکامیان بۆ خۆی کەرەسەی بە پێزی توێژینەوەی زانستین و دەکرێت چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی دەربارەیان بنووسرێن، بەڵام ئێمە تەنیا لە ئاستی خستنەڕوویەکی خێرادا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین :

### ١-بیژەن و مەنیژە یا مەنیجە:

ئەم چیرۆکە شیعرییە لە لایەن توێژەری ناوداری کورد محەمەد موکری یەوە کۆ و ساغکراوەتەوە و چاپ کراوە . موکری کە نووسینەکانی پتر بە فەرەنسین و گرنگی و بایەخی تایبەتی داوە بە میتۆلۆژیا و ئەدەبیاتی یارسان، لەو چوارچێوەیەشدا ئەم چیرۆکە شیعرییەی بە دیالێکتی گۆرانی چاپ کردووە و هەر لە هەمان کتێبدا نوسخە وەرگێڕدراوەکەشی بە زمانی فەرەنسی داناوە . وەک شایەتییەک لەسەر گرنگیی ئەو بەرهەمە و کارەکەی محەمەد موکری، هاکۆپیان دەڵێت : ((داستانی دڵداری کوردیی "بیژەن و مەنیجە " کە بە دیالێکتی گۆرانی نووسراوە، یەکێکە لەو گەنجینە گرانبەهایانەی کە نرخەکەی بە پارە ناپێورێت کە م.محەمەدموکری ساغ و بڵاویکردووەتەوە)) . (هاکوپیان ٢٠٠٧ :٦٩) . موکری لە پێشەکی کتێبەکەیدا و بە زمانی فارسی بەم جۆرە لە بارەی کورتەی داستانەکەوە دەنووسێت : ((خەڵکی ویلایەتی ئەرمەن (یان بە پێی شانامەی فیردەوسی :ارمانیان) کە سەرزەمینیان داگیرکرابوو، بۆ گێڕانەوەی

مافیان پەنا دەبەنە لای کەیخەسرەو پاشای ئێران ."بیژەن –ی کوڕی گیو" داوادەکات بچێتە جەنگیان و لەگەڵ "گرگین میلاد" ڕێک دەکەون و بەرەو ئەرمەنستان دەکەونە ڕێ . گرگین ئێرەیی بە سەرکەوتنەکانی بیژەن دەبات و دەیخاتە داوی خۆشەویستیی مەنیجەی کچی ئەفراسیابەوە . ئەفراسیاب بە چیرۆکی خۆشەویستیی ئەوان دەزانێ و بیژەن لە چاڵی جادوویيدا زیندانی دەکات و مەنیجەش لە کۆشکەکەی خۆی دەردەکات . ئەسپسوارانی ئێرانی بە ئامانجی دۆزینەوەی بیژەن غاردەدەن بیدۆزنەوە، بەڵام پەیدای ناکەن . کەیخەسرەو لە یەکەمین ڕۆژی بەهار (نەورۆز) دا لە "جامی جیهانبینی" یە کەیەوە بیژەن دەدۆزێتەوە و دەیبینێ کە لە گۆشەیەکی زیندانی ئەفراسیابدا دیل کراوە . ڕۆستەم بۆ بەهاناوەچوونی بیژەن دەچێتە سەرزەمینی "تووران" و لە زیندان ئازادی دەکات و شەو هێرش دەباتە سەر کۆشکی ئەفراسیاب . شای نەزان خۆی و خاتوونەکانی لە تونێلێکی نهێنییەوە کە پێشتر لە کۆشکەکەیدا بۆ ڕۆژی ئاوا تەنگانە دروستی کردبوو ، هەڵدێن . ڕۆستەم لەگەڵ بیژەن و مەنیجەدا دەگەڕێنەوە ئێران و کەیخەسرەو مەنیجە لە بیژەن مارە دەکات )) .(موکری ١٩٦٦: ١٦) .ئەم داستانە ئەویندارییە شیعرییە بە (٩٧٨) بەیت شیعر و بە دیالێکتی گۆرانی هۆنراوەتەوە کە ئەمە نموونەی چەند بەیتێکیەتی ، لە بەیتی ١٧٥ – ١٨٠دا هاتووە:

شنفتم تعریف شعلەء جمالت *** ثنای خط و خال ، زلف زخالت

هوای زلف و خال توم کفتن وسر*** آمام بی مکان پی خال دولبر

شرح حال ویم ها پریت واتم *** امن کە مهمان روی سر بساطم

کشندەء خوکان بیشەء تنگ تار ***عرض کرد جە لای سول سایە دار

سا کە اید شنفت خالان لاجورد *** جە دل پی بیژن کیشا آە سرد (موکری ١٩٦٦ :٨) .

## ٢–بەوری بەیان (ببر بیان):

ناوی ئەم داستانە، هێمایە بۆ ئەو جل وبەرگەی ڕۆستەم، قارەمانی ئەفسانەی ئێرانی، کە لە پێستی بەور دروستکرابوو، دەیپۆشی . داستانی ڕۆستەم بە شێواز و گێڕانەوەی فرەچەشن لە نێو زمان و شێوەزارەکانی ئەم ناوچەیەدا کە خاوەنی کلتور و ترادسیۆنێکی ئەدەبیی هاوبەشن، دەستاودەستی کردووە و تۆمارکراوە . موکری شانی داوەتە بەر کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و وەرگێڕانی ئەم داستانە قارەمانییەتییە بۆ فەرەنسی، ناوەڕۆکی ئەم داستانە وەک وتمان بابەتی قارەمانییەتیی ڕۆستەمە، لە زەینی هەموو تاکێکی ئەم ناوچەیەدا ئامادەیی هەیە و پێویست بە گێڕانەوە ناکات، بەڵام وەک موکری وەسپی دەکات : ((ببر بیان ناوی داستانێکی ئیرانییە لە ئەدەبیاتی فارسیدا کەم وێنەیە . ئەم داستانە بە یەکێک لە زمانەکانی ئێران لە گرووپی "فەهلەویاتی ناوین" بە ناوی زمانی

گشتیی "گۆرانی-کوردی"نووسراوە . سەردەمی ڕەواجی ئەم شێوە زمانە ئێرانییە لە نێوان سەدەکانی هەشتەم تا چواردەیەمی کۆچیدا بووە ...نووسەری یان بێژەری ئەم داستانە نادیارە و وەک زۆر گۆرانی و بابەتی دیکەی فۆلکلۆری ناوچەی گۆران دەماودەم گێڕدراوەتەوە و گوازراوەتەوە بۆ نەوەکانی دواتر و نزیکەی پێنج سەدە باوی بووە ....ئەم کارە کە لە ساڵی ١٩٤٨ ەوە تا ئێستا بەشێک بووە لە کارنامە و توێژینەوەی من ، ئێستا بەرگی یەکەمی لە بەشی "دفترهای آسیایی" لە ئەنجومەنی ئاسیایی پاریس و ......چاپ دەکەم....)) .( موکری ٢٠٠٢: ٨ - ١٤) . دیارە ئەم داستانە نوسخەی دەستنووسی زیاد لە دانەیەکی هەیە، موکری لەم نوسخەیەدا کە لە کتێبەکەیدا هێناویەتی لە کۆتاییدا نووسیویەتی (پایان ناتمام نسخە ب) واتە کۆتایی ناتەواوی نوسخەی ب، (١١٧١) بەیتی هێناوە؛ کە چەند بەیتێک لە نموونەی شیعرەکانی ئەم داستانە قارەمانییەی بە دیالێکتی گۆرانی نووسراوە، بریتین لە، بەیتی ٢٢٦ - ٢٣١:

گودرز وات رستم مبون بفدات *** چنی تو نین جیایی جلات

هرچی تو واچی قبول مکرون *** امر فرمانت بجا ماورون

معلوم بی جلام زور پیلتن *** جه ضرب زور باهوی تهمتن

شهد سیلەء تو نە بیخ دندان***محالن برشو تا آخر زمان

حقا پیلتن رموزت راستن *** باوتن و زال تو داوت واستن ( موکری ٢٠٠٢: ٢٨) .

هەر پەیوەست بە نووسین و جیاوازی گێڕانەوەکان بۆ "داستانی ڕۆستەم" کە چەندین نوسخە و بەرهەمی چیرۆک و داستانی تەنیا لە دیالێکتی گۆراندا لێ کەوتوونەتەوە، پێویستە ئاماژە بە کتێبی "شانامەی کوردی -چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب، چوار دەقی جیاواز و یەک چیرۆک " بدەین کە ئامادەکار لە چوار سەرچاوەی جیاوازەوە و لە قەبارەی کتێبێکی (٥٥٢) لاپەڕەییدا چیرۆکی "ڕۆستەم و زۆراب"ی هێناوە و وێڕای هەندێک کاری بەراوردکاری، چوارەم دەستنووسی چاپکردووە . ئەم چیرۆکە شیعرییانە کە هەموویان بە شێوە ی دیالێکتی گۆرانین و لە هەزاران بەیت شیعر پێکهاتوون و سەرڕێژن لە جوانی، بەڵام هیچکامیان ئەو نوسخەی محەمەد موکری نین؛ کە ئەمە بێجگە لە گریمانەی بوونی چەندین نوسخەی دیکە، بەڵگەی دەوڵەمەندیی ئەدەبیات و کلتوری ئەدەبی دیالێکتی گۆرانییە . ( گۆدەرزی ٢٠١٣ :١٧) .

### ٣-کتێبی "خورشیدی خاوەر" :

ڤ.مینۆرسکی ئەم چیرۆکەی وەک یەکەم نموونە بۆ ژانری شیعری چیرۆکی هێناوەتەوە و لە بارەیەوە دەنووسێت : ((ئەم کتێبە باسی عشقی خورشید ئەکا امیری وولاتی (خاوەر) بە (خەرامان) ی

کچی پاشای چین . مؤلفەکەی نەزانراوە کییە . وا گومان ئەکەم کە لە سەرەتای قرنی نوزدەهەما ژییابی . ئەم شعرانەی خوارەوە اول قاقەزیکی خورشیدە کە بو (خەرامان) ی ناردوە

قەلەم گرت وە دەس بەهروزی سەروەر *** نویسا جواو نازداری کیشوەر

سەرنامە وە آو تەلا إنشا کرد *** أول اسمی زات مشکل گوشا کرد. (مینۆرسکی ١٩٤٤ :٣).

دواتر ڤ.مینۆرسکی ناوی چیرۆکەکانی (لەیلی و مەجنون، خسرو و شیرین، فرهاد و شیرین، بارام و گوڵەنام، هەفت خوانی روستم، سهراب و روستم، جهانگیر و روستم، کتابی خاوەران، کتابی محمد کوری حنیفە، نادر و توپال، جەنگی مەلەخ با آتش مەلوچ) دەهێنێ و ئاماژە بە چەند بەیتێکی شیعریان دەدات، تەنیا کەمێک لەوانە ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکە دەخەنە ڕوو، لە نموونەی "بارام و گوڵەنام. "

## ٤-بارام و گوڵەنام:

ڤ.مینۆرسکی لە بارەی ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکەوە دەنووسێت : ((ئەمە باسی سەرگوزەشتی عشقی (بارام) ی کوری ملکی (کشوەر) ئەکا لەگەڵ گولەندامی ئەمیری چین .لە ئەوەلی قرنی نوزدەهەمی میلادی نوسراوە . سەرەتاکەی ئەمەیە:

جە عشقی یاوەر *** مەجوشا چون بەرق

جە دل مە کیشا *** نارەی وینەی بەرق )) .(مینۆرسکی ١٩٤٤ :٣).

پەیوەست بەم چیرۆکە شیعرییەوە (ئینستیتیوتی کەلەپوری کورد-سلێمانی ) لە کتێبێکی (٣٧٦) لاپەڕەییدا، سێ نوسخەی دەستخەتی ئەم چیرۆکە شیعرییەی چاپ کردووە کە هەرسێکیان بە دیالێکتی گۆرانین و لە هەزاران بەیت شیعر پێکهاتوون و ئامادەکاری کتێبی ئەم چیرۆکە شیعرییانە دەنووسێت : ((داستانی بارام و گوڵئەندام یەکێکە لەو داستانانەی کە لە کەرکووک و گەرمیانەوە تا کرماشان و لوڕستان و موکریان دەوترێتەوە . لە ناو نەتەوەکانی دراوسێی وەک فارس و تورک و تەنانەت لای بەلوچیش بە ناوی "بارام و گوڵئەندام" یان "بارام و گوڵخاتوون" هوە هەیە . سەبارەت بە دەستخەتەکانی ئەم داستانە، چەندین دەستخەتی جۆر بەجۆر هەن و بێجگە لە دەسخەتێک کە بە شێوەزاری موکریانی نووسراوەتەوە و بە ناوی "بەهرام و گوڵئەندام" چاپ کراوە، هەموو دەستخەتەکانی تر، بە شێوەی کوردی گۆرانی نووسراونەتەوە )) . ( کاکەیی ٢٠١٣ :٩) .

## ٥-چیرۆکە شیعرییەکانی خانای قوبادی:

بێگومان ناکرێت باسی ژانری چیرۆکی شیعری (ئێپیک) بکەین، بە تایبەتی لە دیالێکتی گۆرانیدا و باسی "خانای قوبادی" نەکەین، چونکە هیچ کەس بە وێنەی خانا لەم زەمینەدا پێشەنگیی بۆ خۆی نەپچڕیووە . خانا چەندین بەرهەمی چیرۆکی شیعریی هەن، لەوانە:

## ا-شیرین و خوسرەو:

داستانێکی دڵداریی هاوبەشی نێو ترادسیۆنی گەلانی ئەم ناوچەیەیە و هێندە پێی ئاشنان کە ڕۆچووەتە نێو ڕیشە و دیاردە کلتورییەکان و زمانی ڕۆژانە و بە زۆرێک لە زمانەکان و لەسەر دەستی شاعیرە مەزنەکان ئەم داستانە نووسراوەتەوە بە زمانی کوردی- شێوەی گۆرانی، "خانای قوبادی" بە (٥٥٢٦) بەیت نووسیویەتەوە و لە ساڵی ١٩٧٥ی سەدەی ڕابردوودا محەمەدی مەلاکەریم ساغیکردووەتەوە وپێشەکیی بۆ نووسیوە و فەرهەنگێکی بۆ ڕێکخستووە کە پتر لە (٣٢٠٠) وشەیە، لە باسی ئەم شاکارەدا دەڵێت : ((شیرین و خوسرەوی خانای قوبادی، وەک لە خوێندنەوەی تێکستەکەیەوە بۆ هەر (گۆرانیی) زانێک دەرئەکەوێ، تەنها چیرۆکێکی دڵداریی شیرین و خوسرەو و کارەساتی فەرهاد و سەرئەنجامی تراژییدیاییان و خۆ تێ هەڵقورتاندنی پڕ لە نەگبەتیی شێرۆیەی کوڕی خوسرەو نیە لە ژیانی باوکیا . بەر لە هەرچی شاکارێکی ئەدەبییە لەشێوەی داستانێکا . ئەوەی فارسیی و گۆرانیی بزانێ و بەراوردێکی خوسرەو و شیرینەکەی شاعیری بەناوبانگی بەدایک کورد و بە باوک ئازەربایجانی و بەزمانی ئەدەب فارسیی (نیظامی گەنجەوی) بکا لەگەڵ ئەم کارەی شاعیرێکی ناو و نیشان کورد کردوویەتی کە بە داخەوە هەر ئەوەندەی لێ ئەزانیین پێی ئەڵێن (خانای قوبادی)، یاخود وەک خۆی لە شوێنێکی کتێبەکەیا بە خۆی ئەڵێ (خانای خان قوباد)، بۆی دەرئەکەوێ کارەکەی نیظامی گەنجەوی لە چاو کارەکەی ئەما وەک ئەسکاڵتێک دێتە پێش چاو خانا بە پیشاندانی دیمەنی جوان و وەصفی ورد و دەربڕ و ڕەوان بێژییانە گۆشت و دەمار و پێستی پێ پۆشییبێ و خوێنی تێ زاندبێ و گیانی کردبێ بە بەرا ...)) .(قوبادی ١٩٧٥ : ٩) . ئەمەش نموونەی چەند بەیتێک لەو داستانەیە:

یا ڕەب بە فیراق فەرهاد کۆکەن!

بەخورشیید حوسن شیرین ئەرمەن!

بە ئیستیلای عەشق خوسرەو پەروێز!

بە خۆش خیرامیی گوڵ گوون و شەبدێز!

بە خامەی موشکین شاپوور چیینیی!

بە ناز شیرین، بەو نازەنیینیی ! (قوبادی ١٩٧٥ : ١٤) .

## ب-یوسف و زلێخا:

ئەم چیرۆکە کە زادەی میسۆلۆژیای ئاینی ڕۆژهەلاتە و لە کلتور و ترادسیۆنی هاوبەشی گەلانی ئەم ناوچەیەدا هەیە و لێرەدا پێویست بە گێرانەوەی ناکات، بە چەندین شێواز ئەم ترادسیۆنە و بە زمانە جیاوازەکانی ئەو ناوچەیەوە گوزارشتی لێ کراوە . خانای قوبادی یەکێکە لەو شاعیرانەی دەستڕەنگنیی خۆی تاقیکردووەتەوە و بە شێوەزاری گۆرانی و لە قاڵبی هەزاران بەیت شیعردا دایڕشتووەتەوە . ئەگەرچی کاریگەریی فارسەکانی لەسەرە و تەنانەت ناونیشانە سەرەکییەکان بە زمانی فارسین، بەڵام ئەوە هیچ لە تایبەتمەندیی کورد و گۆرانیبوونی کەم ناکاتەوە و وەک شاکارێک لە پلەی داناگرێ . ئەدەبناس حەکیمی مەلا ساڵح لە کتێبێکی قەبارە (٤٣٨) لاپەڕەییدا بووژاندوویەتییەوە و لێکدانەوەی بۆ کردووە و چاپی کردووە . لە سەرەتاوە بەم جۆرە دەست پێ دەکات :

سەرڕافی لاڵ سەنج دەریای مەعانی *** گۆش بدەر بە سونع دانای ڕەببانی

بە قەولی ڕاویی تەواریخ بەستە *** بەی تەور ویەردەن بەستە و شکستە . ( قوبادی ٢٠٠٦ :٢٥) .

## ج- سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین:

ئەم چیرۆکە شیعرییە حەمەڕەشی ئەمینی کۆیکردووەتەوە و دایڕشتووەتەوە و لە کتێبێکی قەبارە (٤٤٨) لاپەڕەییدا چاپ کراوە، لە هەزاران بەیت شیعر پیکهاتووە و بە شێوەی دیالێکتی گۆرانییە. سەبارەت بەم چیرۆکە شیعرییە نووسراوە : ((ئەم چیرۆکە شیعرە یەکێ لەو بەسەرهاتە نایابانەیە لە ئەدەبیاتی کوردیدا کە دەچێتە نێو بابەتی ئەفسانە و زیاتر باسی جن، دێو، پەری، سیحر، جادوو و تەلیسم دەکات .....با ئەوەش بڵێم ئەو کەسەی کە ئەم چیرۆکەی خانای نووسیوەتەوە، ناوی حەسەن بووە کە لە چەند بەندێکی سەرەتادا ناوی خۆی لە باتی ناوی خانا هێناوە، بەڵام کە گەیشتووەتە ئەو شوێنانەی کە هی خانایە، نووسیویە (خانای خان قوباد) ئیدی لەبەر کەم دەسەلاتیی بووە یان هەر هۆیەکی تر پێی نەکراوە بیگۆڕێ و وەک خۆی نووسیویەتییەوە ...)) . ( قوبادی ٢٠١١ :٦) . لە بارەی کورتەی ڕووداوەکانی چیرۆکە شیعرییەکەوە، ئەمینی بە (٣٧) لاپەڕە و لە پێشەکیی کتێبەکەیدا بۆ گێڕاوینەتەوە، کە بێگومان ئێمە لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نییە وەک خۆی بینووسینەوە، بەڵکو بە کورتی باسی دەکەین : ((ئەم بەسەرهاتە ئەگەرچی لە دوو وڵاتی دوور لە یەکی وەک چین و سووریا (دیمەشق) دا ڕوو دەدا، ئەویش شازادەی چینی بە ناوی سوڵتان ئیبراهیم ، عاشق و سەرهەڵگرتووی کچە شازادەی دیمەشق بە ناوی نۆش ئافەرین دەبێ )) . ( قوبادی ٢٠١١ :١٠)...شای باوکی نۆش ئافەرین ، داوا لە سەرجەم شازادەکانی دونیا دەکات بێن و بەختی خۆیان تاقی بکەنەوە و هەوڵی بە دەستهێنانی نۆش ئافەرین بدەن؛ سوڵتان ئیبراهیم کە تەنیا بە وێنە نۆش ئافەرینی دیوە، عاشقی دەبێ و بە ئامانجی بە دەستهێنانی نۆش ئافەرین سەری خۆی هەڵدەگرێ و ئەگەرچی کێشە و ململانێی زۆری دێتە ڕێگا،

بەڵام وەک قارەمانێک و جوامێرانە بەسەر هەموو کۆسپ و نەیارەکانیدا زاڵ دەبێ و لە کۆتاییدا لەگەڵ نۆش ئافەرین بەیەک دەگەن . (قوبادی ٢٠١١ :١٠-٤٧) . ئەم هەزاران بەیتە چیرۆکە شیعرییە بەم چەند بەیتە دەست پێ دەکات:

واتن شازادە شەیدای شوور عەشق*** نیشت وە تۆی کەشتی لوا پەی دەمشق

وە تاج و تۆمار، جوقەی شا قەسەم*** راستی هەر ئیدەن بێ زیاد و بێ کەم (قوبادی ٢٠١١ :٥١) .

بەپێویستی دەزانین لێرەدا ئاماژە بە تایبەتمەندییەکی ئەم داستانە دڵدارییە و ئەوەی "بیژەن و مەنیژە"ش بدەین و ڕەنگە هەر لەم ترادسیۆنەدا و لە داستانی دیکەشدا هەبێت، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنج و جێگای تێڕامانە : بە گشتی لە داستانە دڵدارییەکاندا وا باوە کە دوو قارەمانی دڵدار بەیەک ناگەن و پەیوەندییان بە تراژیدیا کۆتایی دێت، کەچی لێرە بەیەکگەیشتن هەیە .

## د-لەیلا و مەجنوون:

بەڵگە نەویستە ئەم چیرۆکە لە نێو کلتور و ئەدەبی عەرەبییەوە هاتووەتە ناو ئەدەبیاتی گەلانی ناوچەکە و بەر بڵاوە، باسی عەشقی قەیسی عامرییە بۆ لەیلا.... م.ب.ڕۆدینکۆ لەبەشێکی کتێبەکەیدا کە باسی (حارسی بتلیسی و پۆیەماکەی "لەیل و مەجنوون") دەکات، بەم جۆرە لەم داستانی ئەڤیندارییە دەدوێت : ((سووژێتی رازی خۆشەویستیی لەیل و مەجنوون -یەکێکە لە بەرهەمە بەربڵاوەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست، پشت قەفقاز و ئاسیای ناوەڕاست . ئەدەبی نووسراوی ڕۆژهەڵات زیاتر لە پەنجا پۆیەمای لەسەر بنەمای ئەم سووژێتە هەن، بەڵام ڤێرژنە فۆلکلۆرییەکان لە ژمارە نایەن . ئەم سووژێتە لە ڕۆژگارێکی زوودا، بێگومان، لە نێو عەرەبی بەدودا پەیدابووە (پێش هەموو شتێک بە بەڵگەی ناوەکانیان) هەتا سەدەی دە -یانزەش ڕازێکی تەواو پێکەوە گرێدراوی سەربەخۆ نەبووە، بەڵکو دیمەنی جیاجیا بووە، شاپاڵەوانەکەی شاعیری عەرەب مەجنوون بووە، کە هۆنراوەی ئاگرینی بۆ لەیلی خۆشەویستی نووسیوە . هەر بەم جۆرەیش سووژێتەکە ، وەک دیمەنی جیا جیا لە بەیازەکانی ئەدەبی نووسراوی عەرەبیی سەدەکانی ناوەڕاستەوە گەیشتووەتە ئێمە -لە بەرهەمەکانی ئیبن قوتەیبە (سەدەی نۆیەم)، ئەبو ئەلفەرەجی ئەسفەهانی (سەدەی دەیەم)، ئەلوالیبی (سەدەی یانزە-دوانزە) وە . یەکەم ڤێرژنی ئەدەبیی پابەندی ڕازەکە، پۆیەماکەی نیزامییە ....)) . (ڕۆدینکۆ ٢٠٢٠ : ١٦٠)؛ خانای قوبادی-ش ئەگەرچی لە فارسییەوە و بە کاریگەریی نیزامی گەنجەوی، بەرهەمەکەی خۆی نووسیوە، بەڵام وەستایی و دانایی خۆی تەواو تیدا سەلماندووە بە جۆرێک ڕای لەو چەشنە هەیە کە لە ڕووی هێزی دەربڕینەوە خانا کێبڕکێی لەگەڵ نیزامیدا کردووە و بە ئاشکراش نەبێت، نیازی شان لە شاندانی ئەمی هەبووە . ئەمەش یەکێکە لەو چەمکانەی دەقئاوێزان کە شاعیری ئەوەی دواتر دەیەوێت بۆ ڕازاندنەوەی "موزاییکی دەق"کێبڕکێیەکی ئاشکرا یان شاراوە لەگەڵ شاعیرانی پێش خۆیدا بکات . لێکۆڵەر حەکیمی

مەلا ساڵح دەڵێت : (( خانا هەرچەندە ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی لە نیزامی وەرگرتووە، بەڵام بە هەستێکی کوردانە و قەڵەمێکی سیحراوییەوە بە جۆرێ دایڕشتووەتەوە کە هێندێ جار لە نیزامی سەرکەوتووترە و مرۆڤ وا هەست دەکا نیزامی ئەو چیرۆکەی لە خانا وەرگرتووە . خوێنەری باش تێ دەگا نیزامی زۆرتر بایەخی بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە داوە، بەڵام خانا زۆرتر بایەخی بە ئەدەبیات و شیعرییەت دەدا . خانا هەتا کێشی چیرۆکەکەشی گۆڕیوە و هێناویەتیە سەر دەبرگەییی باوی کوردەواری . خانا ئەگەرچی نیزامی خۆش ویستووە و ڕێزی بۆ داناوە . بەڵام بە ڕاشکاوی دەڵێ کە نیزامیش وەکو من وەرگێڕە و ئەویش ئەم چیرۆکانەی لە کەسێکی تر وەرگرتووە:

نیزامی جە قەوڵ دانای بەغدادی *** وەی تەورە ڕێژان تەرح ئوستادی

نیزامی جە قەوڵ بەغدادی سەلام *** وەی تەور تەنزیم کەرد ئی شیرین کەلام

نیزامی جە قەوڵ بەغدادی سەلام *** وەی تەورە کەردەن ئیبتیدای کەلام

"لەیلێ و مەجنوون"ی نیزامی نزدیک بە (٤٦٠٠) بەیتە، بەڵام خانا شاخ وبەرگی ئیزافەی لێ دادڕیووە و لە هەرکوێ هەستی بە درێژدادڕی کردبێ، چیرۆکەکەی کورت کردووەتەوە و لە هەر جێگەیەکیش بە باشی زانیوە هەناسەی درێژ کردووەتەوە . سەر ئەنجام لە (١٦٤٤) بەیتدا تەواوی کردووە )) . ( قوبادی ٢٠١١ :٢٦).

دوای ئەم ڕانان و پێناسەکردن و شیکارییەی ژانری ئێپیکی لە ئەدەبیاتی گۆرانی (هەورامی) دا ، هەڵوەستە لەسەر ژانرێکی تری لە ڕووی (چەند) و (چون) ی هەرە گرنگی ئەم ئەدەبیاتە، شیعری لیریکی دەکەین.

## شیعری لیریکی بە دیالێکتی گۆرانی (هەورامی):

ڤ.ف.مینۆرسکی-وەک ئاماژەی پێ داوە- لە ڕووی ژانرەوە شیعری دیالێکتی گۆرانیی بۆ سێ چەشن پۆلێنکردووە، کە ئێمە لێرەدا کردوومانە بە بنەما، دوا چەشن باسی شیعری گۆرانی -لیریک دەکات . سەرەتا چەند پێناسەیەکی لیریک دەهێنینەوە و دواتر دێینە سەر باسی تایبەتمەندییەکانی لیریک لە ئەدەبیاتی گۆرانیدا.

لە زانستی ئەدەبناسیدا، زاراوەی " لیریک" یەکێکە لە چوار چەشنە سەرەکییەکانی شیعر کە ئامانج لە پۆلێنکردنی، پێناسەکردن و دەرخستنی تایبەتمەندییەکانییەتی . چەشنە ئەدەبییەکان هەرکامیان بگریت، هەڵگری تایبەتمەندی و یاسای تایبەت بە خۆیەتی، بۆ نموونە شیعری گۆرانی، کە ئەنجامی سەرڕێژبوونی هەست و سۆزی کەسییە و (من) ی شاعیر چەقی بەرهەمی شیعری ئەم چەشنەیە و

ئەم پۆلێنەش باشترین شێوازە بۆ ناسین و ناساندنی؛ بۆ نموونە توێژەری ئێرانی ئیسماعیل حاکمی دەڵێت : (( سوودی سەرەکی کاری دابەشکردنی بەرهەمە ئەدەبییەکان لە سەر بنەمای ژانر، ئەوەیە کە دەتوانین توێژینەوە لە پاڵنەر و مۆتیڤی ژانرێک لە قۆناغێکدا بکەین . کاتێک بۆ نموونە بزانین لیریک چییە و هەل و مەرجی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی چییە، بە ئاسانی دەتوانین پەی بە هۆکارەکانی لاوازی و سەرەولێژبوونەوە یان بە ترۆپک و لوتکە گەیشتنی لە هەر قۆناغ و سەردەمێک دا بەرین )) . (حاکمی ٢٠١٨: ٣) .

زانای ئەدەبناسی ئێرانی سیما داد لە (فرهنگ اصطلاحات ادبی) دا، پێناسەی لیریکی ئاوەها کردووە :((شیعرگۆرانی "غنائی–Lyrical Poetry": گۆرانی لە زمانەوانیدا سروود و ئاوازە و دەزگایە و لە عەرەبیدا بە مانای ئاوازوتن و مۆسیقا دێت . (غناء) بەمانای (تغنی) گۆرانی وتن و ئاوازچڕین دێت و ئەوەش لە حاڵەتێکدا بەرجەستەدەبێت کە ئاوازەکانی لە شیعرەکەوە و هاوکات بە چەپڵەلێدانەوە بێت و ئەمەش جۆرە یارییەکە . هەروەک فارسی، لە فەرهەنگە زمانەوانییەکانی زمانە ئەوروپاییەکانیشدا، بە شیعرێکیان وتوە گۆرانی کە لەگەڵ جۆرێک لە چەنگ(lyre) وتراوە .لەڕووی ناوەڕۆکەوە شیعری گۆرانی نە ئەکشنە و نە گێڕانەوە، بەڵکو وێناکردن و گۆشکردنی ئەحواڵ و پەیپێبردنە دەروونیەکانە .بابەت و ناوەڕۆکەکەی باسی هەست و سۆزی قسەکەرێکە کە مەرج نییە خودی شاعیر بێت )) . (داد ١٣٩٠: ٣١٦) .

هەروەها لە فەرهەنگی "نظریە و نقد ادبی " دا بەم جۆرە پێناسەی شیعری لیریک کراوە : (( شیعری گۆرانی، (غنایی، تغزلی، رامشی)، (lyric) : هەرجۆرە شیعرێکی کورت کە تەنیا و بە دیاریکراوی دەربڕینەکانی (کە لە ئەزموونەوە سەرچاوەی گرتووە) کەسێک یاخود تاکێک دەخاتەڕوو، بە واتایەکی دیکە، گێڕەوەی ئەو تەنیا یەک کەسە . ئەم چەشنە شیعرانە، گوزارشت لە بینراوەکان و حاڵەتە زەینی و هەستپێکردنەکانی بێژەرەکەی دەکات . زۆربەی کات گێڕەوەی ئەوانە (من)ە ، بەڵام (من) لەم شیعرانەدا بە زەروور، خودی شاعیر نییە . (جان پک ) و (مارتین کویل)، دەڵێن: لە شیعری گۆرانیدا هەمیشە جۆرێک لە بەرامبەرییەکی یا دژیەکی دەخرێتەڕوو : بۆ نموونە دژیەکبوونی جوانی و ژیانی عاشقانە و ژیانی خاڵی لە عیشق، یاخود دژیەکی شەڕ و ترس لەگەڵ ئاسودەیی و ئاشتی و ئارامی )) . (سبزیان + کزازی ١٣٨٨ :٣٠٨) .

هەر سەبارەت بەم چەمکە ئەدەبناسی سویدی پیتەر هاڵبێرگ، دەڵێت : ((زۆر گرانە لە شیعری لیریکی بدوێیت و هەڵیسەنگێنیت و لە جوغزێکی سنووردادا، کە لە سەر بنەمای هۆ و "پرسی لۆجیکی "بەرز بکرێتەوە، نیشانی بدەیت و بینرخێنیت . ڕاستییەکەی زۆر ئاڵۆزە بە بەڵگە و سەلماندن لە بەرهەمی لیریکی بدوێیت، چۆن مرۆڤ دەتوانێ زمانی ڕۆح شی بکاتەوە ؟ )) . ( هاڵبێرگ و دانەرانی تر ٢٠١٨ : ٤١).

بێگومان ئەو پێناسانە و زۆری دیکەش، شوناسی ئەو چەمکەن لە ئاستێکی گشتیی تیۆریی گەردوونیدا، ئەرک و ئامانجی کارەکەی ئێمە تایبەتە بە لیریکی گۆرانی (هەورامی) و لە کۆتایی پارەکەشدا تیشکۆی شیعری هەرسیَ شاعیری توێژینەوەکەمان دەکەین و هەوڵی نیشاندانی ئاستی هونەری -ئیستێتیکییان دەدەین.

## تایبەتمەندییەکانی شیعری لیریکیی هەورامی:

لەترادسیۆنی ئەدەبیاتی هەورامیدا، شیعری هەورامی بە گشتی و تەنانەت شیعری ئاینیشی وەک فۆرم و ئاواز و زۆر تایبەتمەندیی دیکەی دەچێتە خانەی لیریکەوە، دەربارەی ئەمە ڤ.ف.مینۆرسکی ڕای وایە :((کلامەکانی دینی لە شعری چیروکی و غنائی جیاواز نەبو، زۆر جار ویستراوە لەسەر یەک قافیە غزلیکی دریژ بنوسری، بەلام کلامەکان زور عبارەت بوە لە چەند بیتیکی شعر کە لە اخر هەر بیتیک (دەوریک) تکرار کراوەتەوە . کلامەکان لەگەل ساز و تارا بە گورانی ووتراوە )) . (مینورسکی ١٩٤٤ :١٦ ).

لە دوای ڤ . ف .مینۆرسکیش توێژەر و زانایەکی هەمان ئەو نەریتە کوردناسییە – ئەدەبناسییە، م.ب .ڕۆدینکۆ پێناسەیەکی گونجاوی دەربارەی لیریکی دیالێکتی گۆرانی (هەورامی) کردووە، دەڵێت : ((سەرەتا چەند وشەیەک دەربارەی سیمای بنەڕەتیی شیعری دیالێکتی گۆرانی دەڵێم، ناوەڕۆکی سەرەکیی دەبێت بە دوو تێمە (بابەت) ەوە: ا–لیریکی سرووشت؛ ب–لیریکی خۆشەویستی، کە میزاجێکی سۆفییانەی قووڵی هەیە )) . (ڕۆدینکۆ ٢٠٢٠: ١٨٦). ناوبراو، بێجگە لەوەی پۆلێنێکی جیاواز لەوەی مینۆرسکی خستەڕوو، تیشکۆی ئەم بیرۆکە و بۆچوونەی دەربارەی لیریکی گۆرانی (هەورامی) دەکات و ئاماژە بەو پەیوەندییە گیانییە دەدات کە لە نێوان سروشتی زێد و شاعیرانی هەوراماندا هەیە و ڕووبەرێکی فراوانی چەند لایەنەی لە شیعریاندا بۆ خۆی گرتووە : ((دەبێت ئەوە بوترێت ، کە لە بەرهەمی زۆربەی شاعیرە ئەردەڵانییەکاندا بایەخێکی زۆر بە سروشت دراوە و (شاعیرانیان) بەشێوەیەکی وەستایانە و ڕەنگن و پڕجۆش نیگاری دیمەنەکانی سروشتیان ئافراندووە هەمیشەیش (سروشت) دەربڕی حاڵەتەکانی دەروونی مرۆڤە . هەروەک لە فۆلکلۆردا سروشت تەنها بنەما نییە ، بەڵکو بەشدارێکی چالاکی حاڵەتی پاڵەوانەکانە . بابەتی دڵگیری لیریکی سروشت لای شاعیرانی هەورامان – کێشانی تابلۆی پایز ، گیانەلاوی سرووشت ، بنەمایەکی هاوئاهەنگی بۆ میزاج و ئەو حاڵەتە دەروونییە هێناوەتە کایە ، کە شاعیر باسی دەکات )) . (ڕۆدینکۆ ٢٠٢٠ :١٨٦).

لە ئاینی یارساندا کە قۆناغی گەشەو جێگیربوونی ئەدەبیاتی گۆرانە بەگشتی و شیعری لیریکە بە تایبەتی، پیر و باباکانی یارسان بەگشتی ڕێنمایی وجیهانبینیی ئاینی خۆیان بە شیعر و بە شێوەزاری

گۆرانی نووسیووه و لەم بارەوە ئەدەبناسێک دەڵێت : ((لەوانە شیعر و هۆنراوەی زۆر لە بابەتی ناساندنی پایە و بنەماکانی ئاینی یارسان بە زمانی هەورامی بەجێ ماوە، کە فۆرم و بونیاد و پێکهاتەی کێش و زمانیی -یان تەواو هاوشێوەیە لەگەڵ هۆنراوە دە هیجائی-یەکانی هورموزگان و شێوەی ئاوازی هەورامی )) . (محەمەدپوور ١٣٩٢ :٣١).

لەم فاکتەرەوە کە گەیاندنی پەیامی ئاینی بەگوێی خەڵکی دەبێتە ئامانج، ئەوا زمانی گەیاندنەکە جۆرێک تایبەتمەندیی پێ دەدرێت کە خودی گەیاندنەکە ئاسان بکات و بەسانایی وەربگیرێت، مارف خەزنەدار پێی وایە :((لیریکی خۆماڵی لە زمانی ستانداردی خەڵکی کوردەوە نزیکە، لەبەر ئەوە دەشێ " شیعری میللی " یشی پێ بڵێین . زیاتر شاعیران ئەم شێوەیان گرتووە بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان بگەیێننە زۆربەی خەڵکی )) . (خەزنەدار ٢٠١٠ : ١٩٥ ) .

باسکردنی تایبەتمەندیی زمانی و شێوەی دەربڕینی شیعری لیریکی هەورامی، وەک ستایڵی ترادسیۆنێک، دەبێتە پێداویستیی دەستپێکی ئەم بەشە گشتییەی شێوازەکە؛ بەڵام بەر لەوە گریمانەیەکی پەیوەست بە جوگرافیای ناوچەکە هەیە کە مەزەندە دەکرێت رۆڵی لە ڕەنگرێژکردنی تایبەتمەندییەکاندا بووبێت، ئەویش داخراویی ناوچەکە و کەمیی پەیوەندی و وەرنەگرتنی کاریگەرییە لە دەرەوەی خۆی، تەنانەت گریمانەی ئەوەش دەکرێت کە کاریگەریی دەسەڵاتی سیاسی و ڕووداوە سیاسییەکانیشی لەسەر نەبووبێت .

لەتایبەتمەندییەکانی لیریکی هەورامی لە ڕووی شێوە و زمانی شیعرییەوە دەتوانین ئەم خاڵانە بە کورتی بخەینە ڕوو:

## ١ – فۆلکلۆر و زمانی زارەکیی خەڵکی بووەتە بنەمای زمانی شیعری :

ئاماژەمان بەوەدا کە شێوە زمانی گۆران دەربڕی مەبەستی ئاینی بووە، بێگومان ئاین ڕووی پەیامی لە هەمووانە بە گشتی و بۆ ئەو مەبەستەش لە دووی زمان و شێوەی گشتی دەربڕیندا دەگەڕێت، هەروەها وتراوە کە :((لیریکی بە دیالێکتی گۆرانی نووسراو، بە پێچەوانەی ئەو شیعرە کوردییەی کە لەسەر بناغەی شیعری کلاسیکیی عەرەبی -فارسی و یاسا و ڕێسا ڕەوانبێژییەکانی دامەزراوە، بنەماکەی فۆلکلۆری کوردییە، چ لە ڕووی کێش و سەروا و چ لە ڕووی زمان و هەندێ ڕووخساری هونەریی تری ئەدەبی زارەکییەوە ....)) . (محەمەد ٢٠٠٧ :٨) . هەر ئەم تایبەتمەندییە لەگەڵ کۆمەڵێ هۆکار و تایبەتمەندیی دیکەدا کە دواتر و لە خاڵی سەربەخۆدا ئاماژەیان پێ دەدەین، بووەتە هۆی ئەوەی گریمانەی ڕەگەزەکانی ڕۆمانتیکییەت لە شیعری لیریکی کلاسیکی هەورامیدا بکرێت، چونکە شیعری ڕۆمانتیکییش لە ڕەهەندێکییەوە گەڕانەوە بوو بۆ زمانی زارەکی و شێوەی دەربڕینی فۆلکلۆری ناوچەیی . ئەدەبناسی ناسراوی ئێرانی سیروس شمیسا ئاماژەی بەوە کردووە کە : ((لە سەدەکانی

ناوەڕاستدا، بە زمانە ناوچەییە جیابووەکان لە زمانی لاتینییان دەگووت(ڕۆمانس – Romance).لاتینی ، زمانی زانست بوو و خەڵکی ئاسایی نەیاندەزانی . نەجیبزادە و خەڵکە تایبەتەکە، بەرهەمە زانستی و ئاینییەکانی خۆیان بەم زمانە دەنووسی ....بەڵام داستان و شیعرەکانیان بە زمانی زگماک دەنووسی کە بەوانە دەوترا ڕۆمانتیک، واتە دەدرایە پاڵ ڕۆمانس(En romancier) . بە واتای نووسراو و وەرگێڕدراو بەم زمانە ناوچەییانە و بەو مانایە دەهات کە لای کۆی خەڵکی بەگشتی پەسەندکراوە )) . (شمیسا ١٣٩٠ :٦٢ ) . لەم خاڵەدا مەبەستمان و جەختمان لەسەر ئەو زمانە میللییەیە کە دەربڕی ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکیی چینی تازە گەشەکردووی نێو کۆمەڵ بووە، وەک توێژەرێک ئاماژەی پێ دەدات :(( لە شیعری دیالێکتی گۆرانیدا هەندێ لەو ڕەگەز و ڕوواڵەتانەی کە تایبەتمەندن بە شیعری ڕۆمانتیکی هەن، وەک : حوزوورێکی بەرچاوی سروشت، سوزڕانەوە بە دەوری خود و هەست و نەست و ئەندێشەکانیدا، نزیکیی لە بونیادی هونەری و زمانی ئەدەبی میللی ...هتد )) . (محەمەد ٢٠٠٧ :٨) . بەڵام نووسەری ئەم چەند دێڕەی کۆتایی بۆ ئەوەی بەهەڵە بیرو بۆچوونەکەی لێک نەدرێتەوە، دەنووسێت : ((هەرچەندە ئەم ئەدەبە لە ڕووی مێژووییەوە پێش پەیدابوونی قوتابخانە –ڕێبازی ڕۆمانتیکییە (کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم ) لە ئەدەبی ئەوروپاییدا . ئێمەش مەبەستمان ئەوە نییە، کە بڵێین بەو فراوانییە و لەو ئاستەدا ڕۆمانتیکییەت لە ئەدەبی کوردیدا هەبووە شایانی باسە، ئەو شاعیرە ئەورووپاییانەش کە بەرهەمەکانیان سەر بەم قۆناغەیە، خۆیان قەت ئەم زاراوەیەیان بەکارنەهێناوە و دواتر لەلایەن توێژەرانەوە پەیدابووە )) . (محەمەد ٢٠٠٧ :٨).

## ٢- کێشی هیجائی (سیلابی–پەنجە):

کێشی هیجائی، تایبەتمەندییەکی دیکەی فۆلکلۆری و ڕەسەنی نێو شیعری کلاسیکی هەورامییە، بە دەربڕینێکی دیکە، شیعری کوردی "هەورامی" لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا ئەمڕۆ، وەک سەرەتاو دەستپێک، لە سەر بنەمای شێوەی هیجائی وتراوە . مارف خەزنەدار وەک زۆر لێکۆڵەری دیکەی بواری ئەدەبناسی بە کێشی (خۆماڵی) ناوی دەبات و دەنووسێت : ((شیعری لیریکی خۆماڵی بە هەموو بابەتەکانییەوە لە دیالێکتەکانی گۆرانی و کرمانجیی سەروودا نموونەیێکی ڕەسەنە لە ئەدەبی کوردی دا، زۆربەی لەسەر بنچینەی بەند دەهۆنرێتەوە، هەر بەندی بە شێوەی دوو بەیت دەکەوێتە ڕوو، ئەم بابەتە شیعرە هیچ پێوەندییێکی بە کێشی عەرووزەوە نییە، بەڵکو لە سەر کێشی سیلابی خۆماڵی دەکێشرێ، کە ئەمیش واتە خۆماڵی کوردی لەگەڵ کێشی زمانە هێندۆئەورووپی و گرووپەکانی تری لە زمانانی هیندۆئیرانی لە یەک ڕەگ و ڕیشەن، کێشی بنچینەیی سیلاب بە تایبەتی لە دیالێکتی گۆرانی دە کەرتییە و وەستان لە ناوەڕاستدایە . ئەمە کێشی هەرە باوی شیعری فۆلکلۆری کوردییە لە هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا . هەرچی قافیەشە لە سەر بنجی جووت قافیە دادەمەزرێ، واتە دووایی

نیوە دێڕی یەکەم لەگەڵ نیوە دێڕی دووەم لە هەر دێڕە شیعرێکدا لەسەر یەک قافیە دەبێ (ا ا ب ب ج ج ....) . )) . (خەزنەدار ٢٠١٠ : ١٨٤ ).

کێشی هیجائی، لە شیعری لیریکی هەورامیدا، حاڵەتێکی ڕاگوزەر نییە و سەپێندراوی کلتورێکی دیکە نییە، بەڵکو هەڵقوڵاوی نێو مێژوو و تایبەتمەندیی ڕەسەنی مێژوویی ئەدەبییمانە . هەر لەم بارەیەوە وتراوە :(( غەزەل بە دیالێکتی گۆرانی، بە گوێرەی هەندێ یاسای هونەریی تایبەتی پەرەی سەندووە، بنەوانی غەزەلی گۆرانی ناچێتەوە سەر شیعری فارسی – عەرەبی، بەڵکو سەرچاوەکەی ئەم، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردییە . ئەم شیعرانە لە باتیی عەرووز بە کێشی پەنجەیی، بەتایبەتیش هیی دە پەنجەیی ، کە خەسیەتییەکی گۆرانیی فۆلکلۆرییە، وتراون . هەروەها قافیەی شیعری گۆرانی، بە پێچەوانەی یەک قافیەیی غەزەلی عەرەبییەوە مەسنەوییە )) . (محەمەد ٢٠١٨ :٩٢ ) . کێشی هیجائیش کە تایبەتمەندیی دیاری شیعری خۆماڵی و ڕەسەنی کوردی –هەورامییە، بۆ دووجۆر پۆلێن دەکرێت یاخود لە دوو ئاستدا بەرچاو دەکەوێت، یەکەمیان، کێشی هیجائی شیعری فۆلکلۆری و دووەمیان، کێشی هیجائی لە شیعری فەرمیدا؛ کە ئەم شێوازە تایبەتمەندییەتی شیعری هەورامییە ، هەر لە دێرینەوە تا ئەمڕۆ .

## ٣-تایبەتمەندیی کێشی هیجائی لە ڕووی ئاوازدارییەوە:

کێش (بە تایبەتی لە کلاسیکدا)لە سەرەکیترین پێکهێنەرەکانی بونیادی شیعرە و بێجگە لەوەی بزوێنەری هێزی خەیاڵی شاعیرە، هۆکاری سەرنجڕاکێشان و کەمەندکێش کردنی بیسەر یان خوێنەریشە، لە ڕاستیدا شیعر بە بێ مۆسیقا هیچی تر نییە بێجگە لە پەخشان . مۆسیقا لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا شێلراوە، بە بەڵگەی ئەوەی، وەک پێشتر باسمان کردووە، هیچ نەتەوەیەک بەبێ مۆسیقا نییە ئەگەرچی سەرچاوەی سەرهەڵدانی مۆسیقا لە کۆمەڵ و نەتەوەیەکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە . محەمەدپوور لەسەر بیر و بۆچوونەکانی پێشووی بەردەوام دەبێت و دەڵێت :((کێش چێژی مۆسیقی بەدیدەهێنێت و ئەمەش لە سروشتی مرۆڤدایە کە چێژی لێدەبات . شیعری هەورامی بە بەکارهێنانی کێشی هیجائیی پەنجە و هونەرییانە چنینی وشە و کەرەسە شیعرییەکان، گوێ پڕ دەکات لە ئاوازی چێژدار و گوێگر بەرەو خۆی کەمەندکێش دەکات؛ ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی بەدوای هۆکاری ئەم نەمری و جادوییبوونەیدا بگەڕێین و لە وەلامیشدا زۆر هۆکاری دەرەکی و ناوەکی و سەرەکی و لاوەکی خراونەتە ڕوو . هەندێک گریمانەی گێڕانەوەی بۆ نووسینەکانی دێرینی نێو تێکستەکانی ئاینی زەردەشتی دەکەن، لە "فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیایی ئەدەبی" دا هاتووە : ((لەهەندێک پارچەی هونەریدا شێوازی تایبەتمەندیی ئەفسانەیی و زۆر ڤیگەری شیعریدا، ڕەگەزی سەروای سەرەتایی وەک "assonance" (سجع-هاوکێشی)، "alliteration"(سجع استهلالی-لەیەکچوونی دەنگی سەرەتا) بەرچاو دەکەون، هەروەها سەرتاپای "گاتاکان" کێشدارن بە سیلابی هەمەچەشنی (٥) برگەیی .(فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیایی ئەدەبی ١٩٨٧ :١٠) . دیارە هەر ئەوانەش سەرچاوەی ئاوازی شیعری

دیالێکتی گۆرانی (هەورامی)ن، چونکە ناوچەی گۆرانەکان بە گشتی زێد و مەڵبەندی ئەو کەلەپوورە دێرینە ئێرانییانە بووە و بە هیچ کلۆجێک ناکرێت شیعری هەورامی لەو میراتی باوانەی بێبەش بکرێت یان وەک هەموو سامانێکی تری وڵاتی کوردان بە چەپاو و تاڵان ببرێت، هەر بۆیە هەندێ لێکۆڵەری دیکەش ئامانجیانە ئەم بابەتە وەک تایبەتمەندییەکی ڕەسەن و خۆماڵی بکەنە بەڵگەی لادان لە ڕێچکە و ڕەوتی کێشی خۆماڵی و ڕەسەنی کوردی .

ڕاو گریمانە زۆرن، بەڵام ئەوەی لێی دڵنیاین ؛ شیعری هەورامی بە گشتی، هەڵگری ئاوازێکی پڕ لە هەست و سۆزە کە هەمووشتێک دەخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە و ڕەگەزی بنەڕەتی و سەرەکیشی دەرخستنی هاوسۆزییە لەکەسی گوێگردا ...شیعری هەورامی لەم ڕوانگەیەوە، شیعرێکە هەموو ئاستەکانی چێژلێ بینین و سەلیقەداری بەدیدەهێنێت . لەکارێکی هاوبەشدا دوو ئەدەبناس ڕایەکی لەم چەشنەیان دەربڕیووە و دەڵێن : ((جیهانێک کە شیعری هەورامی بە ڕووماندا دەیکاتەوە، بە یەک ئاراستە و ئاست لەسەر دڵ و چاومان کاریگەری جێدەهێڵێت . ئەو تاڵییە زۆرەی کە لە شیعری کلاسیکی هەورامیدا دەبینرێت، زۆرترین چێژ و سەرنج ڕاکێشانی ئەفسوناویمان بۆ بەرهەم دێنێت کە بە خوێندنەوەیان زیاتر دیدێکی تراژیدیمان دەست دەکەوێت تا دیدێکی کۆمەڵناسانە )) . (صفریان+سجادی ١٣٩٠: ٤٧-٤٦ ).

ئەگەرچی کێشی هیجائی، هۆکارێکی سەرەکییە لە هێنانە بەرهەمی ئەو ئاستە لە تایبەتمەندیی ئاوازەیی، بەڵام فاکتەرەکانی مۆسیقاییبوونی شیعری لیریکی هەورامی تەنیا چەشنی کێشە شیعرییەکە نییە، بەڵکو بە گشتی کەرەسە پێکهێنەرەکانی بونیادی شیعری هەورامی سیفەتی ئاوازدارییان بە چەشنێکی تایبەت کردووەتە تایبەتمەندییەکی بەرچاوی ئەم شیعرە، محەمەدپوور کە پێشتریش لە شوێن و سیاقی جیادا ئاماژەمان بە بۆچوونەکانی داوە دەڵێت :((کرکە -نەغمە، وەک پرەنسیپێکی تایبەتی لە دەقی شێعر و مۆسیقای هۆرامی و توخمێکی جیاکەرەوە لە شێعری کوردی سۆرانی و فارسیدا، کە مەبەستم ئەو هاماوە دەنگ یان ئەو هێشووە دەنگانەتە کە لە پێکهاتەی شێعری هێجاییدا، بە هۆی چڕی فۆنێمەکان و شەپۆلە دەنگەکان، مۆسیقای تایبەتی درووست دەکەن (دەنگ تەوەری) .....کە ئەم دیاردە نەگونجانی بڕگە کورت و درێژەکان دەشارێتەوە و خۆی لە کێشناسی عەرووزی -لە شیعری کلاسیکی کوردی سۆرانی و فارسیدا -جیا دەکاتەوە و دەبێتە کۆمپۆزسیۆن و ریتم بۆ شێعرەکە و ئاوازەکە ....)) .(محەمەدپور ١٣٨٨ :٤٧ ) . کەواتە لە ئاستێکی بەرفراوانتردا شیعری لیریکی هەورامی، هەڵگری جۆرە ڕیتمێکە کە نەک تەنیا "کێش" وەک مۆسیقای ناوەوەی شیعری، بەڵکو کۆکەرەوەی چەندین فاکتەرە کە پێکەوە بوونەتە هەڵگری ئەم تایبەتمەندییە ناوازەییە . هەروەک ئەدەبناس شاهۆ سەعید بابەتییانە ڕوونیکردووەتەوە و دەڵێت :((مەبەست لە ڕیتمی شیعریی پێکەوە گونجانی فۆنەتیکیی نێوان رووبەرەکانی دەنگ و بێدەنگی، یان جووڵە و ئارامییە، کە فەرمانێک لە بیستندا ئەنجامدەدا و کاریگەریی

لەسەر وەرگر (خوێنەر-گوێگر ) جێدێڵێ، بەڵام ئەم پێناسە باوە بەگوێرەی ڕێچکە تازەکانی ڕەخنە و ئیستاتیکای شیعری تەنها یەک جۆر لە ریتم دەگرێتەوە، کە ئەویش ریتمی دەرەکییە ...ئەو ڕێچکانە پێیان وایە ریتمی دەرەکی تەنها یەک کۆڵەکەی شیعرە لەسەر ئاستی بیستن، بەڵام کۆڵەکەکەی دیکە ریتمی ناوەکییە کە هەردوو ئاستی بیستن و بینینی زەینییش دەگرێتەوە . ئەم ریتمە ناوەکییەش لەسەر بنەما نەریتیەکانی ریتمی چامەی شیعری دانەمەزراوە، بەڵکو ریتمێکی هەمەجۆرە و چەند دیاردەیەک لە خۆدەگرێ وەک هاوتەریبی، دووبارە بوونەوە، سترێس، ئاوێزانی دەنگەکان و پیتەکان و پێکەوە گونجانی فۆنەتیکی)) . (سەعید ٢٠٠٤ :١٨) .

## ٤-گۆڕینی وشە بۆ زمانی کوردی و شێوەزاری هەورامی:

هەر لە چوارچێوەی چۆنیەتیی زمانی شیعریدا، وێڕای بوونی تایبەتمەندی لای هەر شاعیرێک، خاڵی هاوبەشی گشتی هەیە کە دەبێتە تایبەتمەندیی گشتیی لیریکی هەورامی؛ لەوانە بەکاربردنی وشەی عەرەبی و فارسی، بەڵام شاعیرانی هەورامی بە جۆرێک ئەم وشانەیان گۆڕیوە، دەشێ بوترێ کە کردویانن بە هەورامی . دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشی تری شیعری هەورامی، یان بڵێین مامەڵەی شاعیرانی هەورامان، کە لە چوارچێوەی لیکسیکی شیعریی وشەسازیدایە، کە لە ڕاستیشدا لە زمانانی تریشدا، نەک هەر لە زمانی شیعرییدا، بەڵکو لە زمانی ئاسایی و ڕۆژانەشدا ئەو وشانەی کە ڕۆژگار و پێداویستی زمان لوولی داونەتە زمانێکی ترەوە، ئەگەر شیاوبووبن، ئەوا گەلاڵە و نەقاڕییان کردوون و لەگەڵ یاسا و ڕێسای زمانەکەی خۆیاندا ساچاندوویانن، هەر بۆ نموونە سەیری ئەو هەموو وشە یۆنانی و لاتینییە بکە کە چوونەتە زمانە ئەوروپاییەکانی ئەم سەردەمەوە، زیادەڕۆیی نییە بوترێت، ڕووبەرێکی فراوانی بنەمای لیکسیکیی ئەم زمانەیان پێکهێناوە و دیارە ئەوەش ئاشکرایە کە ئەوان ئەو دووزمانە :یۆنانی و لاتینی بە بنەوان و سەرچاوەی مێژوویی گەشەسەندنی زمانەکانی خۆیان دەزانن ...بۆیە شارەزا و لێکۆڵەری شیعری هەورامی، عبدوڵڵای حەبیبی، باش بۆی چووە کە دەڵێت :((....بەکارهێنانی وشەی عەرەبی و فارسی لە شیعری کلاسیکی هەورامیدا باوبووە و لەو سەردەمەدا بابەتی پاراستنی زمان لەگۆڕێدا نەبووە، بەڵام بێسارانی هەوڵی داوە شیعرەکانی زیاتر هەورامیانە و بە زمانێکی ڕەوان بێت و ئەو وشە عەرەبییانەشی کە بەکاری بردوون لە شیعرەکانیدا بە جۆرێک گۆڕیونی و کردوونی بە هەورامی !، بۆ نموونە : "مالووم " لە بری ( مەعلووم )، " ڕام " لەبری (ڕەحم )، " زامەت " لەبری (زەحمەت )... بێگومان ئەم گۆڕینەش بێ یاسا نەبووە و هەرکات پیتی (ح ) یان (ع ) گەیشتبێت بە پیتی دەنگداری (ە )، ئەوا پێکەوە بوون بە ( ا ) . تەنانەت بۆ وشە فارسییەکانیش وای کردووە بۆ نموونە : (زەخم ) ی کردووە بە " زام " . ئەم کارە لەدوای بێسارانی، بووە بە باو و ستایڵ لە دیوانی شاعیرەکانی وەک مەولەوی و ئەحمەدبەگی کۆماسی...هتددا)). (بێسارانی١٣٩٦ :٢٦-٢٧ ) .

لای سەییدی-یش هەمان حاڵەت بەرچاودەکەوێت، بۆ نموونە "کروونێ " لەبری (قورعان )، "ئەشک " لەبری ( عەشق )، "کەرار" لە بری (قەرار)، "هەکڵ " لەبری (عەقڵ )، "کیبڵە " لەبری ( قیبلە)...بێگومان لای کۆماسی-ش نموونەی لەو چەشنە زۆرن.

ئەم تایبەتمەندییە دەمان گەیەنێتە هاوکێشەیەک کە بابەتی چۆنیەتیی مامەڵەی شاعیرانی هەورامییە لەگەڵ هەژموون و کاریگەریی زمانەکانی عەرەبی و فارسیدا، نووسەری ڕەوانشادی هەورامان، محەمەدی مەلا ساحیبیش دەربارەی لایەنێکی تری ئەم بایەخ و سووربوونەی شاعیرانی هەورامان بە زمانی شیعرییان ڕووندەکاتەوە و دەڵێت :((بە پێچەوانەی هۆنەری شیوەکانی تر کە ناچاربوون بە زمانی ئەو فەرمانڕەوایانە بنووسن و بخوێنن و هۆنراوە بڵێن، وە تا ڕادەیەک زمانەکەی خۆیان فەرامۆش بکەن . ئەگەر هۆنراوەیەک یا جۆرێکی تری وێژە (ئەدەب ) یان وتبێ بە شێوەی هەورامی بووە بە پەیڕەوی کردنی بوێژ و هۆنەرەکانی ناوچەی هەورامان)) . (دانا ١٩٦٨ :٤ ).

## ٥-ژانری لیریکی ئێپیکی یاخود ئێپیکی لیریکی:

لە شیعری هەورامیدا، چەشنێکی باوی شیعر هەیە کە سەرەڕای ئەوەی هەڵگری تایبەتمەندییە قاڵبییەکانی ژانری لیریکە، لە هەمان کاتیشدا گێڕەوەی داستانێکی شیعرییە، یەکێک لەو ئەدەبناسانەی ئاماژەی بەم فاکتە داوە ، دەڵێت:((ئەوەی پەیوەندیی بە لیریکی دیالێکتی گۆرانییەوە هەبێت بە شێوەیەکی گشتی و بێسارانیش بە تایبەتی، ئەوا بونیادێکی ئێپیک ( داستانە شیعر ) ئامێزی هەیە و زۆرجار وێنەکان زاوزێ دەکەن و بە شێوەیەکی ئۆرگانی تێهەڵکێشی یەکترین و بە لادیمەنەکانی بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ بونیادی غەزەلەکە پێکدێنن ....)) . (محەمەد ٢٠٠٧ :٩)، ناوبراو لەم بارەیەوە بەردەوام دەبێت و ئاماژە بەوە دەدات کە تەنانەت دیالۆگ و هونەری گێڕانەوەی تێدایە و دەڵێت :((هەروەها شێوازێکی تری ئێپیک گێڕانەوەیە، کە دیسانەوە شاعیر بەکاریهێناوە و ئاوا دەست پێ دەکات : (ئارۆ دیم، ئارۆ شیم، ئارۆ وێنەی وێم ...) . سەرەڕای ئەمانەش لە غەزەلەکاندا دیالۆگ هەیە، لە نێوان شاعیر و خەزان، شاعیر و نەمام ...هتد . ئەمەش هۆی دەوڵەمەندیی دیالێکتی گۆرانییە بە داستانە شیعری دڵداری و ئایینی و جەنگی، واتە هەندێ ڕەگەزی بونیادی داستانە شیعر گوێزراونەتەوە بۆ چوارچێوەی لیریک و سوودیان لێ وەرگیراوە )) . (محەمەد ٢٠٠٧ :٩).

ئەمەش بیرمان بۆ لای ئەوە دەبات، کە ژانری داستان (ئێپیک) لە شیعری دیالێکتی گۆرانی (هەورامی)دا زاڵ و باو بووە . وەنەبێت ئەمە تەنیا لە ئەم ئەدەبەدا وابووبێت، بەڵکو لە ئەدەبی دێرینی گەلانی تردا، بۆ نموونە یۆنانیدا، کە باسی سەرەتای پەیدابوونی ئەدەبەکەیان دەکرێت، یەکسەر ناوی هۆمیرۆس و هەردوو داستانی "ئیلیادە" و "ئۆدیسا" حەوت سەدەکانی پێش زایین دەکرێت، ...تەنانەت لە کتێبی "La

"poetica"ی ئەرەستۆ دا زاراوەی لیریک بە کۆنکرێتی نییە و ئەوەی کە تێبینی کراوە، هەر تاریف و تایبەتمەندیی لیریک باسکراوە...

## ٦-قاڵبی مەسنەوی، تایبەتمەندییەکی دیکەی شیعری لیریکیی هەورامی:

لە شیعری کلاسیکی فارسی و عەرەبی و کرمانجی خوارووشدا (کە کاریگەرە بەو دووانەی سەرەتا )، باس لە سەربەخۆبوونی واتای هەربەیتێک دەکات لە نێو پێکهاتەی بەرهەمێکی شیعرییدا، بەڵام هەمان توێژەری پێشوو دەڵێت : ((بونیادی شیعری لیریکی گۆرانی -وەک وتراوە-، بە شێوەیەکی گشتی، بونیادێکی تۆکمە و بە شێوەیەکی ئۆرگانی تێکچڕژاون و سەرەتا و ناوەند و کۆتاییان هەیە . هەندێ جار بە شێوە تەقلیدییەکە نازناوی شاعیر لە کۆتاییدا دێ، یان جار و بار لە ناوەند یان لە دێڕێکی تردا شاعیر ئەمە دەکات، واتە بە پێچەوانەی یاساو ڕێساکانی غەزەلی فارسی -عەرەبی کە باس لە سەربەستی و مانابەخشینی بە تەنیای هەر بەیتە دێ )) . (محەمەد٢٠٠٧ :٨) . هەروەها پەرە بە ڕوونکردنەوەی ئەم تایبەتمەندییە ئاوا دراوە: شیعری هەورامی، بە درێژایی مێژووی خۆی، لە ڕووی شێوە و قاڵبەوە شێوازێکی چەسپاوی هەبووە و گرتنە بەری شێوازی مەسنەوی بووە، هەروەک محەمەد پوور دەڵێت :((قاڵبی "مەسنەوی" هەر لە سەرەتاوە بە شێکی دانەبڕاو بووە لە پێکهاتەی شیعری هەورامی . ئەم کەرەسەیە دۆخێکی تایبەتی بۆ شیعری هەورامی ڕەخساندووە کە زۆر جیاوازبێت لە شیعری کوردی سۆرانی . "بەیت "یش کە لە خولگەی ئاسۆیی "چامە " و "غەزەل" ی فارسی و سۆرانی- یا مانا و واتای سەربەخۆی هەیە، لە مەسنەوی هەورامی دا ئەم حاڵەتە هەڵدەوەشێتەوە . لێرەدا ، واتە لە هەورامی دا ، بەیتەکان لە چنراوێکی ستونی دا زۆر واتا و پەیام دروست دەکەن کە لە چەشنی خۆی دا ئازاد و ڕەهاتر دێنە پێش چاوو . ئەم پرنسیپەش ، هەر ئەوەیە کە ئێستا لە شیعری مۆدێرن دا گرنگی و بایەخی زۆری پێدەدرێت و یەکێکە لە توخمە پێکهێنەرەکانی شیعری نوێ )) .(محەمەدپوور ٢٠١٢: ٨ ).

لە ڕاستیدا توێژەران بۆچوونێکی تریان دەربارەی سەربەخۆیی بەیت هەیە و پێیان وایە، کە سەربەستیی بەیت لە چوارچێوەی بە تایبەتی ژانری غەزەلدا ڕوواڵەتییە، ئەینا ئەگەر لە دیدێکی وردترەوە بڕوانینە بونیادی غەزەل وەک تێکستێکی لە هەموو لایەنەوە تۆکمە و هاوئاهەنگ، ئەوە ڕووی دەرەوەی بەیتەکانە کە سەربەخۆ دەنوێنن، دەنا هەر بەیتە و بەدەوری خۆی لە ژمارەی ئەو بەیتانە، تێکستێکی هاوئاهەنگ و تێکچڕژاو لە ڕووی شێواز و ماناوە پێکدەهێنێت . هەموو ئەم تایبەتمەندییانە کە لە غەزەل و کێش و سەرواشدا دەبینرێن، وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، زادە و سەرچاوەکەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردییە .

## ٧--هەندێک تایبەتمەندیی دیکەی داهێنراوی یارسان:

بەر لەوەی هەندێک تایبەتمەندی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بۆ شیعری لیریکی هەورامی بخەینە ڕوو، پێویستە پێشتر ئاماژە بە هەندێ تایبەتمەندیی شێوە و ڕوخسار بدەین کە داهێنراوی نێو ترادسیۆنی شیعری ئاینی یارسانن و دواتر بوونەتە نەریتی شیعری لیریکی هەورامی : وێڕای ئەوەی لە قۆناغێکدا (واتە قۆناغی گەشەی ئاینی یارسان )ئەرکی ناوەڕۆکی شیعری هەورامی، گەیاندنی باوەڕ و دیدەکانی ئاینێک بووە، بەڵام داهێنەری چەند تایبەتمەندییەکیش بووە کە دواتر بوونەتە تایبەتمەندیی گشتیی شیعری هەورامی و شیعرناسانی هەورامی دیارییان کردوون، لەوانە:

ا-جەمشیدی، توێژینەوەیەکی سەربەخۆی لەبابەت قاڵبی شیعریی یارسان هەیە و لەوێدا پێی وایە : لە شێوە و ناوەڕۆکی شیعری ئەم ڕێچکەیەدا، جۆرێک لە لادان و شکاندنی نەریتی باوی دەربڕین دەبینرێت . ئاماژە و چۆنیەتیی ڕیتمە مۆسیقییەکە یان بە واتایەکی دیکە ئاهەنگ و مۆسیقای نێو شیعرەکە، لەگەڵ ناوەڕۆکی شیعرەکەدا یەک نایەتەوە و هاوئاهەنگ نییە؛ لە هونەری مۆسیقای شیعردا، بەگشتی کێشی هیجائی وروژێنەر، تایبەتە بە ناوەڕۆکی شاد و حەماسەت خولقێن؛ بەڵام ناوەڕۆک و چەمک و بابەتە شیعرییەکانی ئەم قۆناغە، ڕێوڕەسمی ئاینی، عیرفان و ستایش ئاینی و مەزهەبییە، کە بە کێشی شادی هیجائی و پڕلە ئاهەنگی وروژێنەری مۆسیقی، هۆنراونەتەوە . هۆکاری خەملێنی ئەم ڕێچکەیەش دەبێت لە سەرنجڕاکێشانی خەڵکی و پەسەندکردنی پەیڕەوان و شێوازی گەیاندنی خێرای ئەم جیهانبینییەدا بۆی بگەڕێین . (بڕوانەجمشیدی ١٣٨٦: ٩٣ ).

ب-بابەتێکی دیکە کە زۆر لە توێژەران ئاماژەیان پێ داوە، دەسپێشخەریی بەکارهێنانی جۆرێکە لە سەروا کە لە داهێنانە شیعرییەکانی ئاینی یارسانی هەورامی ئەژمار دەکرێت و پێشتر لەم چەشن و نموونەیە لە شیعری فارسیدا بەرچاو نەکەوتووە، مەبەست بە دووبارە کردنەوەی نیوە دێڕی سەرەتای هۆنراوەکەیە لە نیوە دێڕی دووەمیشدا کە هەمان سەروایان هەیە، هەمان وشە لە ئاستی ڕیزبەندیدا لەگەڵ نیوبەیتی سێهەم و چوارەم، دەبێتە هاوقافییە، کە هارمۆنییەکی دەنگی تایبەت دەداتە شیعرەکە و دووبارە کردنەوەشی، بایەخ و جەختکردنەوەیە لە ناوەڕۆک و پەیامەکە . ئەم شێوازە، دوواتر بووە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعری هەورامی .

## ٨-تایبەتمەندیی ناوەرۆکی شیعری لیریکیی هەورامی:

ئەگەرچی شیعری لیریکیی هەورامی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە زۆر بابەتی لە خۆگرتووە، بەڵام بە گشتی دووبابەتیان زۆر بەرچاون و لە ڕووی هونەری دەربڕینی ئەو مەبەستە شیعرییانەوە داهێنانی گەورەیان تێداکراوە؛ ئەوانیش هەردوو بابەتی (وەسفی جوانیی ئافرەت ) و (جوانیی سروشت) ن، هەر بۆ کلۆمکردن و ئەنجامگیریی ئەم بۆچوونانە، ئەم گۆشەنیگایەش دەخەینەڕوو :((لە شیعری گۆرانیدا مەرجە

بنەڕەتی و گرنگەکانی لیریک هەن . زۆربەی باسی ئەڤین و دڵداریی پاڵەوانێکە، کە یان هەست بە دووری و ئەشکەنجەی بەیار نەگەیشتن دەکات، یان ڕامانە لە سرووشتی شیرین و لە جوانیدا بێ وێنەی هەورامان و ناوچەکانی تری گۆراننشین . توێژاڵی ڕەگەز و دیمەنەکانی سروشت، چ وەک کەرەسە و ئامێری هونەری، یان وەک سەرەتا دامەزراندن و ئارایشتی ستروکتوورەی غەزەلەکان هەمیشە هەیە . زۆر جاریش هەر غەزەلی تایبەتی لە پیاهەڵدانی سروشتدا، یان داب و نەریت و جەژن و شایی و شینی مرۆڤی کوردی ئەم ناوچەیەدا –وتراوە و ئەدەبی گۆرانی بە تایبەتی و سەرجەم هیی کوردییشی پێ دەوڵەمەند کراوە )) . (محەمەد ٢٠١٨:٤٤ ) .

## ا–وەسفی جوانیی ئافرەت:

تێمەی جوانیی ئافرەت، نەک تەنیا لە نێو شیعری گەلانی جیهاندا دیاردەیەکی بەرچاو و باوە، بەڵکو مۆتیڤی زۆر تێکستی شیعری بووە . لە شیعری هەورامیدا، شاعیر بە چەشنێک جوانیی ئافرەت دەنەخشێنێ، وەک ئەوەی خوێنەر بخاتە بەردەم تابلۆیەکی شاکاری بەرجەستە، هەر لەم بارەیەوە وتراوە:(( هونەری وەسف، بە واتای نیگارکێشانی شیعری بە تایبەتی جوانیی ژن، هەروەک لە شیعری گەلانی دنیادا، ئاواش لە شیعری کوردیی بە گشتی و دیالێکتی گۆرانی (هەورامی ) دا بە تایبەتی گەیشتووەتە ئاستێکی بەرزی هونەری و بە شێوەیەکی وا دەربڕدراوە کە جوانیی ڕووالەتی و مانایی مرۆڤی سەرکەوتووانە نەخشاندووە)) . (محەمەد ٢٠٠٨ :١١٥٨ ) .

## ب–وەسفی جوانیی سروشت:

بە گشتیی زۆر لە لێکۆڵینەوەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە سروشتی جوانی هەورامان، سەرەڕای بە تێمە بوونی لە قاڵبی جیاجیای شیعریدا، بووەتە ئیلهامبەخشی دیدی ئیستێتیکیی زۆر شاعیر و شاکاری شیعری، هەروەها لە بارەی ئامادەیی بەهێزی سروشت لە شیعری هەورامیدا وتراوە :((سروشت هەمیشە بەشێکی بەرچاوی بەرهەمی شاعیرانی ئەم دیالێکتە بووە . بێجگە لە تەرخانکردنی غەزەلی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە، لە شیعر و نیگارکێشانیشدا ئەرکێکی هونەری گرتووەتە ئەستۆ و بەشێکی سیستێمی وێنەی شیعری و بونیادی پێکهێناوە )) . (محەمەد ٢٠٠٧ :٧ ) . لە لیریکی سروشتدا، شاعیرانی هەورامی بە چەندین چەشنی جیاواز سروشتیان نەخشاندووە و کردویانەتە مۆتیڤی گوزارشتکردن، زۆرجار تا ئاستی مرۆڤاندنی سروشت ڕۆیشتوە، ناوبراو لە گەلاڵەکردنی بیرو بۆچوونەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت: (( یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعری شاعیرانی هەورامان لیریکای سروشتە، باسی خەزانی پایزە، هەموو کاتێکیش لەگەڵ هەست و نەست و ئەندێشەی مرۆڤدا دەربڕدراوە، شاعیران بە میتافۆر (خواستن ) ی قووڵ و بەراوردی دانسقە و چاوەڕواننەکراو و دەربڕینی ناسک تابلۆیەکی تەواویان نەخشاندووە )) . (محەمەد ٢٠٠٧ :٧ ) .

ئاشکرایە مرۆڤاندن"personification"  کە ئەدەبناسان بە جۆرێک لە میتافۆری دەگمەنی دادەنێن، یەکێکە لە سیما دیارەکانی شیعری هەورامی و تەنانەت زۆرجاریش لە مەودا نەریتییەکەی دەردەچێت و دەچێتە چوارچێوەیەکەوە، کە (تشبیە مقلوب) ی پێ دەڵێن و دڵگیرییەکی دانسقە و تازە و بەهادار دەبەخشێتە ئاستی ئیستێتیکیی شیعرەکە.

دواجار ، لیریکی هەورامی دەربڕی خود و خودگەرایی شاعیرە، ئەمەش نەک تەنیا بە واتای (خود ) ی شاعیر کە نووسەری تێکستە شیعرییەکەیە، بەڵکو وەک وێناکردنێکی شاکارانەی خواست و هەستی هەموو خود-ێک کە دەبێتە خوێنەری شیعری لیریکی هەورامی، وەک ئەدەبناسان صفریان و سجادی ئاماژەیان پێ داوە :((خوێندنەوەی شیعری کلاسیکی کوردی هەورامی، ئەو دەرفەتەشمان پێ دەدات، بۆ خۆقوتارکردن لە فشارەکانی ژیانی ڕۆژانە و پەنابردن بۆ ئارامیی، پەناگەیەک بۆ ئارامی ڕۆحمان بدۆزینەوە )) . (صفریان+سجادی ١٣٩٠: ٤٧ ) . بە گشتی :((لیریکای گۆرانی شیعرێکی بە ڕاستی دەربڕی هەست و ئەندێشەی زاتیی مرۆڤە، بەهەردوو لایەنەکەیەوە، سا لەباربووبێ ژیان و بیرکردنەوەی، یان بە پێچەوانەوە )) . (محەمەد ٢٠١٨ :٤٥ ) .

لە کۆتایی ئەم پارەدا ، دەمانەوێت باسی کزی و نەبوونی دوو ژانری لیریکی : فەرد و دووبەیت لە ئەدەبیاتی دیالێکتی گۆرانیدا بکەین، ئەوەی کە ڕۆڵی لەم ڕووە وە لە چاو شاعیرانی تردا دیاربێت، شاعیری ناودارمان مەولەوی تاوگۆزییە، کە (٣١) فەرد و (٣٩) دوو بەیتی هەن . (بڕوانە دیوانی مەولەوی ١٩٦١ کۆکردنەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس) . هەرچی پەیوەندی بە ژانری فەردەوە هەبێت، ئەوە مەبەست لێی دوو نیوە دێڕی شیعری یەک قافیەییە و شاعیرانی پێش مەولەوی لەو کەرەسەیەی لەبەر دەستدا هەن، هیچکامیان فەردیان نەنووسیووە ...بەڵام ژانری دووبەیت - چوارینەیەکە کە لیریکی خۆشەویستی و ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و ئاینی دەگرێتەخۆ . دووبەیت لە گۆرانیی فۆلکلۆریی کوردیدا هەیە لە لیریکی گۆرانیدا و، وەک وترا -باو و بەربڵاو نییە . لە ڕووی (سەروا) وە ئەم دوو بەیتانە شێوەی جیاوازیان هەیە : (aa ba) و (aa bb) ن . لە دیوانی سەییدی هەورامیدا (٣) دووبەیت (بڕوانە دیوانی صەیدی ١٣٨٥: کۆکردنەوەی کاردۆخی) و لای ئەحمەدبەگی کۆماسییش، تاک و تەرایەک دوو بەیت هەن(بڕوانە دیوانی کۆماسی ٢٠١٢ : کۆکردنەوەی سوڵتانی )، بەڵام لە دیوانی شاعیرێکی جێگەدیاری وەک بێسارانیدا دووبەیت نییە...

دوای ڕانانی بۆچوونی هەندێک لەو ئەدەبناسانەی کە لە تایبەتمەندییە هونەرییەکانی لیریکی گۆرانی کۆڵیونەتەوە، دەگەینە ئەم ئەنجامەی کە، بەگشتی هەموو ئەو خاڵانەی خرانە ڕوو لەتایبەتمەندییە گشتییەکانی شیعری لیریکی هەورامین و چەردەیەکن لە ستایڵی شیعری لیریکی هەورامی لە ڕووی ناوەڕۆک و ڕوخسارەوە، لە پاری سێیەمدا و وەک سەرەتایەک فۆکوسی هەمەلایەنەی تایبەتمەندیی بەرهەمی شاعیرانی توێژینەوەکە : بێسارانی، سەییدی و کۆماسی دەکەین.

## پاری سێیەم

## تایبەتمەندیی شیعری شاعیران :بێسارانی ، سەییدی و کۆماسی

هەوڵ دەدەین لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە، وەک دوو ڕەهەندی ناساندنی ژانری شیعری، چەند تایبەتمەندییەکی ژانری لیریکی، لەسەرەتادا لای بێسارانی و دواتر لای سەییدی و کۆماسی بخەینەڕوو.

### تایبەتمەندیی لیریکی بێسارانی( ١٦٤١-١٧٠٢، ١٧٢٠) لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە:

وەک لە ئاماژە جیاوازەکانی پێشتردا هاتووە، بێسارانی، بە سوود وەرگرتن لە ڕەوش و نەریتی باو و خۆماڵی و میلیی پێش خۆی، بووە دامەزرێنەری ڕێچکەیەکی ئەدەبی و خاوەنی ستایڵی تایبەتی خۆی؛ بە جۆرێک کە : پەیوەست نەبووە و لاسایی ناوەڕۆک و وێنەو چەشنەکانی ئەدەبی بێگانەی نەکردووەتەوە . بۆ ئەوەی بە بەڵگە و نموونەوە بیسەلمێنین، کە شاعیرێک شایانی ئەوەبێت، لەسەر بنەمای کەلەپووری ڕەسەنی میلیی خۆی بە دامەزرێنەر و داهێنەری نەریتی شیعری دابنرێت، دەمانەوێت ڕانانێکی لایەنە هونەری و فیکرییەکانی ئەم جۆرە شیعرە بکەین.

#### ١-کێشی شیعری بێسارانی:

لە تایبەتمەندییە گشتییەکانی لیریکای هەورامیدا ، باسی ڕەسەنی و خۆماڵی بوونی کێشی (سیلاب) یان هیجائی و پەنجەمان کرد؛ بەڵام لێرەدا هێشتا مەودایەکی فراوان ماوە بۆ ئەوەی باسی تایبەتمەندیی ئەو ڕەگەزە لای بێسارانی بکەین، مارف خەزنەدار دەربارەی ئەم پرسە دەڵێت: ((شیعری بێسارانی بە گشتی لە ڕووی ڕوخسارەوە لەسەر کێشی دە کەرتی (سیلابی) دانراوە، بە زۆریش وەستان لە ناوەڕاست دەبێ ))... پاشان دەڵێت : ((... لە ڕووی قافیەشەوە جووت قافیەیە (مەسنەوی) (اا، ب ب، ج ج ...) . هەروەها بە زۆری نیوە دێڕی یەکەمی هەموو پارچە شیعرێک، تەنیا لە پێنج کەرت پێکدێ، هەندێ جار وەکو خۆی دەمێنێتەوە هەندێ جاری دیکەش هەر ئەو پێنج کەرتە دووبارە دەکرێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە نیوە دێڕی تەواو )) . (خەزنەدار ٢٠١٠ : ٥٢ )، ئەمەش بەڵگەی پاراستن و ئەمانەتداریی چەشن و شێوازە نەریتی و دێرینە خۆماڵییەکان و سەلماندنی پەیامداریی مێژووییە.

#### ٢-سەروای شیعری لای هەمان شاعیر:

وەک باسکرا، کێشی شیعری هەورامی، خۆماڵی و (سیلابی) هیجائیە و ئەمە سازدەری بنەڕەتیی ئاوازی دەرەکیی شیعرەکەیە و پایەیەکی بەدیهێنەری گونجان و هارمۆنیای ئاوازەیی شیعرەکەیە، دیارە تەواوکەرێکی نەریتیی مۆسیقای شیعرییش ڕەگەزێکی هونەریی ترە کە سەروا (قافیە) یە.

محەمەد پوور لە ماستەرنامەکەیدا کە دەربارەی شێوازی شیعرییە لای بێسارانی، دەڵێت : ((قافیە لە دیوانی بێسارانی دا لەسەر بنەمای سستمی فرەچەشنی و جۆراو جۆریی (DD- CC- BB- AA) داڕێژراوە، بەجۆرێک کە گونجاوبێت و سروشتییانە بێتەوە لەگەڵ نیاز و ئامانجی پەیامەکەی؛ قافیە لە کێش–ی هاوسەنگانەی شیعرەکانیدا وەک ڕەگەزێکی پێویست، لە بونیاد و پێکهاتەیدا، لەسەر عەرشی شیعر دایناوە . دەستەواژە قافییەکان لە شیعری بێسارانی دا لە وشە و دەستەواژە ڕەسەنەکانی زمانی هەورامین و زۆر بە کەمی وشەی عەرەبی و بێگانەی دیکە لە دیوانەکەیدا دەبینرێن )).(محەمەدپوور ۱۳۸۱ :۷۰) .

پێشتر ئاماژەمان بەوە دا کە لە نەریتی لیریکی هەورامیدا کاتێک نیوەی یەکەمی نیوبەیتی سەرەتای غەزەل وەک خۆی لە نیوەی دووەمدا دووبارە بوویەوە، ئەوا قافیە لە بەیتی یەکەم و دووەمدا یەکسانە و وەک یەکە . لە ڕووی تێکچڕژانی دەنگەکانەوە ئاوازێکی تایبەت دەداتە شیعرەکە .ئەم دووبارەبوونەوەیە بەڵگە و نیشانەی گرنگی و جەخت کردنەوەیە . لە ڕاستیدا کورتکردنەوەی ڕۆڵی سەروا و تەکنیکی بەکارهێنانی لای بێسارانی، بۆ ئەم چەند دێڕە، کاتێک دەردەکەوێت کە ئێمە لەبەشی کۆتایی و پراکتیکی شیکاریی شیعرەکانی شاعیرەکانماندا، لەوانەش بێسارانی، بنکۆڵی سەروا دەکەین لە دیدی ستایڵناسی نوێوە ، بۆیە لێرەدا هەر ئەمەندە هەڵوەستەی لەسەردەکەین.

## ٣–مۆسیقای شیعری لە لیریکی بێسارانیدا:

باسمان لە ئاوازداری و زرنگانەوەی شیعری هەورامی کردووە، بەڵام تایبەتمەندیی مۆسیقای شیعری لای بێسارانی وێڕای بەرچاوبوونی، چێژێکی ئەفسوناویی هەیە . مارف خەزنەدار دەستنیشانی جەوهەری ئەم نەریتە گرنگەی خەسڵەتی شیعر : ئاوازداریی، بەشێوەیەکی وردو قووڵ –کردووە :((شیعرەکانی لە خوێندنەوەدا سەما دەکەن، پێویستییان بە دەنگ خۆش نییە چونکە لە خوێندنەوەدا دەبن بە چڕین و گۆرانی . جۆرێکن لەو شیعرە گەردوونییانەی هەزاران هەزار ساڵ مرۆڤی کۆنی ئەشکەوت بە گۆرانی وتوویانە تا ئێستاش زیندوون )) . (خەزنەدار ۲۰۱۰: ۵۳ ).

## ٤–وێنەی شیعری لای شاعیر :

داڕشتنی وێنە شیعری لای بێسارانی، دیاردەیەکی هونەریی بەرچاوە و هەرکام لە پارچە شیعرەکانی وەک تابلۆیەکی نەخشێنراو وایە کە بە خوێندنەوەی هەریەکەیان نیگارێک لە زەینی خوێنەردا دەکێشرێت . ئەگەرچی ناوەڕۆکی شیعر و زمانی شیعر دوو بابەتی جیاواز و سەربەخۆن، بەڵام ؛چەردەیەک وشە و دەربڕین دەرئەنجام دەبنە وێنەی شیعری و لە ڕێی ئەم وشە و دەستەواژانەوە تایبەتمەندیی شێوازیی زمانی شیعری بێسارانی پێکدەهێنن و لە ئامێتەبوون و گونجانی ڕوواڵەت و واتای وشەکانی وەکو :"پاییز، خەزان، بەرگی خەزان ....هتد" وێنەیەکی زەینی و مانایەکی شیعریی

ئەوتۆمان لا دێننەکایەوە، کە تایبەتە بە جیهانی شیعری بێسارانی .ئەنوەر قادر محەمەد لە توێژینەوەی "مۆتیڤی پایز لە شیعرەکانی بێسارانیدا " بە تێر و تەسەلی لای لەم بابەتە کردووەتەوە و گرنگی و ئاستی هونەریی شیعری بێسارانی لەم ڕووە وە باسکردووە .لە ناوەرۆک و بابەتەکانی "وەسپی جوانی ژن-یش" دا، داهێنان و تایبەتمەندیی ستایلی بێسارانی لە وشە و دەستەواژە شیعرییەکانیدا دیار و بەرچاوە، بە جۆرێک وێڕای پاراویی دەستەواژەکان و پێکهێنانی پێکهاتەی نوێ لە وشەکان ، وێنەی نوێ و مانای نوێ لە تایبەتمەندییەکانی زمانی ئەم شێوازەی بێسارانین، لە چەشنی : (زوڵف دێز، زوڵف مشکین، زوڵف دراز، زوڵف حەبەش، چین زوڵف، زوڵف دەستەی سنبل، زوڵف کەمەند، زوڵف نەمناک ....هتد ) . لەم بابەتەشدا ناوبراو توێژینەوەیەکی هەیە کە هەموو ئەو چەمکانەی وەک سیمبوڵ لای بێسارانی باسکردووە.

## ٥-زمانی شیعریی شاعیر:

زمانی شیعریی بێسارانی: ڕەسەن، نەرم و ڕەوانە، لە هەمان کاتدا دێرینە، هەڵگری ڕەگەزەکانی زمانی گشتیی خەڵکی و فۆلکلۆری خۆماڵییە . کۆنیی ئەم زمانە زیاتر لە سێ سەد ساڵە، بەڵام سانایی و ڕوونی لەگەڵ نوێبوونی مانا و ناوەڕۆکدا، لەو تایبەتمەندییانەن کە وشە و دەربڕینەکانی بێسارانییان سەرڕێژکردووە . وێڕای ئەوەی بێسارانی فەرهەنگی تایبەتی بەکارهێنانی وشەی هەیە، چ لە گۆڕانکاری لە وشەی بێگانە بە دیالێکتی هەورامی(پێشتر باسمان لەوە کرد کە لە شیعری هەورامیدا شاعیرانی هەورامی کاتێک وشەی بێگانەی زمانەکانی عەرەبی و فارسیان بەکارهێناوە، بە جۆرێک گۆڕیویانن و کردوویانن بە هەورامی و نموونەشمان لای بێسارانی هێنایەوە) و چ لە خودی هەورامیشدا داهێنانی وشە و زاراوەی نوێی هەیە لە چەشنی :"پێوار " واتە شاراوە، "فیشتەر" واتە زیاتر، "شۆ " واتە برۆ، "ئایر" واتە ئاگر ......). لە زمانی شیعریی بێسارانیدا کۆمەڵێک دەستەواژە و زاراوە و پێکهاتەی شیعری لە چنینی دەربڕینەکانیدا هەن کە لە دیاریکردنی شێوەی هونەرییدا ڕێنما و سەرنجڕاکێش بوون.

## ٦-کورتبڕی:

چڕی دەربڕین و کورتبڕی، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ژانری لیریک، ئەدەبناسێکی ئەوروپایی هلن وندلر دەربارەی تایبەتمەندییەکانی شیعری لیریکی دەنووسێت : (( چڕییەکی زۆر، سەرهەڵدانی خۆبەخۆ و نائاگایانە، هەبوونی ئاوازێکی بەهێز و مانادار، جۆرێک لە پەیوەستبوونی هەست و دەنگ، بونیادێک کە پاڵپشتی ئەزموونی نمایشکراو یان دەربڕاو دەکات کە لە هاوشێوەیی و ناهاوشێوەییەکانی نێو ژیان دوورن..)) . (بروستر ١٣٩٥ : ١٢ )، ئەمانەش سیمای گرنگی لیریکی بێسارانین، وەک حەبیبیش دەڵێت : ((شیعرەکانی بێسارانی کورتن و کەم شیعری هەیە لە دە، دوانزە بەیت تێپەڕێت )) . (بێسارانی ١٣٩٦ :٢٧) . مارف خەزنەداریش لەو بارەیەوە دەڵێت : ((یەکێ لە خاسیەتە تایبەتییەکانی شیعری

بێسارانی بە ڕاستی نموونەی ئەو جۆرە شیعرەیە کە لیریکی پێ دەڵێین، واتە شیعرەکانی کورتن ژمارەی دێڕەکانیان کەمە، لەناو پارچە غەزەلەکانیدا لە سێ دێڕە شیعرییەوە (هەر دێڕی دوو نیوە دێڕە ) تا دە دێڕە شیعری دەبینرێن )) . (خەزنەدار ٢٠١٠ :٥٣ ).

هەرلە درێژەی خستنەڕووی ئەو خاڵانەدا، دەتوانین ئاماژە بە هەندێ تایبەتمەندیی شیعری شاعیر لەڕووی ناوەڕۆکەوە بدەین، لەوانەش:

## ٧-شیعری عیشق وخۆشەویستی:

بە گشتی باس لە تێمە و مۆتیڤی شیعری لیریکی دەکرێت، بابەتی عیشق و خۆشەویستی بەجۆرێک دێتەپێشەوە، وەختە بڵێین شیعری گۆرانی هەر بۆ دەربڕینی ئەو تێمەیە داهێنراوە . ئەم بابەتە لە شیعری بێسارانیدا بەجۆرێکە کە هەوێنی شیعرەکانییەتی بەگشتی، وەک توێژەری پێشووتر ئاماژەی بۆ دەکات :(( هەوێنێک لە عیشق و خۆشەویستی لە دڵی شیعرەکانی دا هەیە)) . (بێسارانی١٣٩٦ :٢٧ ). بەگشتیی لای بێسارانی بابەتی دەربڕینی هەست بۆ جوانیی خۆشەویست و سروشت ئاوێتە کراون، بەڵام جوانیی یار و مەعشووق ئامانجە سەرەکییەکەیە و سروشت زۆر جار بووەتە کەرەسەی دەربڕی جوانیی یار و بە مرۆڤ کراوە : ((ناوەڕۆکی شیعری بێسارانی بە گشتی خەریکی قەشەنگی دلبەر و جوانیی سروشتە، بە جۆرێک تێکەڵی یەکتری کردوون کارێکی قورسە مرۆڤ بزانێ مەبەستی سەرەکیی ئەو شیعرە چییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە لێکۆڵینەوە و هەوڵی ناسینی پسپۆڕییەتی شاعیردا دەتوانین شوێنەواری دڵداری و هەندێ سۆفیزم (عیرفانی) و بڕێکیش کۆمەڵایەتی بدۆزینەوە، دیارە لە ناو ئەمانەدا شیعری بەشە دڵدارییەکە لە هەموویان زیاترن )) . (خەزنەدار ٢٠١٠ :٥٣ ) .عەبدوڵڵا حەبیبی ئەم پرسە زیاتر ڕۆشن دەکاتەوە و دەنووسێت : (( شیعری عیشق و خۆشەویستی کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە شیعرەکانی بێسارانیدا دەبینرێت و زیاتر ئەو پارچە شیعرانەی کە بە (چراخ)، (زلێخا)، (شیرین)، (قیبلەم) دەست پێ دەکەن، دەکەونە چوارچێوەی ئەم بابەتەوە؛ پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییەش بدەین کە بەشە شیعرییەکانی دیکەشی هەر هەوێنێک لە عیشق و خۆشەویستی تێدایە)) .(بێسارانی ١٣٩٦ :٢٧).

## ٨-شیعر بۆ سرووشت:

دیارە سروشتی جوانی هەورامان ئیلهامبەخشی زۆرێک لە شاعیرانی ئەو دەڤەرە بووە، هەروەها ئەوانەشی کە هەورامی نەبوون . بێسارانی لەو شاعیرانەیە کە سرووشتی هەورامانی زێدی بەشێکی گەورەیە لە هەوێن و ئیلهامی وێنە شیعرییەکانی، وێنەگەلێک کە لە دەربڕیندا بزواو و دینامیکی و دوورن لە (تصنع) و زۆر لەخۆکردن.

ئەنوەر قادر محەمەد لە باسی ناوەڕۆکی غەزەلەکانی بێسارانیدا فۆکوسی لەسەر مۆتیڤی سروشت و بەتایبەتییش پایزە و بەم جۆرەش پۆلێنبەندییان دەکات :((غەزەلەکانی بێسارانی لە ڕووی باس و ناوەڕۆکیانەوە جیاوازن و چەند جۆرێکن:

-شاعیر هاوخەمە لەگەڵ وەرزی پایز-خەزان و گەڵاوەریندا.

-شاعیر دوورە لە یار و خەزان لە نەمام و درەختەوە دەوەرێتە سەر خاک.

-جار و بار کەش و هەوای خەزان لە باری دەروونیی شاعیر باشترە.

-یان شاعیر -پاڵەوانی لیریکی سەیری خەزان دەکا و لە دەوروبەر و شتەکان دەڕوانێ و ڕادەمێنێ، ...زیاتر بابەتەکان لەم جوغزانەدا دەخولێنەوە )) . (محەمەد ٢٠٠٧: ٨ ).

لەناو بابەتی سروشتدا، پایز و خەزان بوونەتە شوناس و تایبەتمەندیی شێوازیی بێسارانی. حەبیبی لە بارەی ئەم خاڵەوە وەک تایبەتمەندییەکی بێسارانی دەنووسێت : ((شیعری خەزان و پاییز کە لەو پارچە شیعرانەدا خۆی زیاتر لە گەڵایەکی داوەریوو بە دەردەدارتر دەزانێ و لەگەڵ خەزان دەردی دڵ دەکات و ئەو تابلۆیانەی کە بە گەڵا ڕەنگا و ڕەنگەکان نەخشاوە، ئەو بە کاری دەستی سوەیللی دەزانێ و لە شیعرەکانیدا بۆمان دەنوێنێ . لەبەر ئەم پارچە شیعرانەی دەتوانیین بێسارانی بە شاعیری (خەزان)، (پاییز)، (سووەیل) ناوزەد بکەین)) . (بێسارانی ١٣٩٦ :٢٨).

بێسارانی شیعری بۆ وەرزی بە هاریش هەیە، یاخود ڕاستتر بڵێین گوزارشت و تێگەیشتنی تایبەتی بۆ بەهار هەیە کە تایبەتمەندییەکی دیاری بێسارانییە و پێچەوانەی زۆرینەی شاعیرانە؛ نووسەری ناوبراو بەردەوام دەبێت و لەم ڕووەشەوە ئاماژە بەوە دەکات : ((شیعری بابەتی بەهار، کە لە زۆریاندا بێزارە لە بەهار، چونکە بەهار وەرزی دەرهاتنی گوڵانە و ئەمیش دوورە لە گوڵی خۆی، هەروەها بولبول دەگات بە گوڵ لە کاتێکدا بێسارانی ئەمە داخە لە دڵی دا و بۆیە بەهار بەلایەوە جوان نییە )) . (بێسارانی١٣٩٦ :٢٨).

هەر لە چوارچێوەی وەسپدا، وێڕای وەسپی پایز و بەهار، وەسپی دیکەشی هەیە کە وەک وتمان ئاوێتەکردنی سروشت و مەعشوق و وەسپکردنیانە :لە نموونەی ئەو پارچە شیعرانەی کە وەسپی سروشتی شوێنێکی کردووە و بە جوانی ڕازاندوویەتییەوە، وەکو پارچەشیعری (تاف دێوانە) و شیعری (هەبڵی جام جەم).

هەروەها چەند پارچە شیعرێکی هەن کە لە هەریەکێکیاندا وەسپی گوڵێک دەکات و لە کۆتاییدا ئەو گوڵە دەچوێنێ بە (باڵا)، (زوڵف)، (خاڵ) و ....یارەکەی . ئەمە یەکێک لە بنەما ئیستێتیکییەکان کە ستایڵی تایبەتی بێسارانی خۆیەتی، وەکو پارچە شیعرەکانی (ڕێحانێو مەبۆ پەل دێز بێ گەرد )،

(سۆسەنێ مەبۆ، سۆسەن وەش وەخت )، (لێوە لەولاوێ مەبۆ نە چەمەن ) . (بیسارانی ١٣٧٥ : ٢٩٨-٣٣٦-٤١٣).

ئەگەرچی بابەتی شیعری ئاینی و عیرفانی لای بێسارانی لە کەرەسە و بیرکردنەوەی ئاینی خاڵی نییە، بەڵام بەگشتی شاعیرێکە بە مانا باوەکەی نە سۆفی بووە و نە عارف، بەڵکو زۆربەی شیعرەکانیشی بابەتی عیشقی مەجازین، لەم بارەیەوە وتراوە : ((شیعری بێسارانی بە بەراورد بە هی شاعیرێکی وەک مەولەوی تاوگۆزی و شاعیرە سۆفییەکانی تردا، ئەو مەودا سۆفییە زاڵەی نییە، بەڵام نەیمان لەوەش نەکرد، کە لەو پەیوەندییە دینامیکییەی هەردوو جۆرە خۆشەویستییەکەدا، ناکرێ شیعری بێسارانی لە هەندێ ڕوواڵەت و مانای ئاینی -سۆفی بە تەواوی بە دووربگیرێ ...)) (محەمەد ٢٠٠٨ :١١٥٨).

لە کۆتاییدا و لە گێژوتەتەڵە و شیکاریی شیعرەکانیدا لە ئاستی جیاجیادا مرۆڤ دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە بێسارانی هەژموون و کاریگەریی لەسەر شاعیرانی هاوسەردەم و دوای خۆی هەبووە.

## تایبەتمەندیی لیریکی سەییدی (١٧٨٤-١٨٥٤) لە ڕووی شێوە و ناوەرۆکەوە :

شیعری سەییدی لە ڕووی چەندییەتییەوە زۆر نییە، ئەوەی لە دیوانەکەیدا لە لایەن موحەمەد ئەمینی کاردۆخییەوە کۆکراوەتەوە، بە شیعری تێهەڵکێش و فارسییەکانیشیەوە (١٠٦٨) بەیت شیعرە.بەگشتی شیعری سەییدی لیریکە، وێڕای هاوبەشی لە تایبەتمەندییە گشتییەکانی شیعری لیریکی هەورامیدا، هەڵگری ئەم چەند تایبەتمەندییەیە کە لە خودی خۆیاندا دەبنە شێوازی تایبەتی شیعری سەییدی:

بەدوادا گەڕان و گومان لەسەر (سەییدی ) کەم نین، یەکێک لەو ڕەهەندانەی کە زەمینەیەکی بەرفراوانی بۆ توێژەرانی شیعری سەییدی خستووەتە سەر پشت، "دووانەیی " کەسایەتیی ئەوە لە هۆنراوەکانیدا کە لەگەڵ دوو شێوە ڕووبە ڕوو دەبینەوە : ئەگەر لەسەر بنەمای میتۆدی شێوازناسی و گەمەی زمانی نەکەوینە شیکاریی، ئەوا کەسایەتیی ئەم شاعیرە لە بۆتەی دژیەکبووندا دەمێنێتەوە . شیعرەکانی سەییدی هەرچەندە لە ڕووی دەربڕین و زمانەوە دوور لە یەک بن، بەڵام وێنا و دیدی گشتیی هەورامانی لانکەی سەرهەڵدانی سەییدی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە (سەییدی ) ناتوانێ لە یەک کەسایەتی زیاتربێت . لەسەر بنەمای ئەو دیدە، دووانەیی وێنای سەییدی ڕەنگدانەوەی بەتوانایی و باڵادەستیی شاعیرە بەسەر هەردوو شێوە زمانی کۆن و نوێی هەورامیدا، ئەم پرسەش لە زووەوە چارەسەر بووە . هەر لەبەر ئەمەشە کە ناتوانین زۆر هیوا لەسەر ڕای هەبوونی دوو شاعیر هەڵبچنیین. ئەوە کارامەیی زمانی شیعرییە کە شیعرەکانی لەلایەن کەسانی شارەزا لە شێوازناسی، بووەتە مایەی پەسەندی و چێژلێوەرگرتن . بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵە گرنگە، ئێمە دەتوانین بابەتی دووانەیی زمانی شیعریی دیاری بکەین . وەک دوو توێژەر باسی دەرهاویشتەکانی ئەم دیدە دەکەن بۆ سەییدی و دەڵێن : ((...ئەم بەکارهێنانە جیاوازەی زمان لە شیعرەکانی سەییدیدا تەنانەت هەندێک لە لێکۆڵەرانیشی تووشی گومان و وەهم کردوون و(بابا مەردۆخی ڕۆحانی ) بە پشت بە ستن بە زمانی شیعری، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە سەییدی دەبێت دوو کەس بووبن، چونکە دوو زمانی بەکارهێنراوی شیعری لە دیوانی شاعیردا بەرچاو دەکەون، بە چەشنێک جیاوازییان هەیە لە زمانی دەربڕینی شیعرییاندا کە ئاسان نییە ئەو بڕوایە پەسەند بکەین کە یەک شاعیر ئەم هەموو شیعرانەی چڕیووە )) . (صفریان +سجادی ١٣٩٠ :١٢) .

ئەمە وەک ئەرکی زانستی و واقیعی بۆ خستنەڕووی تایبەتمەندییە شیعرەکانی سەییدیی، دەبێت ئاماژە بە شێوەی کۆن و نوێی شێوەی شیعریی ئەو بکەین.

١ -سەییدی لە شاعیرە دەگمەنەکانی شیعری هەورامییە، هەندێ شیعریشیی هەن کە بە کێشی دە بڕگەیی نین . ئەگەرچی ڕای پێچەوانەش هەیە، بەڵام شیعری سەییدی لە ڕووی کێشەوە، دەوترێت دووجۆر کێشی بەکارهێناون : یەکەمیان کێشی شیعری سیلابی خۆماڵییە کە لە دە بڕگەیی پێکهاتووە ؛

جۆری دووەمیان کێشی عەرووزی یە، مارف خەزنەدار لەم بارەیەوە دەڵێت : ((لە دیوانی سەیدیدا دەوروبەری بیست پارچە شیعر دەکەونە بەرچاو لەسەر هەندێ لە بەحرەکانی عەرووز هۆنراونەتەوە. ئەو بەحرە عەرووزییانەی شاعیر بەکاری هێناون بریتین لە هەزەج و ڕەمەل و ڕەجەز ....بەشێکی ئەو شیعرانەی لەسەر کێشی عەرووز دانراون ئەو شیعرانەن تێکهەڵکێشیان تێدایە، یا ئەوانەی هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسیی بۆ هۆنینەوەیان بەکارهێناوە، واتە مولەممەع . ئەو شیعرانەی بە کێشی عەرووزی حسێب کراون هەر نیوە دێڕێکیان شانزە بڕگەیە، ئەگەر ئەو نیوە دێڕە کەرت بکرێ دێڕێکی هەشت بڕگەیی لێ دروست دەبێ، ئەم کێشە ئەگەرچی عەرووزیشە، بەڵام دەچێتەوە سەر کێشی هەشت بڕگەیی شیعری میللی (فۆلکلۆری) کوردی خۆماڵی )) . (خەزنەدار ٢٠١٠ :٣٣١) . لەو شیعرانەشدا کە لەسەر کێشی بڕگەیین دەرچوون و لادان هەیە لە دە بڕگەیی (٥ X٥) و تاقیکردنەوەی چەشنی دیکەی بڕگەی خۆماڵی کردووە، لە نموونەی کێشی (٨) و (١٢) تەنانەت (١٦) بڕگەیی لە فەردەکاندا .

٢-لە ڕووی بەکارهێنانی قافیەوە، هەمان پسپۆڕی پێشوو، بەم جۆرە باسی تایبەتمەندییەکانی دەکات :((شیعرە عەرووزییەکانی یەکێتیی قافیەی تێدایە .....لە ڕووی قافیەشەوە بەم جۆرەیە (ا ا ا د ، ب ب ب د، ح ح ح د ) ە، تەنیا دوو بەیتی یەکەم نەبێ (ا ب ح ب ) یە )) . (خەزنەدار ٢٠١٠ :٣٣١) . بەڵام لیریکی دیکەشی هەیە کە ئەگەرچی بەکێشی عەرووزە و لەسەر بەحری ڕەجەزە (( بریتییە لە دوازدە پارچە و لە هەموو شیعرەکەیدا کێشی هەشت بڕگەیی بەکارهێناوە و لە ڕووی قافیەشەوە (ا ا ا م )، (ب ب ب م )، ( ح ح ح م ) ە، تەنیا دووبەیتی یەکەم نەبێ قافیەکەی ( ا ب ح ب )یە، واتە نیوە دێڕی دووەم و نیوە دێڕی چوارەم یەک قافیەیان هەیە ...)) . (خەزنەدار ٢٠١٠ :٣٣١).

٣-زمان و ڕیتمی شیعری: جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان جوانکاریی ئەدەبی و ڕیتم و ئاهەنگی شیعرەکانی کۆن و نوێی سەییدیدا هەیە، ئەدەبناسێک ئاماژەی بەمە داوە و دەڵێت :((لە دەقە کۆنەکاندا، سەرنجێکی ئەوتۆ بە جوانکاریی ئەدەبیی نەدراوە . ئاهەنگ قورس و قەڵسە . دەق لە خزمەت مەبەست و ویست دایە . بەهرەی ئەدەبی و هونەری پێوە نادیارە ...بەڵام لە شیعرە تازەکاندا، ئەو ڕەوتە پێچەوانە دەبێتەوە و ڕەوتی ئەدەب و بوونی شیعر، دێنە بەرچاو . بایەخە ئەدەبییەکان دێنە بەر سەرنج و زەوق و بەهرەی خاوەن دەق بە سیمای شیعرەکانەوە، بە دەنگە . ئاهەنگ، ڕەوان و هەست ناسک و لەزەت بەخشە )) . (مەحموودپوور٢٠٠٨ :١٩).

٤-هەر لە ئاستی زماندا : پێشتر، وەک بەڵگە نموونەمان لە فەرهەنگی وشەی شیعریی ناو دیوانەکەی سەییدی هێنایەوە بۆ بە هەورامیکردنی وشەکانی زمانی بێگانە و دیالێکتەکانی دیکەی زمانی کوردی، لە هەمان کاتدا هەوڵی داوە شێوازێکی خۆسازی زمانی و لەوەش زیاتر تایبەتمەندیی گەمەی زمانی بئافرێنێ... . سەییدی لە زمانی شیعریی خۆیدا سوودی لە هەموو کەرەسە و شێوەزارێک

وەرگرتووە بۆ وێناکردن و خستنەڕووی ئامانجەکانی : (کرمانجی ناوەڕاست، گۆرانی (کۆن و نوێ )، عەرەبی، فارسی و ...بە چەشنێک کە دەقێکی چنراوی ئاڵۆز لە دیوانەکەیدا پێکدێت کە بۆ خوێنەرانی ئەمڕۆ ئاسان نییە لەوە تێبگەن، کەسێک هەموو ئەمانەی پێکەوە چنیووە و چڕیووە . ئەم کارامەیی و توانایە لە داهێنانی دەربڕینی شیعریدا بە زمانی جیاواز و تەنانەت شارەزایی لە شێوە جیاوازەکانی شێوەزاری هەورامیدا، وەک بڵێی تەنیا تایبەتمەندیی سەییدییە . هەر ئەدەبناسی ناوبراو لەم ڕووەوە دەڵێت :((لە فەردەکاندا بە تێکەڵکردنی وشەی زمانە جیاوازەکان هەستاوە . بەم کارەش دەستی داوەتە جۆرێک گەمەی زمانی کە تایبەت بە سەییدی یە و پێشتر لەو، نموونەی ئەنجامدانی ئەم کارە، زۆر کەم ڕەنگە )) . (مەحموودپور ٢٠٠٨ :٢٤) . خەزنەداریش لەم بارەوە دەنووسێت : ((یەکێ لە دیاردە هونەرییەکانی سەیدی ئەوەیە تێکهەڵکێشی فارسی لە شیعریدا هەیە، لەو کەمتر تێکهەڵکێشی عەرەبی دەبینرێ، مولەممەعی زۆرە . بە تایبەتی زمانانی فارسی و عەرەبی لەگەڵ کوردیدا بەکارهێناوە . هەندێ جار لە لیریکێکدا تێکهەڵکێش و مولەممەع تێکەڵ بە یەکتری دەکا، لێرەدا بە ڕوونی دەردەکەوێ شاعیر توانای ئەوەی هەیە گەمەی شیعری لە بەرهەمەکانیدا بکا، ئەگەرنا ئەم جۆرە شیعرانە قسە لەگەڵ چێژ و خەیاڵ ناکەن، بەڵکو ئەقڵ خەریک دەبێ گەمەکان بدۆزێتەوە )) . (خەزنەدار ٢٠١٠ :٣٣٩) .

لە زۆر ڕوانگە و ڕەهەندی دیکەشەوە دەتوانین شیعری سەییدی لە ڕوی زمانەوە بنرخێنین، لەوانەش دوو دانەری تر جەختیان لەم شێوازەی شیعری شاعیر کردووە و دەڵێن: ((ئێمە بە بایەخ و پشک دان بە دیدی شێوازناسانەی شاعیر، بە خێرایی پەی بەو ڕاستییە دەبەین کە، نهێنی ئەو کەمەندکێشانەی کە گیانمانی بەرەو خۆی بردووە و ئەو ناسکی و ڕوونییەی کە دەیبەخشێتە سروشت و پەی بردنەکانمان، بێگومان خۆی لە "شێوازی دەربڕینی زمان " دا حەشارداوە . لەگەڵ ئەوەی شیعرەکانی ئامێتەیەکە لە چەشنێک لە غەمگینی و هێزێکی وروژاندن، بەڵام چەشنێک لە سروشتی سەتیر و گەمەی زمانی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە )) . (صفریان +سجادی ١٣٩٠ :١٣) . هەرلەم تایبەتمەندییەدا و دواجار لە ڕووی زاراوەسازییەوە، ئەدەبناسانی ناوبراو گەشە بە بیرو ڕاو بۆچوونەکانیان دەدەن : ((هۆنراوەکانی سەییدی لە زۆر ڕووەوە جێگای سەرنجن و دەرخەری تایبەتمەندیی لیریکی ئەم شاعیرەن . ئەگەر لە ڕووی زاراوەسازییەوە بە وردی سەیری دیوانەکەی بکەین، پەی بەوە دەبەین لە هەندێک شوێندا دوو شێوەی جیاوازی دەربڕین هەن : لە تایبەتمەندییە شێوازییەکانی سەییدی لە ئاستی دەنگ و وشەدا بریتییە لە سوود وەرگرتن لە پیتی (واو) لەبری (ئەلیف) کە لەشێوەی کۆنی زمانی قسەکردنیدا هەیە، بۆ نموونە "دیفونە " لە بری (دیوانە)، "فدیو " لەبری (فدای )، "لقومون " لە بری (لقمان )، "نەفومو " لەبری (نەفام )...هتد . تەنانەت لە شیعرە کۆنەکانیدا بۆ یەک زاراوە، سێ جۆر بەکارهێنان بەرچاو دەکەون، بۆ نموونە زاراوەی "ابدال " بەم شێوە جیاوازانەی خوارەوە بەکارهێنراوە :

أ- به شێوەی "ئەڤدال: "

زێدم چۆڵ و ماوام بەرۆ، پەی تە هەڕۆ

تاکەی ئەڤدال مشێۆبەرۆ، بەرگ و لەشیم دەوارەنێ

ب-بەشێوەی "ئەبداڵ: "

بێ دۆست خوێم ئەبداڵ بەرو، بێ زێدو مەنزڵ ماڵ بەرو

روزی نمی پرسد خبر زین بی نشان، المستغاث

ج-بەشێوەی "ئەپداڵ: "

هاوارمۆ پەی تە زەڕین، دڵ مەبیە ئەپداڵ و بەرین

ویل و کەش و کوو وەرمەرین، سەر سومەنوو سادار خوێم )) .(صفریان+سجادی ١٣٩٠: ١٤).

٥-وتاری پارادۆکسیانە: لەهەندێک دەقدا وتار، یان جارجارەش وێنە و دیمەنی دژیەک دەبینرێن کەلە تایبەتمەندیی شیعری لیریکی سەییدین:

ئەر ژیرنی شێتە، بگنە نە ڕای عەشق....

٦-سەمای وشە: سەییدیش سەر بەو ترادسیۆنەیە کە ڕیتم و مۆسیقای شیعری لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانییەتی کە هۆنراوەکانی دەبیستین هەست بە داهێنان و پڕیی ئاهەنگی شیعرەکانی و جۆش و خرۆشی ئاوازەیان دەکەین:

هارەی هەراسان هەردەی هەردە گێڵ

وەس دەور دە نە وێت چوون دیوانەی وێڵ .(صەیدی١٣٨٥: ٢٠٣).

٧-وێنەی شیعری لە لیریکی سەییدیدا: زۆر لە توێژەرانی بواری ئەدەبناسی کە دێنە سەر بابەتی وێنەی شیعری، بۆ هەردوو ئاستی (ئاسۆیی) و (ستوونی) پۆلێنی دەکەن، چونکە وێنەکانی کە خەیاڵ بە ئامانجی دەربڕین و گەیاندنی پەیام و جوانکاری لە شیعردا دروستی دەکات لە دوو هێڵی ئاسۆیی و ستوونی یەوە دێنە ئافراندن، ئەدەبناسی ئێرانی شەفیعی کەدکنی دەڵێت : ((ئەگەر بمانەوێت لەسەر هەرکام لەم دوو هێڵە، لە دۆخی خەیاڵدا، بدوێین، دەبێت باوەڕبکەین کە بەشی هەرە زۆری بایەخدان بە دەقی ئەدەبی، بەلای هێڵی ستوونی و ئاستی گشتی دەقەوەیە کە لە بونیادی شیعردا بنەمای سەرەکی و بنەڕەتین)) . (کدکنی ١٣٩٠ :١٧٥) ، بەڵام مەحموودپوور بۆچوونێکی جیاوازی لەم پرنسیپە هەیە و دەڵێت :((ئەدەبی ئەوساییی کوردی (شیعر)، هەروەک هی دەراوسێکانی (ئەدەبی فارسی و ئەدەبی

عەرەبی )، ئاوڕی کەمتری بەو گرنگییە داوە و لەسەر هێڵی ئەستوونی قسەیەکی ئەوتۆی بۆ کردن نییە )) . (مەحموودپوور٢٠٠٨ :٤١) . هۆکاری ئەمەش بەلای ڕەخنەگر و ئەدەبناسێکی وەک شەفیعی کەدکنییەوە دەگەڕێتەوە بۆ قاڵبی شیعری : ((بەرکورتی هێڵی ستوونی خەیاڵ لای شاعیرانی فارس، تا ڕادەیەک بۆ قەوارە و قاڵبی شیعری ئەوان دەگەڕێتەوە کە ڕووبەرێکی بەرفراوان لە جوانکاریدا بۆ خەیاڵاندنی ئەوان ناکاتەوە )) . (کدکنی١٣٩٠ :١٨٠).

بێگومان سەییدی خاوەنی وێنەی داهێنەرانەیە لە شیعرەکانیدا و لە ڕووی دابەشکردنی وێنەکانی بۆ هەردوو هێڵی ئاسۆیی و ستوونی، ئەویش لەو ڕێچکەیە بەدەر نییە کە ئاراستەی گشتیی وێنە شیعرییەکانی بە ئاستی ئاسۆیی دایە؛ بەڵام لە هەمان کاتدا خاوەنی شێواز و داهێنانی خۆیەتی، کۆمەڵێ شیعریشی هەن کە دەکرێت وەک ئاستی ستوونی لێی بڕوانین، هەروەک مەحموودپوور ئاماژەی پێ داوە :((هەرچەندە شیعری سەیدی هەورامیش لەو بازنەیە بەدەر نیە و بە شێوەیەکی گوژماوی نایێتە ترازان، بەڵام لێکدانەوە و هەڵپرژێواندنی بەرهەمەکانی، ئەو ڕاستیە دەردەخەن کە ئەزموونکاریی ئەدەبی و وێنەسازی خەیاڵی لە چوارچێوەی فەردەکاندا هاتۆتە ئەکتیڤ و لە زۆربەی فەردەکاندا، وێنەو ئیماژی جوان و شاعیرانە بەدیارن )) . (مەحموودپوور ٢٠٠٨ :٤٤).

سەییدی لەڕووی ناوەڕۆک و تێمەی شیعرەکانییەوە، دەتوانین بڵێین لە جۆری لیریکی عاشقانە، لیریکی سروشتی، لیریکی شەخسی و بۆنەو موناسەبەیە؛ ئەگەرچی، وەک خەزنەدار دەڵێت :((بەزۆری بابەتەکانی شیعری سەیدی ئایینی و وەسف و بە تایبەتی دڵداری و سروشت . لەم مەبەسانە شیعری ئایینی نەبێ ئەوانی دیکەی بە زۆری ناوەڕۆکەکانی سەربەخۆنین و چوونەتە ناو یەکەوە )) .(خەزنەدار ٢٠١٠ : ٣٤٠).

٨-لیریکی عەشق لە شیعرەکانی سەییدیدا:وەک ئاماژەمان پێ دا، گرنگترین و بەربڵاوترین تێمەیە و هەر لەو ڕوانگەیەوە و لە چوارچێوەی شیعرە لیریکیەکانیدا، بایەخ و لاکردنەوەی لە چیرۆکە خۆشەویستییەکانی ئەم ناوچەیە هەیە، مارف خەزنەدار لەم بارەیەوە دەڵێت : ((سەییدی چیرۆکی قەیس و لەیلا کە قەسیدەییێکی پەنجاو یەک دێڕی شیعری دەگێڕێتەوە . ئەم جۆرە شیعرە لە لیریک دەژمێررێ، تەنیا ئەوەیە درێژە، هەرچەندە هەندێ لە مەرجەکانی چیرۆکی تێدایە، بەڵام نابێ بە چیرۆکی شیعری )) . (خەزنەدار ٢٠١٠ :٣٤٠).

وەک سەفەریان و سەجادی بڕوایان وایە، دەتوانین شیعرە عاشقانەکانی سەییدی دابەش بکەین بۆ : ((ئەو شیعرانەی چاوەڕوانی هاتنی یار تێیدا شەپۆل دەدات، ئەو شیعرانەی باسی پەیمان شکاندنی یار دەکات، ئەو شیعرانەی کە وەسپی یارن و شکۆی دەنوێنێ لە چوارچێوەی کۆمەڵێ لێکچواندندا، دواجار ئەو شیعرانەی کە لۆمە و سەرکۆنەی خۆی دەکات و لە بەخت و حاڵەتی دەروونی خۆی دەدوێت )) . (صفريان+سجادی ١٣٩٠ :٢٧).

ڕەشبینی و بێهیوایی بەرامبەر یار لە تایبەتمەندییەکانی نێو تێمەی لیریکی خۆشەویستییە لای سەییدی و لە زۆربەی شیعرەکانیدا ڕاستەوخۆ ناوی (شیرین) و (ڕیۆن) دەهێنێ و هەستی خۆی بۆیان دەردەبڕێت، ڕاستەوخۆ چوار پارچە شیعری بەناوی شیرین -ەوەن کە بە گشتی (٤٥) بەیتە . لە مەسنەوی یازدە بەیتی (شیرین کاڵانی) دا، بیست و یەک جار شیرین، بەناوی خۆی یاخود بە یار بانگ دەکات.

## تایبەتمەندیی لیریکی کۆماسی(١٧٩٣-١٨٧٦) لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە:

ئەحمەد بەگی کۆماسی، سێیەم و دوانموونەی شاعیری توێژینەوەکەمانە، لێرەدا بە کورتی هەندێک سەرنج دەربارەی تایبەتمەندیی شیعرە لیریکییەکانی دەردەبڕین . شیعری ئەحمەدبەگی کۆماسی نەک هەر بە دیالێکت بەڵکو بە تایبەت لەڕێی خاسییەتە ئەدەبی و شێوازەکانی دەربڕینییەوە، دەچێتە خانەی ئەدەبی شێوەزاری گۆرانی و بەشێکی بەپێزی شیعری گۆرانی و قوتابخانەی تازەی ئەدەبیاتی گۆرانە . وەک توێژەرێکی زمانی شیعری کۆماسی دەڵێت :((لە ڕێڕەوەی زمانیدا سرووودەی شاعیری کۆماسی سەر بە چینی دووەمی شاعیرانی ئەو مەکتەبەیە . ئەحمەدبەگ و مەولەوی یەک ترمی زەمانیان بینیوە و هەردوویان وان لە دەوری گەشاوەیی شیعری گۆرانیدا )) .(هاشمی ١٣٩٤ :٦٤ ) .

لە ڕووی شێوە و ڕوخسارەوە دەتوانین ئاماژە بەم چەند تایبەتمەندییەی شیعری بکەین:

١-لە ڕووی سەروا و کێشی شیعرییەوە، پێشتر باسمان لەوە کردووە کە شیعرەکانی شێوازی گۆرانی لەسەر کێشی بڕگەیین کە بەردەوامی و درێژەی گاتاکانی ئاڤێستا و شیعری ئاینی یارسان و ئەدەبیاتی زارەکیی یاخود فۆلکلۆرمانن؛ لە تایبەتمەندییەکانیشی، کێشی بڕگەیی دەقە کۆنەکانی نێو ڕێبازی گۆرانی تا ڕادەیەک درێژتر بووە، ئەدەبناسێک لەو بارەوە دەڵێت :((بەڵام بەرەی نوێی شیعری دیالێکتی گۆرانی بە زۆری لە درێژی بڕگەکان کەم ئەکەنەوە . دەقەکانی ئەحمەد بەگیش لەسەر کێشی بڕگەیین و زۆربەی شیعرەکانی دە بڕگەیین کە تایبەتمەندیی زۆرێک لە هاوسەردەمەکانییەتی )).(نیک پەی ١٣٩٤ :٣٠ ) . لەو بارەیەوە مارف خەزنەدار بەم چەشنە تایبەتمەندییەکانی دەخاتە ڕوو و دەڵێت:((لە بابەت کێش و قافیەوە هەموو ئەو شیعرانەی لە ناوەوەن لەسەر کێشی میللی خۆماڵی سیلابی دە کەرتی ڕێکخراون، وەستانیان لە ناوەڕاستدایە، قافیەیان جووت قافیەیە (مەسنەوی ) زمانی شیعری ساکارە، مانای وشە دیار و لەسەرەوەیە، وێنە شیعرییەکان ئاشکران . لە ڕووی ژمارەی دێڕی لیریکەکانەوە زۆربەیان لیریکی کورتن و وەکو هەموو لیریکی دیکەی شاعیرانی تر )) . (خەزنەدار ٢٠١٠ :٣٩٤ ).

٢-لە خوێندنەوەی دیوانی ئەحمەدبەگی کۆماسیدا، ئەوەی خێرا لامان دەردەکەوێت و کاریگەریی دەبێت لەسەرمان، ڕەسەنی و ڕوونییەکی فراوانە لەگەڵ سادەیی و بێ پەردەیی لە دەربڕین و شیعرەکانیدا و بە گشتی شێوازی سادە و ڕەوانە . سەفەریان کە توێژەرێکی ئەدەبیاتی هەورامییە، دەڵێت :((لە شیعرەکانی دا، خواستنی ناباو، ئاماژەی دوور لە زەین و گەمەی زمانی لەو چەشنەی کە بەگشتی شیعرەکە ئاڵۆزبکات و (تصنع) تیا دروست بکات، لە شیعری کۆماسی دا بوونی نییە، لە شیعری ئەودا ڕووبەڕووی قووڵیی ئەندێشە و ئاڵۆزیی وێنە نابینەوە . لە دیوانەکەیدا ڕیشەی (ملمعات) یش بوونی نییە . پڕی و سەنگینی، هاوڕێ لەگەڵ بزێوی و چابوکی لە تایبەتمەندییەکانی مۆرکی شیعری ئەوە . ئەم تایبەتمەندییە تا سنوورێکی زۆر پەیوەستە بە هاوئاهەنگی و تێکەڵی هەموو ڕەگەزە

شیعرییەکانی لە نموونەی ڕێزمان، ناوەڕۆک، وێنەی خەیاڵ و گونجاوی و پێکەوە هاتنەوەیانە لە چنینی شیعرەکەدا . سێ تایبەتمەندی بەرجەستەی شیعری کۆماسی، کە (کورتبڕی) و (ڕوونیی ) و (ئەدەبییەت یاخود شیعرییەت) ە، ئەوی لە نزیکەکانی جیاکردووتەوە )) . (صفریان ١٣٩٤ :١٣٤).

لەلایەک سروشتیبوونی شێوازی دەربڕین و لەلایەکی تر ناسکی و جوانی کە زادەی هارمۆنیبوونی مۆسیقا و وێنەی شیعرییە، نەمرییان داوەتە شیعرەکانی . وێڕای ئەوەی هەست بەوە دەکرێت بەگشتی ئەحمەدبەگ لە شیعرەکانیدا بایەخ و جەختی پتر لەسەر ناسکبێژیی زمان و بەهێزیی دەربڕینە تا ناوەڕۆک؛ ئەم ئەدەبناسەمان درێژە بە دید و ڕاکانی لەبارەی کۆماسییەوە دەدات و دەڵێت :((لە دیوانی ئەحمەد بەگ دا دوو جۆر زمانی دەربڕین بە ڕوونی دەردەکەون : لە شێوەی یەکەمیاندا، شاعیر لە زمانی ئەدەبی سەردەمەکەی خۆی سوود وەردەگرێ بۆ دەربڕینی هەستی عاشقانە و خودییانەی ناخی خۆی و هەر ئەمەش ڕاز و نهێنیی جوانی و نەمری ئەم بەشەیە لە شیعرەکانی . لەشێوەی دووەمدا، ئەو کاتانەیە کە شاعیر دەکەوێتە دەربڕین و گێڕانەوەی داستانە میللی و ئاینییەکان و لێرەدا ئیتر زمانی دەربڕینەکەی کەمتر ئەدەبییە . لەم شێوە و بەشە شیعرانەیدا، شاعیر ناچار پەنا دەباتە بەر ئالیگۆریا و چواندنی وێنەیی بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی . گرتنەبەری شێوازی ئاگایانە و مەبەستدارانەی "ئامۆژگاری" و "پەند" لەم جۆرەدا، بووەتە هۆی ئەوەی لە چاو شێوەی یەکەمدا کەمتر بینەری زبردەستی و جوانکاری دەربڕین بین . لەم شێوەدا، شاعیر زیاتر لە زمانی گفتوگۆ و زۆرجاریش سادە لە هەڵبژاردنی دەستەواژە و ڕستەکاندا، سوودی وەرگرتووە . نموونەی ئەم جۆرە لە بەکارهێنانی زمان، دەتوانیین لە چوارینە و دووبەیتییەکانی شاعیردا بە ڕوونی ببینیین . لەم بەشەدا بە هۆی پێکهاتەی ئاینی دەربڕینەکە، ڕستەکان بە گشتی سادە و هەواڵین و بە یەک دوو ئامڕاز پێکەوە بەسراون . بارنانی ئایدۆلۆژیا و مانا لە کۆڵی ئەم جۆرە ڕستە و دەستەواژانە، تا ڕادەیەکی زۆر لە شکۆ و ئەدەبییەتی شیعری کۆماسی کەم کردووەتەوە )) . (صفریان ١٣٩٤ :١٣٥) . بە گشتی دەتوانین بڵێین : ڕەوانی لە شیعرەکانی خاڵۆی کۆماسیدا، چ لە ڕووی کێش و چنین و ڕێکخستنی وشەکان و سەروا وە، تایبەتمەندییەکی لیریکی بەرچاوە و شیعرەکانی بە دوورە لە گرێ و گۆڵ و ئاڵۆزی؛ لەم بارەیەوە توێژەرێکی تر بەم جۆرە جەخت دەکاتەوە و دەڵێت :((شیعری خاڵۆی کۆماسی ڕەوانە و خۆش خوێن، زۆربەی وشەکانی تاشراون و جوان لە ناو دێڕدا جێگیربوون، ئەمە وێڕای ئەوەی هەرکام لە ئەندامانی ڕستە، لە بواری یاسای زوانەوانییەوە، لە جێگای خۆیا هاتووە و جێ بەجێ نەبوون . زۆربەی شیعرەکانی وەها ڕەوانن و بتەوێ وەریان گێڕی بۆ نەسر، پێویستی بە جێ بە جێ کردنی فعل و وشە نابێت و لە زۆر لاوۆ فعل لە ئاخری نیوە دێڕەکانۆ هاتووە و هەرخۆشی بووگە بە پاشەڵ .پاشەڵەکانیش(واتە سەرواکان-توێژەر)ڕەوانن و لە زۆربەیانا، هەم لە بواری وەزن و هەم لە بواری هیجاکانیانۆ، بەرابەرن، بێجگە لە چەن شوێنا، نوقسانی پاشەڵ بەرچاو ناکەوێ )) . (ئێرانپەنا ١٣٩٤ :٧٦ ).

تەنانەت ئەحمەدبەگ لە ڕووی بەکارهێنانی وشەی بێگانەوە، بە کەمی وشەی عەرەبی بەکارهێناوە و بە گشتی وەک پەیڕەوانی ڕێبازی گۆرانی، زیاتر کاریگەریی زمان و ئەدەبی فارسی پێوە دیارە . تەنانەت لە ڕووی تایبەتمەندیی بەکارهێنانی هونەری ڕەوانبێژیشەوە ، شیعرەکانی خالۆی کۆماسی بە زۆری شیعرگەلێکی ساکار و ڕەوانن و زۆر کەم کەڵک لە جوانکارییە (بدیع) شیعرییەکان وەرگیراون و ئەگەریش لێکچواندن و خوازە ببینین ئەوا زۆر سادە و سەرەتایین.

٣-یەکێکی تر لە تایبەتمەندیی شێوەی زمانی شیعری کۆماسی، پشت بەستنە بە زمان و فەرهەنگی زمانی گشتیی خەڵک، واتە ئەو شێوە و کەرەسانەی کە لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا بەکاردەبرێن ؛یەکێک لەوانەش لە بەکارهێنانی ئەو درکە، پەند و قسەی نەستەق و ئەفسانە و داستانانەدا دەردەکەوێت کە زمانی فۆلکلۆر بەکاریان دەهێنێت . لە نموونەی ئەم تایبەتمەندییە لە شیعرەکانیدا:

لەیلی من دەروون پڕ مەیلم پەی تۆ

قەیس قەتران پەرگ دۆجەیلم پەی تۆ . (کۆماسی ٢٠١٢ :٨٤ ).

لەم بارەشەوە، سەفەریان دەڵێت:((شاعر هەوڵ دەدات تا لە توانیدایە زمانی شیعری خۆی لەو دەربڕین و شێوە زمانە بێت کە خەڵکی گشتیی گفتوگۆی پێدەکەن .کاریگەربوون بە نەریتی باوی سەردەم و هونەرەکانی دەربڕین کە لە پەند و کلتوری زمانی ناوچەکەوە فێری بوو بوو ، بووە هۆی ئەوەی وشەی بێگانە بە تایبەتی عەرەبی، کەمتر لە شیعرەکانیدا هەبێت )) . (صفریان ١٣٩٤ :١٣٥) . لە لایەکی دیکەوە و لە ڕوانگەی تایبەتمەندیی زمانی شیعری کۆماسییەوە، سەفەریان پێی وایە : ((دیدی ڕۆمانتیکانەی هەست بزوێن و پشت نەبەستوو بە عەقڵانییەت، بووەتە هۆی ڕێگەگرتن لە زۆربوونی دەستەواژەی قورسی عەرەبی و پێدەچێت هەر ئەم هۆکارەش بێت کە خستبێتییە سەر ئەو ڕاو ڕەوشەی کە وشەی خۆماڵی بەلایەوە پەسەندتربێت لە دەستەواژەی عەرەبی . ئەحمەدبەگ لەو شاعیرانەیە کە لە ڕووی زمانی شیعرییەوە گرنگی و بایەخی داوە بە زمانی قسەکردن و گفتوگۆ و لەو وشەو دەستەواژانەی بەکارهێناوە)). (صفریان ١٣٩٤ :١٣٥).

٤-ئەحمەد بەگی کۆماسییش وەک شاعیرانی هاوسەردەم و پەیڕەوانی ڕێبازی گۆرانی پەیڕەوی فۆرمی مەسنەویی بەکارهێناوە کە وێڕای ئەوەی فۆرمێکی کۆن و سادەشە لە هەمان کاتدا لەگەڵ سادەیی و دڵڕفێنی زۆرێک لە دەقەکاندا تەبایە، لەم بارەوە ئەدەبناس سەیوان نیک پەی دەڵێت :((بەرهەمەکانی ئەحمەدبەگیش هەر لەسەر هەمان فۆرم دانراون و تەنانەت یەک غەزەڵ یان قەسیدەشی نییە ..)) .(نیک پەی ١٣٩٤ :٣٠ ).

٥-وەک تایبەتمەندییەکی ڕێبازی گۆرانی، شیعری کۆماسیش هونەری دووپاتکردنەوەی لە خۆگرتووە، هەم دووپاتکردنەوەی وشە و دەستەواژەکان هەم بەشی یەکەمی بەیتەکە . ئاواز و

مۆسیقای پیت کە لە دوو یان چەندپات کردنەوەی پیتێکە (دەنگدار یان بێدەنگ ) لە دێڕ یان نیوە دێڕێکدا، هۆی پێکهێنانی مۆسیقای ناوەوە و خۆشئاهەنگکردنی شیعرە و ئەم کارامەیی و هونەرەش توانای تایبەتی دەوێ؛ ئەدەبناسی پێشوو لەم بارەیەشەوە دەڵێت :((خاڵۆی کۆماسی بە شێوەیەکی زاتی، زوانی بۆ پاڵ یەک خستنی، ئەم جووانکارییە، رەوان بووە و دەنگی تیکراری پیتەکانی لە زۆر شوێنا، لەگەڵ مانای دێڕەکەدا، یەک ئەگرن )) .(ئێرانپەنا ١٣٩٤ :٧٥ ) . بۆ نموونە لەم هۆنراوەدا چەندجارێک دەنگی-پیتی (ش) ی هێناوەتەوە:

جوانیت ویەرد، وادەی پیریتەن

شێتە، شادیت شی، ها، زویریتەن . (کۆماسی ٢٠١٢ :٢٣).

یاخود:

قیبلەم تەنیای تاق، قیبلەم تەنیای تاق قیبلەم بەشق حەق تاقێ تەنیای تاق

تاق جەو تۆڕڕەی لوول وەردەی تاق تاق تاق جەو غۆنچەی نادرەی ئافاق

بدەر، وە باوە ئی تاق پەی ئەو تاق تا شاد بۆ وە تاق سەر لوح بان تاق

(کۆماسی ٢٠١٢ :٤٨ ).

٦-وێنەی شیعری لای ئەحمەدبەگی کۆماسی :دەربڕینی وێنەی خەیاڵیی ناڕاستەوخۆی مانای داپۆشراوە لە پشت وشەکانەوە و یەکێکیش لەو چەشنانەی وێنە کە پێکهێنەرێکی سەرەکی زانستی ڕونبێژییە، لێکچواندنە ؛ کامیل سەفەریان و سەیدە زەهرا سەجادی لە توێژینەوەیەکدا باسیان لە وێنەی خەیاڵ کردووە، وەک چەشنی وێنەی شیعری لە هۆنراوەکانی کۆماسیدا، بە کورتی ئەم چەند چەشنەیان لە وێنەی خەیاڵ لە ڕووی لێکچوونەوە خستووتە ڕوو:

وێڕای ئەوەی زۆربەی نموونەکان ڕوون و ڕاشکاون، بەگشتی چوار دەستە ڕووی لێکچوونمان لە هۆنراوەکانی کۆماسیدا بەرچاو دەکەون : یەکەم، ئەو لێکچواندنانەی کە ڕووی لێکچواندنیان لەسەر بنەمای ڕەنگە، وەکو (زوڵف قەترانی ). دووەم، ئەو ڕووی لێکچواندنەی کە شاعیر ئاماژەی بە حاڵەتی هەردوو لایەنی لێکچوێنراو کردووە، وەکو (ئەبرۆت وەک میحراب) و (قامەتت وەک نەی) . سێیەم، ئەو ڕووی لێکچواندنانەی کە شاعیر سەرنجی لەسەر شێوە و شکڵی هەردوولایە، وەکو (کەللەم وەک سەنتور) .چوارەم، ئەو چەشنە لە ڕووی لێکچواندن کە هەڵگۆزراوە لە سیفاتی مرۆڤانە (چاکی ، خراپی ، جوانی ) .(صفریان +سجادی ١٣٩٤ :١٦٤ ).

ئەوەی شایانی باسە، وێنەی شیعری لای ئەحمەدبەگی کۆماسی، بەگشتی لە چاوە وە سەرچاوە دەگرێ و ماددی و هەست پێکراوە، ئەوەی بە ئینگلیزی پێی دەوترێ(Visual)، نەک دەروونی و ئاسمانی . هەندێک جار شاعیر لە ڕووی ڕۆچوونەوە لێچوو فەزڵ دەدات بەسەر لەوچوودا ، وەکو:

هەراس بیم جە داخ شەوبۆی زۆڵف تۆ ناعەلاج چنیم دەستەی شەوبۆی کۆ

شایەد بۆی زوڵفت کەمێ بەیۆ لێش بەڵکەم زامانم کەمتەر کەران ئێش

چەند وە دڵ نیام بۆ وە بۆی شەوبۆ بۆش مدا، ئەمما نەک چون زوڵف تۆ.

(کۆماسی ٢٠١٢ :٤٦).

دواجار کۆماسی دیوانەکەی سەرڕێژە لە لێکچواندنی (بلیغ) لە نموونەی :

شەو و ڕۆ جە داخ زۆڵف و کولْم تۆ داوا و باسمەن چەنی شەو و ڕۆ

چون شەو، شێوەی زۆڵف مۆشکینت دارۆ رۆ، کەمێ شوعاع جەمینت دارۆ.

(کۆماسی ٢٠١٢ : ٦٠)

بێجگە لە ئەو بابەتانە، دەتوانین ئاماژە بە چەندین تایبەتمەندیی دیکەی زمانی لە شیعرەکانی خالۆی کۆماسیدا بدەین، لەوانە : دوورکەوتنەوە لە درێژکردنەوەی ناپێویست لە دەربڕینی مەبەست .شیعری لیریکیی ئەحمەدبەگی کۆماسی لە ڕووی ناوەڕۆک و بابەتیشەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، لێرەدا بە کورتی لێی دەدوێین:

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بدەین کە شیعرەکانی کۆماسی بەگشتی، ڕەنگدانەوەی دیدی ئەون بۆ جیهان و بوون، ئەو بۆ ئەوەی بتوانێت مەیل و سەرکەشی و نائارامییەکانی دەروونی ڕام بکات، پێویستی بە هونەرەکەی هەبوو . لەڕاستیدا ئەوەندەی کە شاعیر دڵشکاو دەبینرێت بەو ڕێژەیەش شیعرەکەی سەرنجڕاکێشتر دەبێت، بۆیە کاتێک گوێمان لە دەربڕینی هەست و سۆزی دەبێ، پەی بە ئاوازی ئارام و نەرمی نێو شیعرەکانی دەبەین.

مارف خەزنەدار لە بارەی ناوەڕۆکی شیعری کۆماسییەوە دەنووسێت : ((بەگشتی شیعری کۆماسی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لە مەبەسی وەسف و دڵداری لای نەداوە بۆ مەبەسە کلاسیکییەکانی دیکە و، هەروەها هەردوو مەبەسی تێکەڵ بە یەکتری کردووە . لە شیعری کۆماسی ئەو ڕاستییە دەردەکەوێ هەموو بەرهەمە ئەدەبییەکانی بۆ یەکێک دانابێ ناوی شیرین بووە، لە هەندێ شیعریدا ناوی شیرین دێنێ، لە شیعری دیکەیدا نازناوی "لەیلا"ی بۆ داناوە بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە "لەیلا" ی مەجنوون، خۆشی بەرامبەر بە قەیس دەبێ )) . (خەزنەدار ٢٠١٠ :٣٩٥ ) . هەر لە جوغز و چوارچێوەی ئەو مەبەستە

شیعرییانەدا دەتوانین ئاماژە بە چەند مەبەستێک یان تێمەیەکی شیعریی بکەین کە وێڕای ئاوێتەبوونیان و دەرکەوتنیان وەک دەرهاویشتەیەکی بابەتی سۆزداری و دەروونی، لە هەمان کاتدا وەک تێمەیەکی سەربەخۆش دەردەکەون ؛ لەوانە : بابەتی مەرگ و مەرگی لەیل، بێ هیوایی، دڵ و کارابوونی ڕۆڵی دڵ، دوورکەوتنەوە لە هەستی گاڵتە و گەپ و بەردەوام هێنانەوەی یادەوەریی تاڵی ڕابردوو و بە گشتی داخ و کەسەر و ڕەشبینی ڕۆمانتیکییانە.

زۆر لەو شیعرانەی کە بابەتی بێ هیوابوونن و ڕەشبینانەن، لە ئەزموونی قۆناغ و سەردەمی (تبعید) دوورخستنەوەکەیەوە سەرچاوەیان گرتووە کە زۆر جار مرۆڤی چاکەکار دەبێتە قوربانی . کە فشارەکان کەم دەبنەوە شاعیر شێوازی ئامۆژگاری و ڕێنمایی زاڵ دەبێت بەسەر شیعرەکانیدا و لێرەوەیە کە (دڵ) دەبێتە کوانووی ڕووبەڕووبوونەوە و داوا لە شاعیر دەکات لە کردارە شوومەکانی خۆیشی دڵگیر نەبێت:

دڵ وات : دێوانە سەرتا پا تەقسیر

جە کرداری شووم وێت مەبەر دڵگیر

لەنێو گشت مەبەستە شیعرییەکانیدا، ڕووداوی مردنی ژنەکەی بووەتە زەمینەی هێنانەکایەی بابەتی (مەرگ)، (خەمباری)، (شینگێڕی) . سەفەرییان لەسەر ئەم خاڵەی ناوەڕۆک بەم چەشنە جەخت دەکاتەوە :((لە دیوانی کۆماسیدا هەمیشە وێنەکانی ژیان و مردن لە بەرامبەر یەکدا دادەنرێن، هاوسەنگی نێوان دوو وێنەکە وردە وردە بە سوودی مۆتیڤی مەرگ دەگۆڕێت )) . (صفریان ١٣٩٤ :١٣٧).

مەرگی لەیل، مەرگ دەکاتە ئەو دێوەزمەی کە دەستەوسانە لەبەردەمی دا:

یادێ جە مەردەن، یادێ جە مەردەن

ئاخر چێش کەروون جە دەست مەردەن

لەبەرامبەر مەرگدا هێندە دەبێتە هەڵگری (خەم) کە پێی وایە ئامانج لە دروستبوونی خەم خواردنە:

فەڵەک پەی خەمان من پەسەند کەردەن

سەرتاپام خەریک ئالوودەی دەردەن

ڕۆی ئەزەڵ خاکم جە خەم سرشتەن

بەراتی ڕۆزیم جە خەم نوشتەن

شینگێڕی لە شیعری کۆماسیدا وەک مۆتیڤ و تێمە، ئەوەندە زاڵە کە (گڵکۆی تازەی لەیل) بووەتە شوناسی ئەحمەدبەگی کۆماسی و ناوبانگی جیهانی داوەتێ . ئەدەبناسێک لەبارەی ئەم تێمەوە، شیعری شینگێڕی، دەڵێت :(( بۆ خەمی لە دەستدانی مردوو و هێمنکەرەوەی حاڵی خاوەن مردوو، دەربڕینی پەژارە و خەم بۆ مردنی میر و خاوەن دەسەڵاتەکان، دۆستان و خۆشەویستان، قارەمانان، پیاوانی ئاینی، بەڵای سروشتی و کوشتنی بە کۆ و هەست بزوێنەکان سەبارەت بە دیاردەی مردن و ژیان وتراوە )) . (ئیمامی ١٣٦٩ :١٣٩) ، یەکێکە لە مەبەستە شیعرییەکانی نێو ژانری لیریکی (وەک دەربڕینێکی خودی) و، وەک پێشتریش باسمانکرد شوناسی شیعریی ئەحمەدبەگی کۆماسییشە، بە دیاریکراوی لە چامەی (گڵکۆی تازەی لەیل ) دا.

ئەم شیعرە کە ڤ . ف . مینۆرسکی وەسفی دەکات و فەزڵی دەدات بەسەر شاعیرێکی گەورەی فارسی وەک (خاقانی) دا و ناوبانگی ئەم شیعرە سنووری ناوچەیی تێپەڕاندووە، شیعرێکە کۆماسی بۆ لاواندنەوەی هاوسەرەکەی وتویەتی و لە ڕووی فۆرمەوە شیعرێکی دە بڕگەییە لە قاڵبی مەسنەویدا. ئەم شیعرە کە پەنجا و دوو بەیتە و زمانێکی سادە و پاراوی هەیە و ئاوێتەیە بە چەندین چەشنی هونەری لێکچواندن کە لە سروشتەوە سەرچاوەیان گرتووە . جوانی و شاکاریی ئەم شیعرە تەنیا لەیەک ڕووەوە نییە، دەتوانین بڵێین: سەرڕێژە بە هەستی ڕۆمانتیکییانە، دەربڕینی ناوەڕۆکی خۆشەویستییە بە شێوەیەکی نوێ و لە ترۆپکی ڕاستگۆییدا، وێڕای تراژیدی بوونی بابەتەکە شێوازی گفتوگۆی تێدایە کە شاعیر لە دەربڕینی هەستی خۆیدا پەنا دەباتە بەر شێوازی گێڕانەوە و دیالۆگ و وەک زیندوویەک لەگەڵ لەیل و گڵکۆکەیدا دەدوێت:

گڵکۆی تازەی لەیل، گڵکۆی تازەی لەیل *** ئارۆ شیم وە سەر، گڵکۆی تازەی لەیل

نە سایەی مەزار، ئەو لەیل پڕ مەیل *** نە دیدەم وارا، ئەسرینان چون سەیل

شیم وە سەرینش، وە دڵەی پڕ جۆش *** سەنگی مەزارش، گرتم نە ئاغۆش. (کۆماسی ٢٠١٢ :١٣١ )

هەروەها ژنە کوردناس و ئەدەبناسی ناوداری ڕووسیش، پەرە بە بۆچوونەکانی ڤ .ف .مینۆرسکی، لەبارەی لیریکی ئەحمەدبەگی کۆماسییەوە دەدات و دەڵێت : (( لە نێو ئەو شاعیرانەدا کە ناویان هات و بە دیالێکتی گۆرانی دەنووسن، شاعیرانی لیریک و دانەرانی پۆیەمای ئاینی، باڵایەکی دەگمەن و شاعیرێکی دیار ئەحمەدبەگی کۆماسییە، کە بە شیننامە شیعرییەکەی "گڵکۆی تازەی لەیل..." کە هاوسەرەکەی تێدا دەلاوێنێتەوە بەناوبانگە . گەلێک شاعیر هاوسەرەکانیان لاواندوونەتەوە و شیعری بەسۆز و هەستهەژێنیان بۆ نووسیوون، بەڵام هیچ یەکێکیان لە ناخەوە دڵی ویژدانی گوێگر و خوێنەر بە ڕادەی لاواندنەوەکەی ئەم گۆرانییێژە تا ئێستا کەم ناسراوە، ناهەژێنن)) .(ڕۆدینکۆ ٢٠٢٠ :١٨٩).

م .ب . ڕۆدینکۆ که توێژەرێکی ئاست بەرزی شیعری ئەحمەدی خانییشە، له کتێبی "شیعری دابی لاواندنەوه و شینامەی کوردی"دا، بەراوردی "گڵکۆی تازەی لەیل ..." ی ئەحمەدبەگی کۆماسی لەگەڵ لاواندنەوەی (زین) بۆ (مەم) له "مەم و زین"ی ئەحمەدی خانیدا دەکات و دەڵێت : ((هەردووکیان هەموو ڕەگەزەکانی پێکهاتەی نەریتی دەگرنەخۆ، پرسیاری ڕەوانبێژی، ڕووکردنه کۆچکردوو، سکاڵا له دەست تەنیایی، دڵەڕاوکه و بێئارامی به هۆی بیرکردنەوەوه لەوەی ئێستا باری مردووەکه چۆن بێت، داوای گەڕانەوه و هەوڵی ڕازیکردنی دەدات، له دووی دەگەڕێت، به واتایەکی تر هەموو تایبەتمەندییەکانی شین و لاواندنەوه دەگرنەخۆ )) . (ڕۆدینکۆ ٢٠٢٠ :٢٨٠).

به گشتی دەتوانین شیعرەکانی کۆماسی له ڕووی ناوەڕۆکەوه دابەش بکەین بۆ چەند مەبەستێک . بەشی زۆریان شیعری ئەویندارانەن که له دووری یاری دەناڵێنێت و داوای ویساڵ دەکات . ناڵین و هاوارکردن له دەس چەرخی چەپگەرد و جەفای ڕۆژگار بەشێکی تر له واتا و ناوەڕۆکی دەقەکانییەتی، ئاڵوگۆرکردنی نامه به زمانی شیعر لەگەڵ دۆستانی به تایبەتی مەولەویتاوگۆزیی بەرچاوه . شیعری "گڵکۆی تازەی لەیل "یش که -وەک وترا-بۆ کۆچی دوایی خێزانی نووسیویەتی له باشترین شیعرەکانی دێته ئەژمار.

دوای ئەم ڕانان و لێکدانەوه و شیکارییەی شیعری لیریکی گۆرانی (هەورامی) و هەوڵی نیشاندانی بابەت و بیر و لایەنه ئیستێتیکییەکانی به شێوەیەکی گشتی و لەبەر ئەوەی ناونیشان و جەوهەری نامەکەی ئێمە، لێکۆڵینەوەیه له لیریکی (٣) سێ شاعیری دیاری ئەم دیالێکته : بێسارانی، سەییدی و کۆماسی له ڕوانگەی شێوازناسیی هاوچەرخەوه، بۆیه بەشی دووەمی توێژینەوەکەمان، دەربارەی ئەم میتۆده و ڕەهەندەکانییەتی...

## بەشی دووەم

## شێوازناسی، پێناسە و ڕەوت و تایبەتمەندییەکانی

میتۆدی ئەم توێژینەوەیە "شێوازناسیی هاوچەرخ "ە، بۆیە بە پێویستی دەزانین، ڕانانێکی گشتی بۆ چەمک و ڕەهەندەکانی لە سێ پاردا بکەین : لە یەکەمیاندا دوای ناساندن و تەعریفکردنی چەمکی شێوازناسی، ئاماژەیەکی کورت بە نەریتی شێوازناسیی ڕۆژهەڵاتی دەدەین، لە دووەمیاندا باسی قۆناغە یەک بە دوای یەکدا هاتووەکانی ڕەوانبێژیی لە ترادسیۆنی ڕۆژئاواییدا دەکەین، چونکە زەمینەی ڕیشەی سەرهەڵدانی ستایڵناسیی نوێیە، لە پاری سێیەمیشدا هەوڵی باسکردنی ستایڵناسیی نوێ بە گشتی و میتۆدی زانای ڕووسی ناسراو ی.م.لۆتمان دەدەین: کە هەر توێژینەوەیەکی زانستی لە چوارچێوەی بونیادگەری و شێوازناسیدا کرابێت، بەبێ پەنابردنە بەر بۆچوونە تیۆرییەکانی زانای ناوبراو کە تایبەتمەند و هەمە لایەنەیە، ئەگەرچی چەقی میتۆدی ئەمیش هەر تێکست و جەختکردنە لەسەر شیکاریی تێکست –ڕەنگە ئاسان نەبێت و ئەنجامی چاوەڕوانکراو نەدات بەدەستەوە، لەبەر ئەوە هەوڵمان داوە دید وبۆچوونەکانی بە گشتی و لە شیکاریی لیریکی هەر سێ شاعیری توێژینەوەکەماندا بەتایبەتی، سوودی لێ ببینین و بەکاریان بهێنین... .

## پاری یەکەم

### ناساندنێکی چەمکی گشتیی شێوازناسی:

خستنەڕووی پێناسەیەک یان چەند پێناسەیەکی شێوازناسی، لە ڕووی لۆژیکی و زانستییەوە وا دەخوازێت پێشتر لەو زەمینە و هەلومەرجە بدوێین کە ئەم چەمکەی خستووەتەوە، چونکە وێڕای جیاوازی لە دوو ترادسیۆنی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییدا و تێپەڕاندنی چەندین وێستگەی مێژوویی، تێکەڵی و هاوشێوەییەک لە کایە جیاوازەکاندا هەن کە بە گشتی ڕوونکردنەوە و تیشک خستنە سەر کۆی ئەو جمگە و جەمسەرانە، بەشێکن لە پرۆسەی پێناسە و ناساندن . شێوازناسی بە مانای جیاواز و هاوواتا لە ڕێزمان و زمانەوانیدا و لە ڕەوانبێژی و ڕەخنەی ئەدەبیدا بەکاربراوە و زەمینە و کەرەسەکانیشی کاریان لەسەر کراوە، کەبریتی بوون لە : دەقی ئەدەبی، یاسا و ڕێساکانی ڕەوانبێژی و ڕێزمان و زمانی قسەکردنی ڕۆژانە . شێوازناسی، پەلی بۆ زۆر لایەن لە زانستی کۆن و نوێدا کێشاوە، کە زۆرجار جۆرێک ناڕوونی و تێکەڵبوونیشی لێ کەوتووەتەوە.

شێوازناسیی چییە ؟، ئەمە پرسیارێکی بنەڕەتییە و وەڵامدانەوەشی ئەرکێکی زانستییە، بەڵام لە هەمان کاتدا پرسیار گەلێکی دیکەش هەن پێویستییان بە وروژاندن هەیە و ئەگەر ئەم توێژینەوەیەش

وەلامدانەوەی تێر و تەسەلی بۆ هەمووی نەبێت، ئەوا دەرفەت لە بەردەم توێژینەوەی دیکەدا کراوە دەبێت تا ئەم کارە درێژە پێ بدات.

(د.عزالدين الذهبي) پسپۆڕی شێوازناسیی ئەدەبی، لە وانەیەکیدا بۆ خوێندکارانی دکتۆرا لە زانکۆی مەراکیش، ڕانانێکی کتێبی "شێوازناسیی چییە"ی هەردوو توێژەری فەرەنسی (پێرگیرۆ ) و( پێرکوینز)، کە بە فەرەنسی نووسراوە، داوە و بەکورتی ئاماژە بە هەوڵی هەردووکیان سەبارەت بە پێناسەی شێوازناسی کردووە و پێیان وایە : پێناسەکردنی شێوازناسی کارێکی سانا و ئاسان نییە و هۆکارەکەشی لە بنەڕەتەوە بۆ فرەواتایی چەمکی شێوازناسی دەگەڕێتەوە، فرەیی و جیاوازی نەک تەنیا لە ڕێباز و قوتابخانەو ڕێچکەی فیکرییدا، بەڵکو جیاوازی لەم ڕووە وە لە فرە چەشنیی پێناسە و سەرچاوە و جیاوازیی بایەخدانیاندایە.

لە پێناو کورتکردنەوەی دیدە جیاوازەکان و باسکردنیان، پێکەوە (٣٠) سیی پێناسەیان بۆ شێوازناسی هێناوە، سەرەتا بە بەکارهێنانە باوەکەی شێواز و شێوازناسی دەست پێدەکات کە شێوازی ژیانی ڕۆژانەی گشتی و چۆنیەتیی ڕەفتار و هەڵس و کەوتکردنە؛ دواتر پێناسەکردنی لە کایەی زماند، بەو پێیەی هۆکاری دەربڕین و گوزارشتکردنە لە بیر (فکر) بە هۆی ڕستە و وشەکانەوە، بەلام دەرکیان بەوە کردووە کە ئەم دوو پێناسە ساکار و پەسەندکراوە لە ئاستی گشتیدا، چەند کێشە و کەلێنێکیان تێدان، بەوەی هەموو خەڵکی و هەموو ڕەهەندەکانی ژیانیان لەخۆگرتووە و دەتوانین بڵێین : لە ڕاستیدا ئەم پێناسەیە بۆ "زمان" ڕاست دێتەوە .هەروەها تێبینی ئەوەیان کردووە، هەندێک پێناسەکانیان بۆ شێوازناسی لە ئاستی ڕاستەوخۆی گوتن و قسەکردندان، لە کاتێکدا هەندێکی دیکەیان ئامانجیانە زانستێک بۆ ئەدەب بونیاد بنێن، چەردەیەکی تریشیان خەریکی گرتنەبەری ڕەوشێکی هۆشیارانەن بۆ دەربڕین، لە کاتێکدا هەندێکی دیکە لە کۆششی ئەوەدان فاکتەرە شاراوەکانی ناهۆشیاری کە هەژموونیان هەیە لە بەکارهێنانی زماندا دیاری بکەن . هەندێک هەن لە توێژینەوەیاندا بۆ تێگەیشتن لە بیر و بابەتەکان، پەنا دەبەنە بەر پۆلێنی ئەو شێوازەی پێی نووسراوە، بۆ نموونە :گاڵتەجاڕانەیە، ڕوونە، ئاڵۆزە ...هتد، بە گشتی هەن کە لە ناوەرۆکەوە دەچنەوە بۆ شێواز و هەن بە پێچەوانەوە؛ هەر بۆیە هەردوو توێژەر پێیان وایە نابێت تووشی سەرسووڕمان ببین کاتێک ئەم هەمووە پێناسە زۆر و جیاوازەمان لە بابەت شێوازناسییەوە بەرچاو بکەوێت و هەندێک کات بگاتە ئاستی دژیەک بوون .(بڕوانە الذهبي، محاضرة مرئية:المحاضرة ١ ).

لە سێ فەرهەنگی تایبەت بە زاراوەی زانستی ئەدەبناسیدا، بەم چەشنە هەوڵی پێناسەی شێوازناسییان داوە : سیما داد، نووسیویەتی : (("سبک" بە مانای شێواز، لە بنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبییە و بە مانای بۆتە یان قاڵبی ئاڵتوون و زیو دێت، بەلام ئەدەبناسانی دواتر، سەبکیان بە شێوەی خوازە یان خوازەیی بە واتای شێوەیەکی تایبەت لە شیعر یان پەخشان بەکارهێناوە و بە نزیکی لە بەرامبەری

(style)ی ئەوروپپیەکان دایانناوە . وشەی فەرهەنگیی(style)  لە زمانی لاتینییەوە و لە (stilus) ەوە وەرگیراوە و مەبەست لێی ئامرازێک بووە بۆ نەخشاندن و هەڵکۆڵینی پیت و وشەکان بە سەر (لوح) و تاتە قوڕەکانەوە بەکارهێنراوە و هاوواتای پێنووس بووە.

لە ئەدەبناسییدا، شێواز، وەسیلەیەکە کە شاعیر و نووسەر بۆ دەربڕینی مەبەستی خۆیان هەڵیدەبژێرن، واتە شێواز، شێوەی دەربڕینە . شاعیر و نووسەر لە ڕێی شێوازەوە، کاریگەری و هەژموونی خۆیان لەسەر هەموو قۆناغەکانی نووسین؛ لە دیاریکردنی بابەتەکەوە بیگرە تا هەڵبژاردنی جۆری وشەکان و ئاواز و چۆنیەتیی داڕشتنی کۆی ڕەگەزە جۆراو جۆرەکان، بەجێدەهێڵن)) . (داد ١٣٩٠: ٢٧٥).

هەروەها لە "فرهنگ نظريه ونقد أدبی " دا هاتووە : ((پێناسەی شێواز :بە چەشنێک لە زمانی پەخشان یا شیعر دەوترێت، واتە شێوازێک کە نووسەران لە بەرهەمەکانی خۆیاندا دەیگرنە بەر . شێواز، بابەتەکانی :هەل و مەرج و ئامانجی ڕەوانبێژی، هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەکان، چەشنی بونیادنانی ڕستە و ڕێزمانیان و هەروەها سوودوەرگرتن لە زمانی داتاشراو و خوازەیی، ڕوونبێژی، جوانکاری، لە خۆدەگرێت . شێواز بە گشتی دابەشکراوە بۆ: باڵا یان ئاست بەرز، مام ناوەند، نزم )). (سبزیان +کزازی ١٣٨٨: ٤٦٧).

لە کتێبی "الموسوعة البلاغية" بەرگی سێیەمیشدا، دانەر هەوڵی داوە بابەتێکی گشتگیری وەک شێوازناسی بە چەند دێڕێک پێناسە بکات و دەنووسێت : ((شێواز، گوتەزایەکی بنەڕەتییە لە ڕەوانبێژیدا و لە هەمان کاتدا ڕۆشنبیرییەکی قووڵ لە خۆدەگرێت . شێواز، پێکهێنەری بەشی سەرەکی و بنەڕەتییە لەو پێنج قۆناغەی کە دیدی باو هەیەتی بۆ بەرهەمهێنانی دەقێک و تیۆریای پێنج ئەرکەکە یان هونەرەکانی ڕەوانبێژی کە لە کۆتایی و لە قۆناغی پێنجەمدا دەربڕین و پێشکەش یان گوزارشتکردنە . شێواز، لە پرۆسەی چنین و داڕشتنی دەقدا یەکلاکەرەوەیە، چونکە وەک دەقێک بەرپرسە لە چۆنیەتیی خستنەڕووی و هەر ئەویش (واتە شێواز) بوونێکی زمانیی دەداتێ و لەهەمان کاتدا بە بنەڕەت بۆ بیر و دەربڕینیش دادەنرێت، وەک کینتیلیان دەڵێت : بیرکردنەوەکانمان بەبێ شێواز هیچ بەڵگە و بیانوویەکیان نییە، وەک نموونەی شمشێری ناو کێلانن)) . (أ . سلوان ٢٠١٦ :٧٠٥).

لە کتێبی "تیۆریی ئەدەبی و شێوازناسی " بەرگی یەکەمدا، بە شێوەیەکی نوێ و فراوانتر پێناسەی شێواز و شێوازناسیی هاوچەرخ کراوە :((ستایڵ لە ئەدەبدا لە وشەی لاتینی (stilus) وە هاتووە، کە بەواتای "ئووچ" دێ، کە نامەی پێ نووسراوە، یان شێوەی نامەیە . ستایڵ پەیوەندییەکی پتەوی سیستێمی وێنەیە، ئامێری هونەری دەربڕینە، کە تایبەتمەندیی کەسیی داهێنانی نووسەرێ، تەنیا بەرهەمێ، ڕێبازێ، قوتابخانەیەکی ئەدەبی، ژانرێک، یان ئەدەبی نەتەوە و قۆناغێک نیشان دەدات .تایبەتمەندییەکی شێوازی دەربڕینە لە پەخشان یان شیعردا، چۆن نووسەرێک شتەکان دەڵێت،

شیکردنەوە و خەملاندنی ستایڵ، تاقیکردنەوەی نووسەرە لە چۆنیەتیی هەڵبژاردنی وشەدا، شێوەی زمانەکەیەتی، لادانییەتی (هی ڕەوانبێژی و لایەنەکانی تر )، شێوازی ڕستەکانی (ئاخۆ ئازادن یان هی زمانی ڕۆژنامەوانی و بڵاوکراوەکانن)، شێوەی پەرەگرافەکانی –لە واقیعدا و بە کورتی هەموو ڕووالەتەکانی دەربڕینی زمانەکەی و چۆنیەتیی بەگەڕخستن و بەکارهێنانیانە، لەڕووی سینتاکس، وێنە، ڕیتم یان بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی ناسکبێژییەوە ...هتد)) . (هاڵبێرگ و دانەرانی تر ٢٠١٨ :١٧٠) .پاشان هەمان سەرچاوە بەردەوام دەبێت و دەڵێت : ((ستایڵ پێویستی بە شیکردنەوە و پێناسەی تەواو هەیە . ئەمەش ئاسان نییە، چونکە ستایڵ دەنگ و ئاوازەی خودی نووسەرە، تایبەتە بە کەسایەتیی ئەوەوە ،وەک پێکەنینی، ڕۆیشتنی، دەسنووس و تەعابیری دەموچاوی، ستایڵ خودی کەسەکە – هونەرمەندەکەیە . جیاوازیی ستایڵ لە کاتیگۆرییەکانی تری پۆیەتیک (هونەری شیعر–دانان)، بە تایبەتی میتۆدی هونەری –لە بە ڕیالکردنی ڕاستەوخۆ و دیاریکراوی تایبەتمەندیی ستایڵدایە وەک ڕووالەتی دەرەوەی بەرهەمەکە، وەک تەبیعەتێکی بەرجەستەی بەرهەمەکە کە نیشانەی یەکێتیی بەرهەمەکە و هەموو ڕەگەزە هونەرییەکانی شێوەکەیەتی . ستایڵ –بە مانایەکی فراوانتر –ڕەنگدانەوەی چەمکی بونیاد و شێوازی هونەریی بەرهەمەکەیە، کە نیشاندەری یەکێتیی هەستپێکراوی کامڵییەتیی بەرهەمەکە و لایەنە هونەرییەکانییەتی)) . (هاڵبێرگ و دانەرانی تر ٢٠١٨ :١٧٠).

لە ئەگەری ئەوەی پرسیاربکرێت سەبارەت بە جیاوازی نێوان هەردوو زاراوەی (شێواز) و (شێوازناسی)، گۆڤاری "فصول " کە گۆڤارێکی ڕەخنەیی ئەدەبییە و ژمارەیەکی تایبەت کردووە بە شێوازناسی، لە یەکێک لە بابەتەکانیدا زۆر بە وردی لەسەر بابەتی گەشەی مێژوویی ئەم چەمک و زانستە وەستاوە و سەرەتا لەبارەی سەرهەڵدانی هەردوو چەمکی (شێواز) و (شێوازناسی) یەوە دەنووسێت : ((شێواز Le Style و شێوازناسی La Stylistiqueدوو زاراوەن کە لە توێژینەوەی ئەدەبی و زمانەوانیی هاوچەرخدا زۆر بەکار دەبرێن، بەتایبەتی لە زانستەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەوانبێژی و زانستی زماندا . لەسەر ئاستی ستونی و ئاسۆیی، بازنەی زاراوەی یەکەم فراوانترە لە بازنەی زاراوەی دووەم . مەبەستمان لە ئاستی ئاسۆیی، بەکارهێنانی هاوکاتیی زاراوەکەیە لە زەمینە و کایەی جیاواز و فرەچەشندا؛ مەبەستیش لە ئاستی ستونی، بەکارهێنانی یەک لە دوای یەکی سەردەمە بەدوای یەکداهاتووەکانە لە یەک کایەی دیاریکراودا . (درویش ١٩٨٤ :٦٠). وشەی شێواز لە ڕوانگەی مانای گشتی زمانەوانییەوە، دەتوانێت مانای (پێڕەو و ڕێسای گشتی ) بدات، کاتێک بۆ نموونە :لەبارەی "شێوازی ژیان " لای گەلێک، یا "شێوازی کار " لە شوێنێک دەدوێین . هەروەها لەوانەیە مانای "تایبەتمەندییەتیی کەس و تاکێک " بگەیەنێت کاتێک کە لەبارەی "شێوازی نووسەرێکی تایبەت " وە دەدوێین، یان باسی مەیلمان بۆ "شێوازێکی میوزیکی تایبەت "، یاخود چێژبینینمان لە "شێوازێکی کلاسیک" ی کەرەسە و کەلوپەلی ناوماڵ بێت . وەک هەمان توێژەر ڕای وایە : (( لە ڕێگەی ئەم دوو چەشنە وێناکردنە گەورەیەوە، بەکارهێنانی زاراوەی "شێواز " چووە نێو توێژینەوە ڕەوانبێژی و

ڕەخنەییەکان، چ وەک "پێڕە و یاسایەکی گشتی"؛ بەو چەشنەی لە توێژینەوە کلاسیکییە پێوەرییەکاندا بەکار دەبرا و هەوڵی بەدیهێنانی پرەنسیپی گشتی بۆ ئاستێک لە ئاستەکانی شێوازی دەدا، یان بۆ دەربڕینی چەشنێکی ئەدەبی، یاخود لەو ڕوانگەیەوە کە "تایبەتمەندییەتی تاکە کەسە "، وەک ئەو ڕێچکەیەی کە قوتابخانە وەسپییە هاوچەرخەکان، وێڕای جیاوازیی گۆشەنیگای وەسفکردنەکانیان، گرتوویانەتە بەر)). (درویش ١٩٨٤ :٦٠).

کەواتە ئەوەی لێرەدا زیاتر مەبەستی ئێمەیە ؛شێوازە وەک زاراوە و چەمکێکی دیاریکراو، بە واتایەکی تر لە چوارچێوەی ئەدەبناسیدا، ڕەنگە وەک دەگوترێت، تەنانەت لەم سەردەمەشدا هێشتا شێوازناسی ئەو هەژموونە زاڵەی بونیادگەریی نەبێت، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژیش وەک میتۆدێکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبناسی ڕووبەری خۆی فراوان دەکات و سیما و ڕوواڵەت و تایبەتمەندیی زانستیی پتەو دەکات، وەک لەو گۆڤارەی "فصول"دا بەردەوام دەبێت و دەنووسێت : (( ئاستێکی دیکەی سنووردارتر لە مانای دیایکراوی "شێوازناسی " ، کە کایەکانی زیاتر بایەخیان بە توێژینەوە ئەدەبییەکان دەدا؛ ئەگەرچی هەندێک توێژەر لە نموونەی جۆرج موونان، لە هەوڵی ئەوەدا بوون کایەکانی نموونەی هونەرەجوانەکان و تەلارسازی و میوزیک و وێنەکێشان بگرێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا خودی موونان دانی بەوەدا ناوە، تا ئێستا توێژینەوەی ئەدەبی بە پیتترین کایەیە لەم بوارەدا)) . (درویش ١٩٨٤ :٦٠). سەبارەت بە ئاستی ستوونی، کە مەبەست لێی قۆناغە یەک لە دوای یەکەکانی نێو کایەکەیە، (کە لێرەدا مەبەست توێژینەوەی زمانەوانی و ئەدەبناسییە)؛ لەم ڕوانگەیەوە زاراوەی شێواز، لە ڕووی پەیدابوون و بڵاوبوونەوەوە زۆر پێش زاراوەی شێوازناسی کەوتووە .فەرهەنگە مێژووییەکان –بۆ نموونە لە زمانی فەرەنسیدا ، بۆ یەکەمیان ، سەرەتای سەدەی پانزەیەم و دووەمیشیان سەرەتای سەدەی بیستەمی دەست نیشانکردووە .

هەر لە چوارچێوەی پرۆسەی هەوڵدان بۆ ناساندنی شێوازناسی، ڕانانێکی مێژوویی ئەم زانستەیە لە ڕووی دەستپێکی سەرهەڵدانی لە هەردوو ترادسیۆنی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایدا دەکەین.

## ڕانانێکی مێژوویی شێوازناسی:

ساناترین پێناسەی شێوازناسی، ڕەنگە ئەوە بێت : میراتگری ڕەوانبێژییە، هەربۆیە ناکرێت باسی شێوازناسی بکەین و نەچینە ناو بابەت و مێژووی ڕەوانبێژییەوە . شێوازناسی مێژوویەکی دێرینی هەیە و لەسەر بنەمای زانستەکانی ڕەوانبێژی و زمانناسی دامەزراوە؛ هێڵی قۆناغبەندیی یەک لە دوای یەکی لە ترادسیۆنی ئەوروپاییدا تا گەیشتنی بە سەردەمی نوێ ڕوونە و هەنگاوەکانی گەشەکردنی لۆژیکییانەیە، بەڵام ئەوەی جێگەی گومانە و بەڵگەی سەلماندنی دەوێت ئەو بانگەشانەی ڕۆژهەڵاتە کە ڕەوانبێژییە عەرەبی و ئیسلامییەکەی خۆی بەباشتر دەزانێ لە شێوازناسیی هاوچەرخ، یان خۆی بە

دەسپێشخەر و داهێنەری هەنگاوی یەکەم لە قەڵەم دەدات، یاخود لە هەوڵی دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و ئاشتەوایی دایە لە نێوان هەردوو ترادسیۆنەکەدا !، کە بێگومان ئەمە بابەتی ئێمە نییە و ئێرەش دەرفەتی درێژەدان بەو پرسە نییە، بەڵام وێڕای دەستپێکی مێژوویی لە ترادسیۆنی ڕۆژهەڵاتی، هەوڵدەدەین ئاوڕێک لەو کلتورەی ڕەوانبێژی و تایبەتمەندییەکانی بە بەراورد لەگەڵ شێوازناسیی نوێ، وەک بەشێک لە مێژووی شێوازناسیی ترادسیۆنی ڕۆژهەڵات بدەینەوە.

ئەگەرچی زۆر ڕا، گریمانەی ئەوە دەکەن کە زانای عەرەبی موعتەزیلی (الجاحظ)، یەکەمین کەسە لە ترادسیۆنی ئیسلامیدا زاراوەی شێوازی بەکارهێنابێت، بەڵام ئەم چەمکە لە کلتوری عەرەبیدا و لە دەربڕینیاندا زۆر بەکارهاتووە؛ (المهداوی) لە توێژینەوەیەکیدا ئاماژە بەو ڕاستییە دەدات و بە کورتی هەندێک بەڵگە دەخاتە ڕوو، دەڵێت : (((ابن منظور) لە "لسان العرب" دا دەڵێت :"...ویقال للسطر من النخیل : اسلوب، وكلّ طریق ممتد فهو أسلوب، والأسلوب : الطریق، والوجه، والمذهب..."، لە کاتێکدا ئەم چەمکانە لای ڕەوانبێژ و ڕەخنەگرانی عەرەب فراوانتربوو : کە مانای شێوازیان پەیوەست کردەوە بە چەندین ئاراستەوە، بەچەشنێک لای هەندێکیان، ئاماژەیە بۆ شێوازی عەرەب لە دەربڕینی مانادا، هەروەک لای (ابن قتیبة الدینوری–٢٧٦ک) دەبینرێت، کە دەڵێت : "والشاعر المجید من سلك هذه الأسالیب، وعدل بین هذه الأقسام، فلم یجعل واحداً منها أغلب علی الشعر، ولم یطل فیملّ السامعین، ولم یقطعْ وبالنفوس ظمأ الی المزید" ...لەم نووسینەوە وا دەردەکەوێت کە ئیبن قووتەیبە باوەڕی بە گونجاندنی شاعیر هەبووە لە نێوان دەربڕین و پێگەیدا، بۆیە بەپێی پێویست، دەربڕین و داڕشتنەکە کورت و درێژ دەکاتەوە، وێڕای ڕەچاوکردنی حاڵی گوێگرەکانی لە کاتی خوێندنەوەی چامەکانی، ئەگەرچی (القاضي علي بن عبدالعزیز الجرجاني –٣٩٢ک) لەسەر ڕاکانی بەدواداچوونی کردووە و پێی وایە :جیاوازیی خەڵکی لە دەربڕینی هۆنراوەکانیاندا لە جیاوازیی سروشتیان و پێکهاتەی دروستبوونییانەوەیە، بۆیە خوازیاری گونجانی چۆنیەتیی دەربڕین بوو لەگەڵ پێگەدا و ئاماژەی بەوە دەکرد کە :لیریک وەک شانازی نییە ، وەسپ و پیاهەڵدان وەک هەڕشەکردن نییە، گاڵتەجاڕی وەک جدییەت نییە، وەسپی ئازایەتی و جوامێری تایبەتمەندیی خۆی هەیە، وەسپی چەک و جەنگ وەکو وەسپی کۆڕی خواردنەوە و ئافرەت نییە ...هەمووی ڕێچکە و شێوازی خۆیی هەیە کە جیاوازە لەوی دیکە )) .(المهداوی ٢٠٠٥ :١٥٠).

توێژینەوە عەرەبییەکان وردە وردە تایبەتمەندیی خۆیان وەرگرت و فراوانبوون تا بابەتی زانین و سنعاتی چۆنیەتیی باش دەربڕینیان گرتە خۆ و هونەرەکانی ڕەوانبێژییان ناو لێ نرا.

ئەدەبناسی عەرەب (حمادی صمّو) لە بەستێنی ئەدەبیاتی عەرەبی و ئیسلامیدا دەڵێت: ((چەمکی عەرەبیی (البلاغة)، مانای ڕەوانبێژی و ڕونبێژی و ناسکبێژی، یان ڕوونی و پوختی و کامڵی زمان لە خۆدەگرێت . هەر لە سەرەتاکانی بەکارهێنانییەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام، ڕەوانبێژی هیچکات دەستبەرداری لەخۆگرتنی هەردوو لایەنی شێواز و ناوەرۆک نەبووە و موکڕبووە لەسەر ڕوونیی

دەربڕین و دواندن و کورتبڕی، بە ئامانجی بەدیهاتنی زۆرترین کارایی لە پەیوەندیکردندا . ڕیشەی زمانەوانیی ڕەوانبێژی، هەردوو، مەبەستی گەیشتنە ئامانج و کاریگەربوون لەخۆدەگرێت)) . (صمّو١٩٨١ :١٠٠).

زۆرن ئەوانەی توێژینەوەیان لە ڕەوانبێژی عەرەبیدا پێشکەشکردووە و ڕۆڵیان هەبووە، لەوانە (الجاحظ) :لە کتێبی "البیان و التبیین"دا، هەروەها (قدامة بن جعفر) لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، بەڵام وەک (عماد بسام غنوم) لە توێژینەوەیەکیدا ئاماژەی پێ داوە : ((...هەموو ئەوانی دیکە ئەوەی لەبارەی ڕەوانبێژییەوە نووسیویانە، تەنیا دید و ئاماژەگەلێکن لەو بارەیەوە و نەیانتوانیوە گەشەی پێ بدەن تا ببێتە هونەرێکی سەربەخۆ و پشت بەخۆبەستوو لەسەر بنەما و ڕێساگەلێکی دیاریکراو تا ئەدەبناسەکان لەسەری بڕۆن و بیکەنە پێوەری هەڵسەنگاندنی ئەدەبەکەیان و پەی بە نهێنییەکانی جوانیی کاری هونەری بەرن . ئەو زانایەی ئەم بنەما و ڕێسایانەی داڕشت و کردیە هونەرێک کە پرەنسیپ و بنەمای هەبێت (عبدالقاهر الجرجانی) بوو )) . (غنوم ٢٠١٧ :١٦).

لە کاتێکدا سەرهەڵدانی زاراوە ڕۆژئاواییەکە پەیوەستە بە مانا سیاسییەکەیەوە بۆ گفتوگۆ و ئارگومێنت، بەڵام گەشەی زانستی ڕەوانبێژی عەرەبی، پەیوەندییەکی تۆکمەی بە ئیسلامەوە هەیە، وەک ئاین و کلتورێک لە هەل و مەرجی ناو عەرەبدا بە تایبەتی . لە سەدەی نۆی زایینییەوە، شیعری پێش ئیسلام و وتارەکانی ئەو سەردەمە بوونە زەمینەی توێژینەوە لەلایەن زانایانی زمان، زانایانی ئاینی، زانایانی (نحو) ەوە، بەمەبەستی پاراستنی بۆماوەی پێشین و بەهێزکردنی کاریگەری و بوونی هەژموون بەسەر ئەو کلتورانەدا کە بەئیسلام موتوربە کرابوون و پاراستنی پاشکۆی ڕۆشنبیرییان، وەک لە "موسوعة البلاغة –ج١" دا هاتووە : ((ئامانجی سەرەتایی لە لێکۆڵینەوەکان بردنەوە و باڵابوون بوو لە گفتوگۆکاندا و دواتر ڕەوانبێژی چووە ژێر ئاڵای ڕاڤەکردن بۆ قورئان لە پێناو دژایەتیی نەیارانیدا، زۆری پێ نەچوو ئەم هەوڵانە هاتنە بەر و بوونە کتێب و نووسراوی زەوەند و گەورە لە بارەی شیعرییەت و ڕەوانبێژییەوە کە چرۆی بنەڕەتی بە (مفردات الجاحظ–٨٦٨ز) دەستی پێ کرد کە ئەویش و شارەزایانی دیکەی ڕەوانبێژیش چوونە پرۆسەیەکی هاوشێوەوە... )) . (أ . سلوان ٢٠١٦ :١٣٠).

ئەدەبناسی پێشووتر، ئامانجەکانی ڕەوانبێژی لە دووخاڵدا و بە کورتی کۆ دەکاتەوە و دەڵێت : ((عەرەب لە سەرەتاوە گرنگی بە ڕوانبێژی داوە، بە دوو هۆ : یەکەمیان هونەرییە، لە سەرەتاوە ڕێنمایی و فێرکردنی چۆنیەتیی دەربڕین بوو بۆ ئەوانەی کە بەرامبەر خەڵک قسەیان دەکرد لەسەر مەزهەبەکان و بانگخوازە ئاینی و سیاسییەکان تا مەبەستیان لە دەربڕینەکانیاندا بپێکن . دووەمیان ئاینی بوو، قورئان، پاش دابەزینی، بە ڕەوانبێژییەکەی عەقڵەکانی تووشی سەرسامبوون کرد، ئیتر عەرەب کەوتنە توێژینەوە لە نهێنییەکانی ڕەوانبێژیی قورئان ...)) .(غنوم ٢٠١٧ :١٧).

کاری بنەڕەتیی ئەم زانا زمانەوان و ڕەخنەگرانە ئەوە بوو، پاسا و و ڕاڤە بۆ ئەو ئایەتانەی قورئان بهێننەوە کە زۆرترین بەرجەستەکردن و لێکچواندنیان تێدان و بەڵگە بخەنە ڕوو کە ناتوانرێت لە وێنەی ئەم ئایەتانە بنووسرێت . بەڵام ئەم هەوڵانە هیچکات پێکەوە شێلراو و هاوئاهەنگ نەبوون، وەک ئەدەبناسی پێشوومان دەڵێت : ((هەندێک ئەندامی کۆمەڵی موعتەزیلە لە (متکلمین)، باوەڕیان بە پرینسیپی "الصرفة" هەبوو، پێیان وابوو کە مرۆڤ دەتوانێت لاسایی زمانی قورئان بکاتەوە، واتە وەک ئەو دەربڕینی هەبێت، بەڵام خوا لایداون . لە کاتێکدا هەندێک موعتەزیلەی دیکە گفتوگۆ و بەرگرییان لەوە دەکرد کە قورئان بە هیچ کلۆجێک لاسایی ناکرێتەوە .بۆ هاوسەنگیی نێوان ئەم هەڵوێستانە، پەنا برایە بەر : "ئەگەر دەقێکی ڕوون و ئاشکرا وێک نەیەتەوە لەگەڵ عەقڵدا، ڕۆڵی (تأویل)پاساو هێنانەوە ، تێپەڕاندنی ئەو بەریەککەوتنەیە بە سوودی بەڵگە عەقڵییەکە "، کە ئەمەش ئەو ڕایە بوو (الشریف المرتضی ٤٣٦ک) جەختی لێ دەکردەوە )) . (صمّو١٩٨١ :٤١).

ئەم بابەتانە، چەق و بنەڕەتی دیدی عەرەب بوون بۆ ڕەوانبێژی و بیرکردنەوە بە گشتی، بەڵام سەرقاڵبوونی ورد بە ڕاڤەکانەوە بۆ قورئان، تەنیا پێویستی بە خوێندنەوە و ڕاڤەی شێوازی خوازەیی نەبوو، بەڵکو پێویستی بە بایەخدان بە کاری نووسینیش هەبوو، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لادان، بووژانەوەی کلتوور، لەبیرنەکردن، پاراستنی شوناس، و دڵنیایی بڵاوبوونەوە ؛ وەک لە سەرچاوەی پێشتردا هاتووە : (((الجاحظ) ، ئەم گۆڕان و ئاراستە نوێیەی بەرەو کاری نووسین، لە وەسپێکیدا بۆ کتێب کورت کردووەتەوە، بەوەی کە بەردەستە : "لە هەموو شوێنێک دەخوێنرێتەوە، بەردەوام وەبیردێتەوە، چونکە نرخی گونجاوە و ئاسان وەدەست دەخرێ ...ئەم گۆڕانەش، مانای وایە :خوێندنەوە و تێگەیشتن لە خودی خۆیدا، کۆمەڵێ داواکاری بەسەر ڕەوانبێژیدا دەسەپێنێ و گۆڕانکارییەکەشی – ئەگەر دەربڕینەکەی (هانس جۆرج گادامیر )، بەکاربهێنین:"لەهونەری سنعاتی گوتنەوەیە بۆ هونەری بەدواداچوونی گوتارەکان بە تێگەیشتنەوە؛ واتە گۆڕانی ڕەوانبێژی بۆ زانستی هێرمیۆنتیکا )) .(أ . سلوان ٢٠١٦ :١٣١).

ئەم دابەشبوونە دووانەییە لەنێوان زانایانی پێشین و دواتردا، جێ پەنجەی خۆی لەسەر ڕەوانبێژیی عەرەبی و ڕێچکەکانی جێهێشت . لەچەند سەرچاوەیەکی جیاوازدا سەربوردێکی زۆر کورتی مێژووی چییەتی و چۆنیەتیی بیری ڕەوانبێژی هاتووە، کە ئێمە لەبەر گرنگی بابەتەکە هەوڵدەدەین زۆر چڕتر بیخەینەڕوو : (جاحظ) دەیگوت :"مانا یان واتاکان لەسەر ڕێگاکان خراونەتەڕوو "، بەم شێوەیە( شێواز ) چانسی ئەوەی بۆ ڕەخسا وەک (حرفە)پیشەیەکی هونەری و دەربڕین، زۆرترین بایەخی پێ بدرێت .(أبو عبیدە–٢٠٩ک) کتێبی "مجاز القرآن " ی نووسی و چەمکی خوازەی فراوانکرد تا باوەڕبوون بەوەی (کلُ انحراف عن المعیار) واتە :خوازە هەموو لادانێکە لە پێوەرە باوەکان، دواتر (ابن قتیبە–٢٧٦ک) بە دوایدا هات بە کتێبی (تأویل مشكل القرآن) کە ئاریشەی خوازەی لە زمانی عەرەبیدا پێکەوە

پەیوەستکردەوە و زۆرێکی لە ژێر ناونیشانی (مجازات) دا پۆلێنبەندی کرد. لای ئەو، چەمکی خوازە، خواستنی بە مانا سنووردارەکەی تێپەڕاند، بە جۆرێک چەشنی خوازەگەلێک کە لەسەر بنەمای هاونشینی و وەک یەکی پێکهاتە، وەلانان و کورتبڕی و درێژەپێدان لەگەڵ وەرچەرخانی زمانەوانی، بگرێتە خۆی .نەحوییەکان، یاخود زانایانی نەحو بەشداربوون لەم هەوڵەدا ؛ (ابن جنیَ-٣٩٢ک) زاراوەی (العدول) وەرچەرخانی چەسپاند تا ئاماژە بەو لادانە بکات لە حەقیقەت یاخود حەرفیبوون، ئەوەش ئەو بابەتەیە کە دواتر (الزمخشري-٥٣٨ک) لە کتێبی "الکشّاف" تەواویکرد، کاتێک زاراوەی (اللحن) ئاواز-ی خستەڕوو، کە مەبەستی ئاراستەکردنی دەربڕین بوو تا کەمەندکێشی گوێگر یا وەرگر بکات بە هۆی چیرۆک و بابەتی نەزانراو و مەتەڵ ئاسا و گاڵتەجاڕانە و هاوشێوەیان . بەڵام ڕاڤەکان بۆ خوازە، وێڕای ئەوانە، جەختی خستە سەر مانا نائاشکراکانیش، هەروەک (عبدالقاهر الجرجاني-٤٧١ک) بەڵگە لە بەرامبەر (اسحاق ابن وهب-٣٣٥) دەهێنێتەوە و دژی زیادەبەکارهێنانی وشەیە، لە کتێبی "البرهان فی وجوه البیان" دا باس لەوە دەکات "عەرەب پەنایان بۆ خوازە بردووە" و ئەمەش بیرکردنەوەیەکە (ابن رشیق القیرواني-٤٥٦ک) یش لە کتێبەکەیدا "العمده" بە پێوەری کردووە . لە بۆتەی گفتوگۆکان لە بارەی ڕەوانبێژییەوە، ئەم دەوڵەمەندبوونەی بابەتی خوازە کە بووە مایەی سەرسووڕمانی (فارابي-٣٨٩ک)ی فەیلەسوف، هانی دا بۆ بەڵگەهێنانەوە لەو بارەیەوە، بە بەکارهێنانی زاراوەگەلێکی کۆمەڵناسیی بونیادگەرا : "ئەگەر دەربڕینەکان لەنگەریان گرت و هاتنەوە لەگەڵ واتاکاندا کە بوونەتە ئاماژە بۆی ...ئەوا خەڵکی دوای ئەوە دەڕۆن بەرەو وەلانان و تێپەڕاندنی ئەو گوزارشتکردنە بە دەربڕینێک کە گوزارشت لە ماناکە بکات بە ناوێک کە ئەوەی یەکەمجار نییە " . فارابی، گشت ئەم ئاراستەیە لەو ڕونکردنەوەیەدا کورت دەکاتەوە کە : فراوانکردنی دەربڕینە بە زیادکردنی زاراوە و دەستەواژەکان و گۆڕینی هەندێکیانە بە هەندێکیان و ڕازاندنەوە و جوانکردنی . ئەو کاتە بە وتاردان دەست پێ دەکات و لەسەرەخۆ و کەم کەم دەبێتە شیعرییەت )) .( بڕوانە أ .سلوان ٢٠١٦ :١٣٢).

گەشە و گۆڕانکارییەکان لە دید و قۆناغەکانی بەرەوپێشچوونی ڕەوانبێژی زۆر و فرە ئاراستەن و ناکرێت و ئەرکی ئەم توێژینەوەیش نییە هەمووی بخاتە ڕوو، بەڵام ئەوەی سەرەوە چەردەیەکی گرنگی بوو، لە دیدە کاریگەر و قۆناغەگرنگەکانی دواتر، دیارترین و کاریگەرترینیان کتێبی "البدیع" ی (إبن المعتز) ە ، تین و هێزێک بوو بۆ بایەخ و موکڕبوون لەسەر بنەماکانی ڕەوانبێژی و پێوەرەکانی دواندن، وەک توێژەرێک دەڵێت : ((...بە تایبەتی لە "خوازەکانی دەربڕین و کەرەسەکانی شێوازناسی" بە هاوکاری چەند بابەتێک "زیاتر لە زمانەوانی نزیکبوون تا لە تیۆریی ئەدەبی " . ئەم کتێبە بە کۆکراوە و کورتکراوەی دید و ڕاکانی پێشووتر دەزانرێ لەسەر جوانکاری )) . (أ . سلوان ٢٠١٦ :١٣٥).هەروەها لەویش کاریگەرتر (عبدالقاهر الجرجاني-٤٧١ک) یە، پێشتر لەبارەی کار و کاریگەرییەوە ئاماژەمان پێ داوە، ئەم زانایە لە سیمبوڵەکانی ئەدەبە لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا، کتێبی زۆری لە بابەتەکانی نەحوو، سەرف، عەرووز، ڕەوانبێژی، ڕەخنە، توێژینەوەی قورئانییەوە هەن، بەڵام زیاتر بە دوو کتێبی "دلائل

الاعجاز" و "اسرار البلاغة" ناو و ناوبانگی ڕۆیشتووە . وەک ئەدەبناسێک لەبارەی کتێبی یەکەمییەوە دەڵێت : ((هۆکاری نووسینی کتێبی "دلائل الاعجاز" ئەو ئاریشە گرنگانە بوون کە زانایانی ئەو سەردەمە و بەڵکو پێشتریشیان بەخۆیانەوە سەرقاڵکردبوو، بابەتی موعجیزەبوونی قورئان، بۆ ئەوەی کار لەو بوارەدا بکات، ڕۆچووە ناو زۆر بابەتی ڕەخنەییەوە و خۆی لەبەردەم کۆمەڵێکی زۆر تێکست و دەقی ئەدەبیدا بینییەوە کە شیکارییەکی ئەدەبی و هونەریی باڵای بۆ کردن، نەک هەر لە ڕووی زمانەوانی و ڕەوانبێژییەوە، بەڵکو لە ڕووی ڕەخنەییشەوە ...)) . (المهداوي ٢٠٠٥ :١٥٢) . هەر بۆیە هەندێک لە توێژەرە عەرەبەکان بە پێشەنگی شێوازناسیی هاوچەرخی عەرەبی دەزانن . بەڵام بێگومان کەم نین ئەو ئەدەبناس و توێژەرانەی کە ڕانانێکی تایبەتیان بۆ ڕیشە و پەیوەندیی نێوان ڕەوانبێژی و شێوازناسی هەیە و وێرای نرخاندنی زانستی ڕەوانبێژی، بەڵام میتۆدی شێوازناسی و شێوازناسیی هاوچەرخ بە گەردوونی و زانستیتر دەبینن بۆ شیکاریی تێکستی ئەدەبی و نرخاندنی پێوەرە هونەری و ئیستێتیکییەکان، لێرەدا و بە مەبەستی ڕانانی ئەو چەمک و پێناسە و ئایدیایانەی ناو کلتوری ڕەوانبێژیی عەرەبی، پەیوەست بە بەراوردی لەگەڵ شێوازناسی هاوچەرخدا، بە پێویستی دەزانین هەندێک لەوانە بهێنینەوە.

## ڕەوانبێژیی عەرەبی(بابەت و کەرەسەی، پێڕەوی، ئامانج)ی پەیوەست بەشێوازناسییەوە:

پێشتر و لە گۆشەنیگای دیکەوە ئەوەمان باسکرد، ڕەوانبێژیی عەرەبی بە لایەنی کەمەوە دەکرێت بە دوو بەشەوە : بەشێکیان پەیوەستە بە ئامانجە زانستی و فێرکارییەکانەوە و لە ژینگەی زانایانی زمانەوانیدا گەشەی کردووە و نموونەی دەستپێکی ئەم زانستە (سکاکي-٦٢٦ک) یە و بەشی دووەمیشیان، پەیوەستە بە زانایانی ئیعجازیبوونی قورئان و لە نێو زانایانی زانستی کەلامدا سەریهەڵداوەو گەشەی کردووە و بە کتێبەکەی"دلائل الاعجاز "عەبدولقاهیر جورجانی گەیشتە لووتکە.

ئەگەر بە شێوەیەکی خێراش بێت، گرنگە لێرەدا باس لەم دووچەشنەی دەسپێکی شێوازناسی بکەین لە نێو ترادسیۆنی ڕۆژهەڵاتدا، بەراوردیان لە ئاستەکانی کەرەسە و بابەت، پێڕەو، پاشان ئامانجەکانیان بکەین، لە ڕوانگەی ئەو پێناسەی کە بۆ شێوازناسی کردمان و ئەو پێناسانەی کە زانراون و نموونەیان لای سکاکی و لای قەزوینی هاتوون و پاشان ئاماژەیەک دەدەین بە لێکۆڵینەوەیەکی (شکري عیاد )لەو بارەیەوە و دواجار گرنگترین خاڵە جیاوزەکانی نێوان هەردوو پێڕەوەکە دەخەینە ڕوو.

## بابەت و کەرەسەی ڕەوانبێژی:

(د. عزالدين الذهبي) دەڵێت : ((ڕەوانبێژیی عەرەبی لەسەر ماددە و کەرەسەیەکی زۆر فراوان و پێکەوە نەگونجاو کار دەکات کە ناوی دەبات بە "الكلام" )) . (الذهبي:المحاضرة ٢). پاشان پێناسەیەکی

"سكاكي" و (القزويني) دەهێنێت، کە یەکەمیان بریتییەلە : (البلاغة، بلوغ المتكلم فی تاديه المعاني...وعلم المعاني يحترز به عن الخطء فی تطبيق الكلام ...وعلم البيان يحترز به عن الخطء فی مطابقة الكلام ..))، پێناسەکەی دووەمیشیان : ( ..وأمما بلاغةالكلام فهي مطابقته لمقتضى الحال ..وعلم البديع، يعرف به وجه التحسين الكلام ..)، لە هەنگاوی دواتردا و لە ڕاڤانی ئەم پێناسانەدا، دەڵێت : ((لە هەموو ئەم پێناسانەدا گوتن (الكلام) بە مانا و بەکارهێنانێکی فراوان دێت، کە هەموو چەشن و ئاستەکانی بەکارهێنانی زمان لە خۆ دەگرێت، لە بەکارهێنانی ئاسایی زمانەوە بگرە کە خۆی لە هەموو خەڵکی و توێژەکان و لە هەموو بوارەکاندا دەبینێتەوە، تا بەکارهێنانێکی داهێنەرانە کە خۆی لە ئەدەب و چەشنە هونەرییەکانیدا دەبینێتەوە . کەواتە ڕەوانبێژی لە کار و کەرەسەکانی کارکردنیدا توانای جیاکاریی لە نێوان چەشن و ئاستەکانی دەربڕیندا نییە و بنەما ڕەوانبێژییەکە لە خۆیدا دەبێتە ئامانج و بۆ ڕوونکردنەوەی، لە ڕستەی ئاسایی یا شیعر یان قورئان نموونەی بۆ دەهێنرێتەوە)) . (الذهبي :المحاضرة ٢).

هەموو ئەم بنەما جۆراوجۆرانە لە هەر سێ زانستەکەدا جیاوازیی نێوان قسەی ئاسایی و شیعر و پەخشان و ئایەتێکی قورئان ناکات و بەگشتیش لەو نووسین و دەقەدا کە بنەماکانی خۆی بەسەرا بەرجەستە دەکات، هیچ توانای دیاریکردن و ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەتی و خودییەتی نووسەری نییە.

## پێڕەوی ڕەوانبێژی:

ڕەوانبێژی لە پێناسە و کاری خۆیدا جەخت لەسەر ڕەهەندی پێوەری و پێوانەیی دەکات، کە بە (الاحتراز عن الخطء فی تطبيق الكلام) گوزارشتی لێ دەکات . کورتەی ئەوەی زەهەبی لە بابەتی پێڕەودا دەیڵێت، ئەمەیە: زانستی واتاناسی (يحترز به عن الخطء فی الكلام) لەسەر بنەمای ئەو حاڵەتەی کە باس دەکرێت. زانستی ڕونبێژیش (يحترز به عن مطابقه الكلام) بۆ تەواوەتی گەیشتن بەوەی کە لێی دەخوازرێت.

لەوانەیە یەکێک بڵێت :ئەی لە زانستە ڕەسەنەکاندا پێوەر و پێوانەیی بوون نییە ؟ بێگومان، بەڵام کەرەسە و ماددەی ڕەوانبێژی لەسەر کەرەسە و ماددەیەک کار دەکات کە تەواو جیاوازە لە ماددە و کەرەسەی زانستە ئەزموونییەکان و ئەگەر پێوانەیی بوون پێویست بێت لە سەرجەم زانستەکاندا، ئەوا مانای وا نییە پێویستە بۆ زانستێک کە توێژینەوە لە زەمینەی ئەدەبدا دەکات . زانست کۆمەڵێ پێوەر دەخاتە بەردەستی کەسی پسپۆر تا ڕاست و هەڵەی پێ لە یەکتری جیا بکاتەوە، بەڵام پێوەرەکانی ڕەوانبێژی توانای جیاکاری و جیاوازی نییە لە نێوان ئەدەبی ڕاست و ئەدەبی هەڵەدا، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر شتێک هەبێت بە ناوی ئەدەبی ڕاست و ئەدەبی هەڵەوە، هەروەها ناتوانێت جیاوازی بکات لە نێوان دەقێک کە هەڵگری تایبەتمەندیی هونەری و ئەدەبییە لەگەڵ دەقێک کە هەڵگری ئەو تایبەتمەندییانە نییە . ڕەوانبێژی وەک زانستێک دەردەکەوێت کە ئامانجی لە خودی خۆیدایە و کەسێک کە شارەزایی

هەیە تێیدا، لەوانەیە شارەزابێت لە چەمک و پێناسەکانیدا،بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە دەتوانێت بە ئەدەب و تایبەتمەندییەکانی پەی بەرێت و توانای ئەوەی هەیە جیاکاری لە نێوان باش و لاوازدا بکات . ڕەوانبێژی لە هەموو بەش و بنەمایەکیدا وەک بەڵگە چەندین نموونە لە قسەی ئاسایی و پەخشان و شیعر دەهێنێتەوە، بەڵام دەستەوسانە لە جیاکردنەوە و هەڵسەنگاندن و نرخاندن و دیاریکردنی بەهای هونەری و ئەدەبییاندا و لە ڕاستییدا ڕەوانبێژی بنەما و یاسای هەیە کە بۆ شیعر و نموونەی دیکە دەگەڕێت تا بنەماکەی بەسەردا جێ بەجێ بکات، لە کاتێکدا مەبەستە سەرەکییەکە دەبوو بە پێچەوانەوە بێت کە گەڕانە بەدوای چەشنێک لە ڕێکار و بنەمادا کە بەها و پێوەری جوانی و تایبەتمەندییەتی خودی و کەسیی هەر دەقێکی ئەدەبیمان لە بەستێن و زەمینەی خۆیدا بۆ دەستنیشان بکات .

## ئامانجەکانی ڕەوانبێژی:

سەبارەت بەخستنەڕووی ئامانجەکانی ڕەوانبێژییش، هەمان ئەکادیمی و ئەدەبناسی پێشوو لە درێژەی بە ئەنجام گەیشتنی شیکارییەکانیدا بۆ ئەو کایە، کە ئێمە بە کورتی ئاماژەی پێ دەدەین، پێی وایە : ڕەوانبێژی هەوڵ دەدات ئامانجێکی گەورە بەدیبهێنێت، کەئەویش فێرکردنە بۆ چۆنیەتیی وەک یەککردنی دەربڕین (مطابقه الکلام) بەو شێوەی کە حاڵەتەکە دەیخوازێت، هەروەکو سەکاکی باسی دەکات و قەزوینیش لەم پێناسەیەدا دەڵێت : (وأمّا بلاغة الکلام، فهی مطابقته لمقتضی الحال )، ئەمەش ئامانجێکە کە زمان لە کۆی بەکارهێنانەکانیدا دەگرێتەوە، لە دەربڕینی ئاسایی و بازرگان و پارێزەر و سیاسیی و ...هتد، هەموو ئەمانە موکڕن لەسەر ئەوەی دەربڕینەکانیان لە ئاست پێداویستیی حاڵەتەکەدا بێت کە قسەی تێدا و لەسەر دەکەن، کەواتە ڕەوانبێژی گرنگی بە دەربڕینی هەموو خەڵکی بە گشتی دەدات و لە ڕاستیدا شیعر، پێویستە شتێک بڵێت کە نەیەت بە زەین و خەیاڵی مرۆڤەکانی دیکەدا .( بڕوانە الذهبي : المحاضرة ٢).

پاش خستنەڕووی (وەک یەک لێکردن-تطابق) وەک ئامانجێکی ڕەوانبێژی، نۆرەی ئامانجێکی دیکەیە کە لە یەکەمیان بایەخی کەمتر نییە، ئەویش (تحسین الکلام) باشترکردن یاخود جوانکردنی دەربڕینە . زەهەبی لەبارەی ئەم ئامانجەی ڕەوانبێژیشەوە ڕای وایە : ((ئەمە ئامانجی جیاکردنەوەی نێوان شێوازی دەربڕین و ماناکەیەتی و وا مەزەندە دەکات کە مانا شیعرییەکانیش هەروەک هەواڵەکانی ڕۆژانە، بە چەند دەربڕینێک دەخرێنە ڕوو !.ئەم بیرۆکەیەش بەگشتی دژی سروشتی دەقی ئەدەبییە، چونکە دەقی ئەدەبی بە دەربڕینێکی ڕەوان ئەوە ناڵێت کە بە سادەیی توانای دەربڕینیمان هەیە، بەڵکو شتانێک دەردەبڕێت و دەخاتە ڕوو کە لە توانای هیچ شێوە دەربڕینێکی دیکەدا نییە . لەڕاستیدا دەقی ئەدەبی گەڕان نییە بە دوای دەربڕینی جوان و باش بۆ خستنەڕووی مانای ئاسایی، بەڵکو پرۆسەی گەڕانە بەدوای خودی مانادا )) . (بڕوانە الذهبي : المحاضرة٢).

یەکێک لەو ئەدەبناسانەی کە توێژینەوەکانی لە بارەی پەیوەندیی نێوان ڕەوانبێژی و شێوازناسییەوە بایەخدار و ئاماژە پێ دراون، بەشێک لە کتێبەکەی "اتجاهات البحث الأسلوبی" تەرخانکردووە بۆ (البلاغة العربية و علم الأسلوب) و دابەشی کردووە بۆ دوو بەش : بەشێکیان تایبەتە بە پێڕەوی ڕەوانبێژی و بەشەکەی دیکەشیان بە دیاردەی ڕەوانبێژی . سەبارەت بە بەشی یەکەم، شیکاری پێڕەویانە دەری خستووە، کە خۆی لە (سكاكي) دا دەبینێتەوە، بە پەیوەندیی سێ بەشەکەی ڕەوانبێژی و پەیوەندیی ڕەوانبێژی بە ناسکبێژییەوە ...شوکری عەیاد پێشانی داوە کە سەکاکی و ئەوانەی دوای ئەویش لە جوغزی "دورکەوتنەوە لە هەڵە و جوانکردنی دەربڕیندا " لە چ چەشنە دژبوونێکدا بوون، هەروەها زانای ناوبراو گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە سەکاکی و پێشینەکانیشی نەیانتوانیوە نە پێناسەیەکی ورد و هەمەلایەنەی ڕەوانبێژی بکەن و نە پەیوەندییشی بە زانستەکانی ترەوە بدۆزنەوە.

دواتر هەمان ئەدەبناس باسی کەرەسە و ماددەی ڕەوانبێژی کردووە و یەکەم شتێک لەو ڕووەوە تێبینی کردووە، ماددەی ڕەوانبێژی لای سکاکی لە دەقی ئەدەبیدا کورت نەبووەتەوە، وێڕای شیعر و ئایەتی قورئان، دەربڕین و قسەی خەڵکیشی لەخۆگرتووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ڕەوانبێژی لە نێوان قسەی ڕۆژانە و دەربڕینی ئیعجازییانەدا سەرە و ژوور بکات . هەروەها تێبینیی ئەوەی کردووە سەکاکی پشتی بە پێڕەوی (الاستقرائي) و پێوانەیی بە ستووە، بەتایبەتی زیاتر زاڵبوونی ئەمەی دوایی بۆ دەرخستنی بەها ڕەوانبێژییەکان ..لە سۆنگەی ئەمەوە، شوکری عەیاد دەپرسێت چۆن دەکرێت یاسا و بەها گشتییەکانی ڕەوانبێژی لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ڕەوانبێژ بوون یەک بگرێت ؟...وەک لە وەڵامەکەیەوە دەردەکەوێت هیچ پەیوەندییەک نییە، پێوەر لای ئەو بۆ دەرخستنی ڕەهەندی ڕەوانبێژی دەق، تەنیا (چێژ)ە، ئەوەش چەمک وپێوەرێکە کە ناوبراو دژی نەوەستاوەتەوە، بەڵکو بەرگری لێ کردووە و بەهێزێکی زانیوە بۆ بڕیاردان (حكم) بەسەر (جزئيات) بەشدا، پێوەری هەڵسەنگاندنەکەشی پشتی بە ویژدان و حوکم و بڕیاڕی دروست و سروشتی ڕێک و ڕاست بەستووە، هەروەها دەڵێت کە فرەیی پێوەرە ڕەوانبێژییەکان تا ئەو ڕادەی کە سنووردارناکرێن، وا دەکات کە چێژ و پەیپێبردن و پێشبینیکردن ببنە سەرچاوەی بڕیاردان . چێژ، هەرچەندە بەرز و باڵا بێت، هیچ بوونێکی لە دەرەوەی هەستەکانی خاوەنەکەیەوە نییە، ناتوانێت بیگوازێتەوە بۆ ئەوانی دیکە و بیانکاتە هاوبەشی ئەم چێژ وەرگرتنەی . بەم جۆرە ڕەوانبێژی لە ئاستی بەکاربەرێکی جوانبینیدا دەوەستێت . بەریەککەوتنەکە لێرەدایە کە پێڕەوی شێوازناسی دەیەوێت ئاستی چێژبینی تێپەڕێنێت بۆ ئاستی وەسپ و ڕاڤەکردنی دەق پێکەوە . هەروەها ئاماژە بە شێوازناسیی عەبدولقاهیر جورجانی کە زۆری لە بارەوە وتراوە، هیچ نییە جگە لە بە پێوەرکردنی (چێژ) .(بڕوانە عیاد١٩٨٥ :٢٢٥).

شکوری عەیاد لە کتێبی "مدخل الی علم الأسلوب" دا باسی بەراوردی نێوان ڕەوانبێژی و زانستی شێوازناسیی دەکات و دەنووسێت : ((جیاوازییەک نابینین لە نێوان دیدی زانستی شێوازناسی بۆ هەڵوێستەیەک و تێڕوانینی زانستی ڕەوانبێژی بۆ پێویستی حاڵەتێک لە دەربڕین)) . (عیاد ١٩٩٢ : ٤١) ، بەڵام دواتر هەرخۆی دژی ئەم دید و ڕایەی دەوەستێتەوە و دەنووسێت : ((ڕەوانبێژەکان، گرنگترین ڕەگەز لایان لە هەل و مەرجی قسەکردندا، حاڵەتی عەقڵی گوێگر یاخود وەرگرە، چونکە ئەوان کارەکەیان لە هەل و مەرجی هەژموونی لۆژیکدا بونیادناوە، بەڵام زانستی شێوازناسی، لەم سەردەمەدا سەریهەڵداوە کە زانستی دەروونی پتر گرنگی و بایەخی بە ڕەهەندی خودی و دەروونی داوە، هەربۆیە بابەتەکە لە زانستی شێوازناسیدا ئاڵۆزترە بۆ دەرخستنی خواست و پێویستی حاڵەت و بابەتەکە )) . (عیاد١٩٩٢ : ٤١) ، پاشان باسی گرنگترین جیاوازیی نێوان ڕەوانبێژی و شێوازناسی دەکات و دەیانکات بە (٣) سێ تەوەرەی سەرەکییەوە، کە ئێمە لێرەدا زۆر بە کورتی پوختەی ئایدیاکانی ئەو کتێبە دەخەینە ڕوو :

١-مەیلی چەسپاو و نەگۆڕان لە ڕەوانبێژیدا ، لە بەرامبەدا جیاکاریی مەنهەجییانەی نێوان خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی سینکرۆنی و دیاکرۆنی لە زانستی شێوازناسیدا هەن.

٢-پێوانە و پێوەریی بوونی زانستی ڕەوانبێژی و وەسپی بوونی زانستی شێوازناسی.

٣-بەرتەسکبوونەوەی ئاسۆی زانستیی ڕەوانبێژی و بەرفراوانبوونی لە زانستی شێوازناسیدا.

ئەوەی لێرەدا جێگای تێبینییە، زۆربەی تایبەتمەندییەکانی زانستی شێوازناسی، تایبەتمەندیی زمانەوانییە هەروەک لە زمانناسیی فردیناند دێ سۆسێردا هاتووە، ئەمە لە لایەک و لەلایەکی دیکەوە ، ئەگەر ئەم جیاوازییە بنەڕەتییانە لە نێوانیاندا هەن، مایەی سەرسوڕمانە شوکری عەیاد لە شوێنێکی دیکەی هەمان کتێبدا ئاماژە بەوە دەکات کە زانستی شێوازناسی، لە کلتوری ئێمەدا بنەما و بنەڕەتێکی ڕەسەنی هەیە، بەوەی کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوانبێژی !. (عیاد ١٩٩٢ : ٤١).

لە کۆتایی ئەم بابەتەدا زەهەبی وەک دەرئەنجامی ئەو بەراوردە شیکارییەی نێوان ڕێزمان و ڕەوانبێژی لە لایەک و شێوازناسی لە لایەکی دیکەوە، چەند خاڵێکی بەراوردکاری پێشکەش بە خوێندکارەکانی دەکات کە ئێمە کرۆکیان دەخەینە ڕوو:

١-بنەمایەکی شێوازناسی، یەک جار لە دەقێکدا دەردەکەوێت و ئاشکرا دەبێت و هیی گواستنەوە و گشتاندن نییە، بەڵام بنەمایەکی ڕەوانبێژی، بەسەر ژمارەیەکی سنووردار یاخود بێسنوور لە دەربڕینی ئەدەبی و نائەدەبییدا جێبەجێ دەبێت.

٢-شێوازناسی، دەتوانێت خوێندنەوەی جیاواز بگرێتە خۆی بۆ ڕێچکەی شێوازێک، بەڵام ڕەوانبێژی توانای لە خۆگرتنی دوو مانای جیاوازی نییە لە هەنگاو و ڕێچکەیەکیدا.

٣-شیکاری بە ڕێچکەی شێوازناسی، لەناو خودی بونیادی دەقدا دەبێت، بەڵام لە ڕەوانبێژیدا، دەربڕینە ئەدەبییەکان لە سیاق و هەل و مەرجی بوونی خۆیان دادەبڕێن و هەڵدەکەنرێن .

٤-شێوازناسی، وەک یەکەیەک و بونیادێک مامەڵە لەگەڵ سەرجەم ڕەگەزە دەنگی و پێکهاتەی ئاماژەکاندا دەکات و وەک یەک و گشتێک لێیان دەڕوانێت، بەڵام ڕەوانبێژی، هەرپێکهاتەیەک بەجیا و دابڕاو لە پێکهاتەکانی دیکە دەخاتە بەر باس :ڕوونبێژی، واتاناسی، جوانکاری.

٥-شیکاریی شێوازناسییانە بە پێی فرە چەشنیی خوێنەرەکان دەگۆڕێت و دەردەکەوێت، بەڵام شیکاریی ڕەوانبێژییانە تەنیا بە یەک دەرئەنجام کۆتایی دێت، کەئەویش پێشوەخت زانراوە و هەموو کەسێک کە ڕەوانبێژی بزانێت، دەتوانێت بیزانێت.

٦-گەورەترین ڕووی جیاوازیی نێوان شێوازناسی و ڕەوانبێژی، لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی هەرکامیانەوە دێت بۆ چەمکی (معيار) پێودانگ .ئەگەر ڕەوانبێژی، وتەی ڕەوان بەوە بزانێت کە وەک یەکیی هەبێت لەگەڵ پێوەرێکی دیاریکراو و چاوپۆشی بکات لە لادانی شێوازناسییانە و بیسپێرێت بە زمانەوانەکان، ئەوا شێوازناسی لادان، بەزاندن و لادان لە یاسا و بنەماکانی پێوەریی بوون، بە گرنگترین تایبەتمەندیی ئەدەبیی بوون ئەژمار دەکات . کەواتە شێوازناسی، تایبەتمەندیی بۆماوەیی ڕەوانبێژی هەڵنەگرتووە و زۆڵیش نییە تا بیەوێت خۆی ساغکاتەوە بەسەر زانستێکدا کە چەندینساڵە هەیە و نەمری و بەسەرچوونی ڕەوانبێژیش بەلایەوە مەبەست نییە، چونکە دەزانێت کە ئەوە زیرەکی و وردبینی توێژەرە بڕیار دەدات لە نێوان ئەو دوو زانستەدا کامیان بگرێتە بەر، یەکێکیان زانستێکە ئامانجی خۆناساندنە و ئەوی دیکەش ئامانجی ناساندنی تایبەتمەندییەکانی ئەدەب و خودیی بوونییەتی . (بڕوانە الذهبي : المحاضرة٢)

لێرەدا ناتوانین بڵێین تەنیا لەبەر ئەو هۆکارانە ئیتر شێوازناسی باڵاترە لە ڕەوانبێژی، چونکە شێوازناسی پێویستی بە بەهرە و توانایە لە چەشنی کارامەیی سەرەتای نووسینەکە، تا ئامانجەکەی بێتە دی، ئەگەر کەسی شیکار بە میتۆدی شێوازناسی هەڵگری ئەو کارامەییە نەبوو ئەوا دەکەوێتە ئەو تەڵزگەیەی کە کەسانی ڕەوانبێژناسی تێکەوتوون .

لە کۆتاییدا ،وێڕای هەموو ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی ڕەوانبێژیی فێرکاری دەکرێت، ئەوە بەو مانایە نایەت کە هیچ گرنگی و بایەخێکی نییە، بەڵکو دەسکەوتی زەوەندی هەیە و وەک گەنجینەیەک وایە کە بڕێکی زۆر لە وتە و دەربڕینی بۆ خەزن و پۆلێن کردووین، کە سەردەمێکی بە تێڕامان بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە، لە شیکاریی شێوازناسییشدا سوودی هەیە، بەمەرجێک پێوەرە شیکارییە ڕەوانبێژییەکان لەبەر ڕۆشنایی دەق دابنرێن، نەک دەق لەبەر ڕۆشنایی پێوەرە ڕەوانبێژییەکان شیکاریی بۆ بکرێت.

## سەبک یاخود شێوازناسی لە ئەدەبناسیی ئێرانییەکاندا:

پێدەچێت باشترین کەسانی توێژەری بواری ئەدەبناسی کە توێژینەوەیان لە مێژوو و قۆناغبەندی و تایبەتمەندییەکانی (سبک ) شێواز کردبێت لە ئەدەبیاتی فارسیدا، (محمد تقی بهار-ملک الشعرا بهار ) و سیروس شمیسا بن، یەکەمیان پێشتر لەم بابەتە دواوە و بەڵام دووەمیان فراوانتر و هاوچەرخانە و زانستی تر توێژینەوەی لەبارەوە کردووە . ئێمە لەم پارەی توێژینەوەکەماندا، کەخستنە ڕووی بابەتی چییەتی شێوازناسییە بە گشتی، وا دەخوازێت ئاماژەیەکی خێرامان بۆ بابەتی (سبک) لە ئەدەبیاتی ئێرانیدا هەبێت کە ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆی ڕەوشی ئەدەبیاتی ناوچەکە هەبووە، بۆ ئەو کار و ئاماژەیەش، نووسینەکانی ئەو دوو توێژەرەی سەرەوەمان هەڵبژارد کە لەبەر کەمیی دەرفەت، ناچارین هێندەی ئامانجە سەرەکییەکەی توێژینەوەکەمان دەخوازێت، ڕانانی نووسین یان کتێبەکانیان لەو بارەوە بکەین؛ ئەمە وێڕای ئەوەی سوود لە (فرهنگ اصطلاحات أدبی) سیما داد-یش وەردەگرین.

سەرەتا بە پێویستی دەزانم لەسەر پێناسەکەی محمد تقی بهار لە کتێبی "تاریخ تطور شعر فارسی"دا بۆ زانستی شێوازناسیی بوەستم، کە دەنووسێت : ((شێوازناسی زانستێکە بە هۆیەوە دەتوانین لە چۆنیەتیی و چەشن و سەرچاوە و شێوازی شیعریی هەر سەردەم و کاتێک ئاگاداربین . زانستی شێوازناسی لە ڕەگەز و پێکهێنەرەکانی: وشە و دارشتنی ڕستە و چۆنیەتیی بەکارهێنانی زمان و گشت تایبەتمەندییەکانی وشە و دەربڕین دەکۆڵێتەوە ؛ بە هۆی ئەم زانستەوە دەتوانین شیعر و پەخشانی سەردەمێک لە سەردەمێکی دیکە جیابکەینەوە و تایبەتمەندییەکانی هەر سەردەمێکیش بناسین و شێوازی هەر شاعیر و پەخشاننووسێکیش لەوانی دیکە جیا بکەینەوە . یەکێک لە سوودەکانی ئەم زانستە ئەوەیە، ئەگەر لە دەربڕینی شاعیرێکی گەورە، یان لە نووسین و پەخشانی نووسەرێکی مەزن، دەستکاری و شێواندنێک کرابێت، یاخود هەڵەیەک لە دیوان و کتێبی کەسانێکیاندا ئەنجام درابێت، ئەوا ئەو دەستکاری و هەڵەیە، بە هۆی ئەم زانستەوە بە ئاسانی دیاری دەکرێت)) . (بهار ١٣٣٤ : ١٠).

ئەگەر سەرنج بدەینە پێناسەکەی (ملک الشعرا)، وەک دیدە کلتوورییەکانی دیکەی نێو ترادسیۆنی ئەم ناوچەیە بۆ شێواز و شێوازناسی، پەی بەوە دەبەین کە ئەرکی شێوازناسی هەموو شتێکە جگە لە دەستنیشانکردنی بەهای ئیستێتیکی لە دەقێکی ئەدەبیدا و ڕەنگە ئەوەش زۆر جێگای سەر سوڕمان نەبێت، چونکە لەم ناوچەیە تائێستاش بابەتی جوانیناسی نەبووەتە پرسێکی ئەنتۆلۆجی و بێگومان شێوازناسیش وەک پێوەری جوانیناسی لە دەقی ئەدەبیدا ئەو چەشنە تێڕوانینە نییە بۆی.

نووسەر بەگشتی باسی شێوازی شیعری عەرووزی و هیجائی کردووە و دواتر باسی چوار سەردەم و قۆناغی جیاوازی شیعری فارسی و تایبەتمەندییەکانیانی خستووەتە ڕوو، بەڵام بە شێوەیەکی فراوانتر لە کتێبی "سبک شناسی شعر" و "فرهنگ اصطلاحات أدبی" دا ئەم بابەتانە هاتوون کە ئێمە هەوڵدەدەین

له هەردوو سەرچاوەکەوە پوختەیەکی بخەینە ڕوو. بەپێی ئەم پۆلێنبەندییە، شێوازەکانی شیعری فارسی بریتین لە:

## ١-سەبکی یاخود شێوازی خوراسانی یا تورکستانی:

لەسەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی سێهەم تا کۆتایی سەدەی پێنجەمی کۆچیی هەتاوی و هاوسەردەمی حکومەتەکانی تاهیری، سەفاری، سامانی و غەزنەوی، ڕەواجی هەبووە . بەڵگە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن (محمدبن وصیف سگزی-٢٥١ک) میرزا و نووسەری (یعقوب لیث صفاری-٢٤٧ک)، یەکەمین شاعیر بووە کە لە قاڵبی چامە (قصیدە) دا شیعری نووسیووە . ئەم سەردەمە خۆی لە چەند قۆناغێک پێکدێت : سەردەمی تاهیریان و سەفارییان کە لە نموونەی شاعیرەکانیان، دەتوانین ناوی (محمد بن وصیف سگزی )، (ابو سلیک گرگانی)، (حنظلە بادغیسی)، (مسعودی مروزی) بهێنین . لە شیعری ئەم سەردەمەدا، زمانی عەرەبی ئامادەیی نییە و ئەگەر هەشبێت سنووردارە . لەڕووی ژانرەوە، چەشنی شیعریی ئەم قۆناغە زیاتر "شیعری فێرکاری" یە و قاڵبی شیعری باو : پارچە (قطعە)یە . شیعرەکان سنعەتکاری ئەدەبی و زمانی وێنەییان تێدا نین، واتە شیعرەکان زیاتر لەسەر بنەمای لۆژیکی پەخشانن . لەڕووی (کێش) ەوە، ئەم شیعرانە وەک یەکییەکی تەواویان لەگەڵ یاساکانی عەرووز دا نییە، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر پرۆسەی لەسەرەخۆی هێنانەژێرباری شیعری فارسی بۆ عەرووز .(بڕوانە شمیسا ١٣٩٨ :٢١).

لە ڕووی زانستییەوە، پاش شمیسا، یەکەمین کەسێک کە فۆکەسی خستبێتە سەر بابەتی شێوازناسی، (ملک الشعرا بهار) بوو، کە لە کتێبی "سبک شناسی شعر" دا، شیعری لە ئەدەبیاتی کلاسیکی فارسیدا کردووەتە سێ قۆناغ. هەندێک چۆنیەتیی ناونانی ئەم (سبک) انە دەگێڕنەوە بۆ فاکتەری شوێن و هەندێکی دیکەش بۆ فاکتەری کات . بەهار ئەم ناولێنانە دەگێڕێتەوە بۆ کات و سەردەمی سەرهەڵدانیان و دەنووسێت : ((...بەڵام سەبکی عێراقی کە بە گشتی لە بەرامبەری سەبکی خوراسانیدا سەر هەڵدەدات، بەو هۆکارە نییە کە کەسیی عێراقی یان خوراسانی وەک ڕەگەزی ناوچە لە ڕووی چێژ و سەلیقەی ئەدەبییەوە جیاوازی هەبێت لە نێوانیاندا، بەڵکو مەبەست و ماناکەی لە چەشن و شێوەیە کە بێگومان پەیوەستە بە کات و سەردەمەوە )) . (بهار ١٣٣٤ : ٦٩).

## سەردەمی فەرمانڕەوایی سامانییان :

سەردەمی ڕەواج و چەسپاندنی شیعر و پەخشانی فارسییە، (رودکی-٣٢٦ک) باوکی شیعری فارسی سەر بەم سەردەم و قۆناغەیە . لەم سەردەمەدا پەنجا و حەوت شاعیر سەریانهەڵدا کە فیردەوسی یەکێکە لەوان و لە تایبەتمەندییەکانی ئەم سەردەمە : کەمیی وشەی عەرەبی و لە ڕووی ژانرەوە زیاتر دەچووە قاڵبی ژانری فێرکارییەوە، بەڵام بە نەفەس و ئاوازی داستانییەوە؛ لە ڕووی قاڵبی شیعرییەوە

هەروەک پێشوو بوو، بەڵام تا سنوورێک گرنگییان بە هونەرەکانی جوانکاری دەدا . هەندێک جار لە لێکچواندنی چەشنی مرۆڤاندن سوود وەرگیراوە و لە ڕووی دەروونییەوە شاد و ئاسانکاربووە . تایبەتمەندییەکانی شیعری کۆنی فارسی و خوراسانی لە شیعری سەردەمی سامانیدا بە تەواوەتی خۆی نیشان دەدات . (بڕوانە شمیسا ١٣٩٨ :٢٥).

## سەردەمی غەزنەوی یان غەزنەوییان :

لە (کسایی و مروزی و فیردەوسی ) کە پەروەردەکراوی سەردەمی سامانییان بوون، بگوزەرێین، (عنصری، فرخی سیستانی، منوچهری ) لە شاعیرانی ناوداری ئەم سەردەمەن . لە زمانی شیعری ئەم سەردەمەدا زیاتر سوود لە وشەی عەرەبی وەرگیراوە و کەمتر زمانە لەبیرکراوەکانی فارسی بەکاربراوە، چەشنی باو و زاڵ لەم سەردەمەدا ستایش و پیاهەڵدانی مەعشوق و سروشت و وەسپکردن بووە . لەڕووی وێنەی شیعری و خولقاندنی تێمەوە بەکاریگەری لە تورک و بایەخدان بە مەسیح باوبووە . مەعریفەی ئیسلامی خراوەتە ڕوو و مەعشوقیش پەست و زەمینی بووە . لە ڕووی ئەدەبییەوە، لێکچواندنی هەستپێکراو بە هەستپێکراو، کەم کەم گۆڕاوە بۆ لێکچواندنی هەستپێکراو بە مەعنەوی، لێچواندنەکان کورتتر بوونەتەوە و لێکچواندنەکانی شیعری سەردەمی سامانییان و شاعیرانی عەرەب بوونەتە سەرچاوەی لاسایی و چاولێکردن.

بەشێوەیەکی گشتی شیعری سەبکی خوراسانی، وێڕای بوونی ئەم جیاوازییانە، ماک و تایبەتمەندییەکانی لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕ دەبنەوە:

ڕۆحێکی شاد و ئاسان و سانای هەیە، شیعرێکی واقیعگەرایە، ئاماژەدان بە قارەمان و پاشاکانی پێش ئیسلام تێیدا باوە، مەعشوق پێگەیەکی پەست و نزمی هەیە، واتە هەندێک جار پیاوێکە و هەندێک جار کارەکەر و کەنیزەک، لایەنی عەقڵانی زاڵە بەسەر لایەنی ڕۆچوونی هەست و سۆزی شاعیردا، گیانی دلێری و حەماسەت بەسەر ئاوازی شیعرەکاندا زاڵە، ڕووکەشبین و ئاسۆییە، واتە وەسپی بابەت گەلێک دەکات کە بە چاوی سەر دەبینرێن . بابەتی بنەڕەتی لە شیعرەکاندا : پیاهەڵدان و پیاهەڵدراو و وەسپی مەی و مەعشوق و سروشتە، قاڵبی سەرەکی شیعر (قصیده) چامەیە، ئاماژەدان بە مەعاریفی ئیسلامی کەم و دەگمەنە، سادە و ڕوون و بێ پەردەیە، لەڕووی وێنەی شیعرییشەوە، زیاتر پشت ئەستوورە بە لێکچواندن، ئەویش لێکچواندنی هەستپێکراو بە هەستپێکراو . (بڕوانە شمیسا ١٣٩٨ :٥٣).

## سەردەمی سەلجوقی:

قۆناغێکە لە نێوان هەردوو سەردەمی سەبکی خوراسانی و عیراقی و سەبکی شیعریی ئەم سەردەمە و لە ژێر کاریگەریی ڕووداو و گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا، زەمینە و دەستپێکێکە بۆ سەرهەڵدانی سەبکی عێراقی . تا کۆتایی سەدەی پێنجەم سەبکی خوراسانی بەهەمان شێوەی ڕابردووی

لە هەژموونی خۆی بەردەوام بوو، بەڵام کاریگەرییە ڕاستەقینەکانی ڕووداوەکانی سەردەمی سەلجوقی، لە شیعری سەدەی شەشەمدا دەردەکەوێت . لەم سەدەیەدا سێ سەبکی شیعری ڕەواجیان هەبووە:

سبک خوراسانی بە هەمان تایبەتمەندییەکانی سەبکی خوراسانی لە شیعری (معزی نیشابوری، ادیب صابر، لامعی گرگانی ) و هەندێکی دیکەدا ، هەرچەند بەرز و نزمی بە خۆیەوە دەبینێت، بەڵام بەردەوام دەبێت .(داد ۲۷۷:۱۳۹۰).

## سەبکی نێوەند یاخود سەبکی سەلجوقی کە دواتر گۆڕا بۆ سەبکی عێراقی:

شاعیرانی ئەم سەبکە، لە ڕووی قاڵبەوە بە هەردوو شێوازی چامە و غەزەل-یش شیعریان دەگووت کە بابەتی عیرفانییان پێ دەردەبڕی و باسی ئایەت و فەرموودەی پێغەمبەریان دەکرد و لێکچواندن و خواستن-یان لە شیعردا زۆر بەکار دەهێنا . دەتوانین ناوی هەندێک لە شاعیرە ناودارەکانی ئەم سەردەمە لە نموونەی : (سنائی، ابوالفرج رونی، عمعق بخارایی، رشیدالدین وطواط، انوری، مسعود سعد سلمان ) ناوبهێنین . (بڕوانە شمیسا ١٣٩٨ :١٠٧).

## سەبکی ئازەربایجانی :

پێشەنگی ئەم شێوازە (ابوالعلای گنجوی٥٥٤ک) و شاعیرە ناودارەکانی وەک (خاقانی شیروانی، نظامی، مجیر، فلکی) بوون . لە تایبەتمەندییە شیعرییەکانی ئەم سەردەمە : شانازی کردن، ئاماژەدان بە زانستی جیاواز، ئاماژە بە بابەتی جیاواز لەوانە داب و نەریتی مەسیحییەت؛ ئاماژەدان بە فۆلکلۆر و باوەڕی گشتیی خەڵکی و لەوانەش پزیشکی و ئەستێرەناسی و گیاندارناسی، تا ئاستێک کە شیعرەکانیان بە زۆری پێویستی بە ڕاڤە و ڕوونکردنەوە هەبوو، هەروەها ئاوازی شیعری دلێری و حەماسی گۆڕا بۆ شانازیکردن و بەخۆداهەڵدان، داشۆرین، خۆشویستنی ئێران و جەختکردنەوە لەسەر شکۆی ئێرانی دێرین . سوودوەرگرتن لە چەندین چەشنی هونەری (جناس) هاوشێوەیی، دوولانە، لێکچواندن و خواستن، پابەندبوون و دێڕە شیعری دوور و درێژ، لە ڕووی زمانەوە، زمان و زاراوەی زۆری عەرەبی، پێکهاتەی شیعری نوێ، لە دەستدانی هەندێ زمانی کۆنی سەبکی خوراسانی و زمانی تورکی هاتە ناوەوە. (بڕوانە شمیسا ١٣٩٨ :١٣٤)

## ٢-سەبکی یاخود شێوازی عێراقی:

ئەم سەبکە، سەدەی حەوتەم تا کۆتایی سەدەی نۆیەم لەخۆدەگرێت و هاوسەردەمی مەغۆل و ئیلخانی و تەیمورییەکانە . شاعیران و نووسەرانی ئەم سەردەمە زیاتر سەر بە عێراقی عەجەم (ناوچەکانی ناوەڕاستی ئێران) ن، زۆرێک لە شاعیرە بەناوبانگەکانی شیعری کلاسیکی فارسی لە نموونەی : (حافظ، سعدی، مولوی، خواجوی کرمانی، عراقی ) سەر بەم قۆناغ و سەردەمەن . لە

تایبەتمەندییەکانی ئەم سەبک و شێوازەی شیعر کە نزیکەی سێ سەد ساڵ هەژمونی هەبوو، بریتین لە : ڕەواجی غەزەل، وەک شێوە قاڵبی باو، گرنگی دان و ڕووکردنە ڕوونبێژی و جوانکاری (بیان و بدیع)، مەیل بۆ دەربڕینی دەروونییانە و خودییانە، تێڕوانینی ناواقعییانە، ڕەواجی بابەتی عیرفانییانە، خەمۆکیبوون، گرنگیدان بە مەعریفەتە ئیسلامییەکان، باڵابوونی پێگەی مەعشووق، ستایش و پیاهەڵدانی عیشق، ڕۆچوون و زیادەڕەوی، بیرکردنەوەی لیریکیانە، دروشمگەرایی، کزۆڵی و باوەڕبوون بە قەزا و قەدەر . (بڕوانە شمیسا ١٣٩٨ :١٨٧)

## سەبکی شیعری لە نێوان عێراقی و هیندیدا:

لە سەدەی دەیەمدا پەیدابوو و دوو ڕێچکەی شیعریی لەخۆگرتبوو : ڕێچکەیەکی شیعری کە بە شێوەیەکی سروشتی شیعری باڵای حافزی بەرەو سەبکی هیندی پەلکێش دەکرد و شیعرەکانی (بابافغانی) دەرکەوت، و دووەمیش ڕێچکەی شیعریی (مکتب وقوع) کە لە چارەکە سەدەی دەیەمدا پەیدابوو و تا چارەکی یەکەمی سەدەی یازدەیەم درێژەی هەبوو . شاعیرانی ئەم قوتابخانە شیعرییە، لە پێناو خۆقوتارکردن لە جووینەوە و زەینیبوونی شیعری عێراقی، ڕوویان کردە واقیعگەرایی، بەڵام دەرئەنجامی ئەو دیدەیان کە بابەتی شیعری لە عیشق و عاشقیدا کورت دەبێتەوە، تەنیا گۆڕانکارییەکی گەورە کە کردیان، ئەوە بوو کە مەعشوقیان لە ژنەوە گۆڕی بۆ پیاو . لە ناودارترین شاعیرانی ئەو شێوازە بریتیین لە : لسانی شیرازی، وحشی بافقی، شرف جهان قزوینی و محتشم کاشانی.

لە کەنار قوتابخانەی (وقوع) دا، ڕێچکەیەکی دیکە پەیدابوو کە پێیان دەوت (مکتب واسوخت) و هۆکاری سەرهەڵدانی دژایەتیی نەریتی بەکارهاتوو بوو . داهێنەری ئەم شێوازە (وحشی بافقی) بوو . لەم شێوازەدا چیتر عاشق کڕیاری نازی مەعشوق نییە، بەڵکو ڕووی لێوەردەگێڕێ و دەکەوێتە دوای یەکێکی دیکە . لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی هەردوو قوتابخانەی (وقوع) و (واسوخت) زمانی گشتیی خەڵکییە .شیعری وقوعی، تەواو ناخ و دەروونگەرایە . تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەم سەبکەی کە لە نێوان سەبکی عیراقی و هیندی دایە، بریتیین لە :هاتنە ناوەوەی زمانی گشتییانەی خەڵکی بۆ ناو شیعر، گوێنەدان بە دروستی ڕستەکان و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی، بێباکبوون لە هەڵە یان ڕاست بوون، کار لەسەر بنەمای خستنەڕووی داواکاری لاوەکی و حاڵەتی عاشق و مەعشوقییە لە پەیوەندیی عاشقانەدا، بوونی مەعشوقی نێر، لە ڕووی ئەدەبییەوە سادە و داڕنراو لە جوانکاری و ڕوونبێژی و لە ڕووی قاڵبەوە هەژموونی غەزەل و تەرکیب بەند، سادەیی و ڕەوانبوونیان لەسەر بوو . (بڕوانە شمیسا ١٣٩٨ :٢٥٩).

### ٣-سەبکی هیندی:

لە سەرەتاکانی سەدەی یازدەیەم تا ناوەڕاستەکانی سەدەی دوازدەیەم لە ئەدەبیاتی فارسیدا ڕەواجی هەبووە . ئەم قۆناغە هاوسەردەمی زنجیرە دەسەڵاتی سەفەوییەکان بووە . لە شاعیرانی ناوداری ئەم قۆناغ و سەردەمەی سەبکی هیندی : (کلیم کاشانی، میرزا صائب اصفهانی یا تبریزی، عبدالقادر بیدل دهلوی) ن . لە تایبەتمەندییەکانی سەبکی هیندی : خۆجێکردنەوە و هاتنە ناوەوەی زمانی خەڵکی ناو بازاڕ و کۆڵان بۆ نێو شیعر، کەمبوونەوەی زمانی ئەدەبی کۆن لە شیعردا، هاتنە ناوەوەی بابەت و ناوەڕۆکی سادەی خەڵکی ئاسایی بۆ نێو شیعر، زمانی ڕیالیستییانە و نوێی فارسی، واتاسازیی و بایەخدان بە مانا، سوودوەرگرتن لە هەر شتێکی ناو سروشت بۆ نێو شیعر، کورتبڕیی شیعر لە سنووری یەک بەیت یاخود تەنانەت یەک نیو بەیتدا، هاتنە ناوەوەی بیر و زمانی پەیوەست بە مەزهەب و داب و نەریت و ڕێوڕەسمی هیندییەکانەوە، جگە لە لێکچواندن لە جوانکاری و ڕونبێژیی دیکە زۆر سوود وەرنەدەگیرا، ناوەڕۆکی شیعر بریتی بوو لە بابەتی سەرنج ڕاکێش و دۆزینەوەی پەیوەندیی نامۆ، گرنگی دان بە ئاماژە، زیادبوونی ژمارەی بەیتەکانی غەزەل، باڵابوون و زۆر هێنانەوەی نموونە و بەکارهێنانی پەند . (بڕوانە شمیسا ١٣٩٨ :٢٧٥).

وێڕای ناساندنێکی کورتی زاراوە و چەمکی شێواز و شێوازناسی بە گشتی، ئەوەی تا ئێستا لەم پارەی بەشی یەکەمدا باسی لێوەکرا، ڕیشەی مێژوویی و هەندێ ڕەهەندی بابەتی ڕەوانبێژی بوو لە ترادسیۆنی ڕۆژهەڵاتیدا، لە پاری دووەمدا دەربارەی زەمینە ڕۆژئاواییەکە، وەک قۆناغەکانی گەیشتنە ستایلناسیی هاوچەرخ-دەدوێین.

# پاری دووەم

## شێوازناسی لە ترادسیۆنی ڕۆژئاواییدا:

لە پاری یەکەمی ئەم بەشەدا، پاش ئەوەی بە گشتی پێناسەی زاراوە و چەمکەکانی شێواز و شێوازناسیمان کرد و تیشکۆمان خستە سەر ڕیشە و سەرهەڵدانی ڕەوانبێژیی عەرەبی و فارسی کە بنەمای مێژووی سەرهەڵدانی شێوازناسین لە ترادسیۆنی ڕۆژهەڵاتیدا، لەم پارەی دووەمدا باسی زەمینە و سەرهەڵدانی ڕەوانبێژی دەکەین وەک دەستپێکی شێوازناسی لە ترادسیۆنی ڕۆژئاواییدا . هەردوو ڕیشە و زەمینەی سەرهەڵدانەکان بۆ نامەکەی ئێمە گرنگی و بایەخی خۆیان هەن، چونکە بە میتۆدێک کە زادەی گەشەی کلتوری شیوازناسیی ڕۆژئاوایە، شیکاری بۆ کاری هونەری و دەقی شیعری چەند شاعیرێک دەکەین کە گۆشکراوی ڕۆشنبیریی ترادسیۆنی ڕۆژهەڵاتن و گرتنەبەری ئەم میتۆدەش بە ئامانجی دەرخستنی ڕەهەندە ئیستێتیکییە شاراوەکانی لیریکی شاعیرەکانمانە.

دیارە شارستانییەتی ڕۆژئاوا لە سەرهەڵدانییەوە، درێژبووەوەی یەک سەرچاوە و هێڵە و ئەورووپا و ئەمریکای ئەمڕۆ میراتگری ڕەوای هەردوو شارستانییەتی یۆنانی و ڕۆمانین؛ هەروەها دەتوانین ئەو ڕاستییە مێژووییەش ئاماژە پێ بدەین، ڕەوانبێژیی ڕۆژئاوا لە ڕەوانبێژی عەرەبی دێرینترە ،ئەوە بێ لەوەی ڕەوانبێژیی عەرەبی لە سەرچاوە یۆنانییەکەوە وزە و شێوەی داوەتە خۆی، بە تایبەتییش بە وەرگێڕانی کارەکانی ئەرستۆ کە بونیادنەری یەکەمی زانستی ڕەوانبێژییە.

سەبارەت بە بنەوانی شێوازناسی لە ترادسیۆنی ڕۆژئاوادا، پیتەرهالبێرگ بەم جۆرە سەربوردێکی خێرای دەکات : ((لە ڕاستیدا ستایڵناسی شێوەیەکی هاوچەرخی دیسپلینێکی ئانتیکە کە بە ڕیتۆریک ناودەبراو قوتابییەکانی فێردەکرد چۆن گۆشەنیگا و بۆچوونێک گەڵاڵە بکەن، چۆن بەشێوەیەکی گونجاو و کاریگەر ڤیگەرەکانی زمان دەرببڕن و بە شێوەیەکی گشتیش چۆن بتوانن ئاخاوتن، پارچە نووسینێک بگەیەننە ئاستێکی بەرزی کاریگەری . ڕیتۆریک لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەورێکی گرنگی لە مەشقپێکردنی خەڵکدا هەبووە، چ لە کەنیسە، لە پیشە و لە (ژیانی) یاسایی و سیاسی و دیپلۆماسی و .....هتد دا، بەڵام دواتر وای لێ هات لەم لایەنانە دووربکەوێتەوە و لە ئاستێکی وردی لێکۆڵینەوەی زمان نزیک ببێتەوە و توێژینەوەی دەربارە بکات )). (هالبێرگ و دانەرانی تر ٢٠١٨ :٣٦٠) .

هەر لەو بارەیەوە لە ((دانش نامه نظریه های أدبی معاصر)) دا بەم جۆرە باس لە شێوازناسی دەکات: ((شێوازناسی، میراتگری ڕاستەوخۆی ڕیتۆریک(ڕەوانبێژی) یە . بەکارهێنانی ئەم وشەیە سەرەتا لای (نووالیس)، وەک هاوواتایەکی ڕەوانبێژی بەرچاو دەکەوێت . لە سەدەی نۆزدەیەمدا ئەم زاراوەیە لە زمانی ئەڵمانییەوە چووە نێو زمانە ئەورووپییەکانی دیکە، بەتایبەتی زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی . لەگەڵ ئەوەی شێوازناسی هەندێ ڕەگەزی ڕەوانبێژی، بەتایبەتی شیکاریی چنینی ئەدەبی و

چەشنەکانی میتافۆری پاراستووە، بەڵام پەیدابوونی شێوازناسی وەک چەشنێک، بەڵگەی سەرەولێژبوونەوەی ڕەوانبێژی بوو .بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە لە شیکاریی ڕەوانبێژیدا چەمکی شێواز ئامادەیی نەبووە . جیاوازیکردن لە نێوان شێوازی سادە، شێوازی بژاردە (ناوەند) و شێوازی باڵا، بەشێکن لە کاتیگۆریای نەریتی ڕەوانبێژی )) . (مکاریک ١٣٨٨ :١٨١ ).

هاوشێوەی ترادسیۆنی ڕۆژهەڵاتی، پێکەوە هاتن و تەریبییەک لە بەکارهێنانی هەردوو زاراوەی شێواز و ڕەوانبێژیدا و لە بارەی جیاوازییەکان و ڕیشە مێژووییەکەی ساتی سەرهەڵدانی هەردوو زاراوەکەوە هەیە، کە یەکەمیان زۆر لەپێشترە لە دووەمیان، توێژەرێک دەڵێت : (( زاراوەی شێواز بۆ ماوەیەکی زۆر هاوهەنگاو و هاوسەردەمی زاراوەی ڕەوانبێژی بووە، بێ ئەوەی هیچ دژیەک بوونێک لە نێوانیاندا هەبووبێت، بەڵکو شێواز پشتیوان و هاوکارێک بووە لە پۆلێنبەندیی بنەما پێوەرییەکاندا کە بیری ئەدەبی و جیهانی لە سەردەمی شارستانییەتی یۆنانی و نووسینەکانی ئەرەستۆدا بەتایبەتی، لەگەڵ خۆی هەڵیگرتووە . هەر لەم چوارچێوەیەدا، وشەی شێواز ناوبانگی لەو دابەشکردنە سیانییەوە وەرگرتووە کە ڕەوانبێژەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لەسەری کۆک بوون، کاتێک گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی سێ جۆر لە شێواز هەن، ئەوانیش : شێوازی سانا و ئاسایی، شێوازی مام ناوەند، شێوازی باڵا ؛ ئەمەش ئەو چەشن و ڕەنگانەن کە وەک نموونە دەیگێڕنەوە بۆ سێ نموونەی گەورە لە بەرهەمی شاعیری ڕۆمانیی "ڤیرگیلیۆس" ، کە لە سەدەی یەکەمی پێش زاییندا (١٩پ.ز-٧٠پ.ز) ژیاوە . دیوانەکەی کە لە بارەی ژیانی جوتیارانەوە نووسیویەتی (گۆرانی شوانانە) نموونەیەکە بۆ شێوازی سانا و ئاسایی، دیوانە ئەخلاقییەکەی کە هانی ڕۆمانەکان دەدات بۆ دەستگرتن بە پاراستنی زەوییە کشتوکاڵییەکانیانەوە (چامە کشتوکاڵییەکان) نموونەیەکە بۆ شێوازی مام ناوەند، بەڵام داستانە ناودارەکەی "ئاتێیدا" نموونەیەکە بۆ شێوازی باڵا، لەسەر بنەمای ئەم پۆلێنبەندییە، لای ڕەوانبێژەکان ئەوە بڵاوبوویەوە کە ناسراوە بە بازنەی "ڤیرگیلیۆس" بۆ شێواز )) . (درویش ١٩٨٤ :٦٥) .

دواتر وەک ڕێگەگرتنێک لەوەی کە شێوازناسی بە چین و توێژەکانەوە پەیوەست بکرێت، دەنووسێت : ((پەیوەستبوونەوەی حەرفیانە بە بازنەو پێوەرەکانەوە، بووە هۆی لەدایکبوونی بزووتنەوەی نوێگەری، کە دەستپێکیان لە هەنگاوە سەرەتاییەکانەوە، تەنانەت لە ساتەکانی هەژموونی بنەما و ڕێساکانی کلاسیزم و دیکارت لە سەدەی شانزەیەمدا نووسیوویەتی : "ئەوانەی کە بیرکردنەوەیەکی ماقوڵیان هەیە و بە شێوەیەکی قووڵ نوێنەرایەتیی ئەو ئایدیایانە دەکەن تا بە چەشنێک دەریبڕن کە ڕوون و مایەی تێگەیشتن بێت، ئەوانە هێز و توانایان بۆ قەناعەت پێکردن زیاترە لەو کەسانەی کە تەنیا گرنگی بە قاڵبە ڕەوانبێژییەکان دەدەن "، بەڵام گورزە کاریگەرەکە بۆ پرینسیپی چینایەتیبوونی شێواز و هەندێ بنەمای پێوەری بوون، کە لەسەر دەستی جورج بوفون(١٧٠٧-١٧٨٨ز) و لە کارە ناسراوەکەیدا

"گوتارێک له بارەی شێوازەوە دەرکەوتن "، سەرکۆنەی ئەو دیدەی کرد کە شێواز بریتی بێت لە چین و توێژ، بەوە گەیشت کە شێواز تاک و کەسییە )) .(درویش ١٩٨٤ :٦٨).

لێرەدا بە پێویستی دەزانین هەروەک پاری پێشوو، تیشکۆ بخەینە سەر ڕیشەی مێژوویی و قۆناغەکانی گەشەی ڕەوانبێژی لە ترادسیۆنی ڕۆژئاوادا، وەک زەمینەی شێوازناسی نوێ.

ڕۆلان بارت لە کتێبەکەیدا "خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ڕەوانبێژی دێرین" ، ئاماژەی بە (٥٥) قۆناغ و ڤێرژنی جیاجیای ڕەوانبێژی داوە کە کلتورێکی مەعریفی دەوڵەمەندیان بۆ ئەو شارستانییەتە پێکهێناوە .بە داخەوە ئێمە لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نییە لە هەموو وێستەگەکانی ئەم مێژووە پتر لە (٢٥٠٠) ساڵییە ڕامێنین، بەڵام بە پێویستی دەزانین چەردەیەک لەو مێژووە پڕ لە ڕەنج و تێکۆشانە مەعرفییە بخەینە ڕوو کە میتۆدی کارەکەی ئێمەش بەرهەمی ئەوە:

## ا–قۆناغی دەستپێک یاخود ڕەوانبێژیی کلاسیکی (Classical Rhetoric) :

ناساندنی مێژوویی ڕەوانبێژی کلاسیک : کۆی ئەو ڕێنمایی و فێرکاری و بەرجەستەکردنە ڕەوانبێژییە یۆنانی و ڕۆمانییانەیە، بە هەزاران لاپەڕە دەخەملێنرێ و لە سەردەمی داستانەکانی (هۆمیرۆس) و (هێسیۆدوس) ەوە تا سۆفستاییەکان و وتاربێژ و فەیلەسوفەکانی سەدەی پێنج و چواری پێش زایین و تا وتاربێژ و نووسەرە ڕۆمانییەکانی سەرەتای سەدەی دووی پێش زایین لە :وتاردان، ڕێنمایی ئامۆژگاری، وتاری شیعرییانە و کتێبە ڕێنماییکارانەکانی کە نووسرابوون، دەگرێتەوە.

وەک لە "موسوعە البلاغە"دا پێناسەی تیۆری بۆ ڕەوانبێژیی کلاسیکی هاتووە : ((کۆمەڵێ زانینی ڕێکخراو و گشتگیرە و ئامانجی توێژینەوەیە لە وتاردان، بەو چەشنەی لە سەدەی چواری پێش زایین و سەدەکانی ناوەڕاستدا وێناکراوە ...)) . (أ . سلوان ٢٠١٦ :٣١٣).

ڕۆلان بارت لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە تیشکۆ دەخاتە سەر سەرەتای سەرهەڵدانی ڕەوانبێژی لە ترادسیۆنی ڕۆژئاواییدا و دەڵێت : ((ڕەوانبێژی (وەک زمانی وەسپکارانە) لە شکاتی موڵکایەتییەوە سەریهەڵدا . دوو ستەمکار کە ئەوانیش (جیلۆن) و (هیرۆن) ی خەڵکی سەقەلییە بوون، لە( ٤٨٥ پ.ز) دا دانیشتووانی سراکوزایان دوورخستەوە و موڵکەکانیان داگیرکردن، بە ئامانجی ئاوەدانکردنەوەی و دابەشکردنی زەوییەکانیان بەسەر چەتەکانی خۆیاندا؛ کاتێک بە هۆی ڕاپەڕینێکی دیموکراسییانەوە ڕووخێنران و خەڵکە ڕەسەنەکە گەڕانەوە بۆ ناوچەکانیان، بێ سنوور شکاتی موڵکایەتی هەبوو، چونکە مافی موڵکداری نادیاربوو. ئەم شکاتانە، دیاردە و حاڵەتێکی نوێبوون و چارەسەرەکەشیان بەو چەشنە لێ کرد : چەند لیژنەیەکی میللیی گەورەیان بۆ بڕیار و دادوەری پێکهێنا و دەبووایە کەسێک کە دێتە بەردەم ئەو لیژنانە توانای دەربڕینی بەهێزبێت و (ڕەوان) بێت . ئەم ڕونبێژی و ڕەوانبێژییەی کە تێکەڵەیەک بوو لە دیموکراسیخوازی و گێرەشێوێنی، دادوەری و سیاسی (کە دواتر ناونرا بە

ڕاوێژکاری)، زۆر بە خێرایی وەک بابەتێکی فێرکاری کەوتە سەرپێ . ئەوانەی لە سەرەتاوە بوونە مامۆستای ئەم بەشە مەعریفییە : ئیرۆکلیدس، (٤٥٠- Empedocles پ ز)،  کۆراکس و خوێندکارە سراکوزاییەکەی (ئەو یەکەمین کەس بوو داوای بڕێک پارەی کرد لە بەرامبەر وانەکانیدا) و تێسیاس بوون . ئەم چەشنی وانەوتنەوە و فێرکارییە، بە هەمان خێرایی و بە هۆی ململانێی بازرگانییەوە کە هەیانبوو لەگەڵ سراکوزایی و ئەسینایییەکان، گوازرایەوە بۆ ئەتیکا، بەمشێوەیە، ڕەوانبێژی لە دەستپێکەوە و هەر لە ناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی پێش زایینەوە، ئەسینییە . کۆراکس، هەر لە سەرەتاوە پێنج بەشی گەورەی بۆ وتاردان دانا کە بۆ چەندین سەدە بوونە سکێچی وتاردان و بریتییبوون لە :١-دەستپێک یاخود سەرەتا (الاستهلال) .٢-گێڕانەوە یا ئەکشن و پەیوەندیی ڕووداوەکان. ٣-بەڵگە خستنەڕوو.٤-(الاستطراد) ڕەوتی وتەهێنانەوە لە نێوان گوتەیەکی تردا .٥-کۆتایی .)) .(بارت ٢٠١١: ٢٤).

دەتوانین بڵێین، وتنەوە و پەیڕەکردنی ئەم سستێمە لەو کاتەوە لە شارستانییەتی ڕۆژئاوادا بە ڤێرژنی جیاواز بەردەوام بووە و بازنەی کاری لە جەختکردنەوە لە گوتنەوە فراوانبووە بۆ جەختکردنەوە لە نووسین و شیعر . هەموو ئەوانەی ناویانهێنرا، ڕۆڵ و پشکیان هەبووە لە دامەزراندنی ئەم سستێمەدا، بەڵام وەک سەرچاوەی پێشووتر جەختی لێ دەکاتەوە : ((...سۆفستاییەکان و ئەفلاتوون و ئیرۆکلیدس و ئەرەستۆ و فەیلەسوفە هیلینیستەکان و ڕەخنەگرەکان لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانییەوە، ڕۆڵیان هەبوو لەم تیۆرییایەدا، بەڵام نووسینەکانی شیشرۆن و سۆفستاییەکان و "ڕەوانبێژیی هێرینیۆس_Rhetoric Herennius" (کە نووسەرەکەی دیار نییە) و "فێرکردنی وتاربێژ_Education of the Orator" ی کنتیلییان، سەرچاوەی سەرەکیی ئەم کلتورە ڕۆژئاواییەبوون )).(أ . سلوان ٢٠١٦ :٣١٦).

ئەگەرچی بەگشتی لە یەک بەستێندا بوون و یەک بابەت کۆی کردبوونەوە، بەڵام جیاوازیی بەرچاو لە تێگەیشتن و دەرئەنجامەکانیاندا هەبوو،  عیماد بەسام غەنووم لە چەند خاڵێکدا بەشە سەرەکییەکانی دامەزرێنەرە بنەڕەتییەکانی ڕەوانبێژیی کلاسیکی کۆکردوونەتەوە و دەڵێت : ((...وتاربێژە سەرەکییەکان لەسەریان پێویستبوو پەیوەستبن بە بنەما و پلەبەندییەکانی سەردەمی کلاسیکەوە، و ڕەوانبێژی بەپێی شاکارەکانی ئەرەستۆ و شیشرۆن و کنتیلیان، ئەم چوار بەشەی لەخۆدەگرت :١-داهێنان و هێنانەکایەی بەڵگە، بە گەڕان بە دوای ئارگومێنت و بەڵگە و بەردەوام گەشەپێدانی.٢-ڕیزبەندی و ڕێکخستن، یاخود ئەو سستێمەی کە پێویستە ئارگومێنتەکان تێیدا ڕێکخراوبن. ٣-دەربڕین و گوزارشتکردن، یاخود شێوازی خستنەڕوو، ئەوەش بەشێوەیەکی زۆر ڕوون، سەرنجڕاکێشانە و ئەم ئارگومێنتانە دەرکەون لە داڕشتندا .٤-ئەو ئەکشن و کارەی کە ئامانجەکانی خێرایی گۆکردن، جوڵە، گۆڕانی ڕەنگوڕوو دەکات . لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئامانج هونەری قەناعەتپێکردنە و ڕەوانبێژی بەردەوام نزیکە لە بنەڕەتەکەی )) . (غنوم ٢٠١٧ :٢٠).

ئەگەرچی جەختکردنەوە لە ئامراز و چەمکەکانی ناو ڕەوانبێژی لە وتارەکاندا، نموونەی وتارەکانی (ئەکیلیس) لە "ئەلیادە " و (تلیماخۆس) لە ساتی کۆکردنەوەی ئەتیکییەکان لە "ئۆدێسە" و کاتی دادگایکردنی (هێرمیس) لەسەر دزینی مەڕومالاّت لە سرووودی هۆمیریەی هێرمیسدا و دادگایی (ئۆرێستیس) لەسەر کوشتنی (کلایتمنسترا) لە درامای (یۆمێندیس) ی ئەسخیلۆسدا، هەبووە بەلاّم : ((وشەی"Rhetorike" واتە ڕەوانبێژی، بۆ یەکەمینجار لە دیالۆگی "گۆرگیاس"ی ئەفلاّتوندا و بە نزیکی لە ٣٨٥ پ.ز دا هاتووە . لە گفتوگۆیەکدا گۆرگیاس خۆی بە مامۆستای ڕەوانبێژی وەسپ دەکات . وشەی ڕیتۆریکیش بە حەرفی، واتە ئەو هونەرەی کە وتاربێژ یان کەسی سیاسی هەیەتی، ئەو کەسەی قسە دەکات بۆ جەماوەر؛ لە راستیدا سۆکرات بە چاوی گومان و دڵەڕاوکێوە دەیڕوانییە ڕەوانبێژی، لەو ڕوانگەیەوە کە مەرایی و فێڵکردن لەخۆدەگرێت و لە سەرەتادا وەک بەشێک لە مەعریفە ڕێزی لێ نەدەگیراو و ئەژمار نەدەکرا تا چەند ساڵێک دواتر و دوای سۆکرات، ئەرەستۆ گرنگی و بایەخی تایبەتی پێدا )) . (أ .سلوان ٢٠١٦ :٣١٩).

رۆلان بارت، پەیوەست بە ئەفلاتون و ڕەوانبێژییەوە دەڵێت : ((ئەو دوو دیالۆگەی ئەفلاّتوون کە ڕاستەوخۆ دەچێتە نێو بابەتی ڕەوانبێژییەوە، ئەوانەی (گۆرگیاس) و (فیدرۆ) ن ...ئەفلاتون دوو جۆر لە ڕەوانبێژی دەخاتە ڕوو یەکەمیان خراپ و گەندەڵە و دووەمیان راست و ڕەوایە . یەکەمیان لە ناو کاری هەر دەربڕینێکدایە کە بابەتەکانی لەسەر ئەگەر و ناڕوونی دامەزراوە و مامۆستاکانی ڕەوانبێژی و قوتابخانەکانیان لە نموونەی گۆرگیاس و سۆفستاییەکان پەیڕەوی دەکەن . دووەمیان، ڕەوانبێژی ڕەوایە و ڕەوانبێژی فەلسەفییە و ئارگومێنت و بابەتەکەی گەڕانە بە دوای هەقیقەتدا و ئەفلاّتون بە سیگاگۆجیا ناوزەدی دەکات، واتە پێکهێنانی ڕۆحەکان بە هۆی گوتن و دەربڕینەوە ...)) .(بارت ٢٠١١ :٢٨) . لەبارەی ئەرەستۆشەوە دەڵێت : ((ئەگەر ئەفلاتونی لێ کەنارخەین، ئایا هەموو ڕەوانبێژی ئەرەستۆیی نییە ؟، بەڵێ، بێگومان هەموو ڕەگەزە فێرکارییەکانی کە وزە دەدەنە ئاماژە و کورتکراوە کلاسیکییەکان، لە ئەرەستۆوە هاتوون...)) .(بارت ٢٠١١ :٣١).

دواجار و لە خستنەڕووی کۆتایی ئەم قۆناغەی ڕەوانبێژی، واتە کلاسیک، لە ترادسیۆنی ڕۆژئاواییدا، پێویستە ئاماژە بەو گەشەپێدانە بدەین کە هەنگاوێکی نەوعی بوو، بەوەی لە نیوەی دووەمی سەدەی پێنجی پێش زاییندا، نووسین بووە بنەما و زیاتر بڵاوبوویەوە و بووە مایەی بەرەوپێشچوونی پەخشان و کتێبە مێژوویی و فەلسەفییەکان و نووسینە پسپۆڕییەکانی تایبەت بە پزیشکی و ڕەوانبێژی و سیاسەت

.

## ب–ڕەوانبێژیی سەدەکانی ناوەڕاست: (Medieval Rhetoric) :

پێدەچێت سەدەکانی ناوەڕاست، ئەو قۆناغ و سەردەمە بن کە ڕەوانبێژی زۆرترین کاریگەری لەسەر بیر و بەرهەمی پراکتیکی بەجێهێشتبێت، وەک لە فەرهەنگی تایبەت بە ڕەوانبێژیدا هاتووە : ((لە توێژینەوەماندا بۆ ڕەوانبێژی سەدەکانی ناوەڕاست، دەتوانین وەسپی بکەین بە مێژووی کارە تۆمارکراوەکان بۆ چۆنیەتیی و پرەنسیپی دەق، چەترێک بۆ ڕۆشنبیری کلاسیکی، و زانستێکی ئەکادیمی و بەشێک لە مێژووی بیر و ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی ئەدەب و بەشێک لە مێژووی پەروەردە و کۆمەڵناسی و ئاراستەیەک کە بەردەوام ئامادەیی هەبووە لە زانستی (تأویل) هێرمیۆنتیکا و تیۆرییەکانی ئەدەبدا ...)) . (أ . سلوان ٢٠١٦ :٥٠٤).

لە دەرئەنجامی وەرگرتنی نەریتی ڕەوانبێژیی دێرین و توێژینەوە لێی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، چەند بەکارهێنانێکی ئەدەبی و فەرمی نوێ گەشەیانکرد و لە هەمان کاتدا ڕەوانبێژی بۆ سێ بەشی دیاریکراو دابەشبوو، وەک لە سەرچاوەی پێشوودا هاتووە : ((لە سەدەکانی ناوەڕاستدا پەیڕەویی لە ڕەوانبێژی دابەشبوو بۆ سێ چەشن کە هەرکامیان شێوە و نەریتی دەقیی خۆی هەبوو . سێ چەشنە فەرمییەکەی ڕەوانبێژی فێرکاری (واتە ئەوەی دەخوێندرێت بۆ بەرهەمهێنانی دەق نەک تەنیا بۆ وەسپی دەقێک کە هەیە)، کە ئەوانیش شیعر و نووسینی نامە و ئامۆژگارییە، کە پێکەوە پەیوەستبوون، لەودا یەک سەرچاوەی هاوبەشیان هەبوو، هەروەها تا سنوورێک هەڵگری یەک ئەرکی پەروەردەیی و ڕێکخراوەیی بوون، بەڵام لە هەمان کاتدا بە زۆر ئاراستەی جیاوازدا و لە هەندێ زەمینەی ڕۆشنبیریدا گەشەیان کرد )) . (أ . سلوان ٢٠١٦ :٥١٦) . هەروەها هاتووە : ((ڕەوانبێژی وەک ڕەگەزێکی بنەڕەتی لە سیانەی زانستە ئازادەکاندا(trivium) ، و وەک یەکێک لە هونەرەکانی زمان(artes sermocinales) ، لەگەڵ نەحو و بەڵگەهێنانەوەی لۆژیکی، بەردەوام دەخوێنرا)).(أ . سلوان ٢٠١٦ :٥٠٦).

ئەگەر نەڵێین گرنگترین، ئەوا دەتوانین بڵێین، یەکێک لە گرنگترین زانایانی ڕەوانبێژی ئەم قۆناغە قەدیس (ئۆگەستین Saint Augustin–٣٥٤) ە کە بە بونیادنەری ڕەوانبێژی مەسیحی ئەژمار دەکرێت .وەک لە نووسینەکانیدا دەبینین، نووسەر، لە قسەکردنیدا لەسەر هونەری ڕەوانبێژی، بەردەوام تیشکۆی لەسەر گەیاندنی ئامانج و ئامۆژگاری و گۆشکردنی بیر و باوەڕە ئاینییەکانە و لە کۆی وتارەکانیدا ئەم ئاراستەیە بەرچاوە . لە کتێبی "آراء فیلسوفان و سخن شناسان درباره آن" دا، ئاماژەی بە هەندێک بەش لە نووسینەکانی ئەو فەیلەسوفە مەسیحییە داوە کە ئێمە لێرەدا سوود لە بژاردەیەکی دەبینین : ((لە بەشی حەڤدەیەمی سێ چەشنەکەی ڕەوانبێژیدا و لە بەرگی چوارەمی کتێبی "فێرکردنە مەسیحیەکان "دا هاتووە :وتاربێژێک کە ئامانجی باڵادەستبوونی هەقیقەت بێت، بۆ گەیشتن بەم مەبەستە بیەوێت قسەکانی کاریگەر و دڵڕفێن بن، پێویستە جگە لە دوعاکانی، هەموو هەوڵێک بدات تا ڕوون، سەرنجڕاکێش، و بەهێزی قەناعەتپێکردنەوە قسەبکات و هەرکات لەم بوارەدا سەرکەوتوو بوو، بە

ڕاستی ڕونبێژ و ڕەوانبێژە تا ئەو کاتەی گوێگرەکەی خۆی پێ ڕابگیرێت لە بەردەم پەسەندکردنی قسەکانیدا)) . (کلوزاد ١٣٩٥ :٤٧) .

لە بەشی نۆزدەی هەمان سەرچاوەدا سەبارەت بە ستایڵی وتاربێژی مەسیحی هاتووە : ((وتاربێژی مەسیحی، ئەگەرچی تەنیا لەگەڵ مەسەلە پلە باڵاکاندا سەروکاری هەیە، بەڵام نابێت تەنیا ئەو ستایڵە بەکاربهێنێت کە بۆ ئەوان بەکەڵک دێت، بەڵکو وا گونجاوترە، بۆ فێرکردن، ستایڵی سادە : بۆ پیاهەڵدان یان سەرکۆنەکردن، ستایڵی مامناوەند هەڵبژێرێت و بۆ هێنانە ژێرباری گوێگری ئینکار، بە ڕەفتاری چاکە و کاریگەر بیهێنێتە سەر ڕێ و لە شیاوترینی ڕێگاکان بۆ کاریگەربوون لەسەر دڵەکان سوود وەرگرێت . هەندێکجار واپێشدێت، لەسەر یەک بابەت، پێویست بکات لە هەرسێ شێوازەکە یەک لە دوای یەک، فێربوون و ستایش و سەرکۆنەکردن بۆ گێڕانەوەی کەسێک بگیرێتە بەر )).(کلوزاد ١٣٩٥:٤٨). لە سەدەی سیازدەیەمی زاینییدا، ڕەوانبێژی بووە بەشێک لە مەنهەجی خوێندنی ئەو زانکۆ تازە دامەزراوانەی باکووری ئەورووپا، وەکو زانکۆکانی پاریس و ئۆکسفۆرد و هەروەها زانکۆکانی باشوری ئەورووپا، لەوانەش، لە زانکۆکانی بۆلۆنیا و بافیا و ڕافینا...

## ج-ڕەوانبێژی لە سەردەمی ڕێنیسانسدا:(Renaissance Rhetoric) :

باسکردنی ڕەوانبێژی لەم سەردەمەدا، پێویستی بە خستنەڕووی، هێنانەوە و گیانپێداکردنەوەی سیمای ڕەوانبێژیی کلاسیکییە بۆ وڵاتانی ئەوروپا و جەختکردنەوەیە لە کاریگەریی لەسەر نەریت و زانستەکان و هاوکات لەسەر گەشەی کۆمەڵایەتی لە مێژووی گشتیی ڕۆشنبیریدا، هەموو ئەمانە و دواتر باسکردنی ستایڵی ڕەوانبێژی لە ئەوروپای سەردەمی ڕێنیسانس و ئەو ڕەوانبێژییەی لە زانستدا بەکاردەبرا، ئەمە وێڕای باسکردنی ڕەوانبێژی لە سەردەمی چاکسازیی ئاینی و بزاوتە دژەکەی و بەتایبەتی ئەو چاکسازییانەی هەریەک لە مارتن لۆسەر (Martin Luther-١٤٨٣)و (فیلیپ میلانچسۆن١٤٩٧-Philip Melanchthon )لە ڕەوانبێژیدا و لە دیدی پرۆتستانتیدا بۆ ئامۆژگاری و هەروەها ئامۆژگاریی فێرکاریی یەسوعیدا کردیان . بێگومان لۆژیکی نییە گەر بیر لەوە بکەینەوە، لێرەدا هەموو ئەمانە باس بکەین (لە کاتێکدا بەشێکی زۆر کەمە لەوەی لەو سەردەمەدا هەیە)، تەنیا ئاماژەگەلێکی زۆر کورت لە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی "موسوعة البلاغة ج٣" وەردەگرین...

لە مێژووی ڕەوانبێژیی ڕۆژئاواییدا، سەردەمی ڕێنیسانس، بە هەنگاوی یەکلاکەرەوە ئەژمار دەکرێت . ڕەوانبێژی لەم سەردەمەدا، وەک گۆڕانکارییەکی ڕۆشنبیری لەناکاو هەڵنەتۆقی، بەڵکو بە چەند قۆناغێکی یەک لە دوای یەکی جیاوازدا تێپەڕی، لە قۆناغی پەرەپێدانەوە چووە قۆناغی نوێکردنەوە و داهێنان و تا لە سەدەی حەڤدەیەمدا گەیشتە ترۆپک و لە شێوەی چەندین چالاکیی قەناعەتپێکردندا و بە زۆر ڤێرژنی جیاواز لە ڕووی تیۆری و پراکتیکەوە خۆی دەنواند و کاریگەریی ئەم ڕەوانبێژییە تا

کۆتایی سەدەی هەژدەیەم بەردەوامبوو. وەک لەو سەرچاوە فەرهەنگییەی ئاماژەمان پێ داوە، هاتووە :((ڕەوانبێژی لەسەردەمی ڕێنیسانسدا، بە سەرلەنوێ دۆزینەوەی بەیازەکانی ڕەوانبێژیی کلاسیکی دەستی پێ کرد، کە ئەوانیش دوو وتاری شیشرۆن و نامە گۆڕینەوەکانی بوو لەگەڵ(ئەتیکۆسAtticus–) کە لەلایەن پیترارک (١٣٠٤– Petrarch) ەوە دۆزرابوویەوە و هەروەها نامە نافەرمییەکانی Familiar) (Epistlesو...هەروەها دەقی تەواوی کتێبەکەی هەقیقەتی وتاربێژ(De oratore)  و دەقی تەواوی کتێبی بنەماکانی وتاردان(Institutio oratoria)  ی کۆنتلیان و... )) . (أ . سلوان ٢٠١٦ :٤٦٨)، هەروەها چەندین دەستنووسی دیکە دەستپێکی ئەم قۆناغەی ڕەوانبێژی بوون.

پاش ئەوەی هیومانیستەکان کەوتنە بەدواداچوون و دۆزینەوەی ئەو نامە و توێژینەوانەی کە کلاسیکەکان لە بارەی ڕەوانبێژی و ڕاڤەکردنیەوە نووسیبوویان، خۆشیان، واتە هیومانستەکان دەستیان کرد بە نووسینی نامە و توێژینەوەی نوێ . هەندێک لەو کارانە لاسایی ڕەهای کلاسیکەکان بوون، بەڵام هەندێکی تریان هەموارکرابوونەوە تا لەگەڵ سەردەمەکەدا گونجاوبن،  وەک لەسەرچاوەکەماندا هاتووە : ((ئەگەر بەدواداچوونێکی بیبلۆگرافییانە بکەین، ئەوا دەبینین، زانایانی ڕەوانبێژی لەسەردەمی ڕێنیسانسدا چەندین نامە و توێژینەوەیان نووسیووە و وەک کتێبی خوێندنگەکان، یان بەشێک لەگەڵ کتێبی دیکە، یاخود لە قەبارەی کتێبی گەورە و بچووک کە پەراوێز و ڕاڤەی یان هێڵکاری بچوککراوەیان لە خۆگرتبوو، بڵاویان کردوونەتەوە . ئەم کتێبانە بە لاتینیی نوێ نووسرابوون و دواتر وەرگێردران بۆ زمانە ناوچەییەکان . بە هاتنی ساڵی ١٦٥٠ز، دەتوانین بڵێین ژمارەی ئەم نووسراوانە گەیشتە چەندین هەزار...)) .(أ . سلوان ٢٠١٦ :٤٧٢).

لە ڕووی پراکتیکییەوە، ڕەوانبێژیی سەردەمی ڕێنیسانس کورت نەبووبوویەوە لە وەی ئاراستەی وتاری تایبەت بێت بە پیشە و کایەیەک، بەڵکو فراوانبوو بە جۆرێک زۆر کایەی چالاکیی تیۆری و پراکتیکی لەخۆبگرێت . ڕەوانبێژی پاشماوەیەکی ئاشکرای لەو چەشنە ژیانە پڕ لە تێڕامانەدا بەجێهێشتووە کە فەیلەسوف و زاناکان زیندوو ڕایانگرتووە، بەهەمان شێوە کاریگەری هەبووە لە ژیانی پیاوانی دەوڵەت و کەشیشەکاندا کە سەرڕێژبووە بە جوڵە و چالاکی...

## د–ڕەوانبێژی لە سەدەی هەژدەدا (Eighteenth – century rhetoric) :

کورتەی ئەوەی لە مێژووی ڕەوانبێژی ئەم قۆناغەدا گوزەراوە، لە بەرگی یەکەمی سەرچاوەی پێشوومانداا بە بیست و شەش لاپەڕە باسیکردووە کە ئێمە لێرەدا کرۆکی ئەو نووسینە دەخەینە ڕوو : ڕەوانبێژیی سەدەی هەژدە بە تیۆرییە کلاسیکییە نوێکان لەبارەی شێوازەوە دەستیپێکرد، ڕەگ و ڕیشەی لە سەدەکانی ڕابردوو بوو و سەری کێشا بۆ سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی کلتوری کلاسیکی بە گشتی و لە کلاوڕۆژنەی ئەوەی کە ناسرابوو بە "زانستی سروشتی مرۆڤانە" . پیتەر ڕامۆس

(چاکسازی پرۆتستانتی سەدەی شانزەیەم)، پێناسەی لۆژیکی کرد کە، هونەری موجادەلە و بەڵگەهێنانەوەیە، و ڕەوانبێژیشی تا ئاستێکی فراوان پەیوستکردبوویەوە بە شێوازەوە . سەدەی حەڤدەیەم هات و هەمان ئەو چەمک و مانایانە بەفراوانتر لە لایەن چەردەیەک لە بیریاری کلاسیکی نوێ لە نموونەی (Gerardus Johannes Vossius) ەوە دووبارە هێنرانەوە . بەم شێوەیە ڕەوانبێژیی شێوازناسی و ڕەوانبێژیی کلاسیکی لە سەدەی هەژدەیەمدا ئامادەییان هەبوو، ئەگەرچی توێژینەوەکان فراوانتربووبوون و تیشکۆیان لەسەر ئەدەبی هاوچەرخ و گرنگیپێدانە دەروونناسییەکان بوو . گرنگترین کارە ڕەوانبێژییەکان، لەو سەردەمانەدا کە جیهان لە دایکبوونی ئیمپراتۆرییەتە گەورەکان و بەڕوودا وەستانەوەی سستێمە تەقلیدییەکان و گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵایەتی بەخۆیەوە دەبینی، چاپ و بڵاوکرانەوە، بەچەشنێک هەڵوێستگەلێکی ڕەوانبێژی ئەوتۆی خولقاند کە لەگەڵ ساتە مێژووییەکەدا گونجا و وێک بێتەوە . ئەگەرچی هەندێک لە گرنگترین تیۆریستانی ڕەوانبێژی لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا، پەیوەستبوون بەو نووسین و وتارانەوە کە هەست و سۆزی لە سەردەمەکەیاندا دەورووژاند، بەڵام وەرچەرخان بەرەو فەلسەفەی فێرکاریی نوێ و بە کاریگەریی نیوتن و دیکارت و بیکۆن و لۆک، ڕەوانبێژی ئاراستەی گۆڕا بەرەو لێکۆڵینەوە لە لۆژیکی ئەزموونە تاکی و کەسییەکان و پرینسیپە ئینگلیزییە ساغەکان و بەڕێوەبردن و دەسەڵات بەسەرخوددا . ( بڕوانە أ .سلوان ٢٠١٦ :٦٨٥-٧٠٩) .

### و-ڕەوانبێژی لە سەدەی نۆزدەدا (Nineteenth – Century Rhetoric) :

بەشی تایبەت بە مەعریفەی ڕەوانبێژی ئەمریکی لە سەدەی نۆزدەدا دامەزرا و بەگشتی لەگەڵ گەشەکردنە ئەوروپییەکەدا زۆر لەیەک دەچوون، باوەڕیان وا بوو گەشەی ئەزموونی ڕەوانبێژی زادەی هۆشیاریی ڕەخنەیی و کەسایەتیی ئەخلاقییە، هەروەها لەسەر ئەو بنەما پەروەردەییە فێرکارییە بوون کە پێی وایە :هەرکەسێک خواستی فێربوونی بنەما شکڵییە ڕەوانبێژییەکانی هەبێت، ئەوا دەتوانێت ببێتە قسەکەر و نووسەرێکی زمانپاراو.

ڕەوانبێژی سەدەی نۆزدە، لەو ڕوانگەیەوە کە کایەیەکی مەعریفی بوو لەسەر هەردوو ئاستی ئەکادیمی و میللی، ئەو تێگەیشتنەی بۆ ڕەوانبێژی تۆخکردەوە کە :کارامەییەکی عەقڵیی فکرییە، توانای ئامادەکردن و پێگەیاندنی وتاربێژ و نووسەری بۆ هەموو مەیدانەکان، ئیتر جەماوەر و ڕووداوەکانیش هەرکەس و هەرچییەک بن، هەیە.

زۆرجار ڕەوانبێژەکان لە پێناسەی ڕەوانبێژیدا وتوویانە :ئەو هونەرەیە کە کاریگەری لەخۆدەگرێت لە هەر بۆنەیەکدا کە چەشنێک بێت لە پەیوەندیکردن، ئیتر نووسراوبێت یان زارەکی . لە گرنگترین دەسکەوتەکانی ڕەوانبێژی سەدەی نۆزدەیەم، فراوانکردنی بازنەی ڕەوانبێژی بوو تا هونەرەکانی نووسین لەخۆبگرێت.

لەم بەستێنەدا، شێوازیش هاوشێوەی گفتوگۆکانی تایبەت بە ڕێکخستنی ڕەوانبێژی، لەسەر ئەو پێشنیازانەی کە لە سەدەی نۆزدەدا هاتبوونە دەرەوە و تایبەتبوون بە هێنانەوەی شێوازەکانی ڕێنمایکردن و بابەتە فێرکارییە کلاسیکییەکان و پێکەوە گرێدانیان ، هاوکات لەگەڵ ئەو ڕێنماییانەی کە ئامانجیان بەرجەستەکردنی کاریگەریی شێوازە لەسەر کارامەییە عەقڵییەکان، بونیادنرابوون . زۆرجار تیۆریستەکانی سەدەی نۆزدەیەم لە گفتوگۆیاندا بۆ بابەتی شێواز لە کلاسیکدا، شوێنپێی پێشینانیان هەڵدەگرن و لە شیکاریی ڕێگاکانی شێوازناسیدا، نموونەکانی پێشتر دەهێننەوە . لەژێر سایەی ڕەوانبێژیی سەدەی نۆزدەدا، شێواز بەوە ناسرا : بریتییە لە چۆنیەتیی کارلێکردنی هەریەک لە پوختکردنەوەی دەربڕین و بونیادی ڕستە و ڕێکخستنی وشە و داڕشتنی و بەکارهێنانی ڕازاندنەوەی جوانکاری لە لایەن وتاربێژ یاخود نووسەرەوە، بەجۆرێک لە وروژاندنی تێگەیشتن و خەیاڵ و سۆز و تەنانەت ویستدا، بە پێی ڕێگایەکی دیاریکراو ڕۆڵی هەبێت. (بڕوانە أ . سلوان ٢٠١٦ : ٦٥٢-٦٧٨).

پیتەرهالبێرگ  بەم جۆرە باس لە قۆناغی سەدەی نۆزدەی گەشەی ڕەوانبێژیی ڕۆژئاوایی تا گەیشتنی بە ستایڵناسیی نوێ دەکات و دەڵێت : ((لە سەرانسەری سەدەی نۆزدەیەم و هەر لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە ڕیتۆریک وردە وردە گەشەی سەندبوو بووبووە لینگویستیک،  ئەو کاتانە لینگویستیک بە فیلۆلۆگی (زانستی زمان) بە ناوبانگ بوو، زیاتر شەقلێکی مێژوویی هەبوو . ئەمە لێکۆڵینەوەی زمان، هەروەها پەیوەندیی نێوانیانی دەگرتەوە و تەنانەت خۆی لە بنج و بناوانی زمانیش هەڵدەقورتاند، سەرنجی لە ڕووالەتەکانی زمان لە ماناو مەبەست و چۆنیەتیی داڕشتنی ڕستە دەدا،  بە تایبەتیش لە سەروبەندی جەنگی جیهانی یەکەمدا لە لایەن شێوەخوازەکانی ڕووسەوە بایەخێکی زۆر، هەروەها لە لێکۆڵینەوەکانی ڕۆمان یاکۆبسۆن و ئەڵقەی پراگدا دەدرا بە ستایلی ئەدەبی)) . (هالبێرگ و دانەرانی تر ٢٠١٨:٣٦٠) . ؛هەروەک لە کتێبی "Language and style" دا هاتووە : ((ستایڵناسی ڕێگایەکی دووری بڕیبوو، زۆر لە بنەوانی خۆی دوور کەوتبووەوە، بەجۆرێکی سەرەتایی جەختی زیاتری لەسەر دەقی ئەدەبی دەکرد، ئەمەش ئەنجامی ڕاستەوخۆی سەرەتای بایەخدان بوو بە شێوەخوازی و بونیادگەری ...)) . (Melntyre+Busse ٢٠١٠:١٠) . ئەمە نیشانەی ئەوەیە، ستایڵناسی بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی دەکرد و دوای پەیدابوونی هەژموونی شێوەخوازیی ڕووسی لەلایەک و بونیادگەریی تازە لەدایکبووی ئەڵقەی پراگیش بەتایبەتی، لەگەڵ جیاوازی و تایبەتمەندیی هەریەک لەم دوو ڕووانینەدا بۆ ئەرکی ئەدەب و زمانی ئەدەبی و جەوهەری ئەدەب، بەڵام وەک دووئاوانێک تێکەڵی یەکتر دەبوون و بە کاریگەرییان ئیتر ستایڵ چالاکیی خۆی دەبردە ئاستێکی فراوانتر و نێودەوڵەتی و کۆڕ و کۆبوونەوەی زانستی . دەربارەی تەوژمی ستایڵ و ستایڵناسی کە گوڕوتینێکی زیاتری پەیدا دەکرد،  هەر لەم ڕووەوە لە سەرچاوەی پێشووتردا هاتووە :((یەکەم کۆنفرانسی style لە ١٩٨٥ دا لە ئیندیانا گیرا و کورتەی بابەتەکانی (بەناوی style in language ساڵی ١٩٦٠ لە نیویۆرک بڵاوکرایەوە )،  بیر و بۆچوونەکانی یاکۆبسۆن بووە مایەی دەمەتەقێ و سەرنجڕاکێش بوون،  :...پۆیەتیک بەشداری کێشەکانی بونیادی

بێژەکییە : لەبەر ئەوەی لینگویستیک زانستێکی بەرفراوانی بونیادی ئاخاوتنە، دەشێ پۆیەتیک بە بەشێکی ناوخۆیی لینگویستیک بژمێردرێت (لێرەدا مەبەست لە پۆیەتیک توێژینەوەی ئەدەبە بەگشتی نەک تەنیا شیعر ) . ئەمە مانای ئەوەیە کە لینگویستیک دەتوانێ ڕێگای بابەتیی زۆر بۆ توێژینەوەی ئەدەب بەکار بهێنێ، لە ڕاستیشدا زۆرجار هەندێ زانای ئەدەبناس بە دووجەمسەرکردنی زمان و ئەدەبیان وەک دوو دنیای جیاواز ڕەتکردوەتەوە، مەبەست ئەوەش نییە کە لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی کوت ومت ببێتە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی !، بەڵکو سوود لێ وەرگرتن و جیانەکردنەوەی ئەدەب و زمانەوانییە لە یەکدی ...تا ساڵەکانی ١٩٨٠ بەردەوام بایەخێکی زۆر دەدرا بەم پەیوەندییە لێک دانەبڕاوەی ئەدەبناسی و زمانەوانی و تا ئێستاش بەردەوامە و لە گەشەسەندندایە، لەبەر ئەوەی بونیادی نووسین تەنانەت پارچەی بچووکی وەک فرێز و ڕستەش دەشێ بەهۆی زمانەوانییەوە ڕوون بکرێنەوە، بەس لێرەدا بۆ مەبەستی توێژینەوەی ئەدەبی نەک زمانەوانی . ئەم پرۆسەیە گەیشتە ئاستێک ناوی "ستایلناسی نوێ " ی لێ بنرێ و ئاستێکی ئامێتەکردنی گرتۆتەخۆ (تەنانەت لە ڕێبازە ڕەخنەییەکانی تری وەک فیمینیزم، بونیادگەری و دوابونیادگەری و ..هتدا سوود لەم میتۆدە وەربگیرێت ). تەنانەت ببێتە ئەو ڕێبازەی کە ئیدیعای ئەوەی بۆ بکرێت وەک تاقانە توێژینەوەی بابەتی ئەدەب، یان بە "وەسپێکی بابەتیی تێکست "ناوببرێت )).(هاڵبێرگ و دانەرانیتر ٢٠١٨:٣٦١-٣٦٠).

سەبارەت بە قۆناغەکانی بەکارهێنانی زاراوەکانی ڕەوانبێژی و شێواز و شێواسناسیش، توێژەرێک دەڵێت : (( دەرئەنجامی گەشەی مێژوویی لە کایەی ئەم توێژینەوە ڕەوانبێژییانەدا، کە وەک باسمان کرد، لە سەردەمێکی مێژووییدا بەردەوام بوو و لە نێوان دوو زاراوەکەدا کە ئێمە باسیان دەکەین، زاراوەی شێواز بەکار دەبرا و زاراوەی دووەم سەریهەڵنەدابوو، کە ئەویش زاراوەی "شێوازناسی"یە، تا سەرەتای سەدەی بیستەم لەگەڵ سەرهەڵدانی توێژینەوە زمانەوانییە هاوچەرخەکاندا، کە بڕیابوو "شێواز" بکەنە "زانستێک" کە خودی خۆی بکرێتە ئامانجی توێژینەوەکان، یا بخرێتە خزمەت شیکاریی ئەدەبی، یان شیکاریی دەروونی، یاخود کۆمەڵایەتی، لە شوێن ئاراستەی ڕێچکە و قوتابخانەیەکدا. سەرهەڵدانی زاراوەی "شێوازناسیی"، نەبووە هۆی نەهێشتن و ڕەتکرنەوەی زاراوەی "شێواز"، بەڵکو لە بازنەی زاراوە نوێیەکەدا، مەوداو ئەرکێکی نوێ بۆ زاراوە دێرینەکە پەیدابوو ؛چونکە ئەگەر شێوازناسی بەو چەشنە مامەڵە لەگەڵ زماندا بکات کە ڕۆڵی لە دەربڕیندا، وەک ڕۆڵی ئامێری هەڵکۆڵینە لە هونەری هەڵکۆڵیندا، ئەوا مامەڵە لەگەڵ هەموو دەربڕینێکدا ناکات، بەڵکو لەگەڵ چەشنێکی دیاریکراودا، کە گەیشتبێتە ئاستێکی دیاریکراوی دەربڕینی ئەدەبی )). (درویش :١٩٨٤ :٦٨).

## شێوازناسی لە نێوان هەردوو قوتابخانەی زمانەوانی و ئەدەبناسیدا:

شێوازناسی لەهەنگاوی دەستپێکی خۆیەوە لە سەر دوو ئاستی جیاواز بەرەو پێشەوە چووە :یەکێکیان شێوازناسیی زمان و ئەوی دیکەیان شێوازناسیی ئەدەبی، لە (دانش نامه نظریه های أدبی) دا بەم جۆرە باسی چەشن و تایبەتمەندییەکانیان خراونەتە ڕوو:

ا-شێوازناسیی زمان یاخود زمانەوانی، شێوازێکە لەسەر بنەمای شیکاری بۆ کۆمەڵێ ئاماژەی فرەجۆری پەیوەست بەیەک زمانی تایبەتەوە، لەم ڕوانگەوەیە کە ئێمە لەسەر شێوازناسیی زمانی فەرەنسی، ئەڵمانی، ئینگلیزی و ...هتد قسە دەکەین .ساڵی ١٨٧٣ز کە ویلهیلم واکرناگل لەسەر بنەمای جیاوازییەک کە لە نێوان لایەنی زەینی (تاکی و خودی) شێواز و لایەنی بینراو (دەستەجەمی) دا داینا، پێشنیازی کرد زاراوەی "شێوازناسی" بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردەکانی لایەنی دووەم بەکارببرێت، دیاردەگەلێک کە بە گومانی ئەو پەیڕەوی یاسا گشتییەکان دەکات . کتێبی "نامەیەک لە بابەتی شێوازناسیی زمانی فەرانسە"ی( شارل بالیی ) ساڵی ١٩٠٩ز دەچێتە ئەو چواچێوەیەوە، بالی هەوڵی داوە لە (گشت)ی زمانەوە، شیکارییەکی شێوازناسییانە بەدەست بهێنێت، نەک لە بەرهەمی ئەدەبییەوە .بالی بەو تێڕوانینەی کە زمان دەربڕی بیر و هەستەکانی مرۆڤە، باوەڕی وایە، کە بابەتی تایبەتیی شێوازناسی، دەربڕینی هەستەکانە.

ب-شێوازناسیی ئەدەبی : بریتییە لە شیکاریی سەرچاوەکانی شێوازناسیی تایبەت بە بەرهەمی ئەدەبی. شێوازناسیی ئەدەبی بە پێچەوانەی شێوازناسیی هونەرییەوە کە لە شێوازە خودی و دەستەجەمییەکان دەکۆڵێتەوە، بەردەوام چاوی لەسەر تایبەتمەندییە خودی و تاکەکەسییەکانی نووسەرە جیاوازەکانە . شێوازناسیی ئەدەبی لە سەرەتایترین چەشنیدا، شێوازناسیی دەروونناسی بووە چونکە بەهای شێواز و چەشنی دەربڕین بەگشتی، بە دەروونی نووسەرەوە پەیوەست دەکرێتەوە .لەم بارەوە، کارل فوسلر دەڵێت : "شێواز، بریتییە لە بەکاربردنی تاک و خودیی زمان لە بەرامبەر بەکارهێنانی دەستەجەمیی زماندا " و ئەرکی شێوازناسی ئەوەیە کە تیشک بخاتە سەر حاڵەتی دەروونیی تاک . لە فەرەنسا، مۆریس گراموون و بە تایبەتی هانری مۆری نوێنەرایەتیی ئەم ڕەوتە دەروونگەرایە بوون . مۆریە لە "دەروونناسیی شێوازەکان-١٩٥٩ز"دا ئەو باوەڕە دەخاتە ڕوو کە : "دەبێت ڕوخساری من لە هەموو دەرکەوتنەکاندا ببینرێت "، و لەسەر ئەو باوەڕیە کە یاسایەک هەیە لەسەر بنەمای ((وەک یەکیی نێوان ڕۆحی نووسەر و شێوازەکەی )) .(بڕوانە مکاریک ١٣٨٨ :١٨١).

لە سەرەتای پاری پێشوودا ئاماژەمان بە کتێبی "شێوازناسیی چییە" ی هەردوو نووسەری فەرەنسی پێرگیرۆ و پێرکوینز دا کە فەرەنسییە و (د.عزالدين الذهبي) ڕانانێکی بۆ کردووە، وەک بەشێک لە کەرەسەی وانەی دکتۆرا بۆ خوێندکارەکانی، لەم کۆتاییەشدا هەر بۆی دەگەڕێینەوە تا ئەو ئایدیایانە

بخەینە ڕوو کەلەم کتێبەدا هەن بۆ ناساندنی شێوازناسی .ئەو دوو نووسەرە، دواجار لە توێژینەوەکەیاندا گەیشتوونەتە کورتەی ئەم تێگەیشتن و چەمکانەی خوارەوە:

سەبارەت بە پێناسەکردنی شێواز، وەک شێوازێک بۆ دەربڕینی تایبەت بە هۆی زمانەوە، دوو کێشە دێنە پێشەوە :یەکەمیان پەیوەستە بە وەسپی شێوازەوە، دووەمیشیان پەیوەندیی بە دیاریکردنی تایبەتمەندی(خصوصية) ەوە هەیە. سەبارەت بە وەسپی شێواز، جیاوازیی لە نێوان دوو ڕێچکە و ڕەوتدا دەکرێت: یەکەمیان (التعبيرية) گوزارشتگەرا و دووەمیشیان، لادان لە پێوەرەکان (الإنزياح) . سەبارەت بە تایبەتمەندییەتی گوزارشت و دەربڕین و خودییەتی بوونی، ئەوا سەرچاوەکەیان دەگونجێ نووسەر یا ناوەند و شوێنەکە یاخود سەردەمەکە بێت. پاش ئەوەی هەردوو نووسەر تێبینی ئەوەیان کردووە، زۆربەی پێناسەکان چەشنێک لە هاوبەشییان پێوە دیارە ، بەم هێڵ و دەرئەنجامانە گەیشتوون :

### ا-سەبارەت بە ئەرک و ڕۆڵی شێوازناسی ، واتە:

١ -تایبەتمەندیی دەربڕین و تاکییەتی و خودیی بوونی دەربڕین .

٢-سەرچاوەی تایبەتمەندییەتی، لەوانەیە نووسەر، ناوەند و شوێن یاخود سەردەم بێت.

٣-لایەنی ئامانجدار لە کارەکەدا و لەگەڵ هۆکار و ئامانجەکان.

### ب-سەبارەت بە شێوەی شێوازناسی و وەسپکردنی، جیاوازی دەکرێت لە نێوان:

١-(التعبيرية) دەربڕین یاخود گوزارشتگەرا، لە ڕێگەی دەرکەوتە و دیاردەکانی کە دەرئەنجامی هەڵبژاردن و گرتنەبەری کەرەسە و هۆکارەکانی دەربڕینەکەوە هاتووەتە کایەوە.

٢-بەزاندن و لادان لە بنەما و ڕێساکانی چۆنیەتیی بەکارهێنان.

لەسەر ئەم بنەما و ڕێسایانە، شێوازناسی بۆ دوو قوتابخانەی گەورە و سەرەکی پۆلێن دەکرێت:

یەکەمیان، قوتابخانەی شێوازناسیی زمانی یاخود زمانەوانی . دووەمیان، قوتابخانەی شێوازناسیی دەقی ئەدەبی.

پەیڕەوانی قوتابخانەی یەکەم چاویان بڕیووەتە ئەوەی لە ڕەوشی شێوازناسیدا، بونیادێک لە فەرهەنگ و ڕێسای زمانی و زانستی دەنگسازی پێکەوە بنێن بە چەشنی ڕەوانبێژی، ئەوەش بە کۆکردنەوە و پۆلێنکردنی بەش و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئەم دەق و تێکستانە و پێیان وایە کە بە پشت بەستن بە ڕێسا زمانییە تایبەتەکان بە شێوازەوە، کە لە خودی زماندا ئامادەیی و هەژموونیان هەیە، دەگونجێت و دەتوانین دواتر کاریگەرییەکانی لەسەر گوتار، شیکاری بکەین.

قوتابخانەی دووەم، لە ڕوانگەی سروشتی خودی و تاکیەتییەوە دەڕوانێتە بابەتی شێوازناسی و نکوڵی لەوە دەکات چەشن و جۆرەکانی شێوازناسی پۆلین بکرێن و لە چەند دەستە و پۆلێنێکدا سنووردار و قەتیس کرێن و پێیان وایە، شێواز پەیوەستە بە دەق و تێکستەوە لەسەر ئەو بنەمایەش لە ناو خودی دەقدا نەبێت، لێکۆڵینەوە و شیکاری بۆ شێوازی دەق ناکرێت، لە ڕاستییدا ئەوەی دەتوانێت سروشت و سەرچاوەی شێوازناسی دیاری بکات کە ئامانجی لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە، بونیادی دەق و پێگە و شوێنی وشەیە لە نێو خودی دەقدا.

دواتر زەهەبی لە کۆتایی ڕانانەکەیدا دەڵێت : ئەمە گرنگترینی ئەو دەرئەنجامانەیە کە ئەم کتێبە پێیان گەیشتووە و دەتوانین کورتەیەک و نەخشە ڕێگایەکی لێ هەڵبهێنجین:

کورتەکە ئەوەیە ، چەمکەکانی شێوازناسی، سەرەڕای فرەیی و جیاوازییان ، ئەوە ناگەیەنێت کە خاڵی هاوبەش و پێوەر و بەهاگەلێک نین کۆیان بکاتەوە، یاخود تێکەڵییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا هەیە کە ئەگەری پۆلێنکردنیان ئاسان نییە .شێوازناسی گرنگی بە تایبەتمەندبوونی دەربڕین و تاکییەتی و خودیی بوونی دەدات . جیاکاری وجیاوازیش ڕوونە لە لێکۆڵینەوەی تایبەتمەندییەتی شێوازناسیی نێوان دووزمان، یا دوو سەردەمی دیاریکراو، یان کۆمەڵە خەڵکێکی قسەکەر، یاخود لە نووسین و کاری نووسەرێکی دیاریکراو یا دەق و تێکستێکی دیاریکراودا.

سەبارەت بە نەخشە ڕێگاکە، ئاماژە بە بوونی دوو قوتابخانەی جیاواز دەکات کە هەر کامیان ڕێبازی سەربەخۆ و پێڕەوی تایبەتی خۆیی هەیە .ئێمە پێمان وایە ، ئەوەی کە بە کەرەسەکانی دەربڕینی شیعری ناوزەد دەکرێت لە زماندا، کارێکی تەواو زمانەوانییە و بۆ کەسی داهێنەر هیچ نرخ و بەهایەکی نییە، چونکە ئەو وەک گشتێک مامەڵە دەکات لەگەڵ زماندا ، نەک وەک بەشێکی، هەروەها لەبەر ئەوەی، ئەو کەرەسانەی زمانێک دەگۆڕن لە زمانێکی ئاساییەوە بۆ زمانێکی هونەری، سنووردارن و ڕێک ناخرێن و وێڕای ئەوەش، وەک یەکەیەک پێکەوە پەیوەستن بە دەقەوە، نەک وەک بەش و کەرەسەی زمانی و بە تاک و جیا، بەڵکو کارکردن بۆ هێنانە کایەی چەشنێک لە شێوازناسی کە لێکۆڵینەوەی کەرەسەی شیعریی لە زماندا بکات، کارێکی ئاسان نییە ئەگەر مەحاڵ نەبێت، لەبەر چەند هۆیەک، لەوانە : لێکۆڵینەوە بۆ کارکردن لەسەر ئەم بابەتە، تەنیا بەوە دێتە دی کە لیستی چەند یاسایەکی گشتی و دابڕاو دابڕێژین، ئەو کارەی کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە چوارچێوەی وەسپی پێڕەوی زمانییەوە، چونکە یاسای گشتی ناچێتە ژێرباری ڕێکخستنەوە، تەنیا لە حاڵەتی بەکارهێنانی هاوبەشییانەی زماندا نەبێت، بەجۆرێک زاراوەی دەستەجەمی سەرهەڵدەدات، بەڵام بەهۆی نەبوونی بناغەیەکی پێشینە، هیچ ڕێگایەک نییە بۆ ئەوەی یاساکانی بەکارهێنانی ئەدەبی لە ئاستی زمانەوانیدا لەخۆبگرێت، هەروەها لەبەر ئەوەی سیماکانی بەکارهێنانی ئەدەبی بۆ زمان: بریتییە لە تێپەڕاندن و لادان، نەک تەنیا بۆ یاساکانی پێڕەوی زمانی بە تەنیا، بەڵکو بۆ ئەو داب و نەریتانەش کە بونیادیان دەنێت .ئاشکرایە کە

ڕەوانبێژیی دێرین هەموو هەوڵێکی دڵسۆزانەی دا بۆ ئامادەکردنی لیستێک لەو کەرەسانەی کە زمانی ئاساییان دەگۆڕی بۆ زمانی پاراو و پەسەندکراو و سەرکەوتوو نەبوو، هەربۆیە دووبارەکردنەوەی ئەم هەوڵە سەردەکێشێت بۆ دووبارەکردنەوەی ئەزموونی ڕەوانبێژی . بۆیە بوونی دوو چەشن و جۆر لە شێوازناسی زیانی نییە و لەواقیعیشدا هەردووکیان هەن، بەڵام ئەوەی کە دەبێت خۆمانی لێ بەدووربگرین ، تێکەڵکردنیانە ، پێرگیرۆ دەڵێت : "شیوازناسیی گەورە و بچووک هەن، شێوازناسییەک کە تەواو و پوخت زمانەوانییە و شێوازناسییەکیش کە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا پراکتیزە دەکرێت، هەردووکیان ئەگەر سەربەخۆبن ئەوا یەکتری تەواو دەکەن، بەڵام ئەگەر تێکەڵ بکرێن ئەوا دوو هەڵەی گەورەیان وەک ئەنجام لێ دەکەوێتەوە : هەڵەی یەکەمیان، بەها خودییەکانی لە خۆوە لە زمان دان، وەک بەهایەک و تایبەتمەندییەکی دەق سەیردەکرێت و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لێکۆڵینەوە لەدەق وەک لێکۆڵینەوە بێت لە زمانی ئاسایی !. هەڵەی دووەم، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کەسەیری تایبەتمەندییە هونەرییەکانی دەق بە چەشنێک دەکات کە تایبەتمەندیی نێو زمان بێت و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ باوەڕبوون بە بلیمەتبوونی زمانەکان، وەک عەرەب باوەڕیان بە (اعجاز) ی زمانی عەرەبی هەیە! .جیاکاریی مەنهەجییانە لە نێوان پێڕەوی زمانەوانی و پێڕەوی دەقی ئەدەبی، لێرەدا پێویستە و یەکلاکەرەوەیە، چونکە پێڕەوی زمانەوانی بەسەر هەموو دەقێکدا جێبەجێ دەکرێت، بەڵام پێڕەوی دەقێکی ئەدەبی تەنیا بەسەر خۆیدا جێبەجێ دەبێت و جیاوازیی ڕوون هەیە لە نێوان توێژینەوەی شێوازناسی بۆ دەق و توێژینەوەی شێوازناسانە بۆ زمان.

لە پاری داهاتوودا (سێیەم)، دەربارەی ستایڵناسیی نوێ دەدوێین، کە کرۆکی نەخشە ڕێگای ئەم توێژینەوەیەی ئێمەیە و هەوڵدەدەین چ لە ئاستی تیۆری و چ پراکتیکدا چەمک و کۆنسێپتەکانی بدەینە بەر ڕۆشنایی و لە ڕوانگەیانەوە شیکاریی دەقی شیعریی هەر سێ شاعیری توێژینەوەکە : بێسارانی، سەییدی و کۆماسی بکەین...

# پاری سێیەم

# ستایلناسیی نوێ

## ڕیشە و سەرهەڵدان و هەندێک تایبەتمەندییان:

ئەگەر لە ڕووی مێژووییەوە، دوورتر و بە شێوەیەکی گشتی لە شێوازناسیی بڕوانین، ئەوا ڕیشەی بۆ سەردەمی جەختکردنەوە لە شێوازی گوتن و وتاری زارەکی دەگەڕێتەوە کە لە ڕەوانبێژیی دێرین و لە کتێبی (ڕیتۆریک) ی ئەرەستۆوە کەوتە سەرپێ و گەشەی کرد .بە دەربڕینێکی دیکە دید و تێڕوانینێک هەیە کە فۆرمالیزم و دواتریش ستایلناسی نوێ، درێژەپێدراوی ڕیتۆریکی ئەرەستۆ و قۆناغە زەوەند و یەک لە دوای یەکەکانی ڕەوانبێژین، بەڵام ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە : فۆرمالیزم زادەی سەردەمێکە کە زانستی ئەزموونگەریی هەژموونی هەبوو و بۆڕی بە دیدی میتافیزیقیانە دابوو و زەمینەی پرسیاری قووڵ و دیدی نوێی بۆ سەرجەم کایەکان هێنابووە پێشەوە؛ وەک چەند توێژەرێک ئاماژەی پێ دەدەن : ((فۆرمالیستە ڕووسەکان بە هیوابوون، توێژینەوە ئەدەبییەکان "زانستی"تر بکەن. بۆ ئەم کارەش، لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا یەکلابووبوونەوە بۆ بنەمای بەرچاو و بینراو کە تایبەتمەندییەکانی شێواز و زمانیان دەخستە بەر توێژینەوە و پەیڕەوییان دەکرد .فۆرمالیستەکان، بە شێوەیەکی تایبەت، کاریان لەسەر (ئەدەبییەت) دەکرد کە لێکۆڵینەوە شێوەییەکانی خۆیان تایبەت بە بونیادی فۆنەتیکی، مۆرفۆلۆگی و سینتاکسی، لەوانەش ئەنالۆگی و لادانی زمانی کردبوو کە دەقیان دەکردە ئەدەبی)) . (نورگارد+بوسە+مونتورو ١٣٩٤ :١٣).

ئێمە نامانەوێ لەم پارەدا کە تایبەتە بە ناساندنی ستایلناسیی نوێ، کۆی هەوڵەکانمان لەسەر ڕەهەندی مێژوویی بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی گەشەی قۆناغەکانی فۆرمالیزم لەسەر بنەمای دید و ئایدیاکانە بۆ هونەر و جوانیناسی بە گشتی و چۆنیەتیی ئەدەبییەت و شیعر بە تایبەتی، بۆیە مێژووی میتۆدەکە پێویستی بە ئاوڕدانەوە هەیە.

ترنس هاوکس (Terence Hawkes) لە بارەی سەرهەڵدان و هەندێک قۆناغ و گرنگترین دامەزرێنەرانی فۆرمالیزمەوە دەڵێت: ((ئەم ناوە لە بنەڕەتدا بۆ ئاماژەدان بە یەکێک لە قوتابخانە ڕەخنەییە ئەدەبییەکان بەکار دەبرێت کە لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٢٠ لە ڕووسیا گەشەی کردوو و لە ساڵی ١٩٣٠ بە هۆکاری سیاسی سەرکوت کرا . لە دیارترین ئەندامانی ئەم قوتابخانەیە، زماننا س و پسپۆڕگەلێکی کایەی مێژووبینانەی ئەدەبی، لە نموونەی: (Borids Eichenbaum)بۆریس ئیخێنباوم، (Viktor Shklovsky) ڤیکتۆر شکلۆڤسکی، (Roman Jakobson)ڕۆمان یاکۆبسۆن، (Boris Tomasjevky) بۆریس تۆماشێڤسکی، (Yuri Tynyanov)یۆری تینیانۆڤ، پێکیان هێنابوو . ناوەندی سەرەکیی ئەم

قوتابخانەیە، یەکێکیان ئەڵقەی زمانناسی مۆسکۆ بوو لە ساڵی ١٩١٥ دا دامەزرابوو و زۆرینەی ئەندامانی لە زانایانی زمانەوانی پێکهاتبوون ؛دووەمیشیان، ئەنجومەنی لێکۆڵینەوە لە زمانی شیعر بوو لە پیترۆگراد کە ساڵی ١٩١٦ کەوتبووە سەرپێ و و زیاتر وەک ناوەندێکی پسپۆرانی مێژووی ئەدەب ئەژماردەکرا . ئەم ئەنجومەنە بە کورتکراوەی دەربڕینە ڕووسییەکەی بە(OPOYAZ) ناودەبرا کە دواتر بووە ناوێکی گشتی بۆ هەموو بزاوتەکە . ڕاگەیەندراوی سەرەتایی دید و ڕاکانی فۆرمالیستەکان ، کۆمەڵێک نووسین بوو لە ژێر ناونیشانی (خوێندنەوەگەلێک دەربارەی تیۆریی زمانی شیعری– Studies in the Theory of Poetic Language) ساڵی ١٩١٦ بڵاوبوویەوە و ئەم دید و ڕایانە لە یەکەمین کۆبوونەوەی ئۆپۆیازدا لە پیترۆگراد خرانە ڕوو . ساڵی ١٩١٧ شێوەیەکی دیکەی داڕێژراوی ئەو خواستانە جارێکی تر بڵاوکرانەوە و ساڵی ١٩١٩ بە زیادکردنی چەند وتارێکی نوێی(Osip Brik) ئۆسیپ بریک و ئێخینباوم و شکلۆڤسکی لە کۆمەڵێک وتاردا بە ناوی (پۆیەتیکا_Poetics) سەرلەنوێ چاپ کرایەوە . ڕۆمان یاکۆبسۆن –یش ئەم بابەتانەی لە (شیعری نوێی ڕووسی –Modern Russian Poetry) دا ساڵی ١٩٢١ چاپ کرد)) . (هاوکس ١٣٩٨ :٨١).

ساڵی ١٩٦٥ (Tzvetan Todorov) تزڤیتان تۆدۆرۆڤ، بژاردەی چەند نووسینێک، کە پەیوەستبوون بە چل ساڵ پێشترەوە، وەریگێڕانە سەر زمانی فەرەنسی و لە پاریس بڵاوی کردنەوە .ئەم نووسینانە لە کتێبێکدا بەناوی (تیۆریی ئەدەبیات) بەچاپ گەیاندران، بەرهەم و هەوڵی دەستەیەک لە ڕەخنەگرانی ڕووسییان لە خۆگرتبوو . بە بڵاوبوونەوەی ئەم چەند نووسینە، دیدێک بە هەمووان ناسێنرا کە لە ناوەندە ئەدەبناسییەکاندا تا ئەمڕۆش کاریگەریی خۆی هەیە . ئەم نووسینانە پەیوەندییان بە بزاوتێکەوە هەبوو کە پێیان دەوترا (فۆرمالیستەکان یاخود شێوەخوازانی ڕووس) . ئەو کتێبە بە بوژانەوەی فۆرمالیزم ئەژمار دەکرێت لە فەرەنسا، دوو پێشەکیی بۆ نووسراون، یەکەمیان ڕۆمان یاکۆبسۆن و دووەمیان، وەرگێڕەکەی نووسیویانە . لەبارەی سەرەتاکانی خستنەسەرڕێی شێوازگەری، یاکۆبسۆن لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا کە ساڵی ١٩٦٥ (واتە دوای زیاتر ٤٠ساڵ لە دەسپێک) نووسیویەتی، دەڵێت : (( زستانی ساڵی ١٩١٤، لە قۆناغێکدا لاوان لە ئەزموونکردنی هونەر و زانستدا بوون، چەند خوێندکارێک بە پشتیوانیی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی زانستەکان، گروپ یاخود بازنەی زمانناسیی مۆسکۆیان بونیاد نا . پێکهێنەرانی ئەم بازنەیە نامەیەکیان ئاراستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندەکە (شاخماتۆف)، کە زمانناسێکی ناودار بوو، کردبوو، کە دەریدەخات ئامانجی ئەم بازنەیە گەشەدان بە زمانناسی و پۆیەتیکا بووە . چاپی یەکەمین دەستە توێژینەوەی بە کۆمەڵ لە بارەی زمانی شیعرەوە، قەرزاری کارامەیی ئۆ . بریک و پشتیوانیی هەندێ لە توێژەرانی لاو بوو (پیترۆگراد ، ١٩١٦) و پاشان لە سەرەتاکانی ١٩١٧ دا "ئەنجومەنی توێژینەوەی زمانی شیعری " دروست بوو کە دواتر ناوی کورتکراوەی (OPOYAZ) ی بۆ خۆی هەڵبژارد و هاوکاریی نزیکی لەگەڵ بازنەی مۆسکۆدا هەبوو )) (یاکۆبسۆن ١٣٩٢ :٩) . ئەگەرچی نامەکەی یاکۆبسۆن بایەخی خۆی هەیە، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنیا

بژاردەیەک لە دیدی ناوبراو بۆ چۆنیەتیی بیرکردنەوە و کارکردنی ئەم ڕەوتە دەخەینە ڕوو، لەم بارەیەوە دەڵێت : ((لە سەرجەم بازنە و پێکهاتەکاندا، ئەندامان هاوڕا بوون کە زمانی شیعر گرنگی و بایەخی هەیە .لەو سەردەمانەدا زەمینە بۆ ڕێگای نویٚ لە توێژینەوەی زمانەوانیدا دەستی پیٚ کردبوو و زمانی شیعرییش لەگەڵ ئەم ڕێچکە نوێیەدا پتر تەبا بوو ...)) .(یاکۆبسۆن ١٣٩٢ :١٠) ؛ دواتر ئامانج و مەبەستەکانی لە دەربڕینێکی کورتدا دەخاتە ڕوو و دەڵێت : ((ئاماژەی سەرەتایی زاراوەی "شیعر" لە یۆنانی دێریندا "خولقاندن" ە، لە کلتوری چینی دێریندا(sh ih) شیعر و هونەری دەربڕین-ە و ( ch ih)یش (مەبەست، نیەت، ئامانج) ە، هەردوو ناو و دوو چەمکەکە زۆر پێکەوە پەیوەستن .خوڵقاندن و ئامانجگەرایی لە زمانی شیعردا، تایبەتمەندییەک بوون، ڕووسە لاوەکانی هان دەدا لە هەوڵی دۆزینەوەیاندا بن )) . (یاکۆبسۆن ١٣٩٢ :١٠).

یاکۆبسۆن، لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، وێڕای ئاماژە بە قۆناغەکانی دەستپێک و گەشەی سەرەتا، باس لەوە دەکات کە سەرەتا نەیارەکانیان وەک تۆمەتێک ناوی شێوازگەرایان لیٚ ناون و دژایەتی کراون، بەڵام لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا، توێژینەوە ڕووسییەکان بۆ (پۆیەتیکا) زۆر فراوان بوون؛ لەو سەردەمەدا ژمارە و بڕی توێژینەوە، فێرکاری، پێڕستی نووسەران، بەرهەمی بڵاوکراوە، ڕێکخراوی توێژینەوە لە شیعر و هونەرەکانی دیکە، کلاس و کۆڕ و گردبوونەوەکان ...زۆر زیاتر دەبوون . بەڵام ئەم هەڵکشانە زۆر زوو دووچاری کێشە بوو، یاخود لەمپەری بۆ هێنرایە پێش و یاکۆبسۆن پەنچەی تۆمەت بۆ "زمانناسیی گشتی" ڕادەکێشێت، کە مەبەست لەو کەشە سادەبینی و ئایدۆلۆژییەی مۆتەکەی شیوعییەتە . لە کۆتایی ئەم پێشەکییە و لە خستنەڕووی ئەو بووژانەوەیەی فۆرمالیزم لە ئاستی جیهانیدا بەخۆیەوە دەیبینی، دەڵێت : ((وێڕای دەرهاویشتە نەخوازراوەکانی ئەم ڕەفتارە نەگریسانە، لە ئێستادا وەرچەرخان و ئاراستەیەک دەبینین کە : دەیەوێت دەستکەوت و سەرکەوتنەکانی زمانناسی و جوانناسیی ڕووسیای بیستەکان بهێنێتەوە بەرچاومان و ڕاڤەی بکات و بە هێز و وزەیەکی داهێنەرانەی نوێوە گەشەی پیٚ بدات . ئەم کارەش بە ڕووبەڕووبوونەوەی دیدە زمانناسی و سیمبۆلناسییە باوەکان و گونجاندنیان لە سستێمکی تێگەیشتنی ئەمڕۆدا ئەنجام دەدات .ئەم ئاراستە بە سوودە لە گفتوگۆ و کارە سەرنج ڕاکێشەکانی توێژەرانی لاوی مۆسکۆ و لینینگراد و تارتۆ دا بە ڕوونی دیارە )) .(یاکۆبسۆن ١٣٩٢ :١٢).

ئەدەبناس، هاوکس -یش لە ڕاڤەی هەندیٚ قۆناغی دید و چۆنیەتیی بیرکردنەوەی فۆرمالیستەکاندا، دەڵێت : ((مۆدێلی سەرەتایی فۆرمالیزم، لەسەر بنەمای سیمبۆلیزم و خۆسەرقاڵکردنی سیمبۆلیستەکان بوو بە سیمبۆلەکانەوە وەک کەرەسەیەکی پراکتیکیی دۆزینەوەی پەیوەندی ؛کەرەسەگەلێک کە وەک پشت بەخۆبەستوو و دەربڕی خود ئەژمار دەکران و دەیانتوانی بە هاوکاریی کەرەسە ناگۆکراوەکانی لە چەشنی :هاوسەنگییە مۆسیقاییەکان، (تداعی) بۆهاتنەوەکان، مانا لابەلاکان،

زمان بەرەو سەروو بەکارهێنانی ڕۆژانەی پەلکێش بکەن . ئەم چەشنە خۆسەرقاڵکردنە دەبووە هۆی ئەوەی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بابەتێکی نوێ ڕوو بە ڕووی لێکۆڵەران ببێتەوە و کەمەندکێشیان بکات بەرەو خوێندنەوەی چەند ڕێوشوێن و چارەسەرێک، دەبوونە هۆی ئەوەی زمانی بەرهەمی ئەدەبی لە زمانی ڕۆژانەی خەڵکی جیاوازبێت . بەڵام بە گوتەی ئیخینباوم، فۆرمالیستەکان "دەکەونە بەرهەڵستیی سیمبۆلیستەکان تا توێژینەوە و خوێندنەوەی پۆیەتیکا لە چنگیان دەربهێنن؛ لە ژێردەستەیی تیۆرییە فیکرییە فەلسەفی و ئیستێتیکییەکانی سیمبۆلیستەکان ئازادیان بکەن و ئاراستەی لێکۆڵینەوەکانی پۆیەتیکا بەرەو توێژینەوەی زانستیی واقعییەتەکان وەرگێڕن)) . (هاوکس ١٣٩٨ :٨٣).

بەپێی ئەوەی کە باس کرا، وا دەردەکەوێت کە بابەتی بایەخپێدراو و سەرقاڵیی فۆرمالیستەکان، زەمینەیەکی هاوبەشی فراوانی لەگەڵ هیی جێگای سەرنجی ئەو زماننناسانەدا هەبووە کە دواتر بە زماننناسە بونیادگەراکان ناوزەدکران، بێگومان بە هەمان شێوە لەگەڵ ئەوانەشی کە دواتر بە ناونیشانی مرۆڤناسیی بونیادگەرا سەریانهەڵدا ؛ بەهەرحاڵ، ئێمە ئەمڕۆ کاتێک دەڕوانینە ئەو ڕابردووە، دەتوانین وەک هاوکس بڵێین : ((وێڕای جیاوازیی ڕەوشی فۆرمالیستەکان لەگەڵ ئەوەی کە بە زمانناسی یاخود مرۆڤناسیی بونیادگەرا ناودەبرێت، ئامانجەکانی ئەمانە یەکێک بووە)) . (هاوکس ١٣٩٨ :٨٣) . هەروەها پێویستە تێبینی ئەوەش بکەین، فۆرمالیستەکان بە تەواوەتی خۆیان تەرخان کردبوو بۆ لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی شێوازی ئەدەبی؛ واتە تەنیا سەرلەنوێ ناسینەوە، هەڵوەشاندنەوە، وەسپی بینراوی تایبەتمەندییەکانی چییەتی ئەدەبیات و هەروەها بەکاربردنی کەرەسە گۆکراوەکان یاخود دەنگییەکان لەبەرهەمی ئەدەبیدا بوو بووە مایەی بایەخ و سەرنجیان، نەک لە دووی (ناوەڕۆک)ی دەنگ ، (پەیام)ی دەق، (سەرچاوەکان) ی دەق، (مێژوو)ی دەق، یا ڕەهەندە کۆمەڵناسییەکانی، ڕاڤەی ژیان، یاخود حاڵەتی دەروونیی خولقێنەری تێکستەکە بڕۆن، . ئەوان پێیان وابوو، هونەر دیاردەیەکی سەربەخۆیە و لەسەر پێی خۆی وەستاوە . بە دەربڕینێکی وردتر، هونەر چالاکییەکی هەمیشەیی، سەرنجدەر لە خود و بەردەوامە کە دەبێت لە خۆی و بۆخۆی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و شیاوی لەمە کەمتر نییە . وەک شکلۆڤسکی دەڵێت : ((هونەر، بەردەوام ئازادبووە لە ژیان و ڕەنگی، هیچکات ڕەنگدانەوەی ڕەنگی ئەو ئاڵایە نەبووە کەبەسەر قەڵاکانی شارەوە دەشەکێتەوە )) . (هاوکس ١٣٩٨ :٨٤).

کەواتە ئەگەر هونەر، بەتایبەتی ئەدەبیات، لەم چەشنە پێکهاتەیە بێت و جۆرە خوێندنەوەیەک بگرێتە بەر کە بە ڕوونی و بە بێ بچوکترین ئاڵۆزیی ناسێنرابن، لە بەرامبەر و وەک یەککردنیاندا لەگەڵ ئەم بنەما گشتی و ئاشکرایانەی بونیادگەریدا، بەو شێوەی شکلۆڤسکی پێشنیازی دەکات : ((شێوەکانی هونەر بەپێی یاساکانی هونەر، ئەگەری پەی پێ بردنیان دەبێت )) . (هاوکس ١٣٩٨ :٨٤) ؛بێگومان ئاوا کایەێک، جەختی سەرنجی خۆی دەخاتە سەر (چۆنیەتی)، نەک (چییەتی) ئەدەب، بە دەربڕینێکی وردتر وەک هاوکس دەڵێت : کاری ئەم ناوەندی لێکۆڵینەوەیە، گەڕانە بەدوای چییەتی

جیاکەرەوەی هونەرییەتی ئەدەب لە کۆی خۆیدا، بە پەسەندکردنی ئەو بڕیارەی شکلۆڤسکی کە : ((مەبەست لە کاری هونەری، بە مانای تایبەتی خۆی، ئەو بەرهەمانەن کە بە پێی ڕێوشوێنی تایبەت گۆڕاون بۆ هونەر ))، پێویستە ئەو گوتەیەی یاکۆبسۆنیش پەسەند بکەین کە : ((بابەتی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، توێژینەوە لە ئەدەبیات نییە، بەڵکو ئەدەبییەتە؛ واتە ئەوەی دەبێتە هۆکارێک تا کارێک وەک بەرهەمێکی ئەدەبی سەیربکەین )) . (هاوکس ١٣٩٨ :٨٥).

لەم گوتانەوە، دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین، ئەم تایبەتمەندییە ڕوخسارییە جیاکاریانە، دەبێت تەنیا لە خودی دەقدا بۆی بگەڕێین نەک لای خولقێنەری دەق، بۆ نموونە لە شیعردا نەک لای شاعیر . بەم شێوەیە، لەو ڕوانگەیەوە کە هەر کەرەسە و ڕێوشوێنێک دەتوانێت لە خولقاندنی شیعردا پشکی هەبێت، بەرەو ئەو خاڵە دەڕۆین کە لە زماندا چی ڕوو دەدات و بە چ ڕێگایەک ئەم بەکاربردنە تایبەتەی زمان بەدیدێت . ئەم خاڵەی دوایی، لێکۆڵینەوەی فۆرمالیستەکانی بەرەو توێژینەوەی زمانەوانی برد، نەک ئەوەی شیعر زادەی زمان و وشەیە یاخود بابەتە شیعرییەکانە . ئەم جەختکردنەوەیە پەیوەستە بە خاڵێکەوە کە لەگەڵ بیر و دیدی شاعیردا هیچ پەیوەندییەکی نییە . هەر ئەدەبناسی پێشوو لە درێژەی دید و تێگەیشتنەکانیدا بۆ فۆرمالیستەکان دەڵێت : ((لە ڕاستیدا فۆرمالیستەکان جەخت لەو بابەتە دەکەنەوە کە زمانی ڕەوانبێژی، خوازە، بەکارهێنانی سیمبۆلییانەی زمان، دێڕەکانی کە وێنە پێک دەهێنن ، هیچکامیان ، بە کەرەسە و هۆکارێک بۆ خولقاندنی شیعر ئەژمار ناکرێن و لە زمانی ڕۆژانەی خەڵکیشدا بەکاردەهێنرێن . لە بەرامبەردا، فۆرمالیستەکان بەو ئاراستەیە کار دەکەن کەپەی بەو تایبەتمەندییانەی زمانی ڕۆژانە بەرن کاتێک بە شێوەیەکی تایبەت ڕێک دەخرێن، هونەری ئەدەبی بەدیدەهێنن . بەم پێیە، ئەگەر لێکۆڵینەوە لە یاساکانی داهێنانی ئەدەبی مەبەستی بنەڕەتیی فۆرمالیستەکان بووبێت، ئەوا پێویستە ئاگامان لەو خاڵە بێت کە ئەمانە لە شیکارییە ئەدەبییەکانی خۆیاندا، کاریان بەسەر هێنانی وێنەی خەیاڵەوە نەبووە، بەڵکو سەرنجیان لەسەر چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئەمانە بووە لەدەقدا، بە باوەڕی شکلۆڤسکی، وێنەی خەیاڵ و کەرەسەکانی دیکەی خولقێنەری ئەدەبی، لە وێنەی نموونە فۆنەتیکییەکان، کێش، سەروا، ڕەگەزدۆزی و ..هتد، هەموو ئەمانە بە یەک ئامانجی تایبەت بەکاردەبرێن و ئەویش (ostranenie) بەنامۆکردنە . ئەم پرۆسە بونیادییە دەبێتە هۆی ئەوەی، زمان لە هەلومەرجە بەکارهێنانە ڕۆژانەکەی بێتە دەرەوە و لە پەیپێبردنی ئاساییبووەوەی ڕۆژانەی بەکارهێنەرانی دوور بکەوێتەوە . ئێمە بە دیدێکی خووگرتووانەوە دەڕوانینە دەورووبەرمان، هەرئەمەش دەبێتە هۆیەک تا سەبارەت بە تایبەتمەندییەتیی جیاکارانەی شتەکانی دەورووبەرمان، بە چەشنێک لە بێ هەستی بگەین . ئامانجی شیعر، ئاوەژووکردنی ئەم پرۆسەیە و زیادکردنی شتێکە کە بۆمان ئاشنایە . بە دەربڕینێکی سادەتر، بەنامۆکردن، دەبێتە هۆی ئەوەی ، هەروەک منداڵێکی نائاشنا بە دەورووبەرمان، سەرلەنوێ سەرنجی هەموو شتەکان بدەین و بەو چەشنە لە زمان بڕوانین، وەک ئەوەی سەرلەنوێ خولقێنراوە . بەم شێوەیە، شاعیر بەو ئامانجە بەرەو پێشەوە دەڕوات کە (کاردانەوە

کلێشەبۆکێشراوەکان) تێک بشکێنێت و ئاگایی و هۆشیارییەکی نوێ بەدیبهێنێت . بە دەربڕینێکی دیکە ئەو لە دووی ئەوەیە تا پەیپێبردنی ڕۆژانەی ئێمە بۆ واقیع ، سەرلەنوێ داڕێژێتەوە، ئەویش بەو شێوەی کە ئێمە لە بری بینینی دووبارەبووەوەی ڕۆژانەی جیهان، بە دیدێکی نوێوە بڕوانینە دەوروبەرمان، یان بە لایەنی کەمەوە، واقیعێکی نوێ بکەینە جێگرەوەی ئەو واقیعە بەڵگەنەویستەی کە هەیە . (هاوکس ١٣٩٨: ٨٦).

داڤید کارتەر (David Carter) یەکێکی دیکەیە لەو ئەدەبناسانەی کە لە فۆرمالیزم دواوە و بە گشتی و لە گۆشەنیگایەکی جیاوازترەوە دەڵێت : ((فۆرمالیستە ئەمریکی و ڕووسەکان، بەیەک ئاراستە و بە دیاریکراوی، گرنگی و بایەخیان بە ئەدەبییەت داوە لە دەقدا . فۆرمالیزمی سەرەتایی، لە هەریەک لە ئەمریکا و ڕووسیادا بە شێوەیەکی سەربەخۆ گەشەی کردووە، بەڵام فۆرمالیزمی ڕووسی کە پێش شۆڕش و دوای شۆڕش لە گەشانەوەدا بوو، ڕۆڵی دوور مەوداتری هەبوو .فۆرمالیزم، بەتایبەتی ڕووسی، گرنگی و بایەخ بە شیکاریی دەق دەدات لە ڕووی شێوە و بونیادەوە، هەروەک لە ناوەکەیەوە دیارە، زمان دەکاتە زەمینەی لێکۆڵینەوە، نەک ناوەڕۆک . فۆرمالیستە ڕووسەکان دەیانویست بنەمایەکی زانستی دامەزرێنن بۆ توێژینەوەی ئەدەبی، و بیروباوەڕەکانی فۆرمالیستەکانی سەرەتا زۆر توندڕەوانە بوون، پێیان وابوو هەست و سۆز و بیروبۆچوونەکان کە لە کاری ئەدەبیدا گوزارشتیان لێوە دەکرێت، بە پلەی دوو دێن و تیشکۆی کۆنتێکستیان دەکرد لە پێناو بەرجەستەکردنی تەکنیکی ئەدەبی . بە پێچەوانەی ڕەخنەی نوێوە لە ئەمریکا، فۆرمالیستەکان گرنگی و بایەخیان بە ئاماژە کلتوری و ئەدەبییەکانی ئەدەب نەدەدا، خواستیان دۆزینەوەی پێڕەوێک بوو کە بتوانرێت لە ڕێیەوە تەکنیکە فرە جۆرەکان بۆ بەدیهێنانی ئیستێتیکای دەق، بناسێنێت)) . (کارتەر ٢٠١٨: ٢٥) . کارتەر سێ قۆناغ لە گەشەی دیدی فۆرمالیستەکاندا بۆ ئەدەب دیاری دەکات و دەڵێت : ((سێ قۆناغی بنەڕەتی و جیاکەرەوە هەن لە گەشەی فۆرمالیزمی ڕووسیدا، کە دەتوانین بە سێ خوازە بیانناسێنین :قۆناغی سەرەتایی ئەدەب و وەسپی دەکات بە جۆرێک لە (ئامێر) کە تەکنیک و بەشی جیاوازی بۆ کارکردن هەیە . قۆناغی دووەمیش ئەدەب بە (بوونەوەرێکی زیندوو) پۆلێن دەکات ؛ بەڵام قۆناغی سێیەم پێی وایە دەقی ئەدەبی بریتییە لە "سیستم")) . (کارتەر ٢٠١٨: ٢٦).

هەردوو ئەدەبناسی ئوسترالیا، (Abrams)و(Harpham) کە گۆشەنیگایەکیان لە توێژینەوەی دوو ئەکادیمیی عەرەبدا هاتووە، جگە لەوەی باس لەوە دەکەن، وشەی فۆرمالیزم لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا ئاماژە بووە بۆ ئەو هەوڵە پێشکەوتووخوازانەی کە کاری دەکرد بۆ خۆ دوورگرتن لە (Subjectivity)خودییەتی و (Impressionism) ئینتباعییەت لە شیکاریی ئەدەبی، بە بابەتی و زانستی بوون و بە کاریگەریی فۆرمالیزمە ڕووسەکان و هەندێک لە بونیادگەرە ئەوروپییەکان؛ لە هەمان کاتدا باس لەوە دەکەن، دەتوانرێت دووڤێرژنی فۆرمالیزم بخەینە ڕوو کە لە تێگەیشتن و پراکتیکدا جیاوازن

:((یەکەمیان، ڤێرژنە تەنگبین و مەودا کورتەکەی فۆرمالیزمە، سنووردارە لەو دیدە تەقلیدییەی، جیاکاری لە نێوان ئەوەی کە چی دەوترێت و ئەوەی کە چۆن دەوترێت، واتە لە نێوان ناوەرۆکی دەق و شێوەی .ناوەڕۆک هەمیشە بە وشە و زاراوەکانی :زانیاری، نامە یا پەیام، و یاخود مانای گریمانەکراو ئاماژەی پێ دەدرێت، لە کاتێکدا شێوە و شێواز بە جیاوازی و فرە چەشنییەکانی چۆنیەتیی خستنەڕووی ئەم زانیاری و پەیامە دەناسرێت و ئەم جیاوازی و فرەچەشنییەش گۆڕانکاری لە تایبەتمەندییە ئیستێتیکییەکانی دەق و چۆنیەتیی وەڵامدانەوەی خوێنەر دەکات . چەمکە زمانەوانییە هاوچەرخەکان بەکاردەهێنرێت بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندییە شێوە و ڕوخسارییەکان کە جیاوازی و تایبەتمەندییەتی دەداتە دەق یا نووسەر یاخود سەردەم و گرووپێکی دیاریکراو . ئەم تایبەتمەندییانە لەوانەیە دەنگی بن، وەک :نموونەی دەنگەکانی دەربڕین یان بەحرەکانی شیعر و قافیەکانیان، یان سینتاکسی بن وەک پێکهێنەر و دانە زمانییەکانی ڕستە، یاخود مۆرفۆلۆگی بن وەکو ئاماژەی وشە بۆ شتێکی هەستپێکراو یا هۆشەکی، یا ڕەوانبێژی بێت، وەکو بەکارهێنانی زمانی شیعری و خەیاڵ )) . (الماشطە +الرکابي ٢٠١٦ .(١٢٢:

سەبارەت بە ڤێرژنی دووەم لە فۆرمالیزم، پێیان وایە : ((دووەم، لە حەفتاکانەوە گەشەی کردووە و خۆی لە دەربڕینێکی (فنج) دا دەبینێتەوە :" شێوازناسیی توێژینەوەی بەکارهێنانی زمانە لە ئەدەبدا ". بەم پێناسەیە، شێوازناسی دەستی هاریکاری بردووە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی تەقلیدی و ڕەوانبێژی تەقلیدی، ئەمە جگە لەوەی مکوڕە لەسەر بابەتیبوون، بە جەختکردنەوەی یەکلاکەرەوە لەسەر خودی دەق و هەنگاونان بۆ دۆزینەوەی ئەو یاسایانەی کە بادیاریکراوی، چۆنیەتیی بەرجەستەبوونی یەکە زمانییەکان لە دەقی ئەدەبی و کاریگەرییان لە ئەدەبیبووندا، دەخاتە ڕوو ...)) . (الماشطە + الرکابي ٢٠١٦ :١٢٣).

## شەش چەمکی بنەڕەتی لای فۆرمالیستەکان:

شێوازناسەکان، بۆ خستنەڕووی چییەتی شێواز، چەند چەمکێکی بنەڕەتییان لە چەقی دید و بۆچوونەکانی خۆیاندا داناوە و هەر گروپێکیان لە ناساندنی شێوازدا، زیاتر جەختی لەسەر یەکێک لەو چەمکانەیە . ئەو چەمکانە بریتین لە :هەڵبژاردن لە زماندا، لادان لە زمانی پێودانگ، دووبارەکردنەوە و بەردەوامی، چەشنێک لە بەکارهێنانی زمان، پێگەی گوتن و تاکییەتی . بۆ ئاشنابوون بە چەمکی زمانناسیی شێواز، پێویستە لە هەریەک لەم تایبەتمەندییانە بکۆڵینەوە:

١-شێواز بە مانای هەڵبژاردنی دەربڕینێکی دیاریکراو، کاتێک بەرجەستە دەبێت کە بۆ گوتن و دەربڕینی چەمکێک یا ئەنجامی کارێک، زیاتر لە شێوازێک هەبێت و کەسەکە لە نێوان شێوازەکاندا، یەکێکیان هەڵبژێرێت . وەک ئەدەبناسی ئێرانی (محمود فتوحی) دەڵێت : ((زمان، سستمێکی بەرفراوانە و لە پێکهاتەی بچووک و گەورە پێکدێت لە چەشنی، فۆنێم، مۆرفێم، دەربڕین، دەستەواژە، گرووپ و

نموونەی ڕێزمانی و ڕستە، کە توانایی پێکهاتەی بێسنوورمان بۆ بەدیدەهێنن؛ بێگومان کەسێک ناتوانێت هەموو ئەم کەرەسە و ئەگەرە بێکۆتایانە لە دەربڕینی خۆیدا جێ بکاتەوە، بەڵکو بەشێک لە زمان هەڵدەبژێرێت )) . (فتوحی ١٣٩٥ :٣٥).

٢-شێواز، لادانە لە زمانی پێوەری، وەک تویژەری پێشوو دەڵێت : ((پێناسەی باو لە ڕەوشی فۆرمالیستیدا، بریتییە لە لادان لە زمانی ئاسایی و فەرمی؛ یاخود بە دەربڕینێکی تر، ئاشناکاری و نامۆکاری زمان، بە ئامانجی زیادکرنی پەیپێبردنەکان و هەستپێکردن و ئامانجە ئیستێتیکییەکانە )) .(فتوحی ١٣٩٥ :٣٩).

٣-شێواز دووبارەکردنەوە و بەردەوامیی تایبەتمەندییە کە یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی شێواز، مەسەلەی دووبارەکردنەوە و بەردەوامیی ڕەفتارێکی زمانیی تایبەتە لە هەنگاوەکانی دەقێکدا . ((شێواز کاتێک شوناس پەیدا دەکات کە چەند ڕەگەزێکی وێنەیی زمان بەردەوام و دووبارە لە دەربڕینی کەسێکدا هەستی پێ بکرێت )) . (فتوحی ١٣٩٥ :٤٨).

٤-شێواز، چەشنێکە لە بەکارهێنانی زمان . لەم بارەیەوە ئەدەبناسی ناوبراو دەڵێت : ((زمانەکان بەردەوام و هەموو ڕۆژێک، دەرئەنجامی هۆکاری کۆمەڵایەتی، جوگرافی، مێژوویی، دووچاری گۆڕانکاری دەبن . دەرئەنجامی ئەم گۆڕانکاریانە، بۆ چەمکێک، شێوەگەلێکی زمانیی جیاواز بۆ ئەم چەمکە لە دوو کاتی جیاواز یاخود هەر لە سەردەمێکدا دروست دەبن و قەڵەمڕەو و چەشنەکانی ئەم زمانە فراوانتر دەبن .هەر کۆمەڵێکی ئاخێوەر لەسەر بنەمای جۆراوجۆری ناوچەکان، کلتور و کۆمەڵگەکانی نێو خۆی، دەتوانێت بۆ چەند چەشن و شێوازێکی بەکاربردن دابەش ببێت )) . (فتوحی ١٣٩٥ :٥٠).

٥-شێواز، دەربڕینی گونجاوە بۆ شوێنی شیاو .پێگەی دەربڕین، یاخود شێوەی چنین و پێویستی دەربڕین، هەمیشە خۆی بەسەر ئاخێوەردا دەسەپێنێت و شێوەی دەربڕینەکە دیاری دەکات.

٦-شێواز، دەرکەوتنی تایبەتمەندیی تاکە . لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە، بنەمای شێواز (بە تایبەتی شێوازی ئەدەبی ) لەسەر بنەمای خودیی بوونی زمان و دەرکەوتنی تاکگەرایی بونیاد، دادەنرێت .فتوحی ، ئەمە ئاوا ڕوون دەکاتەوە : ((مەبەست لە تاکگەرایی لە شێوازدا، ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندیی تاکی ئاخێوەرە، لە چێژ و سەلیقە و سروشتی ڕەفتار و جیهانبینی و تێگەیشتنی کەسیی ئەو لە نێو گوتاردا.هەر ئەم تایبەتمەندییانەیە کە پێکهاتە و مانای دەربڕینی جیاوازیان لێ دەکەوێتەوە و دەبنە هۆی جیاوازیی شێوازەکانی دەربڕین )) . (فتوحی ١٣٩٥ :٦٢).

**چەند فۆرمالیستێک و چەردەیەک لە ئایدیاکانیان:**

گەشەی بەردەوام و تێپەڕاندنی قۆناغە سەرەتاییەکانی فۆرمالیزم، دەگونجێت بەرهەمی ئەو فرەڕایی و زەمینە فراوانەی بیرکردنەوە و تیۆریزاندنە بێت لە مێژووی فۆرمالیزمدا هەن، لە کۆتایی ئەم پارە و لە پێناو ڕوونکردنەوەی زیاتری میتۆدی شێوازناسییدا، سەرنج و جەخت دەخەینە سەر دید و ئایدیاکانی چەند ڕابەر و تیۆریستێکی فۆرمالیست، بەو هیوایەی لەم گۆشەنیگایانەوە بتوانین چەند چەمکێکی بنەڕەتی و جومگەیەکی سەرەکیی ئەم قوتابخانەیە بناسێنین:

١- (Boris Eichenbaum)**بۆریس ئێخینباوم** :یەکێکە لە گرنگترین ئەندامانی بزاوتی فۆرمالیزمی ڕووس، ساڵی ١٩٢٩ وتاری "تیۆریی ڕەوشی شێواز" ی نووسی و پاش ئەوە هەموو ژیانی خۆی بۆ توێژینەوە لە بەرهەمەکانی تۆلستۆی تەرخانکرد .

ئێخینباوم لە دەستپێکی ئەو وتارەدا کە وەک یەکەمین وتاری نێو کتێبە وەرگێڕدراوەکەی تۆدۆرۆڤ هاتووە، دەڵێت : ((ڕەوشی ناوبراو بە "ڕەوشی شێواز" زادەی پایەداربوونی سستمێکی "ڕەوشناسیی" تایبەت نییە، بەڵکو بەرهەمی کۆششگەلێکە بۆ هێنانە کایەی زانستێکی سەربەخۆ و پێکەوە پەیوەستبووی شێوە گرتوو ...بابەتی بنەڕەتیی فۆرمالیستەکان، ڕەوشی توێژینەوەی ئەدەبی نییە، بابەتی ئەوان ئەدەبیاتە کە لە پێگەی بابەتی ئەو توێژینەوانە دابنرێت )) . ( ئێخینباوم ١٣٩٢ :٣١) . پاشان لە بارەی میتۆدی فۆرمالیزمەوە دەڵێت : ((ئێمە لە ڕاستیدا لە بارەی هیچ جۆرە ڕەوشناسییەک نادوێین، لێیان ناکۆڵینەوە . ئێمە ئەم یا ئەو سستمی ئامادەکراوی ڕەوشناسی یاخود جوانیناسی ناخەینە بەر باس، بەڵکو تەنیا لەبارەی بنەماکانی تیۆرییەک دەدوێین یا دەتوانین بدوێین کە لە توێژینەوەوە ماددەیەکی پێکەوەپەیوەستبوو و خەسڵەتە تایبەتەکانی ئەم ماددەمان دەست کەوتبێت...)) .( ئێخینباوم ١٣٩٢ :٣٢) . هەمان تیۆریستی فۆرمالیست لە درێژەی ڕاکانی لەسەر میتۆدەکەیان دەڵێت : ((ئێمە هیچ ڕەوشێکی فێرکاری یا هیچ سستمێکی ئامادەکراومان نەبووە و ئێستاش نیمانە . لە کاری زانستی ئێمەدا، تیۆریا تەنیا بەهای گریمانەکردنێکە کە بە پشتیوانیی ئەو، مەسەلەکانی نێو واقیع دیاری دەکەین و لێی تێ دەگەین : ئێمە تایبەتمەندییە سستێماتیکییەکان دەدۆزینەوە و بە پشت بەستن بەوانە، ئەم مەسەلانەی واقیع، دەبنە کەرەسەیەک بۆ توێژینەوە . لەم ڕوانگەیەوەیە ئێمە ناچینە چوارچێوەی ئەو پێناسانەوە کە لاساییکەرەوەکان لەسەری موکڕن و لەگەڵ ئەو تیۆرییانەشدا کە هەڵگرەوەکان پێیان ئاسوودەن، ناگونجێین . ئێمە بنەماگەلێکی بینراو دەچەسپێنین و تا ئەو شوێنەی بگونجێت ئەم بنەمایانە لە ماددەیەکدا بەکاربەرین، پابەند دەبین .ئەگەر ماددەیەک، وەرچەرخان یاخود گۆڕانی بنەماکانی ئێمەی پێویست بێت، خێرا ئەم گۆڕانکارییانە دەگرینەبەر . لەم ڕوانگەیەوە لە بەرامبەر تیۆرییەکانی خۆمان، بڕی پێویست ئازادین و وا بیردەکەینەوە کە هەر زانستێک پێویستە ئاوابێت، چونکە لەو دیدەوە کە لە نێوان تیۆری و دڵنیایی (یقین)دا جیاوازی هەیە .زانستی حازر و ئامادە بوونی نییە، زانست بە سەرکەوتن بەسەر

هەڵەکانی خۆیدا دەژی، نەک بە دەرکەوتنی ڕاستییەکان )) . (ئێخینباوم ١٣٩٢ :٣٢) . سەبارەت بە ئامانج لە هەوڵ و کۆششەکانی لە مەیدانی ئەدەبناسیدا دەڵێت : ((هەوڵی بنەڕەتیی من ئەوەیە تا نیشانی بدەم: چۆن ڕەوشی فۆرمال بە وەرچەرخان و فراوانکردنی کایەکانی توێژینەوەی، سنوورێک کە وەک باوە پێی دەڵێن ڕەوشناسی، بە تەواوەتی تێپەڕێنێت و هەروەها نیشانی بدەم چۆن گۆڕاوە بۆ زانستێکی سەربەخۆ و بابەتەکەی کۆمەڵێکی تایبەتە لە مەسەلەی واقیع بە ناوی ئەدەبیات . ڕەوشگەلێکی جۆراوجۆر دەتوانن لە چوارچێوەی ئەم زانستەدا جێگەیان ببێتەوە، بە مەرجێک ئاراستەیان بەرەو تایبەتمەندیی ناوەوەی ئەو ماددەیە بێت کە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێت )) .( ئێخینباوم ١٣٩٢ :٣٣).

٢– (Viktor Shklovsky)**ڤیکتۆر شکلۆڤسکی :** نووسەر ڕەخنەگری ئەدەبی و خوێندکاری (بودۆئن دو کورتنە ) لە بەشی زمانناسی بوو کە هەر بە کاریگەریی ئەو یەکەمین کتێبی بە ناوی (زیندووبوونەوەی وشەکان) ەوە نووسی . ڕێکخەری گروپی ئۆپۆیاز و کرۆکی پێکهێنەری فۆرمالیزم بوو. یەکەمین وتاری شکلۆڤسکی "هونەر وەک شێواز " کە لە ساڵی ١٩١٧دا بڵاوکرایەوە، وەک کارتەر دەڵێت: ((بە مانیفێستی یەکەمی کۆمەڵەکە ئەژمار دەکرێت و لەم وتارەدا کۆمەڵێ چەمکی داڕشت کە بۆ گریمانە فەلسەفییەکانی فۆرمالیستەکان بەنرخ و جێگای بایەخبوون . یەکەم چەمکیان بریتی بوو لە (habituation) خووپێوەگرتن، یاخود شتەکان خوویان پێوەبگریت؛ کە ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستییەی :هەرکات شتەکان پتر خوومان پێوەگرتبوون، ئەوا هۆشیاری و پەی پێ بردنمان بۆیان کەمترە .."ئەوکاتەی وێناکردنەکان ئاسایی دەبن، ئەوا ئیتر دەبنە لە خۆوە "... )) . (کارتەر ٢٠١٨ :٢٦) ، دواتر پەیوەست بەم چەمکە، کارتەر لە هەمان سەرچاوەی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات کە شکلۆڤسکی بابەتی بیرکردنەوەی سەپێنراو باس دەکات و دەڵێت : ((بە هۆی چەمکی خووگرتنەوە، بیرکردنەوەمان لە شتەکان زۆر گشتی دەبێت، بەجۆرێک بیرکرنەوەمان لێیان زیاتر لە سیمبوڵە سەپێنراوەکانەوە نزیکە ؛ بەم جۆرە، بۆ نموونە : کورسییەک تاکییەتی خۆی لە دەست دەدات و تەنیا دەبێتە شتێک کە لەسەری دادەنیشین و ئیتر چۆنیەتیی پێکهاتەی و دیزاینی نابینین . ئەمەش سەردەکێشێت بۆ چەمکی سێیەم و گرنگتری شکلۆڤسکی، کە ئەویش تەنیا و تاقانە کردنەوەیە (defamiliarization)، (واتە شتێک چۆن نامۆدەکرێت)؛ مەبەستییش لە تەنیا و تاقانەکردن، ئەوەیە کە چەشنێک لە تایبەتمەندی بدەیتە شتێک بەوەی کە وێنەیەکی نوێی بدەیتێ و لەو ڕووەوە تەنیا و تاقانەی بکەیت )) .(کارتەر٢٠١٨ :٢٧). شکلۆڤسکی پێی وایە کە بەگشتی تاک هاوەڵی وێنەیە، چونکە ئەرکی وێنە نزیک کردنەوەی مانا نییە لە تێگەیشتن، بەڵکو پێشکەشکردنی دیدێکی نوێیە بۆ ئەو شتەی کە لێی دەدوێین و ئەم کۆنسێپتە، واتە بە نامۆکردن بە ئەرکی بنەڕەتیی هونەر دەزانێت و هەر هەمان نووسەر بەڵگە بە ئایدیایەکی لەو بوارەدا دێنێتەوە و دەڵێت : ((ئامانجی هونەر بۆ گێڕانەوەی هەستکردنە بە ژیان، لەو پێناوەدا هەیە تا کەسێک

هەست بە شتەکان بکات، تا وابکات بەرد لە بەرد بچێت. ئامانجی هونەر، ڕووپۆشکردنی شتەکانە بەو هەستەی کە وێنای دەکەین، نەک چۆن دەیناسین )) .(کارتەر٢٠١٨:٢٧).

لە ڕێگای ئەو وتارەی شکلۆڤسکی "هونەر وەک شێواز"ەوە، کە بە مانیفێستی یەکەمی فۆرمالیستەکان دادەنرێت؛ هەوڵ دەدەین لە خودی وتارەکەیەوە بە ئامانجی خستنەڕووی هێڵە بنەڕەتی و گشتییەکانی فۆرمالیزم، ئاماژە بە چەردەیەک لە دید و ئایدیاکانی ئەم کاریزمایەی نێو فۆرمالیستەکان بدەین.

ئەم وتارە، بەو گوتەیە دەست پێ دەکات "هونەر بیرکردنەوەیە بە وێنە" و بە خاڵی دەست پێ کردنی دەزانێت بۆ زمانناسێکی خاوەن مەعریفەی فراوان کە سەرقاڵی داڕشتنی تیۆرییەکی ئەدەبیی فرەجەمسەری ڕێکخراوبێت و ڕیشەی ئایدیای نێو ئەو گوتەیەش، بەشێکی دەگێڕێتەوە بۆ(Potebnya) پۆتبنیا (زمانناس و تیۆریستێکی ڕووسی سەدەی نوزدە بوو)، کە ناوبراو پێی وایە : هونەر بەبێ وێنەی خوازراو نابێت و بەدیاریکراویش، شیعر بێ ئەوە بوونی نییە ؛ شکلۆڤسکی دەڵێت : ((لەسەر بنەمای دەرئەنجامەکەی پۆتبنیا، کە دەگونجێت بەم جۆرە دابڕێژینەوە :"شیعر یەکسانە بە وێنەی خوازراو "، کە پاڵنەرێک بوو بۆ تیۆرییەکی تەواوتر کە "زمانی خوازراو یەکسانە بە سیمبولیبوون "، چونکە وێنە، بەکەڵکی ئەوە دێت وەسپی بکەین، هەڵگرێکی نەگۆڕی بابەتە جیاوازەکانە . بەشێوەیەکی ڕێژەیی بەو دەرئەنجامەش دەگەین، پۆتبنیا جیاوازیی لە نێوان زمانی شیعر و زمانی پەخشاندا نەکردووە .دەرئەنجامی ئەوەش، بێ ئاگا بووە لەو ڕاستییەی کە دوو دیاردە لە وێنەی خوازراو هەن : وێنەیەکی خوازراو کە بە کەرەسەیەک بۆ بیرکردنەوە وەسپ دەکرێت و بەوەی کەرەسە و هۆکارێکە تا شتەکان پۆلێن بکەین، وێنەیەکی خوازراوی دیکەش کە بە شیعریبوون یاخود وێنەی خوازراوی شیعری وەسپ دەکرێت کە کەرەسە و هۆکارێکە بۆ بەهیزکردنی دید و سەرنجدان (الانطباع) . ئەم بابەتە بە نموونەیەک ڕووندەکەینەوە : دەمەوێت ئاگایی کچێکی بچووک کە نان و کەرە دەخوات و کەرەکە دەخاتە سەر پەنجەکانی، بۆ لای خۆم ڕابکێشم، بانگهێشتی دەکەم بە : "هێی، پەنجە کەرێیاوی !" .ئەمە وێنەیەکی ڕەوانبێژییە، خوازراوێکی پەخشانی ڕوونە . ئێستا لەگەڵ نموونەیەکی دیکە : منداڵەکە یاری بە چاویلکەکانم دەکات و دەیانخات . هاوار دەکەم : "هێی، پەنجە کەرێیاوی !".ئەم وێنە ڕەوانبێژییە خوازراوێکی شیعرییە . لە نموونەی یەکەمدا "پەنجە کەرێیاوی" بۆ میتۆنیمی بەکارهاتووە، بەڵام لە دوەەمیاندا بۆ میتافۆر )) . (شکلۆڤسکی ٢٠١٨ :٣٩ ) ؛ دواتر شکلۆڤسکی بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە لەو نموونانە و دەرئەنجامەی سەرەوە، واتە جیاوازیی میتۆنیمی و میتافۆربوونی "پەنجە کەرێیاوی"، ئامانجی گەیشتن بەو ئەنجامە نەبووە، بەڵکو دەیەوێت لە بارەی وێنەی خوازراوی شیعرییەوە بڵێت : ((وێنە خوازراوە شیعرییەکان، هۆکار و کەرەسەیەکن بۆ خولقاندنی بەهێزترین ئینتیباع و سەرنجدان کە لە توانادابێت . لەو ڕوانگەیەوە کە پێڕەوە، پشتئەستوورە بە ئامانج، زیاتر و کەمتر نییە لە کاریگەریی هونەر و تەکنیکە شیعرییەکانی دیکە، کەمتر و زیاتر نییە لە کاریگەریی پاراڵێلیزم و ئەناڵۆگی ئاسایی

یان نێگەتیڤ،  و لێکچواندن،  و دووبارەکردنەوە، و بونیادی هاوسەنگ و زیادەڕۆچوون، وێنەی ڕەوانبێژی لە ڕستەدا، هەروەها لە هەموو ئەو پێڕەوانەی کە جەخت لە کاریگەریی کاردانەوەی دەربڕین دەکەن (بێگومان وشە و تەنانەت فۆنەتیکیش بە ڕوونی لە خۆدەگرن..) ...وێنەی خوازراوی شیعرییش هیچ نییە جگە لە فێڵی زمانی شیعری )) . (شکلۆڤسکی ٢٠١٨ :٣٩) .

لای شکلۆڤسکی، هەموو ئەم دید و دەرئەنجامانە، لێکەوتەی زەین و پەیپێبردنی زەینیی خووپێگرتووانە یاخود هەستیارانەن و ڕوونکردنەوەیەکی مەعریفی ئەنتۆلۆجییانە دەدات بۆ ئەو دەرکەوتە و ئەنجامەی سەرەوە و دەڵێت : ((ئەگەر ئێمە لە تەتەڵەکردنماندا بۆ یاسا گشتییەکانی پەیپێبردن، یاسا و بنەما گەلێکی بۆ داڕێژین، دەبینین :کاتێک پەی پێ بردن ئاسایی دەبێتەوە، دەبێتە کارێکی ئۆتۆماتیکیی ئامێرییانە . هەر بە هەمان شێوە، بۆ نموونە نەریتە باوەکانمان، دەکشێنەوە بۆ ناوچەی ئۆتۆماتیکی و ئامێرییانەی ناهۆشیارانە ؛ لێرەدا کەسانێک هاوڕامان دەبن کە شتانێکیان لە ساتەوەختی بەدەستەوە گرتنی پێنووسەکانیان دێتەوە یاد، یاخود بۆ یەکەمین جار بە زمانێکی بێگانە قسە دەکەن، ئیتر ئەمە بەراورد بکە بە هەستەکانی لە ساتەوەختی بەجێگەیاندنی ئەم کارەدا بۆ هەزاران جار ...)) . (شکلۆڤسکی ٢٠١٨ :٣٩) . لە برگەیەکی دیکەی هەمان وتاردا دەڵێت : ((خووپێوەگرتن شتەکانی دەوروبەرت لووش دەدات لە جل وبەرگ،  کەلو پەل، ئەوەی هەمیشە هاوەڵتە،  ترس لەجەنگیش دەبات ...هونەر بۆیە هەیە تا بەڵکو مرۆڤ هەستکردن بە ژیان بەدەست بهێنێتەوە،  تا وا لە مرۆڤ بکات هەست بە ژیان بکات،  وا بکات کە بەرد، بەردبێت . ئامانجی هونەر ئەوەیە هەستکردن بە شتەکان بگوازێتەوە بۆ مرۆڤ، کاتێک کە پەی پێ دەبات، نەک کاتێک کە دەیانزانێت یان دەیانناسێت . تەکنیکی هونەر ئەوەیە کە شتەکان نامۆ بکرێن، شێوازەکان ئاڵۆزبکرێن، دووبەرابەربکرێن . ئاڵۆزکردنی پەی پێ بردن و درێژخایانی، چونکە کاری پەی پێ بردن لەخۆیدا ئامانجێکی ئیستێتیکییە، دەبێت ماوەکەی درێژ بکرێتەوە . هونەر ڕێگەیەکە بۆ تاقیکردنەوەی هونەرییبوونی شتێک، بەڵام خودی شتەکە هیچ نرخ و بەهایەکی نییە ... دوای ئەوەی بۆ چەند جارێک شتێک دەبینین، دەست دەکەین بە ناسینی . شتەکە لەبەردەمماندایە و ئێمە لەبارەیەوە دەزانین، بەڵام نایبینین، هەربۆیە ئێمە ناتوانین هیچ شتێکی گرنگ لە بارەیەوە بڵێین . هونەر، بەڕێگەی جیاواز، شتەکان دوور دەخاتەوە لە ئامێری پەی پێ بردن ...)). (شکلۆڤسکی ٢٠١٨ :٣٩).

٣- **ڕۆمان یاکۆبسۆن: (Roman Jakobson)** بە پردی پەیوەندیی نێوان فۆرمالیستە ڕووسەکان و بونیادگەری دەزانرێت، ئەندامی دامەزرێنەری بازنەی زمانەوانیی مۆسکۆ بوو، کۆی نووسینەکانی ئاماژەن بۆ کاریگەربوونی بە بیری تیۆریی زمانەوانی، بەتایبەتی بە فردیناند دی سۆسێر، هەرەوەها لە پشتیوانانی شاعیرە ئەزموونگەراکان بوو . ساڵی ١٩٢٠ گواستییەوە بۆ چیکسلۆفاکیا و

بەشداریکرد لە دامەزراندنی بازنەی کارای پراگی زمانەوانی، پاشان بە هۆی هێرشی داگیرکارانەی نازییەکانەوە ساڵی ١٩٣٩ چیکسلۆفاکیای بەجێهێشت، دواجار لە لەساڵی ١٩٤١ لە ئەمریکا نیشتەجێ بوو.

وێڕای توێژینەوە زمانەوانییەکانی، یاکۆبسۆن بە هۆی شیکارییە زمانەوانییە زۆر وردەکانییەوە بۆ کارە ئەدەبییە کلاسیکییەکان، ڕێز و ناوبانگی زۆری بەدەستهێنابوو . لەگەڵ لیڤی شتراوس، زانای ئەنسرۆپۆلۆجیستی فەرەنسی هاوڕێی خوێندن بوون و پێکەوە شیکارییان کرد بۆ چامەیەکی بۆدلێر- سۆناتەی"پشیلەکان"، هاوکات لەگەڵ ئەوەی وەک نموونەی شیکارییەکی بونیادگەرانە ناوبانگی ڕۆیشت، لەهەمان کاتدا ڕووبە ڕووی ڕەخنەی نێگەتیڤی زۆریش بوویەوە . وەک کارتەر دەڵێت : ((یاکۆبسۆن هەوڵی زۆری دا لە پێناو پێناسەی تایبەتمەندیی (ئەدەبییەت) لە ڕووی زمانەوانییەوە، وتارێکی نووسی بە ناوی (زمانەوانی و شیعریبوون)، لە کۆنگرەی ساڵی ١٩٥٨ پێشکەشی کرد و لە ساڵی ١٩٦٠ بە ناونیشانی (شێواز لە زماندا) بڵاوکرایەوە و لەوێدا بیروبۆچوونەکانی خۆی لەوبارەیەوە خستەڕوو )) .(کارتەر ٢٠١٨ :٣٢).

یاکۆبسۆن لە وتارێکیدا بەناوی ( the domininant-المسیطر)زاڵ-توخمی زاڵ یاخود باڵادەست، سێ قۆناغی سەرەتایی بەدواداچوونی فۆرمالیزم بەم جۆرە کورت و دەستنیشانیان دەکات :

((١-شیکاریی دیاردە دەنگییەکان لە کارێکی ئەدەبیدا . ٢-بابەتەکانی واتاسازی لە چوارچێوەی شیعریبووندا.٣-پێکەوە گرێدانی دەنگ و مانا لە(کل) گشتێکی تەواودا . لەم قۆناغەی کۆتاییدا چەمکی (توخمی زاڵ) بەرهەمداربوو ؛ یەکێک بوو لە چەمکە ترسناک، ڕەسەنەکان، زۆر بەرهەمداریشبوو لە تیۆریی شێوازناسی ڕووسییدا )) . (یاکۆبسۆن ٢٠١٨ :٤٣) لە بەشێکی دیکەی هەمان وتاردا، کە ک .م .نیوتن لە کتێبی "تیۆریی ئەدەب لە سەدەی بیستدا" هێناویەتی، چەمکی زاڵ بەم چەشنە ڕووندەکاتەوە و دەڵێت : ((دەتوانین چەمکی زاڵ بەوە سنووردار و وەسپ بکەین کە :پێکهاتەیەکی میحوەرییە لە کاری هونەریدا، چونکە زاڵە و حوکم بەسەر پێکهێنەرەکانی دیکەدا دەکات و دەبێتە بنەڕەت و دەیگۆڕێ، ئەوە ئەو پێکهێنەرە زاڵەیە کە تەواوی بونیادەکە لە ئەستۆی خۆی دەگرێت . زاڵ، ئاراستەی کارەکە دیاریدەکات . سیمای تایبەتی زمانێکی دیاریکراو، بەڕوونی، ئاست وچەشنە عەروزییەکەی و شێوازە شیعرییەکەیەتی )) . (یاکۆبسۆن ٢٠١٨ :٤٣) . هەر لەبەردەوامیی گەیاندنی ڕا و تیۆرییەکەی و لە جێگایەکی دیکەی هەمان وتاردا دەڵێت : ((لەم دیدەوە، بەرهەمی شیعری :تەنیا ئەوە نییە و ئەرکی ئیستێتیکایی بەتەنیا، یاخود ئەرکی ئیستێتیکی لەگەڵ ئەرکەکانی دیکەدا دیاری ناکات ؛ بەڵکو : بەرهەمی شیعری بەوە دیاریدەکرێت، ئەو پەیامە زمانەوانییەی کە ئەرکی ئیستێتیکی لە ئەستۆیە، زاڵە تێیدا. بێگومان ئەو نیشانانەی کە ئەرکی ئیستێتیکاییمان بۆ بەرجەستە و دیاریدەکەن، چەسپاو و هەمیشە پێکەوە پەیوەست نین . یاسای هەموو بەرهەمێکی هونەری ڕوونە، هەموو کۆمەڵێک لە پێوەرە شیعرییە

کاتی و نەچەسپاوەکان، لە هەموو حاڵەتێکدا، هەندێ ڕەگەزی جیاکەرەوە لەخۆدەگرن کە لە نەبوونی ئەواندا، ناتوانین شوناسی شیعریبوون بدەینە بەرهەمەکە )) . (یاکۆبسۆن ٢٠١٨ :٤٥).

سێ تویژەر و ئەدەبناس، سەبارەت بە ڕۆڵی بنەڕەتیی یاکۆبسۆن دەڵێن : ((ڕۆڵی بنەڕەتیی یاکۆبسۆن، هەوڵەکانی بوو بۆ وەسپکردنی کەرەسەکانی پەیوەندیی دەربڕین، ئەوەیش لە ڕێی سەرلەنوێ چاوخشاندنەوە بە سێ جەمسەری پەیوەندی کە کارل بۆهلەر لە ساڵی ١٩٣٤ دا خستنیە ڕوو . نموونەکەی بۆهلەر لە سێ جەمسەر پێکهاتبوو :ئاخێوەر، وەرگر، پەیام . بەڵام یاکۆبسۆن لە ساڵی ١٩٦٠دا سێ جەمسەری دیکەی بۆ زیاد کرد و نموونەیەکی خستە ڕوو کە پێکهاتبوو لە :ئاخێوەر، وەرگر، پەیوەندی نێوان ئەو دووانە، سیمبوڵ و کۆدەکانی کە بەکاردەبرێن لە دەربڕیندا، چنراو و کۆنتێکستێک کە بۆی دەگەڕێینەوە و خودی پەیامەکە (یاخود ئەو زاراوە و وشانەی بۆ دەربڕینی بابەتێکی تایبەت بۆیان دەگەڕێینەوە) . لەم نموونەی یاکۆبسۆندا، لەهەر پێکهاتەیەکیدا ئەم بە شێوەیەکی دیاریکراو، ڕۆڵێکی زمانەوانیی تایبەت ئامادەیی هەیە )) . (نورگارد+بوسە +مونتورو ١٣٩٤ :٢٥٨٧).

یاکۆبسۆن لە سەرەتای وتارێکیدا بە ناوی "زمانناسی و شیعرناسی"، دەڵێت : ((داوایان لێ کردووم، بە کورتی باسی پەیوەندیی نێوان شیعرناسی و زمانناسی بکەم . شیعرناسی زیاتر ڕووبە ڕووی ئەو پرسە بووەتەوە کە چ هۆکارگەلێک پەیامێکی گوتن و دەربڕین دەکاتە بەرهەمێکی هونەری ؟ لەو ڕوانگەیەوە کە بابەتی بنەڕەتیی شیعرناسی، دیاریکردنی ڕووی جیاوازیی هونەری گوتنە لەبەرامبەر هونەرەکانی دیکە و چەشنەکانی تری ڕەفتاری گوتن، شیعرناسی لە پێگەی یەکەمی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا دادەنرێت . شیعرناسی باس لە مەسەلەکانی پێکهاتەی گوتن و دەربڕین دەکات، بەهەمان چەشن و قۆناغبەندی کە لە شیکاریی وێنەکێشاندا هەیە بۆ پێکهاتە و پێکهێنەرەکانی نیگارکێشان . لەو ڕوانگەیەوە کە زمانناسی مەعریفەی گشتیی لێکۆڵینەوەیە لە پێکهاتەی گوتن و دەربڕین، دەتوانین شیعرناسی بە بەشێکی جیا نەبووە وە لە زمانناسی تێ بگەین )) . (یاکۆبسۆن ١٣٩٦ :١١٢).

٤– **(Yuri Lotman) یوری لۆتمان :** ی .م. لۆتمان بە ئیلهام وەرگرتن لە پێڕەوە زمانەوانییەکانی سۆسێر و ڤێرژنەکانی فۆرمالیزمی پێش خۆی، میتۆدی "بونیادگەریی کراوە و تەواوکارانە "ی ڕەنگڕێژکرد، کە ئێمە لەم تویژینەوەیەدا لە شیکاریی شیعری هەرسێ شاعیری نامەکەماندا پەیرەومان کردووە .وەک ئەمبیرتۆ ئیکۆ (Umberto Eco ، ١٩٣٢–٢٠١٦)لە ناساندی لۆتماندا دەڵێت : ((یۆری لۆتمان لە ڕێڕەوی ژیانی فیکریدا، جگە لە بابەتی میژووی ئەدەبیاتی ڕووسیا، کە لە زانکۆی تارتۆی ئیستوانیا دەیووتەوە، بیری سەرقاڵی مەودایەکی فراوان بوو لە بەشەکانی :جوانیناسی،

ئەدەبیاتناسی، تیۆری ئاماژەناسی، مێژووی کلتور، میسۆلۆجیا و سینەما . توێژینەوەکانی زۆر بواری لە نموونەی پلۆگین "....."و دێوناسی"Demonology" ، هەروەها لە ڕاڤەی دەقیی شیعرییەوە بیگرە تا گەڕانەوە بۆ ماتماتیک و زیندەوررزانی لە خۆدەگرێت)) . (ئیکۆ ١٣٩٦ :١).

لۆتمان سەبارەت بە دەقی هونەری و چۆنیەتیی پرەنسیپی ڕێکخستنیی دەڵێت : ((دەقی هونەری -دەقێکە کە نیشانەی بەرزیی ئاستی ڕێکخستنی تێدایە . هەر دەقێک ( بگریت )، بە دوو شێوە ڕێک خراوە . مرۆڤ بە زاراوەی زمانەوانی دەتوانێت باسی تایبەتمەندییان بە ئەرکی پارادیگمی و سینتاگمی، لە بیرکارییشدا وەکیەکی (هاوتایی) (ekvivalens) و بەدوای یەکداهاتن (sekvens) بکات . ئەم دوو پرەنسیپی ڕێکخستنە ئەرک و تایبەتمەندییان جیاوازە . لەم جۆرەی دواییاندا (مەبەست لە سینتاگمییە) قورسایی بەلای ژانری گێڕانەوەدایە ، بەڵام ئەو دەقانەی ئەرکێکی بەرزی مۆدێلانەیان هەیە (لەوانەش شیعر، بە تایبەتییش لیریکی ) بە زاڵیی یەکەمەوە (واتە پارادیگمی) بونیاد نراوە . دووبارە کردنەوە لە دەقدا بەدیهێنانی نەخشەی پارادیگمی، پرەنسیپی وەکیەکی جێبەجێ دەکات و دێنێتە کایە. )).(لۆتمان ٢٠١٩: ٨٢).

لۆتمان وێڕای ئەوەی دەپرسێت : (( بۆچی پێویستە پەنا بەرینە بەر گۆشەنیگایەکی سەیری ڕەها لە تایبەتمەندیی پراکتیکیی زمانی ئاسایی وەک هۆی بونیادنانی دەقێک ؟)) .(لۆتمان٢٠١٩ :٨٧) ، بەر لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە باسی دوو جۆر لادان لە پرەنسیپی دووبارەکردنەوە دەکات ؛یەکەمیان بوونی یاسا و ڕێسایەک لە ئاستێکی بونیادی (یان هەندێک ئاستی بونیادی) دا دەبینرێت کە لەوەی تریاندا یاسا و ڕێسا نابینرێت و دووەمیش لە چوارچێوەی ئاستێکی تەنیای لاپەڕخستنێکی دەستکردا بە یاسا و ڕێسایەکی پیادەکراوی پار بگەین و سەبارەت بە لێکدانی ئەم دوو پرەنسیپە دەڵێت : ((لێکدانی ئەم دوو جۆرە پرەنسیپە بەیەکەوە بە شێوەیەکی وا توند و تۆڵ، بە هونەرەوە گرێ دراون کە مرۆڤ دەتوانێت وەک یاسا و ڕێسایەکی گەردوونیی پێکهاتەی بونیادیی دەقی هونەری بیژمێرێت )).(لۆتمان٢٠١٩:٨٨).

لۆتمان پاشان ئاماژە بە تایبەتمەندییەکی دیکەی (بنەڕەتی بونیادی دەقی هونەری) دەدات و دەڵێت : ((لە بنەڕەتی بونیادی دەقی هونەریدا هەوڵێک بۆ چڕکردنەوەی ئەوپەڕی بەهای زانیاری هەیە .بۆ هەڵگرتن و گواستنەوەی زانیاری پێویستە هەر سیستەمێک ئەم تایبەتمەندییانەی هەبن :١-پێویست بە سیستەمێک هەیە، لە ڕەگەزانێک پێک دێت، کە بە ڕێکەوت نین . هەریەک لەو ڕەگەزانەی سیستەمەکە لەگەڵ هیی تردا پەیوەستن، کە لە ئاستێکدایە پێشبینیی ئەوانی تر دەکات .٢-پەیوەندیی نێوان ئەو ڕەگەزانە نابێت بە تەواوی ئۆتۆماتیکی بێت . ئەگەر هەریەکێک لەو ڕەگەزانە یەکلایەنە ئەوەی دواتری خۆی پێشبینی بکات، ئەوا ناکرێت بەو سیستەمە هیچ جۆرە زانیارییەک بگوێزرێتەوە ))... دواتر و هەر لە درێژەی بابەتەکەدا لۆتمان باس لە زمانی ئاسایی دەکات کە لە زمانی ئاساییدا لایەنی دەربڕین

نەریتێکی ئۆتۆماتیکی هەیە، بەڵام ناوەڕۆکەکەی ئۆتۆماتیکی نییە .لەبەر ئەوە میکانیزمی دەربڕینیان لە خۆیدا بایەخی نییە . سەبارەت بە بایەخداریی هەموو ئاستەکانی زمانی شیعر دەڵێت : ((لە شیعردا هەموو ئاستەکانی زمان بایەخدارن و ململانێی نێوان ئۆتۆماتی و نائۆتۆماتی لە نێوان هەموو ڕەگەزەکانی بونیادەکەدا هەیە . ڕیالییەتی دەقی هونەری هەمیشە (بەلای کەمەوە) دوو مەودای هەن و کاری هونەری لە هەموو ئاستێکی بونیادیدا دەکرێت بە دووجۆر وەسف بکرێت –وەک سیستەمێکی بەدیهێنەری هەندێک یاسا و ڕێسا و وەک سیستەمێکیش کە لێیان لابدات .هەروەها ناتوانین "پلۆت" ی دەقەکە بکەینە دوومانی بە تەنیا ئەم یان ئەو لایەنیان بە جیا .تەنیا شت پەیوەندیی نێوانیانە، ئەو گرژی و تێکچڕژانە بونیادییەی یەکگرتنی نەریتە نەگونجاوەکانە، کە کاری هونەری دێنێتە کایە )).(لۆتمان٢٠١٩: ٨٩).

ئەدەبناسی ڕووس و دامەزرێنەری میتۆدی بونیادگەری کراوە و تەواوکارانە، باس لەوە دەکات کە زمانی ئاسایی سەرچاوەیە بۆ زمانی هونەری و شیعر، بەڵام کاتێک دەبێتە شیعر ئیتر پەیوەندیی نێوان دانە و یەکە زمانییەکان دەگۆڕێن و دەڵێت : ((لە شیعردا (هاو)پەیوەندی شتێکی ترە، ئەو بونیادە شیعرییەی دووەم، کە بەسەر زمانەوەیە، پەیوەندییەکی ئاڵۆز و پێکداچووی زیاتر دەئافرێنێت : وەک ڕاستییەک، زمانی شیعرییش وەک هەموو دەقێکی تر لە زمانی ئاخاوتنەوە وەرگیراوە . ئەمە سیستەم نییە، بەڵکو هێنانەکایەی بەشێکی سیستەمەکەیە . بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا وەک وێنەیەکی جیهان – سیستەمێکی تەواو و سەربەخۆیە، کە زمانێک دێنێتە کایە . لە دەقەکەدا پارادیگمی ناوەوەی دووەم بە تەواوی دێتە ئارا . ئەم میکانیزمە بنەڕەتییە لەو بونیادەدا، "پارالێل"، تەریبییە)) . (لۆتمان ٢٠١٩ : ٨٣) . لۆتمان (پارالێل) تەریبی بوون دەکاتە مەرجی بە شیعربوونی دەقێک و بە ئەرکی شاعیری دەزانێت لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری شیعرەکەیدا هەوڵی زیاتر ئافراندنی ئاستە جیا جیاکانی تەریبی هەبێت، وەک دەڵێت : ((ئەگەر بتەوێت دەقەکە وەک شیعر لێی بڕوانرێت، پێویستی بە ئاستی جیاجیای میکانیزمی پارالێلی هەیە و نووسەرەکە پێویستی بەوە هەیە کە هەوڵی زیادکردنی ئەم جۆرە ئاستانە بدات و هەروەها ئەم جۆرە هاوحاڵەتانە هەرچەندە لە گۆشەنیگای سیستێمەکەشەوە ناچاری نییە –ئەمە بە گوێرەی پرەنسیپی بونیادیی سیستەمی، ئەو پەڕی هەوڵدانە بۆ زیادکردنی ئەم هاوحاڵەتانە)) . (لۆتمان ٢٠١٩: ٨٤ ) . وەک گرتنە بەری هەنگاوی کردارییش بۆ جێ بە جێکردنی، دەڵێت: ((ئێمە دەتوانین جەوهەری بونیادی شیعری، ئامادەیی هەندێک پرینسیپی یاسا و ڕێسایی، کە لە بونیادی زمانی ئاساییدا نییە، دیاری بکەین . ئەمەش ئەوە دەرەخسێنێت کە بەشەکانی دەق چونیەک ڕابنێین، ئەوانەی کە پەیوەندییەکی دیاریکراویان لەگەڵ یەکدی هەن، دەتوانین نیشاندانی ئەو سیگمێنتانە وەک یەک یان چەندین پارادیگم سەرنج بدەین . لە نێوان ئەو سیگمینتانەدا پێویستە نەک هەر لێکچوون، بەڵکو لێکنەچوونیش هەبێت، بە شێوەیەک کە مرۆڤ وا نەیانبینێت وەک دووبارە کردنەوەی جۆراوجۆری

هەمان شت، بەڵکو وەک سیستێمی ڤێرژنەکان، که بەدەوری هەندێک جۆری چەسپاو و لەهەمان کاتیشدا لەیەکدی جیاوازدا کۆببێتەوە )).(لۆتمان ٢٠١٩ : ٨٧).

دوا ئاماژەمان سەبارەت بە ڕەوشی کار و شیکاریی ئەدەبی و دەق لای لۆتمان، ئەوەیە کە (( :لۆتمان لە لێکۆڵینەوەی بەرهەمی هونەریدا، هیچکات لە سنووری توێژینەوە فۆرمالیستییەکاندا نەمایەوە و لە هەوڵ و کۆششەکانیدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک لە پێناو تێگەیشتن لە ئاسۆی کاری هونەری، ڕووی کردە تیۆری پێشوازی یا وەرگرتن "Reception theory" و بەم پێیە، تێڕامانی سەرنجڕاکێشی لە بارەی ڕۆڵی خوێنەر لە تێگەیشتنی بۆ بەرهەمی ئەدەبی لە دوای خۆی بەجێهێشت . هەرلەم ئاستەدا، لۆتمان، تەنیا سەرنجی لەسەر مانای نێوتێکستی نەبوو، بەڵکو ئاسۆی چاوەڕوانییەکانی خوێنەر و بنەماکانی وەرگرتنی بە تێبینی وەردەگرت . باوەڕی وابوو، دەق بە سستێمە مانایە فراوانەکانی پەیوەندی لە دەرەوەی دەق دروستدەکات و بەو پێیە تێگەیشتنی بەوانەوە پەیوەستە )) .(جونقانی ١٣٩٧ :٣٠) . ئەمەش هەمان ئەو میتۆدەیە کە لۆتمانی پێ ناسراوە "بونیادگەریی کراوە و تەواوکارانە" و ئێمەش سوودمان لێ وەرگرتووە...

شێوازناسی، پاش تێپەڕاندنی گەشتێکی دوور و درێژ، ئەمڕۆ هێندە گرنگە، وەک توێژەرانێک دەڵێن :(( لە دونیای زانست و ئەدەبدا و لە زۆر شوێنی ئەم جیهانە بەرینە، لە ئەوروپاوە تا ئەفریقا، لە ئەمریکاوە تا یابان، گرنگی و بایەخی پێ دەدەن . ئەم کارە بووتە هۆی ئەوەی لە ئاستی جیهانی ڕێکخراو و گروپی جیاواز بۆ شێوازناسی پێکبهێنرێت، کە لە ئێستادا دیارترینی ئەوانە، کۆمەڵەی ئەدیب و زمانناسان (PALA) و کۆمەڵەی نێودەوڵەتی سیمۆلۆژی (IALS) ن، کە هەردووکیان نێودەوڵەتین و لەسەرانسەری جیهاندا ئەندامیان هەیە . بەناوبانگترین گۆڤارەکانی شێوازناسی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بۆ کایەی زمان و ئەدەب، گۆڤارەکانی سیۆلۆژیا و شێوازناسیی ئەدەبین)).( نورگارد+بوسە+مونتورو ١٣٩٤: ١٦).

لە کۆتایی ئەم پار و بەشەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە : لە چوارچێوەی ستایڵناسی نوێ یاخود هاوچەرخدا، چەمک گەلێک هەن (وەک هەندێکیانمان خستەڕوو) کە بنەڕەتین لە دیدی فۆرمالیستەکاندا و پێوەری نرخاندنی کاری هونەرین؛ لە گرنگترینی ئەو کۆنسێپتانە– (foregroundingپێشخان)، (parallelism–تەریبیی) ، deviation– (لادان)ن کە لە بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەدا، دەیان کەینە ئامرازی شیکاریی شیعری لیریکیی: (بێسارانی) و (سەییدی) و (کۆماسی) .

# بەشی سێیەم

## شیکاریی شێوازناسیی لیریکی بێسارانی، سەییدی و کۆماسی

بەشی سێیەمی نامەکەمان، تایبەتە بە توێژینەوەی لیریکی هەرسێ شاعیر بە سێ کۆنسێپتەکەی شیوازناسیی هاوچەرخ : (پێشخان، تەریبی و لادان )...

لەم بەشەدا و لەبەر ڕۆشنایی پێناسە و چەمکەکانی ئەم شێوازەدا بە گشتی و بە تایبەتی و دیاریکراویش هەرسێ کۆنسێپتی ئاماژە پێ دراودا، نموونەی شیعری لە لیریکی بێسارانی و سەییدی و کۆماسی دەهێنینەوە و بە پشت بەستن بە چەردەیەک سەرچاوەی زانستیی باوەڕپێکراو و هەمەلایەنە کە وردەکاریی میتۆدەکە ڕوون بکاتەوە و بە نموونەی شیعریی ئەو شاعیرانەی لێکۆڵینەوەکەیان بۆ تەرخان کراوە دەمانەوێ، هەڵوەستەیەکی زانستیی و ورد و جددی دەربارەی بابەتی نامەکەمان بە لێکدانی هەردوولایەنی سەرەکی : تیۆری و پراکتیکی، بەها هونەری -ئیستێتیکییەکانی بەرهەمی ئەم شاعیرانە ئاوەڵابکەین و ئاستی بەرزی لیریکیان بە نموونەی شیعریی گونجاو و هاتووەوە لەگەڵ پلانی توێژینەوەکەدا بخەینەڕوو و بایەخ و دەوریان لە شیعری دیالێکتی گۆرانی (هەورامی) دا دەستنیشان بکەین ...

# پاری یەکەم

## پێشخان (foregrounding) لە لیریکی بێسارانی و سەییدی و کۆماسیدا

### پێناسە و خستنەڕووی تیۆریی ڕەهەندێک ڕەهەندی جیاوازی ئەم چەمکە:

ئەم چەمکە وەک پێوەرێک بۆ جوانیی بەرهەمی هونەری، بێجگە لەوەی گشتگیرترینە و گەردوونییە، ئاسانیش نییە سنوور و جۆرەکانی بناسێنرێت . قاڵبێک نییە بۆ تایبەتمەندییەکی پێشوەختە و وێناکراو، چونکە ئەرکی دەرخستنی جوانییەکی نوێ و نۆبەرەیە . ئێمە لەم پارەدا، بە چەند پێناسەیەک تاوتوێی ئەم پرینسیپەی ستایڵناسیی نوێ دەکەین و هەوڵ دەدەین لای هەر شاعیرێک، لەبەر ڕۆشنایی ئەم چەمکەدا، شیکاریی بۆ ڕەهەندە ئیستێتیکییەکانی بەرهەمەکانیان بکەین، ئەویش بە وەرگرتنی چەند نموونەیەک لە شیعرەکانیان و خستنەڕووی ئەو جۆر و ئاستە پێشخانەی لەوێدا هەن، لەڕاستیدا ئەم کۆنسێپتە وەک گیان وایە بۆ جەستە و لە هەموو خانەیەکی شاکاری هونەریدا هەیە و ناشتوانین لە گۆشەیەکیدا قەتیسی بکەین.

دوو ئەدەبناس لە کتێبی "فەرهەنگی تیۆری و ڕەخنەی ئەدەبی"دا ، لە پێناسەی ئەم چەمکەدا دەڵێن : ((زاراوەی (برجستەسازی-foregrounding) لە زاراوەی (ئاکتوالیزاسیا-aktualisace) ی بنەوان

لاتینیی کۆن و له ئەدەبناسی و زمانناسیی قوتابخانەی ئەدەبی پراگ وەرگیراوە، ئەویش لەبەر کاریگەریی فۆرمالیستە ڕووسەکاندا بوو . زمانی ئەدەبی لای فۆرمالیستە ڕووسەکان بە سوودوەرگرتن لە تەکنیکەکانی "ئەدەبییەت–literariness" هەبوونی ئەو مەرج و بنەمایانەی کە دارشتنێک–دەقێک دەکاتە بەرهەمێکی ئەدەبی بەدیدەهێنێت . لە تایبەتمەندییە کرۆکییەکانی ئەدەبییەت : بەرجەستەکردن، دەرخستن، بەنامۆکردنی "سنعەت" (baring the device)ن کە دیدێکی نوێ و هەڵوەستەیەکی ناوازەی هێنانەکایەی نەریتە ناوەکییە –جەوهەرییەکانی ئەدەبییەتن . لە ئەدەبیاتدا پتر هاوواتای لادان لە نۆرم (deviation)یا خۆدوورگرتنە لە شێوەی باوی سوودبینین لە بنەما و نەریتە ئەدەبی و هونەرییەکان . نووسەری کارامە و ئافەرێنەری جوانیناسی، بەم کارەی خوێنەر بێدار دەکاتەوە و چێژی ئیستێتیکیی وەرگر–خوێنەر بەرزدەکاتەوە .میتافۆر(خواستن)ی نوێ و تاقانە، دەتوانێت یەکێک لە چەشنەکانی ئەم بەنامۆکردنەبێت . بەگشتی، دەتوانین بەنامۆکردن بدەینە پاڵ چەندین چەشنی هونەری و ئەدەبی و زمانی، کە سەرنجی خوێنەر لە "ناوەڕۆک"ەوە بەرەو "چۆنیەتیی وتنی ناوەڕۆک"ڕادەکێشێت . پۆشین–یش یەکێکی دیکەیە لەم تەکنیکانە)) . (سبزیان+کزازی ١٣٨٨ :٢٢٦).

سیما داد لە "فەرهەنگی زاراوە ئەدەبییەکان"دا، وشەی(آشنایی زدایی–Defamiliarization) هێناوە، بەڵام کاتێک لە ڕاڤەکردنەکەی ڕادەمێنین، پەی بەوە دەبەین مەبەستی لە هەمان(پێشخان–بەنامۆکردن–foregrounding) ە، چونکە خودی کارەکە، ئاشناکردن یان پێ ئاشناکردنەوەیە لە ڕێی نامۆکردنەوە، یان پێچەوانەکەشی، نامۆکردن لە پێناو پێ ئاشناکردنەوە، هیچ لە ئەرکە ئیستێتیکییەکەی ناگۆڕێت و ئێمە لێرەدا هەمان چەمکی بەنامۆکردن بەکاردەهێنین، لەم بارەیەوە دەڵێت : ((ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا لە توێژینەوە ڕەخنەییەکانی شێوازگەرا (ڕووس) کانەوە وەرگیراوەو یەکەمجار لە لایەن (شکلۆڤسکی _Sheklovsky) ەوە بەکارهێنراوە . بەپێی ئەم تیۆرییە، نامۆکردن، دەرئەنجامی پرۆسەیەکی تایبەتیی لە نموونەی، لادان لە نۆرمی زمانە . ئەوەی شکلۆڤسکی جەختی لێ دەکاتەوە : زمان لە حاڵەتی ئاساییدا، دەبێتە هۆی لەخۆبوونەوەی پەیپێردنەکانمان، واتە ڕیالیتییەک بە بەڵگە نەویست دەزانین کە پێشتر ئاشنابووین پێی، چونکە بەریەککەوتن یا وەرگرتنمان، لەگەڵ بەکارهێنانی ڕۆژانە و ئاساییەکەی زماندا یەکیانگرتووە . بەڵام هونەرمەند و شاعیر کاری ئەوەیە : لە ڕێی زمانەوە بە نامۆکردن و ئاشناکردنەوەمان، سەرنجمان بۆ هەمان ئەو پەیپێبردنانە ڕابکێشن . پێویستە ئەوە بخرێتەوە یاد کە شکلۆڤسکی هەقی بە پەیپێبردنەکانی ناوەڕۆکەوە نەبوو، بەڵکو تیشکۆی نامۆکردنی هونەرمەندانە و داهێنەرانەی دەکرد)) . (داد ١٣٩٠ :٤)

لە چۆنیەتیی کەوتنەوەی ئەم چەمکە، لەم ناوچەیەدا : ئەدەبناسە عەرەبەکان، زاراوەی (الإستغراب) یان بەکارهێناوە، کە هەمان بەنامۆکردنە، بەڵام فارسەکان (وەک لای سیما داد بینیمان)، زاراوەکانی (آشنایی زدایی) و (برجستەسازی–برجستگی زبانی) و هی دیکەشیان بەکار هێناون، وەک

(مهدی محبتی) دەڵێت : (( لە بەکارهێنانی ئەم چەمکەدا، ئەدەبناسانی ئێرانی جیاوازییان هەیە، هەندێکیان "foregrounding"یان بەکارهێناوە و وەریانگێڕاوە بە "برجستەسازی-برجستگی زبانی"و هەندێکی تریان "defamiliazation"یان بەکارهێناوەو بە "آشنایی زدایی" وەریانگێڕاوە . مەهدی لەبارەی ئەم دوو زاراوە وە دەڵێت : ((لە ڕاستیدا "آشنایی زدایی" لەگەڵ "برجستەسازی" دا هیچ جیاوازییەکی بنەڕەتییان نییە . دەتوانین هەردووکیان بە دەرهاویشتە و ئاماژە بەو تەکنیکە هونەرییە تایبەتەی زمان بزانین کە هونەرمەند لە ڕێیانەوە نەریت و نۆرمی باو و خووپێوەگرتووی زەین تێکدەشکێنێت و چەشنێک لادانی زمانی دەگرێتە بەر)) . (محبتی ١٣٨٦ :١٦٢)، ئەنوەر قادر محەمەد، بنەڕەت و ڕەهەندەکانی بەکارهێنانی زمانیی ئەم چەمکەی ڕوونکردووەتەوە و زاراوەی "پێشخان"ی بۆ داناوە و لەو بارەیەوە دەڵێت : ((...بەکارهێنانی زمانە بە شێوەیەکی تەعبیری و ناسکبێژی وەها کە وەک نائاسایی وەردەگیرێ . ئەرکی (making strange) بەجێ دەگەیەنێ، کە هەڵوەشاندنەوەی ئۆتۆماتیزمە . ئاکتوالیزاسیا ژیاندنەوەی : ڕووی ناوەوەی وشە و میتافۆری تاقانە و دەگمەن و هێنانەکایەی حاڵەتی میتافۆرییە، هیی ڕەگەزی جیاوازی ئیرۆنی (گاڵتەجاڕی)، هەروەها یاریکردنە بە وشە ...بۆچوونی وێنەیی (بە وێنە نیشان دراوە) کە تیایدا لە باتیی نیشانەی لێکچوون، شتێکی هاوشێوە پێشکەش دەکرێ، کە تایبەتمەندیی مەتەڵی میللی (فۆلکلۆری) و شیعری لیریکییە . زاراوەی ئاکتوالیزاسیا لەلایەن (OPOYAZ) کۆمەڵەی توێژینەوەی زمانی شیعریی لینینگراد و مۆسکۆ و ئەڵقەی زمانەوانیی پراگەوە داهێنراوە . "ئاکتوالیزاسیا، بەرانبەرێکی هەیە -ئافتۆماتیزاسیا"یە . توێژەرانی دواتر زیاتر باس لە "لادانی بە بنەما" لە شێوەی زمانی ئەدەبی و بونیادنانەوەی ڕەگەزەکانی لە تێکستی هونەریدا -دەکەن . هەروەها زاراوەی بەنامۆکردن، لە زمانی ڕووسیدا لە وشەی(CTPAHHO) ە و "نامۆ" وە هاتووە، چەمک و شێوازێکی هونەرییە، کە یەکەم جار فۆرمالیستی ڕووس ڤیکتۆر شکلۆڤسکی، لە "زیندووکردنەوەی وشە " (١٩١٤) دا بەکاری هێناوە و هەروەها وەک زاراوەیەکیش لە "هونەر وەک شێواز" (١٩١٧) دا پێناسە و دیاریی کردووە)) .(محەمەد ٢٠١٨ :٥٥٢).

نامۆکردن، تەکنیکێکە دەبێتە هۆی ئەوەی کۆن و خووپێوەگرتوویەک، جارێکی تر نوێ بنوێنێت. ئامانجی ئەم کارە گیان بە بەردا هێنانەوەی شت و کلێشەیە و لە ئەنجامدا هۆکارێکە تا ئەو شت و کلێشەیە، لەبری ناسین، لەبەرچاودا نامۆ و دواجار بەرجەستەببێت . نامۆکردن لەبەرامبەر خووپێوەگرتنیش بەکاردەبرێت و دەوترێت، دەبێتە مایەی زیندووکردنەوەی وشە.

دەربارەی پەیوەندیی بەنامۆکردن لەگەڵ میتۆدی شێوازناسیدا، دەوترێت : ((لە تیۆری شێوازناسیدا کۆنسێپتی بەنامۆکردن پێویستە، چونکە پرسی بنەڕەتیی شێوازناسی بریتییە لەوەی : دەق چۆن مانا دەدات . بەنامۆکردن، وەک کاری زەمینەخۆشکردن و پێشخانی زمانی، لەگەڵ هەموو ئاستەکانی زماندا لە پەیوەندیدایە، پێشەکی و پێشخانێک کە بە چەشنێک ئامادەیی لە پاشخانی دەقدا

هەیە کە لە بەرامبەر پێوەرە چنراوەکانی نموونەی چەشنی ئەدەبی، بەرجەستەتر و دەرکەوتووتر دەنوێنن . بەنامۆکردن چەمکێکی ڕێژەییە، چونکە تەنیا کاتێک دەتوانرێت بیپێوین کە لادان و ڕێککەوتنگەلێک هەبن و مایەی ناسینەوەبن و ئەم بابەتانەش بە تایبەتمەندیی تەونێکی ئاڵۆزەوە پەیوەستبن . لادان و تەریبی لە نموونەکانی بەنامۆکردنن)) . (نورگارد بوسە مونتۆر ١٣٩٤ :٩٩).

لە کتێبی "النظرية و النص"دا لەسەر زاری بێرگسۆن (Henri Bergson–١٨٥٩)، دەڵێت : ((وشە لە ژینگەیەکی نەگۆڕدا، وشەیەکی زبر کە چەسپاوی یان هاوبەشیی لەخۆیدا هەڵگرتووە، یا لە نێو ئینتیباعی مرۆڤەکاندا، ئینتیباعی ناخودی لەخۆگرتووە؛ ئینتیباعی باریک و ڕاگوزەر لە هۆشیاریی خودیماندا دەشێلێ یا بەلایەنی کەمەوە دەشارێتەوە ...یەک ئاراستەیی زمان، کە بەرهەمی حاڵەتێکی نالێکچووە لە هەمان ئاستدا، بە هونەر بە تایبەتی ئەدەب هەڵدەکەنرێت )) . (مجموعة مؤلفين ٢٠١٧ :٦٦).ئەم تێڕوانینەی بێرگسۆن، خۆی لە ئایدیاکانی شێوازناسە ڕووسەکاندا دەبینێتەوە و هەر لەو نووسینەیدا و بۆ پشتیوانیی ئایدیا فەلسەفییەکانی خۆی، وەک بەڵگە ئاماژە بە تیۆریزەکارانی شێوازناسی و، بەتایبەتی ئەو وتارەی شکلۆڤسکی دەدات، سەبارەت بە هونەر کە دەڵێت : ((ئەوەتا ئێمە بۆ ئەوەی هەستیاریی ژیان نیشانبدەین، بۆ ئەوەی هەست بە ژیان بکەین، بۆ ئەوەی بیسەلمێنین، بەرد بەردە، شتێک هەیە پێی دەڵێین هونەر . هەست دەدات بە شتەکان، وەک دیدێک نەک گێڕانەوەی زانیاری . هەر بۆیە کاری هونەری، کاری بە خودیکردنی شتەکانە، ئەو کارەیە کە پێویستی بە گشتاندنی شێوە و ئاڵۆزکردنی بەڵگە و پێدانی وێناکردنی لە ماوەیەکی دوور و درێژدا هەیە . وێناکراو لە هونەردا، خۆی لەخۆیدا ئامانج و مەبەستە و پێویستە بەردەوامی پێ بدرێت، هونەر ئامرازێکە بۆ تاقیکردنەوەی ئەوەی بەسەر شتدا دێت، بەڵام ئەوەی لە ڕابردوودا چیبووە، بۆ هونەر گرنگ نییە)) . (مجموعة مؤلفين ٢٠١٧ :٦٦).

سیروس شمیساش لە ڕاڤەی ئەم چەمکەدا، لە کتێبی "نقد ادبی" دا، دەڵێت : ((ڤیکتۆر شکلۆڤسکی، ساڵی ١٩١٧ز وتارێکی زۆر گرنگی بە ناونیشانی (Art as device) بڵاوکردەوە . ئەم وتارە هێندە گرنگ بوو هەندێک بە مانیفێستی فۆرمالیزم ناوزەدی دەکەن . شکلۆڤسکی لەم وتارەدا پێی وایە، کاری بنەڕەتیی هونەر بەدیهێنانی ڕوشاندن و گۆڕانکاریی شێوازە لە واقیعدا . (Deformation of reality) ئەو چەمکەی ئەو بۆ ئەو بوارە بەکاریهێنا، بە ڕووسی بریتییە لە(Ostrannenja) ، کە بە سەرنجدانی لە ڕیشەی زمانی ئینگلیزیدا بە (Making strange) بە نامۆکردن وەرگێڕدراوە . شکلۆڤسکی پێی وایە :ئامانجی زمانی ئەدەبی ئەوەیە کە پەیپێبردنی خووگرتوانە و هەستی لەو چەشنەمان، بە سوودوەرگرتن لە شێوەگەلی نامۆ و ناسروشتی تێکشکێنێت و هەر لەم سۆنگەوە (form) شێوە بەرجەستە دەرخات . ئەمڕۆ زۆر مەسەلە بە هۆی زۆر بەکارهێنانەوە بۆمان ئاسایی بووەتەوە و دەرئەنجام کاریگەریی خۆی لەدەستداوە، بەڵام بە بەنامۆکردنیان دەتوانین دووبارە سوودیان لێ ببینینەوە . شکلۆڤسکی لەو بارەیەوە نموونە دەهێنێتەوە و دەڵێت :کەسانێک لە کەنار دەریادا دەژین، دەنگی دەریا نابیستن، بەڵام

بۆ کەسانی تازە هاتوو ڕوونە . مەبەستی ئەوەیە، زۆر ڕەگەزی ئەدەبی کۆن، چ بابەتی جوانکاری، عەرووزیی، ڕوونبێژی و هی تریش، ئەمڕۆ بۆ ئێمە ئاسایی بووەتەوە )) . (شمیسا ١٣٨٣ :١٥٩).

تیری ئیگلتون، بەکۆمەڵێ پرسیارەوە لەسەر کرۆکی پرەنسیپی پێشخان، لە دووی ئەوەیە بزانێ کوێی کارەکە بەنامۆ دەکرێت، دواجار لەگەڵ دەرئەنجامدا مامەڵە دەکات، کە خولقاندنی جوانییە، دەڵێت : ((...لەگەڵ ئەوەشدا، هەمیشە ڕوون نییە فۆرمالیستەکان چی بەنامۆدەکەن . ئایا خودی وشەکە (یان ئاماژەکە)یە، یان بیرە (ئاماژەپێدراوەکە)یە، یان شت و سەرچاوەکەیە کە وشەکە ئاماژەی بۆ دەکات ؟ بە هەستی تەڕ و پاراومان کە چۆنیەتیی دەربڕینەکە دەماندا‌تێ لە چامەکە دوورکەوینەوە، یان بەو مانایەی چەمکەکە پێمان دەبەخشێ، یاخود بە بونیادی کارەکە ؟ بەهەرحاڵ، بیرە گشتییەکە ڕوونە : شیعر جۆرێکە لە نەشازکردنی داهێنەرانە، پەتایەکی زمانیی وزەبەخشە ...)) . (إیغلتون ٢٠١٨ : ٩٤). دواتر دەڵێت : ((شێوازگەرایی شیعرییەتی کۆمەڵە کە نامۆدەکرێت، ئەوەی ئەم دوالیزمییە دەوروژێنێ، وەڵامدانەوەیەتی بۆ ئەم حاڵەتە، خۆهەڵقورتاندن لە دوورخستنەوەی بەنامۆکردن . زمانمان و ئەزموونی ئۆتۆماتیکیمان بەنامۆدەکات تا بتوانین سەرلەنوێ بژیینەوە و هەستیان پێ بکەین، ئەوانە دوو شتی نێگەتیڤن و دوو شتی پۆزەتیڤ دەخولقێنن)). (إیغلتون ٢٠١٨ : ٩٤).

لێرەدا دەبێت جەخت لەوە بکەینەوە کە :پێشخان، یا بەنامۆکردن، بەرهەمی لادانە لە زمانی پێودانگ، بەگشتی لەئاست و سنوورێکدا ئاوێتەیی و تێکەڵبوونێک لە نێوان کۆنسێپتەکاندا هەیە، بەڵام ئەوەش هەقیقەتە کە ئەم کۆنسێپتەی ئێستامان، لە دەرئەنجامی لاداندا هاتووەتە کایە . ئەدەبناسی ئێرانی، فتوحی لەم بارەیەوە دەڵێت : ((کار و ڕێچکەی کاری پەیپێبردن لە گوتاری ڕۆژانە و ئاساییدا بەشێوەی فەرمی و ئۆتۆماتیکی دەکەوێتە سەرپێ و لە پرۆسەی گفتوگۆی ئاسایی یا خوێندنەوەی ڕۆژنامەدا، هەڵوێستە و درەنگ کەوتن بەدینایەت، بەڵام دەربڕینی ئەدەبی، بە دەستکاریکردنی سستێمی ئاسایی زمان، لەسەرەخۆییەک دێنێتە دی و کاری خوێندنەوەی ئاسایی و فەرمی تووشی کێشە یا لادان دەکات.دەربڕینی ئەدەبی لەم ڕووە وە نۆرم و نەریت شکێن، بەنامۆکەر، درەنگ دەخولقێ و لێشی تێدەگەیت .هۆکارە گەورەکانی خاوبوونەوەی پرۆسەی لێ تێگەیشتن لە بەرهەمی ئەدەبی، بریتییە لە بەرجەستەبوونی هارمۆنی و کەرەسە پێکەوە گونجاوەکان (وەک کێش، سەروا، سەروادار، ڕەگەزدۆزی، گەمەی دەربڕین)، پێکهاتە و تەکنشینییە نائاساییەکان (لێکچواندن، دژیەکبوون ) ئاڵوگۆڕکردن و جێگرتنەوەی وێنەی زمانی، (خوازە، خواستن) کە دەبنە هۆی لادان لە نۆرمی ئاماژەیی و واتایی .ئەم هۆکارانە سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن و دەبنە هۆی ئەوەی درەنگ لە پەیامەکە بگات .بە واتایەکی دیکە ، دەربڕینی ئەدەبی بە پشتبەستن بە تەکنیک و پێکهاتە بونیادییەکانی خۆی، خۆی نامۆ و بەرجەستەدەکات و سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت . هەر ئەم بەنامۆکردنە سەردەکێشێت

بۆ تایبەتمەندیی شێواز و دەبێتە هۆی تایبەتمەندیی ستایڵی کەسێک لەبەرامبەر زمانی ئاسایی دەربڕیندا.(فتوحی ۱۳۹۰ :۷٤).

بەگشتی پێناسەی فۆرمالیستەکان، لەسەر بنەمای جیاوازیکردن لە نێوان زمانی شاعیرانە و زمانی ئاسایی بونیادنراوە، فۆرمالیستە ڕووسەکان لە دوی ئەوەبوون تا بە ئامرازی وردی زانستی، شێوە تایبەتییەکانی ئەدەب و تایبەتمەندییە ئەدەبییەکانی دەق دیاری و جیابکەنەوە . فۆرمالیستەکان باوەڕیان وا بوو : پێویستە بونیادی دەق لە چۆنیەتیی بەرهەمی ئەدەبی بکۆڵێتەوە نەک چییەتی، چونکە ناوەڕۆکی ئەدەبی سنووردرابوونی نییە، هەربۆیە پێشەنگانی فۆرمالیزم زۆر جەختیان لە کەرەسەکانی زمانی ئەدەبیات دەکردەوە و خاڵی وەرچەرخان و دەستپێکیشیان تیشکۆکردنی زمانی لادراو لە نۆرم بوو.هەروەک ئیگلتون دەڵێت : ((بەپێی تیۆریی لادان، ئەدەبییەت لە پێودانگی لادانی بەکارهێنانی زمان لە زمانی نۆرماڵ و دەرئەنجام لە بڕی بەنامۆکردن لای خوێنەردا خۆی حەشارداوە . بەپێی ئەم بەکارهێنانە، زمانی ئەدەبی جیاوازە، چونکە ئەم بەکارهێنانە، دیدی ئاساییانەی ڕۆژانەمان، نائاشناو دەشێوێنێت و دەرئەنجام پەیپێبردنێکی نوێ یا جێگرەوە دەدات بە دەستەوە )) . (إیغلتون ۲۰۱۸ :۹٤).

سیروس شمیساش، لە پەیوەندیی نێوان پێشخان و لاداندا، دەڵێت : ((هەر جۆرە دەسکاری و لادانێکی ڕێزمانی یا گۆڕانکاری لە پەیوەندیی ئاسۆیی وشەکاندا دەگرێتەوە)) . (شمیسا ۱۳۸۳ :۱۵۹-۱٦۱).

ئەحمەد موحەمەد وەیس، زۆر ڕوونتر، لەوبارەوە دەڵێت : ((سەبارەت بە بەنامۆکردن، بەرهەمی کاری لادانە لە نۆرم )) . (ویس ۲۰۰۵ :٦٤).

سەبارت بە چەشن و جۆرەکانی پێشخان، چەند دید و ڕایەک هەن، بەکورتی ئاماژە بە هەندێکی دەدەین:

سیماداد لە فەرهەنگە ئەدەبییەکەیدا، بەم شێوازە ئەم جۆرانەی بەنامۆکردنی دیاریکردووە:

((۱-بەنامۆکردنی لێکسیکی : (Lexical foregrounding)کاتێک دەبێت کە زاراوەیەک بە پێچەوانەی چاوەڕوانی خوێنەر یاخود گوێگرەوە لەجوغزی پەسەندکراوی زمانێکدا، بەکارببرێت . کاریگەریی نامۆکردن لە دەقدا، لەو سۆنگەوە سەرچاوە دەگرێت، تێکستەکە پێشتر نیشان نەدراوە و بەم پێیە، خوێنەر دەبێت خۆی دەقێک بەدیبهێنێت کە لە توانایدا هەبێت ئاماژە زاراوەییەکان مانادار بکات.

۲-بەنامۆکردنی سینتاکسی : (Syntactic foregrounding)ئەمجۆرە بەنامۆکردنە زادەی لادانە لە ڕێسا و یاسا باوەکانی سینتاکسی زمان.

٣-بەنامۆکردنی کاردانەوەی گوتارێک: (foregrounding and Speech Act) کاتێک بەدیدێت، کاردانەوەی گوتارێک لە هەلومەرجێکی نەگونجاو بەو کاردانەوەی تایبەت بە گوتارەکە ڕوودەدات.

٤-بەنامۆکردن لە جوغزی ڕیالیزمدا: (foregrounding and Realism) ئەمجۆرەیان کاتێک لە بەرهەمی ڕیالیزمدا ڕوودەدات، لە تێکستەکەدا ئاماژە بە فاکتەر و ڕەگەزگەلێک بکرێن کە لە ڕووی کلتوری باوە وە لەگەڵ چاوەڕوانیی خوێنەر یاخود بیسەردا نەیەنەوە )) . (داد ١٣٩٠ :٤-٥).

بێگومان چۆنیەتیی دابەشکردنی دیکەش هەن، بەگشتی هاوبەشییان زۆرە، بەڵام جیاوازیشیان هەیە . مەهدی موحیبەتی لەو بارەیەوە دەڵێت :((ئەگەر بەنامۆکردن جۆرێک بێت لە گیان پێ بەخشینەوە و زیندووکردنەوەی وشە مردوو و باوەکانی نێو زمان، پێ ئاشناکردنەوەش چەشنێکە لە زیندووکردنەوەی نەریتە باوەکانی زەین و زمان . شێوە و چەشنەکانی خوڵقاندنی بەنامۆکردن زۆرن، چ لە بەکارهێنانی زاراوەکان، یا ڕستە، یاخود لە خوڵقاندنی چەندین جۆری وێنە و ناوەڕۆک و مانای چاوەڕواننەکراو .بە شێوەیەکی گشتی، هەر داڕشتن و چنینێک پێوەرە بنەڕەتییەکانی زمان ڕەچاوبکات و ڕستەکەی لە ڕووی ڕێسای گشتییەوە دروست بێت و لە هەمان کاتدا بەشەکان و پێکهاتە و ماناکان، وێنەیەکی نوێ بخوڵقێنن، ئەوا تەکنیکی پێشخان سەریهەڵداوە . بێگومان کاری بەنامۆکردن ڕێژەییە و بە پێی سات و شوێنەکان، فرچەشن و جیاوازە . چەندین بەکارهێنانی زمانی لە شوێن و بۆ سەردەمێک نامۆ و لادانە لە نۆرم، بەڵام بۆ سات و شوێنێکی دیکە ئاساییە، بەڵام لەهەمان کاتدا هەندێک لە تەکنیکەکانی بەنامۆکردن پەیوەست نین بە کات و زەمینەی وێنە و ماناوە و هەمیشە نوێن . (محبتی ١٣٨٦ :١٦٢).

هەروەها لە "فرهنگ سبک شناسی" دا، دانەرانی ئاماژەیەکی کورتیان بە جۆرەکانی بە نامۆکردن داوە و دەڵێن : ((پێوان و وەسپکردنی بەنامۆکردن، پەیوەندیی بە فرەچەشنییەکانی لادان، ڕیزبەندیی لادانی زمانی و مێژوویی و چۆنیەتیی چنین و تا لادانی ئاماری کە بەڵگە و ناسێنەری ڕەفتاری بەنامۆکردنێکی تایبەتی بابەتێک یان سیفەتی تایبەتی زەمینەیەکی توێژینەوەیە، هەیە . لێرەدا ڕەوانبێژییش بەهەمان شێوە ڕۆڵی هەیە، چونکە دەکرێت زمانی ڕەوانبێژی بە زنجیرەیەک لادان لە زمانی پێودانگ بزانین، هەروەک چۆن لە پۆیەتیکای ئەرەستۆدا ئاماژەی پێ دراوە)) . (نورگارد بوسە مونتۆر ١٣٩٤ : ١٠٠).

لای ئەدەبناسانی عەرەب و فارسیش، زۆرجار ئەو ئاراستەیە لە توێژینەوە هەیە کە ستایڵناسیی هاوچەرخ و پرەنسیپەکانی، لەوانەش، پرەنسیپی پێشخان و بەنامۆکردن، ڕەگ و ڕیشەی لە کلتوری ڕەخنەی ئەدەبی ئەم ناوچەیەدا هەیە و، وەک سیروس شمیسا لە کتێبی "بیان"دا، وێڕای ئەوەی پێشخان دەگێڕێتەوە بۆ فۆرمالیستەکان و پێناسیەکی کورتی دەکات، پێی وایە لە کلتوری ڕەوانبێژیی ئەم ناوچەیەدا بنەڕەتێکی هەیە و دەڵێت : ((پێشخان، کەفۆرمالیستە ڕووسەکان خستیانەڕوو، هەر چەشنە

بەرجەستەکردن و بەنامۆکردنێکی زمان لەخۆدەگرێت . لە زمانی فارسیدا پتر بەشێوەی "استعارەء تبعیە" دەرکەوتووە . ئەگەر خواستن لە کرداردا، چاوەڕواننەکراو و جوانکار و نوێ بێت، بەچەشنێک کە سەرنجڕاکێشبێت و یان هەواڵی (Information) ناباو لەخۆبگرێت، ئەوا پێشخانی پێ دەڵێن .(شمیسا ١٣٩٤ :١٩٨) . هەروەک پێشتر باسمانکردووە، ئەگەر ئەو ڕەگ و ڕیشەیە بە هەمان مەبەستیش بووبێت، بەداخەوە نەیتوانیووە وەک تیۆریایەکی جوانیناسی بکەوێتە سەرپێ . بەڵام لە جوغزی فۆرمالیزم و ستایڵناسیی هاوچەرخدا، وەک ئەنوەر قادر دەڵێت : (( "بەنامۆکردن " لەلایەن قوتابخانەی فۆرمالیستییەوە وەک یاسایەکی گەردوونی و گشتی هونەر تاوتوێ کراوە، کە لە هەموو ئاستەکانی بونیادی هونەریدا دەرکەوتووە ....)) . (موحەمەد ٢٠١٨ :٥٥٣).

لەوەش زیاتر، ئامانجی داهێنەری ئەم چەمکەیە، کە هەمان ئەدەبناسی پێشوو لەبارەیەوە دەڵێت: ((شکلۆڤسکی بە هۆی "بەنامۆکردنەوە " پێناسەی کاریگەریی ڕووشاندنی "ئافتۆماتیزم"ی کردووە، ئەویش بەهۆی ڕێگایەکی نوێ و دیدی نامۆوە لە شت و دیاردەکان و بە مەبەستی "هەستکردن بە شت وەک ڕوانگە، نەک وەک زانین یان زانراو ")) . (موحەمەد ٢٠١٨ :٥٥٣).

یان وەکو دەڵێن : ((بەنامۆکردن مانای (بالقوة)ی دەق بەهێز دەکات . لەهەمان کاتدا، دەتوانرێت ئەم مانا (بالقوة) یە بەکارببرێت، چونکە بەنامۆکردن لە پێناو خستنەگەڕی ڕاشکاوانەی خوێنەر بەدیدێت و ئامانجیەتی "کاریگەرییەکی شاعیرانە" کە ببێتە مایەی ئافراندنی ئاستی بەرزیئیستێتیکی و گەشەی خوێنەر، بەدیبهێنێت . بەم شێوەیە دەتوانرێت بەنامۆکردن وەک کاتیگۆریایەکی شیکاری بۆ نرخاندنی دەقی ئەدەبی بخرێتە ڕوو . کاتێک بەنامۆکردن دەبێتە تایبەتمەندیی دەقێک، ئیتر پەیبردن بەو دەقە هەڵوێستە و کاتی زیاتری دەوێت و کاردانەوە و کارلێکردنەکانی خوێنەریش زیاتردەبن . ئەم کارە چێژی جوانیناسی بەهێزتر دەکات و پەیپێبردنی خوێنەریش بە دەق زیاتر دەکات . (نورگارد+ بوسە +مونتۆر ١٣٩٤ :٩٩-١٠٠).

ئەوەی تا هەنووکە ئاماژەمان پێ داوە، زەمینە تیۆرییەکەی پێشخان بوو، بەڵام وەک پێشتریش هاتە بەرباس و ئێستاش ڕوونتر، دەڵێین : سروشتی ئەم کۆنسێپتە، زیاتر لە دووانەکەی دیکە، سیما و جۆر و تایبەتمەندییەکانی لە زەمینەی پراکتیکی شیکاریی دەقەکاندا دەردەکەوێت . بەڵام بەر لەوەی هەنگاوی دەسپێکی ئەو کارە بنێین، بە پێویستی دەزانین تێبینییەکی گشتی لەسەر کۆنسێپتەکانی میتۆدەکەمان، پەیوەست بە لیریکی سێ شاعیرەکانمان، کە کەرەسەی توێژینەوەکەمانن، بخەینەڕوو : لە هەرسێ کۆنسێپتی "پێشخان "، "تەریبی"، "لادان " ی شێوازناسیدا و بە گشتی لە دیدی شێوازناسیدا بۆ دەق و کاری هونەری، کە لەسەر بنەمای زمانی لادراو لە نۆرم بونیادنراوە، جەخت لەسەر (خودیی بوون)، (داهێنان لە هەناوی زمانی ئاسایی )، خوڵقاندنی نوێ لە زۆر ڕەهەند و کایەی کەرەسەی ئەدەبیدا لە ئەنجامی سەرڕێژبوونی هەست و سۆز و گەیشتنە لوتکەی بیر و ئەزموونی کەسی و زۆر

تایبەتمەندیی دیکە، دەکاتەوە؛ بێگومان لیریک و بە مەزەندەمان لیریکی هەورامی، باشترین زەمینەی بە پیتە بۆ ئەزموونکردنی ئەم پرەنسیپ و کۆنسێپتانە.

## ١-چەمکی پێشخان (foregrounding) لە لیریکی بێسارانیدا:

دەسپێکی شیکاریی دەقە شیعرییەکان لە جوغزی چەمکی پێشخاندا، یاخود چۆنیەتیی کەوتنەوەی پرەنسیپی بەنامۆکردن لە شیکاریی تێکستەکاندا، بە هۆنراوەکانی بێسارانی دەست پێ دەکەین:

یەکەم چەردە لە شیعرەکانی، ئەوانەمان بە نموونە هێناون کە لەنامۆکردنیدا تیشکۆی لەسەر "پایز"ە . لەبارەی باو و مۆدێلبوونی لە ترادسیۆنی ئەدەبی ئەم ناوچەیە و چۆنییەتیی کەوتنەوەی هونەرییانەی ئەم چەمک و دیمەنە سروشتییە بەرچاوە لای بێسارانی، وەک ئەنوەر قادر محەمەد لە توێژینەوەیەکیدا بە ناوی "مۆتیڤی پایز لە شیعرەکانی بێسارانیدا" دەڵێت : (((خەزان) چ لە فۆلکلۆر و چ لە ئەدەبی کلاسیک و تەقلیدیدا (ئارکیتیپێک)ی بەهێزە و لە یاد و ناهۆشیاریی خەڵکدا ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی هەیە و دەتوانێ کار لە خوێنەر و گوێگر بکات و مەبەستی هونەریی شاعیر بگەیەنێ ...خامەی بێسارانی، لەم مۆتیڤە چ دنیایەکی شیعریی ڕەنگن و خەملاوی بۆ نەخشاندووین )) . (محەمەد ٢٠٠٧ :١٠).ئەم چەمکە "پایز"، لای بێسارانی زۆر بەرچاوە و یەکێکە لەو مۆتیڤانەی، بێسارانی لێوەی، لە پێناو بەرجەستەکردنی حاڵ و پەیوەندی نێوان خۆی و یار، بەنامۆی دەکات . توێژەری پێشوو، لەو بەدواداچوونەیدا، پەیوەست بە مۆتیڤ، لە چوار ڕەهەندەوە یاخود بە چوار پێوەر، شیکاریی کردووە بۆ شیعرەکانی پایزی بێسارانی، کە ئەگەر گشتگیرتر و لە ئاستێکی بەرزتر لێی بڕوانین، پەردەلادانە لەسەر پرەنسیپی پێشخان...سەرەتا بەم نموونە شیعرییەی شاعیر لە بەر ڕۆشنایی چەمکی "پێشخان"دا دەست بە شیکاری دەکەین.

بێسارانی لە هۆنراوەی "ئارۆ خەزانێ زەرد بامم وینا"دا دەڵێت:

١-ئارۆ خەزانێ زەردبامم وینا***کەفتەبی نە لێو تاف گوڵ مینا

٢-عەکسش دیاربێ نە گۆلاو تاف***چمان من مەدیام نە ڕووی جام ساف

٣-شیان هۆرم گێرت دیام پێشەدا***چمان چەمم دا بە سەد نێشەدا.

(بێسارانی١٣٩٦ :٩٧).

شاعیر لە بری ئەوەی تەقلیدییانە باسی خۆی بکات، خستنەڕووی دیمەنی گەڵایەکی خەزان دەکاتە بنەمای دەربڕینی حاڵەتی دەروونی و "خەزان " کە دیمەنێکی ئاسایی وەرزی پایزە و بیر و

چاوی ئێمە پێی ڕاهاتووە و بووەتە باو و ئۆتۆماتیکی و تەنانەت لەبیرکراو، دەیکاتە پێشخان و بەنامۆکردنی، بەرجەستەی دەکات، ئەمەش هەمان لادانی بە بنەمایە، بەواتایەکی تر "ئاکتوالیزاسیا"یە.

ئەم خەزانە کەوتبووە "لێو"ی جۆگەی ئاوێک، هێندەی شووشە ڕوون بوو. هێنانی لێو لەوێدا( میتافۆر)ە بۆ قەراخ ئاوی جۆگەکە، بەڵام هۆشیارکردنەوەی بیسەر و خوێنەرە بەو دیمەنە لە ڕێی بەنامۆکردنی وێنەوە . وێنەکەی، گەڵا وەریوەکە خۆی نا، وێنەی ئەو گەڵایەی ئاوە ڕوونەکە عەکسی کردبوویەوە، لێمەوە دیاربوو ...دیمەنی خوڵقاوی گەڵایەکی نێو زەینی داهێنەری شاعیرە . لەنیوەی دووەمی بەیتی دووەمدا دەڵێت : هەروەک ئەوەی سەیری ئاوێنەیەکی ڕوون بکەم، واتە هێندە ڕوون بوو، بەتەواوی خۆمم لێ دیاربوو کە چەندە وەک ئەو ڕەنگ زەردم . چووم "شیان"هەڵمگرت و لێم ڕوانی، هەروەک چاوی بەم، بەسەدجۆر گەستم . ئەم دێڕەی کۆتایی، وەک تایبەتمەندی هەر شاکارێکی هونەری، فرە چەشن و ئاستی لێکدانەوە لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ، یەکێک لەوانە : تا ئەو ساتەی خەزانەکە لە وێنەی خەیاڵی شاعیردایە و خوڵقاوی ئەو گەڵایە کە لە دوورەوە دەیبینێ، ئەوا ئاوێنەی نیشاندانی ڕەنگی زەرد و حاڵی پەشێوی شاعیرە، بەڵام ئەو ساتەی "شیان"واتە هەنگاوی کرداری و واقیعی دەنێت بۆ لەدەستگرتنی گەڵاکە، بێسارانی خۆی، چاوی جیهانی خەیاڵی دەدات و دەیپچڕێنێ و گەزینی ماددی گەڵاکە و بە چاوەبوونی خۆی، لەو جیهانی خەیاڵی پڕچێژە ڕایدەچڵەکێنێت . ئەمە پرۆسەی مانای نوێ دانە "نیۆلۆگیزم"ە بە وشە لە ڕێی بەنامۆکردنی بیرەوە.

بۆ ئەوەی زیاتر پەی بە جوانی ئەم دەربڕینە و زۆرێکی دیکەش لەو تەکنیکانە بەرین کە نیۆلۆگیزمیان لێ بەرهەم هاتووە، پێویستە هەر لەم سەرەتایەوە، ئەم چەمکە پێناسە و ڕوون بکەینەوە، چونکە یەکێکە لەو چەمکە کلیلیانەی لەم توێژینەوەیەدا سەروکاریمان لەتەکیدا هەیە:

ئەم پرۆسەی نیۆلۆگیزمە هەردوو لایەن : زمانەوانی و ئەدەبناسی دەگرێتەوە، بەڵام هەر یەکەیان لە دیدی زانستیی خۆیەوە، بۆ نموونە وەک پیتەر هاڵبێرگ دەڵێت : ((...بۆ نموونە شاعیرێک و نووسەرێک بگرین، شاعیرەکە دێت و لە بەرهەمەکانیدا وشەی کۆن و لەبیرکراو زیندوو دەکاتەوە و بەکاریان دەهێنێ، نووسەرەکەش وشە و دەربڕینی ناوچەکەی بەکاردێنێ )) ...زمانەوانەکە بە یاسا و ڕێسای زانستی زمانەوانی ئەم دیاردەیە لێکدەداتەوە، بەڵام ئەدەبناس، وەک لە هەمان سەرچاوەدا هاتووە : ((...بەڵام هەر بەدوای ئەوەدا گەڕاین، کە ئەرکی ئەم شتانە لە شیعردا چییە و مامەڵەمان لەگەڵدا کرد وەک ڕەگەزی بونیادی هونەری، ئەو کاتە ڕوانگەکەمان بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئەدەبناسییە )) . (پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر ٢٠١٨ :٣٠)

.

ئەگەر لە نێو فەرهەنگە زانستی و جیهانییەکانیشدا بۆ ئەم چەمکە بگەڕێین ، ئەوا:

له "کورتەی فەرهەنگی ئۆکسفۆردی زاراوەی ئەدەبی"یدا هاتووە : ((مەبەست لە "نیۆلۆگیزم–نیۆلۆجیزم" وشە یان فریزێکە کە تازە داهێنرابن و هێنرابنە ناو زمانەوە )) .( ١٦٩ P) .

هەروەها لە "فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و تیۆریی ئەدەبی"دا هاتووە : ((نیۆلۆگیزم (داهێنانە لە زماندا)، وشەیەک یا هەندێ جار فریزێکی تازە داڕێژراون . نیۆلۆگیزم هەمیشە دێتە زمانەوە و چالاکییەکی کاریگەر و پێویستە ...جار هەیە کە بنەوانێکی ئیتمۆلۆگیی هەست پێکراوی نییە...لە ڕیشەیەک یان پێشگرێک درووست دەبێت، یان وشەیەکی چەسپاوە (لە بەکارهێناندا) مانایەکی تەواو تازە وەردەگرێت ...)) . (٥٤٣-٥٤٢– P) .

لە هۆنراوەیەکی دیکەدا ، بەناوی "پاییز ئاماوە..." ، دەڵێت:

١- پاییز ئاماوە، پاییز ئاماوە *** ئەودی نۆ پاییز جە نۆ ئاماوە

٢ - بلەرمان سەر تەرز زەردی ڕاماوە ***عاشقان سەودای دەروون فاماوە

٣- قافڵەی سوەیل زیا جە یەمەن *** کەردەوە سێوەنگ سەرتاپای چەمەن

٤- تەبەق تەبەق هەور سیای دوود تەم *** نم دا سەر زەمین بە سەیلات خەم

٥- قەترە قەترە نەرم هووناو وەشتەوە ***جە سەد هەزار ڕەنگ خەزان ڕەشتەوە

٦- پەل پەل مەڕێزۆ مەگنۆ وە ڕووی سەنگ***بە ئەمر خالێق بێ دوا و بێ دەنگ

٧- بەیان بوینان، زەردەدار دەرد *** خەزان زایف، زافەران زەرد

٨- وەشڵەیم بە خەزان بە وێش مەبۆ زەرد***ئەو جە وادەی وێش، من جە تاو دەرد. (بێسارانی ١٣٩٦: ١٦٤) .

ئەم لیریکە هەشت بەیتییە، دە برگەیی(٥x٥)ە، تا دێڕی پێش کۆتایی، پایز دەناسێنێ و لە دوا دێڕدا، ئاوات بەوە دەخوازێت ئەمیش وەک پایز لە حاڵەتی ئاسایی و فەسڵی خۆیدا زەرد ببوایە، نەک لە تاو ئازار و دەرد . پایزێک لە ستەمکار دەچێت، بەپێی لادانی تەکنشینی، زاراوەی فەرهەنگیی "پایز"ی هێناوە و تا دوا وشەی دێڕی هەشتەم، زاراوەی یا ڕاستتر بڵێم، چەندین ئاوەڵناوی نامۆی داوەتە پاڵی، کە هەمووی تایبەتمەندیی مرۆڤ و مرۆڤی ستەمکارن .١-خودی نیوەی یەکەمی دێڕی یەکەم، وەک لە کلتوری شیعری هەورامیدا بە نەریت کراوە، دووبارەکردنەوەیە، بەڵام بەکاربردنی هونەری دووبارەکردنەوەیە لە پێناو هونەرێکی دیکە کە بەرجەستەکردن و بەنامۆکردنە تا بەرامبەرەکەی گوێقوڵاخ بکات بۆ بابەتەکە، بە واتایەکی دیکە "ئاکتوالیزاسیا"یە، نەک "ئافتۆماتیزاسیا" . وشەی یەکەم "ئەودی"ی لە نیوەی دووەمی هەمان دێڕدا، بەمانای "دیسان –دیسان هاتەوە یا ئەود، هەمدیسان هاتەوە

"، ئەمە هەم لادانی لێکسیکییە و هەم لەئاستی وشەدا بەنامۆکردن، تا ترس و بێزاری ئاخێوەر نیشان بدات لە هاتنەوەی پایزێکی نوێ "یاخود ستەمکارێکی نوێ" و سەر لەنوێ "لەگەڕێکی نوێی ستەمکردندا."

بەهاتنی ئەم ستەمکارە چی ڕوویدا ؟:٢-هەر لە ڕێوە، درەختە بەرزەکان، سەرتەرز و چرۆکانیان لەترسا زەرد هەڵگەڕان و عاشقانیش چون ئەوان، لەترسا چوونەوە قاوغی ناخی خۆیان و دەستیان لەیەکتری بەردا . ئەمە مرۆڤاندنە و نیۆلۆگیزمە و مانای نوێ و نامۆدانە بە وشەکانی (درەخت)، (زەرد)، (عاشق)... داڕشتنەوەی وێنە و واتای نوێ و بەگشتی بونیادێکی نوێیە.

٣-ستەمکار کە ڕوو لە شوێنێک دەکات، پێشتر کۆمەڵێ ئاماژەی ترسناک دەنێرێ و زەمینەی ترس خۆش دەکات بۆ هاتنی . "پایز"یش، دەسپێک، "سوەیل"(مەبەست لە دووەمین ئەستێرەی ڕووناککەرەوەی ئاسمان "سوهەیل"ە، لەسەرەتای پایزەوە دەردەکەوێت و نیشانەی هاتنی پایزە و وا باوە، یەکەمین دەرکەوتنی لە وڵاتی یەمەنەوەیە) ...هەرکات ئەم سوەیلە لە یەمەنەوە، وەک سەرقافڵەی ستەمکاری، سەری دەرهێنا : (نیوە دێڕی دووەم)، ئیتر، سەر تا پای چیمەن و سەوزاییەکان، دەبنە "سێوەنگ" . لەڕاڤەی ئەم وشە و لە دیوانەکەی بێسارانیدا، حەبیبی، دوو لێکدانەوەی بۆ کردووە : یەکەم، کونەی ئاو، کاتی چاککردنی، سێ جار دەیخەنە ناو ئاوی جەوتەوە و هەرجارێک پێی دەڵێن "وەنگێو"، تا سێیەمجار کە زۆر ڕەش دەبێت، پێی دەڵێن (سێ+وەنگ)، دووەم، گیا و گەڵا و سەوزایی کە سەرما لێی دەدات، ڕەش هەڵدەگەڕێت، هەرکامیان بێت، ترسی قافڵەی هاتنی سوەیلی پایز، سەوزایی نەهێشت و کردیە ڕەشپۆش . ئەم چەردەیە لە وشە و زاراوەی دێرین و ناوچەیی و تایبەت بە کات و شوێنە و هێنانەوەیان لە نێو بونیادێکی نوێ و مانا پێدانەوە و زیندووکردنەوەیان، ئەو ئاماژەی ئەنوەر قادر دەسەلمێنێت کە لەسەر زاری شکلۆڤسکییەوە دەڵێت : ((هێنانی دەوڵەمەندیی وشە یان وشەی ناوچەیی بۆ ناو زمانی ئەدەبی، ڕەنگە لە زمانی ئەدەبیدا ببێتە هۆی گۆڕینی سیستێمی نیشانە، وەک بڵێی، نوێکردنەوە یان دانانەوەی نیشانە، کە دەبێتە هۆی ڕووشاندن و (مشتوماڵکردن)ی شتی ساکار و باو و وا دەکات ببێتە هۆی بەدەستهێنانی شت ...)) . (محەمەد ٢٠١٨ :٥٥٣).

لە هەمان کاتدا، ئەم پێشخان و داهێنانە لە سەرنجراکێشانی خوێنەر و بیسەردا و بەرجەستەکردنی ماناکان لای ، ئەو گوتەی یوری لۆتمانمان وەبیر دێنێتەوە کە دەڵێت : ((ئاوا بونیادی مانای "وشەی نامۆ" والا دەبێت . هەروەک چۆن لاشەیەکی نامۆ بکەوێتە ناو شلەمەنییەکەوە، دەبێتە هۆی بەکریستاڵبوونی، بە واتایەکی تر، بونیادی خۆی دەکاتە بونیادی شلەمەنییە تواوەکەوە، "وشەی نامۆ"ش بە نەگونجانی خۆی لەگەڵ بونیادی دەقەکەدا، ئەو بونیادە دەخاتە گەڕ و چالاک دەکات . بەم مانایە وەک ئەو "ناچێزەیانە"ی کە بە هۆیانەوە ئاو پاکتر دەبێتەوە، بە گوتەی هەڵبژاردەی ل.تۆڵستۆی بونیاد هەستی پێ ناکرێت، هەتا بەرامبەر بونیادێکی تر نەیگریت یان هەتا نەڕووشێنرێت .ئەم دوو ئامێرە و چالاککردنیان کرۆکی ژیانی دەقی هونەری پێک دەهێنن)) . (لۆتمان ٢٠١٩ :٢١٠).

٤- دیمەنی سێیەم ، لە بەڵگەی هاتنی "پایز"ی ستەمکار :چین چین، هەوری ڕەش، کە تەمەکەی وەک دووکەڵ وایە، تنۆک، تنۆک، زەوی پڕ دەکات لە لافاوی خەم . هەر لە سەرەتاوە، نە هەور و نەئاسمان، چینیان نییە . ئاسمان تەنیا بۆشاییە و هەوریش بوونێکی ماددیی ڕەقی نییە و چین چین بەسەر یەکەوە نییە، لێردا تەبەق، تەبەق، نیگارکێشانی بینراوە و بە نامۆکردنە . پاشان، هەورێکی ڕەشی تەم دووکەڵاوی ...هەورە ڕەشەکە لە وێنەی سوپایەکی ڕەش پۆشی ستەمکار دەچێت و میتافۆرە، هەروەها "تەم"ێک کە لە دووکەڵ دەچێت، بە هەمان شێوە ...هەموو ئەمانە، بەکاربردنی نائاساییانەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و زمانی لادانن لە پێناو بەنامۆکردندا . پاشان ئەم هەورانە چییان کرد ؟، قەترە قەترە، سەرزەمینیان پڕکرد لە لافاوی خەم، "خەم" واتاییە و لافاوی نییە و ئەلیگۆرییایە، ئەمە جگە لەوەی هەورەکان (لەبری باران) لافاوی خەمیان هەستان، ئەمانەش هەر دیمەنی بە نامۆکردنن.

٥-وێڕای ئەوە: دڵۆپ دڵۆپ ، خوێناو ، داباری و ئەو دیمەنانەی کە لەسەدان هەزار ڕەنگ پێکهاتبوون ، خەزان هەمووی لەناوبردن.هاتنی ستەمکار ، فرەڕەنگی کردە یەک ڕەنگ ، کە ڕەنگی خۆی ، واتە خەزانە و ئەوەش خەسڵەتی ستەمکارە کە هەمووان بکاتە ڕەنگی خۆی. چواندنی دڵۆپی باران بە خوێن، میتافۆرە و وێنەیەکی باوە، بەڵام یەک ڕەنگکردنی سروشت بە خوێن بۆ هاتنەدی خواستی ستەمکار، نیۆلۆگیزمە.

٦-ئەم، ستەمکارە، مەرگی بەکۆمەڵی هێناوە، هەرچی گەڵا هەیە وەریوەتە سەر بەردە ڕەقەڵانەکانی بن درەختەکان. لێرەدا نالی، وەریونەتە سەر گڵ، بۆ ئەوەی دیمەنەکە تراژیدی و بەرجەستەتر بکات، دەڵێت :دانە دانە پەل(ئەلیگۆرییایە و مرۆڤاندنە)ی گەڵاکان وەریونەتە سەر بەردەکان و ئەویش بە فەرمانی خالیق و بەبێ دواکەوتن ...لە ڕاستیدا، ڕوون نییە هاتنی (ئەمری خالێق)، واتە بە قەدەری خواو بەبێ دەرچوون لە فەرمانی ...ئەرکی چییە لەم بەیتەدا.

٧-خەڵکینە، وەرن ئەم دیمەنە تراژیدییانە ببینن (ئیتر خۆی بێت یان ئەو سروشتەی خەزان بەو دەردەی بردووە)چۆن گەڵا و دارەکان و بەگشتی سرووشت، لاواز و ڕەنگ زەردبووە.

٨-لە کۆتایی و قفڵی ئەم شیعرەدا، بێسارانی، دەمانهێنێتەوە بۆ لای خۆی و دەڵێت : ئەگەرچی، وەک چواندم، سروشت ئەوە حاڵیەتی و گیرۆدەی دەستی ستەمە، بەڵام هێشتا بە بەراورد بە حاڵی من، خۆزگەم بە پایز، چونکە ئەو لەسەر وەختی هاتنەوەی وەرزی خۆیدا زەرد هەڵئەگەڕێ، بەڵام من لە تاو ئازار و دەرد کە هەمیشەییە، ئەمە بەراوردی دوو وێنەیە و لێکچواندنیانە لە ڕووی جیاوازییەوە لە پێناو بەرجەستەکردنی مانادا.

ئەم بەرهەمە و زۆرینەی دیکەی ناو دیوانەکەشی، دەڵێی ئاوێنەی سەلماندنی ئەو دیدەی موکارۆڤسکی (١٩٦٤) ن، کە لە وتاری "ڕۆڵی خوڵقاندنی جوانی، نۆرم، بەها، وەک واقعییەتێکی

کۆمەڵایەتی" دا، دەڵێت:((بەرهەمی ئەدەبی، ئاماژە نادات بەو واقعییەتەی کە ڕاستەوخۆ بەرجەستەی دەکات، هۆکاری بەهێزیشی ئەوەیە، کاری هونەری وەک سستێمی ئاماژە، بەدیهێنەری پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆ (یا خوازەیی)یە لەگەڵ ئەو واقیعەی کە بۆ خوێنەر یا گوێگر بایەخێکی بنەڕەتی هەیە و لە دڵی ئەو واقیعانەوە، وەک کۆمەڵێک لە بەها، دزە دەکات و ڕێی خۆی بۆ نێو کۆی جیهانی خوێنەر دەگرێتەبەر . هەر بۆیە، بەرهەمی هونەری، دەبێتە بەدیهێنەری ئەو توانایەی، ئاماژە بە واقعییەتێکی تەواو جیاواز لەوەی بەرجەستەکراوە، دەکات و ئاماژە بە سستمێکی بەهای تایبەت دەدات کە لەگەڵ ئەو بەهایانەدا لە ڕۆمان یان هەر بەرهەمێکی هونەری دیکەدا، کە لە دڵی ئەوەوە هەڵقوڵاوە یا پشتئەستوورە بەو بنەمایە، جیاوازە...)) . (مۆکارۆڤسکی ١٣٩٤ :٨٥).

بێسارانی لە هۆنراوەی "پاییز نمانا" دا، دیمەنەکانی ئەو شیعرەی سەرەوە، کامڵ دەکات، ئەمجارەیان وشەی"پایز"ی هێناوە، کە خۆی نواند...دەڵێ:

١-پاییز نمانا، پاییز نمانا *** نیشانەش بە باد ستەم نمانا

٢-خەت غەزەبناک خەزانان وانا ***پەل پەل و زار زار نە ڕووی خاک شانا

٣-چەندێو سەر پا سەوز وێنەی سەییدان***چەندێو بەرگ هوونین وێنەی شەهیدان

٤-چەندێو بە بارگەی بەرگ هوونەوە***مدرابێ چوون چەتر بێ ستوونەوە

٥-سەد هەزار ڕەنگێ نە مایەشان بێ***دڵدار و بێدڵ نە سایەشان بێ

٦- ناگا بادێ هات چوون حاڵ نەزانان***برێش گرد تەناف چەتر خەزانان

٧-پارە پارەش کەرد وەڵگ جامەی دار ***ڕێزە ڕێزە بی گشت ئاما بە وار

٨-ستوونان مەندەن سەرتا پا سیا ***وێنەی غولامان جە حەبەش زیا

٩- منیچ چوون ئەوان دەروون سوفتەنان***بە باد جەفا سەدجار ڕوفتەنان.(بێسارانی١٣٩٦ :١٦٧).

واتە پایز خۆی نواند و هات، بەڵام بەچی ؟، بە :١-بای ستەم، وێنەی هەڵکردنی"بای پایز" لە سەرهەڵدانی ستەم و هاتنی ستەمکار دەچێت ...یەکەم نیشانەی هاتنی، بە هەڵکردنی بای ستەم، یاخود هەمان کاری ستەمکاری دەکات، دەستی پێکرد . ئەمە ئەلیگۆرییایە و هەر لەسەرەتا و بەیتی یەکەمەوە، بە پێشخان و نامۆکردن، حاڵەتی دەروونی خوێنەر یا بیسەر ئامادە دەکات بۆ هەڵکردنی ستەمی ستەمکارێک .٢-ستەمکارەکە کە "پایز"ە، جارچییەکەی یاخود پەیک و پەیام هێنەرەکەی کە "بای ستەم"ە، ناردووە تا بڕیاری یاخود حوکمی "خەزان و هەڵوەراندنی گەڵاکان" لە فەرمان و نووسینێکدا کە "خەت

غەزەبناکە"ە، ڕابگەیەنێت و گەڵای درەختەکان پەل پەل و زار زار بە زەلیلی، هەڵوەرێنێتە سەر خاک . "خەت غەزەبناک" مەبەست لە نووسینێکە کەپڕە لە بڕیاری تووڕە و ترسناک، میتافۆرە و غەزەبناکیش بە تەنیا ئەلیگۆریایە و بە گشتی ئەنەلۆگیایە و داهێنانێکی هونەری بەرزە لە وێنە و زاراوەی شیعریدا، لەهەمان کاتدا بەنامۆکردنە و مەبەستەکە زۆر بە ڕوونی و بەرجەستەکراوی گەیشتووەتە بەرامبەر، ئەوەبێجگە لەوەی "پەل پەل" و "زار زار "پارالیلیشن.

لەبەیتی سێ و چوار و پێنجەمدا :چەند "درەختی سەرتاپا سەوز" وەکو سەییدەکان، چەند "درەختی بەرگ خوێناوی" وەک شەهیدەکان، چەند "درەختی گەورە و چڵ و لق وپۆپ فراوان "، وەک مەرقەد و مەزارگەی خوێناویی پیاوچاکان بەپێوە و بەبێ پایە و کۆڵەکە ڕاوەستابوون، ئەم درەختانە کە هەزاران ڕەنگیان هەبوو و "دڵدار" و "بێ دڵەکان" لەژێر سێبەریاندا ژوانیان هەبوو و دەحەسانەوە ...لە پانۆرامای ئەم وشە و لێکچواندنانەدا، ڕایەکی، ئەنوەر قادر محەمەد –مان دێتەوە یاد کە دەڵێت : ((یەکێک لەو شێوازانەی کە بۆ گەیشتن بە کرۆکی دنیای ئاڵۆزی واقیع و گیانی مرۆڤ و بۆ خوڵقاندنی وێنەی بەرجەستە و بەرچاوی شیعری، پەنای بۆ براوە و بە هۆیەوە شاعیر توانیویەتی نەریتە ئیستێتیکییەکان بخاتە کار بۆ ڕەخساندنی چێژ وەرگرتنی هونەری، سەرنجدان و ڕامان بووە لە دەوروبەر و شتەکان . ئەمە گرنگی و بایەخی شتەکان دەردەخا، کە دەتوانرێ لەڕێگەیانەوە و بە بەکارهێنانیان لە ئەزموونی هونەریدا، پێداویستیی چێژی ئیستێتیکی مرۆڤ دابین بکەن و زەین و یادی مرۆڤ بورووژێنن)) . (محەمەد٢٠٠٧ :١٢)، دواتر دەڵێت : ((ئەم شێوە داهێنانە هەر کاری لە ئۆرگانەکانی هەست نەکردووە، بەڵکو گەیشتووەتە دەروون و ناخی مرۆڤیش و چاو و دڵی ڕۆشنکردۆتەوە و جۆرە چاوکرانەوە و شادییەکی بێوێنەیان پێ بەخشیوە و گیانیان ژیاندۆتەوە و پاککردۆتەوە )) .(محەمەد ٢٠٠٧ :١٢)، ئێمەش لەم ئەزموونانەی بێسارانییەوە ئەوە دەبینین کە چۆن شاعیر بۆ دەربڕینی هەست و سۆز وئەندێشەی خۆی، پەنا دەباتە بەر سرووشت و پایز و دەیانمرۆڤێنێ و میتافۆری ناوازە و نامۆمان لێ دەئافرێنێ و دەیانکاتە ڕەگەزی بنەڕەتیی شیعرەکانی و هاوخەمی خۆی و تابلۆی شیعری جوانیان لێ دەخەملێنێ.

لە دێڕەکانی شەش و حەوت و هەشتدا، کە قۆناغێکی نوێی وێرانکاری و ستەمکاریی پایزە، دەڵێت : لەناکاو بایەک هەڵیکرد، هەروەک حاڵی سەرشێت و نەزانەکان و هەرچی ئەو چڵ و لق و پۆپانە هەبوون کە وەک چەترێکی زەرد هەڵگەڕاویان لێهاتبوو، هەمووی وەک بەرگی بەری درەختەکان پارچە پارچە کرد و کەوتە خوارەوە و مایەوە تەنیا ساق و قەدی دارەکان و کۆڵەکەیەکی ڕەش هەڵهاتووی ڕووتەڵە، کەلە نۆکەرە ڕەش و ڕووتکراوەکانی حەبەشە دەچێت . بایەک هەروەکو نەزان ملی ڕێی داوتەبەر، "با" لە نەزان دەچێت، هەموو ئەو درەختانەی لە کەپر و خێوەت و چەترێک دەچوون تێکی دا، هەردووکی لێکچواندنە، بەڵام لە وچەشنەی لێوڕێژە لە داهێنان و جوانی . لە دێڕی حەوتەمدا، قەدی

دارەکان و کۆڵەکە ڕەشەکانیان کە ماونەتەوە، لە کۆیلە و قوولە ڕەشەکانی حەبەشە (وڵاتی چاد لە ئەفریقا)دەچن ...ئەم وێنەیان تەواو نامۆیە لە کلتوری وێنەی شیعری کلاسیکدا، وێنەیەکە جگە لەوەی بیرێکی نوێ دەگەیەنێت، بەنامۆکردن و بەرجەستەکردنی وێنەیە لە پێناو گەیاندنی واتا بە بەرامبەر . لەکۆتاییدا، شاعیر وێنەکە زۆر هونەرییانە دەبەسێتەوە بە خۆی و دەستپێکی شیعرەکەوە، واتە هاتنە دەرەوە لە جیهانی ئەلیگۆریا و پەیوەستبوونەوە بە جیهانی ناخی خۆیەوە لە ڕێی لێکچواندنەوە و هەروەها بەستنەوەی زنجیرەی کۆتایی بە دەستپێک و یەکەمەوە، بەوەی :منیش وەک هەموو ئەوانەی باسمکرد، دەروون سووتاوم، بەڵام من بە بای "بێ وەفایی" یار سەدجار سووتاوم . لەیەک دەچین، وەک ئەوان سووتاوم، بەڵام لەیەکیش ناچین چونکە ئەوان بە"بای ستەم"ی پاییز و منیش بە "بای بێ وەفایی " و ئەوان یەکجار و من سەدجار سووتاوین، ئەمەش لێکچوونێک (کۆی شیعرەکە لەگەڵ دێڕی کۆتاییدا)و دوو دوالیزمی دژیەکە و بە گشتیش پێشخان و بەنامۆکردنە لە پێناو هونەرییبوونی دەربڕین.

لە لیرێکێکی تری پاییزیدا، بەناوی "چراغ نۆش کەردەن " کە لیریکێکی پێنج دێرییە و لەسەر کێشی دە بڕگەیی (٥x٥) ە، هاتووە :

١-چراغ نۆش کەردەن، چراغ نۆش کەردەن *** جەوساوە دڵ جام دووریت نۆش کەردەن

٢-جە چەم هوون دڵ یەند خرۆش کەردەن *** سوەیل چەمەنان پێ ڕەنگ پۆش کەردەن

٣-جە زەردی ڕەنگم، جە پەی بار دەرد *** مایە هۆرگێرتەن خەزانان زەرد

٤-وەختێ نەو سوەیل وە ڕەنگێش مەیلەن *** موژانم مووی دەست نەخش سوەیلەن

٥-فیدای دووریت بام پێسەش کەردەن پێم *** سوەیل مایەی ڕەنگ هۆرمەگێرۆ جێم

(بێسارانی ١٣٩٦ :٢٥٧).

بونیادی شیعرەکە "چراغ-واتە یار" و مەعشوق "شاعیر"خۆیەتی، بەڵام ئەمجارەیان دووریی یار پاییزی هێناوە، دووری و سیمای پاییز ئاوێتەبوون . بێسارانی، بەم جۆرە وشەکانی دەچنێت : دوای ئەوەی لە دێڕی سەرەتا ئەو دەربڕینەی پێشەکی دووبارە دەکاتەوە، دەڵێ :لەوساوە دڵم، جامی دووریی تۆی نۆشکردووە، "نۆشینی جامی دووری تۆ"...جامی دووری، میتافۆرە، ئینجا "دڵ" کە ئەلیگۆریایە، جامی دووری نۆشیووە، ئەلیگۆریا و میتافۆر پێکەوە هاتوون . لەدێڕی دواتر، وێنەیەکی نوێی پڕلە داهێنانمان بۆ دەنەخشێنێ و دەڵێ : لەوساوە کە دڵم جامی دووری تۆی نۆشیووە، خوێنی دڵ لە چاوەکانم هێندە خرۆشاوە و فرمێسکم ڕشتووە، ئەستێرەی سوەیل (کە دەرکەوتنی نیشانەی هاتنی پاییزە)، بە خوێنی دڵی من، سەوزایی چیمەنی ڕەشتووە و ڕەنگی کردووە . ئەم وێنەیە هێندە سوریالیانەیە، مەگەر بەیتەکانی دواتر دیمەنەکان ڕوون بکەنەوە .لە دێڕی سێیەمدا دەڵێت :خەزان و

زەردی ڕەنگی پایز ، لە ئازار و ڕەنگی زەردی منەوە "مایە" ، (بەمانای دەست مایە، یان هەوێن – هەرکامیان بێت یانی بنەڕەتی شتێک) یان وەرگرتووە و من بنەڕەت و هەوێنی زەردی و خەزانی پایزم، پایز لە زەردیی دەردی من ڕەنگی وەرگرتووە .ئەمە ئەگەر بڵێین لێکچواندنی ئاوەژووە، مافی خۆیمان پێ نەداوە، چونکە ئەم وێنە داهێنەرانە و نوێ و بەرجەستەبووی مانا و جوانییە، هەر ئەبێت بڵێین، ئاکتوالیزاسیا، پێشخان یا بەنامۆکردنە.

دواتر دەڵێ:کاتێک سوەیل دەیەوێت یان مەیلی هەیە و حەزدەکات کە ڕەنگێک بنەخشێنێ (بێگومان سوەیل ڕەنگی پایز دەنەخشێنێ)، برژانگەکانم دەبنە خامەی دەستی، چونکە لە چاوەکانم فرمێسکی خوێنین دەڕژێ . ئەمەش جگە لەوەی وێنەیەکە نیۆلۆگیزمە و پێشتر برژانگ نەکراوەتە خامەی دەست سوەیل کە لێکچواندن و پێکەوە هینانەوەی دوو وێنەی پارالێلیزمە بۆ بەنامۆکردن و بەرجەستەکردنی واتا، لەڕووی کار و کاردانەوەوە، داهێنانێکی مایەی تێڕامان و میتافۆر و لێکچوونی دانسقە و جێگای سەرنج و بەرجەستەن، هاتنی پایز کە وەک مەیلی ڕەنگ کێشانی سوەیل وایە و "نەوسوەیل"ئەلیگۆریایە و، برژانگەکانم دەبنە خامەی دەستی، میتافۆرە . دواجار دەڵێ : فیدای ئەو دوورییەی تۆبم کە وای کردووە، سوەیل بۆ ڕەشکردنی دار و درەخت، لای من ڕەنگ بەرێت ...ئەمە ئایرۆنییە و بەترۆپ گەیاندنی دەربڕینی جوانییە . وەک ئەنوەر قادر محەمەد لە وتاری "زمانی ئەدەبی و زمانی شیعری " جان مۆکارۆڤسکی وەریگرتووە کە دەڵێت :((ئەرکی زمانی شیعری لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە ئاخاوتن بگاتە پەڕی ئەوپەڕی "ئاکتوالیزاسیا"..."ئاکتوالیزاسیا" پێچەوانەی "ئاوتۆماتیزاسیا"یە، کە واتە ئاکتوالیزاسیا هەڵوەشاندنەوەی ئاوتۆماتیزاسیای کارێکە، تا زیاتر ئاوتۆماتی بێ، کەمتر بە هۆشیارییەوەیە، تا بەهێزتر و گرنگتربێ، زیاتر هۆشیارانەیە، بەهۆی ئاوتۆماتیزاسیاوە خشتە ئامال دەبن، کەواتە ئاکتوالیزاسیا، مانای شکاندن و لادانە لە خشتەکان )) . (محەمەد ٢٠١٨: ٥٥٤).

بێسارانی، لە گۆشەیەکی دیکەی خەیاڵی جوانبین و داهێنەرانەی خۆیەوە، لە هۆنراوەی "چراغ وەڕەزان" ی دیوانە کۆکراوەکەی حەبیبیدا، دیمەنی دیکەی خەزانی پایزمان بۆ بەرجەستە دەکات کە بە گشتی نۆ بەیتە، ئێمە لێرەدا تەنیا ئاماژە بە دێڕەکانی سەرەتای دەدەین، دەڵێ :

١-چراغ وە ڕەزان، چراغ وە ڕەزان *** ئارۆ ڕاییم کەوت شیان وە ڕەزان

٢-بە زوان هاڵ پەرسام جە خەزان *** تەن بیەن مەجرووح چوون ماران گەزان

٣-واتم هەی خەزان ڕەژیدەی چەمەن***ئوستاد نەققاش بلەرم یەمەن

٤-سەبەب جە چێشەن ڕەنگ زگارەنی؟***سەر تا پا هوونین دڵ ئەفگارەنی؟.(بێسارانی ١٣٩٦ :٢٦٧).

بەزوانی هاڵ پەرسام جە خەزان، (زمانی حاڵ)، میتۆنیمییە و لە زمانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایدا بەکاردێت، بەڵام شاعیر ڕازی بە جوینەوە نییە، بۆیە لادانی فۆنۆلۆگی بەسەر وشەکەدا دەهێنێت و پیتی (ح) دەکاتە (ە) . بەڵام "زمانی هاڵ"، وشەیەکی نوێیە بۆ مانایەکی نوێ ، "هاڵ" واتە "کاڵ"، زمانی کاڵ، واتە زمانێک کە دەستەوسانە لە دەربڕین و پێگەیوو نییە، ئەمەش لادانی ئاستی لێکسیکییە (لەهەمان کاتدا میتافۆرە)و بەگشتی هەردوولادانەکە و هونەری ڕەوانبێژییەکە، پێشخانن . هەر لەم لیریکە نۆ بەیتییەدا، بە گشتی هونەرێکی بەنامۆکردن هەیە لە پێناو بەرجەستەکردنی بیری شاعیردا : بریتییە لە هونەری (حیوار) گفتوگۆ کردن، شاعیر بە زمانی هاڵ پرسیوویەتی لە خەزان، پرسیار کردن بە ئامانجی زەقکردنەوە نەک وەڵام، ئەمانە بەشێکی فراوانن لە نەریتی تەکنیکی شیعری هەورامی، بەڵام ئەوەی پتر مایەی سەرنجڕاکێشانە، وەڵامی خەزانە بۆ ئەو پرسیارەی شاعیر کە لێی دەپرسێت : هۆی چییە ڕەنگت زەردە ؟ بۆچی سەرتاپا خوێنین و "دڵ ئەفگار" دڵبرینداری (دڵ لەوێدا ئەلیگۆریایە) ؟ ...کە دەڵێت : هەی بێ مەیل، ڕۆژێک لەناکاو، زوڵف بۆنخۆشێک بە لەنجەولار و سەد نازەوە، بەدووچاوی قەترانی و ڕازاوە بە سورمەوە، لێرەوە تێپەڕی و نووکی تیژی برژانگەکانی چەقییە جەرگم و ئەمە خوێنی دڵمە بەرگ و ڕوومی ڕەنگ کردووە، من لەڕولاوازیم بەهۆی لەیلەوەیە، کەچی عەوام ئەڵێن :ڕەنگی هاتنی سوەیلە ...ئینجا لە دوا دێڕدا، بێسارانی لە جیهانی ئەلیگۆریای خەزان (کە هەرخۆیەتی) دێتە دەرێ و، هۆکاری ڕەنگ زەردیی خۆی بۆ بەرامبەرەکەی (کە خوێنەرە) ڕوون دەکاتەوە : ئێمەش وەک خەزان خوێنی دڵمان خواردووە و لە دووری یاراندا داخەکانمان بردووەتە ژێر گڵ ...ئەم هۆنراوەشی، پڕە لە خوازە و بەنامۆکردن لە پێناو گەیاندنی واتای زەردی خۆی و خەزان کە لێکچوونە . شاعیر بەم تەکنیکە، دەربڕینی نوێ و واتای نوێ دەخوڵقێنێت و مانای جوانی دەنەخشێنێت.

چەردەی دووەم، لەو هۆنراوانەی بێسارانی کە هەڵمان بژاردوون تا بەپێی پرەنسیپی "پێشخان" شیکارییان بۆ بکەین، گوڵبژێرێکە لە چەمکی "گوڵ"، لە خەیاڵی داهێنەرانە و جوانی خۆیدا، شوناس و واتای نوێی داوەتە ئەو گوڵانە.

ا-گوڵی شەست پەڕ : دەستپێک با بزانین، بێسارانی چۆن ئەم گوڵە دەناسێنێت، دەڵێت :

١-گوڵ تەبەقێو هەن، پێش ماچان شەست پەڕ ***زەربووم بێ عەیب، جەمین قورس زەڕ

٢ -بەرمەیۆ نە دەور ڕێحانان شەم *** گۆناش بە خۆناو سەحەر مەدۆ نەم

٣- دەور مەدۆ نە دەور باغچەی ئەمیران***وێنەی قەتارەی قاشوونی گیران

٤- سالار سپای گشتین گوڵانەن ***مودام جاش نە پای تیم سوڵانەن .(بێسارانی١٣٩٦:٥٩٤).

لە دەستپێکی دێڕی یەکەمدا، دەڵێت : گوڵ تەبەقێک هەیە (شێوازی دەستپێکی گێڕانەوەی داستانەکان -هەبوو نەبوو...) .وەک ئاماژەمان پێ داوە، ئەم هۆنراوەیە لیریکە، بەڵام شێوازی

گێڕانەوەکەی "ئێپیک"ە، ئەمەش نەریتێکی شیعری هەورامییە و پێشتر و لەبەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەماندا باسمان لە ژانری (لیریک+ئێپیک) کردووە و پێویست بە دووبارەکردنەوەی ناکات؛بەڵام پەیوەست بە چەمکی بەنامۆکردن، ئەم کارە چەشنێک لادانە تەنانەت لە نەریتی شیعری جیهانیش، بەڵام ئاکتوالیزاسیایە و ئامانجی جوان بەرجەستەکردنی واتایە . ئینجا، ئەوگوڵە (تەبەق تەبەق)ە، تەبەق کە لەوێدا دیارخەری ناوە، پێکەوە ناوێکی نوێیان پێک هێناوە و کراوەتە وشەی یەکەمی شیعرەکە، هەرلەوێ دەڵێ : پێی دەڵێن "شەست پەڕ"، وەک بڵێی :ئەو گوڵ تەبەقەی کە لە بەکارهێنانی گشتیدا پێی دەڵێن شەست پەڕ، ناوە داهێنراوەکەی بێسارانی، ناوە فەرهەنگییەکە"شەست پەڕ" دەناسێنێت ...هەموو ئەمانە تەکنیکی بەنامۆکردنە لە ئاستی لێکسیکی و مۆرفۆلۆگیدا .لەنیوەی دووەمی دێڕی یەکەمدا دەڵێت : شێوە زەردێکی بێ عەیبە (وەک خۆر وایە)و (بیرمانە کە زەردێکی عەیبدار هەیە کە خەزانە) و تەوێڵ و نێوچاوان خرت و ئاڵتوونی ڕەنگە(وەک ئاڵتوون وایە) ...زەردێکی بێ عەیبە+ڕەنگی ئاڵتوونییە، هەمووی جەختکردنەوەیە لە پێناو بەرجەستەکردن، ئەوە بێجگە لەوەی (قورس زەڕ) میتافۆرە.

٢-ئەم گوڵە شەستپەڕە، لە دەوری ڕێحانە و لە سێبەرێکدا دێتە دەرەوە و گۆنای بە خوێناوی سەحەر یا ئاورنگی بەرەبەیان تەڕ دەکات ...ئەم نیو بەیتە کە بە نموونە وەردەگرین، دەری دەخات کە توانای شاعیر چ ڕۆڵێکی هەیە لە خولقاندنی مانا و بەرجەستەکردنی جوانیدا، وەک مۆکارۆڤسکی لە گریمانەی چییەتی هونەر و هەوڵی چواندن و پێناسەکردنیدا، دەڵێت ((پەیوەندیی هونەر و واقیع، وەک پەیوەندیی جەستە و سێبەرە، بەلایەنی کەمەوە ئەگەری هەیە دەربڕی ئامادەیی تەنێک بێت، ئەگەرچی بینەر نەتوانێت بیبینێت)) . (مۆکارۆڤسکی١٣٩٤ :٨٤)، یان وەک نیمایوشیچ دەڵێت : (( شیعر، هێزی مێشکە، بەکار دەبرێت بۆ وزەبەخشین بە مانایەک کە هەمانە ...) . (یوشیچ ١٣٨٥ :٦٠). ئەم وێنە شیعرییەی بێسارانی، واتای نوێیە لە وێنەو شێوازی نوێدا، هێندە گیانی کردووە بەبەردا، گەیاندوویەتییە لوتکەی نەمری . ئاخر کێ دەتوانێت دیمەنێک کە خوومان پێوەگرتووە و لە زەینمانا تۆزی لێ نیشتووە، بەڵکو مردووە و بیرمان چووەتەوە، ئابەو جۆرە زیندوو و فووی پیابکرێ و گیانی بەبەردا بکرێت، جگە لە دەربڕینی داهێنەرانەی هونەرمەند ؟٣.-هەروەک قەتارەی یا ڕیزبەستنی لەشکرێکی سەربازی تەوقی شوێنێک دەدەن، ئیتر بە ئامانجی پاراستن یان کۆنترۆڵکردن بێت، شەست پەڕیش ئاوا دەوری باخچەی ئەمیر و دەسەڵاتدارەکانی داوە . پەیوەندیی نێوان شەست پەڕ و قەتاری سەربازی، لێکچواندنە، بەڵام داهێنانە لە نەریتی لێکچواندن و وێنەی شیعریدا، بێگومان بە ئامانجی پێشخان و بەرجەستەکردنی وێنەو مانایە .٤-لەبەردەوامیی ئەو وێنەی پێشوو و لەبەراوردی بە گوڵەکانی دیکەدا، دەڵێت :سەرلەشکری سوپای گشت گوڵەکانە و بەردەوام جێگەی لە ڕیزی پێشەوەی سەوڵاندایە .شاعیر لەوەسپی گوڵی شەست پەڕدا، پەنا دەباتە بەر بەراوردکرنی شوێن و پێگەی لە چاو هی گوڵەکانی دیکە و دواتر بەداهێنانی لە لێکچواندن و نیۆلۆگیزم لە دەربڕیندا، دەیچوێنێ بە پلە و پێگەی سەربازی.

ب-گوڵخونچە: یەکێکی ترە لە نموونەی ئەو گوڵانەی کە بێسارانی دەیناسێنێت، لەبارەیەوە دەڵێت:

١-گوڵخونچێوە دیم وەرەق نەشکوفتە *** جە نەشکوفتەگیش یانەی دڵ ڕوفتە

٢-نە ئی گوڵخونچەی بە خار هەمسایە***گوڵخونچەی وەش بۆی موشک چین مایە

٣-هێمای بوڵبوڵێ نە ڕووش نە نالان *** مەکەرۆ یانەی هەزار دڵ تالان

٤-ئەگەر بوڵبوڵێ نە ڕووش بوانۆ *** بیللا نەرد قەتڵ ناڵەم مەشانۆ .(بێسارانی ١٣٩٦ :٥٩٦).

ئەم هۆنراوەیان ئەگەرچی باسی گوڵخونچەیە، بەڵام ئەلیگۆریایە بۆ جوان یاخود یارێکی تازە پێگەیشتوو، تا کۆتایی دەتوانین دوولایەنە چ بۆ "گوڵ " و چ بۆ "یار" وەریگرین، واتە بۆ ئاستی ڕووکەشی مانا و هیی قووڵەکەشی شایانی باسە، لێرەشدا ئەلیگۆریا بە مەودا دوو پلانییە ئەورووپاییەکەیشی هاتووە.١-ئەم گوڵخونچەیە گەڵاکانی شکۆفەیان نەکردووە...نالێ گوڵەکە، بەڵکو تەنانەت گەڵاکانی شکۆفەیان نەکردووە . ئێمە لە نەریتی شیعریدا ڕاهاتووین بەوەی بووترێت گوڵەکە شکۆفەی نەکردووە، بەڵام ئەمەی بێسارانی ڕوشاندنی ئەو خووپێوەگرتنەیە . لەوەش زیاتر نامۆی دەکات و لەنیوەی دووەمدا دەڵێت : لە شکۆفە نەبوونیدا دڵ دەبات یا دەیفڕێنێ، ئەمە جەختکردنەوەیە لە لادان لە نەریتێکی تری وێنەی شیعری، هەمیشە وتراوە گوڵ شکۆفە دەکات و دڵ دەبات، بێسارانی ئاوەژووی دەکاتەوە و ئەو وێنەیە تەواو لە زەینمانا تێک دەشکێنێ و دەڵێ: شکۆفەنەکردنی هۆکاری دڵ بردنییەتی، ئەمە پێشخان و بەنامۆکردنە لە شێوەی دەربڕین، واتا و وێنەی نوێ و بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لادانەکانی بێسارانی لادانی بە بنەمایە و ئافتۆماتیزاسیا نییە .٢-نەک ئەو گوڵخونچەی کە دڕک هاوسێیانە، ئەوەی من دەیڵێم، خۆش بۆیە +خاوەنی یا هەڵگری بۆنی خۆشی موشکی چینە . لەبری ئەوەی بڵێ :دڕکی پێوەیە یا هەیە، دەڵێ :دڕک هاوسێیەتی، نزیکی گوڵ و دڕک بە پەیوەندیی دراوسێیەتی دەردەبڕێت لە کاتێکدا لە نەریتی شیعری پێشتر و تەقلیدی دواتریشدا، دڕک بە لەمپەری ڕێگای گەیشتن بەگوڵ دانراوە، بەڵام لێرە هاوسێی خراپ کە دڕکە، لەپێگەی گوڵەکەی هێناوەتە خوارەوە، بۆیە بە گوڵخونچە بەراورد ناکرێت.هێنانی وێنەی ئەم دووگوڵە بۆ بەرجەستەکردنی جوانیی گوڵخونچەیە .٣-لە هەورامیدا بۆ دەربڕینی (هێشتا) دەوترێت "هەڵای "، بێسارانی بۆ جەختکردنەوە و فۆکوس خستنە سەر دەستنەخواردوویی گوڵخونچەکە وشەیەکی نامۆ بەکاردەبات "هێمای" [وشەی "هێمانێ" لە شێوەی جافییشدا، دوورنییە هەر بە کاریگەریی هەورامی زۆر بەکاردێت]، واتە هێشتا بولبولێک لەسەری نەیخوێندووە، بە واتایەکی دیکە ئەم گوڵخونچەیە لەگەڵ عاشقێک نەچووەتە ژوان . لێرەدا "بوڵبوڵ"، "ڕوو"، "نالان " ئەلیگۆریان، ئەمە بێ لەوەی دەربڕین و وێنەکە لە ترۆپکی داهێنان و ئاستێکی ئیستاتیکیی بەرزدایە، لەنیوەی دووەمی هەمان دێڕدا دەڵێت : دەیکات ماڵی هەزار دڵ تالان ...ئەمە لادان و پێشخان

و بەنامۆکردنە لە ئاستی سینتاکسیدا و لەڕاستیدا کۆکردنەوەی ئەو هەمووە تەکنیکە و بە ئاستی سینتاکسیشەوە، هەر لە شاعیرێکی لە چەشنی بێسارانی دێت تەونی وا بچنێت، هەروەک ئەدەبناسێکی ئێرانی لەسەختیی ئەو هونەرەدا دەڵێت : ((دژوارترین جۆری بەنامۆکردنی زمان، ئەوچەشنەیە لە جوغزی سینتاکسدا ڕوودەدات . چونکە توانا سینتاکسی و چوارچێوەی بژاردە سینتاکسییەکانی هەر زمانێک، سنوردارترین زەمینەی زمانییە . ئەو فرەچەشنییەی لە زەمینەی گێڕانەوەی وشە دێرینەکان و زاراوەسازی، یا داهێنانی ئەلیگۆریا و میتۆنیمی دا هەیە، لە سینتاکسی زماندا ئەگەری وێناکردنی نییە .لە ڕەهەندێکی ترەوە و بەدیدێکی دیکەوە، زۆرترین کایەی گۆڕانخوازی لە زماندا، هەر زەمینەی سینتاکسە ...)) . (کدکنی ١٣٨٩ :٣٠).

٤ –خۆ ئەگەر، بولبولێک عاشقی ببێ و بۆی بخوێنێ، بەخوا قەسەم ئەوە نەردی کوشتنی هەموو عالەمی وەشاندووە.

نەرد هەڵدان (هەڵدانی زاری تاوڵە کە ئاراستە و قەدەری یارییەکە دیاری دەکات)، لە شیعری کلاسیکدا، ئاماژە بووە بۆ چارەنووسی مرۆڤ کە خوا دیاری دەکات و زۆرجار مەبەست، خوا بووە، ئەوا زاری چارەنووسی مەرگ بە هەموو جیهاندا دەوەشێنێت . ئیتر بەوەبێت هەموو خەڵکی کۆکوژ دەکات تا بمێنێتەوە بۆ خۆی یا هەموو خەڵکی لە داخا دەمرن . خودی (نەرد) میتافۆرە و "ناڵەم" وشەی لادراوی "عالەم" ە و "بولبول" هەروەک پێشوو ئەلیگۆریایە، ئەوە وێڕای ئەوەی بێسارانی ناڵێت نەرد (هۆردای) هەڵدان، بەڵکو "وەشاندن"، چونکە بە ئامانجی کوشتنە . ماوەتەوە بڵێین :شاعیر وێڕای ئەوەی لە تاو جوانیی گوڵخونچە، گەیشتن پێی مەحاڵە، لێرەشدا ئەوە دەسەلمێنرێت، چۆن لە ڕێی شیکاریی کەرەسە زمانییەکانەوە دەگەینە ڕەهەندە ئیستێتیکییەکانی بەرهەمی شیعری و هونەری.

ج–گوڵی نەرگس :بێسارانی شیعرێکی هەیە بەناوی (نەرگسێو مەبۆ ...) لە پێنج بەیتی، دە بڕگەیی (٥ x٥) پێکهاتووە، شاعیر لە چوار دێڕی سەرەتادا وەسپی گوڵی نێرگس دەکات و لە دوا بەیتدا، دەڵێ :

١–نەرگسێو مەبۆ ساق سەوز و جام زەرد***شەو بە شەونەم کەیل، پەل سپی و بێ گەرد

٢–شەوان بە شەونەم خاڵ مەدۆ جەلا *** جام زەرد پێوەن چوون چووقەی تەلا

٣–چەنی باد سوبح بالا مەنمانۆ *** شکۆفەش بە شەوق ئافتاب مەمانۆ

٤–تەن لەرزان بە جەور باد سوب تۆفان *** پێشڕەو قوشەن، شەوق شکۆفان

٥–شێوەی ئەو نەرگێس بەو شەوبەندەوەن***بەو شای شکۆفان شا پەسەندەوەن

(بێسارانی ١٣٩٦ :٦٣١).

نێرگس بەم مواسەفاتانەوە لە جوانێک دەچێت .١-نەرگسێک هەیە، لاسکەکەی سەوزە، کە ڕووی وەک "جام" دەکرێتەوە یان دەردەکەوێت، زەردە، شەوان پڕە لە ئاورنگ، پەلەکانی سپی و بێ گەردە. شاعیر وێنەیەکی بێ زیاد و کەمی نێرگسی لەم بەیتەدا بۆ باسکردووین، و بێ لە "بێ گەرد" کە میتۆنیمییە و ئەویش لە زمانی ڕۆژانەدا بەکاردەبرێت، هیچ هونەرێکی ڕەوانبێژی تێدا نییە، بەڵام گیانی کردووە بە بەردا، ئەمە زاراوەی "ئیپیتیت" (وەسفی ئەدەبی)یە، کە نەک هەر لە شیعردا بەڵکو لە هونەری "گێڕانەوەش"دا لە سەرەتادا دێت، تەنانەت بە وێنەی سروشت و دەوروبەر بۆ کردنەوەی باس و خواس و ئافراندنی کەشوهەوا بەکاردێت . ئەگەر بە چاویلکەی ناسکبێژیی نەریتی سەیری دێڕی سەرەتا بکەیت، بە ڕووالەت ڕەنگەکانی نێرگسی ڕیزکردوون، بەڵام ئەمە ڕێک ئەوەیە کە پێی دەڵێن : پێشخان و بە هۆی نامۆکردنی گوڵێکی زۆر ئاشناو دیارەوە . هەر لەو دێڕەدا وەک نیگارکێشێکی داهێنەر هەرسێ ڕەنگەکەی "نێرگس" : سەوز، زەرد، سپی و ڕەنگی (ئاوی)ی شەونمیشی بۆ تەواوکردنی وێنەکە کە بەرجەستە و ئەوەیە پێی دەوترێت "visual" نەخشاندووە.

کاتێ کە ئەم شیعرە دەخوێنینەوە یا گوێمان لێ دەبێت ، ئەوسا ئاشنا دەبین بە نێرگس و هەر ناڵێی نێرگسمان بینیوە، لە کاتێکدا زۆریشمان بینیوە، بەڵام خوومان پێوەگرتووە، شاعیر دێت ئەو خووە دەڕوشێنێ و هۆشیارمان دەکاتەوە لەوەی کە دەیبینین .٢-ئەم نێرگسە، شەوان بە ئاورنگ خاڵەکانی دەسڕێ (مەدۆ جەلا -واتە ڕوونیان دەکاتەوە و جەلاییان دەکات)، جامێکی زەردی پێوەیە، وەک "جوقەی"پەڕی ئاڵتونی سەر تاجی پادشا وایە . ئەو جوانییەی نیوە دێڕی یەکەم، تەنیا لە بەنامۆکردنەوەیە، "شەو" و "ئاورنگ" و "خاڵ" و "سڕین " هەمووی وشەی فەرهەنگی و ئاساییین، بەڵام دەربڕینەکە پێشخانی زمانیی دروستکردووە و ئەو دەربڕینە ئاساییەی کردووەتە ئەدەب و شیعر . لەنیوە دێڕی دووەمدا جامە زەردەکەی لە جوقەی ئاڵتون دەچێت، لێکچواندنە، بەڵام نوێ و داهێنەرانە و بە کلتوری تەقلیدی وەسپ و وێنەی هونەری نێرگس نامۆیە.٣-عادەتی نێرگس وایە، بەرەبەیان بە دەرکەوتنی خۆر قنج دەبێتەوە و شکۆفە دەکات . بێسارانی بە دەربڕینی پێشخان، واتایەکی نوێمان بۆ نەرگس پێ دەدات :"لەگەڵ بای بەرەبەیانا بالای خۆی دەنوێنێ و بە تیشکی خۆر شکۆفە دەکات " هەمووی مرۆڤاندنە .٤-جوانیی ئەم بەیتەش لە تەکنیکی بەنامۆکردندایە، ئەگینا ئەوە واقیعی نەرگسە . بە زۆری بای تۆفان ئاسای بەرەبەیان، دەلەرزێ لە ترساو، دەبێتە پێشەنگی سوپای شەوق و زەوقی هەڵاڵەکان، یانی لە هەموویان جوانترە ."تەن لەرزان" بەرجەستەکردنی ئەو حاڵەتەیە کە با دەدات لە نێرگسەکە، "جەور باد" ستەمی با و، "قوشەن"سوپا، میتافۆرن، دواتر لەبری ئەوەی بڵێ جوانترە، دەڵێ "شەوق شکۆفان"ئەوانەی لە جوانیدا شەوقیان هەیە و ئەم پێشەنگیانە، ئەمەش میتافۆرە ...هەموو ئەمانە هارمۆنییەتی بەنامۆکردنن کە دەقیان گەیاندووەتە ئەم ئاستە لە دەربڕینی جوان .٥-شێوەی ئەم نەرگسە لەو جوانە دەچێت کە "شەوبەند"سەرپۆشی داوە بە سەریدا، لەو شا هەڵاڵەیە دەچێت کە پشکوتووە و لە جوانییا " شا " پەسەندی کردووە . نێرگس و ڕووی یار کە بە سەرپۆش داپۆشراون، لێکچواندنی

ئاوەژووە، شا پەسەند، میتۆنیمییە، ئەمە بێ لەوەی "شەوبەند" داهێنانی سیمانتیکییە و بە گشتیش تەونێکە لە پێشخان.

د-گوڵەکانی "وەنەوشە " و "ڕەیحانە" و "سۆسەن" : بێسارانی لە شیعرێکیدا، بە ناونیشانی "وەنەوشێو مەبۆ..." کە ئەمیش پێنج بەیتە و (٥x٥) دە بڕگەییی کێشی پەنجەیە ، دەڵێت :

١-وەنەوشێو مەبۆ جە وەڵ وەهاران ***بەرمەیۆ نە سای چەتر چناران

٢-وەنەوشەی وەش وەخت، خاوێر خاو نەرم***ساوای سەر نە پێچ، مەست ناز شەرم

٣-بە خوناو نەرم، خاو خەرمانان ***مەبۆ بە بووم دۆز فەرش نەمامان

٤-باد بۆش ماوەرۆ وە سەرزەمین دا***بۆڕ ماچۆ وە بان بۆی موشک چین دا

٥-شێوەی وەنەوشە ها بەو خاڵەوە *** بەو گۆنای گوڵ ڕەنگ بووم لاڵەوە.(بێسارانی ١٣٩٦ :٦٤٩).

هەروەک هۆنراوەی پێشوو، گوڵە وەنەوشەمان پێ دەناسێنێ و لە قفڵی بەرهەمەکەیدا، دەڵێ :شێوەی ئەو وەنەوشەی کە وەسپمکرد ها بەو جوانەوە . پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین : بەگشتی ڕەگەزەکانی نێو سروشت، لەوانەش پایز و گوڵ و زۆری تریش، لە پرۆسەی خەیاڵ و وێنای شیعری بێسارانیدا، دەمرۆڤێنرێن، واتە وەک مرۆڤێک پەیوەندییان لەگەڵ دەبەسرێت، ئەمەش لە نەریتی شیعری هەورامیدا پەیڕەو کراوە.

لەم هۆنراوەیەدا، شاعیر زۆر ئاسایی، باسی شتێکی بەرچاو و ئاسایی دەکات و دەڵێ : ١-گوڵە وەنەوشەیەک هەیە، لەسەرەتای بەهارەوە و لە سایەی چەتری چنارەکاندا دێتە دەرەوە .٢-لەوەختی باش و خۆشی خۆیدا دێت و نەرم نەرم هێورت دەکاتەوە تا خەولێخستن و وەک منداڵی ساوا سەری پێچراوە و مەستە لە تاو ناز و شەرما.٣-بەئاورنگی نەرم و وەک ئاورنگ نەرم، بە لەنجەولار و لەسەرەخۆ ، دەبێتە "بووم دۆز" فەرش چن و وەک فەرش ڕاخستن سەوزایی ژێر درەختەکان ڕادەخات.٤-با، بۆنی خۆشی دەپژێنێ بەسەر زەویدا و، بۆڕ دەدات بە بۆنی میسکی چین و پێی دەڵێ تۆ دۆڕای.٥-شێوەی ئەو وەنەوشەیە ئەوەتا بەو خاڵەوە، ئەو خاڵەی لەسەر ئەو گۆنایە کە دەڵێی گوڵی ڕەنگاو ڕەنگە، هەموو دیمەنەکەش لە بەردی سوور و گرانبەهای لەعل دەچێت.

جگە لە دێڕی یەکەم، کۆی شیعرەکە وەسپی گوڵی وەنەوشەیە، لە خاڵی سەر گۆنای یار دەچێت، لێکچواندنی ئاوەژووە، ئەو گوڵەش : "بەرمەیۆ" سەردەردەهێنێت، میتۆنیمییە، لە سێبەری چەتری چنارەکانا، "چەتر" میتافۆرە و نیۆلۆگیزمە لە ڕووی دەربڕین و وێنەوە . لە دێڕەکانی دوو+سێ +چوار، هەمووی خواستنی سیفاتی مرۆڤە بۆ وەنەوشە، ئەمە بێجگە لەوەی، وەنەوشە لە "ساوایەکی

سەرپێچراو" دەچێت، لێکچواندنێکە سنوری باوی لە نەریتی شیعریدا تێپەڕاندووە . دەبێت بە فەرش چن، میتافۆرە، "با" بۆنی خۆشی دێنێت، ئەلیگۆریایە، بۆڕ دەدات -یش میتۆنێمییە . گۆنای گوڵ ڕەنگ کە خاڵەکەی پێوەیە، لە لەعل دەچێت، لێکچواندنە و لە نەریتی شیعریدا ئەو وێنەیە پەیڕەوکراو و باوە.

لە هەردوو هۆنراوەی (ڕەیحانی بێ گەرد...-ل٤٤٤) و (سۆسەن گوڵێ دیم...-ل٤٨٩) ، هاوشێوەی ئەوانەی سەرەوە سەرڕێژە لە تەکنیکی هونەری بەرز و لادانی ئاکتوالیزاسیا، لە یەکەمیاندا شاعیر مژدە دەداتە ڕەیحانە، کە زڵەیخای بێ گەرد شەبەقی و بەرەبەیانێک دەبێتە میوانت . لەسەر زەوی هەڵتدەکەنێ و دەتپێچێ لە زوڵفی بۆنخۆشی موشکینی . وێنەی زوڵفی چین چین دەتچنێ، زوڵفەکانی بۆن دەنێن بە بۆنتەوە، وەک ئاواتەخوازێک . لەسێ دێڕی کۆتاییدا (کە هەمووی ٨ دێڕە) ، شاعیر لە ڕەیحان دەپرسێت :بەخاتری هەق وەڵامم بەرەوە، بۆنی تۆ خۆشترە یا هی ئەو ؟.

ڕێحان وات : مادام لە منت پرسی و سوێندت دام بە (دانا) ی (بێ زەوال)، (واتە علیم و حی و لایموت)، هەروەها بە "شا"یەک کە "نەزایە و نەمەردەن"، واتە (نە لەدایک بووە و نەمردووە-لم یلد و نەمرە- بەکارهێنانی وێنە و زەمینەی ئایدیای ئاینی و داڕشتنەوەی لە بونیادێکی نوێدا)کە هەمووی سیفاتی خوایە، هەر لە بنەڕەتەوە منیان لە خۆشی زوڵفی ئەو دروستکردووە، ئیتر خوایە یان ئەوەی چاندوویەتی، ئەمەش فەزڵدانی جوانی زڵەیخایە بەسەر جوانی ڕەیحانەدا، بەڵام کۆتایی ئەمەیان جوانیەکەی بەرجەستە ترە بە هۆی تەکنیکی پێشخان و بەنامۆکردنەوە، بە گشتی دەیان نموونە لەم شیعرە و لە شیعری لاپەڕەی دواتریش لە دیوانەکەیدا کە هەربۆ ڕەیحانە وتراوە، بە ناونیشانی "ڕێحانێو مەبۆ..." یە، دەیان هونەری ڕەوانبێژیی نوێ و واتاو دەربڕینی پڕ لە جوانی نەخشاندووە، ئیتر لەوە زیاتر لەسەر چەمکی گوڵ نادوێین لای بێسارانی و "سۆسەن گوڵێ" و زۆر گوڵی نێو گوڵستانی دیوانەکەی بەجێدەهێڵین و ئاماژە گەلێکی کورت دەدەین بە هەندێک نموونەی شیعری لە ڕووی چۆنیەتیی بەرجەستەبوونی چەمکی پێشخان تێیاندا ...

بێسارانی لە چەند نموونەیەکی شیعرەکانیدا زاراوەی "منداڵ" دەهێنێ و واتا و وێنەیەکی نوێی دەداتێ . لە شیعری (ئاخ پەی منالّی ...ل٩٤) ، ئاوات بە منداڵی دەخوازێت، چونکە شتانێکی کردووە و چێژگەلێکی وەرگرتووە کاتێک چووەتە باوەشی جوان و نازداران، کە ئەمانە هی تەمەنی گەورەن، بێگومان بێسارانی و هیچ کەسیش لەو تەمەنەدا ئەو هەست و ئارەزووانەی نییە، بەڵام وەک شاعیرێک، چ لەبەر کلتوری باوی کۆمەڵ، لەوەش زیاتر لە پێناو تەکنیکی بەرهەمی هونەری، پەنا دەباتە لای تەمەنی منداڵی کە کەسی بەرامبەر لە بری تۆمەتبارکردنی، چێژی لێ وەردەگرێت . لە شیعرێکی دیکەدا (ئەوسا کە تڵف بیم...)، کە تەنیا دوو بەیتە، دەڵێت:

ئەوسا کە تڵف بیم، ئەوسا کە تڵف بیم ***چ خاس وەشیم بێ ئەوسا کە تڵف بیم

مەحرەم حەڵقەی کلاَفەی کڵف بیم *** گوستاخ خەرگەی لەرزانە و زڵف بیم (بێسارانی ١٣٩٦ :١١٩).

ئەزانین کە "تڵف" وشە بەهەڵە ڕۆشتووەکەی (طفل) ی عەرەبییە و لە زمانی عام و عەوامدا بەکاربراوە لادانی مۆرفۆلۆگییە، بەلاَم بێسارانی بۆ بەرجەستەکردنی ئەو تەمەنە و تا بەرامبەرەکەی گوێقوڵاخ بکات کە بزانە من لەو تەمەندا چ "گوستاخ"ییەکم، واتە چ  سەرەڕۆییەکم کردووە ، ئەو بژاردەیە لە بری وشەی منداڵ هەڵدەبژێرێت و ئەمەش بەنامۆکردنەو ڕوشاندنی وشەی منداڵە لە زەینی گوێگر و خوێنەر بە بەکارهینانی یاخود بە بەنامۆکردنی وشەکە بە تڵف، کە هەمیشە لە هەورامیدا وشەی تڵف بۆ کەسی بێ گوناە بەکاردێت!.لە دێڕی دووەمدا، پێمان ئەڵێ بۆچی لە خۆشیا بوو، "خۆشی " نەک "شادی"، چونکە یەکەمیان بۆ چێژە و بێسارانی ئەزانێ چی ئەچنێ، پاشان زۆر بە وردی و لەڕووی فۆنۆلۆگییەوە، دەنگی (ف) بەهۆی تەکنیکی "تەریبی"بوونەوە چنیووە و چیژێکی ئاوازیی داوە بە گوێمان کە کەمەندکێشمان دەکات، لە هەمان کاتدا ستراتیژی کۆنسێپتی پێشخانیشی بەدیهێناوە، ئەمەیە کە لە سەرتاوە دەمانووت کۆنسێپتەکانی شێوازناسیی نوێ لە هەندێ سنووردا ئاوێتە دەبن و یەکتری ڕەنگنتر دەکەن . ئەگەر بە دیققەتەوە سەرنجی "مەحرەم حەڵقەی کلاَفەی کڵف بیم"بدەین : "حەڵقە" ئەڵقەی دەرگایە، "مەحرەم "، ئەو کەسەی کە بە مەحرەم دەزانرێ و کلیلی قفڵی ئەو حەڵقەی دەدرێتە دەست و یەکێک لە گریمانە زاڵەکان : ئەو کەسەیە کە بە مەحرەم دەزانراو کلیلی "کەعبە"ی دەدرایە دەست و هەموومان ئەو چیرۆکەمان بیستووە کە هۆزەکانی قورەیش تا ئەمڕۆش بە دوای شەرەفی ئەو متمانەیەوەن .بێسارانی لە بەر تڵفبوونی،  متمانەیان پێ کردووە و چووەتە باوەشی نازداران و دەستی گرتووە بە حەڵقەی زوڵفیانەوە،  ئەمە دەچوێنێ بە دەستگرتن بە ئەڵقەی کەعبەوە ...بەلاَم من "گوستاخ" بێ باکانە، لە مەیدانی "خرگەی"ی لەرزانە(مەبەستی مەمکی جوانەکانە) و زوڵفیاندا بزواو بووم .جگە لەوەی وێنە شیعرییەکە میتافۆرە و لە لووتکەی داهێناندایە "کلاَفەی کڵف" و لە حەڵقە دەچێت، "گوستاخ" وشەیەکی فارسییە و بەکاربراوە چونکە زۆر ورد مانای (بێ باک و سەرەڕۆیی) بەرجەستە دەکات و "خەرگە" و لەرزانە"ش ئەلیگۆریان . هەر لە جوغزی مانای نوێ بەخشین بە منداڵ و جیهانی منداڵی لە شیعری "دڵ زەمینەوە " لە لاپەڕە (٣٨٢)، دڵی خۆی دەچوێنێ بە منداڵێک کە وڕک دەگرێ بۆ خاڵی جوانێک و بێسارانی دەکەوێتە گفتوگۆ و نەسیحەتی دڵی دەکات کە پێ دەکوتێ بە زەویدا و ژێر نابێتەوە.لە کۆتاییدا ئەم دوو شیعرەیش "قیبلەم ! نەخاوم "، قیبلەم بۆ نایەیتە خەوم ! (ل٥٧٥)، یان ئەو شیعرەی (ل٣٥٦) ی "چوون جەماڵشەن " کە شاعیر هەموو سیمبوڵ و هەنگاوەکانی مەراسیمی حەج و کەعبەیان تێدا بەکاردەبات تا بە شوێنێکی جوانی یاری بچوێنێ،  شایانی ئاوڕدانەوەن،  بەلاَم ماوای توێژینەوەکە بە بەرییەوە نییە.

## ٢-چەمکی پێشخان (foregrounding) لە لیریکی سەییدیدا:

شیعرەکانی سەییدی لە ڕووی شێوازەوە، هەڵگری تایبەتمەندییەکی زەقن . بێگومان ئەم کۆنسێپتە لە شیعرەکانیدا بە جۆر و ئاستی جیاواز دەردەکەون، هەوڵدەدەین چەند نموونەیەک لە شیعرەکانی بەئامانجی شیکاریی شێوازناسییانە و لە جوغزی کۆنسێپتی پێشخاندا وەربگرین و تاوتوێیان بکەین...

سەییدی زۆر شیعری هەن بەسەر "شیرین"دا، یەکێک بووە لە یار و خۆشەویستەکانی، ئێمە لێرەدا شیعری (شیرین خاڵت بام..) کە بە کێشی دە بڕگەیی (٥×٥) و لە دیوانەکەیدا دە بەیتە، بەڵام تەنیا شەش دێڕی دەخەینە ڕوو، کە دەڵێت:

١-شیرین خاڵت بام، شیرین خاڵت بام *** فیدای دانەی موشک شیرین خاڵت بام

٢-سەرگەردی لەبان وێنەی لاڵت بام *** قوربانی بەیان لیمۆی کاڵت بام

٣-شەیدای شێوەی ڕەند پەری سامت بام ***دێوانەی ڕوخسار جەمین جامت بام

٤-زام زەدەی کەمان ئەبرۆی چەفتت بام *** حەیرانی خەرام شیرین ڕەفتت بام

٥-مەخمووری دیدەی مەستی سیات بام *** بێ هۆشی نیگای بە ناز دیات بام

٦-شیرین یە چەندەن دڵ نە زەنجیرەن *** نە حەڵقەی تای زوڵف بەندەن، ئەسیرەن. (سەییدی ١٣٨٥ : ١٣٧).

نیوە دێڕی یەکەم، دووبارەکردنەوەیە لە پێناو بەرجەستەکردنی بابەتی شیرین و خاڵی، بەوپێیەی بونیادی شیعرەکە "شاعیر"ی عاشقە و "شیرین"، دەستپێکی وەسپیش بە فۆکوس خستنە سەر "خاڵ "دەست پێ دەکات، ئینجا کام خاڵ ؟ : ئەوەی لە میسک دەچێ لە بۆنخۆشیدا و شیرینە وەک خۆت . خاڵی شیرین لە میسک دەچێت لە بۆنخۆشیا، ئەوە لێکچواندنێکی ئاسایییە و وێنەیەکی باوە، بەڵام ئەو یاری کردنە بە وشەی شیرین، جارێ وەک "ناو" و جارێکیش وەک "هاوەڵناو"، پێشخانە بۆ زەقکردنەوەی ناوی یار . ٢- "سەرگەردی" واتە بەسەرگەردبم، میتۆنیمییە، هی "لێو"یش بێت نوێیە، چونکە بەسەرگەرد بۆ "سەر" وەک سیمبوڵی شوناسی مرۆڤ، باوترە، ئینجا ئەم لێوە لەجوانیدا لە "لەعل-بەردێکی گرانبەهای سوری یاقووتییە"دەچێت کە وێنەی باو بووە لە کلاسیکدا، بەڵام لە نیوەی دووەمی هەمان دێڕدا کە دەڵێت : قوربانی "بەیان"هەردوو بەهێ (مەمکت لە بەهێ دەچێت) دوو بەهێ میتافۆرە، ئینجا ئەم جوتە مەمکە کە لەبەهێ دەچێ، وێنەیەکی دیکەی لێ زاوە، لە "لیمۆی کاڵ" دەچێت، بەهێکانت لە لیمۆی کاڵ دەچن، لیمۆی کاڵ، میتافۆرە و وێنەیەکی جوان و نیۆلۆگیزمی خەیاڵی شاعیرە و بەنامۆکردنییەتی و وێنەیەکی بەرجەستەو زیندووی پێ داوە.٣-شەیدای شێوەت بم، میتۆنیمییە، کام

شێوه ؟ : شێوەی "ڕەند" جوان +پەری ئاسا +"سامت"جوانییەکی بە شکۆ، وەک هونەری ڕەوانبێژی، لێکچواندن هەیە لەنێوان یار و پەریدا، بەڵام لێرەدا سێ وێنە کە جوانی و پەریبوون و شکۆیە، پێکەوە کۆدەکاتە، خوڵقاوە و شاعیر ئامانجییەتی لە ڕێی پێشخان و بەرجەستەکردنەوە، مانا و وێنەکە بگات، لە نیوەی دووەمی شیعرەکەدا لەبری( شەیدای) نیوەی یەکەم، وشەی "دێوانەی"ی بەکاربردووە و لە بری (شێوە)، "ڕوخسار"ی بەکارهێناوە، هەروەکو چۆن (وەک دەیبینین) لەدێڕی دواتردا لەبری شەیدا و دێوانە، وشەی "حەیران"ی بەکاربردووە، هەموو ئەمانە بەدیهێنەری ئاکتوالیزاسیان و بەکارهێنانی ئەدەبی و تەکنیکی زمانی هونەرین . پاشان لە تەواوکردنی ئەو دێڕەدا دەڵێت : دێوانەی ڕوخسار و "جەمین"نێوچاوانت بم کە دەڵێی "جام"ە لەڕوونی و بێ گەردیدا، نێوچاوان لە ئاوێنە دەچێت، وێنەیەکی باوە لە کلتوری شیعریدا . ٤-برینداری دەستی ئەبرۆی "چەفتت" کەج و خوارت بم کە وەک تیری دەرچووی نێو کەمان منی بریندارکردووە، کە لێکچواندنێکی تەقلیدییە، حەیرانی ناز و لەنجەی شیرینی ڕۆشتنت بم، "خەرام"واتە لەنجە و لاری ڕۆشتن، بەڵام "شیرین"بێت، ئەوە میتافۆرە، ئەمە بێجگە لەوەی پێشووتر "برۆ" و کەمان یا تیری کەمان لێکچواندنن، ئەوەشمان بیر نەچێت وشەکانی "چەفتت" و "ڕەفتت"، "تەرییبی"ی مۆرفۆلۆگین و لە هەمان کاتدا هۆکاری بەنامۆکردنن .٥-"مەخمووری"واتە مەستی دیدە یا چاوە مەستە ڕەشەکانتم ...هەموو ئەو وشانە (فیدام)، (سەرگەردم)، (قوربانتم)، (شەیداتم)، (دێوانەم)، (زام زەدەم)، (حەیرانم)، (مەخمورم)، (بێ هۆشم ) ...هەموو ئەمانە کە دەرئەنجامی عیشق و بینینی جوانیی یارە، بە گشتی هاوواتا یان ڕاستتر بڵێین، جێ نشینی یەکترین و پێکەوە پارالێلن .٦-"دڵ" ئەلیگۆریایە لە ئەڵقەی ئەو "زوڵف"انەدایە کە وەک "زنجیر" وایە ، ئەمەش لێچواندنێکی باوە.

لە هۆنراوەیەکی دیکەیدا بە ناوی "گوڵ نەرگس"، باسی نەرگس دەکات کە لەخۆی بایی بووە و وا دەزانێ شانی داوە لە شانی "یار" و کەسێک نییە پێی بڵێ :تۆ چیت داوە لەمە و ئەمە کەی لە قیللەت و باری تۆدا هەیە؟، دەڵێت:

١-گوڵ نەرگس بە وێش، گوڵ نەرگس بە وێش *** شۆخی دیدە مەس مەنازۆ بە وێش

٢-کەسێوە دانا بواچۆ پەرێش *** تۆ جە هامشانی دیدەی یارت چێش!

٣-دیدەی مەستی یار مایەش هەر نوورەن*** نەرگس تۆ دیدەت نابینا و کۆرەن

٤-سا کە نەداری مایەی نووری چەم *** چەنی دیدەی دۆس پەی چێش مدەی دەم ؟

٥-شۆخی هەر لایەق دیدەی دیدەمەن *** چەم هەر ئی چەمەن، دەم هەر ئی دەمەن

٦-ڕشتەی قۆرەتەن، جە ئەزەل سیان *** نەک واچی بە مێڵ سورمەش تێ نیان

٧-نابینای بێ نوور، وێت چی مەزانی !؟ *** ئیتر چی کەری داوای هامشانی !؟

٨-"صەیدی" خۆ جە داخ ئی دیدەی مەستتش *** وەشی ئی دونیا بەرشی جە دەستتش.(صەیدی ١٣٨٥: ١٧٥).

بونیادی ئەم شیعرە لە بەریەککەوتنی نێوان گوڵی"نێرگس" و "شاعیر"ە ، چونکە نێرگس لافی ئەوە لێ دەدات، لە جوانیدا، شان دەدات لە شانی "یار"، واتە لایەنێکی دیکە هەیە و یارە، بەڵام پێگەی لەوە بەرزترە بێتە ئاستی ڕەدکردنەوەی بانگەشەکانی نێرگس و شاعیر (صەیدی) کە لە تاو دیدەی مەستی ئەو، دونیای لە دەست چووە، ئەو وەک دانایەک (کە دەڵێ دانایەک نییە)بە جوانیی یار، بەرپەرچی نێرگس دەداتەوە :١-گوڵی نەرگس بە خۆی، گوڵی نەرگس بە خۆی ...ئەم دەربڕینە، جگە لە لایەنە نەریتییەکەی دووبارەکردنەوەی دەستپێکی شیعر، چەند واتایەک لە خۆدەگرێت : نەرگس هەرخۆی سەرسامە بە خۆی، یا نەرگس هەرخۆی بە خۆی بێت، لە نیوەی دووەمدا: بەخۆیا دەنازێ، گوایە دیدەی مەست و خومارە، "دیدە مەس" بۆ نەرگس، میتافۆرە .٢-کەسێکی دانا نییە، بە نێرگس بڵێ (قسەکردن لەگەڵ نێرگس و پرسیار لێکردنی و تاوانبارکردنی بە لە خۆباییبوون، مرۆڤاندنە) : تۆ چیت داوە لە هاوشانی یار!؟، "هامشانی" میتۆنیمییە.

٣-لێرە بە دواوە دەکەوێتە بەراوردی "نێرگس" و فەزڵی "یار" بەسەر نێرگسدا :چاوانی مەستی یار، بنەڕەتی لە نوورە، بەڵام نەرگس تۆ، دیدەت "نابینا" و "کوێر" ن؛ "مەست" بۆ چاو، ئەلیگۆریایە، "مایە" یا دەست مایە و بنەڕەت، میتۆنیمییە، "نوور"، ئەلیگۆریایە بۆ ڕوونی و جوانی، هێنانەوەی ناوی نەرگس لە سەرەتای نیوە دێڕی دووەم، جەخت و سوکایەتییە پێی، دواجار بەکارهێنانی دوو وشەی هاو واتای "نابینا" و "کوێر"، بەرجەستەکردن و جەختکردنەوەیە بۆ سەلماندنی هەڵوەشاندنەوەی بانگەشە بێ بنەماکانی نێرگس، ئەمە بێجگە لەوەی لە ڕووی سینتاکسییەوە لادان و بەنامۆکردن هەیە :"بواچۆ پەرێش"، دەربڕینە باو و نۆرماڵەکەی (پێی بڵێیە)، یان دەربڕینی نیوەی دووەمی دێڕی دووەم، دەبوو بڵێ : تۆ چیت داوە لە هاوشانی دیدەی یار، کەچی بەو لادانەی سەرەوە دەری دەبڕێت ...هەموو ئەمانە تەکنیکی لادان و پێشخانن بە ئامانجی بەنامۆکردن .٤-"سا کە"، واتە(ئێتر کە وایە)، دەربڕینێکە مانای ئەوەی تێدایە : نێرگس، بەڵگەکانت هەرەسیان هێناوە لە ڕووی لۆجیکییەوە(لۆجیکی هاوکێشەی جوانی و هونەر) و تۆ تەواوبوویت، ئەم دەربڕینە حاڵەتێکی ئاکتوالیزاسیایە، واتە تەکنیکە و لادانی بەبنەمایە ...دەڵێ : سا کە تۆ نیتە دەستمایەی نووری چاو، بۆچی "مدەی دەم" واتە (دەم ئەکوتی) لە خۆ بەراورد کردنت بە دیدەی دۆست !؟.٥-بیسەر و خوێنەر بە بینینی وشەی "شۆخی" دەکەوێتە تێرامان لێی، چونکە بە مانای (شۆخ) و جوان دێ و هەروەها بە مانای (شۆخی) گاڵتەکردنیش ڕێی تێدەچێت، گرنگ ئەوەیە هەڵبژاردنی ئەو وشەیە لە نێو ئەو گریمانە و ئاڵۆزییەدا، تێرامانێک دروست دەکات و ئەمەش هونەرێکی بەنامۆکردنە ...ئەم شۆخ و شەنگییە هەر لایەقی "دیدەی دیدەمە"، واتە چاوی چاوم، وەک چۆن دەڵێین (ڕۆحی ڕۆحم ) . لە نیوە دێڕی دووەم، چاو هەر ئەم چاوەیە و دەم هەر ئەم دەمەیە ...واتایەکی سادە

و بەڵام چەشنی دەربڕینەکە سەرنج ڕادەکێشێت بۆ جەختکردنەوە لەوەی : جوانیی یار بێ ڕکابەرە، ئەوە جگە لەوەی : "چاو" و "دەم" + "هەرئی" ، "هەرئی" + "چەمەن" و "دەمەن" ، پارالێلن و وەک چنراوێک و کۆیەک، بەنامۆکردنیان دروست کردووە .٦-"ڕشتەی قۆرەت"، ڕەنگڕێژکراوی دەستی "قۆرتە"، ڕشتە ئەلیگۆرِیایە، قۆرەتیش(قودرەتی خوا-یا قەدەری خوا) میتۆنیمییە، لە "ئەزەل" واتە لە بنەڕەتی بوونەوە (ئەمەش میتۆنیمییە) دیدەی ڕەشە ...وێنەی چاو ڕەش لە نەریتی شیعریدا باوە، بەڵام لە ئەزەلەوە ڕەش بێت، ئەوە دەربڕینی نوێ و واتای نوێ پێدانە و نیۆلۆگیزمە . وەک وتمان لە ئەزەلەوە ڕەش کراوە، "نەک واچی" بێ لەوەی هەر ئەو دەربڕینە سەرنج ڕاکێشان و لادانی تێدایە، چونکە نۆرماڵەکەی (نەواچی-نەکای واچی)یە...نەڵێی و وانەزانی بە "مێڵ" قەڵەمی چاو ڕەشتن، ڕەژراوە، دەربڕین و واتایەکی زۆر سادەیە، بەڵام وێنەکە هونەریی و چێژبەخش و سەرنجڕاکیشە و مایەی تێڕامانە.

٧-"نابینا"ی "بێ نوور"، نابینا ، جێنشینی (تاریک بینە) و لەگەڵ نوور ، پارالێل و دوالیزمی دژیەکن ...بۆچی خۆت نازانی !؟، پرسیار نییە بۆ وەڵامدانەوە و تەکنیکی سەرنج ڕاکێشان و بەرجەستەکردنە، کەوایە : ئیتر بۆچی دەکەی داوای هاوشانی!؟، ئیتر بۆچی دەکەی داوای هاوشانی، لادانی سینتاکسییەو ئەگەر زمانی باو بووایە، دەبوو بڵێ : ئیتر بۆچی داوای هاوشانی دەکەی...ئەمانەش هەموو لادانی ئاکتوالیزاسیان و بە نامۆکردنیان بەرهەم هێناوە .٨-لە کۆتایی و قفڵی شیعرەکەدا دەڵێ: ئەی خۆ تۆ نازانی، صەیدی لەداخی ئەو دیدە مەستە، خۆشی دنیای لەدەست چووە...لەدەستچوونی خۆشی دنیا، میتۆنیمییە و بەگشتی تەکنیکی دەربڕینەکە، بەنامۆکردنە.

بێگومان، هێندەی بڕ و قەبارەی دیوانەکەی، نموونەگەلی زۆرمان بەردەستە و ئێمە پانۆرامای گولبژێریکی دەکەین.

وشەی "جاسوس" لە هۆنراوەکانی سەییدیدا، لە ڕووی بەکارهێنان و بەخشینی واتا و وێنەی نوێوە، جێگای سەرنج و بەرجەستەبوون و مایەی جوانییە . لە دێڕی دووەمی هۆنراوەی (چراغی سەروەخت) ی دیوانەکەیدا کە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی موحەمەد ئەمینی کاردۆخییە، دەڵێت : خەزان پەی فەسڵ پایز نەویدەن *** جاسووسی پیری، "موویی سفیدەن" . (صەیدی ١٣٨٥: ٥٤).

"خەزان" ئەلیگۆریایە بۆ پایز، "نەوید" وشەیەکی فارسییە و بە دیالێکتی هەورامی کوردێنراوە و لادانی مۆرفۆلۆگی بەسەردا هاتووە و لە هاوەڵناویشەوە بووەتە کار . "موویی سفید" مووی سپی، جاسوس و سیخوڕی هاتنی پیرییە . لەنێوان نیووەی یەکەم و نیوەی دووەمی بەیتە شیعرییەکەدا لێکچواندن هەیە : هەروەک چۆن خەزان و وەرینی گەڵا، بەڵگەی هاتنی پایزە، بەهەمان شێوە سپی بوونی موو، جاسووسی هەواڵ بەرە بۆ هاتنی پیری ...(مووی سپی) و (پیری) و (جاسووس)یش بە مانای فەرهەنگی خۆیان هاتوون، بەڵام جاسووسە و هەواڵ دەدات بۆ هاتنی پیری، وێنەیەکی نیۆلۆگیزم و لادان لە باو و پێشخانە و لە لوتکەی جوانیدایە.

لەهەمان دیوان و لە شیعری (نەورۆز گوڵ) دا، ئەو وشەیە دەخاتە کۆنتێکستی بونیادی ئەو تێکستەوە و دەڵێت:

نەورۆز گوڵ جاسووس گوڵانی تازەن *** وەهار کیانان، مزانی وازەن . (صەیدی ١٣٨٥ :١٨٢).

واتە: گوڵی نەورۆز، جاسووسی پێشووەختە بۆ هاتنی گوڵە نوێکانی تر، بەهار ناردوویەتی تا مژدەی هاتنی بڵاوبکاتەوە . زیادەڕەویمان نەکردووە ئەگەر بڵێین : لوتکەی چنینی هونەری و بەرجەستەکردنی جوانییە لە دەربڕین و شێوەدا . "نەورۆز" لەڕووی لێکسیکییەوە، واتە ڕۆژی نوێ، بەڵام بووەتە سیمبول بۆ یەکەم ڕۆژی بەهار، لە هەمان کاتدا، ناونیشانی داستانی قارەمانییەتیی سەرکەوتنی کاوەیە بەسەر ستەمکاریدا، سیمبولی دەستپێکی ئەم سەرکەوتنە، ئاگرکردنەوە بووە، سەییدی سوود لەم زەمینە وێنەییەی ناو زەینمان وەردەگرێ و دەرکەوتنی وردە گوڵەکانی سەرەتای دەسپێکی بەهار، واتە نەورۆز، دەکاتە مەشخەڵ و سیمبولی هاتنی کۆی گوڵەکانی دیکە ...لە نیوەی دووەمدا دەڵێ : بەهار (کە ڕاپەڕینی دژ بە ستەمی زستان بەرپاکردووە) ئەم گوڵانەی وەک مژدە دەرێک ناردووە تا مزگێنی هاتنی بەهار بدەن.

"نەورۆز گوڵ" یا گوڵی نەورۆز لە "جاسووس" دەچێت، لێکچواندنێکە لە ترۆپکی نوێگەریدا، ناردنی "وەهار" و "مزانی" ئەلیگۆریان ...لە داستانەکەدا، ئاگر مەشخەڵە، بەڵام لای سەییدی گوڵ کراوەتە مەشخەڵ ...هەموو ئەمانە شەق و پەقکردنی زمان و وێنەی زەینی و زەمینەی مەعریفی و زۆری دیکەیە و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی هەموو کەرەسەکانە لە بونیادێکی نوێدا کە ئەم تێکستەیە، هەموو ئەمانەش بە تەکنیکی پێشخانە بە ئامانجی بەنامۆکردن لە پێناو نوێکردنەوە و بەرجەستەکردنی واتا لای بەرامبەرێک کە باو و نۆرماڵ، هۆشیاری پەیپێبردنی خەواندووە، کۆی ئەم پرۆسەیەش ئافتۆماتیزاسیا نییە، بە لکو ئاکتوالیزاسیایە . ئەم موعجیزەی شێوازی دەربڕین لە پێکهێنانی زمانی ئەدەبیدا و بەهۆی تەکنیکە فرەجۆرەکانەوە دەینەخشێنێت، ئەو گێڕانەوەی ترێنس هاوکس(Terence Hawkes ١٩٣٢)مان لە کتێبی "میتافۆر" دا، لە بارەی ڕۆڵی کارای میتافۆرەوە لە هەردوو زمانی نۆرماڵ و خوازەوە، لەسەر زمانی خاتوو (نو ووتنی) دەهێنێتەوە یاد، دەڵێت " ((...بەڕای ئەو، لەبەر ئەوەی زمانی شیعر لە فراوانبوونی زمانی باودایە، واتە "زمان کە تا دوا سنووری کشاوە و فراوان بووە "، لەم ڕووە وە، تەنیا زمانێک بەشێوەیەکی تایبەت دەبێتە "ئەدەبی کە " کشاو و فراوانبووە" و بڕیارە لە هەمان کاتدا لەسەر زیاتر لەیەک ئاست کاربکات : "بونیادێکی دەربڕین، تەنیا کاتێک ئەدەبییە، کە بابەتە باسکراوەکەی خۆی، لەهەمان کات و چەندین ئاستدا بخاتەڕوو؛ یا لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، دەربڕینێک کە بونیادێکی واتایی لەخۆگرتووە، زیاد لە ڕۆڵێکی هەبێت "...لەم هەلومەرجەدا، بێگومان تایبەتمەندیی بنەڕەتی ئەوە میتافۆرییە . کەواتە میتافۆر یەکێکە لە ڕێگاکان، و پێدەچێت گرنگترینیش بێت لە "فراوانکردنی"زماندا)) .(هاوکس ١٣٩٠ :١٠٦).

له هۆنراوەکانی ڕیزبەندی پیتی (ک)دا، یەکەم شیعری بەناوی (کاتێت زانا...) یەو تەنیا دوو بەیتەو کێشی پەنجەی (٤X٤) هەشت بڕگەییە و دەڵێت:

کاتێت زانا، گێرەم قارە *** پێسەو "موسا"ی عەسام شارە

"ژیوار" م کەرد " زرێبار"ە *** "نیشات" ئەر بەی تۆم پەی نارە .(صەیدی ١٣٨٥ :١٦٨).

پەیڕەوانی ئایینە ئاسمانییەکان، چیرۆکی موسا و فیرعەونیان لەبەرە و "عەسا"کەی موسا و "لەتکردنی دەریای نیل" بە ئامانجی ڕزگارکردنی نەوەی ئیسرائیل و بە زۆر موعجیزەی دیکەشی ئاشنان، سەییدی ئەم زەمینە و وێنە زەینییانە بەکار دەهێنێت بۆ گەیاندنی مانا و مەبەستی گینگڵخواردووی ناو خەیاڵی شیعری و داهێنەرانەی خۆی و بە خۆشەویستەکەی دەڵێت : ئەگەر تۆم نەدەنێ، هاکا وەکو موسا "گێرەم قارە" تورە دەبم و دێی "ژیوار" (کە نیشاتی لێ ئەژی)، ئەیکەمە "زرێبار" کە (دەریاچەیەکە لای مەریوان) . بەگشتی هەموو وشەکان، بەمانای فەرهەنگی خۆیان بەکارهاتوون، بەڵام لەم بونیادەدا بوونەتە مایەی داهێنانی واتای نوێ . موسا دەریای نیلی لەتکردوە و منیش وەکو ئەو تورە دەبم و موعجیزەکەی دەنوێنم . سەییدی جگە لە بەکاربردنی وێنەی چیرۆکە کە، لە پێناو نوێگەری و تێکشکاندنی ئەو وێنە تەقلیدییە زەینی وەرگر، دەڵێ :"ژیوار" کە وشکانییە، دەکەمە "زرێبار" کە دەریاچە و ئاوە، بە پێچەوانەی موساوە، نیلی کردە وشکانی . لەهەمان دووبەیتدا، لادانی سینتاکسی هەیە، بۆ نموونە : نیو بەیتی دووەمی دێڕی دووەم، دەبوو پێش نیو بەیتی یەکەم، واتە پێچەوانە بووایە . هەروەها "گێرەم قارە" لە نۆرماڵدا (قار گیرو) ە، ئەمە جگە لە لادانی مۆرفۆلۆگی کە "شارە"ی کۆتایی بەیتی یەکەم، "شانا –شانای"یا و لە بونیادی شیعرەکەدا و لە پێناو کێشی شیعرەکە، ئەو شێوەی وەرگرتووە و بیریشمان نەچێت ئەو نموونەی "ئاو" و"وشکانی"انەی لای موسا و سەییدیش، دوالیزمی دژیەکن...ئەموو ئەمانە، بەنامۆکردنن بە ئامانجی ئەدەبییەت.

لە لیریکی (یاران کێ دیەن)دا کە شەش بەیتە و لەسەر کێشی پەنجەی دە بڕگەییە، تیشکۆ دەخاتە سەر وشەی (خەم) و (١٦) جار لەو شیعرەدا هێناویەتی، بە دەربڕینەکانی : "ڕشتەی خەمان"، "زەڕەی خەم" ، "ڕۆحی خەمناک" ، "ئەسڵم جەخەمەن" ، "جە خەم بیەنا" ، "دەرسی خەم وانام و دەرسم هەرخەمەن و خەم مەوانوو" ، "خەم چەنی خەم مەبۆ ساکن" ...هەموو ئەمانە کارکردنە لەسەر ئەو وشەیە و هەرجارەو مانایەکی نوێی دەداتێ . شیکاریی ئەم شیعرە و زۆر نموونەی دیکەی بەردەستمان، بە کراوەیی دەهێڵینەوە بۆ توێژینەوەی دیکە، بەڵکو بتوانرێت لە دەرفەتی دیکەدا کار لەسەر ستایڵی بکرێت و ئێمەش بەم چەند نموونەیە کارایی ئەم کۆنسێپتەمان لەدەرخستنی هەندێ ڕەهەندی ئیستێتیکی سەییدی خستبێتەڕوو.

### ٣ -چەمکی پێشخان (foregrounding) لە لیریکی کۆماسیدا:

ئەحمەدبەگی کۆماسیش کە شیعرەکانی بەشێکی پڕ بەهای شیعری گۆرانی (هەورامی) و ئەدەبی کوردیین، بەگشتی لەو بەرهەمانەن کە لەگەڵ میتۆدی ئەم نامەیەدا دێنەوە و شیاو و گونجاوی کۆنسێپتەکانین، بۆیە بە یەکێک لە هۆنراوەکانی بە ناونیشانی "فەلەک بەردەنم" کە بە کێشی سیلابیی (٥x٥) برگەییە، دەست پێ دەکەین:

١-فەڵەک بەردەنم فەڵەک بەردەنم *** ڕاسەن سوجدەی دەیر تەرسا بەردەنم

٢-دەستم دامانت دیدەم و لەیلات *** وادەی وەفاتەن ئێزهار کەر وەفات

٣-وەختێ مەورام و ئەلحەد سەرای نۆ *** جە داخ تووە مشووم و گڵکۆ

٤-جە بۆنەی کارێ ، شای وەفاداران *** قەدەم رەنجە کەر وە سەر مەزاران

٥-هەر قەبرێ دوودش نەعەرش ویەردەن *** تەپ و دووی دووکەڵ عاڵەم قڕ کەردەن

٦-بزان و تاقی مەزار منەن *** ئەو دوو دووی دڵەی ئەوگار منەن

٧-نەواچی مەمات نە سەرای گڵکۆن *** حەیات و مەمات ، ئاما و لوای تۆن

٨-بخرامە و ناز و سەر جەنازەم *** بکەرۆ حەیات ، مەمات تازەم

٩-ساتێ مەدارکەر نە پای مەزارم *** گۆش دەر و ناڵەی دڵەی ئەوگارم

١٠-تا داد و بێداد ، هێجران باڵات *** مەحروومی دیدەم نە گەرد پاڵات

١١-نە مانۆ نە دڵ عەرز کەرۆ وە تۆ *** با نەشۆ وە حەشر، چون شی وە گڵکۆ

١٢-"ئەحمەد" دەرد دڵ ئەر واچۆ وە تۆ ***سەر ئازاد مەبۆ نە سەرای گڵ کۆ . (کۆماسی ٢٠١٢ :٢٧).

بونیادی پێکهێنەری ئەم شیعرە، لەسەر سێ کوچکەی :"شاعیر-عاشیق"، "فەڵەک-خوا"، "یار-لەیلا" یە، لە سێ دێڕی سەرەتادا، عاشیق ڕووی دەمی لە فەڵەک-ەو، داواکاری هەیە لێی، لە بەیتەکانی دواتردا ئاخێوەر ڕووی لە یارە و لە گۆڕەکەیەوە خواستەکانی پێش هەستانەوەی ڕۆژی حەشری ئاراستە دەکات .١-لە نەریتی دوعاکردندا ، وا باوە مرۆڤی ئایندار بە خستنەڕووی تاوانەکانی خۆی و بەخشندەیی خوا دەست پێ بکات، کۆماسییش وا دەکات، بەڵام پارادۆکسەکە لەوێدایە : هەم داواکارییەکەی دژە نەریتی ئاینی و گشتییە، هەم تاوانەکەی کافربوونە بەئاینی خۆی و چوونە سەر ئاینی یارەکەی کە گاورە، وەک لە ترادسیۆنی ئەدەبی و مەعریفی ئەم ناوچەیەدا (شێخی سەنعان سیمبولی ئەم لادان و هەڵوێستەیە) . نیوبەیتی یەکەم دووبارەکردنەوەی خستنەڕووی کارەکەیەتی بۆ

فەڵەک کە شتێکم بردووە و لە نیوەی دووەمدا "ڕاسە" من "سوجدە-کە وەک زاراوە و شێوەی پەرەستن هی موسڵمانە" م بردووە لە "دەیر" کە پەرەستگاری گاورە ...سوجدە و دەیر سیمبولی دوو ئاینی جیاوازن، "ترسا"ش لە زەینی موسڵماندا چوونە سەر ئاینێکە کە نەسرانی و گاورە و هەزاران ساڵ ململانێ هەیە لە نێوانیاندا و ئەم کارە لای خوای موسڵمان هێڵی سوورە...بەڵام بەهەرحاڵ من ئەمەمکردووە...کۆماسی داستانە دڵدارییە فۆلکلۆرییەکە و سرووتی دۆعاکردن و چەمک و سیمبولەکانی ئەمانەی وەرگرتوون و لە بونیادێکی نوێدا داڕشتوونەتەوە، بە سوود وەرگرتن لە تەکنیکی پێشخان بە نامۆی کردوون و چەشنێک نیۆلۆگیزم و داهێنانی دەربڕینی ئەدەبیی بەرجەستەکردووە.٢-ڕاستە ئەمەم کردووە، بەڵام "دەستم دامانت" ، "ئاگات لە چاوم و لە لەیلا بێت" ، هەردووکی (میتۆنیمیی)ن ، ئەوە جگە لەوەی لەیلا لە چاوم بۆ گرنگترە تا داوا بکەم ئاگات لێی بێت . لەنیوەی دووەمدا دەڵێ : ساتی "وەفاتە" و تۆش "وەفا"ت بنوێنە، دووجار هێنانی وشەی وەفا کە یەکەمیان (مردن) و دووەمیان بەهای وەفاداربوونە (کەجێی پرسیارە، فەڵەک -خوا ، وەفاداربێت ، بەڵام لەترادسیۆنی ئەدەبیاتی عیرفانیدا ئەو چەشنە دەربڕینە باو و ئاساییە)، بە ڕەوانبێژییە بۆماوەکەی خۆمان، ڕەگەزدۆزی تەواوە و لە ستایڵناسیی نوێشدا ، پارالێلە و جۆرێکە لە بەنامۆکردنیش، ئەمە جگە لەوەی وشەی "ئێزهار" لەوێدا لە خۆوە نەهاتووە و شکۆی تێدایە بۆ کارێک کە خوا دەیکات .٣-لەم دێڕە (جگە لە ڕاکەی سەرەتامان، ئەوەشی لێ دەخوێنرێتەوە ئاخێوەر ڕووی لە لەیلا بێت)، دوو وشەی "ئەلحەد" و "گڵکۆ"ی تێدایە، یەکەمیان میتۆنیمییە بۆ ئەو بەردەی لە هەستانەوەی ناو قەبر دەدات لە نێوچاوان، دووەمیش(گڵ-کۆ)، سیمبولە بۆ کۆی ئەو گڵەی کە دەدرێت بەسەر مردوودا . ئەمانە و دەربڕینی "جە داخ تووە مشووم..." لە داخی تۆوە(ئیتر فەڵەک بێت کە لەیلای بە نسیب نەکرد یا لەیلا خۆی بێت وەفای نەبوو) دەچمە گۆڕ، هەمووی پێکەوە و لە بونیادێکی نوێدا چنراوە تا واتای نوێی نێو خەیاڵی شیعری و جوانی شاعیر بەرجەستە بکات . چڕی و قووڵی بیر و داهێنانی خەیاڵی شیعری شاعیرە کە شێوازی تۆکمە و تایبەت دەداتە شاعیر، شێواز و ستایلی باڵا لە خۆوە نایەت، وەک نیمایوشیج دەڵێت :((...پێشتر بۆم نووسیبوون، هەرکەس بە ئەندازەی "فیکر"ی خۆی، "وشە" ی هەیە و لە دووی وشە دەگەڕێت ."فیکر" دەزێ، بەڵام "وشە" نازێ، مەگەر لەگەڵ فیکر . شیعرگەلێک کە فیکریان تیدانییە (تلفیقات)ی نوێشیان تێدا نییە ...)) (یوشیج ١٣٨٥ :٥٨).٤-"شای وەفاداران" ئەلیگۆریایە بۆ لەیلا، بە بۆنە و بیانووی کارێکەوە "قەدەم ڕەنجە کەر" میتۆنیمییە و بەواتای زەحمەت بەرە پێت و عەزیەت بکێشە و وەرە سەر مەزارم.

٥-هەر قەبرێکت بینی، دووکەڵی لە عەرش تێپەڕی بوو و چرە دووکەڵەکەی لە زۆریدا عالەمی قڕکردبوو...دووکەڵ و عەرش، هەردووکیان (میتۆنیمیی)ن، یەکەمیان بۆ سوتاندن و ئەشکەنجەدانی ناو قەبر، دووەمیشیان بۆ بەرزترین و دوورترین شوێن . "عالەم" ئەلیگۆریایە بۆ گشت خەڵکی، "قڕکردن" شێوەی ڕۆچوونە لە دەربڕیندا بۆ گەیاندنی واتای زۆر بێزارکردنی خەڵکی.٦-ئەو کاتە بزانە ئەوە مەزارەکەی منە، ئەو دووکەڵەش هی سووتانی دڵی منە ...هەردوو دێڕەکە لە هەردوو ئاستی وێنە و

دارشتنی نوێی واتا و دەربڕیندا، بەرجەستەبووی کۆنسێپتی پێشخانن.٧-نەڵێی مردن لە قەبرستانە، یاخود وا نەزانی لەسەر قەبرانم و مردووم و ئیتر نەیەیت بۆ سەر گڵکۆم، وا نییە، ژیان و مردنی من، پەیوەستە بە هامووشۆی تۆوە بۆلام . "حەیات و مەمات"، جگە لەوەی دووالیزمی دژیەکن، لەدەست خوادان، کەچی کۆماسی دەیخاتە دەس هاتوچۆی یار بۆ سەر قەبرەکەی.٨-هەر هێندەی بە لەنجەو لار و نازەوە بێتە سەر گۆڕم، حەیاتم مەماتم نوێ دەکاتەوە ، کە چەند مانایەکی هەن، زیندووم دەکاتەوە پاش مردنم، دەرفەتێکی دیکەی ژیان و مردنم دەداتێ، لە خۆشیی هاتنیدا زیندوو دەبمەوەو لەخۆشیشدا دەمرمەوە...هەموو ئەمانە گیانی نوێ و واتای نوێن بەبەری ئەو وشانەی لەڕووی لێکسیکییەوە سنووردارن، لەهەمان کاتدا هیچکام لەو وێنە و ئایدیایانە بە لۆجیکی ڕاست و هەڵە ناپێورێن، وەک موکارۆڤسکی (١٩٦٤) لە وتاری "ڕۆڵی خولقاندنی جوانی، نۆرم ، بەها ، وەک واقعییەتێکی کۆمەڵایەتی" دا، دەڵێت : (( "fictionality"لە ئەدەبییاتدا شتێکی تەواو جیاوازە لەگەڵ "communicative fiction" .سەرجەم ئەو پەیوەندییە زمانییانەی لە گوتاری چەشنی یەکەمدا دەردەکەون، لەوانەیە لە ئەدەبیاتیشدا ڕۆڵیان هەبێت، کە درۆ و نادروستی لە نموونەی ئەوا نییە . هەڵبەت، ئەم بابەتە، لێرەدا وەک ڕەگەزێکی بونیادی دەقەکە کاردەکات، نەک وەک ڕەگەزێک لە بەهاکانی ژیانی واقیعی کە بتوانێت بەدیهێنەری گرنگییەکی تایبەتی بێت ))، هەر لە ڕستەی دواتردا، موکارۆڤسکی نموونە بە (بارۆن مونشهاوزن) دەهێنێتەوە و دەڵێت : ((ئەگەر لە بنەڕەتدا کەسێکی وەک بارۆن مونشهاوزن هەقیقەتیشی هەبێت، ئەواپیاوێکی دووڕووە و گوتەکانی درۆیەکی ڕووتن، بەڵام پێویستە بزانین نووسەرێک کە مونشهاوزن و درۆکانی ئەوی خولقاندووە، کەسێکی درۆزن نییە و تەنیا نووسەرە، گوتەکانی مونشهاوزنیش، بەو شێوەی ئەو دایڕشتووە، کاردانەوەیەکی شاعیرانەن )) . (مۆکارۆڤسکی ١٣٩٤ :٨٣).

لە چوار دێڕی کۆتاییدا، داواکارییەکانی ناو گۆڕی بۆ لەیلا دەخاتە ڕوو:٩-ساتێ "مەدارکەر" ڕاوەستە (لە هەورامیدا "مدرای " و "مدرە" هەیە، بەڵام کۆماسی لادانی مۆرفۆلۆگی بەسەردا هێناوە و مەبەستی کەمێک ڕاوەستانە، "نەپای" بە واتای لای گۆشەی قەبرەکەم گوێ بدەرە ناڵە و هاواری دڵم.١٠-هەروەها گوێ بدەرە "داد و بێداد" ی "هێجران"ی "بالآت"، یەکەمیان میتۆنیمییە و دووەم و سێیەمیش (ئەلیگۆریا)ن. ١١-چونکە من مەحرومی بینینی "گەردپاڵات" خۆڵی پێڵاوەکانتم، خۆڵی پێڵاوەکان، ئەلیگۆریایە و مەبەست لەوەیە، تەنانەت تاسەی پەستترین شتت دەکەم کە تۆزی پێڵاوەکانتە...ئەوەش شایەنی وتنە، لە نەریتی شیعری تەقلیدیدا دەوترێت (گەردی ژێر یا بەر پێ) بەڵام کۆماسی (گەردی پێڵاو) بەکاردێنێت و پێڵاو بێ نرخترە لە پێ .١٢-هەموو ئەمانە بانەمێنن لە "دڵ"مدا، با ئەمانیش نەکەونە "حەشر" وەک چۆن کەوتنە گڵکۆ...حەشر، ئەلیگۆریایە و لەهەمان کاتدا لەگەڵ "گڵکۆ" جێنشینی یەکترن و پاراڵێلن.١٣- ئەحمەد (کە پێ دەچێت خۆشەویستەکەی کە ئەم تاسەی بینینی دەکات، ئەحمەد ناوێک بێت یا هەر ئەگەرێکیتر ڕێی تێ دەچێت)، ئەگەر من ئەم هەموو "دەرد دڵانە"بە تۆ (دەرد دڵ -میتۆنیمییە) بڵێم، لە ڕۆژی ساحەی هەستانەوەی گڵکۆکان (میتۆنیمییە بۆ ساحە و ڕۆژی مەحشەر) سەرم ئازاد دەبێ.

پەیوەست بە کۆنسێپتی پێشخانەوە، لە دیوانەکەی کۆماسیدا، ئاماژە بە بژاردەیەک لە کۆی گشتی نێو دوو هۆنراوەیدا دەدەین، بەڵام بەهۆی زۆری دێڕەکانەوە ناتوانین تۆماریان بکەین . یەکەمیان هۆنراوەی "سەردار سپای بێ وەفا و مەیلان"ە کە (١٧) بەیتە و لە لاپەڕە( ٨٨ )ی دیوانەکەیدایە.١-هەردوو دەربڕینی "سەردار سپا" و "سالار گرۆ" میتافۆرن، یار لەو دووانە دەچێت ."دڵ جەقین کەیلان "دڵ، ئەلیگۆریایە "کەیلە" لە قین، دڵی پڕ لە قین میتافۆرەو لە کەیل دەچێت کاتێک پڕاوپڕ شمشێری تێ دەچێت، شمشێریش سیمبولی تۆڵەیە، ئەگەرچی نەهاتووە، بەڵام "قین"هاتووە لەو دەچێت.٢-"رەقیب" ئەلیگۆریایە .٣-نەتهێنایەوە بەرچاو"ناوەردت وەچەم" +نەتهێنایەوە یاد"نەکەردت وە یاد"، ئیتر لەم دێڕە بە دواوە، جگە لە سەرجەم تەکنیکەکانی دەربڕین، بەراورد و وێنەی دژیەک پێکەوە دەچنرێت:٤- من جەفای تۆم کێشا"جەفا کێشان" میتۆنیمییە، بەبێ هیچ سوودێکیش "بێ سامان" سامان، ئەلیگۆریایە، بەڵام ئەو پەنجەی دامانی تۆی پێکا، ئاماژەیە بۆ ئەوەی پێت گەیشت .٥-من وەک بولبوڵ (لێکچواندنە) لەتاو دەرد دەم ناڵاند، کەچی ئەو وەکو باخەوان (لێکچواندنە) خونچەی وەصڵی برد، واتە نۆبەرەی ژوان، ئەو دوو وێنەیە و پێکەوە بەراورد و هاتنەوەیان وەک دژیەک، داهێنان و نوێگەرییان تێدایە و لادانە لە نەریتی باوی شیعری.٦-من دڕکی دووری چووە بە چاوانمدا و ئەو تەماشای گوڵی جوانیت دەکات. دڕک و گوڵ، دژیەکن و لەگەڵ "دیدە" و "تەماشا"، پاراڵێلن .٧-من بوومە مەجنوون و کەفەنم داوە بەکۆڵمدا، ئەو زاری لە سەر تاوڵەی لوتفی تۆ هەڵدا و قبووڵکرا . مەجنون سیمبولی عاشقێکی بێ ئاکامە لە کلتوری ئەدەبی ئەم ناوچەیە، هەڵدانی زار لەسەر تاوڵە، وێنەیەکی تەقلیدی باوە و هەمیشە بۆ حاڵەتی نێگەتیڤە، بەڵام لای کۆماسی (لێرەدا لە بەدبەختی ئەم)، تاوڵە بووتە مەیدانی لوتف و زارەکەش بە پەسەند هاتووەتەوە ...ئەمە وێڕای نوێگەری و جوانییەکەی، بەبەراوردکردن و دژهێنانەوەشی لەگەڵ خۆی یا مەجنوونی ناکام، گەیاندوویەتییە ئاستێکی باڵای جوانی.٨-بەهەمان شێوە من وەک فەرهاد، کێوم هەڵدەکەند، کەچی ئەو بادەی نیگای شیرینی دەنۆشی . ٩-دیسان سیمبول و دژهاتنەوە .١٠-من بوومە "ئاوارە" ی "عیشووە و نازت"کە وەکو "کۆ"کێو وایە (لێکچواندنە)و هەڵناگیرێ، ئەو بووە "مەحرەمی راز و نیاز" میتۆنیمییە بۆ "نیشتەجێ" و لەگەڵ ئاوارەدا دوالیزمی دژیەکن . من بێ بەهرە و کەوتمە شەڕ لەگەڵ خاڵت، ئەو بووە هاونشینی جوانیت، شەڕکەر دوالیزمی دژیەکی هاونشینە، واتە دۆستە .....بەم چەشنە وێنەکان یەک لە دوای یەک دەزێن و هەموو تەکنیکەکانی ڕەوانبێژی تەقلیدی و لادانی زمانی و وێنەی داهێنەرانە و دەربڕینی لە ئاستە جیاوازەکاندا لە خۆدەگرن لە پێناو بەنامۆ و بەرجەستەکردن تا واتا و مانا نوێکە بگەیەنن . ناوەڕۆک و شێواز پێکەوە و بەبێ دابڕان لەیەکتری بونیادێکی نوێ دەخوڵقێنن . مۆکارۆڤسکی لەم ڕووەوە دەڵێت : ((جیاکاریی نێوان "شێوە" و "ناوەڕۆک"، بۆ لێکۆڵینەوە لەبەرهەمی هونەری، ناڕاستە . لەم ڕووەوە، شێوەخوازی لە قوتابخانەی جوانیناسی و ئەدەبی ڕووسیدا، هەقیانبوو کە باوەڕیان بەوەبوو :تەواوی ڕەگەزەکانی بەرهەمێکی هونەری، بەبێ هیچ جیاوازییەک، بەشەکانی یەک شێوەن . بیرخستنەوەی ئەم خاڵە پێویستە کە : تەواوی بەشەکانی

بەرهەمێک بە یەکسانی هەڵگری مانا و بەهای جوانی باڵان و هەر لەبەر ئەمەیە بە بەشەکانی ناوەڕۆک ئەژمار دەکرێن . شیتەڵ و شیکاریی "شێوە" نابێت تەواو بۆ شیتەڵ و شیکاریی وێنەیی سنووردداربکرێت. هەڵبەت، لەلایەکی دیکەوە، دەبێت ڕوونبکرێتەوە، تەنیا کۆی بونیادی بەرهەم، نەک تەنیا بەشی "ناوەڕۆک"ەکەی، دەتوانێت لە تۆڕی پەیوەندییە کاراکانی لەگەڵ سستێمی بەهاکانی ژیانی مرۆڤەوە بچێتە ژوورەوە؛ سستمگەلێک کە چاودێری و هەژموونیان هەیە بەسەر ڕەفتاری مرۆڤەوە . هەر بۆیە، لە پێشتربوونی بەهای جوانیناسی، کە بە تایبەتمەندیی بنەڕەتی ئەژمار دەکرێت، بە بەراورد بە بەهاکانی دیکە، شتێکە لەپێشترە لە گرنگی و بایەخی دەرەکی . گرنگی و کاریگەریی بەهای جوانیناسی بەوە نییە کە بەها بەجێماوەکانی دیکە قووت دەدات و سەرکوتیان دەکات، بەڵکو بەوەیە : هەریەک لەم بەهایانە لە کۆت و بەندی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ بە یەکێک لە بەهاکانی ژیانەوە، ئازاد دەکات . لە ڕاستیدا، چەردەیەکی گشتی لە بەها خەزنکراوەکانی نێو بەرهەمێکی هونەری، لە شێوەی گشتێکی پتەودا دەردەهێنێت، کە ئەم گشتێنە بە کۆمەڵێکی کامڵی سستێمە بەهاییە تایبەتەکەوە، کە هێزی بزوێنەری ژیانی مرۆڤ پێکدێنێت، پەیوەستە...)) . (مۆکارۆڤسکی ١٣٩٤ :٨٧-٨٨).

دووەمیان، لەلاپەڕە (١١٥) ی هەمان دیواندا، چامەیەکی هەیە بەناوی (ئازیز نەزانام)، (٣١) دێڕە و لێرەدا تەنیا بژاردەیەک لە کۆتاییەوە هەڵدەبژێرین بۆ شیکاری:

٢٨ -تیرەکەت مەرهەم شەفای دەردمەن *** دەردەکەت دەرمان ئاهی سەردمەن

٢٩ -دووریت راحەتی، هێجرەت شادیمەن *** فێراقت مایەی دڵ ئازادیمەن

٣٠ -وەسڵت خۆ سەرمەشق زێندگانیمەن *** حوسنت شەرح شەوق کامەرانیمەن

٣١-بەڵام ئازیزم چینەی زیاتەر *** مەتاوو گرتەی ڕای دووری نەوەر . (کۆماسی ٢٠١٢ :١١٩).

ئەم چەند دێڕە، تەونێکە لە دوالیزمی دژیەک و پارادۆکس و هونەری ڕەوانبێژی و دەربڕین و واتای نیۆلۆگیزم، بە ئامانجی سەرنجڕاکێشانی بەرامبەر و هۆشیارکردنەوەی لە خووەپێوەگرتن بە پێشخانی زمانی و بەنامۆکردن و ئاکاتوالیزاسیا.

لەیەکەمدا:"تیر"کە مایەی برینە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە یارەوەیە، "شیفا"ی دەردەکانمە و"دەردەکەت" کەخۆی نەخۆشییە، کەچی "دەرمان"ی ئاهی ساردمە . (تیر و شیفا)، (دەرد و دەرمان) دوالیزمی دژیەکن، ئەوەی تیر مایەی شیفایە و دەرد، دەرمانە، ئەوەش پارادۆکسە، ئاهی سەردیش، میتۆنیمییە . لە دێڕی دووەمدا : "دووری" و "هێجرەت" و "فیراق"، هەروەها "ڕاحەت" و"شادی" و"ئازادی" جێنشین و هاوواتان و پارالێلن، ئەمە وێڕای ئەوەی هەرسێکیان پارادۆکسن و "دڵ"یش لەوێدا ئەلیگۆریایە ...بەگشتیش چنینێکن لە بەنامۆکردن . لە دێڕی سێیەمدا : وەسڵ و حوسن +مەشق و شەوق

+زێندگانی و کامەرانی، پارالیڵ و جێنشینی یەکن . لەدوا دێریشدا بەڵام ناتوانم لەمە زیاتر ڕێگەی دووری بگرمەبەر ...ڕێگەی دووری –ش (میتافۆرە).

لەکۆتایی ئەم پارەدا، ماوەتەوە بڵێین، شیعری ئەم سێ شاعیرەمان، جگە لەوەی زەمینەیەکی بەپیت بوو بۆ بەرجەستە و پراکتیککردنی کۆنسێپتی پێشخانی زمانی، لە هەمان کاتدا پێوەرێکیش بوو بۆ سەلماندنی باڵایی ڕەهەندی ئیستێتیکیی لیریکی سێ شاعیرەکەمان کە لە دوو پاری دواتردا شیکاریی شیعری و تەتەڵەی دوو کۆنسێپتەکەی دیکە دەکەین.

# پاری دووەم

## پاراڵێلیزم (parallelism –تەریبی) لە لیریکی بێسارانی و سەییدی و کۆماسیدا

### ڕاڤەی تیۆری و پێناسەی چەمکی پاراڵێلیزم (تەریبی):

لەو دەمەوە (سۆسێر) لە زمانناسی گشتیدا ، جیاوازیکرد لە نێوان"langue" ڕێسای باو و گشتی زمان و "parole" دەرکەوتنی خودییانەی ئەو زمانە لە قاڵبی گوفتار و دەربڕیندا، بەشێوەیەکی سەرەتایی چەمکی شێوازناسییانە بۆ دەق کەوتە سەرڕێ . میتۆدی شێوازناسی کە زادەی سەردەمێکە زانستی ئەزموونگەری تێیدا باڵادەست و خاوەن هەژموون بوو، پرەنسیپ و چەمکی بنەڕەتی و زانستی بەرجەستەی خۆی هەیە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی چی هونەرییە و کامە ئەدەبییەتە و لەوانەش شیکاریی دەق . ئێمە لە پاری پێشوودا، چەمکی یەکەممان لە لیریکی سێ شاعیرە هەورامییەکانماندا تاقیکردەوە . لەم پارەشدا، هەوڵدەدەین چەمکی دووەم "پاراڵێل" ئەزموون بکەین . سەرەتا لە چەند دید و گۆشە نیگایەکەوە ئەم پرەنسیپە دەناسێنین:

لە "موسوعة البلاغة" دا هاتووە : ((زاراوەی (parallelism) بەم دەربڕینەی ئێستای، بۆ سەدەکانی دوایی و هاوچەرخ دەگەڕێتەوە و لە ڕەوانبیژی دێریندا بەرچاوناکەوێت . زاراوەکە بە گشتی ئاماژەیە بۆ چەردەیەک لە دیاردەی بەکارهێنانی زمانەوانیی لۆژیکی کە لە دەرکەوتنیدا بۆ دوو لایەن دابەش دەبێت، یەکەمیان ڕووکار و شێوەییە و دووەمیشیان ئاماژەیی و واتاییە ؛ هەر ئەم زاراوەیە لە سەدەکانی دێرینی یۆناندا بە (parison) و (parisosis) دەربڕاوە و دانانی ئەم دوو زاراوەیە لە نێو هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا، بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەیە بۆ هونەری پۆلێنکردنی دەربڕینەکان یان ڕستە زارەکییەکان بە شێوەیەکی هاوسەنگ و هاوتا کە لە ڕێیەوە دەتوانین بەراوردی یەکەکانی بکەین . لە ڕوانگەی زمانەوانی و شێوەییەوە، بونیادی ئەم دیاردانە لە دوو بابەتەوە سەرچاوە دەگرن : یەکەمیان، پێکهاتەی ڕەگەزەکانی ڕستە و ڕێکخستنیان لە ڕووی شێوەوە و بە شێوەیەکی یەکسان، دووەم ، دابەشکردن و دانانی خودی ئەم شێوانە لە دوو پێگە و شوێنی (پاراڵێل) تەریب لەو جوغزەی کە کۆی دەقەکە یان بەشێکی لەخۆی دەگرێت)) . (أ.سلوان ٢٠١٦ : ٨٨).

فەرهەنگی فارسیی ((نظریه و نقد ادبی)) بەم ناوانە (مماثله، موازنه، مقارنه، همسنگی) (parallelism) ناوزەدی کردووە و بە کورتی ناساندوویەتی کە : (( هونەرێکە، لە شیعر و پەخشاندا دەربڕین و ڕستەی هاوشێوە لە ڕووی مانایی ڕێزمانی و پێکهاتەییەوە دیاری دەکات)) . (سبزیان+کزازی ١٣٨٨ :٣٦٩).

سیما داد لە فەرهەنگەکەیدا بەم جۆرە ڕوونی دەکاتەوە : ((تکرار نحوی، موازنە، نثر مرجز "parallelism" دووبارەکردنەوەی زمانی، ئەوەیە کە تایبەتمەندیی ڕێزمانیی بەشێک یا ڕستەیەک لە ڕستەکانی دیکەدا دووبارە ببێتەوە و ببێتە هۆی هێنانەکایەی قەرینەی زمانی . کاریگەریی ئیستێتیکایی ئەم قەرینەسازییە، دەرئەنجامی هێنانەوە (تداعی) یە کە لە ڕاگوزەری دووبارەکردنەوەی تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکانی بەشێک لە بەشەکانی دیکەدا دێتەکایە و دەبێتە هۆی چەشنە یەکبوونێکی نێوان بونیادی پێکهاتە قەرینەکان . دەرئەنجام ئەو بەشانە لە قەرینەکان کە هاو-کێش نین (پارالێلی ناتەواون)، پێکەوە بە بەڵگەی یەکبوونی ڕێزمانی، وەک هاوکێش دەبینرێن )) . (داد ١٣٩٠ : ١٥٧).

یوری لۆتمان، دامەزرێنەری ڕێبازی تیۆری "بونیادگەریی کراوە و تەواوکارانە" لە دەستپێکی پێناسەکردنی تەریبییدا، ڕای دوو ئەدەبناسی پێشتر دەهێنێت، لە یەکەمیاندا دەڵێت : ((دەربارەی دیالێکتیکییەتی پارالێل لە هونەردا، ئا. ن .فیسیلۆڤسکی (پێشتر) ئاماژەی بەوە داوە کە : "مەسەلەکە دوومانیی ژیانی مرۆڤ و سروشت نییە، بەراوردێک نییە کە ئاوەز گریمانەی لێکجیایی شت و بابەتە بەراوردکراوەکان بکات، بەڵکو بەرامبەر (یەک) گرتنیانە بە نیشانەی چالاکییان " . بەم شێوەیە لە پارالێلدا بە پێچەوانەی دوومانی و لێکجیایی تەواوە وە، جەخت لەسەر حاڵەتی ئەنالۆگیی وەکیەکی (مجانسە ، مشابهە) دەکرێتەوە)) . (لۆتمان٢٠١٩ :١٧٥) . ئەنوەر قادر محەمەد لەم پێناسە و هاوکێشەیە ئاوا ئەنجامەکە دادەڕێژێتەوە کە : ((کەواتە لە باتی دوومانی یان جیاوازیی تەواو ، پارالێل جەخت لەسەر حاڵەتی ئانالۆگی -وەک یەکی و لێکچوون دەکاتەوە ...مەبەست ئەوەیە لە تێکستی هونەریدا هەردوولای تەریبییەت وەک هاوسان و بەیەکەوە گرێ دراو وەر دەگرین )) . (محەمەد ٢٠١٨: ٥٦٣).

هەروەها توێژەری هاوچەرخ ڕ . ئاوستێز لیتز ئاوا پێناسەی پارالێل دەکات : " دوو سیگمێنتی شیعر دەکرێت وەک پارالێل سەیریان بکرێت، ئەگەر ئەوان دوومان بن، بەڵام لە حاڵەتێکدا بەبێ ئەوەی یەکێک لە بەشەکانیان لە هەردوو سیگمێنتەکەدا هەمان هەڵوێستیان هەبێت، دواتر دەکرێت سەیری پارالێلیزم وەک دووبارەکردنەوەی ناتەواو بکرێت ." ئەو تایبەتمەندییە ئاماژەپێدراوەی پارالێل دەکرێت بەم شێوەیە تاریف بکرێت : "پارالێل دوو ئەندامییە (چڵییە) کە یەکێک لە بەشەکانی لە نێوان ئەوەی دووەمیانەوە، کە لە پەیوەندیدا بەوەی یەکەمەوە وەک ئەنالۆگ دەکەوێتەوە : ئەم دوومانی ئەو نییە، بەڵام لێشی جیا نابێتەوە، لە حاڵەتی ئەنالۆگیادایە لەگەڵیدا -سیمای هاوبەشیان هەیە، بەتایبەتی ئەوانەی کە بۆ زانین و ناسین لە چڵی یەکەمدا، دابەش دەبێت . ئەوەشمان لە بیرە کە یەکەم و دووەم چونیەک (هاوشێوە) نین، ئێمە یەکسانیان دەکەینەوە لە یەکێک لە پەیوەندییەکاندا و فەرمان بەسەر یەکەمدا لەسەر بنەمای تایبەتمەندی و هەڵسوکەوتی ئەندامی (چڵی) دووەمی پارالێلەکەدا دەدەین)) . (لۆتمان ٢٠١٩ : ١٧٥).

جگە لەوەی لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەماندا و لە ناساندنی ئایدیاکانی یۆری لۆتماندا وەک تیۆریستێکی دیار، ئاماژەیەکی کورتمان دا بە چەمکی پارالێل، بەگشتی لۆتمان زۆر ڕەهەندی تەریبیی لە شیعردا ئاماژە پێ داوە کە وەک پێناسە و تایبەتمەندیی ئەم چەمکە کەوتووەتەوە و ئێمە لە بەشی پراکتیکی توێژینەوەکەماندا و لە شوێنی پێویستدا تیشکۆیان دەکەین، بە پێی ئەم چەمکە بنەڕەتییەی شێوازناسیی هاوچەرخ، بە چەند نموونەیەکی شیعری لیریکی بێسارانی و دواتر سەییدی و کۆماسیش، دوای لێکدانەوە و شیکارییان هەوڵ دەدەین کە ئاستی ئیستێتیکی و بەهای گشتیی شیعرییان دەربخەین.

## ا-چەمکی پارالێل "تەریبی" لە لیریکی بێسارانیدا:

شیعرەکانی بێسارانی بەشێوەیەکی گشتی لە ڕووی ژمارەی دێڕەوە لە دە و دوانزە دێڕ تێناپەڕن، بێجگە لە چەند حاڵەتێکی دەگمەن نەبێت، وەکو : (تافی دیوە زناو -ل٨٧ لە دیوانەکەی حەکیمی مەلاساڵح) و (دڵە زامی نۆ -ل٢٦٠ لە هەمان دیوان) کە چواردە دێڕ یاخود بەیتن؛ (لەگەڵ تێبینیی ئەوەی کە هۆنراوەی یەکەمیان لە دیوانەکەی حەکیمی مەلاساڵحدا هاتووە، بەڵام لەوەی "حبیبی"دا گریمانەی ئەوە هەیە کە بە هی بێسارانی نازانرێت ) . واتە شیعرەکانی بەگشتی لیریکن و هەمووشیان لەسەر کێشی دە پەنجەیی داڕێژراون . ئێمە لەوە زیاتر نامانەوێ تایبەتمەندیی گشتیی شیعری بێسارانی بخەینە ڕوو، بەڵکو نموونەیەک یاخود چەند نموونەیەکی سنووردار وەردەگرین بۆ ئەوەی ئاستە جیاوازەکانی لە ڕووی (فۆنۆلۆگی و سینتاکسی و سیمانتیکی ) یەوە بەرجەستە بکەین:

لە سەرەتاشدا بەم شیعرەی بێسارانی "شیرین زوڵف لوول ..." دەست پێ دەکەین:

١-شیرین ! زڵف لوول، شیرین! زڵف لوول
فیدای زڵفت بام گا کرژەن گا لوول

٢-گا چوون سیامار پەشێوەن مەلوول
گا وێنەی لەولاو مەپێچێو نە توول

٣- گا گا پەخش مەبۆ نە دەور جەمین
گا گا لوول وەردەن چین وە بان چین

٤- گایێ چەم وەردەن چوون چەمەرەی چین
گا پەی جەمینت بیەن بە پەرچین

٥-  گاهێ پەشێوەن، گاهێ گرنجەن

گا گا گرێ بەند  مولەممای زنجەن

٦-  گا تا تا جە تاو  گەردشت شەماڵ

گا خوفتە و ساکن  نە دەوران خاڵ

٧-دیدەم چێش مەبۆ  تایێ جەو زڵفە

جەو زڵف وەش بۆی  لوول سەر کڵفە

٨-  بدەی بە دەستم، هەی بەر گوزیدەم!

چوون تەوافچیان  ماڵووش نە دیدەم

٩-  بماڵووش نە چەم  ساکن بۆ جە دەرد

دڵ بی بە زوخاڵ، با نەبۆ وە گەرد.  (بێسارانی ١٣٩٦ :٥٣٢).

ئەم شیعرە نۆ دێڕییە، سەرجەم بونیادەکەی کە کێشی دە پەنجەیی -بڕگەییە، کراوە بە دوو کەرتەوە : "٥×٥" . دەستپێکی شیعرەکە بە نەریتی شیعری دیالێکتی گۆرانی (هەورامی) یە کە دووبارە کردنەوەی "شیرین زوڵف لوول..." کە پارالێلێکی ئاوازەیی (٥بڕگە + ٥بڕگە) یە و تەریبییەتی سیمانتیکیشی پێک هێناوە . شاعیر لە دەستپێکەوە ڕووی دەمی لە جوانێکی دیاری کراوە و جگە لە ناوهێنان بە ئاوەڵناوی (قژ لوول)  وەسپی دەکات و سەرنجمان بەرەو تەنیا یەک سیفەتی جوانیی یار دەبات ؛ لە نیوە دێڕی دووەمدا لەبری ناوی شیرین، خۆی دەکاتە فیدای جێناوی لکاوی کەسیی دووەمی تاک (ت) کە پارالێلی ناوی شیرینە و هەر دوو ئاوەڵناوی پارالێلی (کرژ)  و (لوول)  بە دووبارە کردنەوەی (گا) لە پێشیانەوە کە ئاماژەیە بە دوو کاتی جیاواز و بەڵام جۆرێکە لە پارالێل، دەکاتە سەرەتای چڕینی وەسپی دیمەنەکانی قژی یار لە ساتە جیاوازەکان و لە دەربڕینێکی چڕی پڕئاهەنگدا، دەرگا دەخاتە سەر پشت بۆ نەخشاندنی تابلۆیەک کە وێنە تێیدا زاوزێ دەکات و میوزیک و هارمۆنیبوون لە ترۆپکدایە، بێگومان سیفەتێکیش کە ئەم چنینە هونەرییە لەخۆ دەگرێت، سەر ڕێژبوونییەتی بە پارالێل.

له پێنج دێڕی دواتردا به وشەکانی (گا، گاگا، گایێ، گاهێ ) که ئانالۆگین و ئاماژەی جیاوازن به کاتی جیاجیا، ئاوەڵناو و وێنەی تەریبی پڕله داهێنانمان بۆ دەکاته دەربڕینی وەسپی زوڵفی شیرین و له دوا سێ دێڕدا، شیعرەکەی به ئاوات و داواکارییەک له یار کۆتایی پێ دەهێنێت : داوای لێ دەکات تایەک لەو زوڵفه بداته دەستی تا وەک سرووتی پیرۆزی ئەوانەی له تەوافی کەعبەدان، بیسوێ له نێوچاوانی و ئارام بێتەوه له ئازار و دڵی که بووه به زوخاڵ، نەبێته تۆز و خۆڵەمێش و هیچی نەمێنێت.

له ڕاستیدا سەرجەمی ئەم شیعره نۆ دێڕییه نموونەیەکی گونجاو و داهێنەرانەیه بۆ پاراڵێل (تەریبی)، پێش ئەوەی ڕوونی بکەینەوه بۆ، بۆ پاڵپشتیی ئەم پێناسەیەی "فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی " ی ج . ئا . کوددوون دەهێنینەوه : ((پاراڵێل (گرێکیه .بەواتای بەرامبەری یەکتر دەگرن ) .ئەمه له فرێز و ڕسته و بونیادی هاوشێوه که ڕستەکان بەرانبەریه و باڵانسی یەکتری ڕادەگرن )) .(کوددوون ١٩٧٩ :٤٨١) . ئەم نموونه شیعرییەی سەرەوەی بێسارانی به چاکی لەگەڵ چەمکه پێناسه کراوەکەدا دێتەوه، چۆن ؟ هەروەک ئاماژەی پێ درا ئەمه کێشی ده پەنجەییه (٥X٥) و به وردییش وەستانی کۆتایی هەر پێیەک ڕەچاو کراوه . ( دێڕی ١ و ٢ ) و (٣ و ٤) سەرەڕای ئەوەی له (٢٨ پێکهاتەی فرێزی زمانی پێکدێن) بێجگه له ئاوازه و هاوسەروایی ناوەوه جار جار، له (١ و ٢) دا یەک سەروا (لوول – تووڵ) یان هەیه، له نیوه دێڕی یەکەمیشیاندا (لوول و مەلوول)، هەروەها له دێڕی (٣ و ٤) یشدا به هەمان شێوه (جەمین –چین و چین و پەڕچین)، بەڵام له دێڕی (٥ – ٨) ی شیعرەکه هەریەکه و به جیا بونیادی تەریبی هەیه و له نێوان دێڕەکانیشدا وشەی وا هەن وەک (گا، گا گا، ...) که دەوری به یەکەوه گرێدانی شیعرەکه و تۆکمەکردنی دەبینن ...ئەم جۆراو جۆرییەش لەسەر بنەمای هاوسانی و گونجان و بەرانبەری، بونیادی تەریبی سەرجەمی شیعرەکەی پێکهێناوه...

لێرەدا و به شێوەیەکی جیا و سەربەخۆ باسی هەرسێ ئاستەکەی کۆنسێپتی پاراڵێل له شیعری بێسارانیدا دەکەین :

## ١–پاراڵێلی فۆنۆلۆگی له شیعری شاعیردا:

فۆنێم بچووکترین دانەی دەنگی و ئاوازەیی هەر زمانێکه، وەک لۆتمان دەڵێت : ((..دووبارەکردنەوەی فۆنێم له شیعردا یاسای خۆی هەیه و جیاوازه له هیی زمانی ناهونەری . ئەگەر له زمانی ئاساییدا ناڕێکخراو بێته پێش چاو (ئەگەر مرۆڤ گوێ به یاسای پوختی زمان نەدات ) ، ئەوا زمانی شیعر به شێوەیەکی تایبەتی ، تەنانەت له ئاستی فۆنێمیشدا ڕێک خراوه )) . (لۆتمان ٢٠١٩ :١٢٤). به سەرنجدانێکی ئەو هۆنراوەی بێسارانی، خۆمان له بەردەم چنراوێکی هونەرییانەی فۆنێم و دەنگەکاندا دەبینینەوه:

ئەگەر سەرنجی دەنگ یا فۆنێمەکانی (ڵ ) و (ل) +(گ) و (ک) + (م) و (ن) + (ج) و (چ) ...بدەین لەو شیعرەی سەرەوەی بێسارانیدا دەبینین پارالێلن و لەو ڕوانگەوە هاوئاوازییەکی ناوازەیان پێکهێناوە کە خوێنەر هەست بە ڕێکخستنێکی هونەرییانە دەکات لە نێوان فۆنێمەکانی ئەو تێکستەدا . پێکەوەهاتنی ئەم دەنگانە ئۆتۆماتیکی نییە و جگە لەوەی گیانی داهێنەرانەی شاعیری تێدایە، هاوکات ئەو هارمۆنییەتەی کە لێی دەکەوێتەوە، بێگومانمان دەکات لەوەی ڕێکخستنێکی هونەرییانەی لەپشتە؛ وەک لۆتمان لەو بارەیەوە دەڵێت : ((دووبارە بوونەوەی فۆنێم لە شیعردا ئەرکێکی هونەریی هەیە ...)) . (لۆتمان ٢٠١٩ :١٢٥) . بێگومان مەبەست تەنیا دووبارەکردنەوە و بەدواداهاتنی فۆنێمەکان نییە، بەڵکو دووبارە بوونەوەی حاڵەتەکانیشیانە و هەر لۆتمان لە درێژەی ڕاکانیدا دەڵێت : ((جەوهەری، هەر تەنیا بەدواداهاتن و زۆر دووبارە کردنەوەی فۆنێمەکان نییە، بەڵکو دووبارەبوونەوەی حاڵەتەکانیشیانە (لە سەرەتای وشە یان دێڕە شیعرەکاندا، لە ڕەگەزە گۆڕاوەکاندا، ڕانانی (وەستانی) بە ئاکسێنت (نبرە)، دووبارە بوونەوەی فۆنێم لە نێو گروپەکان خۆیاندا و ...هتد)) . (لۆتمان ٢٠١٩ :١٢٥ ).

ئەم فۆنێمانە و چۆنیەتیی ڕێکخستنیان وەک بچوکترین ئاستی دەنگی تا دەگاتە ئاستەکانی باڵاتر لە هۆنراوە لیریکییەکانی بێسارانیدا، چەشنێک پارالێلی ئاوازەیی خستووەتەوە کە بێگومان خولقاندنی ئەم ڕیتم و سەمفۆنیایە کە گوێمان پڕ دەکات لە جوانی و گیانمان دەگەشێنێتەوە، تەنیا زادەی ئەم چەشنە لە تەریبی نییە، پێویستە هەر لە ئاستی پارالێلی ئاوازەییدا باسی ڕەگەزەکانی دیکەش بکەین.

## مۆسیقای شیعریی (ناوەوە) و (دەرەوە) وەک پارالێلی ئاوازەیی:

شیعر بێ لە ئاوازی پەیوەندیی هونەرییانەی نێو یەکە و دانە زمانییەکانی خودی شیعر، هیچ نییە بێجگە لە پەخشانێک . بوونی مۆسیقا ڕەگەزێکی گرنگە لە شیعردا کە بە گشتی لە دوو ڕووەوە پێکدێت:

یەکەمیان، مۆسیقای دەرەوە : ئەمیش لە ڕێگای (کێش) و (سەروا) ی شیعرەوە دروست دەبێت و ئێمە لە بارەی کێشی شیعری بێسارانییەوە، باسمان لەوە کردووە کە لەسەر کێشی دە پەنجەییە و وەک بێساران حەمەکریم جەختی لێ دەکاتەوە : ((هەموو شیعرەکانی بێسارانی لەسەر کێشی دە پەنجەیی داڕێژراون، واتە هەر لەتێک لە دووپێی (٥) بڕگەیی پێک دێت و وەستانێک لە ناوەڕاستیدا درووست دەبێت )) . (ڕەمەزان ٢٠١١ :٢٤).

بۆ ئەوەی پەی بە ڕەنگنی و تۆکمەیی خۆش ئاوازیی شیعرەکانی بێسارانی بەرین، تەنیا بە ستنەوەیان بە کێش و سەرواوە و ئەویش لەو ئاستەی تێگەیشتن لەو دوو چەمکە، ئەگەر مەحاڵ نەبێت بێگومان ئاسان نییە . لە ستایڵناسیی نوێ و لە چوارچێوەی کۆنسێپتی پارالێلدا، ئەم بابەتانە قووڵتر و وردتر دەکەونەوە؛ لۆتمان بەسەرنج خستنە سەر بابەتی ڕیتم و ئاماژە بە گوتەیەکی "پێر گوێرارد"دەدات

که دەڵێت : ((کێش و بونیادی شیعر ڕووبەرێکی گەورەی زمانەوانیی هەژماری پێک دەهێنن، لەبەر ئەوەی بابەتەکە بریتییە لە دووبارەکردنەوەی ڕاستی دەنگ )) . (لۆتمان ٢٠١٩: ٩١).

لەو هۆنراوەی سەرەوە ، ئەگەر سەرنجی ئەو برگە یان فریز و وشانە بدەین کە پارالێلیی دەنگە پێکهێنەرەکانیان چ کەشێکی ئاوازداری خوڵقاندووە : (لوول، لوول، لوول، مەلوول، توول ) لە دوو دێری یەکەمدا ؛ یاخود (گا، گا، گاگا، گایێ، گاهێ ...تا تا ..) لە شوێنی جیاجیای تابلۆ شیعرییەکەدا، کە هەریەکە و لە شوێنی خۆیەوە بەشدارە لە نەخشاندنی ئەو داهێنان و بەرجەستەکردنی ئەو بایەخەی بێسارانی داویەتی بە ڕیتم؛ ئەمە بێجگە لەوەی ئاوڕدانەوەیەکی داهێنەرانەیە لە چەمکی جەوهەریی هونەر (cohesion–گونجان و هارمۆنی) کە شادەماری هەموو کارێکی هونەرییە بە گشتی و دوا ئەنجامیشە کە لەم سیاقەی ئێمەدا دەق پێی بگات، بۆ پاڵپشتیی زیاتری ئەم دیدە ڕایەک لە کتێبی "بۆ شیکاریی دەق –شیکاریی ستایلی بە نموونەوە " دەهێنینەوە، کە دەڵێت : ((دەق زیاترە لە ڕستەی کۆکراوە، ئەمە بەیەکەوە دەچنرێ، بەلای کەمەوە بە (٣) پرەنسیپ : ١–بە ستنەوەی تێمەیەک (تێمە–بابەت) ؛ ٢–ڕیفیرانتاگنی(سەرچاوەیی) ؛ ٣–لۆجیکی، ...ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئێمەیە، دووەمیان (سەرچاوەیی) یە )) . کە ئاوا بە کورتی پێناسەی کردووە : ((دەق بە شێوەیەک یەکدەگرێت کە ڕستەکانی بە ناوەڕۆکێکەوە پابەندبن، یان هەمان دیاردە (ڕیفیرێنتە) لە زۆربەی ڕستەکاندا، یان دیاردەی جیاجیا بەیەکەوە، بە شێوەی کەم تا زۆر بەیەکەوە گرێ دەدرێن )) . (مێلین ولانگە ٢٠٠٨ : ٧٦–٧٧) . ئەمە ڕێک لەگەڵ ئەو نموونانەدا دێتەوە کە ئێمە لە شیعرەکەی بێسارانییەوە هەڵمانگۆزیون و نیشانمان دان...

سەبارەت بە (سەروا)ش لە شیعری بێسارانیدا وتراوە : ((...لە ڕووی قافیەشەوە جووت قافیەیە (مەسنەوی) (اا ، ب ب ، ج ج ...))) . (خەزنەدار ٢٠١٠ : ٥٢) . یاخود وەک توێژەر (بێساران) کە سەرەتا جەخت لە ڕاکەی مارف خەزنەدار دەکاتەوە و دەڵێت : ((بێسارانی چەند سەروایەکی لە شیعرەکانیدا پەیڕەو کردووە، وەکو : جووت سەروا یان (مەسنەوی ) : ئەو جۆرە سەروایەیە کە هەردوو لەتی دێڕە شیعرێک یەک سەروایان هەیە، بەم جۆرە تا کۆتایی شیعرەکە سەروای دێڕەکان دەگۆڕێت و هەر دێڕێک سەروای تایبەتی خۆی دەبێت ....)) . (ڕەمەزان ٢٠١١ :٢٤)، دواتر ئاماژە بەوە دەدات کە : ((لە شیعرەکانی بێسارانیدا تایبەتییەکی تر لە بەکارهێنانی سەروا بەرچاو دەکەوێت، کە مەرج نییە وەکو شاعیرانی هەورامی تەنیا جووت سەروای پەیڕەو کردبێت، بەڵکو هەندێک جار دوای ئەوەی هەردوو لەتی دێڕی یەکەم لەسەر یەک سەروا دەبن، لە تەکانی دێڕەکانی دواتریش لەسەر هەمان سەروان، بەم جۆرە : ( اا اا ب ب ج ج ...) کە لە بەڵگە هێنانەوەیدا ، ئاماژەی داوە بەم شیعرەی بێسارانی :

١– زینهار سەد زینهار.................

دڵە واتم پیت ، زینهار سەد زینهار

٢ - بیٚ وەفا هەرگیز مەگێرە بە یار

چە بیٚ وەفایان مەبینە قەرار. (بێسارانی ١٣٧٥: ٣٢١ ).

عەزیز گەردی، کتێبێکی تایبەت کردووە بە باسی سەروا بەگشتی و لە شیعری کوردیدا بە تایبەتی ،کە شایەت هیچ کەسێک لە ئەدەبناسانی کورد بەو چەشنە و فراوان باسیان لیٚ نەکردبیٚ، لە بابەتی ئەرکی سەروادا دەڵێت : ((سەروا ڕەگەزێکی سەرەکی شیعرە ...سەروا ترپە و ئاوازی شیعر زیاد دەکات و لەنگەری شەپۆلی دەنگەکانی دێرە شیعر ڕادەگریٚ و دەبیٚ بە زایەڵە و دەنگدانەوەی دەنگە هاوجنسەکانی تری ناو هەمان دێڕ و دەنگە هاوبەشەکانی دێرەکانی تر (سەروا) ...سەروا خۆشی و لەزەتێکی دەروونی لای خوێنەر (گوێگر) پەیدا دەکا ...سەروا ئەرکی دەلالیشی هەیە .وشەکانی سەروا بە دەنگە هاوبەشەکانیان بیر بۆ مانای وشەکان دەبەن ...)) . (گەردی ١٩٩٩ :٤٠) . ئەمانە و زۆر شتی تریش، وەک ئەرکی سەروا دەیانخاتە ڕوو، بەڵام پێمان ناڵێت چۆن و بە چ فاکتەرێک ئەم حاڵەتە دێتە دی ؛ ئەگەرچی ئاماژەیەک دەدات بەوەی کە : ((شیعر یەکیٚ لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی مۆسیقییەتە، ئەم مۆسیقییەتە لە دووبارە بوونەوەی ڕێک و تایبەتی دەنگ دروست دەبیٚ . دووبارەبوونەوەی دەنگ (بزوێن و نەبزوێن) لە وشە و دێرەکاندا جۆرە مۆسیقایەکی کاریگەر دەخوڵقێنیٚ ...)) . (گەردی ١٩٩٩ :٤١) بەڵام ئەمە لە ستایڵناسیی نویٚ و کۆنسێپتی پارالێلیزمدا وەک میتۆدی شیکاریی دەق بە شێوەیەکی پەرەپێدراو دەخرێتە ڕوو.

لۆتمان ئاوا پێناسەی سەروا دەکات : ((ئەرکی هونەریی سەروا لە زۆر ڕووەوە لە ئەرکی یەکەی کێش (ڕیتم) دەچێت، ئەمەش هیچ جێگای سەر سوورمان نییە : هەروەها پەیوەندیی ئاڵۆزی دووبارەبوونەوە و نەبوونەوە تایبەتمەندیی ئەویشە، وەک پێکهاتەی ڕیتم . ڤ . م . ژیریمۆنسکی لەساڵی ١٩٢٣ دا لە کتێبی "سەروا، مێژوو و تیۆریی " بنەمای تیۆریی هاوچەرخی سەروای داڕشت، کە بە پێچەوانەی قوتابخانەی فێربوونی فۆنەتیکیی شیعرەوەیە . (Ohrphilologie) ئەم، سەروای تەنها هەروەک گونجانی دەنگ نەدەبینی، بەڵکو وەک دیاردەیەکی کێش (ڕیتم)یش .ڤ . م .ژیریمۆنسکی نووسیویەتی : " پێویستە هەموو دووبارەبوونەوەیەکی دەنگ، کە هەڵگری ئەرکێکی ڕێکخەرانەیە لە کۆمپۆزیسیا (پێکهاتە) ی کێشی شیعردا، بخرێتە سەر چەمک و تێگەیشتنی سەروا"))(لۆتمان ٢٠١٩ :١١٧).

لەتێگەیشتنی یەکەمدا بۆ سەروا، دەبێت تەنیا پیتە هاوشێوەکانی پێش پیتی کۆتایی بە سەروا ئەژمار کەین، بەڵام ئەگەر بەم تێگەیشتنەی ستایڵناسیی نویٚ و کۆنسێپتی پارالێلە بۆ سەروا، سەرنجی ئەو شیعرەی بێسارانی بدەین هەموو ئەو دەنگە هاو ئاوازانە لە ئەنجامی ئەنالۆگی دەنگییەوە، هەمان ئەرکی ڕیتم و لە پێکهاتەی شیعرەکەدا جیٚ بە جیٚ دەکەن.

لەو دوو ڕەگەزە دەرەکییە گرنگتر، ئەو کێش و سەروایانەی ناوەوەن کە بە مۆسیقای ناوەوە وەسپ دەکرێن و ئەنالۆگییە دەنگییەکان یاخود پارالێلە دەنگییەکان لە ئاست دەنگ و بڕگە و وشەدا پێکیان دەهێنن و چڕی و ئاوازداریی لەم ئاستەدا، بەڵگەی توانای داهێنانی شاعیرە . پێشتر ئەو هۆنراوەی سەرەوەمان کردە نموونە بۆ هەندێک لە تەریبی، لێرەدا وەک نموونەی شیعری بۆ ئەو چەشنە لە ئەنالۆگی کە مۆسیقای ناوەوە دروست دەکات، بە پێویستی دەزانم نموونەی دیکە لە هۆنراوەکانی بێسارانی ئاماژە پێ بدەین . بۆ ئاستی دەنگی، با سەرنجی ئەو چێژە مۆسیقییەی تەریبی دەنگەکانی (چ) دروستیان کردووە، بدەین:

چەفت ، چەمیدە ، پڕچینی ، چەمبەر

بەر ئامان جە بێخ شەوبەندی دڵبەر. (بێسارانی ١٣٧٥ :٣٤٠).

یاخود لەم دێرەدا پێنج جار پیتی (خ) بوونەتەوە ئەنالۆگی یەکدی:

خەیاڵم خاڵی نیەن جە خاڵت

فیدای خاڵت بام چەنی خەیاڵت . (بێسارانی ١٣٧٥ :٢٤١).

یان لە ئاستی وشەدا بۆ پێکهێنانی تەریبی کە هاوئاوازی و ڕیتمی لێ دەکەوێتەوە :

١- بە کەم، کەم کەردم، بە کەم، کەم کەردم

کۆ کۆ، کۆی خەمان، بە کەم، کەم کەردم

٢-من من، منا من، هوون دڵ وەردم

پەی پەی، پەیاپەی، داخ وە گڵ بەردم

٣ - سەد مەردەم مەردەن، سەد کۆسم کەفتەن

هیچ کەس ئاخ و داخ جە من نەشنەفتەن

٤ - ئاخ ئاخ و داخ داخ، وەی وەی و ڕۆ ڕۆ

هەر هەشت بە غەزەب لێم بیەن بە کۆ. (بێسارانی ١٣٩٦ :١٥٣).

شیعرەکە وەک تابلۆیەک، پڕ ڕەنگە لە ئاوازی دڵڕفێن کە پارالێلیی فۆنۆلۆگی بەرهەمی هێناوە، بەڵام پێویستە تیشکۆی دوو پۆلێنی پارالێلیزمی دەنگی بکەین، کە بەرجەستەبووی هونەری پارالێلی و

ڕێکخستنی هونەرییانەی دەنگەکانن و شیعرەکانی بێسارانیش بە گشتی و لەم نموونانەشدا سەرڕێژن لەو هونەرە کە بەڵگەی گیانی داهێنەرانەی شاعیرن.

یەکەمیان، (alliteration)ڕەگەزدۆزیی دەنگی (سەرەتا) : ئەنوەر قادر لەسەر زاری لیندی میللەر دەڵێت: (( ئەمە ناوی دووبارەکردنەوەی دەنگە کۆنسونانتەکانە (نەک پیتەکان) لە سەرەتای دوو وشە یان زیاتردا ، کە وەک ڕواڵەتێکی وێنەی دەنگییە ، کە پێشتر موناقەشە کراوە ... دەبێ جیاوازی لە نێوان (پیت) و (دەنگ) دا بکرێ، ئەلیتەرەیشن تەنانەت لەو کاتانەشدا هەیە، کە کۆنسونانتەکان جیاوازن و ئەوە دێنێتە کایە کە دەنگەکانیان وەک یەکە ...))؛ دواتر خۆیشی ئاوا ڕاڤەی دەکات : ((لە ڕووی فەرهەنگییەوە ئەمە بە دووبارەکردنەوەی "پیت!" یان زیاتر دەڵێن لە سەرەتای دوو وشەی دراوسێدا )) . (محەمەد ٢٠١٨ : ٥٧٨).

وەک نموونە بۆ دووبارەکردنەوەی دەنگە کۆنسونانتەکان کە هاوبەشن، دەنگی (چ)لە سەرەتای دوو وشەی یاخود وشەکانی :( چەفت، چەمیدە، پڕچینی، چەمبەر) یاخود لە شیعرەکەی سەرەتا (شیرین زڵف لوول )، بەدیاریکراوی وشەکانی دێڕی چوارەم و هەر پیتی (چ)، بەم جۆرە بووەتە ڕەگەزدۆزیی دەنگی سەرەتا : ( گایێ چەم وەردەن، چوون، چەمەرەی، چین***گا پەی جەمینت بیەن بە پەرچین ) . وەک هەموو کۆنسێپت و پێوەرە هونەرییەکانی دیکە، لە فرەییدا مایەی دۆشدامانە کە کام هۆنراوەی بێسارانی وەک بەڵگە بهێنرێتەوە و لەنێو ئەو هەموو دێڕە هونەرییانەدا دیاری بکرێ، بەڵام هەندێک دێڕ لە بابەتەکەدا و بە شکۆی جوانیی خۆی، خۆی دەسەپێنێت؛ سەرنجی دەنگی کۆنسونانتی (ل-ڵ) بدەین، چۆن یەکپارچە ئاواز دەخولقێنێ :

١- یاران ! لاڵێ دیم، یاران ! لاڵێ دیم

ئارۆ جە لالان، عەجەب لاڵێ دیم

٢- وە لالان لالان هۆرێزام و شیم

جە پەی ئەو لاڵە، چوون لالان لاڵ بیم

٣- کەندەبێ لاڵێ حەککاکان جە سەنگ

لاڵ گۆنا و لاڵ بووم، لالە و لالە ڕەنگ

٤- هەر چەندە نیشتم بە مەلالەوە

چوون لالان لاڵ بیم وە لای لاڵەوە

٥- وە لالان لالان لاڵیام لالام

ڕوخسارم وه گەرد خاک پاش مالآم ( بێسارانی ۱۳۹٦ :۷۱۲).

بۆ ئەو کۆنسونانتانەی کە جیاوازن و ئەنالۆگیی دەنگ دروست دەکەن، هەر لە پێکهاتەی ئەم هۆنراوەیەدا و هە رلە دوا دێڕەوە، دوو دەنگی (ل) و (م) لە دوو وشەی (لالێام) و (مالآم) ؛ زیادەڕۆیی نییە، ئەگەر بوترێ، شاعیر لە دووبارە کردنەوەی ئەم دەنگانەوە بێجگە لە "بیستن"، ڕووخساری کەسێکی هەر لە واقیعدا (لاڵ) دەهێنێتە پێش چاوی خوێنەر و مەودای "بینین" یشی بۆ زیاد دەکا، کە ئەوەش تایبەتمەندیی وێنەی شیعریی سەرکەوتووە، کە زیاد لە تاکە هەستێکی مرۆڤ ببزوێنێ ...، یاخود لەو شیعرەی (دوڕەن، مەرجانەن، دوڕەن، مەرجانەن) کە دواتر بۆ مەبەستێکی دیکەش ئاماژەی پێ دەدەین، هاودەنگی فۆنیمەکانی (م ) و (خ) لە وشەکانی (مەرجانەن) و (خەرجانەن)، یاخود هەر لە نموونەی شیعریی یەکەمماندا، دەنگەکانی (چ) و (ج) لە دێڕی سێیەم و چوارەم لە وشەکانی (جەمین، چین، چەمەرە) و دەیان نموونەی تر دەتوانین بهێنینەوە.

دووەمیان، (assonance) هاوکێشی (سجع-توازن) : کە هەمان ئەدەبناسی پێشوو (ل . میللەر)لە ناساندنی ئەم چەمکەشدا دەڵێت : ((ئەم وشەیە لە ڕووی فەرهەنگییەوە مانای "چونیەکیی دەنگ، هاودەنگی، لە یەکچوون، نیمچە هاوکێشەیی (هاوکێشی) دوا وشەی هەڵبەست " . مەبەست لەم زاراوەیە دووبارەکردنەوەی دەنگە (ڤاوڵ) بزوێنەکانە، لە کاتێکدا ئەلیتەرەیشن دووبارەکردنەوەی پیتە کۆنسۆنانت-بێدەنگەکانە" )) . (محەمەد ۲۰۱۸ :٥۷۹).

لە نموونەهێنانەوە بۆ ئەم چەشنەی ئانالۆگی و پاراليێل ، ئەگەر تەنیا شیعری یەکەممان بکەینە بەڵگە، بەسە بۆ ئەوەی داهێنانی بێسارانی لەم ئاستەشدا ببینین : بۆ نموونە دەنگی بزوێنی (ا) لە وشەکانی (فیدا، گا، سیا، لەولا-و، مولەمما، تا تا، سا-کن، تا-یێ، شەما-ڵ، خا-ڵ )، یاخود ڤاوڵی (وو) لە وشەکانی (لوو-ل، مەلوو-ل، چوون، توول، چوون ).

هەروەها پێویستە باسی سەروای ناوەوە(internal rhyme) بکەین، هەر لیندی میللەر لەم ڕووەشەوە ، دەڵێت(( : دەربڕی ناوەکەیەتی، ئەو سەروایە یە کە لە نێو دێڕی شیعرێکدایە، سەروای ناوەوەی شیعر خێرایی "ئاوازە" بەهێز دەکات و بە هۆیەوە شیعرەکە دەبزوێ، جەختی زیاتر لەسەر ئەو وشەیە دەکات کە سەرواکەی پێوەیە )) .(محەمەد ۲۰۱۸ :٥۷۷) .

١- دوڕەن، مەرجانەن، دوڕەن، مەرجانەن

لاڵەن، یاقووتەن، دوڕەن، مەرجانەن

٢- چ مەرجان ؟ چ دوڕ ؟ تەمام مەرجانەن

گەنج  پەڕ مایەی  نابوود خەرجانەن.  (بێسارانی ١٣٩٦ :٤١٨).

وەک دەبینین لە دوای هەموو وشەیەک سەروای دروست کردووە، ئەمەی بە تەواوی لە ئاستی دێڕی یەکەمدا داڕشتووە و جۆرێکی ناباوی سەروایە و ئاوازی شیعرەکەی فرە تۆن کردووە و پارالێلیش پێک دێنێ.

## ٢-پارالێلی مۆرفۆلۆگی و سینتاکسی لای هەمان شاعیر:

لەشوێنی دیکەدا ئاماژەمان بەوە کردووە کە زمانی شیعر لە زمانی ئاسایی سەرچاوەی گرتووە، بەڵام کاتێک دەبێتە شیعر ئیتر پەیوەندیی نێوان دانە و یەکە زمانییەکان دەگۆڕێن و لە شیعردا (هاو)پەیوەندی شتێکی ترە، ئەو بونیادە شیعرییەی دووەم، کە بەسەر زمانەوەیە، پەیوەندییەکی ئاڵۆز و پێکداچووی زیاتر دەئافرێنێت . لە ڕاستیدا وەک لۆتمان دەڵێت : ((بونیادی هونەری لە هەموو ئاستەکاندا دەردەکەوێت . لەبەر ئەمە هیچ شتێک لەوە هەڵەتر نییە دەقی بەرهەمی هونەری بەسەر "بەشی گشتی زمان"، کە گوایە هیچ بایەخێکی نییە و لەگەڵ هەندێک "تایبەتمەندیی هونەریدا" دابەش بکەیت )) . (لۆتمان ٢٠١٩ :١٤٦) .

بونیادی ئەم هۆنراوەیە (شیرین زڵف لوول ...) ی بێسارانی، لەسەر بنەمای دوو جەمسەر یاخود دوو کارەکتەر بونیاد نراوە یەکەمیان (شیرین) کە دەستپێک بەناوی ئەوەوە دەست پێ دەکات (لەڕووی پێکهاتەی زمانەوانییەوە دەبێتە ڕستەی ناوی) بە بانگهێشتکردنی (بەبێ ئامرازی بانگکردن)، ئێمە دەباتە حزووری ئەو و دوای دووجار ناوهێنانی ئیتر بێجگە لە وەسپی زوڵفی،  ناوی ناهێنێ تا سەرەتای دێڕی حەوتەمی شیعرەکە (کە قۆناغی دووەمی خستنەڕووی ئامانجی شاعیرە و پاش وەسپکردن، داواکارییەکانی دەخاتەڕوو) بە (دیدەم) ناوی دەبات ؛ ئەم دوو چەشنەی ناوهێنان پارالێلیان دروست کردووە . سەرەڕای ئەو دوو حاڵەتەی ناوهێنان،  هەرکات پێویست بکات لە شیعرەکەدا بە جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاک (ت) ڕووی دەمی تێ دەکات . جەمسەری دووەمیان کە خۆیەتی ؛ بەهیچ شێوەیەک ناوی خۆی ناهێنێ لە ئاست مەقامی یاردا، بەڵکو بە جێناوی لکاوی کەسی یەکەم (م) ئاماژە بە خۆی دەدات، ئەم دوو جێناوە لکاوە کە بونیادی ئەم دەقە شیعرییەن، لەڕووی هونەرییەوە پارالێلیان دروست کردووە.

ئەم شیعرەی بێسارانی وەک نەریتی لیریکی هەورامی،  بەگشتی یەک تابلۆی پێکەوە پەیوەستبوومان بۆ دەنەخشێنێ و بونیادێکی تۆکمەیە کە دانە و کەرەسەکانی پێکەوە بە خامەی ئەو بوونەتە بنەمای داهێنانێکی شیعریی دەگمەن . لە دەستپێکەوە تا دێڕی حەوتەم سیانزە (ناو) ی تێدایە، ئەوانیش : (شیرین دووجار،  زڵف، سیامار، لەولاو، توول، جەمین دووجار، چین دووجار، زنج ،  شەماڵ، خاڵ ) ؛ بەسەرنجدانی ئەم ناوانە لەم تێکستە هونەرییەدا، پەی بەوە دەبەین کە ڕۆڵی ناوێکی سادە

نابینن، چونکە لە دەربڕینێکی هونەریدان، هەموویان یان جێنشینی ناوی شیرینن، یاخود زوڵفی شیرینن کە ئەویش (واتە زوڵفی شیرین) بەشێکە لە (کل) گشتێک و هونەری خوازەیە و لێرەدا بێجگە لەوەی شیرین و زوڵفی پارالێلن، هاوکات هەموو ناوەکانی دیکەش لەگەڵ شیرین و زوڵفیدا پارالێلن و هەم ئەنالۆگیا، زۆریشیان هاوئاوازەیشیان پیکهێناوە، وەکو (شیرین، جەمین، چین ) یاخود (شەماڵ، خاڵ).

هەر لەو حەوت دێڕەدا (١٦) شانزە ئاوەڵناو هاتوون، کە هەمووی وەسپی زوڵفی شیرینن، هەندێکیان لێکدراون، وەکو (زوڵف لوول دووجار، لوول وەردە، چەم وەردە، پێچ وەردە، پەخش بییە، پەرچین) تێیشیدایە سادەیە، وەکو ( گرنج، ساکن، کرژ ، لوول ) و هەشیانە داڕێژراوە، وەکو (پەشێو، خفتە، مەلوول)، کە بە گشتی هەموو ئەم کەرەسە ئاوەڵناویانەی نێو ڕێزمانی دەربڕینەکە لە کۆنتێکستی زمانە هونەرییەکەدا دەبنە ئەنالۆگیا و پارالێلی واتایی و هاوئاوازیی لە دەقەکەدا دێننە کایە، سەرنجی (لوول وەردە، چەم وەردە، پێچ وەردە ) یاخود (کرژ، گرنج ) و (لوول، مەلوول) ...هەموو ئەمانە سادە و لەخۆوە و ئۆتۆماتیکی نین، بەڵکو دەربڕینی هونەرییانەی شاعیرن بە کەرەسەی زمانی ڕۆژانە و بەرجەستەکراوی کۆنسێپتی پارالێلن.

لە سێ دێڕی کۆتایی شیعرەکەشدا کە شاعیر داواکارییەکانی بەرامبەر یار دەخاتە ڕوو، بە دە (ناو) و سێ (ئاوەڵناو) و سێ (کار) شیعرەکەی دەچنێ، ئەو بەشەش وەکو پێش خۆی سەرڕێژە لەو هونەرانەی کە باسمان کردن.

پێویستە ئاماژەش بەوە بدەین : هەر (٩) نۆ دێڕی شیعرەکە ، تەنیا نۆ (ئامرازی لێکدەریان) تێدان، کە ئەمەش بەڵگەی چڕی زمانی شاعیرە و دوورە لەهەر زیادی و پان بوونەوەیەکی دەربڕین، وەک لۆتمان لە وەسپی تایبەتمەندیی زمانی هونەریدا دەڵێت : (( زمان بە شێوەیەکی دیار خاوەنی زیادەیی و سەرڕێژییە . هەموو ئەو واتایانەش لەوەیە بە گەلێک شێوازی جیاواز تێیدا دەربڕرێت . لە بونیادی دەقی هونەریدا زیادەیی نامێنێت (دەکەوێت) . هۆی ئەم دیاردەیە ئەوەیە –هەرچەندە بۆ زمان لە ڕوانگەی گەیاندنی ناوەڕۆکێکی دیاریکراوەوە، گرنگ نییە، بۆ نموونە ڕواڵەتی دەنگی وشەکە چ جۆرێکە، بەڵام لە هونەردا هەمان ڕواڵەتی دەنگیی وشە بە شێوەیەکی حەتمی دەکەوێتە حاڵەتی پارالێلەوە لەگەڵ ئاوازەی وشەیەکی تردا، کە لە ئەنجامدا لە نێوانیاندا پەیوەندیی ئەنالۆگی دێتە کایە)) . (لۆتمان ٢٠١٩ :١٧٧).

لە ڕووی پێکهێنانی وشەکانیشەوە، جگە لەوەی داهێنەری وشەکانی لە چەشنی (چەم وردە) یە، لە هەمان کاتدا وشە ناکوردییەکانی لە چەشنی (خوفت ) ی کردووەتە (خوفتە) و ئاوازی فۆنەتیکی هەورامیی بەسەردا دابڕیوە و کوردانداوویەتی.

## ٣-پارالێلی ئاستی سیمانتیکیی شاعیر:

گۆشەنیگایەکی گەورە بۆ تێگەیشتن لە چەمکی پارالێل و بە گشتی تیۆریاکەی لۆتمان، ئەو هاوکێشەیە کە : بەکارهێنانی وشە، وەک کەرەسەی دەربڕینی زمانی ئاسایی و زمانی شیعر یاخود هونەرییە و وشەی لێکسیکیی (کەتەنیا سەرچاوەی یەکەمیانە)، ئەگەرچی سەرچاوەشە بۆ دووەمیان، بەڵام کاتێک وشە دەچێتە کۆنتێکستی دەقی شیعرییەوە، ئیتر تایبەتمەندیی لێکسیکی خۆی (کە سنووردار‌بوونی واتاییە)لە دەست دەدات و وەک لۆتمان دەڵێت : ((لەدەقی شیعریدا هەموو ڕەگەزەکان پەیوەندن نەک بە یەکترەوە، بەڵکو لەگەڵ ئەو ئەڵتەرناتیڤانەشدا کە نەهاتوونەتە ئارا، لە کۆتاییشدا –لە ڕووی سیمانتیکییەوە پڕن، (پڕواتان) ...)) . (لۆتمان ٢٠١٩ :١٤٦)، ڕوونتر و بە کورتی لۆتمان پێی وایە : (( بونیادی شیعر لە ڕووی ئاستی بەرزی سیمانتیکییەوە، توانای پێدانی بونیادی ئاڵۆزی وەهای وشەی هەیە، کە هەرگیز لە زمانی ئاساییدا نییە ..)) . (لۆتمان ٢٠١٩ : ١٤٧) . لە زەمینەی تیۆری و سەرەتای ئەم توێژینەوەیەشدا ئاماژەمان بەوە کرد کە ئەو دەقانەی ئەرکێکی بەرزی مۆدێلانەیان هەیە (لەوانەش شیعر، بە تایبەتییش لیریکی ) بە زاڵیی یەکەمەوە (واتە پارادیگمی) بونیاد نراون . دووبارە کردنەوە لە دەقدا بەدیهێنانی نەخشەی پارادیگمی، پرەنسیپی وەکیەکی جێبەجێ دەکات و دێنێتە کایە .

لە دەلاقەی کۆنسێپتی پارالێلیزم و بەدیاریکراوی (ئاستی سیمانتیک) ەوە بڕوانینە شیعری (شیرین زوڵف لوول) و نموونەی دیکەی شیعری بێسارانی، ئەوا لامان ڕووندەبێتەوە کە سەرڕێژن لە واتا و هێنانە کایەی ئاستی ئیستێتیکی:

هەموو وشەکانی (زڵف لوول، کرژ، لوول، مەلوول، پەشێو، پێچیاو، پەخش بوو، لوول وردە، چەم وەردە، گرنج، مولەمای زنج، خوفتە، ساکن، وەش بۆ، سەر کڵفە ) تیشکۆی یەکترین، لەو ڕوانگە وە بێجگە لە (زوڵف لوول) کە وەسپە بۆ شیرین، ئیتر هەموویان وەسپن بۆ (زوڵف) کە سیمبۆلی جوانیی شیرینە . هەموو ئەم وەسپانە نموونەن بۆ چەندین وەسپی دیکە کە نەهاتوون لە دەقەکەدا.پەیوەندیی نێوان زوڵف و هەموو وشەکانی دیکە پەیوەندییەکی ئەلیگۆریایە، وەک لۆتمان ئاماژەی پێ دەدات : ((کاتێک ئێمە لە پارالێل لەسەر ئاستی وشە یان لێکدانی وشە دەدوێین، لە نێوان ئەندامی –بابەت و ئەندامی–مۆدێلەکە، پەیوەندیی ئەلیگۆریا دێنە کایە، ئەوەی کە پێی دەگوترێت "مانای ئەلیگۆریایی" و ئەنالۆگیاش لە نێوان هەردوو چەمک (مفهوم) ە کەدایە . ئاوەها وێنەگەری لەدایک دەبێت کە هەمیشە بەشێوەیەکی تەقلیدی هەر بە تایبەتمەندیی بنەڕەتیی شیعر لە قەڵەم دراوە، بەڵام وەک دەبینین دەرکەوتنێکی زیاتر سروشتی و یاسایی گشتییە لە دەوروبەرێکی دیاریکراوی بەراوردکاری و پێچواندندا . لە ڕاستیدا دەبێت ئەوە بڵێین کە شیعر –بونیادە، هەموو ڕەگەزەکانی لە ئاستە جیاجیاکاندا لە نێوان خۆیاندا لە حاڵەتی پارالێلدان، لە ئەنجامیشدا هەڵگری قورساییەکی دیاریکراوی واتاییە )).(لۆتمان ٢٠١٩ :١٧٦) . لە نێوان زوڵف و هەموو ئەو وشانەی تر پەیوەندیی ئەلیگۆریا یا مانای

ئەلیگۆریایی هەیە کە ئەنالۆگیای لە نێوان هەردووچەمکەکەدا دروست کردووە ؛ زوڵف کە (کرژ ) و (لوولە) وەک (سیامار) ڕەش مار (پەشێو) و (مەلوولە)، وەک لاولاو هەڵئەزنێ و خۆی پێچ دەدا بە دەوری باڵای یاردا ؛ سەرنجی ئەم زاوزێی وێنە شیعرییە بدە کە دەرئەنجامی ئەم پاراڵێلە و ئەنەلۆگیایە هاتووەتە بەرهەم : زوڵفی لە ڕەنگدا ڕەشی وەک مار و لە حاڵەتی کرژ و لوولیا وەک ماری پەشێوو و مەلوول و لوول خواردوو، لە شتێکی تریش دەچێت، لاولاوێک کە وەک مار خۆی دەپێچێ لە (باڵا ) ی یار کە وەک (توول) ی نەمامێکی تەڕ و باڵا ڕێک وەستاوە، لێرەدا وشەکانی یاخود ناوەکانی (شیرین) و (زڵف) و (سیامار) و (لەولاو)، هەموویان پەیوەندیی ئەنالۆگیان پێکهێناوە و ئەگەر (مار) لە کاتی پەشێویدا خۆی کرژ دەکات و مەلوول دەبێت و ئەگەر (لەولاو) یش وەک مار خۆی هەڵئەپێچێت لە نەمامی توول بەرز، ئەوا زوڵفی شیرینیش کرژ و لوولە وەک یەکەم و هەڵزنیووە بە باڵای یارا وەک لەولاو، ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە لۆتمان بۆی دەرکەوتووە و دەڵێت : ((لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی تریش، حاڵەتێکی ئالۆزتری پاراڵێل هەیە، کاتێک هەردوو بەشی دوو ئەندامییەکە یەکتر دەمۆدێلێنن، لە هەریەکێکیاندا شتێکی تێدایە کە ئەنالۆگە لەگەڵ ئەوی تردا)) . (لۆتمان ٢٠١٩ :١٧٥).

لە سەرێکی تریشەوە ئەمە بەدیهێنانی(cohesion) گونجان و هاوئاهەنگی و تۆکمەیی چنینی ڕەگەزەکانی دەقەکەیە لە هەموو ڕوویەکەوە –وەک پێشتریش ئاماژەمان پێ دا –بەڵام ئەم هەوڵەی بێسارانی ئەمجارەیان بە پرەنسیپێکی تری(cohesion) ە ، کە (پەیوەندیی تێمە –بابەت ) ە ...کە لە سەرچاوەی پێشتر ناوبراودا ئاوەها ناسێنراوە : ((هەموو ڕستەیەک نیشانە ڕێگایەکی سەرەتا، تێمات، و بەردەوامییەکی ڕێمات –ە. دەربارەی یەکەمیان (تێمە) ئێمە ئەو زانیارییە هەڵدەبژێرین کە زۆرجار خوێنەر پێشتر دەیزانێ، واتە ئەوەی پێی دەڵێن : زانیاریی زانراو، ئەو زانیارییە دواتر وەک شوێنپێ و (ڕێنیشاندەر) بۆ زانیاریی تازە، کە دەکەوێتە (ڕێمات) ەوە بەکاری دەهێنین . بەهەمان شێوە ئەم زانیارییە تازەش وەک زانراوی لێ دێ و بەم جۆرە لەمەیشەوە زانیاری تر دەست دەخەین و تا دوایی ...بەم شێوازە بونیادی دەقێک، بەردەوام دەبێتە (سەرچاوەی) زانیاریی نوێ ...دەق بە هۆی (تێمە) وە دادەڕێژرێ و دەبێتە پردێک لە نێوان واتاکاندا ...)) . (مێلین و لانگە ٢٠٠٨ :٧٥-٧٦) . لە ڕاستیشدا بێسارانی "زوڵف" و تایبەتمەندی و سیفەتەکانی (چ مادی چ مەعنەوی بە داهێنانی شاعیر وێنە کێشراو) دەبنە ئامرازی پێکەوەگرێدانی وشە کلیلییەکان و تان و پۆی دەقەکە لە ئاستێکی داهێنەرانەدا پێکدەهێنن...

بێسارانی بێجگە لەمەش هەر لەسەر بنەمای هاوشێوەیی وێنەی پاراڵێلی دروست نەکردووە، بەڵکو واتا و وێنەی ئەوتۆی هەن لەم شیعرە و شیعرەکانی دیکەیشیدا کە وەک وشەی فەرهەنگی و زمانی ئاسایی، پێکەوە کۆکردنەوەیان نالۆژیکییە، بەڵام لە زمانی شیعر و هونەردا هەر تایبەتمەندییە و ترۆپکی جوانی و هونەرە . شاعیر لە دێڕەکانی دواتردا چەند دیمەنێک لەم وێنانەی کە (دووانەی دژیەکن) هێناوە، بەڵام ئەنالۆگن و بیرخەرەوەی یەکترین و پاراڵێلن : لە دێڕی سێیەمدا، (زوڵف) هەندێک

جار (پەخش مەبۆ) پەخش و بڵاو دەبێتەوە بە دەوری (جەمین) نێو تەوێل یا نێوچاواندا، بەڵام هەندێک جاریش بە پێچەوانەوە (چین چین لوول دەبێت) و کۆ دەبێتەوە ؛ هەروەها لە دێڕی دواتردا، هەر ئەو زوڵفە (چەم وەردەن) دەچەمێتەوە وەک چەمەرەی چین (مانایەکی یەکلاکەرەوەمان بۆ چەمەرە دەست نەکەوت، بەڵام گرنگ سیفەتی چەمانەوە کەیە... )، کەچی هەندێک جاریش بووەتە سیخ و ڕێک وەستاوە و بەر نێوچاوانی گرتووە و بۆی بووە بە پەڕچین و پارێزەر، لە دێڕی دواتردا دەڵێ : هەندێک جار (پەشێو)ە و شێواوە و دواتر و هەر لە بەشی دووەمی ئەو نیودێڕەی یەکەمدا دەڵێت :هەندێک جاریش (گرنج) ە، واتە چین چینە، بەڵام لە نیوە دێڕی دووەمدا وەزیفەیەکی جوانی پێچەوانەی دوو ئەرکە جوانییەکەی دیکەی دەداتێ و دەڵێت : (گا گا گرێ بەند مولەممای زنجەن) واتە هەندێک جاریش وەک نیشانەیەکی جوانی ژێر چەناگەت تێکەڵی بووە، بە کورتی یەکەمیان لە پەشێویشدا جوانە، دووەمیان ڕێک و چین چینەو جوانە و بۆخۆی و لە خۆیەوە جوانە، بەڵام سێیەمیان تابلۆیەکی جوانتریشی نەخشاندووە .لەدێڕی شەشەمدا، هەر ئەم زوڵفە (گا تا تا جە تاو گەردشت شەماڵ ) لەتاو هەڵکردنی شەماڵ جوڵەی تێکەوتووە و تاڵ تاڵ بووە و هەر تاڵێکی ڕووی لە شوێنێکە و بزواوە، بەڵام دوای ئەو بزواوی و هەڵکردنی شەماڵە، جارجاریش (خوفتە و ساکن نە دەوران خاڵ ) ئارام و هێورگرتووە و هەر دەڵێی لە دەوری خاڵی یار نووستووە، ئەمەش دوو دیمەنی دژ یەکە بزواوی و هێوری تا وێناکردنی بە نووستوو، ئەوە بێجگە لەوەی کە (شەماڵ) مایەی بزواندنە بەڵام (خاڵ) مایەی هێور کردنەوە و ئارام گرتنە بە گشتیش دیمەنەکە، ئەو وێنە شیعرییەی نێو کلتوری خەیاڵی شیعریمان دێنێتەوە یاد کە هەمیشە "ڕەش مارێک پەپکەی داوە لەسەر گەنج و خەزێنەیەک یا لەمپەری گەیشتنە بە جوانێک" و ئەم یاد خستنەوەیەش ئەنالۆگیا و پارالێلە لەگەڵ دیوێکی شیعرەکە کە نەهاتووە و لە خەیاڵ و زەینی خوێنەر یا گوێگردایە . بەگشتیش هەموو ئەم کەرەسە و وشانە پێکەوە ئەنالۆگیان و دەرئەنجامی پارالێلن کە هونەری هاوشێوەیی یا تەریبی پێکەوەچنینی وشەکانن، هاوئاوازی و جێنشینی وشەکان پێکی هێناون .

لە کۆتایی هۆنراوەکەدا، پاش ئەوەی دەستپێک شیرین دەدوێنێ و وەسفی دەکات بە زوڵف لوول و هەر لەو دێڕەدا خۆی بە قوربانی زوڵفی دەکات و لەبەشی دووەمەوە کە لە دێڕی دووەمەوە دەست پێ دەکات تا دێڕی شەشەم هەمووی جەخت کردنەوە و پۆرتریتی جوانیی زوڵفی یاربوو، دێتە سەر داواکاری لەیار و بە (بەرگوزیدەم) وەسپی دەکات کە لە ترادسیۆنی ئاینە جیاوازەکانی ئەم ناوچەیەدا بە کەسێک دەوترێت کە دوا پلەی لەهەموو ئاستێکی پێکهاتەی کەسایەتییدا هەبێت و داوای یەک (تاڵ) ی ئەو زوڵفەی لێ دەکات کە (سەر کڵفە) سەرەکەی لوولی خواردووە، تا بیداتە دەستی و ئەویش وەک (تەوافچیان) ئەوانەی بەدەوری کەعبەدا دەگەڕێن و تەواف دەکەن و نێوچاوانیان بۆ پیرۆزکردن دەسوون بە بەردە ڕەشەکەدا، ئەمیش ئەو تاڵە زوڵفە ڕەشە بهێنێ بەچاوەکانیدا و بەڵکو ئازاری چاوەکانی هێوربیبێتەوە و ئەگەرچی دڵی بووە بە (زوخاڵ) خەڵووز، بەڵام بەڵکو نەبێتە خۆڵەمێش.

دوو وێنەی تەریبی :ئەم یارە بژاردە و تاقانەیەی، تاڵێ زوڵفی ڕەشی باتێ و ئەمیش وەک تەوافچیان بیهێنێ بە نێوچاوانیا تا وەک بەردە ڕەشە پیرۆزەکە ببێتە مایەی شیفای ؛ (شاعیر و تەوافچی)، (تاڵێ زوڵفی ڕەش و بەردە ڕەشەکە)، ئەمە وێڕای دووالیزمەکانی : (ساکن-ئارامی بێ ئازاری) و (دەرد-ئۆقرە لێبران و نائارامی ئازار)، هەروەها (زوخاڵ-کەم سووتاوو تۆپەڵە بوو) و (گەرد-تەواو سووتاوو بە خۆڵەمێش بوو) ...هەموو ئەمانە هاوشێوەی واتایی و وێنەییان بەرجەستە کردووە کە ئاستەکانی کۆنسێپتی پارالێلن.

## ب-چەمکی پارالێل "تەریبی" لە لیریکی سەییدیدا:

لە دووەم پارماندا، تیشکۆی ئەم کۆنسێپتە و ئاستەکانی دەکەین لە لیریکی سەییدیدا . لە دیوانەکەی کە دەوڵەمەندە بە کۆنسێپتەکانی ستایڵناسی و لەوانەش پارالێل، نموونەیەک دەکەینە بنەمای کۆی شیکارییەکەمان و لە کاتی پێویست و بۆ دەوڵەمەندکردنی بە بەڵگەی پتر، ئاماژە بە نموونەی شیعری دیکە دەکەین. سەییدی، دەڵێت:

١- ڕیۆن داخ و باڵا تەڤە هەزارێ و دەردە دارەنێ
گرد کوشتەو ئا دیدەتەنێ، تە دیدەت جادوو کارەنێ
٢- باڵات نەمامی نەوبەرۆ، دیدێت نەرگسی مامەرۆ
کوڵمێت ساڤۆ دڵی دەرۆ، مەمێت هەرجیۆ نارەنێ
٣- زوڵفێت گرەنج و خاوەنێ، سەرلوولەنێ، سیاوەنێ
چنوور و ڕاگاو کاوەنێ، کەمەندە یا شا مارەنێ
٤- گەر لۆمەن و ئەگەر مەنۆ، ئەز عاشقۆ باڵاو تە نۆ
پی دینە با تەپڵم ژەنۆ، وەس نیا خاسم یارەنێ
٥- ئەشکت پێسەش وستەن کەلێم، بیەن بایس پەی خجڵێم
سەر تا وار و نە تۆی دڵیم، حەرفێ تەمێت دیارەنێ
٦- بی مێر غوزار دونیا تەمۆم، چەنی ئاڤۆ هەرسۆ چەمۆم

کەی مەینەتۆ یاگۆ خەمۆم، دیدەی من ئینتیزارەنێ

٧- زێدم چۆڵ و ماوام بەرۆ، پیمۆنۆمۆ پەی تە هەڕۆ

تاکەی ئەڤداڵ مشیۆ بەرۆ، بەرگ و لەشیم دەوارەنێ

٨- تاڵەم کەمۆ، خەمێم فرۆ، پەی تەم پۆشان بەرگ و کفۆ

من ئاد و بەینم هەر یوڤۆ، بەڵام تە مۆڵەت دارەنی

٩- ئەز مەجنوونو وێڵ و تەنۆ، شێت و ئەراگێل و تەنۆ

دایم چەنی خێڵ و تەنۆ، کۆمێم چنیم بێزارەنێ

١٠- تۆنی حەیات و نەفەسم، سا سێ مەنام کەرا کەسم

"کلام الله" و بابۆیم قەسەم، من هەر ئێدەم گوفتارەنێ

١١- سا وەس چەنیم توندی کەرە، دالێوە خەم خواریم کەرە

با فتەن کەروو ڕاتنە سەرە، ئەر تە قسێت هەموارەنێ

١٢- ئەگەر تە قەولت سادقۆ، پێسەو یاران موافقۆ

وەس دەر جەفاو و عاشقۆ، فەقیرەنی، هەژارەنێ

١٣- "صەیدی" فدیۆ سیمین لە شۆن، گورفتار و باڵاو وەشۆن

خەیاڵش لاو دیدە ڕەشۆن، چەم سیاوێش دەکارەنێ . (صەیدی ١٣٨٥ :١٠٣).

ئەم شیعرەی سەییدی، سیانزە بەیتە، هەر بەیتێکی (٣٢) بڕگەیە، نیوەبەیتێکی لە (١٦) بڕگەی سیلابی (٨x٨) پێکدێت . بونیادی شیعرەکە لە نێوان (ڕیۆن) ی خۆشەویستی و سەییدیدایە و شاعیر گوتاری شیعریی خۆی لە چوار پلە و قۆناغدا وێنە کێشاوە : لە سێ دێڕی یەکەمدا ڕوو دەکاتە یار و وەسپی دەکات، قۆناغی دووەم، لە دێڕی چوارەمەوە تا دەیەم، حاڵی خۆی دەخاتەڕوو، لە دوو دێڕی دواتردا و وەک قۆناغی سێیەم، داواکاری و پێشنیازی هەیە لێی و دوا قۆناغ و دوا دێڕیش، شاعیر و عاشیق ڕوو دەکاتە هەر کەسێک سەرنجی لەسەر ئەم حاڵ و حاڵەت و دیمەنانەیە، خۆی دەناسێنێ و وەڵامی ئەو پرسیارە گریمانەکراوانە دەداتەوە کە ئەگەری هەیە بوترێت : ئەمە کێیە یا بۆچی وادەکات .

لەبابەتی پارالێل لای بێسارانی، چەندین هاوکێشە و بنەمای تیۆریمان لە فرە تیۆریستی شێوازناسەوە، بەتایبەتی لۆتمان، لە هەموو جۆر و ئاستەکاندا خستەڕوو، هەموو ئەوانە بۆ دوو شاعیرەکەی دیکەشمان ڕاسن و پێویست بە دووبارە هێنانەوەیان ناکات، بۆیە لە هەر چەشن یا ئاستەکانی : فۆنۆلۆگی، مۆرفۆلۆگی و سینتاکسی، سیمانتیکیدا، جەخت لە پراکتیکی شیکاریی لیریکی شاعیرەکانمان دەکەینەوە.

## ١-پارالێلی فۆنۆلۆگی لە شیعری شاعیردا:

ئەگەر ورد بڕوانینە ئەو دەنگ و پیتانەی کە کەرەسەر شیعری و دەربڕینی یەکەمی شاعیرن، تێبینی ئەوە دەکەین:

سەرەتا وەک وتمان، مۆسیقای شیعری دەرەوە (کێش و سەروا) ی ئەم شیعرە، کێشی پەنجەیی (٣٢) برگەییە و زۆر هارمۆنیانە ١٦ بە ١٦ و لە هەر دێڕێکیشدا ٨X٨ دابەشبوون، ئەمە وێڕای ئەوەی شیعرەکە لەسەرتاوە تا کۆتایی پیتی (ن) بووەتە سەروای، بەڵام ئەم لەرین و ڕیتم و ئاوازدارییە دڵڕفێنەی ناو ئەم شیعرە تەنیا بەم دووانە دابین نەبووە.

ئەگەر سەرنجی شێوە جیاوازەکانی دەنگی ڤاوڵی "ێ" بدەین لە وشەکانی: (هەزارێ)، (دارەنێ)، (تەنێ)، (کارەنێ)، (نارەنێ)، (زوڵفێ)، (خاوەنێ)، (لوولەنێ)، (سیاوەنێ)، (کاوەنێ)، (مارەنێ)، (یارەنێ) لە سێ دێڕی سەرەتادا و ئەو دەنگانەی "ێ" کە بوونەتە پەرژینێکی ئاوازەدار لە کۆتایی هەر بەیتێکدا، ئەو کات پەی بەو ڕۆڵە هونەرییانەی بەکارهێنانی ئەو پیتە دەبەین کە چ تەونێکی دەنگی چێژدارە . هاوتەریب بەو، دەنگی "ۆ" لە وشەکانی: (نەوبەرۆ)، (مامەرۆ)، (ساڤۆ)، (دەرۆ)، (جیۆ)، (لۆ)، (مەنۆ)، (عاشقۆ)، (تە نۆ)، (ژەنۆ)، لە دێڕەکانی (٢-٤) سەرەتا و هەروەها وشەکانی : (تەمۆ)، (ئاڤۆ)، (هەرسۆ)، (چەمۆ)، (مەینەتۆ)، (یاگۆ)، (خەمۆ)، (بەرۆ-دووجار)، (پیمۆ)، (نۆمۆ)، (هەڕۆ)، (مشیۆ)، (کەمۆ)، (فرۆ)، (کفۆ)، (یوڤۆ)، (تەنۆ سێ جار) لە دێرەکانی (٦-٩)، دواجار لە دوو دێڕی کۆتاییدا، وشەکانی : (سادقۆ)، (موافقۆ)، (عاشقۆ)، (لەشۆ)، (وەشۆ)، (ڕەشۆ) ...هەموو ئەمانە ئەناڵۆگی و تەریبی ڤاوڵەکانی "ێ" و "ۆ" ن ، ئەمە وێڕای ئەوەی ئەو جۆرەیان کە دەکەونە کۆتایی وشە و لەبەر ئەوەی ڤاوڵیشن ، دەبنە(assonance) هاوکێش (سجع-توازن) و لە هەمان کاتدا دەبنەinternal)

rhyme) سەروای ناوەوە . بێگومان لەبەر فرەیی نموونەکانیان، ئەگەر نا وەک نموونە، دەنگی زۆری دیکەی تێدایە کە چ هاوپیت بن یا جیاواز لەو بونیادەدا بوونەتە پارالێل لە ئاستی فۆنۆلۆگیدا، بۆنموونە لێکچووەکان: (تە) ی "تەڤە" و (تە) ی "تە دیدە" لە بەیتی یەکەم، هەرسێ پیتی (اوە)ی (خاوەنێ) و (سیاوەنێ) و (کاوەنێ) لە بەیتی سێیەم، (پ) لە "پی دینە" و "تەپڵم " ...ئەمانەو زۆری دیکەش؛ لە

نموونە جیاوازەکانیش : هەرسێ پیتی (ت + چ +خ) لە وشەکانی "تەمۆم"، "چەمۆم"، "خەمۆم" لە بەیتی شەشەم جێگرەوەی یەکتری و هاوئاواز و ئەنالۆگیای دەنگین و تەریبین، هەروەها پیتەکانی (ر) و (ڕ) لە وشەکانی : "بەرۆ" ، "هەڕۆ" ، "فرۆ" لە بەیتەکانی حەوتەم و هەشتەمدا و زۆر نموونەی دیکەش کە بەداخەوە لەبەر زۆری دەرفەتی خستنەڕووی هەموویمان نییە، بەڵام ئەوانە دڵۆپێکن لە دەریایەک کە لەو شیعرەو بەرهەمەکانی دیکەیدا زەق دەبینرێن و ئاوازێکی ڕەنگنی ئەوتۆیان خوڵقاندووە کە ڕۆحمان پڕ دەکەن لە سەما.

وەک لای بێسارانش تەتەڵەمانکرد، جۆرێکی دیکەی پارالێلی فۆنۆلۆگی، (alliteration) ە ، واتە دووبارە کردنەوەی دەنگە کۆنسونانتەکان لەسەرەتای دوو وشە یان زیاتر . جگە لە پیتە سەرەتاکانی ئەو نموونانەی سەرەوە (واتە :تەمۆ، چەمۆ، خەمۆ) کە بۆ ئەم پرەنسیپەش دەبن، نموونەی دەنگی پیتی (ت) سێ جار هاتنەوەی لەسەرەتای وشەی "تەنۆ" ی بەیتی نۆیەمدا، هەروەها دەنگەکانی پیتی (ب) دووجار لە دووبارەکردنەوەی وشەی "بەرۆ" ی دێڕی حەوتەمدا، وەک سەروایەکی سەرەتای وشە ئەنالۆگی و ئاوازێکیان داوە بە وشە و دێڕ و کۆی بونیادی دەقەکە . لە نموونەی هاوئاوازی و دەنگی پیتە جیاوازەکان کە دەبنە سەروای وشە و ئاوازداری وشەکان چڕتر دەکەن :هەردوو دەنگی (ن) و (م) لە وشەکانی "نەوبەرۆ" و "مامەرۆ" ی بەیتی دووەم، دەنگی پیتەکانی (خ، س، ک، م) لە وشەکانی (خاوەنێ)، (سیاوەنێ)، (کاوەنێ)، (مارەنێ) لە بەیتی سێیەم ...هتد، هەموو ئەمانە سیمپڵن بۆ ئەو تەونە لە پارالێلی فۆنۆلۆگی کە هونەرمەندیی و دەستڕەنگنی شاعیر گیانی بەبەردا کردوون، تەنیا تاڵی پێکەوە چنراوی شیعرێک نین، لەوەش زیاتر لە نۆتەی وردی میلۆدی سەمفۆنیایەک دەچن کە بونیادێکی تەواو و خاڵی لە نەشازیان خستووەتە سەر پێ و لەم بونیادەدا هیچ شتێک بێ ئەرک نییە، هەموو دانەیەک لەوانەش فۆنۆلۆگی، ئەرکی هەیە، ئەم چەشنە هونەرییانەی چنینی وشەش کە پارالێلی دەنگییە، ئەرکی ئەنالۆگیای دەنگەکان بەدیدەهێنێت.

## ٢-پارالێلی مۆرفۆلۆگی و سینتاکسی لای هەمان شاعیر:

وەک (جونقانی) باسی دەکات : ((لۆتمان، ئاگایانە لە سستێم و چەمکی پارالێل لە ئاستی شیعردا، بەیەکێک لە گرنگترین بنەماکانی پەیدابوونی شیعری ئەژمار دەکات . لە توێژینەوەی شیعری ڕووسیدا دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی، بەگشتی لەبەردەم دوو جۆر پارالێل یا سستێمی پێکهاتوودایین : تەریبی لە پەیوەندییە سینتاکسیدا و تەریبی لە کەرەسە زمانییەکاندا )) . (جونقانی١٣٩٧ :٤١).

له خاڵی یەکەمی لای سەییدیدا، باسی پاراڵێلی فۆنۆلۆگیمان کرد، وەک تەریبی لە کەرەسە زمانییەکاندا، لەم خاڵەشدا بێجگە لە مۆرفۆلۆگی وەک کەرەسەیەکی دیکەی زمانی، باسی تەریبی لە پەیوەندیی سینتاکسیشدا دەکەین.

له ئاستی مۆرفۆلۆگیدا، کە دانەیەکی واتاداری ڕستەیە، ڕەهەندە تەریبییەکانی ئەم لیریکەی سەییدی ئاوا شیکاریی دەکەین : هەر لە سەرەتاوە بێجگە لە وشەکانی کۆتایی هەردوو نیوبەیتی دێڕی یەکەم و هەموو ئەوانەی کۆتایی بەیتەکان، وشەکانی : (نەوبەرۆ) و (مامەرۆ)، (ساقۆ) و (دەرۆ) و (جیۆ)، (کوڵمێت) و (مەمێت) ...ئەمانەو زۆر نموونەی تر کە دەرفەتی ئاماژەپێدانیان نییە لێرەدا، پاراڵێلی ئاوازداری مۆرفۆلۆگین . هاوکات ناوی "ڕیۆن" کە جەمسەرێکی بونیادی شیعرەکەیە، لەگەڵ هەردوو ناوی "باڵا" و "دیدە" لە دێڕی یەکەمدا جێنشینی یەک و پاراڵێلین، چونکە هەرسێ وشەکە وەک کەرەسەیەکی مۆرفۆلۆگی، (ناو)ن و ئەنالۆگیان . لە دێڕی دووەمەوە، ناوەکانی : (باڵا)، (دیدێ-واتە هەردووچاوت)، (کوڵم)، (مەمێ)، (زوڵف)، لە ڕستەکانی (٢+٣) دا، جێنشینی یەک و پاراڵێلن؛ بەدوای ئەواندا دەرخەرەکانی (نەمامی نەوبەرۆ-نەوبەر میتۆنیمییە)، (نەرگسی مامەرۆ-خوشیان دەرخەر و دەرخراون)، (ساقۆ دڵی دەرۆ-لەگەڵ کوڵمدا خواستنە)، (هەرەجیۆ نارەنێ-لەگەڵ مەمکدا لێکچواندنە)، (گرەنج و خاوەنێ - وەسپ و ئاوەڵناوە بۆ زوڵف + سەرلوولەنێ - وەسپ و ئاوەڵناوە بۆ زوڵف + سیاوەنێ - وەسپ و ئاوەڵناوە بۆ زوڵف + چنوور ڕاگاو کاوەنێ - لێکچواندنە لەگەڵ زوڵف + کەمەندە یا شامارەنێ- لێکچواندنە لەگەڵ زوڵف) ...هەموو ئەم کەرەسانەی ئاماژەمان پێ دان، گرووپی یەکەم ناون و جێنشینی یەکن و گروپی دووەمیش دەرخەرن و جێنشینی یەکدین و بە گشتییش لە بۆتەی پاراڵێلدان . هەر لە دێڕی یەکەمدا، هاوەڵناوەکانی (دەردەدار- لێکدراوە)، (کوشتە-دارێژراوە)، (جادووکار-لێکدراوە)، هەرسێکیان دەربڕینی جیاوازن بۆ یەک مانا کە سیفەتی ڕیۆنە، بۆیە ئانالۆگیان و پرەنسیپی پاراڵێلیان بەرجەستەکردووە، هەروەها ئامرازە لێکدەرەکانی (گرد) لەسەرتای نیوەی دووەمی دێڕی یەکەم، (گەر) سەرتای دێڕی چوارەم، ئامرازی پرسیارەکانی (کەی)دەستپێکی دێڕی شەشەم، (تاکەی) سەرەتای نیوەدێڕی دووەمی بەیتی حەوتەم، دیسانەوە ئامرازە لێکدەری (پەی-بۆ) لە نیوەی یەکەمی دێڕی هەشتەم، (ئەر و ئەگەر) لە هەردوو دێڕی یازدە و دوازدە، (چەنی و کەی ) لە دوا دێڕدا، زیاتر لەمانەش ڕاناوە سەربەخۆکانی (تە) دێڕی یەکەم، (ئەز) دێڕی چوارەم، (من) دێڕی شەشەم، (تە) دێڕی حەوتەم، (تە+من +تە) لە دێڕی هەشتەم، (ئەز +سێ جار تە) دێڕی نۆیەم، (تۆ +من) لە دێڕی دە ...وێڕای هەموو ئەو جێناوە لکاوانەی کەسی یەکەمی تاک و کەسی دووەمی کۆ ...بەگشتی هەموویان لە جوغزی پاراڵێلی مۆرفۆلۆگیدان و کاریان جێنشینی و ئانالۆگییە و پێکەوە تەریبیی هاوشێوەیی و هاوواتایی و هاوئاوازییان ئافراندووە.

سەبارەت بە پاراڵێلی سینتاکسییش، بە سەرنجدانێکی ئەو هۆنراوەیە چەندین چەشنی تەریبیمان لە ئاستی ڕستەدا بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە لە بەیتی یەکەم :ڕستەی "داخ و باڵا و تەڤە هەزارێ و دەردەدارەنێ" لەگەڵ "گرد کوشتەو ئا دیدەیتەنێ" پاراڵێلن و هەردووکیان یەک ئەرکیان هەیە کە باسی ڕیۆنە، هەروەها ڕستەکانی : "باڵات نەمامی نەوبەرۆ"، "دیدێت نەرگسی مامەرۆ"، "کوڵمێت ساڤۆ دڵی دەرۆ"، "مەمێت هەرەجیۆ نارەنێ"...هەموو ئەمانە، بەڵکو هەموو ئەو ڕستانەی لەدەستەی باسی (ڕیۆن+ئەو +تۆ +ت) ن لەبەرامبەردا ڕستەکانی لەبەرەی (شاعیر+عاشیق +ئەز +م ) ن بەگشتی هاو شێوەبن یا پێچەوانە، پاراڵێلن.

وەک ئەدەبناسی پێشوومان لە شیکاریی ئەو دوو ئاستە گشتییەی پاراڵێلدا، بە پشت بەستن بە ئایدیاکانی یۆری لۆتمان، سەرەڕای پەیوەندییان، تایبەتمەندیی هەرکامیان ڕووندەکاتەوە و دەڵێت : ((لە چەشنی یەکەمدا –واتە پێکهاتەی سینتاکسی، وەک لۆتمان دەڵێت : "بونیادی ڕستە و بونیادی ڕیتمی ڕستەکان بە چەسپاوی و هاوسانی دەمێننەوە، بەڵام یەکە گۆڕاوەکان پێدەچێت تەنیا لە ڕووی ڕۆنانەوە هاوسان و هاوشێوەبن" . بە دەربڕینێکی سادەتر، ئەوەی لەم ڕستانەدا بەشێوەی پاشکۆ ڕەفتار دەکات، پێکهاتەی ڕستە و پەیوەندییە ئەبستراکتەکانی ئاستی گشتی ڕستەن، ئەوەشی وەک گۆڕاوێک کار دەکات، کەرەسە مادییەکان و ئاستی گشتیی مانای ڕستەن . بەم شێوەیە دەتوانین ئەم بۆچوونەی لۆتمان بهێنینەوە : "لە دەقێکی گریمانەکراودا، پاشکۆگەلێکی چەسپاو هەن، کە ڕەگەزە هەڵبژێردراوەکان لە جوغزی ئەواندا دەتوانن بگۆڕێن " . )) . (جونقانی ١٣٩٧ :٤١) .

## ٣–پاراڵێلی ئاستی سیمانتیکی شاعیر:

ئەو دەمەی هەرکام لە زاراوەکان لە خودی خۆیاندا سەرڕێژبوون لە ئاواز و مانای پێویست و لە بونیاد و پێکهاتەی نوێشدا دوو هێندە وزەیان وەرگرت و کامڵبوون، بەگشتی بەشەکانی ڕستە لە زاراوە و پێکهاتەکان داهێنەرانە هاتنەکایە، هەستیارترین لایەنی خوڵقێنەری گوتن و دەربڕین، زادە و درێژبووەوەی هەر ئەم پەیوەندییە مۆسیقایی و واتاییەیە لە ڕستەدا؛ بە شێوەیەک لە پەیوەندیی قوڵ و گەورەی زەمینەی بەشەکان و واتاکان و ئاوازەییەکانی خۆی بە تەکنیک و شێوە جۆراوجۆرەکانی واتایی و دەربڕین تەواو و کامڵ دەکات، و لە نێوان پار و بەشەکانی خۆیدا، تەریبی بەدیدەهێنێت . وەک محبتی دەڵێت : ((...پاراڵێل، چەندین تەکنیک و هونەری هەن و هیچکات ناتوانین یاسایەکی هەمیشەیی بۆ دابڕێژین . پاراڵێل ، تێگەیشتن و پەیپێبردن و وەرگرتن و بوونی بۆنکردن و چەشنێک توانای بینینە بۆ پێکهێنان و پەیداکردنی جۆری جیاوازی حاڵەتەکان و ڕیتمە مۆسیقییەکان لە پار و بەشەکانی ڕستەدا، بە چەشنێک لە کۆتاییدا هاوسەنگی واتایی و ئاوازەیی و دەربڕین لە گوتار و

نووسیندا دەربکەوێت، جارێک لایەکی ڕستە پڕ لە ڕیتم و ئاوازە و جارێکیش لایەکی دیکە، هەندێکجار مانا ئاوێتە بووە بە ئاواز و هەندێکجاریش ئاواز بە دەربڕین، دەمێک مانا و دەربڕین و ئاواز هاوئاهەنگ و هارمۆنییانە و دەمێکیش پار و بەشەکانی ڕستە، دەبنە زەمینەی سەرهەڵدانی پێکهاتەیەکی ئاوازداری زمانی . لە کۆتاییدا هەموو ئەمانە جوانترین و کامڵترین شێوەی زمانی و دەربڕین دەهێننە ئاراوە )) . (محبتی ١٣٨٦ :١٤٢).

خوڵقاندنی پارالێل، زیاتر لەسەر بنەمای داهێنانی خودیی هونەرمەندە و شاعیرکانی ئێمەش بە ڕوونی داهێنان و هونەرمەندییان لە شیکاریی بەرهەمەکانیاندا دەردەکەوێت.

سەبارەت بە پارالێلی سیمانتیکی لەو لیریکەی سەرەوەی سەییدیدا : لێرەش و لەم ئاستەشدا جارێکی دیکە، دەتوانین وشەکانی (ڕیۆن)، (بالا)، (دیدە)، وەک پارالێل ئاماژە پێ بدەین، چونکە جێنشینی یەکن و هەرسێکیان ئاماژەن بۆ جوانێک کە ڕیۆنە، هەر لە هەمان ڕستەدا "گرد" و "هەزار"، "دەردەدار" و "کوشتە" پارالێلن و ئانالۆگیایان خوڵقاندووە، دووانی سەرەتا ئاماژەن بۆ برۆ خەڵکێکی زۆر، دووانی دووەمیش ئاماژەن بۆ حاڵەتی خراپی جەستە بە دەست یارەوە.

هەمان ئەو ناوانەی ڕستەی دووەم، پێکەوە تەریبین و هاوکات لێکچووەکانیشیان پارالێلن ...بە گشتی زۆر وشەی ئەو دێڕە شیعرییانە لە هەمان کاتدا وەک کەرەسەیەکی مۆرفۆلۆگی ڕستە تەریبین، لە هەمان کاتدا وەک جێنشین و لە ئاستی سیمانتیکیشدا پارالێلن ...لێرە بە دواوە ئەگەر بۆ ئەم ئاستە تیشکۆ بخەینە سەر ڕستەکانی کۆتایی و وەک نموونە وەریانبگرین، دەبینین:

"سیمین لەش " و " بالا وەش " لە بونیادی ئەو بەیتەدا تەریبین، هەردووکیان ئاماژەن بە واتای جوانیی باڵای یار، هەروەها "دیدە ڕەش " و "چەم سیاوێش" بە هەمان شێوەی پێشوو تەریبین، ئاماژەن بۆ یەک واتاو مەبەست کە ڕەشی چاوی مەعشوقە.

لە دێڕی دوانزەیەمدا : وشەکانی "سادق"، "موافق"، "عاشق"، هەرسێکیان جگە لە ئاستی ئاوازی مۆرفۆلۆگی، لە ئاستی سیمانتیکیش پارالێڵن، چونکە لە ڕووی واتا و ماناوە ئاماژەن بۆ سێ ڕەوشتی ئەرێنی . هەر لە کۆتایی ئەو بەیتەدا، وشەکانی "فەقیرەنی"، "هەژارەنی" پارالێڵن چونکە ئاماژەن بۆ یەک واتا و لە ڕووی واتاییەوە جێنشینی یەکدین.

لە هەرسێ دێڕی حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم لە ئاستی سیمانتیکدا، ئەو چەشنە پارالێلیان تێدایە کە دوالیزمی دژیەک و پارادۆکسن، لە حەوتەمدا "زێدم چۆڵ " و " ماوام بەرۆ"، واتە زێدی خۆم چۆڵە، کەچی ماوا و شوێنی نیشتەجێبوونم دەرەوەیە ...زێد و ماوا پارالێل و ئەنالۆگیان، هاوکات (زێدم چۆڵ) و (ماوام بەرۆ) پێکەوە دووانەن و پارالێلیشن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی "ماوام بەرۆ"، وەک دوو وشە دوالیزمی دژیەکن و پارادۆکسیشە، چۆن دەرەوە دەبێتە ماوا !؟.

له دێڕی هەشتەمدا، فرێزەکانی: (تاڵەم کەمۆ)، (خەمێم فرۆ)دا، (کەم و زۆر) دوالیزمی دژیەکن و پاراڵێلی سیمانتیکین.

له نیوەی دووەمی دێڕی نۆیەمدا، "دایم چەنی خێڵ و تەنۆ، کۆمێم چنیم بێزارەنێ" واتە دایم لەگەڵ خێڵەکەی تۆم و خزمەکانی خۆم لێم بێزاربوون ...(خێڵی تۆ ) و (خزمی من) دوالیزمی دژ یەکن و ئانالۆگ و پاراڵێلن.

## ج-چەمکی پاراڵێلیزم "تەریبی" له لیریکی کۆماسیدا:

پەیوەندیی تەکنشینی، وەک یەکێک له دووانەکانی تیۆریی زمانەوانیی سۆسێر، له بونیادی هەر دەقێکدا، پەیوەندییەکی جیاواز و تایبەت له نێوان کەرەسەکانی ڕستە و یەکە زمانییەکەی شیعرەکەدا دەخولقێنێت، ساتێکیش ئەو پەیوەندییە له جوغزی پاراڵێلدا ڕێک دەخەین، ئانالۆگی واتایی و ئاوازەیی و فۆنۆلۆگی و مۆرفۆلۆگی و سینتاکسی بە مۆدێلی جیا دێنەکایە.

بۆ شیکاریی ئەم چەمکە لای کۆماسی، دوو هۆنراوەیمان هێناون کە لەو هونەرە سەرڕێژن، له نموونەی یەکەمدا بەناونیشانی (قیبلەم تەنیای تاق ) دا دەڵێت:

١-قیبلەم تەنیای تاق، قیبلەم تەنیای تاق

قیبلەم بەشق حەق تاقێ تەنیای تاق

٢-تاق جەو تۆڕەی لوول وەردەی تاق تاق

تاق جەو غۆنچەی نادرەی ئافاق

٣- بدەر، وە باوە ئی تاق پەی ئەو تاق

تا شاد بۆ وە تاق سەرلوح بان تاق

٤- با وەس سۆز بەرز بۆ، جە سەودای فێراق

وەس ناڵەش گێڵۆ پێدا، نەنۆ تاق

٥- وەرنە بە تاقی "ئەحمەد" پەی ئەو تاق

هەر تاق تاق ماچوو چوون سەر تاق تاق . (کۆماسی ٢٠١٢ :٤٨).

وەک دەبینین ، ئەم نموونە شیعرییە کورتە پێنج بەیتی کێشی سیلابی (١٠) بڕگەیی (٥x٥) ە، بونیادی ئەم هۆنراوەیە، (قیبلە-واتە یار یا جوانێکە) لەگەڵ (ئەحمەد-عاشق یا شاعیر) . دەستپێک بە نازناوی "قیبلەم "، کە چواندنی یارە بە یەکێک لە هەرە پیرۆزییە بەرزەکانی باوەڕدارانی ئەم ناوچەیە بانگهێشتی دەکا و بە هەق سوێندی دەدا و لێی دەپاڕێتەوە کە زوڵفەکانی بەرداتەوە و بیاندا بەدەم باوە و ئازادیان بکات تا ڕووی شاد بێت بە بینین و بەرکەوتنی ئەو زوڵفە و ئیتر با ئەویش و ئەحمەدیش کەم لە دووریی ئەو جوانییەدا بژین، دواجار بەوە کۆتایی دەکات، ئەگەر وانەکەی و من لە مەحرومیدا هەر زیکری تاق تاق دەکەم.

لە نموونەی دووەمیشدا (ساقی ! ساکەی مەی ؟) ، دەڵێت:

١-ساقی ! سا کەی مەی ؟ ساقی ! سا کەی مەی ؟

فیدات بام ساقی، سا کەی مەی ؟ کەی مەی ؟

٢-جەرگم کەبابەن، ڕەنگ زەردم چۆن بەی

ناڵەی دەروونم بەرزتەرەن جە نەی

٣-ساقی سایەی بی بەنی کەباب نی

ئامانەن ئەر مەی تویچ بە مەی چی مەی

٤- ئەر بەی، بیەن یار جەمین جام مەی

جەور هیجرانان، بۆ من بەیان تەی

٥- ئەقەل جە ڕاهێ بە جام دەور مدەی

بەی، بدیە و حاڵ ئی ڕۆخسارەێ بەی

٦- چەنی سۆز دەرد وا وەیلای وەی وەی

نیم گیانش مەندەن بەڵ بۆ، بەی بۆ تەی

٧- بە لۆتفەکەی وێت چەم پیاڵەی مەی

"ئەحمەد" جەو بەیە بێ نەسیب نەکەی .(کۆماسی ٢٠١٢ :٥١).

ئەم هۆنراوە لیریکییە حەوت دێڕییەش، هەر سیلابی (١٠) بڕگەیی (٥-٥) ە .بونیادەکەی، لە نێوان سێ کوچکەی (ساقی)، (بەی-سیمبولی جوانی و ئەلیگۆریای یار یا جوانێک)، (ئەحمەد -شاعیر یا

عاشق) دایە، شاعیر ڕووی دەمی لە ساقی دەکات : کەی مەی ؟، "مەی" دوو مانای هەیە، لە هەورامیدا واتە (دێی) و بە مانای مەی و شەرابیش دێت، کە لێرەدا گەمەکردنە بە وشەکە و هەردوو ماناکەشی هەن . لە دێڕەکانی دواتردا تا پێش کۆتایی وەسپی حاڵی خۆی و بەی دەکات و لە دوادێڕدا ڕوودەکاتە ساقی :لەگەڵ پێکی مەیەکە لەو بەیانەی یار (میتافۆری مەمک و جوانیی یارە) بێ بەشم نەکەی.

## ١-پارالێلی فۆنۆلۆگی لە شیعری شاعیردا:

بۆ ئاستی فۆنۆلۆگی لەم نموونەی یەکەمدا، ئەگەر تەنیا سەرنجی دەنگی (ق) بدەین، دەبینین، وێڕای نەبزوێنی و سەخت گۆکردنی ئەو دەنگە (پیتە)، کەشێکی پڕ لە ئاوازی لە بونیادی شیعرەکەدا ئافراندووە، لەم بونیادەدا ئەو دەنگە تەواو بووەتە ئاوازەدار و هێڵی هەڵسوڕێنەری ڕیتمی شیعرەکەیە و (٢٦) جار دەنگی (ق) دووبارەبووەتەوە . ئەمە یەکێک یا ئاستێکە لەو ئاست و نموونانەی کە لۆتمان ناوی ناوە هاوسەنگی یا وەک یەکی (stylistic symmetry)یاخود، دووبارەکردنەوەی ئینجیلی ( biblical repetition). (بڕوانە جونقانی ١٣٩٧ :٤٠).

هەر لە هەمان هۆنراوە و لە ئاستی شیکاریی تەریبیی فۆنۆلۆگیدا، دەنگی (ت) دووەم دەنگە پاش (ق) لەو چنینەدا بەهۆی پارالێلی دەنگییەوە، تایبەتمەندیی شیعرییەتی بەم نموونەیە داوە ... کە (٢٤) جار دەنگی (ت) تێیدا دووبارە بووتەوە، ئەم دوو دەنگە، دەڵێی ڕۆڵی (قرار-زیر) و (جواب-بەم) دەبینن لە مۆسیقادا . دواتر و بە پلەیەکی کەمتر، دەنگی (س) شەش جار هاتووە ... هەموو ئەو دەنگە کۆنسونانتانەی دەکەونە سەرەتای وشەکان، ڕەگەزدۆزیی دەنگی سەرەتای وشەن، یاخود (alliteration) ن، لەنموونەی : (ت) بیست و سێ جار، (ق) سێ جار، (س) چوار جار، لە نموونەی ئەو دەنگانەش کە پیتی جیاوازن و بەڵام کۆنسونانتن و هەمان ئەرکی گرووپی پێشوویان هەیە : هەردوو دەنگی (ت) و (ن) ن لە نیوەی دووەمی بەیتی دووەم، لە وشەکانی (تاق) و (نادرە) دا . سەبارەت بە ئەرکی دەنگیی یاخود ڕیتمی دەنگە ڤاوڵەکانی کە دەکەونە کۆتایی وشە (assonance)، دەتوانین نموونەکانی : دەنگی (ی) لە وشەکانی (تەنیای) دووجار لە دێڕی یەکەم، هەروەها (تۆڕرەی) و (وەردەی) و (نادرەی) لە دێڕی دووەم، (ئی) و (پەی) لە دێڕی سێیەمدا . دواجار لەم شیعرەدا، لەو چنینە دەنگییەی کە پارالێل و ئانالۆگی دەنگەکان دروستی دەکات(internal rhyme) و بە سەرەوای ناوەوە ناسراوە، دەتوانین ئاماژە بە دەنگی (م) بدەین لە هەرسێ وشەی (قیبلەم) دا ، یاخود دەنگی (ق) لە هەموو ئەو وشانەدا کە بووە بە سەروا.

سەبارەت بە نموونەی شیعری دووەم کە حەوت دێڕە، (ساقی! ساکەی مەی؟) و تەتەڵەکردنی پارالێلی فۆنۆلۆگی : ئەگەر تەنیا دەنگی بزوێنی "ە -ە" وەرگرین (٧٢) جار، دەنگی "ی-ێ" (٥٩) جار،

" ا " (٢٧) جار هاتوون و نەبزوێنەکانیش : دەنگی "ب " (٢٥) جار ، دەنگی "م " (٢٠) جار ، دەنگی "س" (١١) جار بەکارهاتوون ...هەمووئەمانە لە چنینێکی هونەرییانەی داهێنەرانەدا و لە جوغزی پرەنسیپی پارالێلدا، کراونەتە نۆتەی نووسینەوەی ئاوازێکی پڕ و گیان بزوێن . ئەو دەنگانە کە هەرگرووپەیان لە پیتێکەوە سەرچاوەیان گرتووە، وێڕای ئەوەی لە ناو خۆیاندا تەریبی فۆنۆلۆگین : زۆرینەی دەنگە ڤاوڵەکانی (ی) لە کۆتایی وشەوە هاتوون، بوونەتە(assonance) ، هەموو ئەوانەی بوونەتە سەروای وشەکانی ناوەوە (internal rhyme) ن، هەموو دەنگە کۆنسونانتەکانی لە چەشنی (س) و (م) و (ب)ش کە کەوتوونەتە سەرەتای وشەوە و ڕەگەزدۆزی دەنگی سەرەتا (alliteration) ن . ئەگەر پیتە جیاوازەکانیش وەرگرین کە لەم بونیادەدا دەبنە ئانالۆگیای دەنگی و پارالێلی فۆنۆلۆگی، دەتوانین ئاماژە بە نموونەکانی : دەنگی (ج-جەرگم) و (ر-رەنگم) لە دێڕی دووەمدا، یاخود (چ-چەم) و (ج-جەو) لە کۆتا دێڕی شیعرەکەدا، بدەین.

## ٢-پارالێلی مۆرفۆلۆگی و سینتاکسی لای هەمان شاعیر:

لە هۆنراوەی یەکەمدا، ئەگەر لەو ئاستەی مۆرفۆلۆگی و سینتاکسی بەدواداچوون بۆ پارالێل بکەین، ئەوا:وەک دووبارەکردنەوە لە ئاستی وشەدا، وشەی "قیبلەم" سێ جار، وشەی "تاق" (١٨) جار، "جەو" دووجار، "وەس" دووجار، هەموو ئەمانە ئەرکی ئانالۆگی و هاوئاوازی و پارالێل بەدیدەهێنن ...ئەمە بێجگە لەوەی بۆ نموونە، وشەیەکی وەک "تاق " لەگەڵ چەندین وشەی دیکەی وەک : (شق-ئەم وشەیە "عشق"ە بەڵام لێرەدا لادانی مۆرفۆلۆگی تێدایە)، (حەق)، (ئافاق)، (فێراق)، لە پەیوەندیی تەریبی دان.

وەک کەرەسەی ڕێزمانی پێکهێنەری ڕستە : سێ جار ناوی (قیبلەم) لە بەیتی یەکەمدا هاتووە کە قیبلە خواستنە و (م) جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک کە شاعیرە، هەر هەژدە وشەکەی (تاق) ناون ...بەگشتی پێکەوە پارالێلن، بێجگە لە (تۆڕرە)، (غۆنچە)، (با)، (سەرلوح)، (ناڵە)، (ئەحمەد) ...کە ئەمانیش ناون و پێکەوە لە ڕووی ئەرکی مۆرفۆلۆگییەوە جێنشینی یەکن و پارالێلن.

ئاوەڵناوەکانیش لەم هۆنراوەیەدا، گرووپێکی دیکەی پێکهێنەری پارالێلن، لەوانە : (تەنیا) لە بەیتی یەکەمدا سێ جار، (لوول وردە) کە ئاوەڵناوێکی لێکدراوە لەگەڵ (نادرەی ئافاق)، (شاد) و (سۆز بەرز-ئەمیش لێکدراوە) و( نۆ)، ئەمانیش بە گروپ جێنشینی یەکن و تیشکۆ دەخەنە سەر واتا و ماناکان و لەو ڕووەوە ئانالۆگیا و پارالێلن.

لەڕووی ئامرازەوە، دێڕی یەکەم : (بە)، دێڕی دووەم : دووجار (جەو)، دێڕی سێیەم : (وە) دووجار و هەروەها (ئی) و (پەی) و (تا) و (بان)، دواتر لە دێڕی چوارەم : (جە) و (نە)، لە دوا دێڕیشدا

: (وەرنە)، (پەی)، (هەر)، (چون) بەگشتی جێنشینی یەکن و تەریبین . شایانی باسە ئەم هۆنراوەیە تەنیا سێ کرداری تێدایە : (بدەر) کرداری داخوازییە، (گیلۆپێدا) ڕابردووی بەردەوامە، (ماچوو) ڕانەبردووە، ئەمەش بەڵگەی چڕیی هونەریی ئەو هۆنراوەیە کە سەرڕێژە بە کەرەسەی زمانی لە چەشنی ناو و ئاوەڵناو.

لەڕووی سینتاکسەوە :نیو دێڕی یەکەم و دووەمی بەیتی یەکەم، دوو ڕستەی بەرامبەر یەک و تەریبین، بە هەمان شێوە دوو نیو دێڕی بەیتی دووەم بەرامبەر بەیەک، بەڵام دواتر بەیتی سێیەم و چوارەم بەرامبەر یەک و جێنشینی یەکن و پێکەوە تەریبین و کۆتا بەیتیش بۆ خۆی ڕستەیەکە . بەگشتی هەموو ئەو کەرەسە زمانییانەی پێکهێنەری ڕستەن، بە ڕستە خۆشییەوە، لە بونیادی ئەم نموونە شیعرییەدا تەونێکی تەریبییان خوڵقاندووە، چونکە وەک پێشتریش ئاماژەمان پێ داوە و وەک لۆتمان لە بارەی پێویستیی پارالیل بۆ شیعر دەڵێت : ((ئەگەر بتەوێت دەقەکە وەک شیعر لێی بڕوانرێت، پێویستی بە ئاستی جیاجیای میکانیزمی پارالیلی هەیە و نووسەرەکە پێویستی بەوە هەیە کە هەوڵی زیادکردنی ئەم جۆرە ئاستانە بدات و هەروەها ئەم جۆرە هاوحاڵەتانە هەرچەندە لە گۆشەنیگای سیستمەکەشەوە ناچاری نییە –ئەمە بە گوێرەی پرەنسیپی بونیادیی سیستەمی، ئەو پەڕی هەوڵدانە بۆ زیادکردنی ئەم هاوحاڵەتانە)) . (لۆتمان ٢٠١٩: ٨٤ ).

لە هۆنراوەی (ساقی! ساکەی مەی؟) یدا : (٤) جار وشەی "ساقی" هاتووە کە پێکەوە حاڵەتی تەریبین و یەک شێوە و یەک واتا و ئەرکیان هەیە و پێکەوە بەدیهێنەری پارالیلن، وشەی "مەی" (٩) جار هاتووە –ئەگەرچی لە ڕووی ماناوە دوو واتا دەبەخشێت، "بەی" ئەگەرچی دوومانای هەیە (٦) جار هاتووە، بێجگە لەوەی هەر گرووپە لەمانە، لە ڕووی هاوئاهەنگییەوە، بۆ نموونە وشەیەکی وەک (مەی) لەگەڵ وشەکانی (بەی)، (نی)، (تەی-دووجار)، (مدەی)، (نەکەی) ئەرکی تەریبی بە جێ دەگەیەنن، هەروەها وشە دووبارە بووەکانی لە چەشنی "وەی وەی " ...هەموو ئەمانە پێکەوە ئانالۆگیان و فرە ئاوازی و چڕییەکی ڕیتمیان داوە بە شیعرەکە.

لە ڕووی کەرەسەی ڕێزمانی پێکهێنانی ڕستەوە، جگە لەو وشانەی سەرەوە کە زۆریان وەک ناو لە ڕستەکەدا هاتوون، ناوەکانی : (جەرگ) و (ڕەنگ) لە ڕستەی دووەم، (جام)لەنیوەی یەکەمی ڕستەی چوارەم و (جام) لە نیوەی یەکەمی ڕستەی پێنجەمدا ... پارالێلن و جێنشینی یەکدین . هەروەها دەتوانین ئاماژە بە ئاوەڵناوەکانی (ڕەنگ زەرد)، (جەمین جام)، (نیم گیان) یش بکەین کە هەرسێکیان لە ڕووی پێکهاتەوە لێکدراون و لە ئەرکدا و لەو بونیادەدا تەریبین.

لە ڕووی ئامرازەوە، دووجار ئامرازی لێکدەری "ساکەی" لە بەیتی یەکەمدا، "جە" سێ جار، "ئەر" وەک ئامرازێکی مەرجی دووجار، "بە" دووجار، "بۆ" دووجار، ئامڕازی ئاماژەی "ئی" یەکجار،

نیشانەکانی پرسیاری "چی" و "چەنی" یەکجار ...هەموو ئەمانە بەجیا و پێکەوە، هاو ئەرک و جێنشینی یەکدین و ئاستی پارالێلی دەئافرێنن.

ئەم هۆنراوەیە لەڕووی پارالێلیی سینتاکسییەوە، هەردوو نیو بەیتەکانی ڕستەی یەکەم و دووەم، بەرامبەر یەک تەریبین، بەیتەکانی دواتر، هەر یەکەیان دوو دوو ڕستەی لێکدراون بەرامبەر بە دوو ڕستەی دواتری خۆیان تەریبین.

## ٣-پارالێلی ئاستی سیمانتیکی شاعیر:

لە دەستپێکی شیکاریی چەمکی تەریبی لای کۆماسی و لە خستنەڕووی هەردوو نموونە شیعرییەکە، پێکهاتەی سەرەکیی بونیادیانمان ڕوونکردەوە، لێرەداو لەم ئاستەدا پەیوەندیی تەریبی بۆ ئەم نموونەیە و دواتر بۆ ئەوی دیکەش، فراوانتر دەخەینە ڕوو : جگە لە وشەی قیبلە کە ئاماژەیە بۆ یار و ئەلیگۆریایە، وشەی (تاق) ی هێناوە کە گەمەکردنێکی هونەرییانەیە بەو وشەیە، لەڕووی شێوەوە یەکە و بەڵام لە مانادا جیاوازە، بە پێی یاسا و ڕێسای ڕەوانبێژیی تەقلیدی (ڕەگەزدۆزیی تەواو) ە . لە دێڕی یەکەمدا، سێ جار "تاق" هاتووە و جارێک "تاقێ" کە هەموویان بە مانای تاک تاک یاخود تاڵ تاڵە، بەڵام هەر لەو بەیتەدا، سێ جار وشەی (تەنیا) هاتووە، کە هەمان مانای تاق-ی هەیە و ئەنالۆگیای یەکن و تەریبین .بێگومان ئەو وشەیە بە ماناکانی (سەرمیچی ماڵ) یش هاتووە، وەک لە کۆتایی بەیتی سێیەم، هەروەها بە ماناکانی (ئەزموون) یش هاتووە ...لە بەیتی دووەمدا، هەر نیوە بەیتێکیان وێنەیەکی شیعرییە و لەگەڵ ئەوی دیکەدا "تۆڕەی لوول وەردە" و "غونچەی نادرە" پارالێلی یەکترین . لە بەیتی چوارەمدا، هەردوو حاڵەتی "سۆز بەرز بۆ" و "ناڵەش گیلۆ" هەردووکیان یەک ئەرکی واتایی دەبینن و جێنشینی یەکدین و حاڵەتی پارالێل پێکدەهێنن.

لەنموونەی شیعری دووەمدا : وەک وتمان وشەی مەی، هەردوو مانای (شەراب) و (دێیت ) لە خۆ دەگرێت، ئەوەمان باس کرد وەک مۆرفۆلۆگی هەموویان پارالێلن، بەڵام وەک سیمانتیک و ئاماژەدان بۆ ئاماژە پێدراوێک، بەپێی ئەو دوو واتایەی باسمانکرد لە ناوخۆ و لەگەڵ یەک دەبنە تەریبی، ئەوە بێجگە لە وەی وشەکانی ساقی و دووبارەکردنەوەی نیوە بەیتی یەکەمی دێڕی یەکەم، پارالێلن . لە دێڕی دووەمدا، هەرسێ حاڵەتی یا وێنەی "جەرگم کەبابەن" و "ڕەنگم زەرد " و "ناڵەی دەروونم بەرزەن " هەرسێکی جەختکردنەوەن لە حاڵەتی دەروونی و جەستەیی شاعیری عاشق و جێنشینی یەکترین و تەریبین، ئەوە بێ لەوەی لە هەمان ڕستەدا، هەردوو وشەی (بەی) و (نەی) پارالێلن .لە بەیتی سێیەمدا، کەباب و مەی، دوو بابەتن لە وێنەی تەقلیدیی کلتوری شیعرییدا زۆرجار پێکەوەن، لە بەیتی دواتردا، جام جەم لە نەریتی شیعریدا هاتووە، بەڵام کۆماسی دەڵێ، جەمینێک کە جامی مەیە و ستەمی هیجری

یارانمی تیدا بەیان کە، ئەمە نوێگەری و بە نامۆکردن و پێشخانە، بیرمان نەچێت، هەموو وشەکانی کۆتایی بەیتەکان لە ڕووەکانی ئاوازداری و مانا و ئاماژەوە تەریبی یەکترین و تیشکۆ دەخەنە سەر یەکدی . لە وێنەکانی کۆتاییدا : وێڕای سۆزی گریان و واوەیلا و نیوەگیانبوون، بەلوتفی خۆت ئەی ئەو کەسەی چاوەکانت وەک پیاڵەی مەی وان(چاو و پیاڵەی پڕ لە مەی، لێکچوون و پارالێلن)، ئەحمەد لەو بەی-یانەت (بەی کە میتافۆرە و شتێکی دیکە کەلە تێکستەکەدا نەهاتووە و مەمکە) بێ بەش نەکەیت ...وێنە لە دوای وێنە کە هەمووی پێکەوە تەریبین.

# پاری سێیەم

## لادان (Deviation ) لە لیریکی بێسارانی و سەییدی و کۆماسیدا:

لە هەردوو پاری پێشتردا، لەبەر ڕۆشنایی میتۆدی توێژینەوەکەدا، ڕاڤەی هەردوو پرەنسیپی "پێشخان" و "تەریبی"، وەک دوو چەمکی بنەڕەتیی ئەدەبناسی و لە جوغزی تایبەتمەندیی ستایلناسیی نوێ و بونیادگەریدا کران . لەم پاری سێیەمەدا، باس لە کۆنسێپتی سێیەم (لادان) لە ڕەهەندەکانی :ناساندنی و پەیوەستبوونی بە شێوازناسییەوە، زمانی پێودانگ و تایبەتمەندییەکانی، لادان و پێوەر و چەشنەکانی و چەند بابەتێکی دیکە دەکەین . سەرەتا بە ڕونکردنەوەیەکی ئەنوەر قادر محەمەد لەسەر پەیوەندیی ئەم سێ چەمکە دەستپێدەکەین کە دەڵێت : ((ڕاستە ئەم سێ کۆنسێپتە جیاوازن و هەریەکەیان نیشانە و خەسڵەتی تایبەتییان هەیە، بەڵام پێکەوە "زمانی شیعری " دێننە ئارا، کە لە زمانی ئاسایی جیایە . زانایانی ئەدەبناس لایان وایە "تەریبی" و "لادان" زیاتر بەلای "پاشخان"دا دەشکێنەوە، بەڵام جاری واش هەیە ئەو سنوورانە تێکەڵاودەبن . ئەی پێشخان چۆن لە زماندا بەدی دێ ؟ دیارە زۆرجار بەهۆی لادانەوە، زانای ئەدەبناسی ئەمەریکایی، ڕۆجەر فاولەر، دەڵێ، "میتافۆری شیعری، جۆرێکە لە لادانی واتایی (سیمانتیکی) و گرنگترین نموونەی (foregrounding) پێشخانییە " )).(محەمەد ٢٠١٨ :٥٨٢).

شێواز لە پێناسەی باوی شێوازناسەکاندا، لادانە لە زمانی ئاسایی و ئۆتۆماتیکی ؛ یا بە دەربڕینێکی دیکە، گرتنەبەری نامۆکردنی زمانە بە ئامانجی زیادکردنی ساتی پەیپێبردنی هەستەکان و جوانیناسی . لە هەر زمانێکدا، بەشێوەیەکی ئاسایی شێوازی جیاواز بۆ دەربڕینی ناوەڕۆکێک هەیە، لە نێویاندا یەکێکیان باو و ناسراوترە . هەر ئەم بەکارهێنان و باو بوونە، چەشنێک لە بنەما و پێودانگی زمانیمان بۆ دیاری دەکات . هەر زمانەش چەشنێک پێودانگ، باو و ڕەواجپێدراوترە لەوانی دیکە و لە ڕاستیدا زمانی دامودەزگاکانی حکومەت، دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ناوەندە پەروەردەییەکانی وڵاتێکە .

سیروس شمیسا، پاش خستنەڕووی چەندین پێناسەی جیاواز بۆ شێوازناسی، لە ژێر سێ ناونیشاندا پۆلێنیان دەکات :١-هەڵوێست و تێڕوانینی تایبەت ، ٢-بژاردە یان هەڵبژاردن ، ٣-لادان لە پێودانگ.

سەبارەت بە یەکەمیان :شێواز، دەرئەنجامی دیدی تایبەتیی هونەرمەندە بۆ جیهانی ناو و دەرەوە کە وەک پێویستییەک لە شێوازێکی تایبەتی دەربڕیندا خۆی نیشاندەدات . هەر لەم ڕوانگەیەوە، مەسەلەی گۆڕانی شێواز، تەنیا گۆڕانی زمان و پێش وپاشکردنی سەروا و کورت و درێژبوونی نیوبەیتەکان نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا مەسەلەی گۆڕانی مەعریفە و تێگەیشتن و تێڕوانینیشە . لەبارەی دووەمیانەوە، شێواز، بەرهەمی بژاردەیەکی تایبەتە لە زاراوە و دەربڕین . وشەکان لە زمانی ئەدەبیدا بە چەند

دەزوویەکی جیاواز لە جوانکاری دەربڕین(پەیوەندیی ئاوازەیی) و جوانکاریی واتایی (پەیوەندییە واتاییەکان) پێکەوە پەیوەستن و بەگشتی لە کاتی هەڵبژاردنیاندا ئەم پەیوەندییانە تێبینیدەکرێن.

سەبارەت بە چۆنیەتیی بژاردەکانیش، شمیسا باس لەوە دەکات :شێوازناسەکان پتر پشتیان بە بژاردەی نائاگایی بەستووە و وتوویانە : نووسینێک تا ئاگایانەتربێت، کەمتر شێوازی هەقیقی نیشان دەدات . بە بیر و ڕای زۆر لە شێوازناسەکان، بژاردەی نائاگایانە زیاتر (Expressive) ە، واتە دەربڕێکی پرواتایانەی ڕەهەندە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان نیشاندەدات و بژاردە ئاگایانەکانیش، بە گشتی (Impressive)، واتە کاردانەوەیە و بە کاریگەریی ڕەهەندە فێرکاری و ڕەوانبێژییەکان دەردەبڕدرێن. بەپێی ئەم پێناسەیە بۆ شێواز، ئەگەر چەند نووسینێکی یەکناوەڕۆکی پێکەوە هەڵسەنگێنین، ئەوا پێویستە لە بارەی جیاوازیی زاراوە و دەربڕینەوە لە ئەدەبیاتدا بەگشتی میتافۆر و لێکچواندن-سەرنجمان بچێتە سەر جیاوازیی شێوازەکانیان؛ چونکە دەربڕینە جیاوازەکان لە ڕووی گواستنەوەی بەهێز و لاوازی هەست و سۆز، کاریگەربوون -واتە مانای ئەدەبی =بە شێواز، نەک مانای زاراوەیی -پێکەوە جیاوازییان هەیە . (بڕوانە شمیسا ١٣٨٨ :١٧-٣٦)، سەبارەت بە پۆلێنی سێیەم بۆ شێوازناسی، لادانە لە پێودانگ، کە کۆنسێپتی سەرەکی و ئامانجی بنەڕەتیی ئەم پارەمانەو بە شێوەیەکی سەربەخۆ باسی دەکەین.

## لادان لە پێودانگ:

ئەدەبناسی پێشوو، لەو بارەیەوە دەڵێت : ((شێواز، بەرهەمی لادانە لە پێودانگی ئاسایی زمان . بەگشتی لە بەرهەمە ئەدەبییە داهێنەرەکاندا و هەروەها لە کتێبە ئاینییە پیرۆزەکاندا، نموونەی لادان لە پێودانگی باوی زمانیی زۆرە و هەرئەمەش یەکێکە لەو ڕەهەندانەی کە تایبەتمەندیی شێوازی دەداتێ و کاریگەریی ڕەوانبێژی پتر دەکات )) . (شمیسا ٣٦:١٣٨٨)، شمیسا دوای ئەوەی بە" مەزامیر"ی داود لە تەوراتدا نموونە دەهێنێتەوە، ئاماژە بە قورئان دەکات و دەڵێت:(( لە بنەڕەتدا سەرهەڵدان و کامڵبوونی زانستەکانی واتاناسی و ڕونبێژی لە نێو موسڵماناندا، بە زۆری لەو پێناوەدا بووە تا بیسەلمێنن کە : ئەم چەشنە لادانانە لە یاسا ڕێزمانییەکان نەک تەنیا هەڵە نییە بەڵکو خودی ناسکبێژی و ڕەوانبێژییە . تا ئەو شوێنەی من بزانم، ئەمە پێناسەی فۆرمالیستە ڕووسەکان و دواتریش هی قوتابخانەی پراگ-ە بۆ شێواز، بەڵام لە وتەکانی ئۆڵماندا، وادەردەکەوێت کە یەکەمینجار (Paul Valery-١٨٧١) پاوڵ ڤالیری، شێوازی بە لادان لە نۆرم ناوزەد کردووە و دواتر کەسانی دیکە ئەم باوەڕەیان دەربڕیوە؛ هەر بەو شێوەی کە چارلس بالی و شوێنکەوتووەکانی لە دووی لادان لە زمانی پێودانگەوە بوون . ئەنگڤیست (N.E.Enkvhst)زانای زمانەوانی هاوچەرخ لە بارەی ئەم پێناسەیەوە توێژینەوەیەکی دوور و درێژی کردووە . نوێنەری لادان لە نۆرم لە ئەڵمانیا لیئوا سپیتزەر (١٨٨٧) و لە فەرەنسا گۆیراود (Guiraud) بوون . سپیتزەر باوەڕی وابوو : "هەڵچوون و شاگەشکەبوونە زەینییەکان کە لادانن لە ڕەفتارە زەینییە

ئاساییەکان، بە سروشتی خۆیان، دەبێت لە بەرامبەردا لادانێکی زمانیی لە زمانی ئاساییماندا بەدیبهێنن ")) . (شمیسا ١٣٨٨ : ٣٧).

هەر شمیسا لە کتێبی "معانی" دا لەم بارەیەوە دەڵێت : ((ئەم بابەتە لە دەقی ئەدەبی داهێنەرانەدا مەودایەکی فراوانی هەیە، تا ئاستێک کە وتراوە :شێوازی ئەدەبی دەرئەنجامی لادان لە پێودانگ و نۆرمەکانی دەربڕینی ئاسایی دێتەدی.(Deviation from the norm) واتە پەیوەندیی کەرەسەکانی دەربڕین لە میحوەری تەکنشینی، واتە بەدوای یەکداهاتن و تەرتیبیان، پەیوەندیی هەر وشەیەک لەگەڵ ئەوانەی پاش و پێشی خۆی، لە ڕێکخستنی ئاسایی خۆی دەردەچێت و هێزی پێشبینیی خوێنەر بۆ گریمانەی زانینی وشەی دواتر لە کاتی خوێندنەوەی دەربڕاوەکەدا، دەبێت بە سفر . مەبەست لە داهێنان(creativity) لە فەرهەنگی نوێی وشەکانی شیعردا ، : ڕستەکان لە ڕووی ڕێکخستن و زاراوە و گواستنەوەی مانادا، نویٚ و بیٚ پێشینەبن)).(شمیسا ١٣٩٤ :٢٠٩) .

ئەدەبناسی ئێرانی سیما داد لە فەرهەنگەکەیدا بەم چەشنە پێناسەی لادان دەکات : ((لادان (Deviation) : زاراوەیەکە لە نێو زمانەوانیی هاوچەرخەوە وەرگیراوە و هی ڕەخنەی زمانەوانییە، بە هۆی زمانی ئینگلیزییەوە هاتووەتە ناو ڕەخنەی ئەدەبی و زمانەوانیی فارسی . لادان لە (نۆرم ) لە جوغزی زمانەوانیدا بە هەر چەشنێکی ئەو سوود وەرگرتنە دەگوتریٚ (لە بەکارهێنانی واتاناسییەوە تا بونیادی ڕستە)، کە یاسا و ڕێسای باوی زمانی تێدا ڕەچاو نەکریٚ ...لە لاداندا پێودانگ و نۆرمەکان وەلادەخرێن و دەرئەنجام پێشخانی زمانی لیٚ دەکەوێتەوە . لە ڕەخنەی زمانەوانیدا توێژینەوە لە لادان لە نۆرم، یەکێکە لە شێوە بنەڕەتییەکان بۆ پەیبردن و گواستنەوەی پەیامی دەق)).(داد ١٣٩٠ :٥٣٩).

لە نێو ڕەخنەگرانی عەرەبی هاوچەرخدا، هەندێکیان وێڕای دەستگرتن بە تێگەیشتنەکەی ڕابردووە وە بۆ لادان، پێناسەی نوێیان بۆ ئەم چەمکە خستووەتە ڕوو و جەخت لەوە دەکەنەوە کە: دەرچوونە لە دەربڕینی ئاسایی و باو و بەگەڕخستنی زمان لە دانە و پێکهاتە و چۆنیەتیی گوزارشتکردنەکاندا، بەهای ئیستیتیکایی بۆ دەق دەستدەخات، وەک ئەحمەد محەمەد وەیس لە پێناسەیدا دەڵێت : ((بەکارهێنانێکی داهێنەرانەی یەکە و پێکهاتە و وێنەی ناو زمانە، بەکارهێنانێک کە لە جوغزی ئاسایی و باو، لای دەدات و دەبێتە هۆی ئەوەی بە کەسی و داهێنەرانە و هەڵگری هێزی کەمەندکێشکردن و دانسقەیی وەسپبکرێت )) . (ویس ٢٠٠٥ :٧) .

ئەدەبناس و ئەکادیمی جەزائیری (زهیرە بولفوس) لە توێژینەوەیەکیدا بە ناونیشانی "الإنزياح فى الشعر الجزائري المعاصر"دا ، دەڵێت : ((لادان بە یەکێک لە بنەماکانی توێژینەوەی شێوازناسیی هاوچەرخ ئەژمار دەکرێت و تەنانەت شێوازناسی بە لادان ناسراوە و جۆن کۆهین (Jean Cohen) بە" زانستی لادانەکان" پێناسەی دەکات)).(بولفوس ٢٠١٧ :١٥٧) . پاشان سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان "لادان" و "شێواز" دەڵێت : ((زۆرینەی توێژینەوە ڕەخنەییە هاوچەرخەکان، هۆکاری ئەم پەیوەندییە توند وتۆڵەی

نێوان لادان و شێواز دەگێرنەوە بۆ دوو فاکتەر : یەکەم، لەو ڕوانگەیەوە کە شێواز، ڕێگای تایبەتیی تاکە بۆ دەربڕین، ئەوا بەردەوام نزیک دەبێت لە لادان یان دەرچوون لە شێوازی کەسانی دیکە (شێوازی نووسەری تر) یان گرووپی دیکە (شێوازی ئەدەبی و زمانی گشتی) .دووەمیش، پێدەچێت، پێشەنگانی شێوازناسی، ئەم چەمکەیان کردبێتە پێوەرێک بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندیی شێوازناسی بە گشتی و ڕێچکەیەک بۆ زانینی بڕی قووڵی و کاریگەری . سەرەڕای ئەمانەش، زۆرێک لە ڕەخنەگران، ئەم دیاردە شێوازگەراییە لە چاو بەرهەمە ئەدەبییەکانی دیکەدا، زیاتر تایبەت دەکەن بە شیعر، چونکە شیعر هەمیشە گەشتکردنە لە جیاوازییەکاندا و کەشێکی بەپیتیشە کە زمان تێیدا زاوزێ دەکات و خۆی نوێ دەکاتەوە و لە هەموو سەردەمێکدا دەبێتە ئامێری بیرکردنەوەی نوێ و بە سروشتی خۆی دەربڕینەکە لە مانای یەکەمی دادەماڵێت و دەگوێزرێتەوە بۆ ئاراستەی واتای دووەم کە پێشتر نەبووە )).(بولفوس ٢٠١٧ :١٥٨).

ڕەنگە هەر ئەمە بێت (یمنى العيد ) بۆی چووە و جەخت لەوە دەکاتەوە : ((لادان چەمکێکە تایبەتە بە تیۆریی شیعر، چونکە شیعر بە پشتبەستن بەم چەمکە "ناتوانێ دەربڕینێکی ڕاستگۆیانەبێ بۆ شتێکی نائاسایی، بەڵکو دەربڕینێکی نائاساییە بۆ شتێکی ئاسایی، ئەمەش جەختکردنەوەیە لەسەر ئەو جیاوازییەی کە پەیوەستە بە تێروانین بۆ جیهان و ئەوەی تێیدایە، واتە ئەو هۆشیارییەی دەردەکەوێت لەم کەشە زمانییەدا، کە کەشی ئاماژە یان سیمانتیکە، جیهانی لادانە . لەسەر ئەم بنەمایە، بڕیاردان لەسەر شیعر بە پێوەری ڕاستگۆیی و درۆبوون نییە و هەروەها بە پێوەری هێنانی مانای نوێش نییە، بەڵکو بەوەیە کە ئەم شیعرە چەندە توانای دەربڕینی دیدێکی نوێی جیاوازی هەیە . واتە، کاتێک شاعیر زمان بەشێوەی جیاواز بەکاردێنێ و دەتوانێت شتێکی نائاسایی یاخود ناباو لە شتێکی ئاسایی لە واقیعی زمانەکەماندا بخولقێنێ، کەواتە لادانی جێبەجێکردووە، لێرەوەیە کە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم دیاردەیە، توێژینەوە دەبێت لەم تێکستە زمانییە کە بە خۆجیاکردنەوەی لە جیهانەکەی و لادانی لێی، شیعرێکی بەهێزی داهێناوە و گۆکردنی تایبەتی خستووەتەڕوو و دنیایەکی خەیاڵیی ئەفراندووە کە جیهانی واقیعی پێ دەدوێنێ، بەڵام بە شێوازی تایبەتی خۆی)) .(العيد ٢٠٠٨ :٣٦).

پاش ئەو دەستپێکە لە خستنەڕووی پێناسەی لادان و پەیوەستبوونی بە شێوازەوە، ئێستا پرسیارە بنەڕەتییەکە ئەوەیە، زمانی پێودانگ چییە کە لادان لێی و لەم نالۆژیکی بوونە، لە هەمان کاتدا هونەرییبوونی ئافراندووە؟.

## زمانی پێودانگ:

لە دیدی شێوازناسییەوە، زمانی پێودانگ، بە خاڵی سفری وتار و نووسین ئەژمار دەکرێت .واتە کەمترین تایبەتمەندییە کەسییەکانی ئاخێوەری تێدا بەدیناکرێت .وەک فتوحی لە توێژینەوەیەکیدا

ئاماژەی پێ دەدات : ((گوتنی بێ شێواز لە پلەی سفری دەربڕیندایە، ئەگەرچی یاسا و ڕێسا زمانەوانییەکانیشی بە تەواوەتی تێدا ڕەچاوبکرێت و لەم ڕووەوە، لە زمانی پێودانگدا، پلەی خودییەتی و دیدی سۆزداری کەسیی، سفرە ؛ واتە لە ڕووی سۆزداری و جوانیناسییەوە، زمانێکی وشک و بێ بەرە . زمانی پێودانگ، شێوازی کەس و گروپێکی تایبەت نییە، بەڵکو چەشنێک بەکارهێنراوی باوە لە نێو هەمووان‌دا، زمانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ئۆرگانەکانی دەوڵەت و ناوەندەکانی فێرکردنە . هەرکات ئاخێوەر لە دەرەوەی بەستێن و پێودانگە باوەکە قسەبکات، تایبەتمەندییەک لە قسەکانیدا دەردەکەوێت کە "شێواز" ی پێ دەڵێن . بەڵگەنەویستە کە پەیپێبردن و ناسینی شێواز، پێویستی بە بەراوردە لە نێوان زمانی پێودانگ –وەک زەمینە– و دەربڕینی ئەو کەسەی لێی لایداوە . شێواز بە مانای لادان لە زمانی ئاسایی، هەر لە ڕۆژگاری دێرین و ڕەوانبێژیی یۆنان و ڕۆمەوە بابەتی گفتوگۆ بووە و ڕەوانبێژە دێرینەکانیان، پیشەی ڕەوانبێژییان وەک جۆرێک لە لادان لە زمانی ئاسایی زانیوە و بە دەربڕینی ڤیگۆر (figure)یادیانکردووەتەوە . گوییبن تیلیان (Quintilianus) زانای ڕەوانبێژی سەدەی یەکەمی زایینی، لە پێناسەکەی ڤیگۆردا دەڵێت : "هەرجۆرە لادانێکە لە شێوەی سادە و ئاسایی زمان، ئیتر لە ئەندێشە یا دەربڕین یاخود گوزارشتکردندا بێت")).(فتوحی ١٣٩٠ :٤٠)

گرنگترین پرسیارێک کە دێتە پێشەوە لە توێژینەوەی شێوازناسییدا، ئامڕازی دیاریکردنی نۆرمی پێودانگ چییە ؟ کام بەکارهێنانی زمانیی نۆرماڵ و ئاساییە و کامیان لادانە ؟ کام ڕەگەزانە شیاوی بەدواداچوونی شێوازناسییانەن و کامانە شیاوی ئەوە نین ؟. پێویستە بزانین کە هەر جۆرە لادانێک لە زمانی پێودانگ، نرخ و بەهای شێوازناسیی نییە . هەمان توێژەر لەو بارەوە درێژە بە دید و بۆچوونەکانی دەدات و دەڵێت : ((شێواز بە واتای هەڵبژاردن لە تواناکانی زمان، زەمینەیەکی ئازادە، بەڵام ئازادی لەم زەمینەیەدا ڕەها نییە، بەڵکو داهێنانی شێواز پێویستە لە "ناو خودی سنوورە ناسێنراوەکانی زماندا" شێوەبگرێت تا کەسی بەرامبەر بخاتە کاردانەوەیەکی ئامانجدار و کاریگەرەوە. بەم پێیە لادان لە زمانی پێودانگ بە دوو شێواز ڕوودەدات : یەکێکیان "پارانۆرماڵ" ە، واتە لادانێک کە دەبێتە مایەی هونەرییبوونی زمان و خەملاندنی شێوەی داهێنەرانە، ئەوی دیکەشیان "دژەنۆرم"ە، یاخود لادانێک کە دەبێتە هۆی شێواندن و داڕمانی سستێمی واتایی لە زماندا . کەم نین ئەو شاعیرانەی کە لە ڕێی دژە نۆرمبوونەوە شیعریان وتووە، بەڵام کەمتر سەرکەوتووبوون لە داهێنانی شێوازی هونەریدا )).(فتوحی ١٣٩٠ :٤١).

شمیساش، بە چەشنێکی دیکە هەمان ئەو پرسیارانەی سەرەوەی هەیە، دەپرسێت و خۆیشی لە وەڵامدا پێشنیاز دەکات و دەڵێت : ((...بەڵام ئایا زمانی پێودانگی هەر سەردەمێک کامەیە ؟ پێویستە بەرهەمی هەر قۆناغێک بە وردی بخوێنرێتەوە و تایبەتمەندییە(فکری و ئەدەبییەکان) ی بناسرێن . ئەگەر نۆرمی زمانی هەر سەردەمێک دیاریبکرێت، ئەوا ئەو وەختە دەتوانین پەی بەوە بەرین، هەر شاعیرێک

پەیوەست بە سەردەمەکەی خۆی چ لادانێکی هەیە؛ بەڵام ئەگەر نموونەی وردی ئەم زانیارییانە بەردەست نەبوون، وا باشترە لە توێژینەوەکانماندا، شێواز و نۆرمەکانی زمانی ئەدەبی و فەرمی دیاریبکەین و دواتر لادانەکان لەگەڵیاندا بەراوردبکەین)) . (شمیسا ١٣٨٨ :٣٧-٤٧).

## ئەرکی لادان :

بابەتی لادان، کاتیگۆریایەکە پێویستە بە وردی و گومانەوە سەرنجی بدرێت ، بەو مانایەی کە هەموو چەشنەکانی لادان وەک یەک بەنرخ نین، بە واتایەکی تر، لەوانەیە بڕی لادان کەم یان زۆر بێت، بەڵام هەر لادانێک هونەرییانە نییە، یا کەسێک بەهۆی نەشارەزایی لە زمانێکدا، لادان لە نۆرمی هەبێت، هەرچەندە وەک شێوازێک خۆی دەنوێنێت، بەڵام ئەدەبی نییە و بایەخی هونەریی نییە . لادان کاتێک نرخ وگرنگیی خۆی هەیە کە مایەی تێرامان بێت، لە لایەکی دیکەشەوە پێویستە ئاگامان لەوە بێت، هەموو مەسەلە ئەدەبییەکان لەسەر بنەمای لادان نین . لە زمانی ئەدەبیدا، بە پێچەوانەی زمانی زانستییەوە، یەکەم گرنگی و بایەخ بۆ خودی زمانەکەیە . زمانی پێودانگ بە کارەکانی چنینی جوانکاری و ڕونبێژی بەرجەستە دەبێت، بەڵام هەموو دەرخستن و بەرجەستەکردنەکان ڕەهەندی لادانیان نییە. لادانەکانی نێو ئەدەبیات، ئەگەرچی لە بەرامبەر زمانی پێودانگدا دەخرێنەڕوو، بەڵام پەیوەست بە نۆرمەکانی خودی زمانی ئەدەبی باو و پەیڕەولێکراویشەوە جێگای سەرنجن . جاری وا هەیە شاعیر بە بەراورد بە نەریتی پێشینانی خۆی، لە لێکچواندن و خواستنەکانیدا، لادانی هەن و نەبوونەتە مایەی سەرنجی زمانناسان . وەک شمیسا دەڵێت : ((ڕاستە زمانی ئەدەبی، پەیوەستە بە لادانەوە، بەڵام دەتوانین لە نێو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیشدا نموونەی چەندین لادان ببینین . گرتنەبەری ئەم چەشنەلادانانە، کاتێک سوودمەندە، لە پێناو ڕوونکردنەوەی دیدێک و مەسەلەیەک بێت، ئەگینا دۆزینەوەی نموونەگەلێکی فرەچەشن لە لادان (وەک نموونەی وێنەکانی خەیاڵ)، لە خودی خۆیاندا هیچ بەهایەکیان نییە .پێویستە لادان، (Neologism)پێکهێنانی زاراوەی نوێ بۆ دیدی نوێ بدات بە دەستەوە و بەرهەم بهێنێت)).(شمیسا ١٣٨٨ :٤٥).

(عبدالسلام المسدی)، بە دووروودرێژی باسی ئەرکی پرەنسیپی لادان دەکات و ئێمە لێرەدا چڕی دەکەینەوە و پێی وایە : گرنگیی لادان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ڕاچڵەکینێکی پێشبینی نەکراو، ئاسۆی پێشبینیکردن دەبەزێنێت؛ بە جۆرێک کە ئەرکی ئەم دیاردە شێوازناسییە لەو واقوڕمان و حەپەسانەدا کە وەرگری دەقی ئەدەبی تووشی دەبێت، دەردەکەوێت، هەروەکو چۆن نرخ و بەهای ئیستێتیکیشی پەیوەستە بە گەورەیی و بەهێزی ئەو سووپرایزەی لە ناخیدا دروستی دەکات . (بڕوانە المسدی ٢٠١٤ :٧٧).

شوکری عەیاد لەو توێژەرە عەرەبە هاوچەرخانەیە کە لە شێوازناسیدا جەختی لەسەر حەپەساندن و نامۆکردنە یاخود بە گشتی پرەنسیپی لادانە لای وەرگر، دەڵێت : ((نووسینی هونەری، ئەوە لە نووسەرەکەی دەخوازێت، ناوە ناوە بە دەربڕینێک سوورپرایز بۆ خوێنەرەکەی بکات تا سەرنجی ڕابکێشێت و تاسەی بەردەوامی هەبێت بۆ خوێندنەوە و شتێکی لێ بزر نەبێت کە نووسەر مەبەستییەتی پێی بگات )) . (عیاد ١٩٨٨ :٨١).

لە ئەرکەکانی دیکەی لادان ئەوەیە، سەرنجی گوێگر یا خوێنەر ڕادەکێشێ و مکوڕە لەسەر ئەوەی تووشی بێزاربوون نەیەت و ڕەهەندە ئیستێتیکییە ئەدەبییەکان، بە تایبەتی لە شیعردا بەرجەستەبکات، چونکە بوونی لە دەقدا، تایبەتمەندیی وروژاندن و سەرنجڕاکێشانی بەرامبەر دەهێنێتە دی .

بە پێویستی دەزانم لێرەدا ئاماژە بەو ڕاستییە مێژووییەش بدەم : ئەگەرچی کۆدەنگی هەیە لەسەر ئەوەی پرەنسیپی لادان، لەسەردەمی نوێدا دەرکەوتووە، بەڵام ئەم کۆدەنگییە دژی ئەوە نییە کە شتێک لەم زاراوەیە لە کۆندا هەبووە، بۆلفۆس پێی وایە : ...ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەرەستۆ، کاتێک جیاوازیی کرد لە نێوان زمانی ئاسایی و زمانی لادراودا و پێی وابوو ئەو زمانەی ڕوودەنێتە نامۆکردن و دەربڕینە باو و بەربڵاوەکان تێدەپەڕێنێت، زمانێکی ئەدەبییە و دەڵێت : ((دەربڕین ئەوەیە کە ڕوون بێت و نزم نەبێت ...ئەو دەربڕینەی خاڵییە لە بازاڕیبوون، ئەوە دەربڕینی ناباو بەکاردەهێنێت و مەبەستیشم لە دەربڕینی ناباو : نامۆ، خوازرا و دیاریکراو و هەموو‌ئەوەیە کە دوورە لە بەکارهێنانەوە )) . (بولفوس ٢٠١٧ :١٦١) . شمیساش لەو بارەیەوە ڕای وایە، کەم تا زۆر مانای لادان لە نۆرم لە کتێبەکانی "واتاناسی" کلتوری ئەم ناوچەیەدا هاتووە، بۆیە دەڵێت : ((لە کتێبەکانی واتاناسیدا دەستەواژەیەک هاتووە بە ناونیشانی "اخراج او ایراد الکلام بخلاف ما یقتضیه ظاهر الحال المخاطب" لادان یان هێنان وداڕشتنی دەربڕین بە پێچەوانەی ئەوەی کە حاڵەتی ڕووکاری وەرگرەکە دەیخوازێت )).(شمیسا ١٣٨٨ :٣٩).

## بوار و چەشنەکانی لادان :

پرەنسیپی لادان، پرسێکی دیکە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەویش دیاریکردنی ئەو پێوەرەیە کە لادان دروست دەکات، بە چەشنێک، بەبێ دیاریکردنی ئەو پێوەرانەی لادانی پێ بناسینەوە و کار و ڕەهەندە ئیستێتیکاییەکانی پێ دیاریبکەین، ناتوانین قسە لەسەر ئەم زاراوەیە بکەین.

لەو بارەوە بۆلفۆس ئاماژە بە هەوڵێکی جۆن کۆهین دەدات و لە هەڵسەنگاندنیشیدا دەڵێت : ((...لە هەوڵیدا بۆ دیاریکردنی پێوەرێک، پەنای بردە بەر جیاکاری نێوان زمانی شیعری و زمانی پەخشان و وەک دەڵێت : "لەو ڕوانگەیەوە پەخشان زمانی پەیڕەو کراوە، دەتوانین ئاستی زمانی ئاسایی لێ

وەربگرین و شیعریش وەک لادەرێک، بەپێی ئەو پێودانگە بیپێوین"، بە پێی ئەم دیدە پەخشان خاڵییە لە لادان . لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونە، بەتایبەتی ئەگەر لە ڕۆمانە هاوچەرخەکان ڕابمێنین، ورد نییە، چونکە زمانی پەخشان سەرڕێژە لە چەندین جۆری میتافۆر و ئەلیگۆریا و میتۆنیمی و لێکچواندن و پێش وپاشخستن و...بەچەشنێک سنووری نێوان شیعر و پەخشانی لە ڕووی بەکارهێنانی کەرەسە ئەدەبییەکانەوە، نەهێشتووە، هەربۆیە ناتوانین ئەمە بە پێوەرێکی جیاکەرەوە بزانین بۆ لادان)) .(بولفوس ٢٠١٧ : ١٦٥).

زیادەڕەویمان نەکردووە ئەگەر بڵێین :پێوەری لادان سرکە و دیاریکردنی سنوورەکەی ئاسان نییە و خوێنەران جیاوازییان لە سنوور و پلەی تێگەیشتنیاندا بۆی هەیە؛ ڕەنگە هەر ئەمەش بێت شوکری عەیاد لە هەمان سەرچاوەی پێشوودا جەختی لێ دەکاتەوە و دەڵێت : ((ئێمە لە یەکەمین هەنگاوەوە پەی بەوە دەبەین، لەوانەیە خوێنەر، خەیاڵ و بیرکردنەوەی زەینی لەو دەربڕینەی کە دەرچوونە لە باو، ڕاییبگرێت و بەس بێت تا بە لادان ئەژماری بکات و کۆمەڵێ سیفاتی بەهێزی شێوازناسیی تیدابیینێت و بیکاتە بەڵگە بۆ هەستپێکردنەکانی نووسەر، یان بۆ ئەو مانایانەی کە دەیەوێت لە زەینی وەرگردا بیچەسپێنێت، لەهەمان کاتدا پێدەچێت خوێنەر یان خوێنەرانێکی دیکە لەگەڵی کۆک نەبن . ڕەنگە شتێک کە لە پرەنسیپی لاداندا نەگۆڕ بێت و بتوانین ئایدیایەکی لەسەر بونیادبنێین، جەختکردنەوەبێت لەسەر گۆڕانی بەردەوام و ملنەدانییەتی بۆ پێوەرگەلێکی چەسپاو؛ ئەمەش بۆ سروشتی خودی لادان دەگەڕێتەوە کە لەسەر واقورمان و نەچەسپاوی بونیادنراوە و بەڵگە نەویستە کە یەک پێوەر دەسەوسانە لە دیاریکردنی، دەرئەنجام کۆمەڵێ پێوەر دێنەناوەوە و بەپێی سروشتی تێکستە ئەدەبییەکە ڕۆڵیان دەبێت )).(عیاد ١٩٨٨ :٨٣).

لە دوای هەڵچنینی ئەم بنەما تیۆرییە، دەتوانین جەخت لەوە بکەینەوە کە" لادان " دیاردەیەکە، بە دیاریکراوی پەیوەستە بە دەقی داهینەرانە و شیعرییەوە، لە توێژینەوە و شیکاریی ڕەهەندەکانیدا، لایەنە ئیستێتیکاییەکانی زمانی شیعریمان بۆ دەردەکەوێت، کە لەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنانی واتاکان کاردەکات و لەلایەکی دیکەوە، ئاسۆی داهێنانێکی بێ وێنە بەڕووی نووسینی شیعردا واڵا دەکات . سەبارەت بە فراوانیی زەمینەی لادان لە نۆرم، سیروس شمیسا دەڵێت : ((زەمینەی بابەتی لادان لە نۆرمی باو، زۆر فراوانە و هەردوو زەمینەی دید و مانا و زەمینەی زمانیش دەگرێتەوە، بەڵام لە کتێبەکانی زانستی زماندا، سنووردارە بە دیدە زمانەوانییەکەوە، بێگومان لەبەر ئەوەیە کە لە نێوان زمان و ماناداا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە . خودی توێژینەوە لە پێکەوەنەهاتنەوەی کەرەسە زمانەوانییەکان یا تەکنشینییە زمانییەکان (بە پێوەری تەکنشین –Syntagm) یش زۆر فراوانە و پیت و ناو و کردار و ئاوەڵناو و کاتیگۆرییەکانی دیکەی ڕێزمانی لە خۆدەگرێت .پێشینانی ئێمە، ئەم چەشنە بابەتانەیان لە ژێر ناونیشانی میتافۆر (هەندێکجاریش ئەلیگۆریا یان داوەتە پاڵ) و لێی کۆڵیونەتەوە و

به خواستن له ناو و کردار و پیت ڕازیبوون . ئەوەی له هەمووی گرنگتره له ئەدەبیاتدا و ڕەهەندی تەواو ڕەوانبێژی هەیە، بابەتی (Foregrounding) ه که هەر دەرخستن و پێشخانی زمانییە)).(شمیسا ۱۳۸۸ :۳۹).

هەر پەیوەست به نزیکی پەیوەندیی نێوان پێشخان و لادان، ئەنوەر قادر محەمەد بەمجۆره جەختی لێ دەکاتەوه : ((...شایانی باسه، هەندێ جۆری لادان (پێشخان –ئاکتوالیزاسیا– foregrounding ) هەن، که وەک لادان له نۆرمی زمانەوانی پێشان بدرێن، بۆ نموونه، وەک کاریگەریی له پڕ و چاوەڕواننەکراوی گواستنەوه له ستایلێکەوه بۆ یەکێکی تر، یان به دەرککردنی هەستی و یاریی به وشه و (پۆشین)... )) . (محەمەد ۲۰۱۸ :۵۸۵)، دواتر هەر لەو بارەیەوه و به ئاماژەدان به سەرچاوەیەکی دیکه دەڵێت : ((...وا دەردەکەوێ که (میولەر–زانایەکی ئەدەبناسه) بیەوێ گریمانەی ئەوه بکات، (iconicity-ئایکۆنییەت) کاتێ لا دەدا دەبێ به"پێشخان –foregrounding"، ئەم "پێشخانه " ئاساییه هەر له جوغزی ڕێککەوتنی سینتاکسیدا دەبێ (به پێچەوانەی لادانی سینتاکسی سەختگیرەوه ...) ئەوەی له گۆشەنیگای ڕەوانبێژییەوه ئاشکرایه، ڕێبازی ئایکۆنی ئەوەیە، که هەندێ ڤیگەری ڕەوانبێژیی ئاسایی وەک ئایکۆنێ دەردەکەوێ و هەندێکی تری وەک لادان و بوونەته پێشخان بۆ ئەوەی به کاریگەریی خۆیان بگەن )) . (محەمەد ۲۰۱۸ : ۵۸۵).

سەبارەت به چەشنەکانی لادان، زۆر دید و پۆلێنبەندی هەن :بەڕای شمیسا، لادان، بۆ سێ جۆری : (زمانی ) و (فکری) و (ئەدەبی) دابەشدەبێت .زمانی، سێ بەشی فۆنۆلۆگی و لێکسیکی و سینتاکسی لەخۆدەگرێت . بابەتەکانی ڕونبێژی و جوانکاری له جوغزی مەسەله ئەدەبییەکانن و لادانی واتاییش، به مەسەله فیکرییەکانەوه پەیوەسته . هەر له هەمان سەرچاوەدا ، توێژەر تیشکۆی خستووەته سەر پۆلێنبەندییەکانی "جیۆفری لیچ " که بایەخێکی تایبەتی داوەته لادان (Deviation) و چەشنەکانی به نموونەوه دیاریکردووه:

۱–لادانی لێکسیکی: (Lexical Deviation) شاعیر زاراوەی نوێ دادەهێنێت.

۲–لادانی ڕێزمانی: (Grammatical Deviation) گۆڕانکارییه له بازنەی تەکنشینیدا.

۳–لادانی ئاوازەیی: (Phonological Deviation) گۆکردنی دەنگەکان لەگەڵ پێودانگەکەدا وەک یەک نین.

لیچ، چەند جۆرێکی تریش له لادان ئاماژه پێ دەدات، که بریتین له : لادان له شێوازی دارشتن (Graphological)، لادانی سیمانتیکی یا واتایی(Semantic) ، شێوەزاری یا دیالێکتیکی(Dialectal) ، له بەکارهێنان یا تۆمارکرندا (Deviation of Register)، لادان له سەردەم یا قۆناغێکی مێژوویی یاخود شێوازیی .(Deviation of Historical Period)ج .لیچ له لادانی واتاییدا باس له ڕەگەزگەلێکی نالۆژیکی له

شیعردا دەکات کە نموونەی یەکێکیان، خواستنە ؛ و نموونەی نیوەدێڕێکی وێلیام ۆردزۆرس ( William Wordsworth-١٧٧٠) دەهێنێتەوە : "کوڕ باوکی مرۆڤە" (The child is father of the man) کە پارادۆکسە . جۆن کیتس (John Keats-١٧٩٥) دەڵێت : "جوانی هەقیقەتە، هەقیقەت جوانییە ". (بڕوانە شمیسا ١٣٨٨ :٤٤).

لە ڕاستیدا پۆلێنەکانی لادان لە نۆرم ، زۆرن و وێڕای جیاوازییان، خاڵی هاوبەشیان زۆرە و لێرەدا ناتوانین و دەرفەتیش نییە هەموویان باس بکەین، بە گشتی هەوڵ دەدەین، چوارچێوە و قاڵبی تیۆریی جۆرەکانی لادان دیاری و دەقە شیعرییەکانی هەرسێ شاعیرەکانمانی پێ شیکاریی بکەین، تا لە ڕوانگەی ئەو کۆنسێپتەو چەشنەکانییەوە ڕەهەندە ئیستێتیکییەکانیان دەستنیشان بکەین . پێویستە گریمانەی ئەوەش بکەین، مەرج نییە بۆ هەرچەشنێکی لادان، نموونەی شیعریمان لای هەر سێ شاعیر یان یەک و دووانیان هەبێت، بەکورتی لەو چەشنە لادانانە دەدوێین کە لای شاعیرەکانمان هەن و ئێمە پەیمان پێ بردوون.

لادان لە نۆرم، بەپێی گەشەی چەمکەکە و بە ڕەچاوکردنی ئەو جوغزەی تێیدا ڕوودەدات، ئەم چەند جۆرە لە خۆدەگرێت :

### ١-لادانی فۆنۆلۆگی و گرافۆلۆگی (phonological & graphological deviation) :

لەم چەشنەی لاداندا، ئاخێوەر لە ڕێسا و یاسا فۆنۆلۆگییەکانی زمان لادەدات و شێوازی فۆنۆلۆگیی باو بەکارناهێنێت . فتوحی پێی وایە : ((جیاوازیی فۆنۆلۆگیی دەستەواژەکان لە شێوەزار و چەشنە کۆمەڵایەتییەکانی زمانەوە هاتوونەتە نێو ئەدەبیاتی نووسراوی ناوچەییەوە)) .(فتوحی ١٣٩٠ :٤٣) .سیما دادیش لە ناساندنی ئەم جۆرەدا دەڵێت : ((گۆڕانکاری یاخود لادانە لە یاسای چۆنیەتیی نووسین یا ئیملاکردن و شکاندنی وشەکان بە ئامانجی داڕمان و شێواندنی نۆڕم و بونیادی پێکهاتەی وشەکان)) . (داد ١٣٩٠ :٥٤٢) ، بەڵام شمیسا زۆر بەکورتی دەڵێت : ((گۆکردنێکە لەگەڵ پێودانگدا وەک یەک نییە )) . (شمیسا ١٣٨٨ :٤٤) . ئێستا بابزانین ئەم چەشنە لادانە لە نۆرم، بەو چەشنە تێگەیشتن و پێناسانە، سەرەتا لە شیعری بێسارانیدا چۆن ڕەنگیداوەتەوە.

ئێمە لە پاری سێیەمی بەشی یەکەمدا و لە بابەتی تایبەتمەندیی لیریکی هەورامیدا و بەدیاریکراوی لای بێسارانی و سەییدی، بە نموونەوە باسمان لەوە کرد کە چۆن وشەی عەرەبی و فارسییان هەورامیاندووە، لێرەدا باس لەوە ناکەین، بەڵکو دەچینە ناو تایبەتمەندیی لیریکی بێسارانی لە جوغزی ئەم جۆرەی لادانەدا، کە شیعرەکانی سەرڕێژن لێی و ئێمە نموونەی چەند بەیتێک دەخەینە پێش چاو:

بێسارانی لە هۆنراوەیەکیدا کە (٢٣) بەیتە و لە پۆلێنی پیتی (ئەلیف) دا دانراوە و بە "ئاهووی خوتەن خێز ..." دەستپێدەکات و ئێمە ناچارین لەبەر زۆریی هۆنراوەکە تەنیا چەند دێری سەرەتای بهێنین، دەڵێت :

١- ئاهووی خوتەن خێز، دیدە پەڕ خەتا

تاریای ڕەویڵ، نافەی موشک مەتا

٢- وەختێو نیمە شەو خاو مەبۆ نەزداو

تمەز دیدەی وێش مەوینۆ نە خاو

٣- موژانش هەریەک چوون خەدەنگ وەی

نیان نە چڵەی کەمان پەڕ پەی (بێسارانی ١٣٩٦ :١١١).

وشەکانی (مەتا) + (خاو) + (نەزداو) + (تمەز) +(وەی) +(پەی)، لە ڕووی دەربڕینەوە، لادانن لە نۆرمی زمانی پێودانگ، یەکەمیان لە زمانی ئاساییدا (مەتاع) ە . (ئاسکێک) لە مەملەکەتی خوتەنەوە هەڵهاتووە و دیدەی لەتاوا دروست نابینێ و تاک و جیابووتەوە لە ڕەوەکەی و سەرکێش و سرکە و دەسەمۆناکرێت، (مەتاع) یان کاڵاکەی موشکی بۆنخۆشە . شاعیر لە پێناو کێش و ئاوازی شیعرەکەیدا پیتی (ع) ی کرتاندووە.

سەبارەت بە (خاو)، لە شێوەی کرمانجی خوارووە وەریگرتووە کە (خەو) ە، چونکە لە هەورامیدا (وەرم) هەیە، بەڵام حاڵەتی ئاسایی ئەو وشەیەشی گۆڕیوە و بزوێنی (ە) ی کردووە بە (ا) تا ئاوازدارتر بێتە گوێ .

(نەزداو) بە مانای (نزیک) دێت کە یا لە (نەزد ئەو) و بە کاریگەریی (نزد او) ی فارسی هاتووە و هونەرمەندانە گۆڕیویەتی، یان تایبەتە بە ناوچەی هەورامانی ژاوەرۆ کە شاعیر زۆر هونەرمەندانە زمانی ناوچەیی و فۆلکلۆری تۆمار و چەسپاندووە . (تمەز) هەمان (تومەز) ە کە نیشانەی سەرسوڕمان، بەڵام بەو چەشنە لە نۆرم لایداوە و بۆ چنینی شیعرەکەی بەکاری هێناوە .(وەی) لە هەورامیدا چەند مانایەکی هەیە : لەکاردانەوەی ترسدا دەوترێت، وەی، یان لە بەستێندا دێت بە مانای (بەڵا)، (یاخوا بێوەی بی-واتە بێ بەڵا بی )، بەڵام شاعیر لێرەدا تەنیا (وەی) هێناوە ئەویش لەگەڵ خەدەنگ-دا، واتە تیری بەڵا، هەروەها (پەی) بە مانای (بۆ) یان (دەرپەڕاندن و تەقاندن) هاتووە کە لە دێری کۆتاییدا دەڵێت : برژانگەکانی هەریەکەیان کە وەک تیری بەڵا ئازاردەرن، خستوونییەتە ناو کەمانی زۆرداری و ئامادەن بۆ هاویشتن؛ لە ڕاستیدا ئەگەر بە واتای (بۆ) بێت، ئەوا کردارەکە نەهاتووە و ئەگەر بە مانای دووەمیش بێت هەر لادانی فۆنۆلۆگییە و داتاشینی بەو چەشنە داهێنانی خۆیەتی . ئەمە وێڕای ئەوەی

(خێز) له کرداری (برخواستن) ەوه وەرگیراوه به واتای(هەستان و بەرپاکردن یا بەرپابوون) دێت، بەڵام بێسارانی تەواو گیانێکی تازەی داوەتە ئەم وشەیە (ئاسکێک کە لە خوتەنەوە بەرپابووە و یاخی بووە ) ؛ هەروەها وشەی (وەختێو) =(وەقتێو) واتە پیتی (ق) بووەتە (خ).

لەم جۆرە لادانە لای بێسارانی زۆرن، هەیە گۆڕینی دەنگێکە یا لابردنی فۆنێمێکە، وەک ئەو نموونانەی لە سەرەوە هێنامان، نموونەی واشی هەیە، بێگومان بە ئامانجی بەدیهێنانی ئاستی ئیستێتیکی، کە دوو فۆنێم و زیاتریشی لە وشەی نێو زمانە ئاساییەکە کرتاندووە، بۆ نموونە لەم بەیتەدا، دوو پیتی لاداوە وشەی (زوخاو) ی کردووە بە "زوخ":

به دیدەی پەڕ زوخ، به دڵەی پەڕ داخ

بشیایمێ و سەیر گوڵخونچان باخ . (بێسارانی ١٣٩٦ :٣٧٣).

لای سەییدی، کۆنسێپتی لادان لە پێودانگ، هێندە ڕۆچووە و بووەتە بنەمای ستایڵی زمانی شیعریی، تا ئێستاش توێژینەوەکان لەسەر ئەوەی یەک یا دوو سەییدی هەیە، بەردەوامە . کاتێک باسی ئەم جۆرە لە کۆنسێپتی لادان لای سەییدی دەکەین، لادان لەنۆرم لە شیعرەکانیدا تەنیا لە ئاستی هاتنەوەی فۆنۆلۆگییانەی وشەکە نییە لە بەستێنی شیعرەکەدا، بەڵکو بە تەواوی مانا، هونەری یاریکردنە بە وشەکان و چۆنیەتیی گۆکردنیان، سەییدی لە نموونەی هۆنراوەیەکیدا کە لە ڕیزبەندی پیتی (ئەلیف) دایە و بە ناونیشانی "ئاشک بەرێ، شێوه وەشۆ " ، دەڵێت :

١- ئاشک بەرێ، شێوه وەشۆ، شەرتێو زەریفت یارە بە

تە ئا بەینەی بینی چەنیش، یەک شەرت و یەک ئیقرارە بە

٢- نەک تۆ پەرێش "دیڤۆنە" بی هەکڵیت بەرۆ، بیگانە بی

تە پەی "شەمە" ی "پرڤۆنە" بی، پی تەنەدا سۆتارە بە

٣- دڵ بۆ، جە گۆشم دارەنێ، مەوزە سەرەت، بێ کارەنی

تۆ مەگنە "پەی " ئەر یارەنی، با ڤەس چەنیت بێزارە بۆ

٤- سوورە قولێ ، غونچە دەمە، با ڕەنگ و بۆ، "واشە" چەمە

مەشیە پەنەش دارە تەمە، وەختێو چەنی تەش قارەبە

٥- هەرێو روڤێ کەفتی خوەش، زۆنات هەنش پێش پەی تە ئێش

مشیۆ گیۆن کەری فدێش، ئا دۆسە بەرخوداره بە

٦- ئەز پێکیۆ زۆمم خەتەر، "کیبڵە" م زەڕێو بدیەرە وەر

زامدار خوێت پەرسە خەبەر، تەرسە خوای هۆموارە بە

٧- "صەیدی" تە هیچت چار نەبیٚ، تا سەر چەنیت کەس یار نەبیٚ

سا دۆستە تەش کار نەبیٚ، تەنها تە دۆست دەر کارە بە. (صەیدی١٣٩٢ :٣٠)

ئەم هۆنراوەی سەییدی، وەک نموونەیەک لە دیوانەکەی، لە داهێنانی هونەری و کۆنسێپتەکانی شێوازناسی نویٚ بە گشتی و چەشنەکانی لادان، سەررێژە . بەڵام لێرەدا قۆناغبەندی کارەکەمان وا دەخوازێت تەنیا پراکتیکی لادانی فۆنۆلۆگی تێدا شیکاریی بکەین . بە سەرنجێکی خێرا، دەیان نموونەمان لە لادانی فۆنۆلۆگی بەرچاو دەکەوێت کە شاعیر هۆشیارانە و لە پێناو ئاوازداریی دەنگی جیاوازی پیتەکاندا، شێوەی جیاوازی نەخشاندووە و لادانی هونەری لەو ئاستەدا بەدیهێناوە . بڕوانە شێوەی ئەم وشانە و گۆڕانکاری چۆن و لە چ پیتێکدا تێیداکراوە : لە دێڕی یەکەمدا، "ئاشک" = (عاشق) و وەک دەبینرێت پیتی " ق" ی کردووە گۆڕیووە بە ( ک)، چونکە ئاوازدارترە و ئەنالۆگی ئەو دەنگەیە و "تەرییی" بوونیان پێکهێناوە، بەڵام لادانی فۆنۆلۆگیشە . هەروەها "وەشۆ" واتە جوان، لە هەورامیدا (وەش) ە، نەک وەشۆ، ئەویش بە مانای "خۆش"، بەڵام هێنانی ئەو دەنگە بزوێنە یان ئاوازدارە، هارمۆنییەتی دەنگی لەگەڵ وشەی پێش خۆیدا دروستکردووە . هەر لە هەمان بەیتدا، دەستەواژەی (یارە بە) ی هێناوە کە کاردۆخی بە "لەبیرت بیٚ " مانای کردووە، لە ڕاستیدا ئەوە لەو بەستێنەدا و بەو مانایە، داڕشتن و داهێنانی خۆیەتی . دوا نموونە لە هەمان بەیتدا جێناوی سەربەخۆی "تە" یە، لە هەورامیدا بۆ کەسیی دووەمی تاک (تو) هەیە، نەک (تە) کە لە کرمانجیی ژووروودا بەکاردێت . ئەم بەکارهێنان و گۆڕانکارییە بنەڕەتییانە لە وشەی زمانەکانی فارسی و عەرەبی و شێوەزارەکانی ناوچەیی، بەڵگەی شارەزایی و کارامەیی سەیدیین لەو زمانانەدا.

لە دێری دووەمدا، (پەی) ی کردووە بە "پەرێش"، (دیوانە) ی کردووە بە "دیڤۆنە"، (عەقڵ) ی کردووە بە "هەکڵ "، (شەمع) ی کردووە بە "شەمە" ، (پەروانە) ی کردووە بە "پەرڤۆنە" ، ( سۆتە) ی کردووە بە "سۆتارە " . بیریشمان نەچیٚ چەمکی وا هەیە وەکو (دیوانە) و (عەودال) بە سیٚ وشە و زاراوە دەربیبڕیووە و ئێمە لە پاری کۆتایی بەشی یەکەمدا نموونەکانمان هێناوە و پێویست بە دووبارە کردنەوەی ناکات.

لە دێڕی سێیەمدا، (دارەنە) بووە بە "دارەنیٚ"، (وەس -بەمانای بەس) بووە بە "ڤەس"، دواتر و لە دێڕەکانی تردا : (خونچە) گۆڕاوە بۆ "غونچە"، (ڕویٚ) بۆ "ڕوڤیٚ "، (زانات) بۆ "زونات "، (گیان) بۆ " گیۆن"، (فیداش) بۆ " فدێش"، (زام) بۆ "زوم "، (قیبلە) بۆ (کیبلە) .

هەموو ئەم نموونە ناوازانەی لادانی فۆنۆلۆگی لە شیعرەکانی سەییدیدا، بەڵگەی ئەوەن کە لادانی فۆنۆلۆگی چ ڕۆڵێکی کارای هەیە لە بونیادی دەقدا و چەندە هێزی کەمەندکێشکردن لای بەرامبەر دروستدەکات و ئەمەش پێوەرێکی جوانیناسییە.

شاعیری سێیەممان، کۆماسیش بە تایبەتمەندی خۆی، خاوەنی ئەم چەشنە لادانەیە لە نۆرم و لەم چەند نموونەیەدا، بەمجۆرە دەردەکەوێت:

١-خەلقان هەراسان بێ قەراریمەن

هەر شەو تا بە ڕۆژ شین و زاریمەن

٢ -چم نە جای ئەسرین زۆخاو جێش مشۆ

کافر وەجەستەم بە زئیش مەیۆ (کۆماسی ٢٠١٢ : ٧٣).

"چم" لەسەرەتای بەیتی دووەمدا بزوێنی (ە) لابراوە، واتە لە زمانی ئاساییدا (چەم) ە، بەڵام لە نۆرمی پێوەدانگ لایداوە، هەروەها لە نیوەی دووەمی هەمان بەیتدا (بەزەییش) گۆڕاوە بۆ "بەزئیش" . یاخود لەم نموونانەی دیکەدا :

فەرش خەزرایی وست نە ڕووی بێسات

نشت و بانێ تەخت دەست کەرد وە حوکمات (کۆماسی ٢٠١٢ :٦٧).

لە نیوەی دووەمی بەیتەکەدا، (نیشت) بووە بە "نشت "، واتە پیتی (ی) لابراوە تا لە ڕووی ئاوازەوە لەگەڵ وشەی (وست) ی بەیتی یەکەمدا بێتەوە و جگە لەوەی لادانە لە نۆرم، تەریبیی فۆنۆلۆگیشە.

لە دیوانەکەی کۆماسیدا، بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ نموونەی لەو چەشنە زۆرن کە : (ئێر) ی کردووە بە "ئاهێر"، (بزانە) ی کردووە بە "بزان"، (تالیع) ی کردووە بە "تاڵە"، (ئۆخەیچ) ی کردووە بە "خەیچ "، (دۆزەخ) ی کردووە بە "دوساخ" ...هتد، کە دەنگی یا زیادکردووە، یان کرتاندووە، یاخود گۆڕیوە ...بەگشتی هەموویان ئاماژەن بۆ دەستڕەنگینی و کارامەیی هونەری کۆماسی.

## ٢-لادانی لێکسیکی (lexical deviation):

بیرکردنەوەی فراوان و داهێنەرانەی شاعیرانی خاوەن ستایڵ، لە وشە و زاراوەکانی ناو فەرهەنگدا کە سنووردارن بە ژمارە و مەودای واتاییان، جێی نابێتەوە، لە ڕاستیدا زاراوەکان بە کەم

و دەستەوسان و بەڵکو ڕێگر و دەستگر دەبینن لە بەرامبەر دەربڕینی واتا و بیرکردنەوەی فراوانی خۆیاندا، بۆیە ڕێگەی لادان دەگرنە بەر تا بەڵکو لەو دیوو زمانی نۆرم و ئاساییەوە ئاسۆیەکی فراوانتر بۆ دەربڕینەکانیان بدۆزنەوە.

ئەم ئاست و جۆرەی لادان، لادانە لە واتای فەرهەنگی و نۆرمی زاراوەکانی ناو فەرهەنگ، ئیتر بە داهێنانی زاراوەی نوێ بێت یان گۆڕینی ئەرکی واتایی وشە و زاراوەکە بێت لە بەستێن و بونیادی ئەو دەقەدا، وەک سیما داد ڕوونی دەکاتەوە و هەردوو چەشنەکانی دەناسێنێت و دەڵێت : ((ئەم بەشەی لادان، خۆی دوو جۆرە : داتاشین یا داهێنانی وشە و زاراوە(neologism) ، بە دیاردەیەک دەگوترێت کە ئاماژەیە بۆ جوغزی زاراوەسازی، بەو پێیە ئاخێوەر زمانێک دادەهێنێت کە پێشتر لە تێکستی ئەو زمانەدا نەبووە . جۆری دووەمیشیان، گۆڕینی ئاستی ڕۆڵ یان ئەرکی واتایی (functional conversion) ە :پرۆسەی گۆڕانی کاتیگۆری ڕێسای وشەیەک بە کاتیگۆری ڕێسایەکی دیکە . لەم دیاردەیەدا، نەک تەنیا پەیوەستبوونەوەی مانایی نێوان وشەکان بەسەریەکدا دەرمێت، بەڵکو پەیوەستبوونەوەیەکیش کە پێویستی تەکنشینی خووپێوەگرتووی وشەکانە لە زەمینەی پەیوەندیی ڕێسایی ماناداردا، دەگۆڕێت )).(داد ١٣٩٠ :٥٤٠).

توێژەری ئێرانی، فتوحیش لە ڕونکردنەوەیدا بۆ ئەم جۆرە لادانە، دەڵێت : ((لادانی زاراوەیی : بەکارهێنانی زاراوەی ناباو کە لە زمانی ئاساییدا بەکارناهێنرێت، بە لادان لە زمانی ئاسایی یا لادان لە پێوەدانگ ئەژمار دەکرێت . زاراوە نا ئاشنا و ناباوەکان دوو دەستەن : زاراوە نەناسراوەکان و زاراوە تازە داتاشراوەکان . زاراوە نائاشناکان لە خودی زمانەوەن، بەڵام بەهۆی بەکارنەهێنانەوە خراونەتە بەشی نەناسراوەکانی زمانەوە و لە زمانی پێودانگدا ڕەواجیان نییە، وەکو زاراوە کۆنەکان، زاراوەی شێوەزارەکان، ناوی ناوچەکان (ناوی شوێن و شتەکان) و هەروەها ئەو زاراوانەی کە پەیوەستن بە زانستێکی تایبەتەوە کە بۆ بەکارهێنەرانی ئاسایی نەناسراون . کاتێک زۆربەکارهێنانی ئەم چەشنە زاراوانە لە ڕەنگی پێودانگ لە دەقەکەدا کەم بکاتەوە، ئەوا دەبێتە تایبەتمەندییەکی شێوازی؛ بەڵام زاراوەیەک کە نووسەر یان شاعیر لەسەر بنەمای پێوەری ڕێسایەک دروستی دەکات و پێشتر لەو زمانەدا نەبووە، بە "زاراوەی نوێ" ناسراوە)) . (فتوحی ١٣٩٠ : ٤٣) . بەگشتی و بە کورتی، دەتوانین بڵێین : ئەم چەشنەلادانە، لە ئاستی زاراوەسازیدایە، ئیتر یان بە لادان لە ڕێسای وشە و زاراوە فەرهەنگییەکە و دروستکردنی زاراوەی نوێ، یاخود بە داهێنان و داتاشینی ڕێساو و دەرئەنجام وشەی نوێ.

بە سەرنجدانێکی ئەم دێڕە شیعرانەی بێسارانی، پەی بە چەند جۆرێک لە لادانی لێکسیکی دەبەین:

ئافتاب پێوار بی، ئافتاب پێوار بی*** وەختێ جە مەغریب ئافتاب پێواربی. (بێسارانی ١٣٩٦ :١٠٨).

"پێواربی" لێرەدا واتە (ونبوو+نیشت+ئاوابوو)، واتە خۆر ونبوو . لە هەورامیدا، "پێویا" واتە دەرکەوتوو یان دیار، شاعیر هاتووە بە نەرێ ئەم وشە یان کردارە لێکدراوەی داڕشتووەتەوە و زاراوەیەکی نوێی لێ دروستکردووە کە لە فەرهەنگدا بەرچاو ناکەوێت و کردوویەتییە "پێواربی" کە =پێ +وار +بی، واتە =بۆ+خوارەوە+بوو یاخود بۆ خوارەوە چوو و پێکهاتووە لە =پێشگر+ئاوەڵکرداری شوێنی+کرداری ناتەواو "بیەی".

هەروەها وشەکانی (جەلا بەخش)، (غەزەبناک)، (گوڵخونچان)، (حاڵداران)، (شەوڕەنگ) لە هۆنراوەکانی:

خەزان جەلا بەخش خەم خەیاڵشەن

پاماڵ کەر گەنج شادی و ماڵشەن. (بێسارانی ١٣٩٦ :٦٣٩).

******

پۆشا بەرگ ساف سیای غەزەبناک

دڵ جە ڕەحم ڕای ڕەزای خودا پاک. (بێسارانی ١٣٩٦ :٥٢١).

******

هەناسەم چوون باد وەخت سوبحدەم

خەیاڵ گوڵخونچان ماوەرۆ وە هەم . (بێسارانی ١٣٩٦ :٥١٧).

******

حاڵداران حاڵەن، حاڵداران حاڵەن

حاڵێ پێم یاوان، نمەز چ حاڵەن . (بێسارانی ١٣٩٦ :٣٦٢) .

******

قەترانی شەو ڕەنگ کلێوەی سەر کڵف

ستەم زەدەی دەست، ناخوون کەندەی تڵف. (بێسارانی ١٣٩٦ :١٣٩).

"جەلا بەخش" پێکهاتووە لە (جەلا) واتە ڕوون و ڕۆشن، دیار +(بەخش ) پێدەر یا بەخشەر =ڕۆشنکەرەوە، ڕۆشناییبەخش، کە وشەیەکی لێکداراوە و لە ڕووی یاسای دروستبوونەوە لە ئاوەڵناو

+ڕەگی کار پێکهاتووە . هەر لە هەمان بەیتدا، دەتوانین ئاماژە بە "پامالّ کەر" بکەین، واتە پێشێل +کەر، کە پێکهاتووە لە =پا (ناو)+مالّ (ڕەگی مالّین) + کەر(پاشگر).

لە دێڕی دواتردا، زاراوەی "غەزەبناک"،وشەیەکی داڕێژراوە و پێکهاتووە لە ئاوەڵناو(غەزەب) +پاشگری (ناک).

هەروەها "گوڵخونچان"، پێکهاتووە لە ناو (گوڵ) + ناو(خونچە) + (ان)نیشانەی کۆ، کە بزوێنی (ە) ی (خونچە) لابراوە چونکە دوو بزوێن پێکەوە نایەن . لە دوا نموونەکاندا، وشەکانی "حالّداران " و "شەوڕەنگ"، کە یەکەمیان =حالّ +دار (کە ڕەگی وشەی دارابودن-فارسییە) +نیشانەی کۆ (ا ن) ؛ زاراوەی "شەوڕەنگ" یش پێکهاتووە لە =ناو (شەو) + ناو (ڕەنگ) . هەموو ئەم نموونە یان زاراوە نوێیانە، دەربڕین و زاراوەی داهێنراون تا ماناکانی :(ڕوونکەرەوە یان شتێک کە ڕووناکی دەبەخشێتە شتێک تا دەریبخات)، (پێشێلکار )، (هەڵگری توڕەیی)، (گوڵانێک کە هێشتا خونچەن )، (کەسانێک کە هەڵگری سیفەتی حالّکردنن)، (هێندە تاریکە کە ڕەنگی وەک شەو وایە)، ببەخشن.

لێرەدا پرسیاری بنەڕەتی ئەمەیە، بۆچی و بە چ هۆکارێک شاعیر زاراوەی نوێ دروستدەکات ؟ ئایا بە داتاشینی زاراوەی نوێ، تەنیا بەرجەستەکردن یا نامۆکردن ئامانجییەتی ؟، بێگومان ئامانجە ئیستێتیکییەکان چەندە پتر و فرەچەشن بن، ئەوە لەو ڕاستییە ناگۆڕن کە : کورتهێنانی دەربڕینەکان بۆ واتا، هۆکارە تا شاعیر بۆ گەیاندنی چەمکە زەینییەکان و بەرجەستەکردنیان بۆ کەسی گوێگر یا بەرامبەر، پەنابەرێتە بەر بەکارهێنانی زاراوەی نوێ، وەک نیمایۆشیج دەڵێت : ((زمان کورت دەهێنێ و هەژارە، پێگەیاندن و کاملکردنی لە دەستی شاعیردایە...)) .(یوشیج ١٣٨٥ :٥٤)، شاعیری گەورەی خۆمان، گۆرانیش لە دەسەوسانی کەرەسەکانی دەربڕیندایە کە دەڵێ :هەرچەند ئەکەم، ئەو خەیاڵەی پێی مەستم ، بۆم ناخرێتە ناو چوار چێوەی هەڵبەستم.

سەییدیی کیمیاگەری وشە و زاراوەسازیش لەم جۆرەی لاداندا کەمی نەهێناوە و لێردا تەنیا دەتوانین ئاماژە بە چەردەیەکی بدەین:

ئەر من گنێم چەملەم چەمێش ، چی ئێندە کێشێنێ خەمێش

شەربەت وەرێنێ چا دەمێش ، وێم خاس کەرێنێ چار خوێم . (صەیدی ١٣٨٥ :٩٦).

مانای ئەو نیوە بەیتەی یەکەم ئەوەیە : ئەگەر من چاوم کەوتبا بە چاوی، بۆچی هێندە خەمم دەخوارد...بەلام سەییدی لە بەرامبەر چاوی یاردا، نایەوێ بڵێ چاوم (چەمم-بە هەورامی) بەڵکە دەڵێ (چەملەم) =چەم +پاشگری (لە) +(م)جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک . پاشگری( لە) لە هەورامیدا، کاتێک لە دوای ناو دێت، بۆ بچوککردنەووە و (تحقیر) سوککردنە ...سەییدی دەیەوێت بڵێت : چاوی من کە سوک و بێ نرخ و بچوکە، ئەگەر ڕێزی ئەوەی پێ ببڕایە و شاد ببوایە بەوەی چاویلەم بەر چاوەکانی

بکەوتبایە ...سەییدی هەموو ئەم مەبەستەی بە داهێنانی وشەیەکی نوێ و بە هەمان ئەو کەرەسانەی لە زمانە باوەکەدا هەن، بە شێوەیەکی نوێ یان دەربڕینێکی نوێ و بۆ مەبەستێکی نوێ دارشتووە.

لە شوێنێکی دیکە دا ئەم بچوککردنەوەی هێناوە، بۆ مەمکی یار، بەڵام ئەمجارەیان بۆ وەسپ و نیشاندانی جوانییەتی و دەڵێت:

مەمە ڵجێش "نار"ە، کوڵمێش سوورە "ساو"ە

وێش ئەجێی "سەڵوینە " مدرێنە پاوە. (صەیدی ١٣٨٥ :٢٤).

وشەی (مەمەڵجێش) کە =ناوی مەمە +پاشگری (ڵە) بەڵام بە کرتاندنی بزوێنەکە +ج +ێش، هیی ئەو؛ زاراوەیەکی داهێناوە تا گوزارشت لە هەموو ئەو واتا و چەمکە زەینییەی خەیاڵی شاعیر بکات، مەمکێکی بچووک و قووت وەک هەنار.

لە سێ بەیتی دیکەدا، نموونەی سێ لادانی لێکسیکی تر وەردەگرین کە شاعیر کردوونییەتە کەرەسەی چنینی بەیت و شیعرەکانی و لە زاراوەی فەرهەنگی لایانداوە، چ بە دارشتنیان بە شێوازی نوێ یاخود لە بنەڕەتەوە داهێنانیان، وەک پێشتر وتمان بۆ مانا و مەبەستی نوێ . سەییدی لەنموونەیەکیاندا زاراوەی "نەوهاڵان" ی بەکارهێناوە و دەڵێت:

چوون کۆی "عەوداڵان"، چوون کۆی "عەوداڵان"

کۆن ؟ کۆیێ دڵگیر، چوون کۆی عەوداڵان ؟!!

"کابە"ی مەقسوودەن، پەرێ نەوهاڵان

پەی وا یەی موراد وەنەش مەلاڵان (صەیدی ١٣٨٥: ٤٤).

سەییدی دەپرسێت: کێوێک هەیە، هێندەی کێوی عەوداڵان دڵگیربێ ؟...کەعبەی ژوانی "نەوهاڵان"ە ، ئەم وشەیە پێکهاتووە لە =ئاوەڵناوی(نەو) واتە نوێ +ئاوەڵناوی (هاڵ)، واتە کاڵ +نیشانەی(ا ن) کۆ، لە ڕووی واتاوە مەبەستی لەو عاشقانەیە کە لەوێ ژوانیان هەیە و لە تەمەندا نوێ و کاڵ و تازە پێگەیشتوون، هەردوو بەشی وشەکە جەختکردنەوەیە لە گەنجی و تازەپێگەیشتوییان . ئەمە ئەو کارەیە کە شاعیری خاوەن ستایڵ دەیکات، بۆ چێژبەخشین و خستنەبەرچاوی مانا و مەبەستە شیعرییەکانی، پەنا دەباتە بەر لێکدان و بەریەککەوتنی و داهێنانی ئەم چەشنە لە پێکهاتەی وشەی لادراو لە نۆرمی فەرهەنگ، وەک توێژەرێک دەڵێت : ((ئەگەر لە نێوان زاراوەکاندا پەیوەندی و

بەریەککەوتن نەبێت، شیعر بەدی نایەت، شیعر لە زمان زیاتر ڕۆشتووە، یاسا و ڕێساکانی تێکشکاندووە)) . (حقوقی ١٣٧١ : ٣٤٢) .

نموونەی تر لە هۆنراوەکانی:

تۆ بە دەستی قەسد، جە " بەد وازەکەم "

منت بێ ناز کەرد، ساحێب نازەکەم

من "صەیدی" غولام قەدیم زادەکەم

وەی من درێغا سیا تاڵە کەم. (صەیدی ١٣٨٥ :٣٨).

هەردوو زاراوەی "بەد وازەکەم " و "سیا تاڵەکەم" ، نیۆلۆگیزمن و داهێنانی شاعیرن لە ڕێی لادان لە زمانی پێودانگ، ئەوە بێ لەوەی، هەرچوار وشەکانی کۆتایی چوار نیوە دێڕەکە لە ڕووی مۆرفۆلۆگییەوە پارالێلن.

وشەی بەدوازەکەم=ئاوەڵناوی(بەد)+واز (ڕەگی لادراوی واستەی-میتافۆر) +نیشانەی ناسراوی (ەکە) +جێناوی لکاوی (م) .شاعیر مانای زەینی "کەسێک کە ناحەزە و خراپە بۆ ئەو بە ئاوات دەخوازێت" ی چڕکردووەتەوە لە دەربڕینی (بەدوازەکەم)؛ هەروەها زاراوەی "سیا تاڵەکەم "، (سیا)ناوە، واتە ڕەش +(تاڵ) لە (طالع) ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، لە بنەڕەتدا بە مانای دەرکەوتن، بەڵام لەبەر ئەوەی مرۆڤ لە دەرکەوتنیدا یەکەم شوێنی کە دەکەوێتە بەرچاوی بەرامبەرەکەی "نێوچاوانیەتی" پێی دەوترێت (طالع)، سەییدی کورتیکردووەتەوە بۆ (تاڵ)، کە سیا تاڵ دەبێتە (نێوچاوان ڕەش) .داهێنانەکە لەوەدایە، شاعیر لایداوە لە بەکارهێنانی زاراوەی فەرهەنگی و تەنانەت بەکارهێنانی زاراوە باوە شیعرییەکانی ئەو ڕۆژگارەش کە پتر (سیابەخت ) و (بەدبەخت) ...یان بەکار دەهێنا.

دواجار بە تیشکۆ خستنە سەر هەردوو زاراوەی "چەرخەچی" و "کەڵپۆش" لەو بەیتانەی خوارەوەدا، کۆتایی بە نموونە شیعرییەکانی سەییدی دەهێنین لەم چەشنەی لادان لە نۆرمدا:

چەرخەچی شەوان ، ڕۆ نە دەر و دەشت

"بەبر" ی "شێر" شکار ، پەرێ "ئاهوو" چەشت (صەیدی ١٣٨٥ :٨١).

******

عوریان و کەڵپۆش، شەیدا و بیابان گێڵەنۆ

دا پەرسە پەی کێ وێڵەنۆ، خۆ کافرستانی نیۆ (صەیدی ١٣٨٥ :٩٠).

سەییدی لەم هۆنراوەی یەکەمدا و لەسەر زاری مەجنوون ، وەسپی سەگێک دەکات کە پاسەوانی خێڵەکەی لەیلایە و لاواز و بێ هێز بووە و بە کۆمەڵێ سیفەت باسی دەکات، لەوانە پێی دەڵێت : تۆ (چەرخ+ە+چی-پاشگری پیشەیە) شەوان بوویت و بە ڕۆژیش لە دەشت و دەر بوویت و بەوری شێرئاسا بوویت و ئاسکت ڕاو دەکرد و ... ، ئەوەی مەبەستی ئێمەیە زاراوەی "چەرخەچی" یە کە نوێیە و پێناچێت پێش سەییدی کەس بەکاری هێنابێت . ئەم وشەیە، ئەگەر بە مانای ئەوەبێت کە کار و فەرمان و هەڵسوڕێنەری کات و کارەکان هەرخۆت بوویت، یان مەبەستی ئەوەبێت کە چەرخ و چاوی نەخەوتوو و ڕوناکبینی شەوانی تاریک هەرخۆت بوویت ...لە ڕووی ماناوە هەر گریمانەیەک بێت، ئەوە لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە خودی وشەکە نوێ و لادانە لە زاراوەی فەرهەنگی.

هەروەها لە بەیتی دووەمدا بۆ جەختکردنەوە لە ڕووت (عوریان)، زاراوەی "کەڵپۆش"ی داهێناوە (کەڵ) کە کورتکراوەی کەوڵە +پۆش کە ڕەگی پۆشین-ە، شاعیر دەیەوێت بڵێ :هێندە ڕووتە تەنیا کەوڵەکەی خۆیی پۆشیوە . ئەمەیە هونەری نامۆکردن و پێشخانی زمانی، ئاکتوالیزاسیا، کە جۆرێکیشە لە لادان لە نۆرم و شاعیر بە گرتنەبەری، چێژی دەق دەگەیەنێتە لووتکە.

سەبارەت بە هەمان جۆری لێکسیکی لە پرەنسیپی شێوازناسیی لاداندا، لای کۆماسی شاعیریش، چەند نموونەیەک دەخەینە ڕوو کە ئەویش لە چنینی زمانی شیعرەکانیدا، وەک لادان لە زمانی نۆرم و کەرەسەی دەربڕینێکی جوان پەنای بۆ بردوون . کۆماسی، هەر لە "بێز " کە ڕەگی کرداری (بێزان) ە (واتە بێز و قێزلێهاتنەوە )، نموونەی سێ شیعریمان هێناوە کە لە جوغزی ئەو بەیتانەدا، سێ زاراوەی نوێی داهێناوە بۆ دەربڕینی وێنەی ئەو جوانەی کە لە مێشکیدایە و لە دێرێکدا دەڵێت :

زوڵفان سیای عەنبەربار تۆ

عەتر شەوبێزان تار جە تار تۆ. (کۆماسی ٢٠١٢ :١٧).

لەنموونەی دووەمدا هاتووە :

وەفراوان شەتاو، هەردان لەبڕێز کەرد

سەوزەی دەشت و دەر قەناوێزبێز کەرد. (کۆماسی ٢٠١٢ :٦٧).

له سێیەمدا هاتووە:

ئەو دیدەی مەخموور ئاهووبێز تۆ

ئەو قەوس قەتران شەڕئەنگێز تۆ. (کۆماسی ٢٠١٢ :١٣٥).

ئەگەر سەرنجی وشەکانی "شەوبێزان" لە دێڕی یەکەم، "قەناوێزبێز" لە بەیتی دووەم، "ئاهووبێز" لە دێڕی سێیەم بدەین، لە واتای دێڕی یەکەمدا، شاعیر وەسپی زوڵفی یار دەکات، سەرەتا وەسپی ڕەشییەکەی و دواتر بۆنە خۆشەکەی، لەو بەستێنەدا، زاراوەی نوێی (شەوبێزان) دەهێنێ کە گریمانە و ئەگەری دوو مانا لەخۆدەگرێت :یەکەمیان، ڕەشی زوڵفەکانت وای کردووە لە ڕەشیی شەو بێزمان بێتەوە، دووەم، ئەگەری ئەوەشی هەیە ئەو وشەی (شەو) ە کورتکراوەی (شەوبۆ) بێت و مەبەستی شاعیر ئەوەبێت : بۆنی عەتراوی زوڵفەکانی تۆ هێندە خۆشە، (شەوبۆبێزار) یا لە بۆنی شەوبۆ بێزاری کردووین . هەرکام لەو دوو ئەگەرەبێت (کە زۆری ئەگەر و کرانەوەی دەق بۆ ڕاڤەی جیاجیا، بەڵگەی جوانییەتی)، گرنگ ئەوەیە لە لایەن شاعیرەوە بۆ دەربڕینەکەی، وشە یان زاراوەیەکی نوێ داهێنراوە.

لە دێڕی دووەمدا، بە زۆر زاراوەی جیاوازی ئەدەبی ستایڵی سەردەمی خۆی، وەسپی بەهار دەکات و دەڵێت :دیمەنەکان هێندە شیرینن، کە شیرینی قەندی لەپێشچاو خستوین ، لە ڕاستیدا لە ڕووی پێکهێنانەوە، هێندە لادەرە، نازانی بیخەیتە جوغزی چ ڕێسایەکەوە ، جگە لە (قەن)ی سەرەتا و (بێز) ی کۆتایی کە ڕەگی بێزانە، ئەوی تری لێکدانەوە هەڵناگرێ، بەڵام لە هەمان کاتدا لە بەستێنی شیعرەکەدا، وەک گشتێکی پێکەوەیی، ئەو مانایە دەدات و بونیادی شیعرەکە واتایەکی هونەرییانەی دەداتێ.

لە دێڕی سێیەمدا ، وەسپی دیدە و نیگای یار دەکات، زۆر لە شاعیرانی ستایڵی باوی ئەو سەردەمە، نیگای یار بە ئاسک دەچوێنن، بەڵام کۆماسی زاراوەی (ئاهووبێز) ی هێناوە، واتە دید و نیگای یار هێندە جوانە، هی ئاسکمان لە بەرچاوو دەخات . لە شوێنێکی دیکەی دیوانەکەشیدا بۆ وەسفی دانەکانی یار، زاراوەی (سەدەفبێز) ی بەکار هێناوە، واتە دانەکانی لە سەدەف جوانترە.

لەچەند نموونەیەکی دیکەدا ، شاعیر سوودی لە ڕەگی (خێز) وەرگرتووە بۆ داتاشینی زاراوەی نوێ لە نموونەی : (شەوخێز)، واتە لە شەوداهەڵکردوو واتە =ناو +ڕەگ، کە لە شیعرەکەدا باس لەوە دەکات، جگە لەمن کەس بەخەبەر نییە، مەگەر :بایەک کە بە شەوا هەڵیکردووە، یاخود، یان تاڤگەی ئاوێکی بەخوڕ و ڕەوان و دەڵێت:

کەس نیەن بێدار جە نیمە شەوان

مەر باد شەوخێز یا تاف ڕەوان. (کۆماسی ٢٠١٢ :٥٠).

هەندێکجار وشەیەک لە شیعری شاعیراندا باوە و هاتووە، بەڵام کۆماسی بە دارِشتنەوەی نوێی، کردوویەتییە مایەی سەرنج، وەک کرداری فەرمانی (ئەحیا دەرەوە) لە بەیتی:

ئەحیا دەرەوە حەیاتش جە نۆ

وە قەترەی عەرەق بەین دوو لیمۆ. (کۆماسی ٢٠١٢ :٤٤).

لای زۆر لە شاعیران دەوترێت (ئەحیا کەرەوە)، بەڵام وەک بینیمان ئەو گۆرِیویەتی، بەڵام لەزۆر بەیتیشدا، زاراوەی ئەوتۆ دادەهێنێت کە تەواو تایبەتمەندیی ستایڵی خۆیەتی، بۆ نموونە لەم شیعرەدا :

جە بۆڵبۆڵ بێزار ، خار نەوازەنی

یار چەنی ئەغیار ، بێ مەجازەنی . (کۆماسی ٢٠١٢ :١١٥).

ئەم بەیتە لە رِووی مانا و مەبەستەوە، گریمانەی ئەوەی لێ دەکرێت، "نەواز" بە مانای دڵدانەوە و لاوانەوە دێت ...، وێنە باوەکەی ئەدەبی کلاسیکی و تەقلیدی دووانەی" بولبول و گوڵن "، بەڵام ئەم بارە دەروونییەکەی گەیاندوویەتە ئاستێک کە وێنەیەکی شیعری وا کلیلی و ناوەندیی سەروین کردووە، نەک هەر لە بولبول بێزارە، بەڵکو لە داخی یار دڵنەوایی درِک دەکات ...ئەوەشی لێ دەخوێنرێتەوە کە لە بولبول (کە ئایکۆنی دەنگ خۆشییە)، بێزاریت و درِک و داڵ ئەژەنی، درِکژەنین !، ئەم فرە مانایی و هەڵگرتنەی واتای جیاوازە، بەڵگەی کراوەیی تێکستەو هەر کامیان بێت، لوتکەی نیۆلۆگیزمە و لادانە لەنۆرمی زاراوەی فەرهەنگی و نموونەی چەندین ئاستی بەنامۆکردنە . لە کۆتایی ئەم خاڵەدا یان چەشنی لێکسیکیی زماندا، پێویستە جەخت لەوە بکەینەوە، وەک بینیمان داهێنانی زاراوەی نوێ و چنینی لە زمانی شیعردا، هۆکاری نامۆکردن و نەمری و کاریگەریی زیاتری دەربرِینە.

### ٣ -لادانی سیمانتیکی (semantic deviation) :

ئەم جۆرەی لادان، لە چەشنی لادانای ناوەکی ئەژمار دەکرێت، بەوەی پەیوەندیی رِاستەوخۆی بە واتاوە هەیە، وەک سیما داد بەکورتی دەیناسێنێت : ((لادانە لە نۆرم لە جوغزی پەیوەندییە واتاییەکاندا ، بەچەشنێک کە مانای رِستە لە دیدە لۆژیکییە زمانییەکەوە، بێ پەیوەندی و دژیەک بنوێنی . میتافۆر و دەربرِینی دژییەکانە، لە نموونەکانی ئەم جۆرە لادانانەن)) .(داد ١٣٩٠ : ٥٤٠).

بەگشتی کەرەسەکانی پێکهێنەری رِستە و دەربرِین، لەوانەش وشە و زاراوەکان، پەیوەندییەکی باوی (باو بە پێی زمانی نۆرم و ئاسایی یا پێودانگ) رِێساگەلێکی واتایی تەکنشینی لە نێوانیاندا زاڵە، شاعیر ئەو پەیوەندییانە تێکدەشکێنێت و زمان لە کەرەسەیەکی گەیاندنی واتاوە، دەکاتە هونەری واتاپێدان . فتوحی، ئەم چەشنەی لادان، هەر بە واتایی ناو دەبات و لە پێناسە و رِونکرنەوەیەکدا دەڵێت

: ((لادانی واتایی، گونجاویی ڕەگەزەکان لە ئاستەکانی ڕێزمانیدا لەگەڵ یەکتر و لە زنجیرەیەک دەربڕیندا، ڕێکخستن و (collocation) تەکنشینی پێ دەڵێن . ئەم پێکەوە هاتنەی زاراوەکان، شوێنکەوتەی یاساگەلێکی واتاییە کە هەژموونی بەسەر زمانی پێودانگدا هەیە . لادانی واتایی، چەشنێک لادانە لە قووڵایی بونیادی ڕستە، بەوەی کە جێگەی وشەیەکی سەر بە ئاستێکی ڕێزمانی بە وشەیەکی دیکەی سەر بە ئاستێکی ڕێزمانی تر پڕبکرێتەوە . وەک (لیچ) دەڵێت : زماناناسان ئەم جۆرە لادانەیان بە "mistaken selection"هەڵبژاردنی نادروست یان "misclassification" پۆلێنبەندی هەڵە ناوبردووە)).(فتوحی ١٣٩٠ :٤٦ ).

زۆر لە توێژەران کە لەم چەشنەی لادان دواون، زەمینەی ئەمەیان بەستووەتەوە بە هونەرەکانی ڕەوانبێژیی پەیوەست بە ڕەهەندی مانا و واتاوە و لە پۆلێنە گشتییەکەی لادانیشدا، بە لادانی ناوەکی دادەنێن، وەک ئەدەبناسی پێشوومان لەو بارەیەوە دەڵێت : ((لە بنەڕەتدا زمانی خوازە هەڵبژاردنی نائاسایی ڕەگەزەکانی زمان و لادانە لە ڕێسای واتایی زمان کە مانا گشتییەکە دەشێوێنێت . لادانی بنەمایی ناوەرۆک، لە سنعات و هونەری مەعنەوی و وێنە خوازەییەکانی لە چەشنی ئەلیگۆریا، میتافۆر، پارادۆکس، ئایرۆنی، میتۆنیمی، سیمبول...هتد دا ڕوودەدات . ئەم گروپە کە پەیوەستن بە بونیادی واتایی یا ناوەوەی زمان بە"trope :figure of thought" نیشاندەر یان هێنەرەپێشەوەی مانا یان واتای زمانن، لە بەرامبەر"schema :figure of thought" دەرخەرەکانی دەربڕین کە پەیوەستە بە دیوی دەرەوەی زمان (واتە سنعات و هونەرەکانی دەربڕین) کە :دووبارەکردنەوە، ڕەگەزدۆزی، دەربڕینی دەنگەکان، دووبارەکردنەوەی سەرەتاکان و دەرچوون لە سستێمی ئاسایی وشەکان و زاراوەکانی زمانە)) .(فتوحی ١٣٩٠ : ٤٧) . هەر لەو جوغزەدا، بولفۆس، بە پلەی یەکەم جەخت لە "میتافۆر" و دواتر لە لێکچواندن و میتۆنیمی و...هتد دەکاتەوە و دەڵێت : ((میتافۆر، لەگەڵ لێکچواندن و میتۆنیمیدا، ڕۆڵ و پشکیان هەن لە بەرجەستەکردنی ئەو جۆرە لادانەی کە بە لادانی سیمانتیکی ناسراوە و پێدەچێت، خواستن لە شێوازی ڕەوانبێژیدا زۆرترین دەرکەوتنی هەبێت، لەو ڕوانگەیەوە، وشە لە بنەڕەتی بەکارهێنانی خۆیەوە دەردەهێنێت و دەیگوازێتەوە بۆ پێگەیەکی دیکە و بە ئامانجێکی دیاریکراو)). (بولفوس ٢٠١٧ : ١٦٩).

پەیوەست بە چۆنیەتیی کەوتنەوەی ئەم هونەری لادانە لای شاعیرەکانمان، سەرەتا بە شیعرێک، بێسارانی دەست پێ دەکەین، دەڵێت :

١-چراغ قنیاتم بە خەیاڵتەن

بە خەیاڵ لاڵ موشکین خاڵتەن

٢-دایم جە تەندا چوون گیانمەن

هەر بەو زێندەنان، بەو ژیانمەن

٣-ئەر ناگا خاوێم مەشۆ نە دیدە

نمازووش جە دەس هەی بەرگوزیدە

٤-سەر منیەو نە پا وێنەی حەڵقەی دام

تا مەر پابەند بۆ بەر نەشۆ جە لام

٥-بە فیدای خەیاڵ گرانمایەت بام

سەرگەرد تای زڵف موشکین سایەت بام . (بێسارانی ١٣٩٦ :٢٤٥).

واتە، چرام، خۆشەیستەکەم، کە وەک چرا مایەی ڕووناکیت بۆ من، قنیاتم(واتە ئەو قووتەی کەژیانم پێ دەدات و مایەی ژیانمە) کە خۆی (وشەی- قنیات)لە ڕووی لێکسیکییەوە لادانە، بەڵام لادانە سیمانتیکییەکەی ئەوەیە کە : تۆ قووتی ژیانمی و بە خەیاڵتەوە کە وەک قووتی ژیان وایە ماوم ...قووت، خۆراکی جەستەیە، بەڵام "قووتی خەیاڵ " لادانی سیمانتیکییە، چونکە خەیاڵ نابەرجەستەیە و ئەمەش میتافۆرە و لادانی واتایی دروستکردووە . لە نیوە دێڕی دووەمی ڕستەی یەکەمدا خەیاڵکردن بە "لاڵ" ەوە بەکاردەهێنێت، کە لادانی فۆنۆلۆگییە، چونکە لە بنەڕەتدا (لعل) زۆر شاعیری کلاسیک بەچەشنی تر بەکاریان هێناوە، بەڵام بێسارانی دەڵێت:" لاڵ ". لە دێڕی دووەمدا دەڵێ : ئەم خەیاڵە دایمە لە (تەن) جەستەمدا وەک گیانم وایە و تەن و گیان دوو وشەی دوالیزمی دژیەکن و سەیرتر ئەوەیە لە دوو دێڕی سێیەم و چوارەمدا دەڵێت : ئەگەر بە (ناگا-لە بنەڕەتدا نائاگا-یە) نائاگاییەوە، خەو چووە چاوم، ئەوا هەر نایەڵم خەیاڵت لە دەستم بچێ (خەیاڵ و لەدەستچوون!)، بەڵکو سەر دەنێمە بەر پێم و حەڵقەیەک دروست دەکەم تا خەیاڵەکەم لە داوی ئەو بازنەی کە بۆم کردووە، دەرنەچێت !.دواتر دەڵێت : فیدای خەیاڵی گرانبەها و مایە گرانت بم، (خەیاڵی گرانمایە)، ئەمەش هەر لادانی سیمانتیکییە و ئەلیگۆریایە، خەیاڵ شتێکی ماددی نییە تا گرانبەها یان هەرزان بێت و نرخی بۆ دابنرێت، ئەوە بێ لەوەی وشەی (گرانمایە) نیۆلۆگی و داهێنان و لادانی لێکسیکییە.

بێسارانی لە چەند هۆنراوەیەکدا، دەربڕینی "سوب سپی" بەیانی یا بەرەبەیانی سپی، کە (میتۆنیمی) یە و لە هەمانکاتدا لادانی واتاییە، بەکاردەهێنێت، وەک لە سەرەتای هۆنراوەیەکیاندا دەڵێت :

ئێمشەو دڵ جە دەرد، ئێمشەو دڵ جە دەرد

تا سوب سپی بی هەر ناڵا جە دەرد (بێسارانی ١٣٩٦ :١٢٩).

هەروەکو چۆن لە شوێنی دیکەش، بۆ نموونە لەم بەیتەش بەکاری هێناوەتەوە و دەڵێت:

نە گاهێ ڕاحەت، نە لادێ ئارام

تا سوب سپی بی وەی تەور ویارام (بێسارانی ١٣٩٦ :١٢٥).

"سوب" کە لادراوی فۆنۆلۆگی (صبح) ە، ڕەش و سپی و ڕەنگی نییە، ئەو سپیە میتۆنیمییە بۆ ڕووناکبوونەوەی بەرەبەیان و نەمانی تاریکی شەو، کە هێشتا سپییە و زەردی خۆر دەرنەکەوتووە.

لە دوونموونەدا وشەی (جام) لە هونەری ئەلیگۆریادا بەکار دەهێنێت، لە یەکەمدا دەڵێت:

تا بە کەی نۆشوو ؟، تا بە کەی نۆشوو ؟

یا ڕەب جام خەم تا بە کەی نۆشوو ؟ (بێسارانی ١٣٩٦ :١٨٣).

ئەم جامەیان، جامی ئاو نۆشینە، بەڵام ئەم بەردەوام خەمی تیدا دەخوات، خەم جگە لەوەی ناخورێ، جامی خەم-یش میتافۆرە و لەم ئاستەدا شاعیری دیکەش ئەم دەربڕینەی هەیە، بەڵام نموونەی دووەمیان، ئاستی تایبەتمەندیی ستایڵی بێسارانی نیشاندەدات، کاتێک لە چنینی دەقەکەیدا هێناویەتی:

جام خاترم گەرد ئالوود بیەن

بازاڕ سەودام بە بێ سوود شیەن. (بێسارانی ١٣٩٦ :٢٠٣).

ئەم جامەیان، "ئاوێنە"یە، (ئاوێنەی خاتر-بیر) م، گەرد و غوباری گرتووە ...ئەمەش نموونەیەکی ترە لە لادانی سیمانتیکی، هەروەها لە نیوەی دووەمی دێڕەکەدا دەڵێت : بازاڕم کە شوێنی سەودا و باڵابردنی سوودە، بە پێچەوانەوە بێ سوود بووە، ئەمەش دژیەک بوونی واتایی تێدایە.

دوا نموونە بۆ شیعری بێسارانی لەم جۆرەی لادان لە نۆرمدا، ئەمەیە:

خەیاڵ چوون نێشتەر دڵ مەکاونۆ

دڵ جە دیدەم سەیل زوخ مەیاونۆ . (بێسارانی ١٣٩٦ : ٢١٤).

بەسەرنجدانی "سەیل زوخ"، وێڕای ئەوەی وشەی (زوخ) لادانی فۆنۆلۆگییە و کرتاندنە لە وشەی (زوخاو)، خودی سەیل زوخ، واتە لافاوی زوخاو لادانی وێنەییە لە زاراوە باوەکانی ئەدەب، چونکە شاعیرانی دیکە پتر وتوویانە سەیلی ئەشک، هەروەها لادانی لێکسیکی و میتافۆرە، ئەوە جگە لەوەی لە نیوەدێڕی یەکەمدا خەیاڵ کە لە نەشتەر دەچێت دڵ کون دەکات، لادانی واتاییە و خەیاڵ بوونی ماددی نییە تا هیچ کون بکات .

سەبارەت بە شیعرەکانی سەییدی و چۆنیەتیی ڕەنگدانەوەی ئەم چەشنەی لادان لای ئەو شاعیرە، هەوڵدەدەین، چەند نموونەیەک لە هۆنراوەکانی وەربگرین و شیکاریی شێوازی بۆ بکەین . نموونەی یەکەم، شیعرێکی چواردە بەیتی بە کێشی خۆماڵیی سیلابی( ١٦ X ١٦ ) ی (کە هەر نیوە بەیتێکی ٨+ ٨)ە، خۆمان لەم جۆرەی کۆنسێپتی لادان و لە حاڵەتی هاتنە پێشەوەی کۆنسێپتەکانی دیکەش نابوێرین، بەڵام لە یەکەم خوێندنەوەدا با سەرنجی وشە و چەمکی (دڵ) بدەین لەم هۆنراوەی سەییدیدا کە چۆن زۆرترین مانای هونەری دەداتێ و دەڵێت :

١- دوڵبەر دڵ ئەستانای جە من، شەرت ئی دڵستانی نیۆ

جەورش مەدەی، ڕەنجش مەکەر، خۆ کافرستانی نیۆ

٢- شەرتەن بکێشۆ دڵ جەفات، با یادگار مانۆ جە لات

تۆ بۆت نە دڵ، خۆفی خودات، خۆ کافرستانی نیۆ

٣- ئامام نە ڕات پی جەستەوە، گێرەم سڵۆم چیت نەستەوە

پی حاڵی جەستەی خەستەوە، خۆ کافرستانی نیۆ

٤- هەی نەو نەمامی باغی دڵ، پەی تۆ سیان بەیداخی دڵ

سا مەرهەمێ پەی داخی دڵ، خۆ کافرستانی نیۆ

٥- هەی ڕەندێ توحفێ نازەنین خاڵت جە عەنبەر، گوڵ جەمین

سا مەرهەمێ، دەر پەی برین، خۆ کافرستانی نیۆ

٦- بیمارو تۆم ، حۆر و پەری، ئەر خواهێشەن، ئەر سەرسەری

شەرتەن عەیادەتمان کەری، خۆ کافرستانی نیۆ

٧- دادم پەنە، چڵێ و "ڕیۆن" قیمەتشەنە، سۆنەم گیۆن

چی مامەڵە مەگنەم زیۆن، خۆ کافرستانی نیۆ

٨-وێڵ وێڵ مەگێڵام کۆ بە کۆ، دەردم گران بێ ڕۆ بە ڕۆ

سا حاڵ و دەردیم پەرسە تۆ، خۆ کافرستانی نیۆ

٩-تەرک و وڵاتیت کەردمۆ، ژاراوو دووریت وەردەمۆ

پەرسە بە حاڵی دەردەمۆ، خۆ کافرستانی نیۆ

١٠-عوریان و کەڵپۆش، شەیدا و بیابان گێڵەنۆ

دا پەرسە پەی کێ ویڵەنۆ، خۆ کافرستانی نیۆ

١١-ئەر شەرت بەینت ویر تەن، خۆف و خواو و پیر تەن

بۆ لام، ئەگەرچی دێرتەن، خۆ کافرستانی نیۆ

١٢-یام بارە تەشریف یانەمۆ، یا دوورۆ پەرسە حاڵمۆ

تەرسە هەناسەی کاڵمۆ، خۆ کافرستانی نیۆ

١٣- قەومان، خوێشان، هامسەران، لۆمەو مەنامان چی کەران ؟!

خاسەن تەئەسوفمان وەران، خۆ کافرستانی نیۆ

١٤-"صەیدی " گرانۆ ئەلویداش، هیجران مەدۆ هەردەم جەفاش

هەی پەی خوای بەیدێ وە لاش، خۆ کافرستانی نیۆ

(صەیدی ١٣٨٥ :٨٨-٩١).

بونیادی ئەم هۆنراوەیە، خستنە ڕووی حاڵی عاشقە بۆ یار کە لە دەستپێکدا بە "دۆڵبەر "، کە میتۆنیمییە، ناوزەدی دەکات ...چی کردووە ؟، دڵی ئەمی بردووە، "دڵ" لەوێدا میتافۆرە و مەبەست لە بردنی خۆشەویستییەتی و دڵ و خودی "بردن"یش لادانە، هەروەها لە هەمان بەیتدا، وشەی "دڵستان" ، (ستان) ڕەگی سەندنە، چۆن دڵ دەسەندرێت ؟، ئەمەش لادانە ...دواتر دەڵێت : شەرتبێ دڵ جەفا و ستەمی تۆ بکێشێ و هەڵیبگرێ، با هیچ نەبێ وەکو یادگاری ئەوە بمێنێتەوە لات ! (دڵ) لەوێدا ناوە و بکەرە، بەڵام کاری ئەو خوێن هێنان و بردنە نەک ستەمکێشان، جارێکی تر ئەمەشیان(واتە، دڵستان) میتۆنیمییە و لادانە لەنۆرمی زمانی دەربڕینی ئاسایی، ئەوەشمان بیر نەچێت لە کلتوری باو و تەقلیدی دەربڕین و وێنەی شیعریدا، شاعیرانی دیکە لۆمەی مەعشوق دەکەن کە دڵی بردوون و ئازاری داون، بەڵام ئەم دەڵێت : بردنی دڵم و ئازاردانی، ئەوەی باشە کە جەفادانی من وەک یادگارییەک لات دەمێنێتەوە ! . لەنیوەی دووەمی هەمان بەیتدا، دەڵێت : تۆ خۆفی خوات لە دڵدا بێت ! خۆفی خوا چۆن لە دڵدا بێت ؟، بە گشتی مرۆڤاندنە، مەبەست لە دڵ، چۆنیەتیی ڕەفتار و بیرکردنەوەی مرۆڤە کە خوا سەنتەربێت .

لە دێڕی چوارەمدا، دەربڕینەکانی (باغی دڵ)، (بەیداخی دڵ)، (داخی دڵ )، جگە لەوەی "پاراڵیلیزم" تەریبی-ن، لە هەمان کاتدا خواستنی ئاشکران، لادانی سیمانتیکیشن ؛ باغ، لە ڕووی تەکنشینی واتاییەوە، پێویستە وشە گەلێکی لە چەشنی (دار، گوڵ، هەنار ...هتد) بە تەنیشتییەوە بێت،

هەروەها (دڵ) ی دووەم خۆ مەملەکەت و دەوڵەت نییە تا بەیداخی هەبێت و لە کاتی ڕاگەیاندنی خەمباریدا، بەیداخی ڕەش هەڵکات، لە سێیەمیشدا، دڵ داخ ناکرێت ! ...بەخەفەتیش !...بۆیە هەموو ئەوانە وێڕای ئەوەی لە جوغزی هونەرەکانی ڕەوانبێژیدان، لادانن لە زمانی پێودانگ.

لەدێری حەوتەمدا، ڕوو لە یاری دەکات و مامەڵەی ئەوەی لەگەڵ دەکات کە چڵێک (ڕیۆن =ناوی خۆشەویستەکەیەتی و واتە ڕێحانە ) بداتێ و لە بەرامبەردا ئەو گیانی خۆیی پێ دەدات و لە نیوە دێری دووەمدا داوای لێ دەکات ڕازی بێت بەو مامەڵەیە تا زیان نەکات !!، ئەم دەربڕینە وێڕای ئەوەی پارادۆکسە، لادانی واتاییشە، بپاڕێیتەوە لە یار بۆ ئەوەی زیان نەکەی، ڕازیبێت بەو سەودایەی کە چڵێ ڕەیحان بگۆڕێتەوە بە گیانت! .

لە دێڕی دوانزەدا، دەربڕینی "هەناسەی کاڵ"ی بەکارهێناوە، لای شاعیرەکانی دیکە، لادانی واتایی (هەناسەی سەرد) باوە و ڕۆیشتووە، بەڵام ئەمە ستایلی تایبەتی سەییدییە، ڕەنگ دەداتە هەناسە ! ئەویش "کاڵ" واتە لاواز و نزیک لە هەناسە بڕان، بەهەمان شێوە خوازەیە و لادانی سیمانتیکییە.

هەر ئەم شیعرە سەرڕێژە لە تەریبیی (واتایی و فۆنۆلۆگی و مۆرفۆلۆگی و ...کە ئاماژەمان بە چەند نموونەیەکی کرد) و چەشنەکانی لادان لە فۆنۆلۆگی و لێکسیکی و سیمانتیکی و تەنانەت سینتاکسی (نموونەی لە هەردوو نیوە دێڕی بەیتی ٢+بەیتی٧ -کە لە جۆری لادانی سینتاکسیدا تیشکۆی دەکەین) .

لە ڕاستیدا کۆی هۆنراوەکانی سەییدی، تەونێکن لە چنینی هونەرییانەی چەمکە فرە چەشنەکانی ستایلناسی، لە هۆنراوەیەکی دیکەدا ، چەند دەربڕینێکی لادان و لادانی سیمانتیکیمان بۆ دەنەخشێنێت:

١-من جە وەشی و زەوق، شەماڵ وە پای هەرد

پەی پەی جە قیام بەرگی خەمم بەرد

٢-پێسە مەزانام جە ڕووی دونیاوە

نە مەردان چوون من هیچکەس بە پاوە

٣- قەمەر ڕوومەتێ، دیدە سیایێ

موژگان نەشتەر ساو، حەیران دیایێ

٤- بە سافی جەمین وێنەی جامی جەم

باڵا چوون سەرو گوڵ غونچەی ئیرەم. (صەیدی ١٣٨٥ :١١٢).

له دێری یەکەمدا، دەڵێت : من له خۆشیدا، شەماڵ، زوو زوو به هەڵکردنی "بەرگی خەم" ی دەبردم؛ پێناچێت له دەربڕینی وێنەی واتایی هیچ شاعیرێکی دیکەدا بەم شێوەیه شەماڵ و بەرگی خەم پێکەوه کۆکرابنەوه، پاشان بەرگی، خەم یا خەم بەرگی نییه و خواستنه و لادانی سیمانتیکییه . له دێری دووەمدا، میتۆنیمی بەکارهێناوه له چەشنی لادانه هونەرییەکەیدا و دەڵێت : وام ئەزانی، له نێو هەموو خەڵکی دنیا و ئەوانەی به پێوه وەستاون (واته زیندوون –میتۆنیمییه)، کەس وەکو من جوان نییه، بەپێوه وەستان لەو بەستێنەدا له ڕووی واتاییەوه لادانه . له دێڕی سێیەمدا دوو لێکچواندنی ئاسایی دێنێت که له دەربڕینی ئەدەبیدا باون و شتێکی نوێ نین که ڕوو به مانگ بچوێنرێ و دیدەش به ڕەش وەسپبکرێت ؛ بەڵام ئەوەی لەو کلتوری وێنەی شیعری و ڕەوانبێژییەدا، باو نەبووه، بەڵکو داهێنان و لادانه که له وەسپی برژانگدا بوترێت :برژانگێک که به نەشتەر ساف و ساودراوه . له دێری کۆتاییدا سافیی جەمین دەچوێنێ به جام جەم (ئەو جامه ئەفسونییەی هەموو دنیای تیا دەبینرێت)، که وشەیەکه و ئایکۆنێکه له ئەفسانەی ئەم ناوچەیه و ئەو به لادانی واتایی و چواندن بەکاری دەهێنێت بۆ ڕووی سافی یار، ئەمه بێ لەوەی "ئیرەم" که سیمبول و ئایدیایەکی نێو ترادسیۆنی ئاینییه بەکار دەهێنێت بۆ باڵای یار و پێی وایه، باڵای یار له بەرزیدا وەک سەروەکانی ئیرەمی بەهەشت وایه . له شوێنی دیکەدا "چنگی خەم" بەکاردەهێنێت و دەڵێت :

"صەیدی" لنو بۆڵ و فەقیر، عەشق و جوڤۆنا گێره پیر

چنگ و خەمۆڤە واره گیر، خەمکێشەڵ و غەمبار خوێم .(صەیدی ١٣٨٥ :٩٨).

لەم دێڕەدا جگه لەوەی چنگی خەمی وەک لادانی واتایی و میتافۆر بەکارهێناوه ، هەردوو وشەی جوان و پیری، وەک دوالیزمی دژیەک و ئەنالۆگی تەریبیی واتایی هێناوه، له وشەکانی (جوڤۆنا–گەنج ولاوان)، (خەمۆڤە–خەم)، (خوێم–وێم–خۆم) دا لادانی فۆنۆلۆگی هەیه، ئەمه وێڕای زاراوەی "خەمکێشەڵ"، واته (کەسێک که خەمکێش دەکات به دوای خۆیدا)، که ئاوەڵناوێکی لێکدراوه و له ڕووی لێکسیکییەوه لادانه، پێویسته ئاماژه بەوەش بدەین له کلتوری زاراوەی ئەدەبیدا، پتر زاراوەکانی خەمبار و خەم له کۆڵ و دڵ پڕ له خەم و ...هتد بەکار دەهێنرێن، بەڵام سەییدی له وێنەیەکی شیعریی ئەنالۆگییەکی نوێدا، دەڵێ (خەمکێشەڵ) واته کەسێک که باری خەمی بەدوای خۆدا کێش دەکات و هەمیشه لەگەڵیەتی .

له وەسپی زوڵفی یاردا، ئاوەڵناوی دژیەک دەکاته تەکنشینی یەکدی و دەڵێت:

زوڵفت گرەنج و خاوەنێ، سەر لوولەنێ، سیاوەنێ

چنوور رو ڕاگاو کاوەنێ، کەمەنده یا شامارەنێ (صەیدی ١٣٨٥ :١٠٤).

ئاخر چۆن دەکرێت و کەی لۆژیکییە، زوڵفێک لە یەک کاتدا گرژ و خاوبێت و لە چنوری(گوڵێکی جوان بۆنخۆشە) بناری شاخێک و لە ڕەشماری قەدپاڵێکیش بچێت ؟!!، بەڵام لە هونەردا و لە لادان لە نۆرمی زمانی پێودانگدا، هێنانە ئارای نەریتەکانی ئیستێتیکە.

ئەگەر هەمان جۆری کۆنسێپتی لادان بکەینە پێوەر بۆ شیکاریی دەقە شیعرییەکانی کۆماسی، نموونەی تایبەت بە ستایڵی لیریکی ئەم شاعیرەمان بەرچاو دەکەوێت و بە بەڵگە و پێوەری ئیستێتیکی دەربڕین لە لادانی سیمانتیکیدا و بە خستنەڕووی چەند نموونەیەک لە دیوانەکەی، پەی بە ڕەهەندە جوانییەکانی دەبەین:

دەم غۆنچەی نازک رەوزەی رزوانی

کەیلەن جە لۆلۆی  یاقووت کانی

دەندان دوڕدانە نە پەنای یاقووت

گەنجینەن یا دەم،  یاقووتەن یاقووت     .(کۆماسی ٢٠١٢ :٥٤).

دەم،  لە خونچەیەکی ناسک دەچێت، ناوەوەی دەمیشی لەو باخچە ڕازاوانە دەچێت کە خوا دەیبەخشێتە ئەو بەهەشتییانەی لێیان ڕازییە، دەمی یاریش پڕە لە مرواری و یاقووتی گرانبەهای کانی . دەم لە بچوکیدا لە خونچە دەچێت و ددانەکانی ناو دەمیش وەک یاقووت و مرواری وان لە کانیدا، یاقووت و مرواری لە دەریادایە! ، نەک کانی، لێرەدا شاعیر بە نامۆکردنی ئەم وێنەیە و لادانی لە کلتوری وێنەی شیعریی باو (کە هەمیشە باسی مرواری و یاقووت دەکرێت لە دەریادا)، لادانی واتایی و وێنەیی دروستکردووە، لە ڕاستیدا یاقووت و مرواریش جارێکی تر میتافۆرن بۆ زیخ و بەردی ورد و جوان لە ناو کانیدا (پەیوەست بە جوانتربوونی کانی و زیخ و بەردەکانی ناوی، ئەو بەیتەی شاعیری گەورەمان گۆران: کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگە شەو–لە بنیا بلەرزێ مرواری زیخ و چەو .....) دەهێنێتەوە یادمان...وەسپکردنی دەمی یار، بەڵام بە کەرەسەی یان وشەگەلیک کە ئاماژەن بۆ بەستێنێکی دیکە، ئەوە چەشنێکی لادانی سیمانتیکییە و خولقاندنی جوانیی دەربڕینە.

لە نموونە و دەربڕینێکی داهێنەرانەی تردا،  دەربڕینی "هەور ئارەزووم" بەکار دەهێنێت و دەڵێت:

هەور ئارەزووم  گرمنۆ  باران

نە بەرم سەندەن، نە نیشی خاران.     (کۆماسی ٢٠١٢ :٢٢).

ئارەزووم وەک هەور دەگرمێنێ، خواستنە و لادانی واتاییە، هەروەها "نیشی خار "، نیش هی مارە و خار، واتە درک چقڵی تیژی هەیە و ئەمیش لادانی واتایی و میتافۆرە، بەڵام یەکەمیان تایبەت ترە لە ڕووی داهێنانی وێنەی نوێوە.

لە بەیتێکی دیکەدا بە هونەری ڕەوانبێژیی ئەلیگۆریا و میتۆنیمی پێکەوە، لادانی سیمانتیکی دەردەبڕێت و دەڵێت:

شێتم هەم شەیدای یەخەی واز تۆم

فیدای ئەگریجەی مێقراز گاز تۆم .(کۆماسی ٢٠١٢ :٣٣).

واتە: شێتم و شەیدای (یەخەی کراوەی تۆم)، ئەمە میتۆنیمییە و لادانی واتاییە، مرۆڤ شەیدای یەخە نابێت، بەڵکو مەبەستی "سنگ" ی یارە یان جوانێکە، هەروەها لە نیوە دێڕی دووەمدا دەڵێت : فیدای ئەگریجەت بم، لەبری ئەوەی بڵێ، ئەو ئەگریجەی کە بە مەقەست بڕیووتە، دەڵێ "میقراز گاز "، میقراز گاز بە گشتی میتۆنیمییە بۆ کاری بڕینەکە، بەڵام "گاز" خواستنە بۆ بڕین بە تەنیا ...بە گشتی هەمووی لادانی سیمانتیکی و داهێنانی هونەری لادانە لە زمانی پێودانگ.

یاخود" بەخت"ی بە "خەو" دەچوێنێ و لە ڕێی خواستنەوە لادانی واتایی دروست دەکات و دەڵێت:

ئازیز نە خاوم، ئازیز نە خاوم

بەختم بێدار بی ئامای نە خاوم . (کۆماسی ٢٠١٢ :١٥).

ڕووی دەمی لە یار(ئازیز) دەکات و پێی دەڵێ : کە هاتیتە خەوم، ئەوە بەختم خەبەری بووەتەوە، وێڕای ئەوەی کۆکردنەوەی هەردوو حاڵەتی خەو و خەبەرداری لە کەسێک و لەیەک کاتدا پارادۆکسە، بەخت -یش خواستنە و لە مرۆڤی خەواڵوو دەچێت .هەروەها لە هۆنراوەی:

شنەفتم شەوان فێراق تووڵ دارۆ

یەکجار ڕەنگ وەی رەنگ غەزەب لێت وارۆ

یا فەلەک چارەم سیا پەروەردەن

یا خەیر تو کلید سوبحت گۆم کەردەن.(کۆماسی ٢٠١٢ :٦٠).

فیراق یا ئازاری لێکجیابوونەوە، بە شەواندا درێژتر دەبێتەوە، (درێژ بوونەوەی فیراق بە شەواندا ) میتۆنیمییە؛ ڕەنگیشی لە ڕەنگی "غەزەب" دەچێت، غەزەب کە تووڕەییە، حاڵەتێکی دەروونییە و ڕەنگی

نییە، بەڵام چوێنراوە بە ڕەنگی تووڕەیی و ڕەنگی تووڕەیی میتافۆرە . لە بەیتی دووەمیشدا کە دەڵێت:یا فەلەک (ئەلیگۆریایە و مەبەست خوایە)، چارەمی بە ڕەشی پەروەردە کردووە و تاریکی شەو بەردەوامە، ئەمیش ئەلیگۆریایە بۆ (قەدەری نووسیووم) و لە نیوەی بەیتی کۆتایشدا دەڵێ :یا نەخێر تۆ، کلیلی بەیانیت ونکردووە... تۆ (مەبەستی یار یان فەلەکە ) کلیلی کردنەوەی دەرگای هاتنی بەیانیت ونکردووەو ئیتر ڕۆژ نابێتەوە تا من لە ئازاری دووری شەوی فیراق ڕزگارم بێت، ئەمەش میتافۆرە . هەموو ئەمانە هونەری ڕەوانبێژین و لادانی واتایی یا سیمانتیکین و پێوەری لادانن لە زمانی باو و بەڵگەی داهێنانن لە هونەری دەربڕیندا .

### ٤-لادانی سینتاکسی (syntactic\grammatical deviation) :

لادانە لە پەیوەندیی سینتاکسی یا ڕێزمانیی ڕستەکان . ئەم جۆرەیان، لە ڕێی شێوازی پەیوەندیی نێوان ئاماژەکان، پەیوەست بەیەکترەوە و لە دەربڕینێکدا، باسی لادان دەکرێت . وەک وەیس دەڵێت : ((بڕیار وایە پێکهاتەی دەربڕینێکی ئەدەبی بە گشتی و شیعر بە تایبەتی، لە پێکهاتەی دەربڕینێکی ئاسایی و پەخشانی زانستی جیاوازبێت : لە کاتێکدا وشەکانی ئەم دووانەی کۆتایی، وەک دانە و ڕۆنان، وەختە بڵێین، خاڵین لە بەهای جوانی و لە ڕاستیدا دەربڕینی ئەدەبی یان ڕۆنانی ئەدەبی، توانای ئەوەی هەیە لە هەر چەشنە پەیوەندی و ڕۆنانێکیدا، بەها یان بەها گەلێکی ئیستێتیکی لەگەڵ خۆی هەڵگرێت، داهێنەری ڕاستەقینە ئەو کەسەیە، توانای پێکهێنانی زمانێکی جوانی ئەوتۆی هەبێت کە هەموو چوارچێوە باوەکان تێبپەڕێنێت، بە چەشنێک کە گریمانەکردنی ئەوەی کە دەیەوێت بیڵێت، مەحاڵە)) .(ویس ٢٠٠٥ :١٢١).

لای ڕەخنەگرانی پێشوو، لاکردنەوە و گرنگی بە ڕەهەندی سینتاکسی دەربڕین و شیعر جێگای بایەخ نەبووە، وەک جۆن کوین ( John Quinn–١٨٣٩) ، دەڵێت : ((هێزی شیعری لە سینتاکسدا، پێشتر هەریەک لە زمانەوان و شاعیرەکان تێبینیانکردووە و "یاکۆبسۆن"بەم جۆرەی نووسیووە کە سەرچاوە شیعریيە شاراوەکانی نێو بونیادی ڕۆنانی زمانەوانی ، واتە شیعر و زمانەوانی و دەرهاویشتە ئەدەبییەکانی، و زمانەوانی و شیعر، بەدەگمەن نەبێت، پێشتر ڕەخنەگرەکان دانیان پێدا نەناوە و زمانەوانەکانیش بە تەواوی وەلایان ناوە، بەڵام بە پێچەوانەوە، نووسەرە داهێنەرەکان، لە زۆرترین حاڵەتدا زانیویانە سوود لە زۆرترین ڕەهەندی وەربگرن)) . (کوین ١٩٩٠ :١٨٣).

تیۆریزەکارانی ستایڵناسیی نوێ، لە دیدی ڕۆنانی زمانەوانییەوە، لەوانەش سینتاکس، دەڕواننە شیعر، وەک لە پوختەی ئایدیاکانی نێو کتێبی "بونیادی زمانی شیعر"ی جۆن کویندا کە وەیس چڕی کردووەتەوە و بە دەربڕینی خۆی ئاماژەی پێ داوە ، هاتووە : "شاعیر بە دەربڕینەکانی شاعیرە، نەک بە بیر و هەستی، ئەو خولقێنەری وشەیە نەک بیر، هەموو کارامەییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ داهێنانە زمانەوانییەکەی " . (بڕوانە ، ویس ٢٠٠٥ :١٢٠).

هەروەها ئەدەبناسی فارس (فتوحی) یش لە ڕوونکردنەوە و پێناساندنیدا بۆ لادانی ڕێزمانی، دەڵێت: ((شاعیر یان نووسەر بە جێگۆڕکێی نێوان ڕەگەزەکانی ڕستە و گۆڕانی جێگەی ئاساییان، سستێمی ئاسایی ڕێزمانی زمانەکە تێکدەدات . لادانی ڕیزمانیی شیعر لە بنەڕەتدا بە جێگۆڕکێی زاراوەکان، بە هۆی پێویستیی کێشی شیعرەکەوە یان ئامانجە ڕەوانبێژییەکانەوە ڕوودەدات . ئەگەر لادانی ڕێزمانی بە شێوازێک بێت کە لە دەربڕینی کەسێکدا ببێتە نەریتێکی زمانی، ئەوا دەبێتە تایبەتمەندی و شێوازی ئەو کەسە نیشان دەدات)) .(فتوحی ١٣٩٠ :٤٤).

ڕەگەز و کەرەسەکانی پێکهێنەری دەق، وەک بەش و پارچەکانی جەستەی مرۆڤن، هەریەکەو وێڕای بوونی سەربەخۆیانە، پێکەوەش پەیوەستن و کارلێکیان لە نێوان خۆیاندا هەیە و پێکهاتەیەکی سەربەخۆ و گەورەتریان خولقاندووە، وەک توێژەرێک دەڵێت :((ڕەگەزی ئاماژەی دانە هەڵبژێردراوەکان لە بونیادی ڕستەدا ، بە پۆزەتیڤ یا نەگەتیڤ، هەندێ جار شێوەیەکی دیاریکراو لە پەیوەندیی ڕێزمانی هەڵدەبژێرێت، لێرەدایە کە بونیادی ڕستە یان ئاستە دەرەکییەکەی سەر دەکێشێت بۆ هەڵبژاردنی بونیادی بنەڕەتی یا قووڵی شاراوە لە ڕستەدا بە پێی ڕێسای یەکەکان ...)) .(عبداللطیف ٢٠٠٠ :١٣٦). هەروەها ئاماژە بەوە دەدات کە بە ئامانجی تێگەیشتن لە دەق و ڕەهەند و پێوەرە ئیستێتیکییەکانە کە تێکست لە شیکاریی شێوازناسی هاوچەرخدا، لە بونیادەوە هەڵدەوەشێنرێ و پێکهاتەکانی شیکارییان بۆ دەکرێت و بونیاد دەنرێنەوە، دەڵێت: ((پارچە پارچەکردنی دەق، بۆ توێژینەوەیە لە خودی دەق، نەک بۆ دابڕانی لە یەکتری و لە پێناو تێگەیشتنی عەقڵیمانە لە جوڵەی ئەو بەشانە و پەیوەندیی نێوانیان لە ناو ئەو جەستە زیندووەی کە تێکستە )) .(عبداللطیف ٢٠٠٠ : ١٦١)، بەشێوەیەکی سەربەخۆ توێژینەوە لە هەر بەشێک بۆ ئەوەیە تا تایبەتمەندیی هەرکامیان بەجیا بزانین و بەجیا ڕەهەندە ئیستێتیکییەکانی دیاریبکەین و دواتر بیانخەینەوە جێگای خۆیان تا وەک بونیادێکی پێکەوەیی و سەربەخۆ سەیری بکەینەوە، چونکە وەک توێژەری پێشوومان دەڵێت : ((بونیادی ڕستە، کارامەیی شاعیر دیاریدەکات و تایبەتمەندی و خودییەتی دەردەخات . پێویستە شاعیر لە زاراوە ئەدەبییەکانی کە بەردەستن و لە ڕێسا سنووردارە زمانییەکان، شێوازگەلێک هەڵبژێرێت کە ستایڵی نەمر بکات و سەردەمەکان ببڕێت )).(عبداللطیف ٢٠٠٠ :١٦٦).

ئێستا چەردەیەک لە نموونەی شیعری هەرسێ شاعیر:بێسارانی ، سەییدی و کۆماسی بۆ ئەم جۆرەی کۆنسێپتی لادان دەخەینە ڕوو، سەرەتا، بێسارانی:

١- ئاخ پەی منالّی، ئاخ پەی منالّی

ئاخ وا دریغا پەرێ منالّی

٢ -گۆشەی خاترم،  جە خەم بێ خاڵی

لا قەید بیم جە تان،  جە وەشی و تاڵی

٣- هەر بازیم مەکەرد من چەنی یاران

مەشیم وە باوەش نازک نازاران

٤- نازاران جەمین  لێم  نمە پۆشان

مە کەردم سەیران زڵف وەش بۆشان

٥-ئیسە جە شوومی زەمانەی باتڵ

نازاران یەک یەک لێم مەکەران سڵ.      (بێسارانی ١٣٩٦ :٩٤).

یاسا و ڕێسا ڕێزمانییە باوەکانی نێو ڕستە و دەربڕینی کوردی ڕوون و سنووردارن و ، زمانی کوردییش وەک هەر زمانێکی دیکە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و بێگومان لە هاوبەشییش بەدەر نییە، لە نموونەی جیاوازییەکان،  ئەگەر سەیری پێکهاتەی ڕێزمانی ڕستەی ئاسایی کوردی بکەین، بەم تەرتیبە ڕیزبەندی دەکرێت : بکەر (ناو یا جێناو) یاخود نیهاد+ تەواوکەر (ئاوەڵناو +دەرخەر) +بەرکار ئەگەر کردارەکە تێپەڕبوو + ئاوەڵکار +کار، بەڵام بۆ نموونە یاسای ڕێزمانی زمانی عەرەبی لە ڕستەی ئاساییدا =کار +بەرکار +بکەر . شاعیر یەکێک لە کایەکانی کە لادانی تێدا ئەنجام دەدات، هەمان لادانی سینتاکسییە .بێگومان ئەم جۆرەی لادان،  جگە لە پاش و پێشخستنی تەرتیبی دانە زمانی و ڕێزمانییەکان و چۆنیەتیی پۆلێنی بۆ نموونە (ناو) پاشان (ئاوەڵناو) و ڕیزبەندیی لۆجیکی شێوە باوی ڕێزمانی، چەندین جۆری تر لە خۆدەگرێت کە لێرەدا بە کورتی و لە جوغزی نموونەشیعرییەکاندا باسی دەکەین.

لە نیوەدێڕی یەکەم، بەیتی دووەمی ئەو شیعرەدا، شاعیر دەڵێت : (...جە خەم بێ خاڵی) لە کاتێکدا ئەمە لادانە لە زمانی ئاسایی، چونکە لە پێودانگدا بەم جۆرەیە (لە خەم خاڵی بیم ) واتە خاڵی بووم، بەڵام لە شیعرەکەدا :(بووم خاڵی)،  شاعیر لە ڕووی دەروونییەوە هێندە بە خاڵیبوونەوەی لەخەم شاگەشکەیە، خەمەکەی پێش خستووە . لە نیوە دێڕی دووەمدا، بەپێی یاسای زمانی ئاسایی، پێویستە بڵێت : (من لە وەشی و تاڵیدا لە ئێوە لا قەیدبووم ) کەچی کار (لاقەید بووم) کەوتووەتە سەرەتاو(چونکە بێمنەتبوونەکە لای گرنگە دەرکەوێت) تەواوکەری بە یاریدەی کردار کەوتووەتە کۆتایی . لە دێڕی سێیەمدا، بکەر (من) چووەتە بەشی دووەم، کار (بازیم مەکەرد) هاتووەتە سەرەتا، تەواوکەری کار چووەتە کۆتایی، لە نیوەدێڕی دواییدا، کار (مەشیم) تەواو چووتە سەرەتای ڕستەکە، چونکە شاعیر ئەوەی بەلایەوە گرنگە کاری چوونە باوەشی جوانانە کە بە منداڵی لێی نەسڵمیونەتەوە و خستوویانەتە باوەشیان =دەچوومە +باوەشی+ناسک و نازداران . لەنیوەی یەکەمی دێڕی چوارەمدا، ئاساییە و

نازداران ڕوویان له من دانەدەپۆشی، بەڵام نیوە دێری دواتر باسی کاری تەواو بەریەککەوتنە و دەڵێت :دەمکرد +سەیرانی +زوڵفی بۆنخۆشیان ...واتە کاری سەیرانکردنی لەگەڵ زوڵفیاندا چووەتە سەرەتای ڕستەکە . دوا دێڕ، نەفرەت لە ساتی ئێستای دەکات و لە ئێستا تووڕەیە، بۆیە بە (ئیسە) ئێستا دەست پێدەکات کە ئاوەڵکرداری کاتییە، ئێستەیەک کە وەسپی دەکات بە شوومی و لە دەست زەمانەی باتڵ (بکەرە و چووەتە کۆتایی)، نازاران (لێم +دەکەن +سڵ) کە ئەگەر دەربڕینەکە بە زمانی ئاسایی بوایە، دەبوو بڵێت : (سڵم+لێ +دەکەنەوە).

لەبەر ئەوەی پێشتر و لە جۆرێکی دیکەدا ئاماژەیەکمان داوە بە نموونەی لادانی سینتاکسی لای سەییدی، لێرەدا تەنیا چەند دێڕێکی سەرەتا لەو چواردە بەیتە شیعرەی (چراغ جەمینت)، دەهێنین و بە پێوەری لادان شیکاریی بۆ دەکەین:

١- چراغ جەمینت، چراغ جەمینت

سەوگەند بە سیمای سافی جەمینت

٢- تا بە ڕووی نەقشەن خاڵی موشکینت

پای دڵ ها نە دام زوڵفی چین چینت

٣- تا دیدەی مەستت، پوڕ سورمەی توورەن

دیدەی پوڕ ئەسرم خاو جە لاش دوورەن .(صەیدی ١٣٨٥ :٥٠).

واتە: چرام، سوێند بە سیمای سافی نێوچاوانت . دەربڕینی ئاسایی سینتاکسی، دەبوو بەم تەرتیبە بێت (بە سیمای سافی نێو چاوانت سوێند دەخۆم )، بەڵام لە لادانە سینتاکسییەکەدا : کار +تەواوکەری بە یاریدە+بەرکار.

بەیتی دووەم، هەردوو نیوە دێڕەکە، ڕستەی لێکدراوی مەرجییان پێکهێناوە، بەڵام وێرای ئەوەی دوو نیوە دێرەکە ئاوەژوو کراونەتەوە، لە خۆشیاندا پاش و پێش خراون، بەگشتی بە پێی پێودانگی سینتاکسی زمانی ئاسایی، دەبوو بەم جۆرەبن : (پێی من بە زوڵفی چین چینتەوە بەستراوە، تا خاڵی موشکین لە ڕووتدا نەخشی بەستبێت ) شوێنی کار +بەرکار +ئاوەڵناو، ئامرازی پێوە بەستنی مەرجی...هەمووی لە نۆرمی ئاسایی سینتاکس لایداوە.

لە نموونەی شیعری کۆماسییش بۆ ئەم جۆرەی کۆنسێپتی لادان، شیعری (تلووع کەرد جە نۆ)مان هەڵبژارد، کە هۆنراوەیەکی نۆ بەیتییە و ئێمە تەنیا چەند بەیتی سەرەتای دەکەینە زەمینەی شیکاریی لادان لە نۆرمی سینتاکی:

١- تلووع کەر جە نۆ، تلووع کەر جە نۆ

فیدای تەلعەتت، تلووع کەر جە نۆ

٢- هەر کەس وە شێوەی عەشقت پەی بەرۆ

شێتەن جە عەشقت لۆمەو من کەرۆ

٣- بەو شێوەی شیرین کێ بۆ جە لای تۆ

نەدا فام و هۆش مەگەر وەحش کو. (کۆماسی ٢٠١٢ :٥٧).

شیعرەکە هەر لە سەرەتاوە بە لادانی سینتاکسی دەستپێدەکات، (کار) کەوتووەتە سەرەتا (تلووع کە -دەرکەوە)، ئەگەر بە زمانی ئاسایی دەربڕیبایە، دەبوو لە بری "دەرکەوە سەر لە نوێ "، بیوتبا (سەر لە نوێ دەرکەوە..).

لە دێڕی دووەمدا، دەربڕینە ئاساییەکەی، ئەمەیە (هەرکەس پەی بە عەشقی تۆ بەرێت، لەعەشقی تۆدا شێت دەبێت و لۆمەی من دەکات )؛ بەڵام هەموو دەربڕینەکانی شاعیر لە خۆشی و دەرئەنجامی کاردانەوەی دەروونی بەرامبەر یار و ناخی وروژاوی، سستێمی سینتاکسی شیعرەکەشی تێکشکاندووە .لە دێڕی سێیەم، جوانی شیرین بووەتە پێوەری هەڵسەنگاندن و شیرین، لووتکە و سیمبۆلی جوانییە لای شاعیر و بۆیە بە وشەی (شیرین) دەست پێدەکات، کە کێ بەو شێوەی شیرینە لای تۆ، لە کاتێکدا ئەگەر بە زمانی ئاسایی بیوتایە دەبوو بڵێ : کێ لەلای تۆ لە شێوەی شیرینە؟، کە لەم ستایڵە سیمانتیکییە ئاساییە، شیرین دوا وشەیە، لە نیوە دێڕی کۆتاییشدا دەبوو بڵێت :مەگەر وەحش کۆ، ئەگینا کەس نەدا فام و هۆش .

پاش ئەم کارکردنە لەسەر زمان و یەکە و کەرەسەکانی، وەک پێوەر بۆ دەرخستنی ڕەهەندی ئیستێتیکایی دەق، لەو جەختکردنەوەی محمد حەماسە دەگەین کە دەڵێت : ((بەهای جوانی شیعر لە خودی کەرەسە و وشەکاندا نییە، بەهەمان شێوە لە خودی سستێمە سیمانتیکییەکەشدا نییە، بەڵکو لە هەڵبژاردنی وردی کەرەسە و سستێمە زمانەوانییەکەدایە)). (عبداللطیف ٢٠٠٠ : ١٦٧).

بە گشتی ئەوەی تا ئێستا لەم پارەدا و لە جوغزی جۆرەکانی لادان لە زمانی پێودانگدا باسمانکردووە، چوار جۆرە کە ئەگەر لە گۆشەنیگای دەر و ناوی تێکستەوە، پۆلێنی بکەینەوە، دەبێتە لادانی دەرەکی و ناوەکی، وەک سیما داد لە پێناسەیاندا دەڵێت : ((لادانی دەرەکی (external deviation :لادانە لە نۆرمی دەرەوەی دەق، وەک تایبەتمەندیی سەردەم و چەشنی ئەدەبی...)) و لە بارەی لادان لە نۆرمی ناوەکی-ش، دەڵێت : ((کاتێک ڕوو دەدات کە نووسەر، بە جۆرێک لابدات لەو لۆژیکەی کە هەژموونی هەیە بەسەر بەرهەمەکەیدا )).( داد ١٣٩٠ :٥٤٢).

ئێمە لە چوارچێوەی تا ئاستێک سنووورداری ئەم نامەیەدا و بە نموونەی شیعرییەوە بۆ بەرهەمی ئەم سێ شاعیرە، ئەو جۆرە شیکارییەمان کرد کە خستوومانەتە ڕوو و دەچنە ناو ئەو پۆلێنەوە، ئەمە وێرای ئەوەی هەر یەک لەو شیعر و شاعیرانە سەر بە سەردەم و ستایڵ و ژانری خۆیانن کە لیریکە .بێگومان چەشنی دیکە و پۆلێنی تر زۆرن بۆ جۆری لادان لە نۆرم و زمانی پێودانگ، لەوانە : لادانی گوتاری(discoursal deviation) ، لادان لە بونیادی مۆرفۆلۆجی(morphological deviation) ، ...هتد، بەڵام ئێمە لێرە و لەم نامەیەدا بەم چەند نموونە شیعریەی شاعیرەکانمان قنیاتمان کردووە، هەوڵماندا لەبەر ڕۆشنایی میتۆدی توێژینەوەکەماندا و کارایی و داهێنانی هونەری و ئیستێتیکی، بخەینەڕوو.

# ئەنجام

ئەم توێژینەوەیە، بێجگە لە ئامانجە بنەڕەتی و سەرەکەییەکەی کە شیکاری و دەرخستنی بەها ئیستێتیکییەکانی لیریکی گۆرانی (هەورامی) یە بە میتۆدی ستایڵناسیی هاوچەرخ، لە پرۆسەی بەسەرکردنەوە و تاوتوێی سەرچاوە و کەرەسەی توێژینەوەکە و لێکۆڵینەوەیاندا ، بە چەندین ئەنجامی دیکەیش گەیشتووە:

لەبەشی یەکەمدا: بابەتییانە لە چەمکەکانی "گۆران-گۆرانی" و "هەورامی" دواوین و لە بنەڕەت و پەیوەندییانمان کۆڵیوەتەوە و سەرەڕای ئاماژەدان بە سەرجەمی ڕاکانی کە کۆکبوون لەسەر کوردبوونیان یاخود نا، ئاستێکی دیکەی دید و تێڕوانینمان بۆ ئەم بابەتە خستووەتەڕوو . دواتر بەرچاوڕوونیمان داوە، دەربارەی دەستپێک و سەرچاوە سەرەتاییەکانی ئەدەبییاتی گۆرانی (هەورامی) و بابەتەکانی : ئاڤێستا یاخود زەند ئاڤێستا و گاتاکان، قەواڵەکانی هەورامان، هەڵبەستی هیجائیی هورمزگان، ئەدەبییاتی یارسان، ماریفەتی پیرشالیار ...بێجگە لەوەی ئەو ڕاستییەمان ئاماژەپێداوە کە هەورامی و هەورامییەکان میراتگر و پارێزەری ئەو زمان و ئەدەبییاتە ڕەسەن و دێرینەی کوردەواریمانن، هەوڵمانداوە زانستییانە لە چەمکەکانی دیکەش، سەرەڕای ناڕوونییان، بکۆڵینەوە و بخەینەڕوو...

لەو زەمینەو دەستپێکەوە چووینەتە نێو بابەتەکانی ژانر و ژانری ئێپیک ولیریک لەو ئەدەبییاتەدا و بە شێوەیەکی چڕ و پڕ و هەمەلایەنە بەرچاوڕوونیمان لەبارەی چیرۆکی شیعری و شاکارە نەمرەکانی، لە نموونەی : (بیژەن و مەنیژە، بەوری بەیان، خورشید و خاوەر، بارام و گوڵەنام و سەرجەم چیرۆکە شیعرییەکانی خانای قوبادی ...) کە سەرجەمیان بەڵگەی دەوڵەمەندیی ئەم ئەدەبیاتەن، داوە . ئەمە سەرەڕای ئەوەی تیشکۆی ژانری (لیریک+ئێپیک)مان کردووە کە لە تایبەتمەندییەکانی داهێنان و هونەری نووسینی ئەم ترادسیۆنە ئەدەبییەن . لە کۆی ئەم سەرمایە ئەدەبییە، جەختمان لەسەر ژانری لیریک کردووە کە کرۆکی شیکاریی توێژینەوەکەمانە و لەوێدا پاش خستنەڕووی چەندین پێناسەی فەرهەنگی و گشتگیر بۆ چەمکی لیریک، لە لیریک بە دیالێکتی گۆرانی (هەورامی) دواوین و خەسڵەتەکانی شیعری لیریکیی گۆرانی (هەورامی)مان لە ڕەهەندەکانی : زمانی زارەکی و فۆلکلۆر، کێشی برگەیی و ئاوازداربوونی، هەژموونی بە هەورامیکردنی وشەی بێگانە، بابەتی قاڵبی مەسنەوی لەو ئەدەبییاتە، تایبەتمەندیی داهێنراوی ئەدەبیاتی یارسان لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە، تەتەڵە کردووە و لە کۆتایی ئەو بەشەدا بە بەڵگە و نموونەی شیعری، ئاستی هونەریی لیریکی هەریەک لە شاعیرەکان : بێسارانی، سەییدی و کۆماسیمان گەنگەشە و واڵا کردووە.

لە بەشی دووەمدا، هەوڵی ڕانان و ناساندنی تیۆری و میتۆدی توێژینەوەکەمان چ لە ڕووی فەرهەنگی و زاراوەیی و مێژووی بەکارهێنانەوە -داوە . بە تایبەتی تیشکۆی هەردوو چەمکی بنەڕەتیی شێواز و شێوازناسیمان کردووە . هەروەها لە سۆنگەی ئەوە وە کە ئێمە شیکاریی شیعری دیالێکتی گۆرانی

(هەورامی) دەکەین، چووینەتە ناو بابەتی ڕەوانبێژیی تەقلیدیی ڕۆژهەڵاتی و سەرەتا لە ڕووی (ئامانج، بابەت، کەرەسە و پێڕەو ) ڕەوانبێژیی عەرەبیمان باسکردووە...بۆ دەرخستنی بەهای میتۆدەکە لەگەڵ شێوازناسیشدا بەراوردمانکردووە، پاشان قۆناغەکان و مێژووی گەشەی "سبک" یاخود شێوازناسیمان لە ئەدەبناسیی ئێرانیدا بە چڕی باسکردووە . لە پاری دووەمی هەمان بەشدا، لەبەر ئەوەی کار بە میتۆدی شێوازناسیی هاوچەرخ دەکەین، کۆی قۆناغەکانی دەستپێک و گەشەی ڕەوانبێژی و شێوازناسیی نێو ترادسیۆنی ڕۆژئاواییمان، هەر لە : (قۆناغی دەستپێک و کلاسیکەوە تا سەدەکانی ناوەڕاست و ڕێنیسانس و هەژدە و نۆزدە...)، خستووەتە ڕوو . وەک پێویستییەکی زانستییش، جیاوازی و خاڵی هاوبەشی شێوازناسیمان لە نێوان هەردوو قوتابخانەی زمانەوانی و ئەدەبناسیدا شەن و کەوکردووە . لە کۆتایی ئەو بەشەدا، فۆکوسی چەردەیەک لە ئایدیا و چەمکی بنەڕەتیی بەرچاوترین تیۆریستەکانیانمان کردووە.

بەشی سێیەم : هەرسێ چەمکە بنەڕەتییەکەی شێوازناسیی هاوچەرخمان کردوونەتە بنەمای شیکاریی لیریکی هەر سێ شاعیر . سەرەتا چەمکی "پێشخان" مان لە ڕووی تیۆرییەوە ناساندووە و وەک پێوەرێک نموونەی شیعری بێسارانی و سەییدی و کۆماسیمان پێ شیکردووەتەوە و دەرئەنجام ڕەهەندە بنەڕەتیەکانی وەک بەنامۆکردن و ئاکتیوالیزاسیا و تەکنیکی تری شیعرییانمان دەرخستووە . لە پاری دووەمدا ، کۆنسێپتی "پاراێل-تەریبی" مان لە هەموو ئاستەکانی: فۆنۆلۆگی، مۆرفۆلۆگی، سینتاکسی و سیمانتیکیدا خستووەتەگەڕ، هونەرەکانی ئاناڵۆگیا و داهێنان لە هۆنراوەکانیاندا ئاوەڵابوون .

سێیەم و دوا کۆنسێپتی سەرەکی شێوازناسیی نوێ "لادان"ە، کە چەمکێکی گرنگی ئافراندنی زمانی شیعرییە، نموونەی گونجاو و لەبارمان لە شیعری بێسارانی و سەییدی و کۆماسیدا بۆ دۆزیونەتەوە و لەبەر ڕۆشنایی ئاستەکانی "لادان" دا شیکاریمان بۆ کردوون و گەیشتووینەتە ئەنجامی ڕوون و کۆنکرێتی کە هەر شاعیرەو لەگەڵ ئەوەشدا بەو زمانە شیعرییە نووسیویانە ، کە کەلەپورێکی دەوڵەمەندی هەیە ، بەڵام زمانی شیعریی هەر شاعیرەو جیاوازیی هەیە لەوی تر، بۆ نموونە ئەوەی پەیوەندی بە چەمکی یەکەم "پێشخان" ەوە هەیە، بێسارانی ئاستی هونەریی، بەلای ئێمەوە، لەو دوو شاعیرەی تر باڵاترە، ئەوەی پەیوەندیی بە چەمکی چەمکی "تەریبی"یشەوە هەبێت، نموونەی شیعری کۆماسی، لێرەدا لە چاو دوو چەمکەکەی تردا : "پێشخان " و " لادان "، زیاتر دەستڕەنگنی خۆی نواندووە . بە گشتی وەک لە بەشی سێیەمدا کە (٩٦) لاپەڕەیە و مەبەست و جەوهەری بنەڕەتیی ئەم نامەیەیە، شیکاریی هەمە لایەنەی شیعری هەر یەکەیان بە نموونەوە کراوە . هەروەها شیعری سەییدییش لەبەر ڕۆشنایی چەمکی "تەریبی" و "لادان" دا شیکراوەتەوە، زمانێکی هەم لە ڕووی ئاستی فەرهەنگی و هونەرییەوە تایبەتمەندیی دەگمەنی خۆی هەیە و ئەمەش بەڵگەیەکی سەلمێنەری دەوڵەمەندیی کەلەپوور و ئەدەبییاتی هەورامییە بە گشتی و هیی بەرهەمی شاعیرانی ناوبراوە بە تایبەتی کە لەگەڵ میتۆدێکی هاوچەرخی وەک شێوازناسیی نوێدا دێتەوە و دەتوانرێت بەکاربهێنرێت.

# لیستی سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردییەکان:


بدلیسی ، شرفخان (١٩٨١) .شرفنامە .وەرگێڕانی بۆ کوردی هەژار موکریانی .چاپی دووەم . تاران.

بێسارانی ، موستەفا (١٣٩٦) .دیوانوو بێسارانی.گلێرەوە کەردەی و لە یەکەوەدای عەبدوڵڵا حەبیبی.نوبت چاپ یەکەم .سنە . انتشارات کردستان.

بێسارانی ، موستەفا (١٣٧٥) .دیوانی بێسارانی .لێکدانەوەی حەکیم مەلا ساڵح .چاپی دووەم .سنندج .گۆران.

بەهمەنی ، هادی ڕەشید(٢٠٠٣).پەیامی هەورامان .چاپی دووەم .هەولێر.چاپخانە و ئۆفسێتی بەدرخان.

حسینی ، سیدمحمد(١٣٨٧).دیوان گۆرە .کۆکردنەوە و پێداچوونەوەی سیدمحمدحسینی.چاپ دووەم .کرماشان.انتشارات باغ نی.

خەزنەدار ، د.مارف (٢٠١٠) .مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی دووەم .چاپی دووەم .هەولێر .چاپخانەی ئاراس.

خەزنەدار ، د.مارف (٢٠١٠) .مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی چوارەم .چاپی دووەم .هەولێر .چاپخانەی ئاراس.

خەزنەدار ، د.مارف (٢٠١٠) .مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی سێیەم .چاپی دووەم .هەولێر .چاپخانەی ئاراس.

دانا ، محمد بهاالدین مەلا صاحب (١٩٦٨) ، پیر شالیاری زەردەشتی وە هەندێ لە بوێژ و پیاوە بە ناو بانگەکانی هەورامان .چاپ یەکەم.بەغدا. چاپخانەی شفیق.

ڕۆدینکۆ ، م . ب (٢٠٢٠).وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک.ئامادەکردنی دەسنووس بۆ چاپ و پێداچوونەوەی پێشەکی ، سەرنج و پەراوێز و پێرستی نیشاندەر :ژ.س.موسایلیان.وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە و پاشەکی و سەرنج و تێبینی ئەنوەر قادر محەمەد.چاپی یەکەم .سلێمانی .دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان .چاپخانەی تاران.

ڕەمەزان ، بێساران حمەکریم .(٢٠١١) .بنەما ڕۆمانسییەکان لە شیعری بێسارانیدا ، (نامەی ماستەر ).زانکۆی سەلاحەدین .هەولێر.

ژوکۆڤسکی ، ڤ.ئا (٢٠٠٨).مەزهەبی ئەهلی هەق لە پێرسیا.بەرگی یەکەم -چاپی یەکەم.سانت پیتەربۆرگ.مەستەلێکە لە "یاداشتی بەشی ڕۆژهەلاتناسیی کۆمەڵەی ئارخیۆلۆگی ئیمپراتۆری.بۆ وەرگێڕانە کوردییەکەی بڕوانە:چەند وتارێکی کوردناسی ، بنکەی ژین ، سلێمانی.

سوڵتانی ، ئەنوەری (٢٠١٠).کەشکۆڵە شیعرێکی کوردیی گۆرانی . کۆکردنەوەی شێخ عبدولمۆئمینی مەردۆخی .چاپی دووەم .سلێمانی .چاپخانەی شڤان.

سۆکۆلۆڤا ، ڤ.س (٢٠٠٥).ئاڤێستا .ئامادەکردنی بۆ چاپ و پێداچوونەوە و ڕێنووسکردنی: بی.ئا سمێرونۆڤا .ناوکا.سانت-پیتەربۆرگ.

سەجادی ، عەلائەدین (١٩٧١).مێژووی ئەدەبی کوردی .چاپی دووەم .بەغداد.چاپخانەی معارف.

سەعید ، شاهۆ (٢٠٠٤). شیعر و سیمانتیکای ریتم .گۆڤاری ئاینده ژمارە ٥٣ .٢٠٠٤.

صەیدی ، مەحەمەد سولەیمان (١٣٨٥).دیوانی صەیدی .کۆکردنەوە و شیکردنەوەی موحەمەد ئەمینی کاردۆخی .کەڕەتی چاپ پێنجەم .سنە . بڵاوکردنەوەی کوردستان.

قوبادی ، خانا (١٩٧٥).شیرین و خوسرەو .ساغکردنەوە و فەرهەنگ بۆ ڕێکخستن و پێشەکی نووسینی :محمدی مەلاکریم.چاپی یەکەم.بەغدا.چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

قوبادی ، خانا(٢٠٠٦).یوسف و زلێخا . بوژانەوە و لێکدانەوەی حەکیم مەلاساڵح .چاپ یەکەم.هەولێر. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

قوبادی ، خانا (٢٠١١).سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین ، کۆکردنەوە و دارشتنەوەی حەمەڕەشی ئەمینی. چاپی یەکەم.هەولێر.دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

قوبادی ، خانا(٢٠١١)لەیلا و مەجنوون . ساغکردنەوە و ئامادەکردنی غەفار ئیبراهیمی . پێداچوونەوە محەمەد رەشید ئەمین پاوەیی .سلێمانی.چاپخانەی شڤان.

کاکەیی ، هەردەوێڵ (٢٠١٣).داستانی بارام و گوڵئەندام ، چاپی یەکەم .سلێمانی.چاپخانەی کەمال.

کۆماسی ، ئەحمەدبەگی کۆماسی (٢٠١٢) .دیوانی ئەحمەدبەگی کۆماسی . کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە:موحەممەد علی سوڵتانی ، وەرگێران و هێنانەوەی شیعرەکان بۆ سەر رێنووسی کوردی :کولسووم عوسمانپوور.چاپی یەکەم .سلێمانی.لە چاپکراوەکانی مەڵبەندی رۆشنبیری هەورامان.

گۆدەرزی ، سیاوەش (٢٠١٣).شانامەی کوردی چیرۆکی رۆستەم و زۆراب چوار دەقی جیاواز و یەک چیرۆک ، چاپی یەکەم .هەولێر.دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

گەردی ، د.عەزیز (١٩٩٩) .سەروا .چاپی یەکەم .هەولێر .دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

لۆتمان ، یۆری(٢٠١٩) . شیکاریی دەقی شیعری .وەرگێڕانی ئەنوەر قادر محەمەد .چاپی یەکەم .سلێمانی .ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

محەمەد ، ئەنوەر قادر (٢٠٠٨) .چەند وتارێکی کوردناسی .چاپ سێیەم .سلێمانی .لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین.چاپخانەی شڤان.

محەمەد ، ئەنوەر قادر (٢٠٠٧) ، مۆتیڤی پایز لە شیعرەکانی بێسارانیدا ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژمارە ٢٠ حوزەیرانی ٢٠٠٧ز بەشی. (B)

محەمەد ، ئەنوەر قادر (٢٠٠٨).سیمبۆڵی دیاردەکانی جوانیی ژن لای بێسارانی .مجله الاستاذ ، العدد ٧٧ لسنه ٢٠٠٨.

محەمەد ، ئەنوەر قادر(٢٠١٨).لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی .بەرگی یەکەم-چاپی چوارەم .سلێمانی.ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

محەمەد ، ئەنوەر قادر(٢٠١٨).لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی .بەرگی دووەم-چاپی یەکەم .سلێمانی.ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

محەمەدپور ، عادل (١٣٨٨).سۆزی لیریکا لە ئەزموونی شیعری کوردیدا .چاپی یەکەم.تهران .نشر احسان.

محەمەدپوور ، عادل (٢٠٠٨).شەبەنگی زوانی کوردی هۆرامی لە گاساکان تا ....چاپی یەکەم .سلێمانی.چاپخانەی بابان.

محەمەدپوور ، عادل (٢٠١٢).رەنگاڵە .چاپی یەکەم .سلێمانی .چاپخانەی ئاکام.

موکری ، محەمەد(١٩٩٩).گۆرانی یا ترانەهای کوردی.وەرگێڕان و پێشەکی دوکتۆرە شوکریە رسول.چاپی یەکەم.هەولێر.چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری.

مینۆرسکی ، ڤلادیمیر (١٩٤٤).گوران .وەرگێڕانی بۆ کوردی ناجی عباس .بەرگی پێنجەمی بەشی یەکەم (ساڵی پێنجەم).مایسی ١٩٤٤ .گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە ٥ .لاپەڕە ١-١٠.

مەحموود پور ، رووف(٢٠٠٨) .خێزگەی سەیدی و خەرمانی ئەدەب .تهران .نشر احسان.

مەولەوی ، سەیدعبدولرەحیم(١٩٦١).دیوانی مەولەوی .کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی ، مەلاعەبدولکەریمی مودەریس.بەغداد.

نیک پەی ، سەیوان(١٣٩٤) .گەڕان بە دوای توخمەکانی رۆمانسییەت یان هەڵسەنگاندنی لەگەڵ رێبازە کوردییەکاندا ، کۆی وتارەکانی کۆنگرەی شاعێری کورد ئەحمەد بەگی کۆماسی. چاپی یەکەم.مەریوان.انتشاراتی اوین.

نەبەز ، جەمال(٢٠١٩) .فەلسەفە و رامانی یارسانی لە فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردەواریدا ، چاپی سێیەم .سلێمانی.چاپخانەی کارۆ.
هاشمی ، سەید موعتەسەم (١٣٩٤).قوتابخانەی ئەدەبی و ئەحمەد بەگی کۆماسی و گڵکۆی تازەی لەیل ، کۆی وتارەکانی کۆنگرەی شاعێری کورد ئەحمەد بەگی کۆماسی .چاپی یەکەم.مەریوان.انتشاراتی اوین.
هاڵبێرگ ، پیتەر و دانەرانی تر (٢٠١٨).تیۆریی ئەدەبی و شێوازناسی بەرگی یەکەم .چاپی سێیەم .وەرگێڕانی ئەنوەر قادر محەمەد.سلێمانی .ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە.
هەورامانی ، محەمەد ئەمین (١٣٨٠).مێژووی هەورامان لهۆن ، بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم.انتشارات بلخ.
هەورامانی ، محەمەد ئەمین (١٩٨٤).کاکەیی .چاپی یەکەم .بەغدا .چاپخانەی الحوادث.
هەورامانی ، محەمەد ئەمین (٢٠١٠)جوگرافیا و مێژووی هەرە دێرینی هەورامان لە ئاڤێستادا .چاپی یەکەم .سلێمانی.چاپخانەی چوارچرا.
هەورامانی ، محەمەد ئەمین (٢٠١٦). مێژووی هەورامان ، بەرگی دووەم –چاپی یەکەم.سلێمانی. ، چاپخانەی چوارچرا.
وەهبی ، تۆفیق بگ (١٩٣٣) . کرمانج لە "کوردمانج"ەوە نەهاتووە .بەرگی یەکەم (ساڵی یەکەم)کانوونی یەکەمی ١٩٣٩– تشرینی یەکەم و دووەمی ١٩٤٠ .گۆڤاری گەلاوێژ .ژمارە ٥ . لاپەڕە ٣٢–٤٠.
ئێرانپەنا : ئەحمەد ، شاعیری هەرەس و هون (توێژە و رەخنە لەسەر بیر ، زوان و ئەدەبییەت شێعرەکانی ئەحمەد بەگی کۆماسی ) ، کۆی وتارەکانی کۆنگرەی شاعێری کورد ئەحمەد بەگی کۆماسی . چاپی یەکەم.مەریوان.انتشاراتی اوین .

## سەرچاوە عەرەبییەکان:

أ . سلوان ، توماس (٢٠١٦) .موسوعة البلاغة ج٢.عماد عبداللطيف .الطبعة الأولى .القاهره .المركز القومى للترجمة.
أ . سلوان ، توماس (٢٠١٦) .موسوعة البلاغة ج٣ .عماد عبداللطيف .الطبعة الأولى .القاهره .المركز القومى للترجمة.
إيغلتون ، تيرى (٢٠١٨) . كيف نقرأ القصيدة .ترجمة باسل المساله .الطبعة الأولى .دمشق .دار التكوين للتأليف و الترجمة و النشر.
بارت ، رولان (٢٠١١) . قراءه جديدة للبلاغةالقديمة.ترجمة عمر أوكان.الطبعة الأولى .القاهره .رؤية للنشر و التوزيع.
بولفوس ، زهيره (٢٠١٧) .الإنزياح فى الشعر الجزائري المعاصر(البلاغة بين النقد والأدب و اللّغة-ج٢).الطبعة الأولى.عمان .دار كنوز المعرفة للنشر و التوزيع.
جاكوبسون ، رومان (٢٠١٨) .مقاله (المسيطر) من كتاب نظريه الادب فى القرن العشرين .اعدّها و قدم لها ك . م نيوتن . ترجمها الى العربية عيسى على العاكوب .الطبعة الاولى .دمشق .دارنينوى.
درويش ، احمد (١٩٨٤).الاسلوب و الاسلوبية مدخل فى المصطلح و حقول البحث و مناهجه .مجلة الفصول المجلد٥ ، ١-٢ .الصفحة٦٠-٦٨ .
زكي ، محمدأمين(١٩٦٠).تأريخ الدول و الأمارات الكردية فى العهد الاسلامي.ترجمةمحمدعلى عونى.الطبعة الاولى.بغداد.
الزهبي ، عزالدين .(محاضرة فيديو-يوتيوب) .محاضرات فى وحدة اسلوبية النص :كلية الاداب -مراكش :شعبهاللغةالعربية -ماستر اللغة والنص-الفصل الثالث .المحاضرة الاولى :ما الاسلوبية ؟
الزهبى ، عزالدين .(محاضره فيديو-يوتيوب) .محاضرات فى وحدة اسلوبية النص :كليه الاداب -مراكش :شعبهاللغة العربية-ماستر اللغة والنص-الفصل الثالث .المحاضرة الثانية:ما الاسلوبية ؟
شكلوفسكى ، فيكتور (٢٠١٨) .مقالة (الفن بوصفه تقنية) من كتاب نظريه الادب فى القرن العشرين .اعدّها و قدم لها ك . م نيوتن . ترجمها الى العربية عيسى على العاكوب .الطبعةالاولى .دمشق .دارنينوى.
صمّو ، حمّادى (١٩٨١) .التفكير البلاغى عندالعرب أسّسه و تطوّره الى القرن السادس .الطبعة الأولى .طبع بالمطبعة الرسميّة للجمهورية التونسية.
عبداللطيف ، محمدحماسه(٢٠٠٠) النحو و الدلالة -مدخل لدراسة المعنى النحوى -الدلالى .الطبعة الأولى .القاهره .دار الشروق.
عياد ، شكرى محمد(١٩٨٥) .اتجاهات البحث الأسلوبى .الطبعة الأولى .القاهره.دارالعلوم للطباعة والنشر.

عياد ، شكرى محمد (١٩٨٨) .اللغة و الإبداع .الطبعة الأولى .القاهره .انترناشيونال.
عياد ، شكرى محمد (١٩٩٢) .مدخل الى علم الأسلوب .الطبعة الثانية .بيروت.دار المشروع للطباعة والنشر.
العيد ، يمنى (٢٠٠٨) .فى القول الشعرى -الشعريةو المرجعية الحداثة و القناع.بيروت .دار الفارابى للطبعة والنشر.
غنوم ، عماد بسام (٢٠١٧) .النص بين البلاغة و الأسلوبية الحديثه.الطبعة الأولى .عمان .دار الكنوز المعرفة للنشر و التوزيع .
كارتر ، ديفيد (٢٠١٨) النظرية الادبية .ترجمه باسل المسالمه .الطبعة الثانية.دمشق .دار التكوين للتاليف و الترجمة والنشر.
كوين ، جون (١٩٩٠) .بناء لغة الشعر.ترجمة و تقديم و تعليق :احمد درويش.الطبعة الأولى .القاهره.الهيئه العامه لقصور الثقافه.
الماشطة+الركابي ، مجيد +امجد كاظم (٢٠١٦) مدارس النقد الادبي الغربي الحديث .الطبعة الاولى .عمان .الدار المنهجيه للنشر و التوزيع.
مجموعه مؤلفين (٢٠١٧) .النظرية و النص .ترجمه منزر العياشى .الطبعة الأولى .دمشق .دار امل الجديده.
المسدّى ، عبدالسلام (٢٠١٤) .الأسلوبية و الأسلوب .الطبعة السادسة.بنغازى .دار الكتاب الجديد المتحده.
المهداوي ، محمدحسين عبدالله (٢٠٠٥). نظره فى الأسلوب و الأسلوبية (محاوله فى التنظير لمنهج اسلوبى عربي) . مجلة جامعة اهل البيت .العدد٢ .الصفحه ٢-١٠.
هاكوپيان ، گ.ب.اكوپف (٢٠٠٧).الكورد و الگوران .ترجمة عن الفارسية نزار ايوب گولى .الطبعة الاولى .مطبعة خانى .دهوك.
ويس ، أحمد محمد (٢٠٠٥) .الإنزياح من منظور الدراسات الأسلوبية.الطبعة الأولى .بيروت .مجد المؤسسةالجامعية للدراسات والنشر والتوزيع.

## سەرچاوە فارسییەکان:

امامی ، نصرالله (١٣٦٩).مرثیه پرایی در ادب فارسی .چاپ اول.تهران .جهاد دانشگاهی.
بروستر ، اسکات (١٣٩٥).شعر غنایی .مترجم دکتر رحیم کوشش.چاپ دووم.تهران. انتشارات سبزان .
بهار ، محمد تقی ملک الشعرا (١٣٣٤) . تاریخ تطور شعر فارسی .چاپ اول .مشهد .کتابفروشی باستان .
جمشیدی ، رضا(١٣٨٦) .قالب های ویژه در ادبیات یارسان ، گۆڤاری زرێبار ، ژماره ٦٤.
جونقانی ، مسعودالگونه(١٣٩٧) .نشانه‌شناسی شعر .چاپ اول .تهران .نشر نویسه پارسی.
حاکمی ، اسماعیل (٢٠١٨). ادبیات غنایی ایران و انواع شعر غنایی .چاپ دووم.تهران.موسسه انتشارات دانشگاه تهران .
حقوقی ، محمد (١٣٧١) .شعر نو از اغاز تا امروز ج٢ .چاپ اول .تهران .نشر روایت.
داد ، سیما (١٣٩٠) .فرهنگ اصطلاحات ادبی .چاپ پنجم .تهران .انتشارات مروارید.
سبزیان+کزازی ، سعید+میرجلاالدین (١٣٨٨) .فرهنگ نظریه و نقد ادبی .چاپ اول .تهران .انتشارات مروارید.
سبزیان+م گزازی ، سعید +دکتر میر جلاالدین (١٣٨٨).فرهنگ نظریه و نقد أدبی.چاپ اول .تهران انتشارات مروارید.
یاکۆبسۆن ، ڕۆمان (١٣٩٢) مقاله(واقع گرایی در هنر) از کتاب (نظریه ی ادبیات).گرداوری و ترجمه به فرانسه توزتان تودوروف .مترجم فارسی عاطفه طاهایی .چاپ دووم .تهران .نشر دات.
شمیسا ، سیروس (١٣٨٣). نقد ادبی .چاپ چهارم .تهران .انتشارات فردوس.
شمیسا ، سیروس (١٣٨٨) .کلّیات سبک شناسی.چاپ سوم از ویرایش دوم.تهران .نشر میترا.
شمیسا ، سیروس (١٣٩٠) .مکتب های ادبی .چاپ هشتم . تهران .نشر قطره.
شمیسا ، سیروس (١٣٩٤) . بیان .چاپ چهارم از ویراست چهارم .تهران .نشر میترا.
شمیسا ، سیروس (١٣٩٨) . سبک شناسی شعر .چاپ هشتم .تهران . نشر میترا .
صفریان ، کامل ، بررسی سبک شناسی شعر احمد بگ کۆماسی ، کۆی وتارەکانی کۆنگرەی شاعێری کورد ئەحمەد بەگی کۆماسی . چاپی یەکەم.مەریوان.انتشاراتی اوین.

صفریان +سجادی : کامیل +سیده زهرا ، صور خیال در اشعار احمدبگ کوماسی ، کۆی وتارەکانی کۆنگرەی شاعێری کورد ئەحمەد بەگی کۆماسی ، ١٣٩٤ ه ق ، انتشاراتی اوین –مەریوان.

صفریان+سجادی ، کامل +سیده زهرا (١٣٩٠).صیدی عاشقانه سرای اورامان .چاپ اول. ، سنندج. انتشارات تاڤگه.

فتوحی ، محمود (١٣٩٥) سبک شناسی نظریه ها و رویکردها و روش ها .چاپ سوم .تهران .انتشارات سخن.

کدکنی ، محمدرضا شفیعی(١٣٩٠).صورخیال درشعرفاسر.چاپ چهارهم.تهران.آگه.

کدکنی ، محمد رضا شفیعی (١٣٩١) .رستاخیز کلمات .چاپ دووم .تهران .انتشارات سخن.

کلوزاد ، کریستین نوای(١٣٩٥). سبک و اراء فیلسوفان و سخن شناسان درباره ان .چاپ اول .تهران .انتشارات هرمس.

طاهری ، طیب(٢٠٠٧).سر انجام (دفتر اول) مجموعه کلامهای یارسان (کاکەیی –اهل حق)–گرد آوری ، تحقیق و ویراسته :طیب طاهری .اربیل .چاپخانەی ئاراس.

محبتی ، مهدی (١٣٨٦) .بدیع نو هنر ساخت و آریش سخن.چاپ دوم .تهران .انتشارات سخن.

محمدپور ، عادل (١٣٩٢).طرح جریان شناسی شعر کُردی هورامی از ابتدا تا به امروز ، تهران .نشر احسان .

محمدپور ، عادل (١٣٨١) .تحلیل انتقادی سبک شناسی اشعار بیسارانی ( سرودخزان) .چاپ اول.مریوان .زریبار.

مکاریک ، ایرینا ریما (١٣٨٨). دانش نامەی نظریه های ادبی معاصر .مهران مهاجر+محمد نبوی.چاپ سوم .تهران.اگاه.

موکاروفسکی ، یان (١٣٩٤). نقش زیبا افرینی ، هنجار ، ارزش ، به مثابه واقعیت های اجتماعی –مقالەای از کتاب ساخت گرایی و پسا ساخت گرایی و مطالعات .گروه مترجمان به کوشش فرزان سجودی .چاپ سوم .تهران .انتشارات سوره مهر (وابسته حوزه هنری).

موکری ، محمد.(١٩٦٦).بیژن و منیجه بزبان گورانی .چاپ اول. پاریس .از انتشارات مرکز تتبعات علمی وزارت معارف فرانسه.

موکری ، محمد(٢٠٠٢).اسطوره ببربیان (بلهجه ء گورانی) ، دفترهای آسیایی ، از انتشارات انجمن آسیائی پاریس .پاریس –لوون .چاپ بترز.

نورگارد+بوسه +مونتورو ، نینا +بئاتریکس +روسیو (١٣٩٤) .فرهنگ سبک شناسی .ترجمه احمد رضایی جمکرانی و مسعود فرهمندفر. چاپ اول .تهران .انتشارات مروارید.

هاوکس ، ترنس (١٣٩٠) .استعاره .چاپ چهارم . تهران .نشر مرکز.

هاوکس ، ترنس (١٣٩٨) .ساختگرایی و نشانەشناسی .ترجمه کورش صفوی . چاپ اول .تهران .نشر علمی.

یاسمی ، رشید(١٣١٦).کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او .چاپ اول .کتابفروشی ابن سینا .تهران.

یاکوبسون ، رومان (١٣٩٦) مقاله (زبانشناسی و شعرشناسی)از کتاب نشانەشناسی .گزینش و ویرایش امیر علیٰنجومیان .چاپ اول .تهران .انتشارات مروارید.

یوشیج ، نیما (١٣٨٥) .درباره هنر شعر و شاعری (حرفهای همسایه).چاپ اول.تهران .موسسه انتشارات نگاه .١٣٩٢.نشر الکترونیکی Do-Libraryله ماڵپەڕی.www.takbook.com

ئێخینباوم ، بۆریس (١٣٩٢) مقاله(نظریه "روش فرمال") از کتاب (نظریه ی ادبیات).گرداوری و ترجمه به فرانسه توزتان تودوروف .مترجم فارسی عاطفه طاهایی .چاپ دووم .تهران .نشر دات.

ئیکۆ ، ئەمبیرتۆ (١٣٩٦)مقاله(مقدمەای برکتاب جهان زهن:نظریه ی نشانه شناختی فرهنگ ، اثر یوری لوتمان) از کتاب نشانەشناسی فرهنگی .بەکوشش فرهاد سجودی .ترجمه فرهاد ساسانی .چاپ دوم .تهران .نشر علم.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

- J . A . Guddon (١٩٧٩) . ADictionary of Literary Terms “PENGUIN BOOKS” Great Britain. ج . ئا .کوددوون (١٩٧٩) . فەرهەنگی تیۆریی ئەدەبی "کتێبی پینگوین" .بەریتانیای گەورە

-CHHRS BALDIC (٢٠٠٤).Oxford Concise Dictionary Literary Terms ,”Oxford university Press”

-J. A .Cuddon (١٩٩٨),” Dictionary Terms & Literary Theory ,”penguin Book “

Melint +Lange .Lars +Sven (٢٠٠٨) Att analysera text Stilanalys med exampl .Malmo (Sweden) میلین+لانگە.لارس+سڤێن (٢٠٠٨ ) .بۆ شیکاری تێکست -شیکاریی شێوازناسی بەنموونەوە ، مالمۆ(سوید) ، (بەزمانی سویدی) .

Melntyre+Busse(eds),Dan+Beatrix(٢٠١٠),Language and style,”pulgrae macmillan”.UK.

# پوختەی توێژینەوە

ستایڵناسی هاوچەرخ میتۆدێکی زانستی و بابەتییە بۆ شیکاریی دەقی ئەدەبی و بە کۆنسێپتەکانی دەتوانێت زۆرترین بەهای ئیستێتیکایی بەرهەمێکی هونەری دەست نیشان بکات وبخاتەڕوو.

کلتوری لیریکی گۆرانی (هەورامی)، گەنجینە و سەرمایەیەکی مەعریفی و هونەریی ئەم نەتەوەیە و تا ئێستاش وەک پێویست مافی خۆیی پێ نەدراوە و شاکارەکانی زۆر لێکۆڵینەوەی زانستییان دەربارە نەکراوە و لەبەر هەندێ هۆی بابەتی نەتوانراوە ئاستی بەرزی هزری –هونەرییان والآبکرێن و بخرێنە بەردەست . ئەم توێژینەوەیەی ئێمەش هەوڵێکە لەو چوارچێوەیەدا و بە پشت بەستن بە میتۆدێکی زانستیی وەک ستایڵناسیی هاوچەرخ و بە سوودوەرگرتن لە سەرچاوەی تر و بە تایبەتی شیکاریی بونیادگەرانە کە تێکەڵییەکی ئۆرگانییان لە لێکدانەوە و شیکاریی دەقدا لەگەڵ میتۆدی شێوازناسیی هاوچەرخدا هەیە، ئەم توێژینەوەیەمان ئەنجام داوە.

بەگومانی بەرجەستەکردنی ئەو گریمانانە و بە میتۆدی "بونیادگەریی کراوە و تەواوکارانە"، لە سێ بەشدا، گەشتی زانستیی خۆمان گرتووەتەبەر:

لەبەشی یەکەمدا، پاری یەکەممان تایبەتکردووە بەو سەرچاوانەی بوونەتە بنەڕەتی پێکهێنەری ئەدەبیاتی گۆرانی، لە پاری دووەمدا، وەک چەمکێکی کلیلی، تیشکۆی سیمای گشتیی ژانر و هیی لیریکمان لە ئەدەبیاتی گۆرانیدا کردووە و لە دواپاری ئەم بەشەشدا، تایبەتمەندیی لیریکی هەریەک لە سێ شاعیرەکانمان تەتەڵەکردووە و نیشانداوە...

لە بەشی دووەمدا، جەختمان لەسەر ڕاڤەی میتۆدەکەمان بووە، سەرەتا لە هەردوو چەمکی "شێواز" و شێوازناسی" دواوین و ڕانانێکمان بۆ لایەنی مێژووی پەیدابوون و گۆڕان و گەشەسەندنیان کردووە، بەتایبەتی چۆنیەتیی کەوتنەوەیمان لە ترادسیۆنی ڕۆژهەڵاتیدا خستووەتەڕوو ، لە پاری دواتردا قۆناغەکانی گەشەی شێوازناسی لە ترادسیۆنی ڕۆژئاوایی و ئەوروپاییمان بە گوێرەی توانا و پێویست داوەتە بەر ڕۆشنایی ، چونکە زەمینەی لە دایکبوونی میتۆدی شێوازناسی هاوچەرخە، دوا هەنگاوی ئەم بەشەشمان تایبەتکردووە بە خستنەڕووی چەردەیەک لە دید و بۆچوونی تیۆریست و هاوکێشەی تیۆریی(فۆرمالیست) شێوازناسەکان.

لە بەشی سێیەم و پراکتیکیی توێژینەوەکەماندا سێ کۆنسێپت و چەمکی ستایڵناسیی هاوچەرخمان وەرگرتوون و وێڕای ناساندنیان، لەبەر ڕۆشناییاندا شیکاریی نموونەی شیعری هەرسێ شاعیر: (بێسارانی، سەییدی و کۆماسی)مان، کردووە.

سەرەتا بە چەمکی "پێشخان–foregrounding " و دواتر کۆنسێپتەکانی "تەریبی_parallelism " و "لادان– deviation " شیکاریی نموونەی گونجاوی شیعری شاعیرمان کردووە، توانیومانە گەلێک لایەنی هزری و ئیستێتیکی لیریکی بخەینەڕوو.

# الملخص

إن النظرية الأسلوبية المعاصرة، هي منهج علمي و موضوعي لتحليل النص الادبي ، و من خلال استخدام مفاهيم هذا المنهج يمكن تحديد و فهم القيم الابداعية لأي عمل فني. تعتبر ثقافة الشعر الغنائي ال (كورانی) او ال (هورامي) كنزا فنيا و تراثا معرفيا للشعب الكوردي و مع ذلك ، و لأسباب موضوعية ، الى الآن لم يلقى هذا التراث ما يستحقه من اهتمام و دراسة. و تركت نماذجها الفنية الرائعة دون محاولة علمية لفهم و تقييم عناصرها الفكرية و الفنية الرفيعة.

هذه الدراسة هي محاولة في اطار فهم العناصر الجمالية للشعر الغنائي الهورامي بأعتمادها على (منهج الاسلوبة المعاصرة) و الاستفادة من مصادر و مناهج اخرى و على الاخص (المنهج البنيوي) و الذي بدوره يتداخل في بعض جوانبه مع منهج علم الاسلوب المعاصر.

لقد قمنا بتقسيم الدراسة الى ثلاثة فصول رئيسية على النحو التالي:

في الفصل الاول قمنا بتخصيص اول مبحث للمصادر الاساسية المكونة لأدبيات الشعر الغنائي. في المبحث الثاني ، التركيز منصب على فهم (النوع ) الادبي بصورة عامة و الشعر الغنائي في الادب ال(كوراني) خاصة.

الفصل الثاني يتمركز حول شرح و تفسير المنهج العلمي المستخدم: تطرقنا في المبحث الاول الى مفهومي (الاسلوب) و (علم الاسلوب) و قمنا بعرض الجانب التأريخي لتطور هذين المفهومين ، وخاصة كيفية التعامل معهما في التراث الشرقي. في المباحث التالية سلطنا الضوء على مراحل تطور (الاسلوب) و (علم الاسلوب) في التراث الغربي و الاوروبی خاصة ، لاعتقادنا بأن الغرب هو مهد علم الاسلوب المعاصر. وقمنا بتخصيص المبحث الاخير لعرض نظريات و آراء ابرز منظري علم الاسلوب في التراث الغربي.

في الفصل الثالث و هو الفصل العملي للدراسة ، قمنا بمعالجة و تحليل ثلاثة مفاهيم في علم الاسلوب المعاصر من خلال نماذج من اشعار (بيسارانی) ، (سيدي) و (كوماسي)؛ بداية حاولنا فهم هذه النماذج من خلال مفهوم ( الصدارة Foregrounding ) ، و من ثم قمنا بتوظيف مفهوم ( التوازي Parallelism ) و اخيرا مفهوم ( الانزياح deviation) لتفسير انماط معينة من اشعار الشعراء الثلاثة ، و من خلاله تمكننا من عرض و بيان جوانب فكرية و جمالية متنوعة لهذه الاشعار.

# Abstract

Contemporary stylistics is a scientific method for analyzing literary texts, and through the concepts of this approach, the aesthetic values of any artwork can be identified. The culture of (Gorani) or (Hawrami)'s lyrical poetry is considered an artistic treasure and a heritage of knowledge for the Kurdish people, however, and for objective reasons, it has not received worthy attention so far, and its masterpieces were left without a robust scientific attempt to understand and evaluate its intellectual and artistic elements.

This thesis is an attempt within the framework of understanding the aesthetic elements of Hawrami's lyrical poetry by relying on the *Contemporary Stylistic Approach* and using of other sources and methods, especially the *Structural-Analytical Approach*, which in turn overlaps in some aspects with the Contemporary Stylistic Approach.

We have divided the study into three main chapters as follows:

In the first chapter, we dedicate the first section to the main sources that constitute the literature of lyrical poetry. In the second section, the focus is on understanding literary (genre) in general and lyrical poetry in (Gorani) literature in particular.

The second chapter focuses on the explanation and interpretation of the scientific method used: In the first section, we handled the two concepts *Style* and *Stylistic*, and presented the historical aspect of the development of these two concepts, especially how they have been dealt with in the eastern tradition. In the following sections, we shed light on the phases of development of *Style* and *Stylistics* in the Western and European tradition in particular, as we believe that the mentioned tradition is the cradle of *Contemporary Stylistics*. The last section is dedicated for presenting the theories of the most prominent theorists of Stylistics in the Western tradition.

In the third chapter, which is the practical chapter of the study, we treat and analyze three concepts of *Contemporary Stylistics* through models from the poems of (Besarani), (Saidi) and (Komasi); First, we tried to understand these models through the concept *Foregrounding*, and then we deployed the concept of *Parallelism* and finally the concept of *Deviation* to explain certain models of the three poets' poems.